شێ

٣-٢
سالی یەکەم ژمارەی ٣-٢
ڕێبەندانی ١٣٩٥ هەتاوی
نرخ ١٢٠٠٠ تمەن

شێرکۆ بێکەس- محەمەد ئۆزۆن- حەلیم یووسف- پەرویز زەبیح غوڵامی
د. محەمەد ڕەحیمیان- د. مەسعووود بینەندە- د. عەبدولخالەق یەعقووبی
ئیبراهیم سەیدۆ- عەلا جاروڵلاهی- موراد باروکی- بریا کاکەسووری
وریا غەفووری- فەواز حوسەین- چنوور سەعیدی- توانا ئەمین
ئەنوەر عەرەب- نیروان ڕەزایی- جەمیل موڕادی- سولەیمان
عەبدولڕەحیم زادە- شاناز جەوانشیر- رضا فرخ فال
شورش عابد- سەیوان سەعیدیان- کەمال ئەمینی
ستار خوسرەوی- سامان ئەمجەدی- عادڵ قادری
بابەک سەحرانەوەرد- پژمان برخورداری
حەمەی کەریمی- سەیوان نیک پەی
شەهاب نەدیمی-عەبدولقادر نیازی
باوەڕ مەعرووفی- عەلی حوسەینی
سەدیق ڕەسووڵی-گۆران ڕەئوف
بەختیار حەمەسوور-غەمگین
بۆڵی- نادر فتوورەچی
حوسەین جەوانشیر
ئاکام کەوسەری
فریا یوونسی

گۆڤاری ئەدەبی هونەری «شێ» ساڵی یەکەم، ژمارەی دو و سێ، گەلارێزان و سەرماوەزی ١٣٩٥ی هە

پەیکەری "خاتوونی دەفژەن"
سەیوان سەعیدیان

یا ”شیـــــ“

پێشوته:
دووژمارەی سفر و یەکی ئێمەتان دی. بە هۆی هەنێک گرفتی گشتییەوە کە زۆرێکمان تێیدا بەشدارین، ئەوەی دەمانویست دەرنەهات. ئەو هۆیە جددییەی کە لە نێو کەسە ئاساییەکانی کۆمەڵگاوە باوە، هەتا نێو نووسەران و هونەرمەندانمان: گرینگی. ئەو دیاردە دەروونییەی کە مرۆڤ بە هۆی ”دان“ و ”نەدانی“ ئەوەوە، دەتوانێ بە شوناسێکی ئەوتۆ بگات لەمەڕ چۆنیەتی بوونی خۆی لە جیهاندا.
ئەوەی دیارە ئێستاش لە ناو ئێمەدا، ئەوەندەی کە شایانێتی ”گرینگی“ نادرێ بە بەستێنێک بە نێوی ”گۆڤار“.
بۆیە دووژومارەی پێشوو، کەمێک ئەم کەمتەرخەمییە بە ڕوخساری شییەوە دیار بوو.
لەم دووژومارەدا هەوڵمان داوە تا ڕادەیەک ئەم خەسارە چارەسەرتر بکەین. بەشی فۆتۆگرافی و پەیکەرڤانیمان بە بەژنی گۆڤارەکە زیاد کردووە، لایەکمان لە مووسیقی کردوەتەوە و بۆ بەشی ”شانۆ“ش بەرهەمێکمان ئامادە بوو، بەڵام لە دوا ساتەکاندا، نەکرا. جگە لەوەش لە بەشی ”شیکاری“دا هەوڵمان داوە، باسەکان کامڵتر و گشتگیرتر بن، هەموو لایەنەکانی ئەدەبیات و هونەر بگرێتەوە.
دەمانەوێ.
پێویستمانە کەمێک جددی تر سەنگە نایابەکانی ئەدەبیات و هونەر بخەینە ڕوو، بۆیە چاوەڕوانین گرینگیترمان پێ بدرێت.
ئەوانەی لە خۆیان ڕادەبینن کە بەرپرسی بەشە جۆراوجۆرەکانی: سینەما، شانۆ، مووسیقی، پەیکەرڤانی و نەققاشی بگرنە ئەستۆ، بێنە مەیدان.
تا ”شی“ بۆ خۆی ”گرینگی“ بێت...

٢ | سخن مدیر مسئول: شب بو محمدیانی
٣ | وتەی سەر نووسەر: فریا یوونسی
٧ | مانیفێستی ناشوێن: د. مەسعوود بینەندە
١٦ | پۆرترێتێک-محەمەدئۆزۆن
٢١ | فایلی تایبەت: پەرویز زەبیح غولامی
٢٧ | شیکاریـــــ
١٠١ | چیرۆکـــــ
١٤٥ | کارگەی چیرۆکـــ
١٥٥ | پەیکەرڤانیـــــ
١٦٣ | شێعر
١٧٣ | فۆتۆگرافیـــــ
١٩٥ | هەڤپەیڤینـــــ
٢٠٩ | ئەدەبیـــ کرمانجیـــــ

گۆڤاری ئەدەبی-هونەری

ساڵی یەکەم ژمارەی دوو سێ
ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی

هیئت تحریریه

مدیر مسئول
شب‌بو محمدیانی

سردبیر
فریا یونسی

بەرپرسی بەشی کرمانجی
وریا غەفووری

بەرپرسی بەشی چیرۆک و شێعر
ئەنوەر عەرەب

بەرپرسی بەشی فۆتۆگرافی
نیروان رەزایی

دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک
میلاد سوور

وێنەکان
دیاکۆ حەسەن‌نژاد
بێهنام ساڵحی
میلاد سوور

shi.govar@gmail.com
+٩٨٩١٨٣٧٥٦٣٤١
@Govarishi

هەواڵنامەی کتێب

ادبیات فریاد مردم خاموش است

شب بو محمدیانی

ناچار شدم متنم را با سخنی از ایتالو کالوینو تیتر کنم. سخنی که به سادگی در کنج دلم جا گرفته است و این روزها با دیدن این همه تصاویر زشت انسانی که بر سر مردم بی دفاع و بی پشتیبان جهان آوار می شود -بر سر مردم خاموشی که کالوینو از آن میگوید- ادبیات میتواند چه سرپناهی باشد؟ همیشه با خودم میگویم... و شاید قبلا بارها گفته ام- ادبیات که نان نمی‌شود، ادبیات که در آن شب های تیره و سرد نمی‌تواند مأمنی شود برای کسانی که در جنگهای بی اساس همین نواحی اطراف، بی سرپناه و سرزمین، بار یأسی را به دوش می‌کشند که حتی ما میان حالان جهان نیز، از کشید آن عاجزیم، چه برسد به مردمان مرفه، یا از منظری جنگ به پا کنندگان جهان. کسانی که همیشه یک پای ثابت جنگ ها هستند و دنیا را به گونه‌ای طراحی کرده‌اند که بنا به قانون مدلینگ اداره شود، تا همیشه آن‌ها مرفه تر و ماها، درمانده‌تر در حسرت تمام آن زندگی‌هایی که نه تنها بر اساس رنج‌های زیبای بشری ساخته نشده، که با له کردن حقوق هزاران انسان در سرزمین هایی به دست آمده است که خود حضور و زایش و بقا در آن حماقت است چه برسد به جنگی نا برابر. ادبیات در این بازه زمانی مضحک که انسان حماقت دیرین خود را چنین مدرن کرده است، چه می‌تواند با خود داشته باشد؟ امنیت، آسایش، رفاه؟ حرفه‌ای که در هیچ کجای جهان برای نویسنده‌اش، آسایش به همراه ندارد و برای مخاطبش در لحظات استیلای رنج و اندوه تحمیلی، ممکن است مشتی مهملات باشد، چه می‌تواند بکند؟ چه می‌تواند باشد؟ با این تصاویر زنده که از این همه رسانه خبری -نه، که رسانه "درد"- به صورت مستقیم، له شدن، مرگ و لت و پار شدن انسان را به دست انسان گزارش میکنند و تن هیچ انسان مرفهی برای یک بار هم نمی لرزد، ادبیات چه کار می‌تواند بکند؟ برای کودکی در اعماق جنگ که پدر و مادرش را جلوی چشمانش از دست داده است و حالا نگران از دست دادن عروسکش، به پرتگاه مرگ می رود، ادبیات چه باید بکند؟ تمام این سوالها در تمام این سال ها به کرّات از ذهنم خطور کرده و چه بسا هیچ گاه برایش جوابی پیدا نکرده ام. اما به این مهم -خصوصا این اواخر- پی برده ام که ادبیات درست است نمی‌تواند جلوی زشتی های دنیا را بگیرد، اما می‌تواند زیبایی بیافریند. لذتی که با خواندن یک رمان در شعور انسان جرقه میزند، می‌تواند در وجودمان نشانگر راه باشد. ادبیات می‌تواند در اراده انسان غوطه ور شود و طوری روایتگر دردها و آلام بشری باشد که قدرتی معطوف به انتخاب در وجودمان سر بر افکند. این روزها بیشتر از هر زمانی به این نکته پی برده ام که ادبیات چقدر می‌تواند در اراده یک انسان برای انتخاب راهی که مختوم به زیبایی است دخیل باشد. من به شخصه از اینکه زبان مادری من و ملتی که در میان آنها بزرگ شده ام و زندگی را با آن ها یاد گرفته ام، دارای ادبیاتی چنین سترگ است، احساس شعفی درونی دارم و این احساسم دوچندان می‌شود زمانی که متون نویسنده‌های بزرگ از همه نقاط کوردنشین در صدد ساختن پایه‌های این جهانبینی و نگرش بزرگ هستند که بلأخره ما هم می توانیم بر اساس نورم و قاعده موجود، وارد حلقه بزرگ ادبیات جهانی بشویم و از منظر همین ادبیات با جهان حرف بزنیم. من پذیرش این مسئولیت را زمانی به خودم تبریک می‌گویم که بتوانم در قبال همه این نوشته‌هایی که به باور من با درد تولید شده‌اند و به درد اشاره دارند، مسئولیتم را صادقانه به انجام برسانم و یقین دارم آن زمان چناچه ما هم نباشیم، ادبیات هست و تاریخ فریادهای ما را مکتوب کرده است.

نامەیەک بۆ نووسەرانی کورد

دەعوەتێک بۆ دامەزراندنی ئاکادیمیای هاوتەریب

فریا یوونسی



■زۆر جار ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم کە ئاخۆ ئێمە چیمان نەکردووە وا نەمانتوانیوە بگەینە ڕیزی ئەدەب دارانی جیهان؟
بەڵام هەمیشە کاتێک بە وەڵام دەگەم کە "کردەوەکان" دەبینم و دەزانم پرسیارەکەم لە بنەڕەتەوە هەڵەیەکی گەورە بووە. دەبێ بپرسین کە چیمان کردووە وا ئیستاش ناتوانین بگەینە ئەو ڕیزە پێویستە؟
هانکارییەکی بەدجنسانە لە دەرەوە، بە سەرماندا، داسەپاوە تا کەسانی جددی و ڕووراست لە گەڵ هونەر، هەمیشە دڕدۆنگ بن و نەوێرن شان بخەنە ژێر باری ئەم ئەزموونە جوانی بەخشەی دەسکردی مرۆڤ. دیارترین نموونەی ئەم لایەنە ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆری نووسەران و هونەرمەندانی ئێمە تا ئاستێکی نەوی و کوشندە، بێدەنگییان پیشە کردووە و تەنها بە بڵاو کردنەوەی کارێک لێرە و وتەیەک لەوێی تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا و بە دەربڕینی "گرینگی" دان و نەدانەکانیان بە پێشهاتە ڕووتینەکان، لە ڕێگەی ئەکاونتە شەخسییەکانی خۆیانەوە، قەناعەتیان هێناوە.
دەستی دەستی خەریکین پێوەندی ساوای خۆمان لە گەڵ کاغەز و پەڕتووک دەپچڕین و پێمان وایە ئەمە ئایینێکی مودێڕنیتەیە. لە حاڵێکدا کۆمەڵگا مودێڕنەکانی جیهان، ئیستاش ئەمەگداری ئەو عادەتە دەهەندەیەی مرۆڤن کە بۆ وەرگریی زانست کەشف کرا و دەزانن هەر چەنێکیش ئاستی باڵای دیجیتاڵی لە بواری فێرکاری و ڕاگەیاندن —ی وەک پەڕتووک و گۆڤار- بە دەست بهێنن، هەر پێوەندیە کاغەزییەکەیان بە لاوە گرینگ ترە و وازی لێ ناهێنن، چ بگا بەوەی بیانهەوێ بیرووخێنن.
ئەمە یەکەمین خەسارەکانی ئێمەیە: نەبوونی تواناییەکی جددی بۆ دروست کردنی بەردەنگی جددی. ئیستاش لە نێو ئێمەدا بە ڕواڵەت و شوناسی کەسایەتی نووسەران بەها دەدرێت، تا بە دەق. ئەگەر نووسەرێک نەناسین؛ هاوشاریمان نەبێ؛ هاوڕێیەتیمان لە گەڵی نەبێ؛ ئەو حیزبەی خۆش نەوێ کە ئێمە خۆی بۆ دەکووژین؛ باسی ئەو گرفتە نەکا کە گرفتی ئێمەیە؛ جلی کوردی لە بەر نەکا —چونکە نووسین بە زمانی کوردی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پۆشینی جلی کوردییەوە هەیە-؛ لە بەرەی ئێمە نەبێ؛ لە نێو ئەو هەموو پۆلێنبەنییەی خێرا خێرا لە لایەن نووسەرانێ زلهێزمانەوە دابین دەکرێت، جێگەی دیاریکراوی نەبێ؛ بە زاراوەی ئێمە نەنووسێ؛ باسی پارچەی ئێمە نەکات لە ناو دیکەی پارچەکاندا؛ و لە هەمووی گرینگتر ئەگەر بۆ گەورە و بچووکی کۆمەڵگە دەست بە سینە ڕانەوەستێ و —ئەمە چییە ئەهلی ئەدەبە- ئەدەبی

نەبێ؛ پێمان نووسەر نییە و دەقەکانیشی بۆ تەنها یەک جاریش ناخوێنینەوە. ئەمە بەسەرهاتی ئەو نەتەوە خەمۆکەیە کە لە دوا ساتەکانی ئەم جیهانە دارزاوەدا، دەڵێی دەستی کورتە و بە جوانییە بەرزەکانی مرۆڤ ناگات.
هەمیشە هەراسانین لەوەی کە بۆچی ناخوێندرێینەوە؟ بۆچی ناگەین؟ هەزار و یەک وەڵامی گەورە گەورەی زانستیمان هەیە و بەوانە خۆمان نەبان کردووە لە وەڵامە وردەکان: لە یەکتر خوێندنەوە.
دەبێ تا لەمەی کە هەیە درەنگتر نەبووە بەرهەمە ناوازەکان بخوێندرێنەوە و جێگە و پێگەی دەق و نقیساری کورد لە ئەدەبیاتی جیهان دا دیاری بکرێت. چیها پتانسیەڵی دەست لێ نەدراو هەیە کە دەتوانین بیکەینە رۆچنەیەکی مەزن بۆ بەرکەوتنی تینێکی تاهەتایی بە ئەدەبیاتی سووچنشین کراوی کورد. ئەدەبیاتێک کە دەستێکی کاڵ و نادیار، وەهای پێکردووە هێشتاش لە خانە کۆنەکانی وەک ناسیۆنالیزم و وەڵاتپارێزی دا بمێنێتەوە و ئیستاش لە بەرەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا ئەو شێعرانە بە شێعر دەزانن کە پیا هەڵگوتنێکی رووتە و بەس. پیا هەڵگوتن بە سەر نیشتمانی پچڕ پچردا، بە سەر یاری ناسک و شۆخ و شەنگی گۆزە لە شانی رێی کانی، بە سەر دار و بەردا...
دەڵێی ئەدەبیات کەرستەیەکی ئیدارییە، وا بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئاساییە رووتینەکان بە کاری دەهێنین.
دەبێ خەتێکی سوور بهێنین بە سەر هەموو ئەو جۆرە روانینانەدا و پێیەکانمان بخەینە رەوتی بێداری کەلیمەوە.

بە ناوی بەرهەمێک بە دەستمان گەیشتووە؟ تەنیا کار و کار و کار؟ دەست تێوەردان لە سندووقی کەلیمە و بە پیشە کردنی نقیسار، چەنێک دەتوانێ هەتاوێک بە سەری نووسەرەوە هەڵکات؟ یا نا دەبێ بە کار شتێکی دیکە زیاد بکەین: زانست؟ هزر؟ هۆش؟ رندی؟ هەر چی ناوی لێ دەنێن. ئەسڵەن تەنەکە! بەڵام وابێ کە هەر کە وتیان تەنەکە، بزانین بە دەردی کوێمان دەخوات؟ نەک نەزانین تەنەکە، تەنانەت بۆ گەشەپێدانی سللوولەکانیشمان، بۆ باری حوزووری موغناتیسیمان لە زەمیندا، بۆ شێوازی نالەبەرچاوی ژیانی ژێنێتیکیمان، پێویستە و پێویستمان بەو زانستە نوێیە هەیە کە زمانی دێرینی پێ زیندوو کەینەوە. زانستێک کە لە وزەی شەپۆلانی باڵوەشانی پەپوولەوە قسەی پێیە تا دەگاتە نهێنیی دامرانی سللوولەکانی ئادەمیزاد و حکمەتی خەندە لە ژیانی رووتیندا. ئەو زانستەی کە کاتێ مەدهۆشی دابەشکراوە بە سەر دانیشتووانی کوراتی سووچنشین-دا، لەوێ بووە و پێوانەکانی هەڵگرتووە بۆ ئاقبەتی بەشەر. ئەو زانایە خەمۆکەی بە پێی حکمەتی دێرینی "کران"، تەنها بە هەڵگرتنەوەی کەلیمە، مەدهۆش بووە و خەڵکی لە خۆوە پێی دەڵێن: هۆش!
پێویستە تەکلیفی خۆمان لە گەڵ دابەزینمان لە مەنفا روون بکەینەوە. مەگەر چارەنووسی باسکراو لە سات بە ساتی ژیانی هەرێک لە ئێمە، چەنێک رێشەی لە نەستی بی دەرنجاممان‌دا، چەقیوە کە زانایان چرپەیان لێوە نایەت؟ ئەسڵەن ئەو زانایانە لە بەر چی لە پشت "چارەنووس" خزاون؟ کێ

> رەنگە ئەم ئاکادیمیایە یەکەم کەس خۆمان برووخێنێ، بەڵام پێویستەی گەیشتنەوەیە بە کاروانی کۆماری جیهانی ئەدەبیات.

ئەڵێ چارەنووسیان ئەوەیە کە زانا بن؟ ئەوا من لێرە بە دواوە رایدەگەیەنم: ئەگەر بە چارەنووسە، ئیتر چارەنووسی ئەوان ئەوەیە کە هەڵوەدا بن بە شوێن حورمەتی تاراوی کەلیمەوە. دەبێ ئیتر لەمە بە دوا هۆشمان بە مەدهۆشیمانەوە بێ، نەکەوێتە بەر دەستە زلەکە، دەستە زاڵمەکە.
با پەردەکان بدرێنن ئەو مستە ژەنگاوییانەی کە هەر خەریکن لە سەر "چێکراو"، چێدەکەن. ئێمە بڕوامان بە وزەی رووخێنەر هەیە و بەم زووانە هەموو ئەو بەستە حوکمانەی بە زۆر دراون، داسەپاون بە سەر ئەدەبیات و هونەرماندا، بەرمەلا دەکەین.
پێویستە ئاکادیمیایەک چێ بکەین، بنەرەتی لە سەر وێرانی بێ. واتە هەر بیرۆکەیەک پێگەیێشت، رێگە بۆ بیرۆکەیەکی دیکە باز بێت. رەنگە ئەم ئاکادیمیایە یەکەم کەس خۆمان برووخێنێ، بەڵام پێویستەی گەیشتنەوەیە بە کاروانی کۆماری جیهانی ئەدەبیات. ئەگەر ئێمە داستایۆڤسکیمان نەبووە؛ ئەگەر کاتی دەرکەوتنی هەر دەقێکی کافکا، ئێمە لەوێ نەبووین؛ ئەگەر مامۆستایانی ئێمە ئیستاش دان بە شۆڕشی کامۆدا نانێن و هەر خەریکی کۆزەڵە و کیژی لادێن تا ئەم کوردەوارییە نەفەوتێت و ئاوا مەحفووزی کەن؛ ئەگەر هێشتا ناوی هیچ دەقێکی فێردینان سێلین، بە بوونی ئەو هەموو ئامرازەی مودێرنیتەشەوە کە بە دەست گەورە و بچووکی ئێمەوە جێگەی تەزبێحی گرتوتەوە، بە گوێی دە کەس لە کۆمەڵگەی گەورەی ئێمە نەگەیشتووە؛ ئەگەر تا ئیستا نەمانزانیوە چۆن گوێمان لە

دەبێ پێ هەڵێنین. ئەوەندە دواکەوتووین کە بەر پێیەکانیشمان شەوە. نە گرمەیەک لە دڵی پەلەپیتکەیەک بیسرا، نە تاو و توێی ئەو هەموو توێیە تاریکە بە دیداری کەلیمەوە بینرا. جۆرێک ئەزموون-نووسینەوە لە قەڵەمە قەڵەوەکان وەدەر کەوت، کە وتیان بۆ قەڵافەتی کەلیمە باشە، دەڵێین باشە. ئێمەش ئاوا بۆمان دەرکەوت کە چەنێک پتانسییەڵی کەلیمە دڵاوایە. ئاوا زانیمان زمانێک لە مەدهۆشیمان-دا کەوتووە کە رەوایەتی یەکەم کەسی تاکەکەسی ئەو قوژبنانەی ژیانە و بەمزووانە پەی بە پەردەی زاڵمی هەزاران ساڵە دەبات.

پەردەکان ئەدرێن!

دەورانێک دێت هیچ پەردەیەک بە سەر ئیرادەی نیگاهەوە نامێنێت. با ئەمەگناسی ئێوە بن ئەو منداڵانەی فێر دەبن بە داستانێک، بە ئەنیمەیشەنێک، یەک کەس بە جەمعییەتی جیهان زیاد کەن. بەمزووانە پەردەکان ئەدرێنن، ئەو دەستانەی ئاگایان لە حەجمی جیهانە و بوێرانە بەرهەڵستی ئەو دەستانە دەبنەوە کە بە هەموو بارێکدا دەنووسن: باری پانی، باری تاریکایی، باری فیتنە و فیتاڵ. دەگەن، ئەو نووسەرانەی نووسینەکانیان بۆ چێژبەخشی دەخولقێنن نەک بۆ دەرس دان؛ بۆ تێرامان دێنە نووسین نەک بۆ خۆ نەبان کردن لە ئەسڵی خەمگینی ژیان؛ نیچەوتەنی بە خوێنی دڵ دەنووسن نەک بە جەوهەری خەڵاتیی کاربەدەستان؛ ئەوانن کە دەست ئەخەنە سەر گرێ پووچکەکانی مرۆڤی ئەم دواییانەی زەمین و بە فۆرمێک دەنووسن کە پەرە بە هزری کەلیمە دانە.
بەڵام ئیستا ئەوەی پێویستی بە تێرامانە، ئەوەیە کە چۆن ئەتوانین بێ بەربەرەکانێ، بەری ئەو رەشنووسییانە بگرین کە تا ئیستا

ژاوەژاوی تەنهاییمان بێ و بە وردی بیگێڕینەوە بۆ بەرەکانی داهاتوو کە "هێرابال"ـێک دەرکەوێ تیاماندا؛

بە لای منەوە ئەمانە هیچی کێشە نین. خوێندنەوەی بەرهەمەکانی نووسەرێک بە موکاشفەوە، دەتوانێ هەموو ڕەوتەکانی شێوازێکت بخاتە بەر دەست کە هەمان نووسەر پیشەی کردووە بۆ دەربرینی ڕەنجە ئینسانییەکان. کاتێک لە هەر بەرهەمێک دەبیتەوە خۆت نزیکتر دەبینی بە نووسەرەکەی و بەو فۆرمانەی کە هەڵیبژاردووە بۆ گوازتنەوەی ڕەنجە هاوبەشەکان. کەواتە لە پێشا پێویستمان بە زانستە. ئەویش چ زانستێک کە بتوانێ هەموو بەستێنە کاتییەکانی مرۆڤ لە هەر زمانێکی جیهان دا، بە داهێنان و داوەستانەوە، بخاتە بەر دەست و بوێری ئەوەت پێبدات کە هەموو لایەنەکان هەڵسەنگێنی و بە فام بگەیت؟

پێویستە پێناسەیەک بۆ ئەو زانستە پێویستە بخەینە ڕوو، تا ئەساسنامەیەک بێت بۆ ئاکادیمییای هاوتەریب. زانستێک کە لە پێشا پێگەی هزر، دیاری بکات و ئەم خاڵە گرینگە لە دەسپێکی ئەساسنامەکەدا، وەها باسی لێبکرێت کە لە کۆتایی ئەساسنامەکەدا دڵنیاییەک دروست بکات بۆ دەست پێکردن. هزر واتە ئەم ساتانەی کە خەریکین بیر لە تەکانێکی گەورە دەکەینەوە بە هێزێکی سەربەمۆرەوە لە حەندای ئەم چەق بەستووییە دێرینەی وا دێرزەمانێکە وە ڕکوودی خستووین. هەڵبەت من زۆر لە گەڵ ئەوەش دا نیم کە وە ڕکوود کەوتووین. نا. ڕکوود بە سەر شتێکا دێت کە لەوە پێش بووە و کەساسی بە سەردا هاتووە. ئێمە لەوە پێش نەمانبووە. بۆ قەبوولی

بچین و جێی ئەومان گرتبێتەوە لە نێو نەتەوەکەمان دا. هەم. پێکەنینم دێ بە خۆمان، پێکەنینم دێ بەو زانستە نیوبستانەی کە هێشتاش نەیانتوانیوە بە نۆڕمێکی هزرمەندانە، تۆوی هۆوییەتێکی سەربەست و سەربەخۆ بچێنن بۆ بەرەکانی گرفتاری دوای خۆیان، گرفتار بە یەئسی دیجیتاڵی، مەحکووم بە جەنگی سایبێری. هەمیشە بە شۆڕشەکانمان کڵاومان سەر خۆمان کردووە، لە حاڵێکدا هیچ شۆڕشێکی ئێمە، هێشتا بە ئاکامێک نەگەیشتووە کە دڵی پێ خۆش بکەین و بڵێین شۆڕش دەزانین و سەرکەوتوو بووین لە گێڕانیدا. ئەو شۆڕشە نیوەچڵانە ڕەخنەیان کردووەتە هەموو شتێکمان: ئەدەبیات، هونەر، مووسیقی، زانست... هەموو شتێکمان بە جۆرێک لە جۆرەکان مەدیوونی شۆڕشەکانمانە. لە هەموو سترانەکانی –بە تایبەت- ئەم چەن ساڵەی دوایی دا، باسی شەڕ و شۆڕش و ئازایەتی ئێمە بووە و هەمیشە لە حەندای گورگ و ڕێوی و فیل و وشتر و شتی وادا، ئێمە شێر بووین و ئازانە شەڕمان کردووە. ئەی کوا؟ ئێستاش بە بیست دەقیقە گەورەترین شارمان لە دەست دەدەین. ئێستاش لە هەر کەس دەپرسی، کەس چاک نییە، هەمووی دز و لات و خۆفرۆشن. ئەی ئەم ئەساتیرە پیرۆزەی نێو ئەم هەموو شێعر و گۆرانی و نەقاشی و هتد...ـە چین شەو و ڕۆژ لە کاناڵەکان دا دووپات و سێپات و هەزارپات دەبێتە؟ ئێستاش هەر شەرڤانێکمان لە گەڵ دوژمنی شەرڤانێکی دیکەمان، دەستی تێکەڵ کردووە و ئێستاش هەر شەرێکمان هەزار ساحەبی هەیە کە هیچیان ئەوی دیکەی قەبووڵ نییە و لە سەر شتێک دەجەنگین کە خۆشمان نازانین چییە! ئەگەر بڕیار بێ مەزندەی مرۆڤ ئەوە بێ کە ساتەکانیشی بفرۆشێ

> پێویستە پێناسەیەک بۆ ئەو زانستە پێویستە بخەینە ڕوو، تا ئەساسنامەیەک بێت بۆ ئاکادیمییای هاوتەریب. زانستێک کە لە پێشا پێگەی هزر، دیاری بکات

ناکەین کە "تاک" لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مانایەکی نەبووە و تەنانەت ئێستاش نییەتی؟ دەیان نووسەر تا ئێستا باسی ئەم شتەی کردووە لە ئێمەدا، بەڵام هەر دیسان خۆی لێ نەبان دەکەینەوە و نامانەوێ قەبووڵی بکەین تا مەبادا خوا نەکەردە بە تەولید بگەین. ئێستاش هەر ئەدەبیاتێکی پۆپۆلیستی لە ناو ئێمەدا هەیە بە هەزاران بەرەبەنی ساز کردنی بێخودەوە کە ئەگەر بێتو خوا نەخواست کەسێکی ئەم بەرەبە شانی لە شانی یەک لە سەرزلانی بەرەی دی، بخشێ، ئەدەبیات کەج دەبێت و دەرووخێ. چیها دەستە و پۆل و چین و شتی وامان ساز کردووە و تێیدا مەجال بە موریدانمان نادەین جگە لە ئەدەبیاتی قەڵبی ئێمە زکری ئەدەبیاتی کەسانی دیکە بکەن. تا دەقێکیش سەر هەڵدەدات کە کەمێک بەرەو دەق چووبێت و شیاوی شیکاری بێت، خێرا قرمە و قاڵ لە عالەم بەر دەدەین کە دزییە، لاسایی کردنەوەیە، تەئسیرە. بۆیە هێشتاش ئەگەر ئەدەبیاتێک هەیە، برێکی زۆری هەنێک نووسراوەی پۆپۆلیستی و قەڵبە کە هەموو پێداگرییەکانی وەکوو ئەدەبیات، ئەوەیە دەست بۆ گوێسپانەکانی لادێی کوردەواری نەبەن و چیاکانی وڵات بپارێزن. نازانم ئەمانە چییان داوە لەو بەرد و شاخانە؟ هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە کە ماهییەتی ئینسانی کورد جۆرێک نیشان بدرێت کە گوایە زۆر دڵی بە ماڵ و حاڵ و بە هێڵە پیرۆزەکانی جوغرافیا خۆشە. یان بە پێی ئەلگوریتمی دەستی دوو و سێی زمانە دراوسێکان، دەست بۆ نووسین دەبەین و هەموو هەوڵمان ئەوەیە لە نووسەرێکی فارس یان فەرانسی و ئاڵمانی وەرگێڕدراو

بۆ هەنێک دروشمی نێوبەتاڵ کە نە تێری دەکا، نە فێری دەکا، با هەر نەبێ. با ئەساسی خەڵەتێنەری ئەو ئاکادیمییایەی کە ئێستا خەریکە بەرنامەمان بۆ دەچنێ بۆ وێکچوواندنی تاک بە تاکی ئێمە بە سەمپێڵێکی لەوە پێش دیاری کراو، حەزف کەین. ئەم وێکچوواندنە بە دوو شت بنبڕ دەکرێ: یەکەم بەوە کە بە نەتیجە بگەین لە بوونی دەستێکی وەها نادیار بۆ بەڕێوە بردنی ئەم پرۆسەی وێکچوواندنە لە نێو تاکەکانمان دا -کە ئەم باوەڕە بۆ ئێمە ئەوەندە ئەستەم نییە و لە زۆرێک لە بوارەکانی ڕۆژانەشماندا گرفتاری ئەم بیرۆکەیە دەبین کە ڕەنگە دەستە زلەکەیە ناهێڵێ کارێکمان بیگرێ- و دووهەم گێڕانی خەباتێک کە مانیفێستێکی دیاریکراوی لە پشت بێت بۆ دامەزراندنی تاهەتایی هزری تاک. دڵنیاتان دەکەمەوە لەوەی کە ئەم ڕەوتە درێژەی دەبێت و ئێمە چیتر مەجالی ئەوە نادەین کە بە باری پانیدا ڕێکەوین.

"شیـــ" لەمەودوا ڕۆڵی قوتابخانەیەک دەگێڕێ کە تێیدا هەموو نووسەرانی سەربەخۆ و داهێنەر بناسینەوە و بە ڕێپێوانێکی ڕندانە لە گەڵ نووسراوەکانیان، ئەم شۆڕشە تێچینی دەکەین. ئاوا، ڕێزمانێکی یەکدەست و ڕێنووسێکی دیار دەخەینە بەر دەستی هەموو ئەو نووسەرانەی کە دەغدەغەی زمانیان هەیە و هەموو هەوڵیان ئەوەیە نووسراوەکانیان، بێ کێشەی ڕێنووسی و ڕێزمانی بگاتە دەست خوێنەرانییان لە بەرەکانی ئێستا و داهاتوو. بۆیە داوا لە هەموو نووسەرانی کورد دەکەم کە بێنە نێو حەڵقەی ئەم ئاکادیمییایەوە و بە داهێنان و داهێنان و داهێنان، چرای ئەم ڕەوتە داگیرسێنن.

ئەگەرچی دەزانم ڕەنگە ئەم نامە دوژمنسازە نەگاتە دەستتان... ■

سەیوان سەعیدیان

مانیفێستی ناشوێن

د. مەسعوود بینەندە

هەواڵنامەی کتێب

مانیفێستی ناشوێن

سیاسەتی نڤیسار لە بەستێنی داڕووخانی ئەزموندا

د.مەسعود بینەندە/ خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی - سنە

دژوازیی ژیان و ئاوارتەی دۆخی ژینەوەری، زەروورەتی هەبوونی زمان و هوشیاریی بۆ مرۆڤ دەستەبەر کردووە، واتە تووڕدراویی مرۆڤ لەم جیهانەدا(thrown into the world)، ئاڕاستەی ژیانی بەرەو ماڵی زمان و کەلاوەی گوتار راناوە و لە هۆدەی هەبوونێکی زمانمەنددا گیرساندوویەتیەوە. مرۆڤ هیچ بانگهێشت و بەدواهاتنێکی سەبارەت بە کەوتنەداوی واقیعی ژیان بۆ نەکراوە و لە هیچ خاڵێکی سفرەوە دەستی بە ژیان نەکردووە بەڵکوو تا بووە لە زماندا ژیاوە و بەردەوام ڕێگای کردووە و هیچ مەبەستێکی دیاریکراویشی لەم ڕۆشتنە بەردەوامەدا بۆ دەستەبەر نەکراوە. ئەم دۆخە ئانتالۆژیکە، هاوبەستەی دۆخێکی زمانناسانە و ناسێنکارانەیە؛ واتە لە هەبوونێکی زمانمەنددایە کە هەست و هوشیاری مرۆڤ وەکوو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پێک هاتووە؛ و بەم پێیە، تەواوی پرسگر و چمانەکانی ژیانی مرۆڤ بەرهەمی دۆخی زمانمەندانە و ڕۆچوونێکی بێئامانج و بێبنەما لەم جیهانەدایە. زمان یانەی هیچ بوونەوەر، حەقیقەتێکی ژەڤەرمێژوویی یان میتافیزیکی نییە، مرۆڤ نەبێ؛ کەوایە زمان ئیتۆس و جێپێگەی مرۆڤە و بڕیار نییە لە هەناویەوە دەنگی "نەبوون"، "مەرگ"، "میتافیزیک"، "مێردئەزمە" و... ببیستین بەڵکوو هەمووی ئەمانە هۆکرد و بەرسازدراوی زمانن و بە زەبری ڕێسای زمان هەستۆمەند و واتادار کراون. مێژووی میتافیزیک پێمان دەڵێت کە ئەم ڕیزبەندییە هەمیشە بە شێوەیەکی تر خوێندراوەتەوە؛ واتە زمان کراوەتە ئامراز یان ماڵی تەواوی ئەو هۆکرد و بەرهەمانەی خۆی ڕسکاندوویە و واتاداری کردوونەتەوە؛ هەر بۆیە زمان و ئایدیای ئوستوورەیی و کلاسیک بەشێوەیەکی ناوەندتەوەرانە و چەقبەستوو، ئازادی و سەربەستیی زمانیان لە خشتە بردووە و میکانیزمی ئەفراندن و هەڵسووڕانیان، گیرۆدەی نەزم و ڕێسای داسەپاو و بازنەگەرانە کردۆتەوە کە لە دوو دیاردەی سەرەکیی ناوەند و پاتەبوونەوەدا خۆی بینیوەتەوە. ناوەند و پاتەبوونەوە تەنیا وەکوو نەزمێکی داهێنەرانە لە ئاستی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا خۆیان نەنواندووە بەڵکوو ئەم وشە-دەسەڵاتانە بەرهەمهێنەری گوتاری زاڵی کۆمەڵایەتی و سیاسین کە فۆرماسیۆنەکانی کۆمەڵگا بەپێی لۆژیکی چەقبەستوو و حەقیقەتخوازانەی خۆیان، ڕێکخراوە و پێکەربەندیی دەکەن. مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و هەروەها مێژووی کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی لەژێر ڕکێفی ستراتێژییەکانی ئەم بنەماخوازییە توندئاژۆگەرانەدا بەردەوام بەرەو حەقیقەت-دەسەڵاتێکی تاکانە و سەرەڕۆخوازانە ڕانراوە و بە بەرهەمهێنانەوەی پیرۆزی، ترس و توندوتیژی، مێژوویەکی پڕمەرگەساتی خولقاندووە.

ڕەوتی مۆدێرنیتە سەرەڕای تەواوی خەسارەکانی بە هێنانەئارای گۆڕانکارییە بنەماییەکان لە بەستێنی سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابووریدا، هێڵەسوورەکانی ئایدیای کلاسیکی تێکشکاند و بانگەشەی سەرەڕۆخوازانەی گوتاری تاکەحەقیقەتخوازیی، بەرەوڕووی تەنگژە کردەوە. ئەو دەستوپێوەندییە کۆمەڵایەتییانە کە بەستێنی بەرهەمهێنان و خوێندنەوەی داهێنانە هونەری و ئەدەبییەکانیان پێک دەهێنا تووشی داڕووخان هاتن و بەم پێیە پێگەی تاکانێتی و ڕەسەنایەتیی بەرهەمی هونەری لەق کرا. خەرمانەی پیرۆز و چاوگەی بەرزەجێیی بابەت و بەرهەمەکان سڕدرانەوە، کاتێک کە ڕێسای کۆنباوی شوێن-کات تووشی تێکچڕژان هات و دەسپێڕاگەیشتوویی هەمووان بە ئۆبژەی هونەری مسۆگەر کرا. داڕووخانی ئەزموون(destruction of experience) واتە داڕووخانی تەواوی ئەو پێوەندییە نەریتی و بایەخە کۆنباوانە کە ئیمکانی داهێنان و خوێندنەوەی بەرهەمی هونەرییان دەستەبەر دەکرد؛ سەرەتا وەکوو مەترسییەک، مرۆڤی بەرەوڕووی دۆخێکی ئانترۆپیک و بۆشاییەکی ڕەها(نیهیلیزمی نەرێنی) کردەوە؛ دۆخێک کە هێزی دەدایە ئەو ڕەوتە کۆنەپارێزانەی وا لەژێر سێبەری مەترسیی نیهیلیزمی گومانهێنەر و یەقینکوژدا، لە خولیای گەڕانەوەی دڵنیایی ناوەند و بەڵێنی پاتەبوونەوەدا دەژیان. ڕووی مەترسیدار و لایەنی نەرێنیی ئەم دۆخە تاقەتکوژەی نیهیلیزم، ڕەهەندێکی ئەرێنیی پێک هێنا و سووژەی چالاکی خۆی بانگهێشت کرد؛ واتە دۆخێک کە سەرەتا وەکوو

خەسارێکی بنەمایی مەزەندە دەکرا گۆڕدرایە سەر دەرفەتێکی بنەمایی بۆ بەرسازدانەوە و بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێی بایەخ و پێوەرەکان لە شێوزایێکی جیاوازدا؛ هەر بۆیە هونەرمەندانی مۆدێرنیست توانییان شۆک و زەربەتی دارووخانی ئەزموون و بێواتابوونی واتاکان لە قاوغی فۆرمی نوێباوی هونەریدا جەستەمەند بکەنەوە و وزەی لەبڕاننەهاتووی هێزە ڕاپەڕیوەکان و "فاوست"ە زنجیرپچڕاوەکانی دۆخی نوێ لە ڕێتۆریکی ئەدەبی و بووتیقای جوانناسانەدا ڕاگیر بکەن. ئاکامی سەرەکیی ئەم دارووخانە دابڕانێکی سەرەکی لەو بایەخ و پێوەرە نەریتییانە بوو کە بەشێوەیەکی دژەمرۆڤانە لە پێناوی جیهانی وەهمیی ئایدیالی ئەفلاتوونیدا ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤیان قوربانی دەکرد و بە تاکدەنگییەکی سەرەڕۆخوازانە، فرەدەنگیی مرۆڤ و خواستە جۆربەجۆرەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیان پەراوێز دەخست. دارووخانی ئەزموون مەودایەکی ڕەخنەگرانەی پێک هێنا کە تێیدا سووژەی نوێ مەجالی سەرهەڵدان و دەنگهەڵبڕینی پێ درا و هوشیارییەکی نوێی لە ئاست جێپێگەی مرۆڤ لە پانتاییی هەستی و کۆمەڵگا بۆ مسۆگەر کرا. چەمکەکانی "عەقڵ"، "زمان"، "شوێن-کات"، "ماف"، "دەسەڵات"، "زانست"، "هونەرمەند"، "جوانناسی"و... لەژێر ڕۆشناییی ئاوەزی ڕێفلێکسیڤ(هەمبازئەندێشانە)ی مۆدێرندا سەرلەنوێ لە بواری شێواز و ناوەرۆکی واتاییەوە داڕێژرایەوە و بەم پێیە شوناس و دەلالەتێکی ئێجگار نوێباو، بۆ مرۆڤی سەردەم دەستەبەر کرا. هەمووی ئەم ئازادسازییە فیکری و زمانییانە کە هاوپێوەند لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەڕیوە دەچوون لە گەمارۆ و داڵدەی ئەو هێزە پاوانکارانەی وەکوو لۆیاتانی سەرکوتکارانەی حکوومەت، گوشاری مرۆڤسڕێنی بیرۆکراسی، نابەرابەری سیستەمی سەرمایەداری و هەژمۆنی یەکسانسازیی سەنعەتی فەرهەنگیدا بەشێوەیەکی دژوازانە ئیمکانی سەرهەڵدانیان بۆ ڕەخسێندرابوو. واتە زەرووڕەتی دابینکارانەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، بەستێنی جووڵەی ڕزگاریخوازانە و بازنەشکێنانەی فیکری و هونەرییان پێک دەهێنا و ململانێ و دیالێکتیکی لەبڕاننەهاتووی ئەم لایەنانە کە لە دوو هێڵی مودێرنیزاسیۆنی عەینی و مۆدێرنیزمی زەینیدا خۆی دەبینییەوە، میکانیزمی سەرەکی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی پێک دەهێنا. ڕۆمانسی مۆدێرنی گەشە و پەرەسەندن هەمیشە هەڵگری ئەم دۆخە پارادۆکسیکاڵە بووە و هیچکات بڕیار نەبووە ئاکامی ئەم ململانێ دیالێکتیکییە لە سەنتزێکی ژەڤەرمێژوویدا ڕۆ بچێ و مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی پەڕمێژوویی و پاقژکراو لە دەردئاماژە و پاشهاتە ئەرێنی و نەرێنییەکان بەرهەم بێنێت. سووژەی مودێرن سەرەڕای هەستکردن بەم دۆخە تراژیکە؛ واتە دۆخی دژوازی هەنگاوهەڵهێنان لە پانتاییی شکست و دارووخاندا، قەت ورەی بەر نەداوە و هیچکاتیش بە فانتازیای ئەبەدییەتی داهاتوو و نوستالژیای ئەزەلییەتی تێپەڕیو خۆی فریو نەداوە. سووژەی سەردەم لە نامومکینیی داهێناندا دەست بۆ ئەفراندن دەبا و لە بەستێنی دیتێرمینیزمی سیستەم و پێکهاتەدا هەوڵی دەستەبەرکردنی ئیرادەی ئازاد(free will) و بڕیاری خۆسەروەری دەخاتە گەڕ؛ هەر بۆیە ژیان لە نامومکینیی مەرگدا ئەزموون دەکات و ئەدەب لە دەربڕینی شکستلێکەوتووی تەنیایی و پەرۆشیی مرۆڤی سەردەمدا دەبینێتەوە.

هەر دەسەڵاتێک لە بنەماوە لەگەڵ "ژین-سیاسەت"(bio-politics)دا تێکەڵی هەیە و لەم تێکەڵییەدا سنووری نێوان ژیانی ژینەوەرانە و ژیانی شارۆمەندانە، مەودای نێوان ماف و توندووتیژی پاک دەبێتەوە؛ واتە لە ژێر سێبەری ئەم چەشنە داموودەزگایانەدا ژیانی مرۆڤەکان دادەشکێتە سەر ژیانی ڕووتەڵ و لەژێر هەیمەنەی هەڵپەسێردراویی قانووندا لەخشتە دەبردرێت. کەوایە سیاسەتی مودێرن سیاسەتێکی ئاوارتەیە کە لەوێدا وەبەرگری و گوشاری قانوون لە ڕێگای هەڵپەساردن و ڕاوەستانی قانوونەوە کردار دەنوێنێت؛ ڕاوەستانێک کە سەرتر لە دۆخی قانوون و بێقانوونی، سێبەری مەرگ و توندوتیژی بەسەر مرۆڤەکانەوە بەردەوام ڕادەگرێت.

هەر بۆیە هەبوونایەتیی مودێرنیزمی هونەری و ئەدەبی لە کەلێنەکانی ئەم دامودەزگایانەدا وەگەڕ دەکەوێت؛ پانتاییەک ئەوپەڕتر لە هەرچی شوناسی دەستەمۆگەرانە و بەکاڵاکردانە کە بە ڕاگرتنی پۆتێنشیاڵێتی و هاوگرتوویی جەستە و وێنە، ڕێگا لە هەر چەشنە دابڕانی "بابەتی واقیعی جەستە" و "وەهمی وێنە" لە پیشەسازیی پڕۆپاگاندا و پۆرنۆگرافی، دەگرێت. کەوایە هونەر نە بە "نومایشکردن و دەمەلاسکێکردنی واقیعی هەبووندار"، دەستەمۆ و پێبەستەی جیهانی ڕیئال دەبێت و نەش بەپێی بڕیاری پارێزکارانەی "هونەر لە پێناوی هونەر"دا لە بازنەی خۆویستانە و خۆقەتیسانەی "سولیپسیزم"دا تەنگەتاو و بەرتەسک دەکەوێت؛ بەڵکوو بە نواندنی بێواتابوونی واتا، نەخشکردنی خودی زمان لە شێوازی پەتی و ڕووتدا؛ واتە لە ژێستێکی تەواودا، دەردەکەوێت. نە هونەر و ئەدەبی سیاسی کە بانگەشەی سیاسیبوون دەکەن و ڕووبەندی سیاسی لە ڕوخسار دەگرن، بەڵکوو ئەمە سیاسەتی هونەر و ئەدەبە کە لەم سەردەمەدا دەتوانێ لە هەمبەر دیکتاتۆرییەتی بازاڕ و توندوتیژی

> نەلێکردنی هەرچەشنە پرەنسیپێکی گەوهەرخوازانە و نامێژوومەندانە سەبارەت بە "جوانی"؛ واتە تێپەڕین لە جوانناسی (ئەستەتێک) وەکوو هۆکار و مەبەستی داهێنان بەرەو "جوانناسی"یە جیاواز و دژوازەکان کە نەوەکوو سەرچەشن و سەربەندی داهێنان بەڵکوو وەکوو بەرسازدراو و بەرهەمهێنراوی ڕەوتی داهێنان ڕەچاو دەکرێن.

"ژین-سیاسەت"دا خۆڕاگر بێ و هەڵهاتنێکی بەرگریکارانە لە دۆخی سەپاو بە دەستەوە بدات. تەنیا بووتیقایەک کە ژێستی سیاسەت دەگرێت و لە ڕێگای ئامرازی بێمەبەست(means without end) و دەرخستنی خودی زمان، هەموو شوناسە دەسکرد و گوتارە ئایدۆلۆژیکەکان تووشی ناکارایی و هەڵپەسێراوی دەکات دەتوانێت هەڵگری وزەی ڕەخنەکارانەی سەردەم بێت.

کۆمەڵگای کوردی هەرچەندە لە ڕەوتی مێژوودا پەراوێز خراوە و لە سەردەمی گۆڕانکارییە مەزنەکانیشدا پێشی پێ گیراوە، لەوەی کە ئەزموونی مۆدێرنیتەی خۆی لە شێوازی پێویست و بە ڕێبازی جیاوازدا بەڕێوە بەرێت؛ بەڵام تیشکە تیژڕەوەکانی نوێسازی و نوێباویی سەردەم هەموو کون و قوژبنەکانی ژینگە-جیهانی ئێستای ئێمەیان تەنیوەتەوە و ڕەوتە جیهانگیرەکان لە گۆڕەپانی ڕکابەرییەکی نابەرابەر و ئالۆزیان هاوێشتووین. لەم دۆخە ئاوارتەیەدا(state of exception)، ئەگەر بەپێی نەزمی کۆن و کلاسیک هەڵبسووڕێین و بێخەبەر لە قووڵاییی کارەساتێک کە لە مێژە رووی داوە، دەبەنگانە و دڵخۆشانە ڕێگای هات و نەهات لە پێش بگرین لە پاتەکردنەوەی مێژووی کارەساتدا بەشدار دەبین و ڕێگا بۆ چارەنووسێکی سیزیەفئاسا خۆش دەکەین کە بڕیارە ئێستا و داهاتوومان لە ڕەوایەتی مەرگەساتدا تۆمار بکات.

بێگومان هەر کۆمەڵگایەک لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا، مانیفێستی خۆی دەنووسێتەوە و هۆژدارییەکانی خۆی چ لە کردەوەی نەنووسراودا و چ لە بەرهەمی تۆمارکراودا بەرز دەکاتەوە؛ و ئەم هاتوهاوارانە ئەگەرچی پەراوێز کەوتوون و زۆر کەم بیستراون بەڵام هەمیشە ڕایەڵەی دەنگهەڵبڕینیان لە وتن نەکەوتووە. ئەم مانیفێستەش درێژەی تەواوی ئەو دەنگە بەپەرۆش و هەستیارانەیە کە ڕێگای ڕاستیان هەڵنەبژاردوە و بەردەوام خواروخێچبینانە لە هەمبەر ڕەوتی زاڵی ڕاستەڕێدا وەستاونەتەوە. مانیفێستێک کە لە هەمبەر "دەسەڵاتی حوزووری شانتاژ و پڕووپاگاندا و سەرمایەسالاریی وەچنگخستن"، لە سیاسەتی نائامادەی نقیسار و هونەری دۆڕاندن، لایەنگریی دەکات و هەوڵ ئەدات لە تەنیشتی حەقیقەتدا بە تاوانبار دابنرێ، تا ئەوەی لە هاوڕێیەتیی درۆدا خەڵات بکرێت. نقیسار لێرەدا هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە کرداری ڕادیکاڵی تێفکرین و تێڕامانی تێدا بەدی دێت، هەر بۆیە بازنەی نقیسار پەڕتر لە هەرچەشنە ژانر و بوارێکی فیکری، زانستی و هونەری دەروات و داگری گشتێتیی فەلسەفە، کۆمەڵناسی، سیاسەت، جوانناسی و... دەبێت. مانیفێستی ناشوێن هەروەها کە هەست بە پێویستیی نوێکاری و قووڵتربوونەوەی گۆڕانکارییەکان لە بازنەی داهێنانی ئەدەبی و هونەری دەکات، پەرەپێدانی وزە و ئاوەزی نوێباو لە بەستێنەکانی سیاسەت و فەرهەنگ و کۆمەڵگادا بە پێویست دادەنێت و پێی وایە چیدی سیاسەتی کلاسیک و چەقبەستوو کە هێماکانی لە کۆنسالاری، نەریتسالاری، کۆسالاری، ڕێبەرسالاری، بنەماڵەسالاری، ناوچەسالاری و نێرسالاریدا دەر دەکەوێت ناتوانێ "شێوازی بەرهەمهێنانی کوردستانی"ی تووشی گۆڕانکاریی بنەمایی بکات و ڕێگا بۆ وەگەڕکەوتنی دینامیزمی تایبەتیی کۆمەڵگای کوردستان و دیموکراتیزەبوونی ئەدەب و سیاسەت ئاوەڵا بکات. کەوایە سیاسەتی نقیسار وەکوو هەوڵێک بۆ "ناوتن" لە بەستێنی "وتن"دا، خۆی لەو دژوازییە مەرگئاژۆیە ئەدات کە ڕاشکاوانە دروشمی ژیندۆستی بەرز ئەکاتەوە و بەم چەشنە بەرەورووی سیاسەتی "ئا"وتن، زیدەوتن، پیرۆزوتن، کلێشەوتن، پاتەوتن، ترسەنۆکوتن، ساویلکانەوتن و ... دەبێتەوە. بڕگەکانی مانیفێستی ناشوێن پێمان دەڵێن سیاسەتی ڕادیکاڵ لە هزر و ئەدەب و هونەری سەردەمدا هەمان سیاسەتی جیاوازی نقیسارە:

١. دابەزاندنی واتا لە پێگەی مێژوویی پیرۆزخوازانە و بەرزەجێگەرانە؛ و ملپێچکردن و گەڕاندنەوەی بۆ سەرچاوەی ڕاستەقینەی خۆی واتە هەرێمی ئاساییی زمان.

٢. نەلێکردنی هەرچەشنە لۆگۆس یان ئەزموونێکی پەڕزمانی و نادەلالەتی کە لە پێش زماندا بوونی هەبێ و زمان تەنیا وەکوو کەرەسەی دەربڕین و ڕاگوێزکردن بەکار بێنێت.

٣. نەلێکردنی عەقڵ و ئایدیای کلاسیک کە لە دوو پرەنسیپی ناوەند و پاتەبوونەوەدا خۆی دەبینێتەوە و هاودەست و هاوبەستەی داهێنەرسەروەری، مەبەستمەندی، تاکەحەقیقەتخوازی و تاکەدەنگی، ڕێگا لە پێکهاتنی فرەدەنگی و چەندێتیخوازیی دەق دەگرێت.

٤. هەوڵ بۆ دابڕان لە ئەزموونە خاو و ڕیالیستییەکان و هەروەها وەهمە ڕۆمانتیکییەکان؛ و تێکۆشان بۆ بەرینکردنەوەی بازنەی دەربڕین و داهێنان.

٥. دابڕان لە فیگۆری ئاوەزی یەکگرتوو و زانای گشتی کە وەکوو سووژەیەکی باوکسەروەرانە لە هەموو ساتە ئاساییی و هەستیارەکانی دەقدا ئامادەیە و ڕەوایەت و ئۆتۆریتەی تایبەتی خۆی بەسەر دەقدا دەسەپێنێت.

٦. نەلێکردنی هەرچەشنە

بانگهێشتکردنێکی خوێنەر و بەردەنگ وەکوو سووژەگەلێکی تەواوکۆ، چەقبەستوو، کۆنترۆڵکار و خاوەن شوناسێکی پارستە(منقاد) و پێبەستە(تابع)؛ و ئاوەڵاکردنی ڕەوتی پێکهاتنی شوناسی بەردەنگ لە شێوازێکی نادابینکراودا.

٧. بەرەوڕووبوونەوەی هەرچەشنە پیرۆزاندن و دووڕپەڕاندنی دەق و نۆرم و کەسایەتی؛ و هەوڵدان بۆ بنەماشکێنی هەرچەشنە لافێکی تەواوکۆخوازانە و مێتادەقخوازانەی ئەو لایەنانە لەژێر تیشکی تاوتوێکار و ڕووناکیدەری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن.

٨. تێکشکاندنی فۆرمی باوی نووسینی کوردی و کردنەوەی ڕێگا بۆ دەقی سەربزێو و سنووربەزێن چ لە شیعر و چیرۆک و چ لە دەقەکانی تردا؛ واتە تێپەڕین لە سیاسەتی ئاسایشی نقیسار کە ڕێسایەکی پارێزکارخوازانە و ترسئاژۆیانە پەیڕەو دەکات و خۆی لە هەرچەشنە ئەزموونی شڵەژان و شەپۆکی داهێنان بێوەر و تەریک دەخات.

٩. تێپەڕاندنی سیاسەتی شوناس لە قاوغی فۆرمێکی کۆنباوانە و نەریتسەرەوەرانە کە ئەستۆبەندی چەقبەستوویی و تاکڕوخساری و تاکڕاڤەییە؛ بۆ ئاستی لخێزی و نادابینکراویی شوناس کە ئازادیی کردار و چەندێتیی پێناسە و چەندڕەهەندیی حەز و چێژ لە بەستێنی شوناسی نەتەوەیی، جینسی، کۆمەڵایەتی و ... بەهەند وەر دەگرێت.

١٠. گەڕانەوە بۆ لای خوێنەرسەرەوەری نەوەک خوێنەرێکی تەوەزل و ناچالاک، بەڵکوو خوێنەری لێهاتوو و خاوەن بڕیار کە بە خەیاڵکردی بەهرەمەندانەی خۆی خاڵە بۆشەکانی دەق پڕ دەکاتەوە و لە ڕەوتی خوێندنەوەدا بەردەوام دەقێکی نوێ دەنووسێتەوە.

١١. پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییە کە ژیانی دەق لە پراکتیسی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندندا بەردەوام دەبێتەوە؛ کەوایە کرداری ڕەخنە تەواوکەری دەق و پەرەپێدەری توانستەکانی چێبوو و بەرهەمهاتوو لە دەقدایە.

١٢. جەختکردن لەسەر ئازادیی خەیاڵ و ڕاڤە و خوێندنەوە لە داهێنان و ڕەخنەکاریدا؛ واتە پەرەپێدانی ڕەخنە لە بازنەی ڕەخنەی ئاکادیمیک و تەکنیکە ئەدەبییەکانەوە بۆ بەستێنەکانی کۆمەڵناسی، دەروونشیکاری، خوێندنەوەی فەرهەنگی، زماناسی، هێماناسی، هزری سیاسی و... .

١٣. دژوەستان بەرامبەر بە حەزی ساویلکانەی نقیسار کە دەیهەوێت تەواوی لایەنە ئاڵۆزەکانی چەمک و تیۆری و تەکنیک لە ساکاربێژییەکی بێپرسگر و بێکێشەدا دابشکێنێت و لە کەلامی کۆتاییدا شاییی وەڵامدانەوە بە هەموو پرسە بنەماییەکان بگێڕێت.

١٤. بەهەندوەرگرتنی زمان لە نقیساردا؛ بەو چەشنەی کە زمان جێگری سەروەریی ئاوەزی نووسەر بکرێت و دەقێکی نقیسارانەی لێ بەرهەم بێت.

١٥. پەرەپێدان بە ئەزموونی وەرگێڕان بەو چەشنەی کە زمانی دایک و خۆماڵی لەژێر کاریگەری و بارستاییی زمانی ئەویدی، لە خەونی خۆبەستەیی و داخراوی هوشیار بێتەوە و فۆرمی دەربڕین و شێوازی گێڕانەوەی نوێ ئەزموون بکات.

١٦. تێپەڕاندنی سنوورە دەسکردەکانی نووسین و ڕەخنە، و دەستبردن بۆ ئاژاوەنانەوە لە بەستێنی نەزم و ڕێسای سەرکوتگەرانەی باودا بەو چەشنەی کە هەر جۆرە دەربڕین و ڕەوایەتێک ڕێگا بەرەو نەزم و ڕێسایەکی ئازادانەتر و ئاوەڵاتر ببرێت.

١٧. پێگەیشتن بەو ڕاستییە کە پراکتیسی داهێنان نە گیرۆدە و پاشکۆی هۆکار و هۆکارمەندییە و نەش هەبوونایەتی و ڕەواییی خۆی بە شێوەیەکی ئامانجخوازانە لە مەبەستەکان وەر دەگرێ؛ واتە داهێنان بەپێی ئۆتۆنۆمۆس و لە پێناو پێویستییەکانی خودی نقیساردا هەڵدەسووڕێ.

١٨. نەلێکردنی هەرچەشنە پرەنسیپێکی گەوهەرخوازانە و نامێژووەمەندانە سەبارەت بە "جوانی"؛ واتە تێپەڕین لە جوانناسی(ئەستەتیک) وەکوو هۆکار و مەبەستی داهێنان بەرەو "جوانناسی"یە جیاواز و دژوازەکان کە نەوەکوو سەرچەشن و سەربەندی داهێنان بەڵکوو وەکوو بەرسازدراو و بەرهەمهێنراوی ڕەوتی داهێنان ڕەچاو دەکرێن.

١٩. دەستهاوێشتن بۆ ئەدەب و هونەرێک کە چ لە ئاستی داهێنان و چ لە ئاستی خوێندنەوە و وەرگرتندا، ئیمکانێکی جیاواز و ئاسۆیەکی نوێ لە واقیع بەرەو ڕوومان دەکاتەوە؛ واتە نەلێکردنی واقیعێکی تاکانە و داسەپێنەرانە و جڵەودان بە فرەواقیعەکان و واقیعە ناواقیعییەکان.

٢٠. هەوڵدان بۆ خوێندنەوە و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی مێژوو و ئەدەب و سیاسەتی کۆمەڵگای کوردی لە سووچەنیگای خۆمانەوە، بەو چەشنەی کە بتوانین لە بازنەی پێوەندیی ئەرباب-کۆیلە و نقیساری کۆیلەنووسانە تێ پەڕین و دینامیزمی زمانی و مێژوویی خۆمان بە ڕەچاوکردنی بابەتی یۆنیڤێرساڵ و گشتگیر تۆمار بکەین.

مانیفست "ناشوین" (non-place)

(سیاست نوشتار در بستر ویرانی تجربه)

د. مسعود بینندە

تناقض زندگی و استثنای وضعیت زیستی، ضرورت وجود زبان و آگاهی را برای انسان گریزناپذیر کرده است؛ بدین معنا که پرتاب‌شدگی انسان در جهان(thrown into the world)، مسیر زندگی او را به سمت اقامتگاه زبان و بی‌خانمانی گفتار معطوف نموده و آن را در بستر هستی‌ای زبانمند متعین نموده است. هیچ فراخوان و دعوتنامه‌ای برای درگیری انسان با واقعیت جهان ارائه نشده و انسان از هیچ نقطه‌ی صفری، فرآیند زیستن را آغاز ننموده است؛ بلکه همواره در زبان زیسته و در بستر آن گام برداشته و هیچ غایت مشخصی نیز در این "شدن" مداوم برایش متصور نگردیده است. این وضعیت آنتولوژیک، خود با وضعیتی زبان‌شناختی و معرفت‌شناسانه گره خورده است؛ بدین معنی که در چارچوب وجودی زبانمند، احساس و آگاهی انسان بعنوان موجودی اجتماعی قوام یافته است؛ و از این رو، تمام مسائل و معماهای زندگی انسان حاصل وضعیتی زبانمند و پرتاب‌شدگی‌ای بی‌بنیاد و بدون غایت در این جهان می‌باشد. زبان اقامتگاه هیچ هستنده، حقیقت فراتاریخی و یا متافیزیکی، بجز انسان، نیست؛ بنابراین زبان اتوس و نشان انسان بوده و هیچ قرار نیست از دل آن ندای نیستی، مرگ، متافیزیک و اشباح به گوشمان برسد؛ بلکه تمامی اینها معلول و برساخته‌ی زبان بوده و از طریق ضرب‌آهنگ و قواعد زبان معنادار و هستومند گشته‌اند. تاریخ متافیزیک نشان داده است که این روابط همواره به گونه‌ای دیگر مورد خوانش و تفسیر قرار گرفته است؛ بنابراین زبان به ابزار یا خانه‌ی تمامی معلول‌ها و پدیده‌هایی مبدل گشته که خود آن‌ها را خلق و معنادار نموده است؛ به همین دلیل زبان و تفکر اسطوره‌ای و کلاسیک به شیوه‌ای مرکزمحور و انحصارگونه، آزادی و رهایی زبان را عقیم نموده و مکانیزم خلق و پویایی آن را در چارچوب انضباطی تحمیلی و مرزبندی‌شده گرفتار نموده‌اند که در قالب دو پدیده‌ی اصلی "مرکز" و" تکرار"، خود را پدیدار نموده است. دو پدیده‌ی مرکز و تکرار تنها به مثابه‌ی نظمی خلاقانه در هیأت آثار ادبی و هنری ظاهر نگشته‌اند، بلکه این "واژه-قدرت"ها مولد گفتمان مسلط سیاسی و اجتماعی‌ای هستند که صورت‌بندی‌های اجتماعی را منطبق بر منطق انحصارگونه و حقیقت‌گرایانه‌ی خود سازماندهی و مفصل‌بندی می‌کنند. تاریخ زندگی انسان به‌صورت کلی و تاریخ جامعه‌ی کوردستان به‌طور ویژه متأثر از استراتژی‌های این بنیادگرایی خشونت‌ورزانه، بطور مدام به سوی "حقیقت-قدرت"ی تکین و استبدادی، رانده شده و از طریق بازتولید تقدس، ترس و خشونت، تاریخی پرفاجعه را رقم زده است.

روند مدرنیته با وجود همه آسیب‌هایش، از طریق عرضه‌ی تغییرات بنیادین اجتماعی، سیاسی و اقتصادی، خطوط قرمز تفکر کلاسیک را دچار اضمحلال نموده و مدعای اقتدارگرایانه‌ی گفتمان یگانه‌حقیقت‌باوری را به چالش کشیده است. آن روابط اجتماعی که بستر تولید و خوانش خلاقانه‌ی سنت‌های ادبی و هنری را فراهم می‌کردند، دچار زوال شده و از این طریق بنیان‌های یکتابودگی و اصالت اثر هنری به سستی گرایید. هنگامی که قواعد قدیمی زمان-مکان دچار تزلزل شده و دسترس‌پذیری همگانی به ابژه‌های هنری فراهم گردید، هاله‌ی مقدس و خاستگاه متعالی آثار ادبی و هنری نیز فروریخت. ویرانی تجربه(destruction of experience)، یعنی ویرانی تمام آن فورماسیون‌های سنتی و ارزش‌های معمول و متعارف که امکان آفرینش و خوانش آثار ادبی را ممکن می‌کرد؛ در ابتدا همچون تهدیدی انسان را در مواجهه با نوعی وضعیت آنتروپیک و خلأی مطلق (نهیلیسم منفعل) قرار داد؛ چنین شرایطی نیروی لازم را برای آن جنبش‌های واپسگرا فراهم می‌کرد که زیر سایه‌ی ترس ناشی از نهیلیسم تشکیک‌برانگیز و یقین‌برانداز در رویای بازگشت اطمینان ناشی از وجود مرکز و وعده‌ی تکرار می‌زیستند. بعد منفی و خطرآفرین این وضعیت طاقت‌فرسای نهیلیسم موجبات تولید بعدی مثبت و نوعی سوژگی فعال را در دل خود به وجود آورد؛ از اینرو واقعیتی که در بدایت امر همچون آسیبی بنیادین بدان نگریسته می‌شد به فرصتی اساسی در جهت برساخت و بازتولید مجدد ارزش‌ها و

معیارها در شیوه‌ای نوین مبدل گشت. لذا هنرمندان مدرنیست توانستند شوک و ضربه‌ی سهمگین ویرانی تجربه و معناباختگی معانی را در قالب فرم نوین هنری پیکربندی نموده و نیروی بیکران قدرت‌های به پا خواسته و فاوست‌های زنجیرگسسته‌ی وضعیت جدید را در ریتوریک ادبی و بوطیقای زیباشناسی تثبیت نمایند. هدف نهایی این زوال، گسستی اساسی از آن ارزش‌ها و قواعد سنتی بود که به شکلی ضدانسانی و در خدمت جهان توهمی مثل افلاطونی، زندگی حقیقی انسان‌ها را قربانی می‌کردند و با نوعی تک‌صدایی جباریت‌منشانه، چندصدایی انسان‌ها و مطالبات متنوع گروه‌های اجتماعی را به حاشیه می‌راندند. ویرانی تجربه فرصتی انتقادی را محقق ساخت که به واسطه‌ی آن، سوژه‌ی نوین مجال خیزش و بیانگری را کسب نموده و هوشیاری نوینی در ارتباط با پایگاه انسان در پهنه‌ی هستی و اجتماع به چنگ آورد. مفاهیم عقل، زبان، زمان-مکان، حقوق، قدرت، علم، هنرمند، زیباشناسی و... در روشنایی عقل بازاندیشانه‌ی مدرن مجددا از نظر شیوه و محتوای معنایی، بازسازی شده و بر این اساس هویت و دلالتی سراپا نوین برای انسان معاصر فراهم گردید. تمام این آزادسازی‌های فکری و زبانی که در ارتباط با تغییرات اجتماعی و سیاسی به انجام می‌رسیدند، در محاصره‌ی نیروهایی انحصارگرایانه همچون لویاتان سرکوبگرانه‌ی حکومت، فشار انسان‌زدایانه‌ی بروکراسی، نابرابری سیستم سرمایه‌داری و هژمونی یکسان‌ساز صنعت فرهنگ؛ به گونه‌ای پارادوکسیکال امکان ظهور و پیدایش یافته بودند. بدین معنی که ضرورت تعین‌بخش تاریخی و اجتماعی، بستر جنبش‌های آزادی‌خواهانه و انحصارشکنانه‌ی فکری و هنری را به وجود آورده؛ و لذا کشمکش و دیالکتیک بی‌پایان این نیروها که در دو محور مدرنیزاسیون عینی و مدرنیسم ذهنی، به عرصه می‌آمدند، مکانیسم اصلی پیشرفت و تغییر را به وجود می‌آوردند. رمانس مدرن توسعه و پیشرفت، همیشه آبستن این وضعیت پارادوکسیکال بوده و هیچگاه بنا نبوده که برآیند این کشمکش دیالکتیکی، از طریق سنتزی فراتاریخی رفع گردد و انسان‌ها و جامعه‌ای فراتاریخی و سترون از هرگونه سیمپتوم (دردنشان) و پیامدهای مثبت و منفی آن فراهم آورد. سوژه‌ی مدرن علیرغم فهم این وضعیت تراژیک؛ یعنی وضعیت متناقض گام برداشتن در عرصه شکست و ویرانی، هیچ‌گاه ناامید نشده و هیچ وقت نیز خود را با فانتزی ابدیت آینده و نوستالژی ازلیت گذشته شده فریب نداده است. سوژه معاصر در وضعیت ناممکن آفرینش، دست به ابداع می‌زند و در دل جبریت موجود در سیستم و ساختارها به منظور حصول اراده‌ی آزاد(free will) و انتخاب سروری بر خویشتن تلاش می‌کند. به این دلیل زندگی را در بطن ناممکنی مرگ تجربه می‌کند و ادبیات را در بیان شکست‌وارگی تنهایی و ملال‌زدگی انسان معاصر بازمی‌نمایاند.

هرگونه قدرتی از بنیاد با زیست-سیاست(bio-politics) آمیخته است و به واسطه‌ی این آمیختگی، مرز میان زندگی زیستی و زندگی شهروندی، و مرز بین حقوق و خشونت زدوده می‌شود؛ بدین معنی، تحت سلطه‌ی این آپاراتوس‌ها، زندگی انسان‌ها به حیات برهنه تقلیل یافته و زیر هیمنه‌ی تعلیق قانون از توش و توان انسانی خود تهی می‌شوند. بنابراین سیاست مدرن، سیاست آوارته(استثناء)یی است که در آن فراگیری و فشار قانون از طریق تعلیق و متوقف‌شدن آن عملی می‌شود؛ توقفی که فراتر از وضعیت قانون و بی‌قانونی، سایه‌ی مرگ و خشونت را بر سر انسان‌ها تداوم می‌بخشد. بنابراین، وجود مدرنیسم ادبی و هنری در میان درزها و شکاف‌های چنین آپاراتوس‌هایی فعال می‌شود؛ پهنه‌ای فراتر از همه‌ی هویت‌های صلب و کالایی‌شده که در آن‌ها با حفظ "وضعیت بالقوگی" و تداوم رابطه‌ی ارگانیک "بدن و تصویر"، راه را بر هرگونه گسست "امر واقع بدن" و "فانتزی تصویر" در صنعت پروپاگاندا و پورنوگرافی می‌بندند. بنابراین، هنر نه از طریق نمایش‌دادن و تقلید واقعیت موجود، به طفیلی‌بودن و منکوب‌شدن جهان رئال تن می‌دهد و نه طبق شعار محافظه‌کارانه‌ی "هنر برای هنر" در دایره‌ی خودخواهانه و خودمحدودکننده‌ی سولیپسیزم محصور و منفعل می‌ماند؛ بلکه با نمایاندن بی‌معنایی معنا، به صحنه آوردن خود زبان به گونه‌ای برهنه و عریان؛ یعنی در هیأت یک ژست محض، خود را نشان می‌دهد. نه هنر و ادبیات سیاسی که اعلان سیاسی‌بودن می‌نمایند و نقاب سیاسی به رخسار می‌بندند، بلکه این سیاست هنر و ادبیات است که در این عصر می‌تواند در مقابل دیکتاتوری بازار و خشونت زیست-سیاست مقاومت نموده و گریزی مواجهه‌گرانه با وضع موجود فراهم آورد. تنها بوطیقایی که ژست سیاست به خود گرفته و از طریق "وسایل بدون هدف"(means without end) و آشکار کردن خود زبان، تمام هویت‌های برساخته و گفتمان‌های ایدئولوژیک را دچار ناکارآمدی و تعلیق نماید، خواهد توانست حامل نیروی انتقادی عصر حاضر باشد. جامعه‌ی کوردستان هر چند در طول تاریخ به حاشیه رانده شده و در عصر تغییرات بزرگ نیز از پیشبرد تجربه‌ی مدرنیته‌ی مختص به خود به شیوه‌ای ضروری و با راهبردی متفاوت، باز داشته شده است؛ اما پرتوهای پرتوان نوسازی و نوگرایی معاصر،

دست یازیدن به ادبیات و هنری که چه در سطح آفرینندگی و چه در سطح خوانش و دریافت، امکانی دیگرگونه و افق جدیدی از واقعیت را بر ما می گشاید. به عبارت دیگر؛ نفی واقعیتی یگانه و مستبدانه و گشایش امکان طرح واقعیت‌های چندگانه و فراواقعی.

تمامی ابعاد زیست‌جهان امروز ما را در برگرفته و روندهای جهانگیری، ما را در میدان مسابقه‌ای نابرابر و نفس‌گیر افکنده است. در این "وضعیت آوارته" (state of exception) اگر بر مدار نظم کهن و کلاسیک حرکت نماییم و از عمق حادثه‌ای که دیرزمانی است اتفاق افتاده، بی‌اطلاع باشیم و ساده‌لوحانه و خوشبینانه مطابق منطق هرچه بادآباد به پیش رویم، در تکرار و تداوم تاریخ فاجعه، شریک خواهیم گشت و راه را بر سرنوشتی سیزیف‌آسا هموار خواهیم کرد که بناست سرنوشت اکنون و آینده‌مان را در روایتی فاجعه‌بار تثبیت نماید.
بدون شک هر جامعه‌ای مانیفست خود را در روندهای تاریخی‌اش اعلان می‌دارد و هشدارهای خویش را چه در چارچوب کردار نانویسا و چه در قالب اثر نویسا آشکار می‌سازد؛ و این جوش و خروش‌ها اگرچه در حاشیه قرار گرفته و به ندرت شنیده شده‌اند، اما هیچ‌گاه رسایی و رسانش بیان آن‌ها از گفتن باز نایستاده است. این مانیفست نیز ادامه‌ی تمام آن صداهای حساس و مسئولانه‌ایست که راه راست را برنگزیده و همواره در مقابل گفتار مسلط صراط مستقیم، کژبینانه قد علم کرده‌اند. مانیفستی که در مقابل قدرت حضور شانتاژ و پروپاگاندا و سرمایه‌سالاری تصاحب، از سیاست نامهیای نوشتار و هنر شکست طرفداری می‌کند و ترجیح می‌دهد در کنار حقیقت، مجرم پنداشته شود تا اینکه در همراهی با دروغ به پاداش نایل آید. نوشتار در اینجا تمام آن حوزه‌هایی را شامل می‌شود که پراکتیس رادیکال تفکر و تعمق در آن‌ها محقق می‌گردد؛ به همین دلیل بازه‌ی نوشتار دامنه‌ای گسترده‌تر از هر نوع ژانر و حوزه فکری، علمی و هنری را در برگرفته و شامل کلیت فلسفه، جامعه‌شناسی، سیاست، زیباشناسی و... خواهد بود. مانیفست ناشوین علاوه بر اینکه لزوم نوسازی و تعمیق تغییرات در عرصه‌ی تولید ادبی و هنری را احساس می‌نماید، توسعه‌ی نیروهای مترقی و ذهنیت‌های نوگرا را در بسترهای سیاست، فرهنگ و جامعه نیز ضروری دانسته و بر این باور است که زین پس سیاست کلاسیک و فروبسته که نمادهای آن در کهنه‌سالاری، سنت‌سالاری، جمع‌سالاری، رهبرسالاری، خانواده‌سالاری، منطقه‌سالاری و مذکرسالاری نمایان می‌شود، قادر نیست "شیوه‌ی تولید کوردستانی" را دچار تغییرات بنیادی نموده و راه را برای فعال‌شدن دینامیزم درونی جامعه‌ی کوردستان و دموکراتیزه شدن ادب و هنر و سیاست هموار نماید. بنابراین سیاست نوشتار به مثابه‌ی تلاشی برای "نه گفتن" در بستر "گفتن"، تن به آن تناقض مرگ‌آسا می‌سپارد که آشکارا شعار زندگی‌خواهی سر داده و از این طریق در مواجهه با سیاست آری گفتن، زیاده گفتن، مقدس گفتن، کلیشه گفتن، مکرر گفتن، بزدلانه گفتن، بلاهت‌وار گفتن و... قد علم می‌کند. بندهای مانیفست ناشوین اعلام می‌دارند که سیاست رادیکال در عرصه ادب و هنر و اندیشه‌ی معاصر همان سیاست متفاوت نوشتار است:



۱. به زیرکشیدن معنا از جایگاه تاریخی مقدس‌مأبانه و استعلایی؛ و بازگرداندن آن به خاستگاه حقیقی خود یعنی قلمرو عادی و روزمره‌ی زبان.
۲. نفی هرگونه لوگوس یا تجربه‌ی فرازبانی و غیردلالتی که هستی خود را از برهه‌ای پیشازبانی برگرفته و زبان را صرفا در شکل ابزار بیان و انتقال به کار گیرد.
۳. نفی عقل و تفکر کلاسیک که موجودیت خود را در چهارچوب دو اصل مرکز و تکرار، نمایان ساخته و همدست و موازی مولف‌سروری، غایت‌مندی، یگانه حقیقت‌خواهی و تک‌صدایی اقدام نموده و از شکل‌گیری چندصدایی و تکثرگرایی در بستر متن جلوگیری می‌کند.
۴. تلاش برای گسست از تجارب خام و رئالیستی و همچنین توهم‌واره‌های رمانتیک؛ و اهتمام به گسترش محدوده‌ی بیان و آفرینش.
۵. گسست از فیگور دانای کل و عقل وحدت‌بخش که به مثابه‌ی سوژه‌ای پدرسالارانه در تمام برهه‌های عادی و حساس متن آماده بوده و روایت و اتوریته‌ی ویژه‌ی خود را بر قلمرو متن تحمیل می‌نماید.
۶. نفی هرگونه فراخواندن و استیضاح خواننده و مخاطب به مثابه‌ی سوژه‌هایی کامل، منسجم، کنترل‌شده و دارای هویتی منقاد و تابع؛ و توسعه‌ی روند برساخت هویت مخاطب به شیوه‌ی نامتعین.
۷. مقابله با هرگونه تقدس‌بخشی و فرانمایی متن، نورم و شخصیت؛ و تلاش برای واسازی لاف‌زدن‌های تمامیت‌خواهانه و فرامتن‌گرایانه‌ی وابسته به آن‌ها با بهره‌گیری از پرتوافشانی‌های پراکتیس تحلیل و روشنایی‌بخشی عمل نقد و ارزیابی.
۸. واسازی فرم متداول نوشتار کوردی و هموارکردن راه برای فرآوری متون تابوشکن چه در عرصه‌ی شعر و داستان و چه در حوزه‌ی متون دیگر. به معنایی دیگر؛ گذار از سیاست آسودگی و امنیت نوشتار که با پیروی از قواعد محافظه‌کارانه و ترس‌مدارانه حاصل آمده و خود را از هرگونه تجربه‌ی آشفتگی و شوک آفرینش، بی‌بهره و محروم می‌سازد.
۹. گذار از سیاست هویت که با فرمی کهنه‌گرایانه و سنت‌سالارانه گره‌خورده و به واماندگی، تک‌بعدی‌بودن و یگانه‌گرایی تفسیری گرفتار آمده است؛ و حرکت به‌سوی سیالیت و "عدم‌تعین هویتی"، که آزادی کنش، چندگانگی تعریف و بس‌گانگی علاقه و ذائقه را در بستر هویت‌های مختلف ملی، جنسی و اجتماعی و... مورد تأکید قرار می‌دهد.
۱۰. بازگشت به سوی خواننده‌محوری، نه به معنای خواننده‌ای ناپویا و منفعل، بلکه خواننده‌ای توانمند و صاحب تدبیر که با تخیل غنی خود خلأها و نقاط خالی متن را پر نموده و در فرآیند خوانش، متن جدیدی را به‌طور مداوم بازنویسی می‌کند.
۱۱. پافشاری بر این واقعیت که زیست متن، در پراکتیس خوانش و ارزیابی تداوم می‌یابد؛ و بنابراین عمل نقد، تمام‌کننده‌ی فرایند ناتمام متن و توسعه‌دهنده‌ی پتانسیل‌های تحقق‌یافته و تولیدشده در متن می‌باشد.
۱۲. تأکید بر آزادی تخیل، تشریح و خوانش در فرایند آفرینش و نقادی؛ به عبارت دیگر گسترش نقد از حوزه‌ی صرف نقد آکادمیک و آرایه‌های ادبی به سوی حوزه‌های متنوع جامعه‌شناسی، روانکاوی، مطالعات فرهنگی، زبان‌شناسی، نشانه‌شناسی، تفکر سیاسی و ... .
۱۳. مواجهه و مخالفت با میل بلاهت‌وار نوشتار که تمایل دارد تمام ابعاد پیچیده‌ی مفهوم، تئوری و تکنیک را در سطح نوعی ساده‌گویی غیرمسئولانه و بدون مسئله تقلیل داده و در کلام آخر به گونه‌ای خوش‌باشانه پاسخی برای همه‌ی مسائل بنیادین فراهم آورد.
۱۴. به جد گرفتن نقش و جایگاه زبان در نوشتار؛ به‌صورتی که زبان جانشین حاکمیت بلامنازع ذهنیت نویسنده گشته و متنی نوشتنی از آن حاصل آید.
۱۵. توسعه‌ی تجربه‌ی ترجمه به‌گونه‌ای که زبان مادری و بومی متأثر از توانمندی زبان "دیگری"، از خواب خوش درخودفروماندگی و انسداد، بیدار گشته و فرم‌های بیانگری و روایتی نوینی را تجربه نماید.
۱۶. گذار از مرزهای تصنعی نوشتار و نقد؛ و اقدام به ایجاد اغتشاش در نظم و قواعد سرکوبگرانه‌ی رایج در زیست‌جهان متن؛ به‌صورتی که خلق هرگونه بیان و روایتی نو، راه را برای ارتقای نظم و قواعدی آزادانه‌تر و فراخ‌تر هموار نماید.
۱۷. دست‌یافتن به این واقعیت که پراکتیس ابداع و آفرینش، نه گرفتار و دنباله‌رو رابطه‌ی علت و معلولی بوده و نه هستی و مشروعیت خود را به شیوه‌ای غایت‌نگرانه از اهداف غایی کسب می‌نماید؛ بنابراین آفرینش بر مبنای اصل خودسروری و برطبق ضرورت‌های خود نوشتار قوام می‌گیرد.
۱۸. نفی هرگونه قاعده‌ی ذات‌گرایانه و غیرتاریخمند در باب "زیبایی"، یعنی گذار از زیباشناسی(استتیک) به مثابه‌ی علت و غایت آفرینش، به‌سوی زیباشناسی‌های متفاوت و متناقض که نه همچون الگو و بستار عمل آفرینش، بلکه به مثابه‌ی برساخت و محصول این روند بدان نگریسته شود.
۱۹. دست یازیدن به ادبیات و هنری که چه در سطح آفرینندگی و چه در سطح خوانش و دریافت، امکانی دیگرگونه و افق جدیدی از واقعیت را بر ما می‌گشاید. به عبارت دیگر؛ نفی واقعیتی یگانه و مستبدانه و گشایش امکان طرح واقعیت‌های چندگانه و فراواقعی.
۲۰. تلاش در راستای خوانش و طرح‌ریزی مجدد تاریخ، ادبیات و سیاست جامعه‌ی کوردستان از منظر خویشتن؛ به‌گونه‌ای که قادر باشیم از محدوده‌ی رابطه‌ی ارباب-بنده و نوشتار بنده‌مأبانه، گذار نموده و پویش‌های مبتنی بر دینامیزم زبانی و تاریخی خودمان را با در نظرگرفتن امر یونیورسال و جهانشمول عرضه نماییم.

پۆرترێتێک: محەمەد ئۆزۆن

حەسەن جەمال
وەرگێڕان لە تورکییەوە: وریا غەفوری

"ناوم محەمەدە، پاشناوم ئۆزۆن، بەرواری لە دایک بوونم ١٩٥٣/١/١. هەموو کەس من بەم جۆرە دەناسێت... بەڵام ئەمانە هیچیان ڕاستی نین، ناوم محەمەد نییە، پاشناوم ئۆزۆن نییە، بەرواری لە دایک بوونم ئەمە نییە."

محەمەد ئۆزۆن لە بەر هۆکاری سیاسی ناچار بوو لە ١٩٧٧ەوە لە سوید بژی، ئەو کتێبانەی بە زمانەکانی کوردی، تورکی و سویدی نووسیویەتی، بۆ زیاتر لە بیست زمان وەرگێردراون. دوای ئەوەی لە تورکیا گەلێک دۆسیە لە دژی کرایەوە،ساڵی ١٩٨١لە هاووڵاتیبوونی تورکیا دەرهێنرا. نووسەر تا ١٩٩٢ نەهاتەوە بۆ تورکیا و بە ساڵان ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی یەکێتیی نووسەرانی سوید بوو. لەگەڵ خەبات و چالاکیی بەردەوام لە کلوپی pen ی سوید و کلوپی نێونەتەوەیی pen، ژمارەیەکی زۆر ڕۆمانی کوردی نووسی. ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی ئازادیی بیروڕای لە لایەن یەکێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی تورکیاوە پێ بەخشرا. لە هەمان ساڵدا بە هۆی نووسینی ڕۆمانی "ڕووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن" و هەروەها کتێبی "گوڵەکانی هەنار"ەوە دادگایی کرا. نووسەر ساڵانی کۆتایی تەمەنی تووشی شێرپەنجەی گەدە هات و گەڕایەوە بۆ دیاربەکر، ساڵی ٢٠٠٧، ئەو وڵاتەی کە بەردەوام مەراقی گەڕانەوەی بۆی بوو، بۆ هەمیشە بەجێهێشت.

لە درێژەدا بەشێک لەو گفتوگۆیەی حەسەن جەمال، نووسەری ڕۆژنامەی میللییەت، کە لەگەڵ محەمەد ئۆزۆن لە دیاربەکر و لەو کاتەی کە لە ژێر چاوەدێریی پزیشکیدا بوو، ئەنجامی داوە، دەخوێنینەوە.

دیاربەکر

زۆر هێمن، لە ناو ئارامییەکدا، هەموو خاڵ و فاریزەکانی دادەنێت و قسە دەکات محەمەد ئۆزۆن. هەوایەکی بەخۆ باوەڕی ئەو کەسانەی هەیە کە گەیشتوونەتە ئاشتیی دەروونیی. ئەوەندە نەرم و نیان سەیر دەکات کە دەربڕینی ڕوخساری و هێڵەکانی سیمای وەک ئینسانێک لەگەڵت دەئاخڤن.

لاواز بووە، پێچووە...

شێخ مووس دیکەن دەگێڕێتەوە کە "محەمەد ئۆزۆن تەمووزی پار، ئەو کاتی لە ستۆکهۆڵمەوە گەڕایەوە بۆ دیاربەکر، پێیان وتبوو بە تەنیا حەفتەیەک یان دە ڕۆژ لە ژینی ماوە، ئێمەش هاتینەوە و ماینەوە. پیاوێکی دووهەمی ئەدەبیاتی مۆدێرنی کوردی بوونی نییە، چونکە پیاوی بیستەمیشی نییە. تاکە ئەدیبی ئێمە کە ئەدەبیاتی کوردی بە هەموو دونیا ناساند، تاکە ڕۆماننووسمان محەمەد ئۆزۆنە. لە بەر ئەو گەڕاینەوە و ماینەوە."

شێرپەنجە لە گەدەی داوە

لەوانەشە ئەنجامی تاڵی ئەو خەباتە دوور و درێژە بێت کە ساڵانێکی درێژ لە دیاسپۆرا ئەنجامی داوە... ژۆزانی هاوسەری بە سەر دەیپەژرێنێت.

پاش ساڵانی تاراوگە بۆ مردن نەگەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. خۆی دەڵێت: "مێزۆپۆتامیای سەرەوە سەرچاوەی شیفایە" بۆ چاکبوونەوە

گەڕاوەتەوە بۆ دیاربەکر.
لە بەر دەم نەخۆشخانە لە مەیدانی دارکاپی، دەنگبێژەکان دیوانیان بۆ داناوە. بە وتەی شێخ مووس "دەنگبێژەکان لەو شوێنە وشە تەواو نابێت، دەنگ هەڵدەبڕن... بۆ ئەوەی محەمەد ئۆزۆن ساتێک زووتر چاک ببێتەوە، سترانی کوردی بۆ دەچڕن و چیرۆکی کوردی دەخوێننەوە."
هەر وەک منداڵییەکەی
"کاتێک منداڵ بووم دەنگبێژ هەبوون دەهاتن بۆ ماڵمان، ئەوان مامۆستای گێڕانەوەی پڕ سۆزی کوردی بوون. لە ماڵی ئێمە گۆرانی فۆلکلۆر و داستانی کوردییان دەوتەوە."
ئەو زلەیەی کە خواردی!
لە دایک بووی ١٩٥٣ی ئۆرفا، سیڤەرەک
دەگێڕێتەو دەڵێت: "خانووەکەمان خانووی عەشیرەتێکی گەورە بوو، لە ماڵەوە، لە گەڕەکەکەمان بە کوردی قسەمان دەکرد، زمانی دایکییم کوردییە، زمانی قسە کردنم. بەڵام نەکرا پێی بخوێنم و بنووسم. بە سالان دواتر، ١٢ی مارتی ١٩٧١ خوێندن و نووسینی کوردی لە زیندان فێر بووم. تەمەنم ١٨ بوو. مووسا عەنتەر لەگەڵ فەرید ئۆزۆنی ئامۆزام فێریان کردم. یەکەم پێوەندیی جیددیی من لەگەڵ کوردی بەم شێوە دەستی پێکرد."
ئەو زلەیە لە بیر ناکات!
"لە سیڤەرەک یەکەم ڕۆژی خوێندن لە قوتابخانە، زلەیەکم خوارد. تەنانەت ئەمڕۆش لە بیرم ناچێت. کاتێک هەوڵمان دەدا لە باخچەی قوتابخانە بچینە ناو ڕیزەکەوە بە کوردی قسەمان دەکرد. مامۆستا ئەفسەرە ئەستەمبۆڵییەکەمان دەستی ڕادەوەشاند و دەیگوت بە تورکی قسە بکەن، بەڵام خۆ من تورکیم نەدەزانی..."
نووسەری لوبنانی ئەمین مەئلووف لە کتێبی ناسنامە کوشندەکاندا دەڵێ؛ هیچ شتێک مەترسیدارتر لە پچڕاندنی پێوەندیی مرۆڤێک لە زمانی دایکی نییە.
محەمەد ئۆزۆن ئاوا دەڵێت:
"منیش بە زلەیەک ئاشنای زمانی تورکی بووم. پێوەندیی من لەگەڵ زمانی دایکییم بەم شێوە پچڕا. کە زمانی پەروەردە و ڕاهێنان، تورکی بوو، منی لە کوردی دابڕاند. یاساخ کردنی زمان تاوانێکی ئینسانییە. دابڕانی مرۆڤ لە زمانی دایکیی کارەساتە. دابڕاندنی مرۆڤێک لە زمانی خۆی، ڕۆح و کەسایەتیی مرۆڤ دەڕووشێنێت، بەر بە پێشکەوتنی دەگرێت. بە ڕای من یاساخ کردنی کوردی، یەکێک لە گەورەترین هەڵەکانی تورکیایە."
باوکی بە بیر دێنێتەوە
"شەش برا بووین، باوکم بۆ ئەوەی پێوەندیمان لەگەڵ زمانی کوردی نەپچڕێت، لە ماڵەوە سترانی کوردی بۆ دەگوتین. خانەوادەکەمان لە دووئالیزمێکدا بوو. لە لایەکەوە دەیخواست منداڵەکان بخوێنن، کە ئەمەش شتێک بوو ئەوانی گیرۆدە کردبوو، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە بەردەوام لە بیری ئەوەدا بوو کە چۆن پێوەندیمان لەگەڵ زمان و کولتوورەکەمان بپارێزێت."
کوودەتای ١٢ی مارتی ١٩٧١
"دەستگیر کرام بە هۆی کوردایەتییەوە. ١٨ ساڵم تەمەن بوو. لە سیڤەرەک بە دیوارەکانەوە هەندێک شت نووسرابوو. ٢٨ کەس پێکەوە نێردراین بۆ زیندانی سەربازیی دیاربەکر. ئاشنابوونی جیددیم لەگەڵ زمانی کوردی بەمجۆرە بوو. هەموو کەس لە زیندان بوون. تاریق زیاد ئیکینجی، محەمەد ئەمین بۆزئاسلان، مووسا ئەنتەر، فەرید ئۆزۆن و...
٣ی مارتی ١٩٧٢ دەستبەسەر کرام، هەم ڕۆشنبیر و خوێندکاری کورد لە زینداندا بوون و هەم لادێیی و ئاغای کورد، بەگەکان، واتا لە خانزادەکان. ئەو ڕۆشنبیرانەی بە تۆمەتی یارمەتیدانی بارزانی دەستگیر کرابوون، بە تورکی قسەیان دەکرد، خانزادەکانیش بە کوردی... دەنگبێژیش هەبوون کە لەگەڵ ئێمە گیرابوون... لە هەموو زاراوەکان... کورمانجی، سۆرانی، زازاکی. یەکەمجار لەم ڕێگەوە لە زیندان ئاشنای دەوڵەمەندیی زمانی کوردی بووم... دواتر کاتێک سەرقاڵی پێشخستنی زمان بووم بۆ نووسینی ڕۆمان لەگەڵ بن زاراوە کرمانجییەکان ئاشنا بووم."
پاشان لە دیاربەکرەوە دەگوازرێتەوە بۆ زیندانی سەربازیی مامەکی ئەنقەرە. محەمەد ئۆزۆن لەو ساڵانەدا ئازارێک دەچێژێت کە هەرگیز لە بیری ناکات:
سووکایەتیکردن بە زمانی کوردی!
لە زیندانەکان، لە دادگاکان سووکایەتییەکی زۆریان بە زمانی کوردی دەکرد. کاتێک دادوەرە سەربازییەکان لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت دەیانگوت: "زمانێک بە ناوی کوردی بوونی نییە" زۆر پێی پەست دەبووم. دەمویست نیشانی بدەم کە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەند و مێژووییە و دەتوانرێت دەقی مۆدێرنی پێ بنووسرێت.
بەرپرسیارێتی لە گۆڤاری ڕزگاری
دۆسیەکەی ١٩٧٦ بە بیر دێنێتەوە...
دۆسیەی ڕزگاری
محەمەد ئۆزۆن لە بەڕێوەبەرایەتیی گۆڤاری ڕزگاریدایە کە ئیسماعیل بێشکچی ش جارجارە بە بێ ناو وتاری بۆ دەنووسێت. ڕێبازی سیاسیی گۆڤارەکە ئۆپۆزیسیۆنە و ڕادیکاڵیش.
ساڵی ١٩٧٦، ٩ مانگ لە زینداندا خەوت
محەمەد ئۆزۆن دەڵێت: "دادوەری سەربازیی دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیدیعا نامەکەیدا دەیگوت زمانێک بە ناوی کوردی بوونی نییە. چۆن شتی وا دەبێت. من لەگەڵ ئەم زمانە لە دایک بووم، لەگەڵ دایک و باوکم بەم زمانە قسەم کرد. کە دەیانگوت کورد نییە، کوردی نییە، ئەوەندە پێی پەست دەبووم کە... لە دادگادا، لە دۆخێکی وەهادا، مرۆڤ زۆر هەست بە بێهێزیی خۆی دەکات، هەست بە بێچارەیی خۆی دەکات. ماف و حقووق بەم جۆرە دەبێت مەگەر، خۆ ئەمە پێچەوانەیە... لەگەڵ هەستێکی لەم چەشنە ژیانی زیندانم دەست پێکرد و بڕیارم دا زمانی کوردی وەک زمانێکی مۆدێرن لە ئەدەبیاتی

کوردیدا بەکار بهێنم..."
ئەگەر نەچووبامە تاراوگە
بە بڕیارەوە لە زیندان دێتە دەر، کە دەزانێت تاوانبارییەکەی مسۆگەر بووە، دەڕوات بۆ سوید
محەمەد ئۆزۆن ئاوا دەڵێت:
"گەر ڕووم لە تاراوگە نەکردبا، نەمدەتوانی ئەم ئەدەبیاتە کوردییەی خولقاندوومە، بیخولقێنم."
لە تاراوگە لەگەڵ کوردانی پارچەکانی دیکە، لەگەڵ [کوردانی] سووریا، عێراق، ئێران و قەوقاز پێوەندیی دەگرێت. جگەرخوێن، عوسمان سەبری، حەسەن هوشیار، ڕەوشەن بەدرخان، نوورەدین زازا، ئیبراهیم ئەحمەد و دڵداری هۆنەری سروودی نەتەوەیی کورد...
زیاتریش قۆناغی ناسین و فێربوون لە نووسەرە کوردە لاتینی نووسەکان لە ۱۹۲۰ەکان و دوای سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە تورکیاوە بەرەو سووریا کۆچیان کردووە...
زەحمەتییەکان بەم شێوە دەگێڕێتەوە:
"نووسینی ڕۆمان بە زمانی کوردی وەک نووسینی ڕۆمان بە زمانی تورکی یان فارسی نییە، چونکە زمانی تۆ زمانێکی یاساخ کراوە، زمانێکە کە لە پەروەردە و پێوەندی و ژیانی مۆدێرن دوور خراوەتەوە. واتا زمانێکی خنکێندراوە. خولقاندنی ئەدەبیاتێکی مۆدێرن بە زمانێکی لەم شێوە، یەکجار زەحمەتە."
لێرەدا ئەمەی لێ زیاد دەکات:
ئۆرهان پامۆک ڕوو بە ڕووی زەحمەتییەکی لەم چەشنە نییە، چونکە بە زمانی دایکیی خۆی، بە زمانی تورکی دەنووسێت. ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند و زمانێکی پێشکەوتووی هەیە. گەلێک کتێب، نووسەر، خوێندنگە، زانکۆ، فەرهەنگ و ئینسکلۆپێدیای هەیە. بەڵام ئەو کاتەی من بڕیارم دا بە کوردی بنووسم خۆ هیچ کام لەمانە بوونیان نەبوو. خاوەنی هیچ یەک لەوانە نەبووم. کە هیچ کام لەمانەت نەبێت و زمانێکی ڕۆمان پێش بخەیت، زۆر زەحمەتە."
ڕادەوەستێ، بیر دەکاتەوە
تفەکەی قووت دەدات و دیسان دەست پێدەکاتەوە:
"کاتێک دەستم دایە نووسینی ڕۆمانی کوردی تەنیا فەرهەنگێکی بچووکم بە دەستەوە بوو کە مووسا ئەنتەر ساڵی ۱۹۶۰ ئامادەی کردبوو. لە لایەکی دیکەشەوە فەرهەنگەکەی محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان بوو وەرگێڕانی فەرهەنگێکی پاشماوەی سەدەی ۱۹. نەمدەتوانی بگەڕێمەوە بۆ تورکیا. زیاتر بە تێکەڵ بوون لەگەڵ کوردەکان، شاعیرە ئاماتۆرەکان، گۆرانیبێژەکان و مانەوە لەگەڵ دەنگبێژەکان دەچوومە سوریا و سەرقاڵی کەشف کردنی زمانی کوردی بووم. ناوی گوڵەکان، دارەکان و باڵندەکان بە کوردی فێر دەبووم و دەمنووسییەوە. ئەو کتێب، گۆڤار و کارانەی کە پێش من لە دیاسپۆرا ئەنجام درابوو، دەمخوێندەوە."
هەڵکۆڵینی بیرێکی ئاو بە دەرزی!
"کارێکی بێزارکەر، لە کۆتاییشدا بدات لە گەدەت..."

محەمەد ئۆزۆن دەڵێت: "وا دیارە". زۆزان لە سووچێکی ژوورەکە بە بێدەنگی لە ئێمە دەڕوانێت بە سەر دەیپەژرێنێت. محەمەد ئۆزۆن دەڵێت ۱۲ی مارتی ۱۹۷۱ لە زیندانی سەربازیی ماماکی شکۆدار لەگەڵ ڕۆشنبیرانی تورک لە ساڵۆنێکدا بووین، زمانی منیان لا پەسەند بوو. "ئۆغور ئالاجاکاپتان، ئوغور مومجو، مومتاز سوسیال، ئەردان ئۆز، ئاتیلا سارپ، ڕۆحی کۆچ و ...لەو کەسانە بوون کە دوژمنییەکی ڕاشکاوانەیان بەرامبەر بە کورد نەبوو، کتێبی زۆریان بۆ دەهات. لەوانەوە فێری خووی کتێب خوێندنەوە بووم. سالانی دواتر یارمەتیی ئوغور مومجوم دا، ئەو کاتەی کتێبی سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی دەنووسی..."
محەمەد ئۆزۆن دان بەوەشدا دەنێت و دەڵێت: "سالانی حەفتاکان لە سیاسەتدا زۆر ڕادیکاڵتر و توندوتیژ بوو؛ ئەو کات ئەتمۆسفێری تورکیا مرۆڤی توندوتیژی ڕادەهێنا. بە تێپەڕبوونی کات شل دەبێتەوە، بەرەو ڕێبازە مەدەنییەکان نەرم و نیان‌تر دەبێتەوە."
لە دوا نیوەی حەفتاکان بۆ ئەوەی جارێکی دی نەکەوێتە زیندان بەرەو تاراوگە دەڕوات و بڕیار دەدات لە سیاسەت دوور بکەوێتەوە.
زمان، کولتوور، ئەدەبیات...
بەم شێوە باسی ئەوە دەکات کە نەک لە پێناو سیاسەتدا، بەڵکوو بۆ لایەنگریی ژیان، ئەمانەی هەڵبژاردووە: "دەمویست هەندێک شتی نوێ بە زمانی کوردی ئەنجام بدەم... هەندێک شتی مودێرن... بەردەوام کەم بوونی ئەم شتەم لە قووڵایی دڵمدا هەست پێدەکرد."
لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەوەندەی محەمەد ئۆزۆن، ڕێبازە سوننەتییەکان قورسایی دەنوێنن. ئەدەبیاتێکی لۆکاڵی و دێهاتی و ناشاری... و دەڵێت: "ئەم ئەدەبیاتە بەرهەمی کۆمەڵگای داخراوە. مۆدێرن نەبوو، دەمویست بگەمە زمانێکی ئەدەبی، زمانی ڕۆمانێکی ئەمڕۆیی کوردی، زمانی کۆمەڵگایەکی کراوە و هاوچەرخ. بۆ ئەمەش زیندوو کردنەوەی زمانی کوردی و نوێ کردنەوەی و هەروەها دانە خۆشویستنی، پێویست بوو.
تاک و کۆیلە!
بۆ نووسینی ڕۆمان بە زمانی تورکی نا، بەڵکوو بە زمانی کوردی بڕیاری بنگەیین دەدات. وتار و ئەزموونەکانی بە تورکی دەنووسێت. با بێینە سەر یەکەم ڕۆمانی کوردیی ئۆزۆن؛
تۆ!
باشە بۆچی تۆ؟
"چەمکی تاک لای کوردان زۆر لاوازە. هەمیشە قورسایی بە لای کۆمەڵ-کۆیلەدا دەشکێتەوە. لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردانیشدا هەر بەم شێوەیە. هەمیشە ڕێبازە تۆتالیتەرەکان بەرجەستەیە. ئیلەگال بوونیش خۆی کێشەیەکە. بۆیەش پێوەندیی ئەنتەلـەکتوەل و ئینسانی بە پلەی دووهەم دێت. لە بەرانبەر ئەمەدا ڕاوەستام. ڕەخنەم لە بونیاتی ئەم پێوەندییە گرت. لەم ڕووەوە یەکەم ڕۆمانی کوردیم ناو نا تۆ، بۆ دەرخستنەپێشی تاک..."

لێرەدا لێی زیاد دەکات:
"هەر بەم بۆنەشەوە پێوەندیم لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان لێڵ بوو. خوویان بە هەڵوێستی ڕۆشنبیری سەربەخۆ نەگرتووە. مەودام درووست کرد. دوژمنایەتیم نەکرد، بەڵام توانیم ڕوانگەیەکی ڕەخنەییم هەبێت."
ڕۆشنبیری سەربەخۆ!
زۆر گرنگی بەم بابەتە دەدات.
ئاوا دەڵێت:
"نووسەر بوونی خۆم وەک ئامێری پروپاگاندەی سیاسی یان ئایدۆلۆژیکی، نابینم. ئەدەبیات کەڵکەڵەی تایبەت و ڕێسای تایبەتیی خۆی هەیە، بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەم ڕێسا تایبەتانە، دەبێ هۆگری لە خۆ نیشان بدەیت. بەم هۆیەشەوە هەوڵم دا مەودای خۆم لەگەڵ سیاسەت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بپارێزم. دیارە ئەمە بەو شێوە نەبوو کە زۆر لە دوور و لە بەرزاییەوە سەیری ئەوان بکەم. کەناڵەکانی دیالۆگ و گفتوگۆم دانەخست، من شتێکی جیاوازترم دەکرد."
هەڵوێستی هیومانیستی!
ئەم جیاوازییە چی بوو؟
وەڵامی ئەم پرسیارە دەستەواژەیەکە کە محەمەد ئۆزۆن بەردەوام بەکاری دێنێت؛
هیومانیزم.
دەڵێ: "با باسی خۆم نەکەم... بەڵام بیرم دەکردەوە کە دەبێ هەڵوێستێکی هیومانیستیم هەبێت. لەگەڵ هەموو کوردان بە بێ هیچ جیاوازییەک، لەگەڵ چەپەکان، ڕاستەکان، ئاینییەکان، لائیکەکان، لاوەکان، پیرەکان، عێراقییەکان، سورییاییەکان و ئێرانییەکان، لەگەڵ هەر هەمووی پێوەندیم درووست کرد."
محەمەد ئۆزۆن لە پڕ بێدەنگ دەبێت.
دواتر ڕستەیەکی دی:
"من نووسەری تاراوگەم!"
یانی چی نووسەی تاراوگە؟ ئەو ڕستەی لە نووسینەکەی دوێنێدا نووسیم، دیسان دێتەوە یادم و لە ناوەوە ئازارم دەدات:
"باس کردن لە تاراوگە هەمیشە زەحمەتە؛ چونکە قسەکە لە قورگتدا قەتیس دەبێت..."
تاراوگە لە لایەک بە واتای فرە کولتورییە، لە لایەک بە واتای ژیانی ناچاری لە شوێنێکی فرە زمان و فرە کولتوور. کاتێک دەڵێی کوردی هەبوو، تورکی هەبوو، سویدی هەبوو، واتا مرۆڤ دەست دەکات بە پارچە کردنی کەسایەتیی خۆی، واتا هەستی دابەشبوون..."
لێکدانەوەی محەمەد ئۆزۆن ئەمەیە:
"بەڵام لە بیر مەکە دەکرێ ئەم فرە کولتورییە بکەیتە سەرچاوەی هێز..."

ئەوەی دەرحەق بە پامۆک کرا

محەمەد ئۆزۆن ئەوەی دەرحەق بە ئۆرهان پامۆک بە هۆی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ کرا، شەرمەزار دەکات. ئەمانە بە بەرهەمی کولتووری کودەتا دادەنێت و دەڵێت: "بۆچی دەبێت ڕۆشنبیرێک بە ئاراستەی ئایدۆلۆژیایەکی فەرمی ڕەفتار بکات؟"
دیسان بەم شێوە بەردەوام دەبێت؛
"جگە لە چین، لە هیچ وڵاتێک ئەوەی بەرانبەر بە پامۆک کرا، نەکراوە. ژۆزێ ساراماگۆ لە پۆرتۆگال لە دژی سیستەم و نووسەرێکی کۆمۆنیست بوو، بۆیەش ژیانی لە سپانیا بردە سەر. بەڵام کاتێک نۆبڵی وەرگرت لە پۆرتۆگالیش ڕێزی لێگیرا. هەموو کەس، بگرە سەرۆک کۆماریش پیرۆزباییان لێ کرد. ئیمرە کەرتێزی جوولەکەی هەنگاریا، لە بەرلین ژیا، ڕەخنەی لە سیستەمی وڵاتەکەی گرت، بەڵام کاتێک نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، کاریگەریی لە سەر هەنگاریاش دانا. هاڕۆڵد پینتەر و گۆنتەر گراسیش کەسانی ڕادیکاڵ بوون کە ڕەخنەیان لە سیستەم و مێژووی وڵاتەکانیان واتە ئەڵمانیا و بریتانیا دەگرت. نۆبڵیشیان وەرگرت بەڵام لە وڵاتەکەی خۆیان ڕووبەڕووی ڕەفتارێکی نامەدەنی لە چەشنی ئەوەی ڕووبەڕووی پامۆک بوویەوە، نەهاتن. ئەوەی دەرحەق بە پامۆک کرا تەنیا لە چین دەرحەق بە گائۆ زیبانگ کرا. زیبانگ، نووسەری چیای ڕۆحەکان، وەک دەزانن لە کاتی کولتووری شۆڕشی مائۆ لە چین، کتێبەکانی دەستیان بە سەردا گیرا. ناچار بوو ڕوو لە فەرەنسا بکات. کاتێک نوبڵی وەرگرت پارتی کۆمۆنیستی چین گائۆ زیبانگی وەک خائینی وڵات، ناساند."

"ناوم محەمەدە، پاشناوم ئۆزۆن، بەرواری لە دایک بوونم ١٩٥٣/١/١. هەموو کەس من بەم جۆرە دەناسێت... بەڵام ئەمانە هیچیان ڕاستی نین، ناوم محەمەد نییە، پاشناوم ئۆزۆن نییە، بەرواری لە دایک بوونم ئەمە نییە."

هەروەها وتی؛
"مەخابن ڕەفتارێکی شارستانی بەرامبەر بە پامۆک نەکرا، بە هۆی ئەو نەتەوەگەراییەی بەردەوام لە بەر تەقینەوەیە."
و بەم شێوەش کۆتایی پێهێنا:
"ئایدۆلۆژیای فەرمی، کراسێکی شێتە کە لە بەر تورکیا کراوە. ئەگەر بە ڕاستی تورکیا بخوازێت مودێرن بێت دەبێ خۆی لەم بەردینەنییە ڕزگار بکات."
لە سێهەم نووسینی بەیانیی محەمەد ئۆزۆن دا کێشەی کورد، ئاگربەست، سەرۆک وەزیر ئەردۆغان محەمەد ئاغار و بەدواداچوونەکانی دیاربەکر جێ دەگرێت.
ئەگەر دەوڵەت میهرەبان بێت، دەتوانن لە شاخ دابەزن
ئۆزۆن وەک یەکێک لە نووسەرانی ئەدەبیاتی مۆدێرنی کوردی دەڵێت: "ئاگربەستم لا گرنگە" و هەروەها: "خەڵکانی

ناوچەکەش توندوتیژییان ناوێت. دەوڵەت کەمێک میهرەبان بێت، زۆر شت دەگۆڕدرێت، پارتی کرێکارانی کوردستانیش لە شاخ دادەبەزێت.
محەمەد ئۆزۆن وەک گەورەترین کەسایەتیی ئەدەبیاتی مۆدێرنی کوردی لە دونیادا، ئینسانێکی ئاشتیخوازە کە لە نێوان خۆی و شەڕ و پێکدادانی چەکداریدا مەودایەکی داناوە... شێرپەنجە ئازاری دەدات و لە هاوینیساڵی ڕابردووەوە بە مەبەستی شیفا وەرگرتن هاتۆتەوە بۆ دیاربەکر و بۆتە کۆتری ئاشتی. دیاربەکر گوێی لە بانگەوازی ئەو گرتووە و ئەویش بووەتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ ئاشتی لە ناوچەکەدا. ئەو کەسانەی تا ڕۆژی ئەمڕۆ پێکەوە لە شوێنێک کۆ نەبوونەتەوە و ئەو ڕۆشنبیرانەی کە سیاسەتە جیاوازەکانی کورد لە یەکدی جیای کردوونەتەوە، پێکەوە کۆ بوونەتەوە و ئاشتی کردوونەتەوە...
دەڵێت: "ساڵانی پێشوو منیش زۆر ڕادیکاڵ بووم لە سیاسەتدا، چونکە پانتایی تورکیا مرۆڤی توندوتیژ باردەهێنا..."
بەڵێ وایە.
ئەمە بە نیسبەت زۆربەمانەوە هەر وایە. تێپەڕبوونی زەمەن تیژاییەکان تەخت و ساف دەکات، مرۆڤ نەرم و نیان دەکات. کێ چووزانێ، لەوانەشە کاریگەریی گونجاوبوونی ئازارەکان بێت...
بەڵام ئەمە بەو واتا نییە کە واز لە دیموکراسییەت، ئاشتی، مافی مرۆڤ و یەکسانی و ئازادی بهێنێت.
نا، واز ناهێنێت.
کاتێک گوێ ڕادێرم بۆ محەمەد ئۆزۆن کە دانە بە دانە وشەکان لە زاری دێتە دەر و بە نەرمی قسە دەکات، لە لایەکیشەوە دیسان بیر دەکەمەوە:
"ئازار گونجاو دەبێت"
پارتی کرێکارانی کوردستانیش دەگۆڕدرێت!
گەیشتن بە ئاشتی، بەڵام چۆن؟
محەمەد ئۆزۆن بەم شێوە وەڵام دەداتەوە:
"پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی بە گۆڕانکاری کردووە، وەک ڕابردوو نییە. کە دەچێتە ناو ئەو باسە کە پرسی کورد بە شەڕی چەکداری چارەسەر نابێت، زیاتر تێدەگەیت. دەوڵەتیش بە بەکارهێنانی توندوتیژی ناتوانێت ئەم پرسە لە ناو ببات، ئەگەر لە ناو چووبا، لەم ٨٠ ساڵەدا لە ناو دەچوو."
باسی ئاگربەست دەکات:
"تورکیا لە خاڵێکی وەرچەرخاندایە، ئاگربەست بە گرنگ دەزانم. خەڵکی ناوچەکەش بە دڵنیاییەوە شەڕیان ناوێت... ناچارین ناوچەکە لە شەڕ دوور بخەینەوە. با یەک دوو هەنگاو هەڵبگیرێت، حەز دەکەی ناوی بنێ لێبوردن، حەز ئەکەی ناوێکی دیکە، هەندێک شت بکرێت لە شاخەکان دێنە خوارەوە، چەکیش دادەنێن. دەوڵەت هەندێک میهرەبان و ڕاکێشەر بێت زۆر شت دەگۆڕدرێت، من ئەمە دەبینم، هەستی دەکەم."
دەبێ چی بکرێت؟
وەڵامی کورتی محەمەد ئۆزۆن:
"هەڵگرتنی بەربەستەکانی بەر دەم زمان و کولتووری کوردی... ڕەخساندنی دەرفەتی خۆ دەربڕینی کورد بە شێوەیەکی بێ ئاستەنگ... سارێژ کردنی ئازارەکانی کۆچ و بێکاری... ڕەخساندنی دەرفەتی بەشداریی ئازادانەی کورد لە سیاسەتی دیموکراتیک و مەدەنیدا... سەیر کەن بە بەربەستی ١٠% نابێت. دوو ملیۆن دەنگ بە خۆڕایی دەڕوات. کوردەکان دەڵێن ئێمە دەرکراوین و لە پارلەماندا کەس نوێنەرایەتیمان ناکات، لەم بابەتەدا تا دوا ڕادە حەقیانە. پێویستە ئەم دەرکراوییە کۆتایی پێبێت."
کورتەی وتەکانی ئۆزۆن:
محەمەد ئۆزۆن چیدی ناخوازێت دەنگی چەک ببیستێت!
هەروا کە لە دیاربەکر دەگەڕێم، لەو هاووڵاتییەی لە شەقام تووشی هاتووم، دەپرسم!
"بارودۆخ چۆنە؟ ئارامە؟"
"بەڵێ بەڕێزم ئارامە، ئیشەڵلا تێک ناچێت، خەڵک ئارامییان دەوێت."
خەڵک ئارامییان دەوێت!
ئەمە زۆر بە دڵنیاییەوە دەردەبڕێت.
کاتێک گوێ لە محەمەد ئۆزۆن دەگرم، جارێکی دی بیر دەکەمەوە. ئەو ئێش و ئازارانەی کێشراوە دەکرێ ببێتە نرخی بەدەستهێنانی جوانی. مرۆڤ لە ژیانیدا و لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا وەهایە. وا دیارە تاوەکوو ئەو نرخە نەدەیت ئاشتی مسۆگەر نابێت، دیموکراسی و حقووقیش...
سەیری ئەورووپا بکەن
بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی و ئاشتی لە سەدەکانی ڕابردوودا چیها شەڕ، چیها داڕووخان، چیها جەرگ سووتانی باوک و دایکان لە ئەورووپا ڕووی داوە. خوێن وەک جۆگە کەوتە ڕێ، پاش دانی ئەو هەمووو بەهایە، دوای تێپەڕاندنی ئەو هەموو ئێش و ئازارە پڕ مەترسییە، گەورەترین پرۆژەی ئاشتی وەک نموونەی یەکیەتیی ئەورووپا توانی لە گۆڕەپانی مێژوودا سەر هەڵبدات.
مەخابن مێژوو بە خوێن نووسراوە.
بەڵام ئێش و ئازارەکانیش گونجاو دەبن.
مرۆڤەکانیش، کۆمەڵگاکانیش...
ئیتر بەم شێوە بوو کە ڕێگەی ئاشتی، دیموکراسی و خۆشگوزەرانی کرایەوە. بەم شێوە زەمەنێک دەگات بۆ ژیان کردن پێویست بە ئازار نابێت...
دانی بەهای گەورە!
بێگومان محەمەد ئۆزۆن لەو کەسانەیە کە لە ژیانی خۆیەوە ئەم شتە بە باشی دەزانێت و تێدەگات. تووشی شێرپەنجە هات و ئازارەکەی لە گەدەی دا، بەڵام قسە و وتەی محەمەد ئۆزۆن نرخێکی وەهای پەیدا کرد کە لەم وڵاتەدا نرخی ئاشتی و برایەتی زۆر باشتر هاتە فامکردن.
یەکشەممەیەکی خۆش برای خۆشەویستم بۆ تۆ و بۆ زۆزانیش

هەواڵنامەی ژین

پەرویزنامە

پەرویزساز

لە بری بیۆگرافی

هەموو شتێکم لە دەست دا
کە بتوانم شێعر بنووسم
کار، بنەماڵە، ماڵ ، منال....
ساڵ نا ساڵ لە ژوورێکی تاریک نەهاتمە دەرێ
ساڵ نا ساڵ چاوم بە کەس نەکەوت
ساڵ نا ساڵ..
کەس نیە لەم ١٠ساڵەدا ١٠جار منی دیتبێت
دەمویست
شاعیرێکی پاک بم
شاعیرێکی پاکم
زۆر دژوار دەژیم گوڵم
زۆر دژوار....

من سنەییم. هەمووان دەزانن من سنەییم. من حەوت پشتم سنەییە بەڵام لە کوێم؟ باوکم لە قەبرستانەو نازانێ خەڵکی کوێیە. دایکم لە شێتخانەیە و نازانێ خەڵکی کوێیە. براکانم لە تایلەن و نازانن خەڵکی کوێن. نزیکانم لە هیچ کوێن و نازانن خەڵکی کوێن. ئێمە، یان مردین یان شێت بووین یان مۆعتاد بووین یان شەهید بووین. من بۆچی بووم بە شاعیر؟ نازانم.

گەر ناوێکیتریش دەبام
ئێستە
سەرم بە دیواری ژوورێکەوە چاوی بە دواتا دەگەڕاند
یان رەنگیشە
لە سنۆقێ خۆڵەمێشدا بیری لە تۆ دەکردەوە
یان هەرنەبێت
لە وێستگەی شەمەندەفەردا
چاوەڕوان بوو
بێیت یان برۆیت!
کەڵەکێوی؛
گاندی؛
کیووسک؛
فەرقی نیە
لە گەڵ ئەوەی پەرویز م و
تەنیا بۆ تۆ شێعر دەنووسم.

”ژیان نامە“

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤دا زۆربەی رۆژنامەکان هەواڵی بزربوونی منداڵێکیان بڵاو کردەوە کە تەنیا مەمکەمژەکەی لە هەوادا مابووەوە. دواتر کە منداڵەکە نەدۆزرایەوە بەرپرسانی شار هەرچی تەقەلایان دا نەیانتوانی ئەو مەمکەمژە لە هەوا هەڵکەنن و لە بیری خەڵکی ببەنەوە. ئێستە کە بە تەنیشت ئەو مەمکەمژەدا تێدەپەڕم نازانم چۆنچۆنی دەستم لێ بەردا و بە دەم پێکەنینەوە ڕەدووی باڵندەکان کەوتم.



”تەلدڕوو نامە“

سەربازەکان وەک دوو ورچی ئاوەڵدوانەو
پێکەوە لکاو بۆڵاندیان: لێرە دادەنیشیت
و تەلدڕوو گلۆڵە دەکەیت!

لە ژوورێکی بێ دەرگاو پەنجەرەدا
دادەنیشم و تەلدڕوو گلۆڵە دەکەم.
ساڵ دوانزە مانگ بێ ئەوەی بزانم ئێرە
کوێیە؟ بۆچی لێرەم؟ خۆم کێم؟ ماندوونەناس
و هەڵەداوان، تەلدڕوو گلۆڵە دەکەم. تەنیا
شتێ کە دەیبیستم بۆڵە بۆڵی سەربازەکان و
جیرەجیرِی ئەو گلۆڵە تەلدڕوویەیە کە تادێ
لە نێو پەنجەکانمدا گەورەو گەورەتر دەبێتەوە.
سەرەتا هێندەی تۆپێ، دواتر بەقەد گابەردێ، ئینجا
بە ئەندازەی هەسارەیەک...ئێستە هەسارەیەکی
ئاسنینم هەیە کە هەردەم لەوانەیە لە دەستم گلۆر
ببێتەوە و زەوین ورد و خاش بکات. بێ ئەوەی بزانم

ئێرە کوێیە؟ بۆچی لێرەم؟ خۆم کێم؟...

”دۆنادۆن نامە“

ژن کۆرپە خوێناوییەکەی لە منداڵدانی دەرکێشا و زریکاندی:هی خۆمە! خۆم دۆزیمەوە!
پیاو بە زۆر کۆرپەکەی لێی سەند و تووڕی دایە نێو تەنەکەی خۆڵی گۆشەی ژوورەکە و قیڕاندی: چەندجار بڵێم؟ نامهەوێ لە چ کەسێکدا دووپات ببمەوە!
ژن بۆ بووکەڵە بێسەرەکانی نێو دۆڵابەکەی ڕوانی و دای لە پرمەی گریان...

”سیحر نامە“

کە منداڵ بووم پێمخۆشبوو لە داهاتوودا ببم بە سێحرباز!
سێحربازی پیشەیەکە کە تەنیا دیکتاتۆران و بکووژان و شاعیران لە تاقی منداڵیدا پێیانخۆشە! سەرەتا حەزێکی ئاسایی بوو بەڵام دواتر بوو بە خواستێکی کوشندە. چ کتێبفرۆشی شارە گەڕام تا توانیم کتێبی فێرکاریی سێحربازی بدۆزمەوە.کتێبە کە دووسەد سێحری جیاجیای لە خۆ دەگرت.لە سادەوە تا دژوار...بەڵام هەرکە کتێبەکەم کردەوە چاوم بە سێحرێ کەوت کە ئاوها سێحری کردم.
نەمدەوێرا لاپەڕەی بدەمەوە: قامکی بڕاو لە قوتوو شقارتەدا!
سەرەتا قوتووەکەت لە ژێرەوە کون دەکرد و دواتر نەختێ لۆکەت دەخستە نێو قوتووەکە. ئینجا قامکت سوور دەکرد و لەو کونەوە دەتئاخنییە نێو قوتووەکە. ڕوشتمە دەرێ. یەکەم کەس کە بەرەورووم بووەوە کچێکی جیرانمان بوو. گوتم: وەرە شتێکت پیشان بدەم!
گوتی: چی؟
گوتم: دوێشەو لە سەر قەبران قامکێکی بڕاوم دۆزییەوە! و قامکەکەم نیشانی دا.
کچە زریکاندی و بەدەم گریانەوە هەڵات...
زۆری پێنەچوو کە بنەماڵەی بەر دەرکەیان پێگرتین و باوکم کام لات دەیشێ لێیدام و کتێبەکەشی سووتاند!
لەوە بەدوا هەموو شەوێ ماڵنووستنان زریکەی کچەکەم دەبیست کە دەیقیژاند:قامکەم بێننەوە !من قامکەکەمم دەوێ!
ئێستە کە بیر لە منداڵیم دەکەمەوە هێشتا زریکەی ئەو کچەم لە گوێدایە کە ماوەیەک پێش لەوەی من ببمە سێحرباز قامکی کەوتبووە نێو چەرخی گۆشت و قرتابوو و تەنیا شتێ کە نەختێ سۆکناییم پێدەدات ئەوەیە کە لە نێوان دیکتاتۆر و بکوژ و شاعیردا بووم بە شاعیر!

”تۆ نامە“

لە گەدەمدا دانیشتبووم و ڤۆدکام دەخواردەوە کە پۆلیسێ لە گوێمەوە خۆی بە ژووردا کرد و گوتی: تۆ بۆ لێرە دانیشتوویت؟ پێش لەوەی شتێ بڵێم پەلکێش پەلکێش ڕایکێشام و لە مێشکمدا زیندانی کردم. ئێستە کەس نازانێ ساڵانی ساڵە لە مێشکمدا دانیشتووم و تەنیا بیر لە تۆ دەکەمەوە کە چەنێ تەنیا لە دڵمدا شێعر دەنووسیت و دەگریت...

”دێو نامە“

گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە من دێوم. ئەمە ژنێک پێی گوتم کە دوێشەو پێکەوە لە مێترۆ دابەزین. گەرچی من بە دەگمەن ئاوڕ لە ژنێ دەدەمەوە. بەڵام نازانم بۆچی قسەی ئەو ژنەم بیست. بێ ئەوەی سەیرم بکات بە لادەمێکەوە گوتی: چەندە جوانی دێوەکەم!!
من دەمێکە لە بیرم کردووە کێم، چیم، چی دەکەم، بۆچی هەم...؟
ژن ئەمەی گوت و دوور بووەوە.
کە بە قادرمەکاندا سەرکەوتم هەناسەم بڕابوو. بۆ ئاسمان ڕوانیم و قاقا پێکەنیم...

”مەست نامە“

پیاو وەک سێبەری باڵۆنێ کە خەریکە دادەکەوێت لە تەنیشت حەوزەکەدا دانیشت و گوتی: بۆ چی ئەم ماسییانە خوێن دەرشێنەوە؟
ژن هەروا کە دەرگاکان و پەنجەرەکانی لە سەر تەنافەکە هەڵدەخست گوتی: چۆنچۆنی نەتبیستووە؟ دەنگۆ هەیە کە هەرکەس مەست بێت دەسبەسەری دەکەن و لە دەریادا دەیخنکێنن.
پیاو بۆ ئاسمان ڕوانی و سیگارێکی داگیرساند.
لە دەنووکی باڵندەکانەوە دووکەڵ هەڵدەستا.

”سەر نامە“

پیاو چما کۆڵنجی دایناسۆر بشێلێت، چەند شەقاوێ هاتە پێشێ و گوتی: پێم سەیرە سەرت نیە! گوتم:سەر! سەر چیە؟
پیاو گوتی: شتێکی خڕە وەکوو شووتی کە چەن کونێکی تێدایە ودەتوانیت لەو کونانەوە ببینیت، ببیستیت، بدوێت...
گوتم:بەڵام من هەرواشە دەتوانم ببینم، ببیستم، بدوێم... پیاو هەروا کە دوور دەبووەوە قاقا پێکەنی و گوتی: خۆت پێتوایە کە دەتوانی! بەس خۆت!

"قرپۆق نامه"

که ژنەکە
قرپۆقەکەی
لە گیرفانی
پاڵتاوەکەمدا
دۆزییەوە وەک
یەکەمین تەنیاییەک
ناوی قامیشەڵانی بیستبێت
گوتی: بەڵام تۆ بەڵێنت
دابوو! گوتم: بڕواکە ناتوانم ناتوانم
وازی لێبێنم! ژنەکە دەرکەی ژوورەکەی
پێوەداو گوتی: بۆ دواهەمین جار پێت
دەڵێم یان من یان قرپۆق! هیچم نەگوت.
پەنجەرەکەم کردەوە. لە گەڵ قرپۆقەکە
دانیشتین و گوێمان لە دەنگی باران گرت.

"ئەسپ نامه"

پیرەپیاوەکە دەستی بە سمێڵە ئاسنینەکەیدا
هێناو گوتی: ڕەنگە بڕوام پێنەکەیت بەڵام
هەربەم دوو چاوەی خۆم بینیم کە سەرکەوت.
هەر لە سەر ئەم کورسیە دانیشتبووم و ڕۆژنامەم
دەخوێندەوە. کە بینیم وەکوو هەموو موسافیرانی
دی هۆراسام. تا ئەوکات نەمدیتبوو ئەسپێ سواری مێترۆ
بێت. هەموومان حەپەسابووین. ئەسپەکە بێ سێ و دوو
بەرەورووم هات و ڕۆژنامەکەمی قووت دا. دواتر ڕۆژنامەی
کەسێکیتری قووتاند و دواتر ڕۆژنامەی... کە دوایی ڕۆژنامەی
لێبڕی هەر ئا لەم وێستگەیە دابەزی
.
هەر لەو وێستگەیە دابەزیم. بەڵام هەرکە یەکەم هەنگاوم نا،
دەمەوڕوو کەوتم...

"درەخت نامه"

پیاو گوتی:پێش تۆش زۆرم بینیوە بەڵام ئێستە زۆربەیان
بوونەتە کورسی یان ڕەوڕەوەک یان دەرکەی ئاودەسخانە!
ژن یەک دووجار سەیری درەختەکەی پشتەسەری کرد و
بە بەڵاجەوییەوە پرسی:لە گەڵ منتە؟
پیاو هەروا کە باوەشی بە ناوقەدی درختەکەدا کردبوو و
تەقەلای دەدا لە ڕیشەوە هەڵیکێشێ گوتی: ئەرێ دەیخۆ جیا
لە من و تۆ کەسێکیتر لێرە نیە...!

"مردوو نامه"

پەیتا پەیتا دێن فیشەکێ بە سەرمەوە دەنێن و دەڕۆن.
هێشتا دەرکەیان دانەخستووە کە هەڵدەستمەوە. فنجانێ
چای دەخۆمەوە و سیگارێ دادەگیرسێنم. لە بەردەم
پەنجەرەدا ڕادەوەستم وهەروا کە بە سەر هەتاودا دەست
دەهێنم بیر لە شێعرێکی نوێ دەکەمەوە. نازانم چۆن ماندوو
نابن لە مردن و نەمردنم. پەساپەس دێن. فیشەکێ بە
سەرمەوە دەنێن و دەڕۆن. هێشتا دەرگایان دانەخستووە کە
هەڵدەستمەوە...

"کاتژمێر نامه"

چەند ساڵێ پێش ئێستا چیرۆکێکم نووسیبوو سەبارەت بەو
ژنەی کە بیزوو بە کاتژمێرەوە دەکات و زۆری پێناچێ کە
هەموو کاتژمێرەکانی جیهان بنەبڕ دەکات.
ئێستە کە بیر لەو ژنە دەکەمەوە هەست بە تێپەڕینی کات
ناکەم و نازانم منداڵی ئەو ژنە بووم یان مێردی یان باوکی...

"سێو نامه"

لە ژووری چاوەڕوانیی دادگە، دانیشتبووم و وەکوو کراسێکی
سپی لە جلکشۆڕدا، بیرم لەوە دەکردەوە دان بە وەدا نەنێم
کە خواردوومەتەوە. لە پڕ پیاوێ کە دارسێوێکی لە سەر شان
بوو، خۆی بە ژووردا کرد و گوتی: دەمهەوێ سکاڵایەک بەرز

کەمەوە...

دەفتەردارەکە گوتی: چی؟

پیاوە گوتی: دەمهەوێ لەم درەختە شکات بکەم.

دەفتەردارەکە گوتی: چی؟

پیاوە گوتی: ژنەکەمی خواردووە...

دەفتەردارەکە گوتی: چی؟

پیاوە گوتی: دوێنێ پیایدا هەڵگەڕا سێو بچنێتەوە، بەڵام هەرچی تەمایەر بووم ئیتر نەهاتە خوارەوە...

بەرلەوەی بەسەرهاتەکەی تەواو بکات بانگیان کردم.

دادەوەر گوتی: چیت خواردووەتەوە؟

وەکوو کراسێکی ڕەش لە دۆلابدا، بێ ئەوەی بیربکەمەوە گوتم:عەرەقی سێو !

"دەست نامە"

دوێنێ دەستێکم لە گیرفانمدا دۆزییەوە. بە دوای چەرخەکەمدا دەگەڕام کە دەستم لەو دەستە درا. نەترسام . چونکە جارانیش زۆر شتی وام دۆزیبووەوە. جارێکیان سەری قاڵاوێکم لە دەمی ژنەکەمدا بینییەوە. جاریکیتر نارنجۆکێکم لە پەرداخی زەحلەکەمدا دیتەوە. جارێکیتریش پەنجەرەیەکم لە کونجی گەرماوەدا... لای من ئاساییە هەرشتێ لە هەر شوێنێکدا بدۆزرێتەوە. وەک ئەو دەستەی دوێنێ لە گیرفانمدا بینیمەوە و کە گەیشتمە بەردەم یەکەم تەنەکەی خۆڵ، سیگارێکم داگیرساند و توورم دا. گرینگ نیە. لە لام گرینگ نیە کەسێ بە دوای دەستێکدا بگەڕێت کە دوێنێ ونی کردووە.

"کەرگەدەن نامە"

چەند ڕۆژێکە بە کەرگەدەنێکەوە کەلەبچە کراوم. چیم کردووە نازانم. هەرچی چاو دەگێڕم نە زیندانێ هەیە و نە زیندانوانێ. وادەزانم بوونم نیە. تەنانەت کەرگەدەن هەست

ناکات

من لەوێم

و پێکەوە

کەلەبچە

کراوین... بێخەم

و کەمتەرخەم

قوونەڵفسی داوە و

باوێشک دەدات. کە

کەرگەدەن باوێشک دەدات

حاڵم باشتر دەبێ... باوێشک!

تکایە باوێشکێکیتر کەرگەدەن....

"قامیش نامە"

ڕۆژێ کەسێ قامیشێکی دۆزییەوە. ویستی بەو قامیشە نەختێ هەوا هەڵبمژێ، بەڵام بە هەڵە دوو سێ باڵندەشی هەڵمژی.

دواتر ویستی باڵندەکان هەڵبهێنێتەوە، لێ بە هەڵە درەختێکیشی هەڵمژی. جا ویستی ئەوانە هەڵبهێنێتەوە، هەر بە هەڵە شەقامێکیشی هەڵمژی. پاشان ئاسمان و دەریا و زەوی و خوا و هەموو تشتێکیتری هەڵمژی...

لای خۆی بیری کردەوە باشتروایە خۆی لە دەستی قامیشەکە قوتارکات و تووری بدات. بەڵام تەنیا شتێ کە بۆی مابووەوە قامیشێ بوو کە خەریکبوو بە کونەکەیدا تێدەپەڕی...

"پرتەقال نامە"

کە دەرکەکەی کردەوە ژن شەلاڵی خوێن و تۆقاو لە سەر کەنەپەکە دانیشتبوو و دەگریا. پیاو گوتی: دیسان چی بووە؟

ژن گوتی: ویستم پرتەقاڵێ بخۆم! کە قاشم کرد خوێنی بەربوو و هەرچی دەکەم ناتوانم خوێنبەستی کەم.

پیاو گوتی: کەنگێ دەتهەوێ رابێیت؟ دوێنێش کە ئێسک و

پرووسکت لە نانەکەدا بینییەوە هەر ئاوهات کرد.
ژن گوتی: ناتوانم ناتوانم رابێم.ئیتر خەریکم دەمرم.
پیاو پەرداخێ مێروولەی داکرد و بەرلەوەی بیخواتەوەگوتی:
بەڵام ئێمە لە مێژە مردووین..

"مەڕ نامە"

کە تەلەفۆنەکەم هەڵگرت.ژن وەک مەڕێک کە بە هەڵە تەلەفۆن بۆ کوشتارگە بکات گوتی:بەع! گوتم:بەع!
گوتی:ببەبەع بەع ببەع بەع! گوتم:بەع ببەع ببەع!
گوتی:بەعععع!
بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە تەلەفۆنەکەم داخست.لە سەر کەنەپە خوێناوییەکە دانیشتم و تا چاوم بەشیکرد گریام.

سەری گشت سەربازەکانی خواردبێت گوتی: بۆت نیە سەیری درەختەکەم بکەیت. گوتم: درەخت کوانێ؟ من چ درەختێ نابینم. پیرەمێردەکە گوتی:تۆ تەنانەت لە باڵندەکان وپزیشکەکانیش درۆزنتریت! یانی ئەو درەختەی قەڵادووشانم نابینیت؟ بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە لە خەستەخانە هاتمە دەرێ. کە دەنگی مشارە بەرقیەکەم لە زارمەوە بیست زانیم چەنێ درۆزنم.

"ویستگە نامە"

لە دوا ویستگەی هەینیدا ژنێ دانیشتووە و چما سەری چێ گیڤارای لە منداڵدانیدا شاردبێتەوە چاوی بەم لاولا دەگێرێ. لە تەنیشتیدا ژنێکیتر دانیشتووەو خەریکە بە سووکە پشیلە دەچنێت و هەرکە پشیلەکە دەمیاوێت، سەرنووچەکەی دەپچرێ. لە تەنیشتی ئەو ژنەشدا ژنێکی کە دانیشتووە و وەک ئەوەی تاشتی باسترمەی "سی دی" خواردبێت، بێوچان قوونگ هەڵدەتەکنێ. کە پاسەکە دێت و هەرسێکیان سەردەکەون، هێندە لەوێ دادەنیشم تاکوو دەمرم.

" درۆ نامە"

پیرەمێردەکە وەک ژنەڕاڵێ کە گورگ

"وتوویژ نامە"

کە دەرکەم لە روویدا کردەوە، بەیانی وەک سەگێکی کەڵەگەت کە ساڵانی ساڵ پاسەوانی کارخانەی شیر بووبێت، بە سەرمدا رشایەوە. پیاو گوتی: هاتووم وتووێژێکت لە گەڵ بکەم. کە هاتە ژوورێ و دەرکەم داخست وەک هەموو ئەوانەی ساڵانی ساڵە دێن وتووێژم لە گەڵ بکەن، لە نێو تاریکی ژوورەکەمدا ونبوو و هەرچی بە دوایدا گەڕام نەمبینیەوە!

شیکاری

دیالێکتیکی ڕۆشنبیری و مەعریفەی کوردی/ شەهاب نەدیمی | ٢٨
وەرگێڕانی دەقێکی مۆدێرن بە ئەندێشەیەکی کلاسیک/ سامان ئەمجەدی | ٣٢
سەبارەت بە شێوازی گونجاوی نووسینی ئاکادێمیک/ عەلا جارۆڵلاهی | ٣٩
گەڕان بۆ ڕەهەندەکانیتری شیعریی "شێت"/ عادڵ قادری | ٤٧
ئەدەبی تاک جنسییەتی یا ئەدەبی ئینسانی/عەبدولقادر نیازی | ٥٩
ئەو ئاسمانگەلەی کە ڕەنگە مابێتیان بکەون!/ عەلی حسەینی | ٦١
هیوا و مەترسییەکانی شێعری مۆدێرن/ بابەک سەحرانەوەرد | ٦٤
مینیماڵیزم/فریا یوونسی | ٦٧
دەق، ڕەخنە، نووسەر/ حەمەی کەریمی | ٧٦
من بیر ئەکەمەوە، کەوابوو من هەم/ سەیوان نیک پەی | ٧٩
گێڕانەوە لە شێعری جەلال مەلەکشا دا/ ئەنوەر عەرەب | ٨٤
انسان محوری و شکل بخشی به فضیلت در افسانه های تبای/ محمد رحیمیان | ٩٠
تحلیل موسیقی پاپ کردی/ پژمان برخورداری | ٩٩

هەواڵنامەی کتێب

"دیالێکتیکی ڕۆشنبیری و مەعریفەی کوردی"

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مانیفێستی ناشوێن

شەهاب نەدیمی

هونەر بە گشتی ڕۆڵێکی هەرە سەرکیی لە ژیانی مرۆڤدا گێڕاوە. هەر لە مێژەوە تا دەگاتە لای ئەفلاتوون و ئەرەستوو بە ئەمڕۆشەوە، هونەر توانیویەتی بە شێواز و ڕێبازگەلێکی جیاواز خۆی بنوێنێت. هونەر هەندێجار بووەتە گۆڕەپانی ململانێی نووسەر و کۆمەڵگە، هەندێجاریش فۆرمی دژخوازی، تێپەڕاندن، دابڕان و هەڵوەشێنەرەوەی بنەما فیکری و مەعریفەکانی گرتووتە خۆی و بە باڵی خەیاڵ پەلکێشی کردووە بەرەو بەسەرەدمی‌کردنەوەی. هەر بۆیە زۆرێک لە ڕەخنەگر، فەیلەسووف و نووسەرانی دنیای ئەدەب لە سەر ئەرک و دەروەستی هونەر و ئەدەب و تەنانەت خودی ڕەخنە و پەیوەندیشی بە جیهانی ناوەکی و دەرەکییەوە دواون. بۆ وێنە لای ئەرەستوو هونەر و شێعر وەک پاکژکەرەوەی هەست و ڕۆحی مرۆڤ چاوی لێکراوە و کارتێکردنی بە سەر خوێنەرەوە وەک چێژی بزەیی و ترسە لە جیاوازی نێوان تراژدی و کۆمێدیا لە گەل فۆرمەکانی دیکەدا. بە ڕای ئەرەستوو هونەر، لە بەر ئەوەی سارێژکەری ناخ و هەستی مرۆڤە، خاوەن پێگە و بەهایەکی زۆرە. بە پێچەوانەوە، هونەر و شێعر لای ئەفلاتوون، خاوەنی ئەو پێگە و بەهایە نییە، ئەو لایوایە شێعر هەوڵ ئەدات ڕۆڵی لاساییکەرەوە و کۆپیکردنەوەی هەموو شتەکانی دنیای واقیع بگێڕێت، کە ئەوان خۆیان، کۆپی و لاسایی هەقیقەتێکی‌تری دنیایەکی دیکەن. واتە ئەم پرۆسەیە بەردەوام مرۆڤ لە هەقیقەت دوور دەخاتەوە. هونەر و ئەدەب، بەردەوام لەگەڵ خۆیدا، ڕەخنە و شیکاری هێناوەتە کایەوە. بەو واتایەی کە هونەر هەڵگری مانا و دەلالەتگەلێکی تایبەتە کە پێویستی بە ڕاڤە و شیکاری هەیە، وە پێش لەم ڕەخنە و شیکاریەش، پێویستی بە بوونی ڕەخنەگرێکی شارەزا و لێزان هەیە کە خاوەن تێگەیشتوویەکی باش بێ لە سەر زۆرینەی تێکست، مێتودە، و ڕێبازە هۆنەری و ئەدەبییەکان. وەک چۆن سووزان سانتاک دەڵێت: لێکدانەوە و ڕاڤەی هونەر و بەرهەمگەلی ئەدەبیی، کردەیەکی وەرگێڕاویانەیە. لە ڕاستیشدا ڕاڤە و شیکاری، بۆ ئاشتکردنەوەی دەقە کۆنەکان و پێویستییەکانی جیهانی مودێرن بەکار دێت . لە لای سانتاک دیاردەی ڕاڤە و ڕەخنەی مودێرن کردەیەکی ڕووخێنەر ، تێکدەر و پشکێنەرە. ڕەخنە و لێکدانەوە، تیشکی دەخاتە سەر ئەو بێدەنگییەی نێو دەق و ناوشیاری و سووچە نووتەکانی. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا تیۆری و ڕەخنە بەشێوەیەکی ئاکادمیک و مودێرن هاتنە نێو بازنەی کایەکەوە کە بۆ خۆی لە ژێر کاریگەریی بیر و هزری بیرمەندانی وەک دیکارت، هێگێل، مارکس، فرۆید و نیچەدا بوو. با ئەوەشمان لەبیر نەچێت . لۆژیکی مێژوویی ڕۆژئاوا، کۆمەڵێک لۆژیک و قۆناغی تایبەت بە خۆی تێپەداندووە تا گەیشتووەتە قۆناغی هەنووکەیی. سەرجەم ئەو تێپەڕاندن و پشکنینانەی لە بەر ناسینی جیهان و پەیوەندییەکانی بە چەمکەگەلێکی وەک کات-شوێن، زانست، جوانناسی و زمان و . . .ەوە بووە.

لێکدانەوەی هونەر و ئەدەب و ئەو گشتە دەسکەوتە نوێیانەی پرسی ڕەخنەیی لە ژێر کاریگەریی پرسی گومان و سکێپتیسیزم و ئەقڵی ڕەخنەگرانەدا بووە. بێگۆمان سکێپتیسیزم ڕۆڵێکی هەرەگرنگی لە داڕشتنەوەی سەر لە نوێی هەموو ئەو بنەما هزری و فەلسەفی و مەعریفییەکانەدا هەبووە کە لە ژێر پێویستی گوتاری دیالێکتیکی هەر چەشنە هەقیقەتێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە. پێناسەی سکێپێتیسیزم لە ئاکادێمیای ئەفلاتوونەوە دەست پێدەکات و لە ڕۆنیسانسدا دیسانەوە سەرهەڵئەداتەوە و دەگاتەوە لای دیکارتیش لە سەدەی هەڤدەهەمدا. لە سەدەی بیستەمیشدا زۆرێک لە ڕۆشنبیران و ڕەخنەگەرانیش بە میتۆدێکی سکێپتیسزمەوە دەستیان داوتە داڕشتنەوە و داهێنانێکی نوێ لە مێژووی ڕۆشنبیری و کەلتووری هاوچەرخدا. لە ئیستاتیکای دیالێکتیک و ڕۆشنبیری ڕۆژئاوادا، زەینی ڕەخنگرانە شانبەشانی سکێپتیسزم توانیویەتی بانگهێشت و بانگەوازی ڕاستەقینە لە چوارچێوەی بوونێکی دیالێکتیکدا بکات. هەر بەم بۆنەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا تیۆر و ڕەخنە و میتۆدە زانستیەکان خۆیان لە بازنەی هاوچەرخیبووندا بینی و دەستیاندایە لێکدانەوەی

زانستیی تێکست و بەرهەمە هونەریەکان. بە مانایەکیتر هەموو ئەو تیۆر و ڕەخنە زانستیانە، ئەرکی وشیارکردنەوی سووژەی مودێرنیان لە هەمبەر ئەو بێدەنگی و ناکۆکی و دژایەتی نێو دەقەکان و پەیوەندیەکانی لەگەل جیهانی دەرەکیدا گرتە ئەستۆ. لامان ڕوونە کە مەبەستی سەرەکی تیۆری ئەوەیە تا سووژەی مودێرن بخاتە دۆخێکی دەرهەستی و ڕۆشنبیریی تایبەتەوە تا بیر لە ناسین و بینینی ئەویدی بکاتەوە و بتوانێ ئامرازێکی شیاو بۆ لۆژیکی داهێنان دەستەبەر بکات. تیۆری ئەدەبیی لە سەدەی ڕابردووەدا هەوڵێکی ئێجگار گرنگی داوە بۆ شرۆڤە و ڕاڤەکردنی بەها و گریمانەگەلێکی ناو تێکستەکان تا ڕەخنەی ئەدەبی بە شێوازێکی تایبەت دەست بۆ پۆلێنکردنی تێکستەکان ببات.

ئاوڕدانەوەیەک لە لۆژیکی مێژوویی و مەعریفەی کوردیی وەک خوێندنەوەی دەقێکی ئەکتیڤ و چالاک، بێگومان جیهانێکی تراژیکی پڕ لە بێدەنگی و پچڕان دەخاتە بەرچاوی خوێنەرەوە. لە بەستێنی ڕۆشنبیریی کوردیدا بەرهەمگەلی ئەدەبی و هونەری نەیانتوانیوە بە شێوازێکی زانستی و میتۆدیکەوە بچێتە ناو کایەی تیۆری و ڕەخنەیەکی دیالیکتیکیەوە. بەو واتایە پرسی بوونی فەزایەکی دیالێکتیکی لە بازنەی داهێنان و بەرهەمهێناندا، بزر بووە . لە هۆکارەکانی ئەم پچڕان و قەیرانە دەتوانین ئاماژە بە کێشەی سکێپتیسیزم و غیابی پرسیار و زەینی ڕەخنەگرانە لە ڕۆشنبیری مەعریفەی کوردیدا بکەین. بێگومان خودی چەمکی سکێپتیسیزم و وشیاریی ڕەخنەگرانە، دەتوانێ کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر دارشتن و بەرهەمهێناندا هەبێت. دەسەڵاتی وشیاریی نوێ و ڕەخنەگرانە بانگەشەی خوڵقاندن و داهێنانی سەرلەنوێ دەکەن تا دەروازەیەک بۆ تێرامان و تێفکرین لەسەر هێلەسوورەکانی ”ژین-سیاسەت“ بکەنەوە، کە چی ئەم پرۆسەیە لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا تووشی نامومکینی بووە، مەگەر لەم چەندساڵەی دواییەدا کە خۆی لە سەردەستی بەرەیەکی نوێ و وشیاریەکی نوێدا دەبینێتەوە. هەر چەشنە هەوڵێک بۆ وشیارکردنەوەی ئیستاتیکی دیالێکتیکی مەعریفەی کوردی، ئەزموونێکە لە خوێندنەوەی ئازادانەی ئەو بنەما مەعریفییانەی وا لە گریمانەی شوناسی هزری و فەلسەفیدا ئامادەیە و لە زۆر ڕووەوە هەوڵ و خوێندنەویەکە بە دوای هەقیقەتێکی نادیار و ناشوێن لە ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخی کوردیدا. هەقیقەتێک کە سیاسەتی پاتریارکیزم چ بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی و چ بەو مانایە کە پاتریارکیزم، تاکە سیاسەتی کلاسیک و کۆنپەرەست بووە لە داهێنان و گۆڕانکارییە هونەریی و ئەدەبییەکاندا، واتە نەبوونی فەزای دیالێکتیکی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەویدی لە هونەر و ئەدەبدا، کێشەیەکی ئێجگار گرنگی لە بواری ژانر و فۆرم و ڕێبازە هونەرییەکاندا دروست کردووە تاکوو پاتریارکیزم ببێتە تاکە دەسەڵاتی پاوانخواز. تێنەپەڕاندنی قۆناغە هونەری و ئەدەبییەکان یەکتر لە ئیشکالییەتەکانی مەعریفەی کوردییە کە بەردەوام لە ژێر ڕکێفی پاتریارکیزم لە هونەر و ئەدەب و تەنانەت لە پرۆسەی ڕەخنەیش بەدی دەکرێت. بۆ وێنە لە بەراوردکاری لە نێوان بەستێنی ڕۆشنبیری هونەری و فیکری ڕۆژئاوا لە گەل بەستێنی ڕۆشنبیری کوردیدا، دەرئەکەوێت کە ڕەوتی تێپەڕاندن و دابڕان دینامیزم و سیاسەتی مەعریفی-دیالێکتیکی ئەوان بووە کە لە تەنیشت دۆزینەوەی هەقیقەت و ئەزموونێکی نوێباو بووە و خۆی وەک پرۆسەیەکی دیمۆکراسیانە دەخاتە بەر چاوی سیاسەتی نقیسار و گوتاری ڕەخنەیی. کەچی لە داوێنی فیکری و مەعریفەی کوردیدا تێنەپەڕداندن و دانەبڕان، زۆرتر باو بووە و بەردەوام پرەنسیپی پاتریارکیزمی هونەری و تاکە هەقیقەتخوازی لە قاوغی فۆرمێکی نەریتسەروەرانەدا ئەزموون ئەکات. هەر وەک چۆن ئاژماژەی پێکرا ڕێکەوتنی پرۆسەی داهێنان و ڕەخنەی نوێباو لە کوردستاندا هەبوون و ئەگەری دیالێکتیکی نەبووە، بەو مانایە کە پێناسەکانی بنەمای فیکری و مەعریفەی کوردی لە هەر سەردەمێکدا بەرسازدراوی تاکە ڕێکەوتنێکە لە دەسەڵاتی پاتریارکیزمی فۆرمیی کە دەرەنجامی بێدەنگکردنی ژانر و فۆرمێکی نوێیە. بە پێی گوتەکانی فردریک جەیمسۆن لە کتێبی ناوشیاریی سیاسی و مارکسیزم و فۆرم ، ئایدۆلۆژیای فۆرم ناوەڕۆکی فۆرم دەردەخات، بەواتایەکیتر فۆرمی هەر چەشنە بەرهەمێکی هونەری، ئاوێنەی باڵانوێنی ئایدۆلۆژیایەک بووە لە مێژوویەکی تایبەت و دیاریکراودا، یانێ فۆرم خۆی لە ئاوێنەی ناوەڕۆکدا دەبینێتەوە . لە ئیستاتیکی دیالێکتیکی جەیمسۆندا، مێژوو وەک ئەمرێکی واقیعی ”لاکان“یە و دەبێتە گۆڕەپانی پێکدادانی چینەکانی کۆمەڵگە و لە ململانێی ژانرەکان و فۆرمەکاندا دەردەکەوێت. بە کورتی تاکە دەسەڵاتی سەروەرخوازانەی ژانری سەردەم، بەردەوام لە ململانێ لەگەل هەر دەنگێکی نوێ لە داهاتووی نادیار و هەروەهاش پاشماوەکانی ڕابردوودا بووە؛ تێکڕای ئەمانەش لە کاتی ڕاپەڕینی فەرهەنگی□دا ئەگەری هاتنەئارای هەیە . ڕوون و ئاشکرایە کە بوونی فەزایەکی دیالێکتیکی، هێزێکی پاڵنەرە بۆ پێشڤەچوون، بەرەو ناسینی جیهان و ئاسۆیەک لە مێژووی ئینسان وەک هەبوونێکی گشتگیر. بۆ وێنە تا پێش چەند ساڵی ڕابردوو، مێژوو، لە سیاسەتی مەعریفەی کوردیدا، گۆڕەپانی ململانێی حیماسە و شانۆ و ڕۆمان و چیرۆک و شێعر و ڕێبازە ڕەخنەی و فەلسەفییەکان نەبووە. ڕەخنەی زانستی و میتۆدی ئاکادێمیک لە ڕۆشنبیری کوردیدا ئەبێت وەک سەفەرێکی ئۆدیسیانە بێت بۆ پاراستنی چییەتی و چۆنییەتی نیشتمانی ماناکان و دەلالەتەکان، بەرەو شوێنە نادیار و شاردراوەکانی و پەیوەندییە دەلالەتییەکانی لەگەل هێزە سەرکوت کراوەکانی نێو دەقەکاندا. کەچی ڕووبەڕووبوونەوی ڕەخنەی ئاکادێمیک و زانستی لەگەڵ دەلالەتگەلی ساویلکانەیی زمان و ڕەوایەتی چەقبەستوو و ترسئاژۆی کۆنباو لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەزن و گەورەدایە. لە بەستێنی کۆمەلگەدا و بەهەمان شێوەش لە هێرمۆنۆتیکی مەعریفی و لە نێوان بنەما هزری و هۆنەرییەکاندا

پەیوەندییێکی هەمەلایەنە لەگەڵ کۆمەڵگە لە ئارادایە. کاتێک کە سووژەی نوێ لە فەزایەکی مودێرندا هەوڵ بۆ مانەوە و هەبوون لە ژێر سیستەمی نابەرابەر و مرۆڤسرێن و بەکاڵاکردنەوە ئەدات، لێرەدا پێویستیی بینینەوی وشیاری نوێ و ئەقلی ڕەخنەگەرانە بەدی دێت. لە ئەدب و ڕەخنەی کوردیدا، هەر وەک چۆن مەریوان وریا قانع دەڵێت: هەندێ گرفت و کێشەی هەرەسەرکی لە ئیشکالیەتی مەعریفەی کوردی هەن و ئاماژە لە نەبوونی پۆتێنشیالێتی ڕەخنەیەکی ئەکادێمیک دەکات. بەپێی ئەو غیابەی ڕەخنەگری ڕاستەقینە لە ناو ئەدەبی کوردیدا، کێشە بۆ ڕێکەوتنێک لە سەر پێناسەی شێعری کوردی ساز دەکات کە شێعری کوردی کورت دەکاتەوە بۆ "تەلی عاتیفە" و نیشتمانپەروەری و چەند درۆشمێکی ئایدۆلۆژیک . ئەگەر هێرمۆنۆتیکی دیالێکتیکی و ڕەخنەی ئەدەبیی لە کومەڵگەی کوردیدا گەڕان بە دوای چەند دوگم و دروشمێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی بێت لەوانەیە بلێین کە گوتەکانی "فردریک جەیمسۆن" سەبارەت بە ئەدەبی جیهانی سێهەم تێکەڵاوی هێڵی نیشتمانپەروەریی بووە. واتە ئەدەبی جیهانی سێهەم بە شێوازێکی زەرووریی وەک تەمسیل و هێمایەکی نەتەوەیی کار دەکات و لە درێژەی ئەو بانگەشەیەدا دەڵێت چیرۆکی تاکەکەسەکان بەردەوام هێمایەکە لە

بارووودۆخی ئاڵۆزی کەلتوور و کۆمەڵگەی گشتیی و کۆلێکتیڤی جیهانی سێهەم . لە ڕاستییدا داهێنان و بەرهەمهێنانی هونەری و ئەدەبیی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەیهەویست بەشێکی هەرەگەورەی هونەر و ئەدەبی کوردی بخاتە ناو بازنەیەکەوە وەک خوێندنەوەیەکی هێماییانە و تەمسیلیانە. یەک لە هۆکارە دیالێکتیکی و لۆژیکییەکانی ئەمەش کاریگەری دیتێرمینیزمی مێژوویی بووە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا پرۆسەی بەرهەمهێنان و سیاسەتی نقیسار ناچێتە نێو بازنەی فیکری و ڕۆشنبیری جەیمسۆنەوە و دەروازەیەک لە وێناکردنەوەیەکی پرسی جوانیناسی و ئەشق و خۆشەویستی و زمان و کولتوور و . . . دەکاتەوە. بە پەراوێز خستنی کومەلگەی ئێمە لە فەزای مۆدێرنیتە و ئەزموونی مۆدێرنیتە، دابڕانی هەندێ لە بەشەکانی کۆمەڵگەکەمانی لێدەکەوێتەوە. واتە دەلالەت و ماناکانی نێو تێکست کێشەیەکی هاوپەیوەندی و هاوبەستەی هەبووە لە گەڵ هێز و چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا. کەچی ئەمری ئەزموون کردنی دیاردە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان پرۆسەیەکی دیمۆکراسیانەی هونەری و ئەدەبییدا، بابەتێکی نەکراوە بووە. بۆ وێنە سوریالیزم وەک بزوتنەوەیەکی هونەری لە فەرەنسەدا لە درێژەی بزوتنەوەیەکی کورتخایەن بەنێوی دادائیزمەوە سەری هەڵدەدا. ئەم دوو بزوتنەوەیە

هەڵگری شێوازێک لە دژخوازی بوون بەرامبەر بە کاولکارییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی مۆدێرندا، سەرەڕای ئەمەش هەموو چەشنە ئەقڵانیەت و شێوازی هونەری و ئەدەبی کە هەڵگری مەسەلەی ئەقڵانی بووە، خستە ژێر تیشکی ڕەخنەی خۆیەوە. واتە سوریالیزم شۆڕشێک بووە دژ بەو هەموو بیری لۆژیکی و ئەخلاق و نەریتی هونەری و کۆمەڵایەتیانە. کەچی ئەم بنەما هونەری و هزرییە سەرەتا لە تابلۆ و پەیکەرتاشی و هونەرەکانی دیدا دەستپێدەکات و خۆی لە ناو بەستێنی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دەبینێتەوە. لە ڕاستییدا ئەمری ئەزموون‌کردنی هەر چەشنە ڕێبازێکی هونەری و ئەدەبی لە مێژووی ڕۆشنبیری و مەعریفیی کوردیدا، بەس لە دەروازەی چیرۆک و شێعرەوە بانگهێشت کراوە. واتە ئەگەر دیاردەیەک یان بزوتنەوەیەکی هونەری لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوویدابێت، ئەم بزووتنەوە هونەرییە نەیتوانیوە هەڵگری هاوپەیوەندییەک بێ لەگەڵ دەسەڵات و چەشن و چینەکانی کۆمەڵگە و تەنیا لە دەروازەی شێعر و چیرۆک یان ڕۆماندا قەتیس ماونەتەوە . بۆ وێنە لە بەستێنی کۆمەڵگەی کوردیدا، بنەما مەعریفی و هونەرییەکان و تەنانەت دیاردەگەلی مۆدێرنی هونەریی لە پراکتیسێکی نامێژوومەندانەدا لە ناو تەلارسازی، سینەما، تابلۆ و پەیکەرتاشیدا ڕەنگیان نەداوەتەوە و تەنیا لە سنووری نووسیندا بەرهەمهێنراون. ئەم پرۆسەیە دیسان دەتوانێت لە ژێر ڕکێفی ئەو ستراتیژییەدا بێت کە سیاسەتی پاتریارکیزمی هونەری و تێکستی شوێنی لەسەر دادەنێ و بەپەراوێزخستنی کۆمەڵگای کوردی لە ئەزموونی مۆدێرنیتەدا مانەوەی خۆی سەقامگیر دەکات. ئەگەر هونەر و بنەما هونەرییەکان، سنوورە دەسکردەکانی نووسین تێنەپەڕێنن ئەوەتا چیدی هێرمۆنۆتیکی ڕۆشنبیریی ئێمە هەر لە قاوغی نامێژوومەندانە و نائامانجخوازانەدا دەمێنێتەوە. ڕەوایەتی داهێنان و تێپەڕین بەرەو مێژوویەکی نوێ و یۆنیڤرساڵ و گشتکیر پێویستی بە پەیوەندییەکی هەمەلایانەی بەستێنی کۆمەڵگەی کوردیی هەیە. لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا میکانیزمی ئەزموونی زمانی و مێژوویی کردارێکی تایبەت بە نووسینەوەی ئەزموونی هونەریی و ئەدەبی لەخۆیدا گرتووەتەوە. نووسینی مانیفێستی ناشوێن یەکێکە لەو هەوڵانە کە لەپێناو نووسین و ئەزموونی میتۆدێکی زانستی لە چوارچێوی دەربازبوون لە سیاسەتی کۆنباوی تاکەحەقیقەتخواز و نەریتیسەرەوەرانە دەڕواتە پێش . لە کۆمەڵگەی کوردی و مەعریفەی ڕۆشنبیریی کوردیدا سیاسەتی پرسیار نەکردن و تێنەپەڕاندنی قۆناغە هونەری و ئەدەبییەکان و نەبوونی فەزای دیالێکتیکی و نامومکین‌بوونی ئەزموونی مۆدێرنیتە بە شێوازێکی تایبەت و پاتریارکیزمی هونەری و ئەدەبیی، دۆخێکی ڕادیکاڵی لە سایکۆلۆژیای زەینی سووژەی مۆدێرن و کۆلێکتیڤ دروست کردووە کە بابەتی سیاسەتی نووسینی مانیفێستی، نامومکین کردووە. نووسینی مانیفێستی ناشوێن نەک تەنیا هەڵگری سایکۆلۆژیای تاکەکەس، بەڵکوو هەڵگری سایکۆلۆژیای کۆمەڵگەیەکی لێوانلێو لە بێدەنگییە، تاکوو بتوانێت هەوڵێک بدات بۆ بەهاوچەرخکردنەوە و گۆڕانکاری و قووڵترکردنەی بازنەی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و هونەری. مانیفێستی ناشوێن هەوڵدانێکە بۆ دەربڕینی ناوشیاری مێژووی کۆمەڵگەی کوردی لە بەستێنێکی دیالێکتیکی و جوانناسیدا، تا بتوانێت ڕووبەڕووی ئەزموونی سکێپتیسیزم، دابڕان و تێپەڕاندنی بنەما کۆنباو و کۆنەپەرستەکان ببێتەوە و هەوڵێک بێت بۆ سەر لە نوێ دارشتنەوەی ئەمری واقیعی. بێ□گومان مانیفێستی ناشوێن لەژێر کارتێکەریی هەڵسووڕانی زمانناسانەی سەدەی بیستەمدا بووە و بنەمایێکی زمانناسانە و فەلسەفی لە چوارچێوەی پاش□بنەماخوازی بەهەند وەردەگرێ و جەخت دەکاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە گەیشتن بە زانستێکی دەستەبەرکراو و پارێزراو تەنها لە دەوری زمان، ڕەخنە و شیکاری فەلسەفی ئەگەری هەیە. هەر وەک چۆن نیچە پێداگری دەکاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە هیچ هەقیقەتێک بوونی نییە جگە لە ڕاڤە و لێکدانەوە. مانیفێستی ناشوێن دەربڕینی خوێندنەوەی ئازادانەی دەقی نفیسارانەیە و پێی وایە کە هەر چەشنە بەرهەمێکی هۆنەری و ئەدەبی کردارێکی ناتەواوە و گوتاری ڕەخنەیی و فیگۆری ڕەخنەگر و خوێنەری ئەکتیڤ و چالاکە کە بە تەواوکەری ئەو ڕەوتە دێتە هەژمار؛ واتە بە مێتۆد و شێوازێکی زانستی جەخت دەکاتە سەر سیاسەتی ڕەخنە و دەوری لە نۆژەنکردنەوەی بەستێنی هونەری و ئەدەبیدا بەرز دەنرخێنێ.

> ش
>
> لێکدانەوەی هونەر و ئەدەب و ئەو گشتە دەسکەوتە نوێیانەی پرسی ڕەخنەیی لە ژێر کاریگەریی پرسی گومان و سکێپتیسیزم و ئەقڵی ڕەخنەگرانەدا بووە. بێگومان سکێپتیسیزم ڕۆڵێکی هەرەگرنگی لە دارشتنەوەی سەر لە نوێی هەموو ئەو بنەما هزری و فەلسەفی و مەعریفییەکانەدا هەبووە کە لە ژێر پێویستی گوتاری دیالێکتیکی هەر چەشنە هەقیقەتێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەگەر مێژوو و هەقیقەت لەژێر مێدیۆمی ڕەوایەتدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەتا ڕەوایەت پێویستی بە شیکاری و لێکدانەوەی زانستی هەیە و بەستێنە فیکری و مەعریفییەکان دەتوانن بە مێدیۆمی ئەدبیات و ڕەوایەت بە شێوازێکی تایبەت لە قاوغی فۆرمێکی جوانناسانەدا دەرکەوتەیان هەبێت. مانیفێستی ناشوێن هەوڵدانێکە بۆ دەستهاوێشتن و نووسینی سەرلەنوێی مێژووی کومەڵگای کوردی و جەخت لەسەر گوتاری پۆست کۆلۆنیالیزم دەکات و پێی وایە لە نیگای ژێردەستەوە دەتوانێت ڕەوایەتە کەلتووری و مێژووییەکانی کۆمەڵگای کوردی سەرلەنوێ بنووسێتەوە.

وەرگێڕانی دەقێکی مۆدێرن بە ئەندێشەیەکی کلاسیک

ڕەخنەیەک لەسەر وەرگێڕانی کوردی ڕۆمانی "هەرا و توورەیی" فاکنێر

سامان ئەمجەدی

کاتێک کە هەواڵی بڵاوبوونەوەی کتێبێک ڕادەگەیەندرێت، زۆر جێگەی شانازی و سەرفرازییە، بە تایبەت ئەگەر دەقێکی باش یان وەرگێڕانێکی چاک لە دەقێکی ناودار بێت. نەخشاندنەوە و ڕازاندنەوەی کتێبخانەی هەژاری کوردی بە دەقێکی شاکاری جیهانی، ئاشکرایە زۆر دیارییە بەڵام بەو مەرجە کە زۆر شت ڕێک هاتبێ تاکوو ئەو ئامانجە هاتبێتە دی. ئەم وتارە سەبارەت بە وەرگێڕانی کوردیی ڕۆمانی"The Sound and The Fury" بە نێوی "هەرا و توورەیی" لە لایەن محەممەدی ڕەمەزانییەوە هەیە و دەیەوێ کە بە چەشنێکی شیکارانە لەسەر ئەم کارە بدوێ. ئەم وتارە دوو بەشە و لە بەشی یەکەم لە ئەندێشەی وەرگێر و تەنیشت دەقەکانی ئەم کتێبە لێدەکۆڵین و دوایی لە بەشی دووهەم بە خودی دەق و زمانی وەرگێڕانەکە بە هەڵسەنگاندنەوەیەکی کورت لەگەڵ دەقی ئینگلیزی کارەکە پێدادەچین.

یەکەم مەرج بۆ ئەوەی کارێک باش بێ، ژۆنێت گوتەنی چاکبوونی "تەنیشت دەقە" کە بە دەقگەلی سەتەلایتی[ماهوارەیی]یش دەتوانین نێوی لێبەرین. تەنیشت دەق زۆر لە بڵاوگەی کوردیدا لە پەراوێز خراوە. مەبەست لە تەنیشت دەق، ئەو دەقانەیە کە بریتین لە نێوی نووسەر، ڕووبەرگ، پێشکەشنامە و... کە لە ئاقاری یەک دەق پێک دێن بەڵام وەکو بەشێک یان پارچەیەک لەو دەقە نین. لە واقیعدا وەکوو دەروازەگەلێکن بۆ ئەو دەقە.

نووسەر: لێرە نێوی بەرزی فاکنێر وەکوو خاڵێکی گرینگ و پشتیوانێکی هەرە بەرزە بۆ ناساندنەوەی دەقەکە.

نێوی کتێب: کتێبەکە پایەیەکی بڵیندی لە کتێبخانەی جیهانیدا هەیە و بە دڵنیاییەوە دەقێکە کە ناساندنی زۆری ناوێ و بەردەنگی خۆی هەیە. وەرگێڕانی نێوی ئەم دەقەش هەرچەن مێشک بە نێوی وەرگێراوی فارسیەکەی داهاتوە، زۆر باش و ڕێک و پێکە. وشەی "قێرە"ش کە پیشنیاری د.سەجادیە کە بە چەشنێک هاوواتای "Sound"ی ئینگلیزیە، یەک: بە قەرای وشەی "هەرا" جوان و خۆش ئاهەنگ نیە و دوو: لە باسی واتا و هێمایشەوە، ئەو هۆیە کە دوکتر سەجادی باسی دەکا "صائب" نیە، چونکە قەت مەبەستی فاکنێر نەبووە و وشەی "Sound"یش ئەو مانایەی لێ ناوەشێتەوە کە هێمایەک بێت بۆ خەسینەوەی بێنجی. "بێنجی" کاتێک کە منداڵێکی ساوایشە بانگ هەڵدان و هات و هەرای هەر بووە و تایبەت بە کاتی خەسانەوی نیە و وتنیشی ناوێ کە بە هۆی ئەو کارساتەش نیە کە هەر هەرای لێ بەرز دەبێتەوە و بە کارهێنانی وشەی "قێرە" وەکوو کەمکردنەوە(تەقلیل) یەکە کە شرۆڤە و ڕاڤەی وەرگێڕی بەسەر مەبەستی داهێنەر داسەپاندوە.

وەرگێڕ: لە سەرەکیترین تەنیشت دەقگەلی ئەم چەشنە دەقانە، نێوی وەرگێڕ و کارنامەیە، کە کاک محەمەدی ڕەمەزانی ئەوەی کە دیارە بێجگە لە بەناوبانگیی لە نێوان هەندێک لە کارناسان شۆرەتێکی وەهای نیە و ئەمە یەکەمین کاری جیدی ئەو بەڕێزەیە.

کۆڕی پەردەلادان : ماوەیەک لەمەوبەر لە کاتی بڵاو بوونەوەی ئەم دەقە، کۆڕێکی پەردەلادانیان لە بۆکان بۆ دانیا و سێ مامۆستای سەرناسیش بۆ ناساندنی ئەم وەرگێڕانە دەنگ کرابوون کە ناوبانگی ئەم وەرگێڕانەی بە چاکی بڵاو کردەوە و بوو بە هۆی چاوەڕوان بوونی بەردەنگی کورد لە سەر بڵاو بوونی ئەم کارە. هەرچەن بە پێچەوانەی ئەو هەموو هەرا و هووریایەی کە بۆ ئەو کۆڕە کرا، ئەو بەڕێزانە لە فاکنێر و "خشم و هیاهو" زۆریان گوت و لە "هەرا و توورەیی" هیچ و ئەمەش زۆر جێگەس سەرنجە. ئەو بەڕێزانە، کە هەرکامیان پیاوی کولتوورن و خاوەنی بەرهەم، چلۆن بە بێ خوێندنەوەی ئەو وەرگێڕانە دێنە ئاخافتن؟ باس کردن لە فاکنێر و "خشم و هیاهو" چ زانیاریەک لە "هەرا و توورەیی"مان پێ دەدا؟! ئەو کۆڕە کە کۆڕی ناساندنی فاکنێر نەبوو و ئەگەر مەبەست ناساندنی فاکنێریش بێ چ شتێکی ئەوتوویان گووت کە لە گەڕانێکی بچووک لە "گووگل"دا وەچنگ ناکەوێ؟!

ڕووبەرگ: کاتێک کە کتێبەکە بڵاو کرا و دەرفەتی

دیتن و خوێندنەوەی هاتە پێشەوە یەکێک لەو تەنیشت دەقە بەرچاوانە کە پێشتر بە ئاماژە باسی کرا کە لە بڵاوگە کوردیەکاندا خراوەتە پەراوێز، دیزاینی بەرگ و شێوازی کتێبەکانە. سەبارەت بە گرافیک و دیزانی بەرگ، لە سەر ئەم دەقە دەتوانین لە سەرەتاوە رەنگی بەرگەکەی بخەینە بەر پرسیار کە بۆچی سپی؟ سپی چ پەیوەندییەکی هەیە بە ناوەڕۆکی کتێبەکەوە؟ یان هۆی هێنانی تابڵۆیەکی دالی لە سەر بەرگەکە بپرسین ؟ بەڵێ هەرا و تووڕەیی لە سەر زەینە و پەیوەندیشی لەگەڵ کات زۆرە، بەڵام ئەمانە نابنە هۆیەکی باش بۆ هێنانی کارێکی سووررئالیستی کە پێش زەینییەتی تایبەت بە خۆی بە دوایەوە هەیە. یان فۆنتی سەربەرگی کتێبەکە کە بۆچی وەهایە و هۆی هێنانی رەنگی نارنجی کەم رەنگ ئەویش لە سەر سپی چیە؟ دەبێ بۆچی نێوی نووسەر بەو رەنگە نارنجیە و ئەویش لە چاو نێوی وەرگێڕ ئەوەندە چکۆلە بێ؟ گرافیک و دیزانی بەرگی کتێب لەو بابەتانەیە کە زۆر سەرنج راکێش و ناسێنەری کتێبە و لە یەک چاو، بەردەنگ دەگرێ یان دەیڕفێنێت، لێرە دیزاینی بەرگی هەرا و تووڕەیی بە یەک زاراوە ئەگەر باسی لێبکەین دەتوانین بڵێین زۆر ساردە. تا ئێستا لە سەر دیزانی بەرگ کە پاراتێکستێکی گرینگە باسمان کرد کە وەکوو دەروازەیەکە بۆ رۆییشتن بە نێوی دەقی سەرەکی. دوایی ئەوەی کە لەم بابەتە گرینگە پێشەکییەکەی وەرگێڕە.

پێشەکی: پێش ئەوەی کە بچینە سەر پێشەکی وەرگێڕ، دەبینین کە لە بەرگێکی سپی هەر لە سەرەتای کتێبەکە، لە یەک رستە بۆ خوێنەر نووسراوە کە پێشەکی وەرگێڕ بخوێنێتەوە، ئەویش بە وردی. لەو پێشەکییەشدا، وەرگێڕ هەموو شتێک بۆ خوێنەر یەک لایەنە دەکاتەوە و سێ جار، بە تێر و تەسەلی، ئەو رۆمانە کورت دەکاتەوە و هەمووشتێک کە سەبارەت بەم رۆمانە بزانێ باس دەکا. ئەم چەشنە روانین بە خوێنەر، زۆر جێگای پرسیارە. روانین لە سەروە بۆ خوێنەر وەکوو کەسێکی ناشارەزا و نەزان کاتی بەسەر چووە. هۆی ئەم روانینە ئەگەر خۆ بە زانا زانینی وەرگێڕ نەبێ، دەگەڕێتەوە چ بابەتێکی دیکە؟ لێرە بۆ رووناکی خستنەوە لە سەر ئەم خاڵە دەتوانین لە محەمەدی رەمەزانی بەڕێز بپرسین کە بەردەنگی ئەم وەرگێڕانەت کییە؟ ئەم دەقە کێ دەیخوێنێتەوە؟ ئەو کەسە کە خوێنەری تەمبەڵە و بۆ خەو رۆمانی دەوێ؟ یا خوێنەرێکی تێکۆشەر و وردخوێن، کە قەناعەت بە هەر دەقێک ناکات؟ ئەوەی کە ئاشکرایە و زۆر کەس دەزانێ، کتێبخانەی کوردی لاوازە، بەڵام خوێنەری کورد چی، ئەویش لاوازە؟ خوێنەری کورد لە هەر وڵاتێک و بە تایبەت لە ئێران، دەقگەلی زۆری بە زمانی فارسی خوێندوە و دەیخوێنێتەوە کە دەتوانین بە دڵنیاییەوە هەر دەقێک بنێینە بەر دەستی و تووشی کێشە نەبێ. رۆمانی ”هەرا و تووڕەیی“ش هەر بە زمانی فارسی دوو وەرگێڕانی هەیە کە ئەگەر باشیش نەبن و خوێنەر تێر و تەسەڵ نەکەن، بە بۆشایی رۆمانی مۆدێڕن رای دەهێنن و ئاشنای دەکەن.

خوێنەری کورد ئەمڕۆ کە تەنیا شارەزای زمانی فەرمی وڵاتەکەی نیە و لانیکەم ئینگلیزی دەزانێ. کتێبخانەی فارس و عەرەب تا ئەو رادە کە نووسەر بزانێ بە لاوازی زۆریانەوە لە چاو کتێبخانەی زمانگەلی رۆژئاوایی، هەر دەوڵەمەندتر لە کتێبخانەی کوردین و وەڵامی هەستی خوێنەری تینووی کورد دەدەنەوە. دەمەوێ بە کورتی ئەوە بڵێم کە خوێنەری کورد بە پێچەوانەی کتێبخانەی کوردی زۆر لێهاتوو و توانایە. لە نێو خوێنەرانی کورددا بە دڵنیاییەوە، بارت وتەنی ”خوێنەر نووسەر“مان هەیە کە شارەزای رۆمانی و دەقی مۆدێڕنن. بۆ سەلماندنی ئەم قسەش لێکۆڵینی ناوێ و رۆمانی ”گابۆڕ“ی سەید قادر هیدایەتی“ خۆی وەکوو بورهانی قاتیعێکە کە خوێنەری کورد، ئەگەریش کەم بن ئەوەندە هەن کە هیدایەتی و بڵاوگەکەی نەترسانە ئەم رۆمانە زۆر فۆرماڵە بڵاو کەنەوە .

دەقی کتێب

ئەگەر بە گوێرەی مێتۆدی ”ژۆنێت“ بچینە پێشەوە دەبێ بڵێین کە ئێستا لە سەر وەرگێڕانەکە وەکوو ”ژووردەق ” بۆ دەقی سەرەکی فاکنێر وەکوو ”ژێردەق ” دەبێ پێدا بچینەوە. وەرگێڕان یەکێک لەو چەشنە ژووردەقانەیە کە بە بێ ژێردەقەکەی نەدەهاتەە ئارا و پێوەندی وەرگێڕان بە دەقی ژێرخانی خۆی بەو چەشنەیە کە لە زمانێک بۆ زمانێکی دیکە ئەم پرۆسە بیچمی گرتوە و گواستنەوەی زمانی/پیشانەییە.

زاڵ بوونی پەراوێز بە سەر دەق:

بە گوێڕەی ئەو روانگەی وەرگێڕ کە خوێنەر بە کەم چاو لێدەکا، لە نێو دەقەکەش وەکوو پێشەکی لە یەکم رستەی رۆمانەکە دەستی کردوە بە پەراوێز هێنان. دوایی لە ئەوەی کە ئەم پەراوێزانە چین و چلۆن هاتوون باس دەکەین. لە سەر ئەم باسە ئەوەی کە سەیرە روانینی سەید قادر هیدایەتی بۆ ئەو پەراوێزانەیە. ئەو بەڕێزە کە وەکوو نڤیسیاری هەرا و تووڕەیی نێوی لە کتێبەکەدا هاتوە، چلۆن ئەو هەموو پەراوێزەی وەرگێڕی بە باش زانیوە و وەکوو بردنەوە سەرەوەی ”کلاس و ئاستی کارەکە“ ناوی لی دەبا؟! ئەگەر پەراوێز باشە چلۆن لە رۆمانەکەی خۆی یانی گابۆڕ، کە لە باری فۆرمەوە بە تایبەت لە گێڕەو[اراوی]ەکان، خوێنەر تووشی گرفتی زۆر دەکا، حەتا یەک پەراوێزیش نابینین؟ یان لە هەرا و تووڕەیی کە شکاندنی رەچەڵەکێکە و بێجگە لە چەند رۆمانی دیکە بۆ خوێنەری ئینگلیزی لە کاتی بڵاو بوونەوەیدا زۆر نوێ بووە، فاکنێر بۆ خۆی یەک پەراوێزیشی نەهێناوە؟! ئەگەر وەرگێڕی بەڕێز لەو سێ ساڵ کاری ماندوو نەناسانەی لە ”نەفسی“ رۆمانی مۆدێڕن تێنەگەییشتبێ، کە گەییشتوە، هەر بێجگە لەوەی کە زۆر پێویستە، هیچ پەراوێز و شرۆڤەیەکی لە ئەم رۆمانە نەدەهێنا. رۆمانی مۆدێڕن یانی ململانێ لەگەڵ خوێنەر، یانی ویستنی خوێنەرێکی تێکۆشەر و وردبین.

کێشە لە پەراوێز هێنانی وەرگێڕ نیە، کێشە لە چۆنیەتی ئەو پەراوێز هێنانە و کێشە لە ئەندێشەکەی پشتیدایە. پەراوێز بە پێچەوانەی وتەکەی نڤیسیاری ”هەرا و تووڕەیی“ نە کە ”بە

هۆی پەراوێز بوونیەوە" وەرگێڕی چاک کەم خۆی لێدەدا، بەڵکو بە هۆی ئەوە کە لە "لەزەتی خوێندنی دەق" کەم دەکاتەوە و پرۆسەی خوێندنەوە تووشی سەکتە دەکا زانایان، زۆرهێنانی بە باش نازانن. هەر وەها کە دەزانین ئەم ڕۆمانە لە سەر ڕەوتی "لێشاوی زەین" نووسراوە و پەی بردن بە گێڕەو ، کات و شوێن وردبینیەکی زۆری دەوێ و هەر ئەم دژوارییە بەشێکە لە "لەزەتی دەق" و وەرگێڕی کوردی چونکە خوێنەری کورد بە کەم دەبینێ و خۆیشی لە بیر و بۆشایی ڕۆمانی کلاسیک نەهاتوتە دەرەوە، لە سەرەتای ڕۆمانەکە تا بە کۆتایی هەرچێک بە ئاستەمی زانیوە، لە پەراوێزدا شرۆڤەی کردوە، حەتا گێڕەوی یەک وشەش بێ! بۆ وێنە ئاماژە بە چەند نموونە لەو پەراوێزانە دەکەین. فاکنێر و ڕۆمانی مۆدێرن بۆ خوێنەر تەمبەڵ نیە، قەت بۆ خوێنەرێکی تازەکاریش نابێ. ئەم دەقانە خوێنەری خۆی دەوێ کە بە زمانی ئەم چەشنە ڕومانگەلە داهاتبێ، بەڵام وەرگێڕ هەر وەها کە گوتمان باوڕی بە ڕاهاتوویی خوێنەر نیە و گێڕەوی/ڕاوی هەر وتەیەک لە پەراوێز دەنووسێ: بۆ وێنە لاپەڕەی ۲۰۷، لە سێ پەراوێزی پشت سەر یەک ئەم خاڵە دەبینین:

۳. دەنگی کەدی؛
۴. دەنگی کوێنتین
۵. دەنگی کەدی!!!.

> ئەگەر بە گوێرەی مێتۆدی "ژۆنێت" بچینە پێشەوە دەبێ بڵێین کە ئێستا لە سەر وەرگێرانەکە وەکوو "ژووردەق " بۆ دەقی سەرەکی فاکنێر وەکوو "ژێردەق " دەبێ پێدا بچینەوە. وەرگێران یەکێک لەو چەشنە ژووردەقانەیە کە بە بێ ژێردەقەکەی نەدەهاتە ئارا و پێوەندی وەرگێران بە دەقی ژێرخانی خۆی بەو چەشنەیە کە لە زمانێک بۆ زمانێکی دیکە ئەم پرۆسە بیچمی گرتوە و گواستنەوەی زمانی/پێشانەییە.

زەقترینیشیان بە دڵنیاییەوە ئەوەیە کە لە کۆتایی هەر بەشێک کە کات دەگۆڕدرێ، ئەم گۆڕینەمان پێ تەزەکور دەدا، بۆ وێنە پەراوێزی ۴ لاپەڕەی ۶۷: "تا ئێرە کات هەر ساڵی ۱۹۰۲ بوو" و هەر دوابەدوای ئەمە لە ئەوەڵین ڕستە کە دەکەوێتە سەرەتای لاپەڕەی ۶۸، لە پەراوێزی ۱، وەرگێڕ ئاگادارمان دەکاتەوە کە: "دیسان کات هاتەوە زەمانی ئێستا واتا ئاڤریلی ۱۹۲۷". لە دەقی سەرەکی، فاکنێر بۆ خۆی بە گۆڕینی فۆنت تا ڕادەیەک یارمەتی خوێنەر دەدا و لەوە بە دوا خوێنەر لەگەڵ دەقەکە بە تەنێ جێی دێڵێ کە بگەڕێ و خەریکی موکاشفە بێ و بە کورتی بڵێین لەزەت ببا، کە بە داخەوە وەرگێڕی کوردی بە پێچەوانەی فاکنێر و وەرگێڕە فارسەکانی ئەم دەقە هیچ بەم خاڵە بڕوای نیە و دەستی خوێنەر هەر بەر نادا .

پەراوێزیشی هەیە کە پێش لەوەی کە فاکنێر بیگێڕێتەوە بۆ خوێنەر، بە تەواوی خوێنەر ئەگەر لە چیرۆکی ڕۆمانەکە ئاگادار نەکا، یەک لاپەڕەی داهاتووی لانیکەم بۆ دەردەخا؛ بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە یەکەمین پەراوێزەکانی ئەم بەرێزە بکەین: پەراوێزی ۱،۲ و ۳ی لاپەڕە۶۳، کە سەرەتای ڕۆمانەکەیە و بە هۆی پێشەکی تێر و تەسەلەکەی وەرگێڕ کەوتوتە ئەم لاپەڕە. لە ئەم پەراوێزانە بە دڵنیاییەوە ئەتوانین تەواوی چیرۆکەکە ببینین! ئەگەر نەڵێین هەموو، نێزیک بە هەمووی پەراوێزەکانی وەرگێڕ هەر وەهان و بێجگە لە سەکتە خستنەوە لە پرۆسەی خوێندن و دووپات کردنەوەی چیرۆکی ڕۆمانەکە و دووپات کردنەوەی پەراوێزەکانی پێشوو هیچ زانیارییەکی ئەوتوو بە خوێنەر نادەن.

هەر وەها کە باس کرا لە سەرەتای کتێبەکەش لە لاپەڕەیەکی سپی، خوێنەر بە خوێندنەوەی پێشەکی وەرگێڕ، ئەویش بە وردی، هان دەدا؛ و لەوێ دەبینین کە وەرگێڕ سێ جار ئەو ڕۆمانەی لە چل لاپەڕە بۆ خوێنەر بە تێرو تەسەلی کورت کردوەتەوە و بە تەواوی ئەوەمان پیشان دەدا کە هیچ باوەڕێکی بە "لەزەتی دەق" و "ڕاهاتوویی خوێنەر" نیە و دەیەوێ بە قیمەتی خەسار دانی لەزەتی خوێندنەوە بۆ خوێنەر، حەتمەن دەستی بگرێ تا نەک ون بێ! ئەم ڕەخنەش لە بارێکی دیکەوە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ نڤیسیاری کارەکە و بڵاوگەکەی کە چلۆن وەها کارێک ئەویش لە ئەمڕۆ کە خوێنەری کتێبی لە بەر چاو نەگرتوە، ئەویش خوێنەری ئەم چەشنە کتێبانە کە وەکوو زێڕ دەدرەوشن. کاری بڵاوگە و نڤیسیار مەگەر چیە؟ ئەو هەمموو "تەوزێحی وازحاتە"، ئەویش نە یەک جار کە سێ جار، و ئەو هەمموو پەراوێزە بێ-جێگەیە، چیە بێ جگە لە خەسارداني کاغەز و کاتی خوێنەر و گران بوونی نرخی کتێبەکە؟! ئەگەر لە ڕوانگەی وەرگێری بەرێز خوێنەری کورد هێشتا نەگییشتوەتە ئەو ئاستە کە خۆی دەقێکی وەها بە تەنێ بخوێنێتەوە، ئیتر بۆچی و بۆ کێ وەریگێڕاوەتەوە؟ ئەو هەمموو کتێبە کلاسیکە خوەش خوێنەمان هەیە کە ڕەنگی زمانی کوردیان بە خۆوە نەدیوە و پێویستیشن کە کتێبخانەی کوردیان پێوە بنەخشێندرێ، بۆچی کاک محەمەد ڕەمەزانی، ئەو سێ ساڵ ماندووبوونەی بۆ ئەم وەرگێڕانەی بە چەند کتێبی وەرنەگێڕاوی کلاسیکی بە نرخ تەرخان نەکردوەتەوە. خوێنەرێک کە ئەوەندە لە ئاستێکی خوارەوە بێ، دەبێ پلە بە پلە کاری لەگەڵدا بکرێ و بۆ ئەم کارەش هەر کلاسیکەکان زۆرتر لە مەبەست و بیری وەرگێڕ نزیکن. بەڵام هەروەکوو لە سەرەتا ئاماژەم پێ کرد خوێنەرێک کە بەردەنگی ئەم کتێبەیە ئەوەندە ڕاهاتوە کە مافی ئەوەی بێ کە چاوەڕوانی وەرگێرانێکی باش بێ، نەک ڕێنوێنی.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ڕوانگەی وەرگێری کوردی کتێبی "هەرا و توورەیی"، کاک محەمەد ڕەمەزانی زۆر

جێگەی سەرنجە. ئەم ئەندێشە بە گشتی ئەندێشەیەکی زاڵە لە نێوان زۆریک لە نووسەران و وەرگێڕەکانی کورددا، بە چاک و خراپ. لێرە کاک محەمەد وەکوو وەرگێڕێکی باش لە دەقێکی چاک و وەکوو نوێنەرێکە بۆ ئەو ئەندێشە کە لێرە رەخنەی لێوە دەگیردرێت.

ئەم چەشنە بیرە هەر بە تەنیا لە نێوان کورددا نیە و بۆ وێنە هەمانە وەرگێڕگەلێک لە زمانی فارسی کە پێشەکی وەرگێڕانەکەیان لە دەقی نووسەرەکە زۆرترە. ئەمە لەوە دێت کە وەرگێڕ خۆی بە زانا و عالیم دەزانێ و خوێنەر و بەردەنگ بە گێل و نەزانێک کە دەبێ دەستی بگری دەنا ناتوانێ لەگەڵ دەقەکە بێتە پێشەوە.

مامۆستا میرشەمسەدین ئەدیب سوڵتانی وتەیەکی هەیە کە زۆر لە وەرگێڕە فارسەکان لە پێش چاوی دادەنێن لە کاتی وەرگێڕاندا، کە دەڵێ: "وەرگێڕ راسپاردەی رواڵەتە" و بەو واتایە کە وەرگێڕ ئەرکی ئەوەی لە سەر شانە کە بە جوانی رواڵەتی دەقی سەرەکی کارەکەی هەڵگوازێتەوە و دوایی بمێنێ بۆ خوێنەر و ئەرکی شرۆڤەش لە ئەستۆی وەرگێڕ نیە و ئەگەریش وەرگێڕێک بیهەوێ ئەم کارە بکات باشتر ئەوەیە لە کۆتایی کتێبەکە یان لە کتێبێکی دیکە یان لە وتارێک ئەم خولیای شرۆڤەکردنەی ئەنجام بدات.

لەحن

گەورەترین کێشەی ئەم وەرگێڕانە باسی لەحن/دەروایە. بەڵام پێش لەوەی کە باسی لەحن بکەینەوە، دەبێ لە سەر باسی زاراوە بە خاڵێکی گرینگ ئاماژە بکەین. زاراوەی زاڵ لەم وەرگێڕانە زاراوەی موکریانییە، بەڵام لە بەشی دووهەم واتا بەشێک کە گێرەوەکەی کوێنتینە کە لە لاپەڕەی ۲۰۸، باسی کابرایێکی پیری رەش پێست بە ناوی "لوئیز" دەکا، بە چەشنێکی زۆر سەیر وەرگێڕ زاراوەی سنەیی، ئەویش بە چەشنێکی ناشارەزا، بۆ داناوە! لەوەی کە هۆی ئەم کارە چیە و دەبێ بۆچی ئەم کابرایە و تەنیا ئەو بەم زاراوە بێتە ئاخاوتن، جێگەی پرسیارە و نامەوێ کە لە باسێکی شیکارانە و زانستی لە سەر دەق لابدەم و هۆکارەکەی لە جێگایەکی دیکە ببینمەوە. لە دەقی سەرەکی "لوئیز" بە زاراوەیەکی سەیر و زۆر تایبەت دەدوێ و فاکنێریش مەبەستی لەوەی کە لەوێ لە زاری

کوێنتینەوە دەڵێ هەندێ دەنگ هەر وەبیر دەمێننەوە، نامۆ بوون و تایبەتمەندی شێوەی ئاخاوتنی ئەو رەش پێستەیە. هۆکاری ئەم کارە هەرچێک بێ، بە چەشنێکی زەق و ناشارەزایانە بە کار براوە و بە هۆی پەلە و سەرنج نەدان بە تایبەتمەندییەکانی ئەم زاراوە رواڵەتێکی زۆر شپرزی پێ بەخشیوە. دوابەدوای ئەم باسە دێینەوە سەر بابەتی لەحن کە دەورێکی سەرەکی و گرینگی هەیە لەم رۆمانەدا.

دۆزینەوەی لەحن بۆ وەرگێرانی کارێکی وەها زۆر ئاستەمە و جار هەیە کە نابێ و ناکرێ. ئەم کارە بۆ وەرگێری وردبین زۆر بابەتێکی جیدیە. بۆ وێنە "نەجەف دەریابەندەری" ئەتوانین ناو بەرین کە بۆ وەرگێرانی لەحنی پاڵەوانی کتێبی "بازماندەی رووز" زۆر ماندوو ببوو تاکوو لەحنێکی نزیک بەوەی کە لە کتێبەکەدایە پەیدا کردبوو. لەحن لەگەڵ زاراوە جیاوازی هەیە و رەنگێکی تاکەکەسی هەیە و بە قەرای هەر کەس دەتوانین لەحنێکی تایبەت ببینین. لە "هەرا و توورەیی"دا ئەم بابەتە زۆر ئاشکراترە و هەر لە زاری کەرەکتێرەکانەوە، بەتایبەت لە بەشی دووهەمدا بە روونی باس دەکرێ ئەویش زۆرتر لە زاری "خاتوو بلەند". ئەوەی کە لێمان ئاشکرایە، ئەمەیە کە لەحنی، بۆ وێنە خاتوو بلەند -بەو هەموو لووت بەرزی و شانازی کردنەوەی بە نەجیب زادەیی خۆی- لەگەڵ لەحنی دیلسێی، کارەکەر[کولفەت]ە رەش پێستەکەی بنەماڵەی کامپسێن، یەکێکە؟ بە دڵنیاییەوە نە، بەڵام لەم وەرگێرانەدا بێجگە لە چەند جێگا لە ئاخاوتنی "بێنجی" کە شێتانەیە لە بەشی یەکەم و لوئیزی راوچی کە بە زاراوەی سنەیی قسان دەکا لە بەشی دووهەم، باقی کەرەکتێرەکان هیچ جیاوازیەکیان نیە و هەموو دەڵێی یەکێکن و تەنیا لە ناودا لەگەڵ یەک جیاوازن. هەموو بە یەک لەحن و یەک دەستە واژەی تیکراری قسە دەکەن و ئەم بۆشاییە لە دەقی سەرەکیدا نابیندرێ.

ئەم یەکدەستیە حەتا لە ئاخاوتنی "جۆلیۆ"ی ئیتالیایی کە شارەزایەکی ئەوتووی لە سەر زمانی ئینگلیزی نیە و لە دەقی ئەسڵیشدا شێوەی ئاخاوتنی بە هەڵە قسەکردنی هەندەرانییەکی ناشارەزا جیاواز کراوە و وەرگێرە فارسەکانیش لە وەرگێرانەکەیاندا ئەو جیاوازییەیان گواستوتەوە؛ بەڵام جۆلیۆی محەمەدی رەمەزانی بە موکریانیەکی خەست و رێک و پێک قسان دەکا! بۆ وێنە لە وەڵامی دادپرس کە پرسیویە کە "تۆ لە کار و بارت براوی کە بە دووی خۆشکتدا[لە دەقەکەدا ئەو(she)هاتوە] بگەرێی؟" جۆلیۆ لە وەڵامدا دەڵێ :

'Sure I quit. I run. I run like hell. Looka here, looka there…'(Faulkner, ۱۹۵۴, ۱۳۱).

کە وەرگێر وەهای وەرگێراوەتەوە:

"ئەیچی قوربان کار و بارم بە جێ هێشتوە. لە تاوان هەر هەڵاتووم. لە تاوان هەر وەک سەی پێ سووتاو هەڵاتووم. بێرەدا، بە وێدا..."(فاکنر، ۱۳۹۵، ۲۴۷).

دیارە کە هیچ هەڵەیە، وەرگێر قسەی ئیزافەشی لە زاری "جۆلیۆ" ناوە. دروستەکەی دەبێتە:

"دڵنیا من جێم هێشتوە. من هەڵ دێم. من وەکوو چی(بە توندی) هەڵ دێم. تماشا ئێرە، تماشا ئەولا..."

دەبینین کە "جۆلیۆ" ئینگلیزی باش نازانێ و بە جێگەی فێعلی رابردوو، فێعلی ئێستا بە کار دەبا و لەهجەشی هەیە لە کاتی ئاخاوتن، (سەرنج بدەن بە وشەی (looka))، بەڵام لە کن وەرگێری کوردی ئەو کابرایە وەکوو ئامادەبوانی ئەو دیوە کە ئینگلیزی زمانی دایکیانە قسان دەکا. ئەم بابەتەش هەر دەگەرێتەوە سەر بابەتی "لەحن" کە لەحنی کەرەکتێرەکان نابیندرێ و هەمووی لەحنی وەرگێرە کە دیارە. ئەم بابەتە تا "بەهائەدینی خورەمشاهی" وەرگێری فارس دەڵێ بۆ ئەوەی دەگەرێتەوە کە "وەرگێر "من"ێکی گەورەی هەیە"(خرمشاهی، ۱۳۹۱، ۳۳۵). خورەمشاهی وەرگێران بە دروستی "یەکێک لە خۆشکێنانەترین کارگەلی دونیا" دەزانێ و روو بە وەرگێرەکان دەڵێ "هەر چەندە لێهاتووش بن و هەر چەندە رەنج بدەن، دەبێ کەمتر دیار بن. رەنگە وەکوو پارادۆکسێک بێتە بەر چاو، بەڵام دەبێ ئەوەندە رەنج بدەن کە رەنجی ئێوە قەت نەبیندرێت. لە واقیعدا لێرەوە دەگەیینەوە بە لەحن"(هەمان، ۳۲۶).

کەسایەتییەکانی "هەرا و توورەیی" بە پێچەوانەی کەسایەتیەکانی "The Sound and The Fury" هەر وەها کە جیاوازیان لەگەڵ یەکدی نیە و هەموو دەڵێی یەک کەسن، شێوەی ئاخاوتنیشیان بە جۆرێکە کە زۆرجار ناوەکان و پەراوێزەکانی وەرگێر، خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە کە خەریکی خوێندنەوەی رۆمانێکی ئەمریکاییە، دەنا دەڵێی لە گوندێکی لای بۆکان ئەم رۆمانە رووی داوە و چیرۆکی بنەماڵەیەکی ئەو ناوچەیە و دەکرا ناوگەلێک وەکوو جەعفەر یان موستەفا و فاتمێ بۆ دابنێت تاکوو بە تەواوی یەکدەست بن. بۆ وێنە ئەتوانن بروانن بەو وشانە کە لە سەر زاری جۆلیۆی دانابوو و لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد. یان لە زاری دیلسێیەوە "وەڵڵاهی جێیسن دەبێ دارزێ"(ل ۱۴۲)، هەروەها کاتێک کە کوێنتین لە دووکانی شیرینی فرۆشیدا داوا لە خانمی فرۆشیار دەکا کە لەگەڵ نانە داخوازییەکەی کچە ئیتالیە چکۆلەکە "کولێرە"شی بداتێ(ل ۲۲۶). وەرگێر کولێرەی بەرامبەری وشەی "bun" هێناوە، کە جۆرە نان یان کەیکێکی خڕ و شیرینە. ئەوەی کە چلۆن دەکرێ بە کولێرەی وەرگێرینەوە جێگەی پرسیارە. لە جێگایکی دیکەدا کاتێک کە دایک [واتا خاتوو کامپسن] روو بە وێرش دەڵێ "ئەوە چیە هەتیوە"(ل ۶۵). خاڵێک کە لێرە جێگەی ئاماژەیە و پەیوەندیشی هەیە بە پەراوێزەکانی وەرگێرەوە، ئەوەیە کە لە پەراوێزێک کە شرۆڤەی ئەم رستەیە، وەرگێر دەڵێ کە "سپی پێستەکان نۆکەرە رەش-پێستەکانیان ئاوەها بانگ دەکردن"(هەمان، ۶۵، پەراوێزی ۵)، مەبەستی وەرگێر بە دڵنیاییەوە وشەی "هەتیوە"یە؛ لە دەقی سەرەکیدا خاتوو کامپسێن دەڵێ:

"what is it now"(Faulkner, ۱۹۵۴, ۱۲).

هەروەها کە دیارە، نەک هەتیوە بەڵکوو بەرانبەری ئینگلیزی

ئەو وشە، لەم رستەی خاتوو کامپسنە نابینین. لێرە هەم وەرگێر زۆر خۆماڵیانە لەگەڵ دەق رووبەڕوو بوتەوە و لە دەقی سەرەکی لای داوە و هەم ئەوەی سەلماندوە کە حەتا ئەگەر پێویستیش نەبێ، ئەو پەراوێزی خۆی دەهێنێ.

نموونەیەکی دیکەی ئەم چەشنە خۆماڵی کردنە لە لاپەڕەی ٧٥دا دەبینین، کاتێک کە "خاتوو پەترسن" چاوی بە بێنجی دەکەوێ کە لە پێش چاوی مێردەکەی - واتا بەرێز پەترسن- نامە عاشقانەکەی خاڵە مۆری بۆ هێناوە بەرەو لای بێنجی هەڵدێ و بە توورەیی و لەگەڵ خۆی بەڵام بە دەنگی بەرز بە "خاڵە موری" دەڵێ:

.You idiot□(Ibid, ٢٠).

کە وەرگێڕ وەهای وەرگێڕاندۆتەوە: شێت و شوورەی پەتیارە... (فاکنێر، ١٣٩٥، ٧٥)، بە تەواوی وەرگێرانەکە دوورە لە واتای سەرەکی وشەی idiot کە دەبێ بە "تۆ لاژگی/لاژگە" یان "تۆ کەری/کەرە/" وەرگێڕدرێتەوە. بەڵام ئەوەی کە سەیرە وشەی "پەتیارە"یە کە بێجگە لەوەی کە کوردی نیە، لێرە زۆر بێ مانایە. لەم بەندە شتێکی سەیر کە دەبینین، بێ دەنگی وەرگێڕی کوردیە کە بە هۆی نەهێنانی هیچ پەراوێزێک دەتوانین بزانین کە بە دڵنیاییەوە لەم بەشە تێنەگەیوە. لە پێش ئەم بەندە، بێنجی دەیگێڕێتەوە کە لەگەڵ کەدی دەڕۆن بۆ ماڵی "خاتوو پەترسن" تاکوو نامە عاشقانەکەی خاڵە مۆری بدەنێ. کاتێک کە دێینە سەر ئەم بەندە کات دەگۆڕدرێت و بە گۆڕانی فۆنت لە دەقی سەرەکی و لە وەرگێڕان بە بۆڵد کردنەوەی ئەمە دەزانین، بەڵام کاک محەمەد بە پێچەوانەی ڕەوشتی لە پێش و پاش ئەم بەندە کە بە پەراوزێک لە گۆڕینی کات ئاگادارمان دەکاتەوە، لێرە بێدەنگە، و گۆڕینی فۆنتەکەی لە دەقی سەرەکی بە بۆڵد کردنەوە پیشان داوە بەڵام وەها دیارە کە بە گۆڕینی کاتی نەیزانیوە و لە پەراوێزی یەکەمین ڕستەی بەندی پاش ئەم بەندە کە لە گەڕانەوەی کات بۆ کاتی ئێستای رۆمانەکە - پەراوێزی یەکی لاپەڕەی ٧٦- ئاگادارمان دەکاتەوە، ئەوە دەردەکەوێ. کات لە پێش ئەم بەندە، لە رابردوودایە، واتا کریسمەسی ساڵ ١٩٠٢، بەڵام لەم بەندە کە کات دگۆڕدرێت، گۆڕینی بۆ ئێستا نیە و باسەکەش هەر دەڵێی درێژەی ساڵی ١٩٠٢ە بەڵام فۆنت گۆڕاوە و ئەمە بە واتای گۆڕینی کاتە، بۆچی؟! وەرگێڕ نەیزانیوە، بیزانیبا بەردەنگی بە پەراوێز ئاگادار دەکردەوە.

لەم بەندە هۆی گۆڕینەوەی کات ئەوەیە کە بێنجی دەگەڕێتەوە بۆ دواتر، کاتێک کە پێشتر و جارێکی دیکە خاڵە مۆری نامەی بە بێنجی بۆ خاتوو پەترسن ناردوە و هەر لێرە دەردەکەوێ کە مێردەکەی بەم کەین و بەینە دەزانێ و نامەکە لە دەستی بێنجی وەردەگرێ و بێنجی بە گرینەوە هەڵدێ. بێجگە لە گۆڕینی فۆنت، هەر پیشانەکانی نێو دەقەکە بۆمان روون دەکاتەوە کە کات گەڕاوەتەوە بۆ دواتر. کاتێک کە خاڵە مۆری نامەکەی بە کەدی دەدا کریسمەسە، واتا زستان و لە دەقە روونە کە رچمان و ساردە و کەدیش نامە بە دەست "بە نێو گوڵە قاوەییەکان دا" رۆیی(هەمان، ٧٥). بەڵام لەم بەندە بێنجی بۆمان دەگێڕێتەوە کە بەرێز پەترسان خەریکی دارقەڵشاندن "لە نێو گوڵە سەوزەکان دا"یە(هەمان، ٧٥)، کە بە کاتێکی گەرم لە ساڵ ئاماژە دەکا. هەر وەها پێش لەم بەندە دەڵێ کە کەدی "نامەکەی لە گیرفان دەرهێنام"(هەمان، ٧٥) و دەڕوا بۆ لای خاتوو پەترسن و بە بێنجی دەڵێ "خولەکێکم پێ دەچێ ئێستا دێمەوە"(هەمان، ٧٥)، بەڵام لەم بەندە کەدی نیە و دەڵێ کە خاتوو پەترسن بە توورەییەوە پێمی گوت کە "بدە بزانم"(هەمان، ٧٥) بەڵام پێشتر بەرێز پەترسن نامەکە وەردەگرێ.

نموونەیەکی دیکە بۆ ئەم خۆماڵی کردنەوەی وەرگێڕ لە لاپەڕەی ٧٧دا دەبینین. کاتێک کە لاستر لەگەڵ بێنجیدا لە گۆیێ چۆمەکەوە دەگەنە چند رەشپێستی دیکە، لە سەر چوون بۆ نمایشی شەو لەگەڵ یەکتری دەدوێن و لاستر کە دەڵێ دەڕۆم و دانێک لەوان دەپرسێ کە ئەمە - واتا بێنجی - لەگەڵ خۆت دەبەی و ئەو لە وەڵامدا دەڵێ: "جا تۆ بیر لەوە بکەوە منی ماڵ وێران بۆ هەر کوێ بچم دەبێ ئائەم کلکەم بە دواوە بێ، نۆرەی ئەوەیە لەوێ دەست بکا بە شین و گابۆڕ."(هەمان، ٨-٧٧). ئەمە بە بێ هەڵسانگاندنەوە لەگەڵ دەقی سەرەکی ئاشکرایە کە خۆماڵی کردنەوەیە و وەرگێڕ لە وتەی نووسەر دوور کەوتوتەوە. لە دەقی سەرەکیدا ئەمە دەبینین:

"'Me' Luster said. 'You reckon I be found anywhere with him, time he start bellering."(Faulkner, ١٩٥٤, ٢١).

کە بە سانایییەوە دەبێتە: " 'من' لاستر گوتی. 'تۆ پێت وایە کە کاتێک کە ئەو لە هەر کوێ دەست بە گابۆڕ دەکا، من لەگەڵ ئەو پەیدام دەبێ.' " بە دڵنیاییەوە ئەوەی وەرگێڕ هەڵەیە و خۆماڵی کردنەوەشی با بمێنێ، کە روون نیە بۆچی تا ئەو رادە وەرگێڕ حەزی لە بەرچاو بوونە.

> کەسایەتییەکانی "هەرا و توورەیی" بە پێچەوانەی کەسایەتیەکانی "The Sound and The Fury" هەر وەها کە جیاوازیان لەگەڵ یەکدی نیە و هەموو دەڵێی یەک کەسن، شێوەی ئاخاوتنیشیان بە جۆرێکە کە زۆرجار ناوەکان و پەراوێزەکانی وەرگێڕ، خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە کە خەریکی خوێندنەوەی رۆمانێکی ئەمریکاییە، دەنا دەڵێی لە گوندێکی لای بۆکان ئەم رۆمانە رووی داوە و چیرۆکی بنەماڵەیەکی ئەو ناوچەیە و دەگرا ناوگەلێک وەکوو جەعفەر یان موستەفا و فاتمی بۆ دابنێت تاکوو بە تەواوی یەکدەست بن

دواهەمین خاڵێک کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین، قەرزداری محەممەدی ڕەمەزانی بە وەرگێڕە فارسەکان، بە تایبەت بە "بەهمەن شوعلەوەر"ە، کە بە داخەوە با ئەوە کە وەکوو وەرگێڕانەکەی "ساڵح حوسەینی" کاریگەری "شوعلەوەر" بە سەر وەرگێڕانە کوردیەکەدا زۆر دیارە لە هیچ جێگەیەکدا بەم خاڵە ئاماژە ناکرێت. بە ڕاستی کە هەم ساڵح حوسەینی و هەم محەممەدی ڕەمەزانی بە سەر شانی شوعلەوەرەوە ڕاوەستاون و بە هەر جۆر کە چاوی لێبەکەین ئاکاری حێرفەیی حوکم دەدا کە بەو کاریگەرییە ئاماژە بکرێت. دوکتور "عەبدولکەریم ڕەشیدیان" لە وەرگێڕانی "بوون و کات "ی هایدیگەر با ئەوە کە زۆر کارەکەی لە ئاستێکی سەرتردا ڕاوەستاوە بە هۆی زووتر بڵاوبوونی وەرگێڕانی "سیاوەش جۆمادی"، بێجگە لە ئاماژە بە وەرگێڕانەکانی دیکەی ئەم دەقە لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی، بە وەرگێڕانەکەی جۆمادیش ئاماژە دەکا و ئەم کارە بە دڵنیاییەوە نابێتە کەمی کە زۆریە.

بەڵام بەرچاویترین بەڵگە بۆ کاریگەریی وەرگێڕانەکەی شوعلەوەر بە سەر وەرگێڕانەکەی حوسەینی و ڕەمەزانی، هەر ئەو بەشەیە کە ڕەمەزانی بەڕێز بە زاراوەی سنەیی وەرگێڕابوو. یانی ئەو بەشەی کە لووئیز هەچر و کوێنتین لە سەر فانۆس و ڕاو دەدوێن. هەروەها کە باس کرا لە دەقی سەرەکەیدا لوئیز بە زمانێکی زۆر سەیر دەدوێ کە فاکنێر لە زمانی کوێنتینەوە دەڵێ دەنگی ئەم ڕەشپێستە، زۆرتر وە بیر دەمێنێتەوە، وێنەی ئاخاوتنی لوئیز:

…I cleant hit dat ve'y day. Old woman and me setting fore de fire dat night and she say "Louis, whut you gwine do ef dat flood git out dis four?...(Faulkner, 1954, 106).

ئەگەر لە تەواوی ئەم بەشەش کاریگەریی شوعلەوەر ڕوون نەبێتەوە — کە بە هۆی لەیەکچوونی دوو وەرگێڕانە دواییەنەکەدا- دەتوانین لە بە کار هێنانی وشەی "ساریغ" پەی بە ئەم کاریگەیە ببەین. "ساریغ" کە چەشنە جانەوەرێکی کوڵکنی تایبەت بە ئەمریکایە و ئینگلیزییەکەی لە دەقەکەی پێش دەستی مندا Possums ە، بەڵام کاک محەممەدی ڕەمەزانی لە پەراوێزیکدا نووسیویەتی Opossum، کە هەر دووکی یەکێکن. کێشە لە سەر ئەوە کە کام وشەیە نیە، بەڵام لە وەرگێڕی کوردی دەبێ بپرسین کە کاکە ئەڕێ ساریغ چیە؟ بۆ هەر ئەوەت داناوە کە شوعلەوەر دایناوە وئەگەر لە کوردی وەها وشەیەکمان نیە بۆ ئەسڵەکەت دانەناوە؟! سەیر ئەوەیە کە پەراوێزەکانی ئەم بەشە لەوەی کە دەقی سەرەکی بە زاراوەیەکیترە و هۆی بە سنەیی وەرگێڕانەوەی شرۆڤە کا، بێ دەنگە و کاتێک لە پاڵ ئەو هەموو پەراوێزانە دایدەنێی، دەبینی لەوەی کە پێویستە کاک محەمەد قەڵەمی بێ دەنگە.

لە کۆتایی هەروەها کە باسی لەسەر کرا، ئەم وەرگێڕانە تووشی گرفتە و دەبێ دیسان وەرگێڕ پێداچوونێکی بە سەردا بکات و لەم ڕاستکردنەوەدا ئەوەی کە بەبێ هیچ چاولێپۆشانێک بیسڕێتەوە پێشەکی و زۆربەی پەراوێزەکانیەتی. پێشەکییەکەی کە هەروەها باسمان کرد، کورتکراوای سێ‌پاتبووی ڕۆمانەکەیە بەڵام بە تێر و تەسەلی. ئەگەر بڵێین کە بیباتە کۆتایی کتێبەکە، بە هۆی ئەوە کە فاکنێر خۆی زۆر شارەزایانە و پرۆفشنال ئەم کارەی کردووە، بۆی نابێ و ئەوەیە کە بە سێ لاپەڕە کورتی کاتەوە و باقیەکەی لاببات چاکترە. بەڵام پەراوێزەکان، زۆربەیان بۆ ئەو نابن کە زانیارییەکی ئەوتۆ بدەن بە خوێنەر کە هیچ، بە پێش گوتنی دێرە و لاپەڕە و حەتا کولی ڕۆمانەکە، لەزەتی خوێندنەوەی ئاوەها دەقێکی مۆدێرن لەوی حەرام دەکەن. ئەم پەراوێزانە وەکوو سەکتەیەکن لە نێو پرۆسەی خوێندندا.

هەر وەها کە باس کرا وەرگێڕ زۆر دیارە لەم وەرگێڕانە و وەرگێڕی باش و ئیدئال ئەوەیە کە هیچ دیار نەبێ، بەڵام کاک محەممەد هەر لە ڕووبەرگی کتێبەکەیشەو زاڵ بوونی خۆی بە سەر فاکنێر بە چکۆلە نووسینی ناوی فاکنێرو گەورە نووسینی نێوی خۆی پیشان دەدا و لە هیچ لاپەڕەیەکیش نیە کە نەیبینین و ئەمە خەسارە. خەسارێکی گرینگ. ئەندێشەی خۆ بە زانا و بەردەنگ بە نەزان دیتن کە بە کاک محەممەد نابەستێتەوە و زۆر بوونە و هەن کە بەم جۆرە بیر دەکەنەوە. خولیای شرۆڤە کردن کە لەم وەرگێڕانە بە دووپات کردنەوەی چەندجارەی یەک قسە و یەک خاڵ، پاڵ بە تەفهیم کردن دەدا خەسارێکی گەورەی لە ئەو ڕۆمانەی فاکنێر داوە. وەرگێڕی بەڕێز چاک ئەوە بوو کە ئەگەر بەردەنگ و خوێنەری کورد ئەوەندە بە کاڵ فام و لە ئاستێکی خوارەوەی دادەنێ، هەر لە دەقێکی کلاسیکەوە دەستی پێ کردبایا کە خوێنەر فەرز کردوی خۆی پلە بە پلە بهێنایێە سەرەوە تاکوو نە سێ ساڵ کات لە خەسار بدات و نە کتێبخانەی کوردی لەو دەقە کلاسیکانە کە لەم سێ ساڵە دەکرا وەربگێڕدرێنەوە بە بەش دەبوو. هیوادارم کاک محەممەدی بەڕێز یا ئۆلیسی جۆیس — کە بیستوومە دەیەوێ وەریگێڕێتەوە — بەم چەشنە کاری لە سەر نەکا و ئەگەر هەر لە سەر ئەم بیر و بۆچوونەیە، چاکتر ئەوەیە کە دەقێک نێزیک بەو ئەندێشەی خۆیەوە وەرگێڕێتەوە.

سەرچاوەکان
١. حق شناس، علی محمد و ..(١٣٨٨) فرهنگ معاصر هزاره: ج ١. — تهران: انتشارات فرهنگ معاصر
٢ . خرمشاهی، بهاالدین (١٣٩٢)ترجمەکاوی. —تهران: انتشارات ناهید
٣. فاکنێر، ویلیام (١٣٩٥) هەرا و تووڕەیی. وەرگێرانی محەمەد ڕەمەزانی، - سەقز: گوتار
4-Faulkner, William (1954). The Sound and The Fury; Published by Random .House, Inc. New York
5-Merriam-Webster/online (https://www.merriam-webster.com)

سەبارەت بە شێوازی گونجاوی نووسینی ئاکادێمیک

عەلا جارۆڵلاهی

هەواڵنامەی کتێب

پێشەکی

مەبەست لە شێوازی گونجاوی ئاکادێمیک چییە و بۆچی ئەم باسە پێویستە؟

مەبەست لە شێوازی گونجاوی ئاکادێمیک هەم «بەکارهێنانی بەرپرسانەی سەرچاوە، بەڵگە و زانیارییە» و هەم خۆپاراستن لە شێوازی نەگونجاوە لە ژیانی ئاکادێمیکدا. ئەوەیکە ئەم باسە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئاستی شێوازی ئاکادێمیک پێویست ئەکات دەتوانێ لەم سێ خاڵەی خوارەوە کۆ بکرێتەوە: یەکەم ئەو ڕاستییەیە کە شێوازی ئاکادێمیکی ئێمە خاوەن کەموکوڕیی جیدییە و دەبێ گۆڕان بەخۆیەوە ببینێت. خۆپاراستن لە شێوازی نەگونجاو تەنیا ناگەڕێتەوە سەر بەکارهێنانی نەگونجاو و نابەرپرسانە بەڵام ئاگامەندانەی سەرچاوەکان. بەکارهێنانی بەرپرسانە هەروەها و بەهەمان ڕادە گرینگ پەیوەندی بە بەکارهێنانی ئەو ڕەوشتە نەگونجاو و نادرووستانەوە هەیە کە ئێمە بە جۆرێکی نائاگامەندانە بەکردەوەیان دەردێنین و دووپاتیان دەکەینەوە. بۆ نموونە هێنانەوەی وتەی کەسێکی دیکە لە بەرهەمێکدا ئەگەر ئاماژە بە سەرچاوەش کرابێت، دەتوانێ بەجۆرێک بێت کە خوێنەر تێنەگات کێ ئەو وتەی وتوە واتە نووسەر یا ئەو سەرچاوەی وا نووسەر ئاماژەی پێ داوە؟ کەوابوو هەر تک ئەمانە ئاگامەندانەن و ڕەوشتێکی هەڵەن کە لە ڕووی نەزانینەوە بەکار دەهێنرێن و لامان وایە دروستە. ئەمەش خۆی زیان بە پێگەی ئاکادێمیک دەگەیێنێت.

دووهەم خاڵ کە ئەم باسە پێویست دەکات نەبوونی دەستووری ئاکادێمیکە بۆ خوێندکارانی زانکۆ. واتە سەرچاوەیەک کە ڕێنوێنی خوێندکارانی زانکۆ بکات بۆ بەکارهێنانی بەرپرسانەی سەرچاوە و خۆپاراستن لە شێوازی نەگونجاو. ئێمە دەتوانین ئاماژە بە نموونەگەلێکی باش بکەین لە بەکارهێنانی بەجێ و بەرپرسانەی سەرچاوە. بەڵام باسەکە لە نموونەگەلێکی وەها ئەولاتر دەچێت، هەر بۆیە پێویستە هاندەری پێکهێنانی دەستوورێکی گونجاوی ئاکادێمیک بین کە هەر زانکۆیەک لە ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی دەورەی خوێندن لە زانکۆ، خوێندکارانی خۆی پابەند بەو دەستوورە بکات. هەڵخڕاندنی باسێک لە سەر ئەو خاڵانەی وا دەستوورێکی بەوجۆرە دەبێ خاوەنی بێت و هەروەها بردنەسەرەوەی تێگەیشتوویی ئاکادێمیک سەبارەت بەو بابەتە دەتوانێت هەنگاوی یەکەم بێت

بۆ ئەوەی ١) هەر زانکۆیەک خۆی بکاتە خاوەن دەستووریکی دیاریکراو و؛ ٢) هەر خوێندکارێک خۆی بکاتە پابەند بە دەستووری خوێندنگاکەی.
باسێکی بەمجۆرە نایهەوێت بۆ زانکۆکان و ناوەندەکانی فێربوون خەت و نیشان بکێشێت. بە پێچەوانە ئامانجی ئەوەیە کە بە کردنەوەی باسێکی وەها هەم یارمەتیدەری باشترکردنی هەر دەستوورێک بیت کە هەیە و هەم سەرنجی گشتیی بۆ پێویستیی شێوازی گونجاوی ئاکادێمیک ڕابکێشێت.
سێهەم خاڵ پەیوەندی بە بایەخی ئاکادێمیکی بەرهەمێک و متمانەی ئاکادێمیکی بۆ ئەو بەرهەمەوە هەیە. لێرەدا باس لە سەر ڕەوشتێکە کە هەموو کەس بکاتە پابەندی خۆی، ڕەوشتێک کە پەیڕەوکردن و فێربوونی لە لایەن تاکەوە هاوکات بێت لە گەڵ دەستپێکردنی ژیانی ئاکادێمیکی ئەوەوە. گەشەی لێهاتوویی فیکریی تاک لە کۆمەڵگادا بە پەیڕەوکردنی شێوازی درووستی ئاکادێمیک لە لایەن تاکەوە گرێ دراوە چوونکوو لە بۆشایی شێوازێکی بەوجۆرەدا تاک نە دەتوانێت متمانەی ئاکادێمیک بۆ بەرهەمەکەی پێک بهێنێت و نە دەشتوانێت بەرهەمێک بخولقێنێت کە خۆی خولقێنەری بەرهەمی دیکە بێت.

> لە وتارێکدا کە شێوازی گونجاو لە بەکارهێنانی «بەیانی دیکە» و «کورتکردنەوە» بەکارناهێنرێت، ئێمە لە ڕاستیدا لەگەڵ نووسەرێک بەرەوڕوو نین کە کتێبی زۆری خوێندووەتەوە و خاوەن خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی خۆیەتی. نووسەرێکی وەها نەک تەنیا داهێنەر نییە بەڵکوو بە پێوەری ئاکادێمیک نووسەرێکی چالاکیش نییە.

لە درێژەدا هەوڵ دەدرێت چەندین لایەنی ئەم باسە زۆرتر شیی بکرێتەوە. هەوڵدان بۆ باشترکردنی شێوازی ئاکادێمیک هەوڵێکی جیهانییە چوونکوو گرفتەکە گرفتێکی جیهانییە و بۆیە ناوەندە ئەکادێمییەکان زۆر چالاکانە سەرقاڵی باشترکردنی شێوازکانی خۆیانن.
بەکارهێنانی ئاگامەندانە و نائاگامەندانەی شێوازی نەگونجاو

بەکارهێنانی ئاگامەندانەی شێوازی نەگونجاوی
شێوازکانی نەگونجاو دەتوانن بریتین بن لە:

- o دزینی ئەدەبی
- o جەعلکردنی وتەی وەرگیراو
- o کۆپی‌کردن
- o وەرگرتنی یارمەتی نەگونجاو لە کەسانی دیکە
- o یارمەتیکردنی نەگونجاوی کەسانی دیکە
- o جەعلکردنی زانیاریی
- o دووبارە پێشکەشکردنی هەمان وتاری زانکۆ
- o دزینی ئەدەبی لە ڕێگای کۆنتراکتی

هەر ناوەندێکی ئاکادێمیک دەبێ بەتوندی بەرپەرچی ئەو شێوازانە بداتەوە کە نووسەر و پێشکەشکاری باسێک ئاگامەندانە بەکاریان دەهێنێت. خوێندکار دەبێ بزانێت تووشبوون بەو هەڵانە ئاکامێکی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە. هەم وەک دزیی ئاکادێمیک لە ماڵی کەسێکی دیکە کە زەحمەتی بۆ کێشاوە چاوی لێ دەکرێت و هەم دەتوانێت کۆتاییهێنەری ژیانی ئاکادێمیکی تاک بێت. ئەوە ڕوونە کە ئەو جۆرە کردەوانە لە گەڵ ئاکاری باش نایێنەوە و دەبنە هۆی دارمانی سیستەمی فێرکردن و فێربوون. بۆیە هەر دەستوورێک دەبێ بە ڕوونی سزاکان دیاریی بکات کە هۆشدار تا دەرکردن دەگرێتە خۆ.

بەکارهێنانی نائاگامەندانەی شێوازی نەگونجاو
هەر وەک پێشتر باس کرا، شێوازی نەگونجاوی ئاکادێمیک هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازانەی کە نائاگامەندانە و لە ڕووی عادەتەوە بەکار دەهێنرێن. شیکردنەوەی زیانەکانی وەها شێوازگەلێک بۆ سیستەم و ژیانی ئاکادێمیک دەبێ لایەنێکی گرینگی هەر دەستوورێک پێک بهێنێت. ئەو شێوانە دەتوانن وەک دزی ئەدەبی چاو لێ بکرێن ئەگەر بە پێچەوانەی ویستی نووسەر و بێ زانیاریی ئەو ڕوویشی دابێت. گرینگ ئەوە نییە کە پێشکەشکاری کارێک ئامانج و نییەتی ئەوە نەبووە و تەنیا لە ڕووی کەمتەرخەمییەوە تووشی ئەو شێوازە بوە، گرینگ ئەوەیە کە ئەو جۆرە شێوازانە زیان بە پێگەی ئاکادێمیک دەگەیێنن و دەبنە کۆسپێک بۆ گەشەی ئاکادێمیک. چەند نموونەیک دەهێنینەوە.

هێنانەوەی وتە (نقل قول)

هێنانەوەی وتەی کەسانی دیکە یا کورتکردنەوەی باسی کەسێکی دیکە لایەنێکی بەرهەمی توێژەر پێک دەهێنێت. بۆ نموونە لە زۆر کتێب بە زمانی کوردیی یا فارسیی کە تیۆری و بیرۆکەکانی بیرمەندان و فیلسووفەکانی داوەتە بەر باس یا ئەوانی بە کۆمەڵگای خۆیان ناساندوە، لە زۆر جێگادا شێوازی نەگونجاوی هێنانەوەی وتە و کورتکراوە دەبینین. لێرەدا پێویست ناکات ئاماژە بە نموونەکان بکرێت لە بەرئەوەی کەسانێکمان جیا نەکردبێتەوە و هێرشمان نەکردبێتە سەر بەرهەمە پڕبایەخەکانیان. کورتکراوەی بیرۆکەکان یا ئاماژە بە بیرۆکەی کەسانی دیکە زۆر جار هەر هەمان وەرگێرانە لە زمانێکی وەک ئینگلیزی بۆ زمانی کوردیی یا فارسیی. شێوازی درووست و بەجێ لێرەدا کامەیە؟
سەرنجبدەنە هێنانەوەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی وتە. بۆ وێنە بە پێی ڕێنوێنی شێوازی ناوەندی لێکۆڵینەوە ئینسانییەکان لە بریتانیا لە کاتی هێنانەوەی ڕاستەوخۆی وتەیەک کە لە سێ خەت تێناپەڕێت لە گیومە واتە "" کەڵک وەردەگیرێت. بەڵام

وتەی ڕاستەوخۆ کە لە سێ خەت زیاترە دەبێ لە دەق جیا بکرێتەوە (لێرەدا گیومە پێویست ناکات و نێوان کورتکراوەکە و دەق بۆشاییەک هەیە، فۆنتی کورتکراوەکە و لێواری دەقەکەش بچوکترن).

سەرنج بدەن:

(دەق)آآآ آآ آآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآ:

(وتەی ڕاستەوخۆ زیاتر لە سێ خەت. کە بەدوای دەقدا دێت) آآآ آآآ آآآ آآآ آآآ آآآ آآآ آآآ آآآ آآآ آآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآآ.

(درێژەی دەق) آآ آآآ آآآ آآآ آآ

لێرەدا دەگەینە چۆنیەتی بەکارهێنانی ناڕاستەوخۆی وتە و باسی کەسێکی دیکە کە بە paraphrasing (بەیانکردن بە جۆرێکی دیکە) ناو لێ دەبرێت. ئەمە بەو مانایە کە لە بەکارهێنانی ناڕاستەوخۆی وتەی کەسێکی دیکە دەبێ لە وشە و ڕستەی جیاواز کەڵک وەربگیرێت. پەیڕەونەکردنی بەیانی جیاواز کێشە بۆ شێوازی گونجاو دەخولقێنێت. بۆ نموونە سەرنج بدەنە وتارێک و سەرچاوەیەکی ئەو وتارە کە جیاوازی زمانییان هەیە. هەڵەیەک کە لەو جێگانەی وا دوو زمان دەور دەگێڕن زۆر بەرچاوە، تووشبوون بە کۆپیکردن و وەرگێڕانە. بۆ نموونە وتارەکە کە بە زمانی کوردییە ئاماژە بە سەرچاوەیەک دەکات کە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە. لێرەدا پێویستە بەیانەکە وەرگێڕاوی ڕاستەوخۆی وتەکە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردیی نەبێت. لە کاتی وادا لەبەرئەوەی خوێنەر دەستی بە سەرچاوەکە ناگات یا زمانەکەی بۆ نامۆیە، ناتوانێت لێکی بداتەوە کە ئەو وتانە هی نووسەرن یا هی سەرچاوەکە؟ لە هەر حاڵدا نووسەر دەبێ لە وشە و ڕستەی جیاواز کەڵک وەربگرێت دەنا وتەی ناڕاستەوخۆ هەر وەک کۆپی دەردەچێت و بەمجۆرە نووسەر تووشی شێوازی نەگونجاو بوە.

خاڵێکی دیکە لەم پەیوەندییەدا کورتکردنەوەی باسی کەسانی دیکە لە نووسراوەدایە. زۆر جار لە نووسراوەکانماندا لە ڕێگای کورتکردنەوەوە باسی بیرمەندان یا نووسەرانی دیکە بۆ خوێنەر شیی دەکەینەوە. لێرەشدا ئەگەرچی ئاماژە بە بیرمەندەکە دراوە، بەڵام پێویستە کورتکردنەوە بەجۆرێک بێت کە شێوازی گونجاوی ڕەچاو کردبێت. پرسیارێک کە دێتە پێش ئەوەیە کە ئایا ئاماژە بە ناوی بیرمەند یا سەرچاوە بەس نییە؟ جواب ئەوەیە کە نووسەر لە بەکارهێنانی بەیانی دیکە و کورتکراوەدا دەبێ داییمە ئاگای لەوە بێت کە جیاوازی وتەی خۆی و وتەی سەرچاوەکە دەبێ بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە.

ئەو شێوازە نەگونجاوانە لە لایەک مەیل بۆ کۆپیکردن بەهێز دەکەن و لە لایەکی دیکەوە ئاستی توانایی تاک بۆ داهێنان لاواز دەکات. یانی ئێمە وەک نووسەر و خوێنەر چۆن بتوانین بە بیرێکی ڕەخنەگرانەوە لە گەڵ بۆچوونەکان و وتەکانی بیرمەند و توێژەرێک مامەڵە بکەین. لە وتارێکدا کە شێوازی گونجاو لە بەکارهێنانی «بەیانی دیکە» و «کورتکردنەوە» بەکارناهێنرێت، ئێمە لە ڕاستیدا لەگەڵ نووسەرێک بەرەوڕوو نین کە کتێبی زۆری خوێندوەتەوە و خاوەن خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی خۆیەتی. نووسەرێکی وەها نەک تەنیا داهێنەر نییە بەڵکوو بە پێوەری ئاکادێمیک نووسەرێکی چالاکیش نییە.

خاڵێکی دیکە کە دەتوانێت وەک بەکارهێنانی نائاگامەندانەی شێوازی نەگونجاو چاو لێ بکرێت، ئاماژە بە هەبوونی لێکۆڵینەوە لە بوارێکدایە بە بێ ئەوەی ئاماژەی ڕاستەوخۆ بەو لێکۆڵینەوانە بکرێت و وتارەکانیان وەک سەرچاوە بە خوێنەر بناسرێت. بۆ وێنە نووسەری وتارێک دەڵێت «لەم بوارەدا هەندێک توێژینەوەی جیاواز هەیە کە باس لە ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان دەکەن» بەڵام ئاماژە بەو توێژینەوانە نادات. ئەمە دەتوانێت وەک «دزیی ئەدەبی» چاوی لێ بکرێت لەبەر ئەوەی نووسەر ئاماژە بە هەبوونی وەها لێکۆڵینەوەیەک دەکاتە بەڵگەیەک بۆ درووستبوونی لێکۆڵینەوەکەی خۆی لە کاتێکدا ئەو لێکۆڵینەوانە ڕێگاخۆشکەری باس و لێکۆڵینەوەکەی نووسەرن. بۆ نموونە لە گۆوارەکانی پژوهش جامعەشناسی ایران و پژوهش خانوادە و راهبرد فرهنگ لە چەند ساڵی ڕابردوو ژومارەیەک وتار سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستان بڵاو کراونەتەوە. ئەو وتارانە دەبنە سەرچاوە بۆ کەسێک کە بەتەمایە سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستان و هەروەها ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی لەو کۆمەڵگادا توێژینەوە بکات. کەچی لە وتارێک بە زمانی ئینگلیزیی و لە لایەن کەسێک بە پلەی بەرزی ئاکادێمیک ئەگەرچی ئاماژە بەو جۆرە هەوڵانە وەک سەرچاوەی یەکەم کراوە، بەڵام ئاماژەیەک بە ناوی وتارەکان و نووسەرانیان نەکراوە. زیانەکانی ئەم شێوازە ئەوەیە کە لە لایەک پلەی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە کەم دەبنەوە و لە لایەکی دیکەوە پلەی وتارە ئینگلیزییەکە بەرز دەبێتەوە. لێرەدا بە باسنەکردنی لێکۆڵینەوەکان لە سەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و ئاماژەنەکردن بە دۆزینەوەکانیان و تاو و توێ نەکردنیان، باسەکانی گۆوارەکانی سەرەوە دەخرێنە پەراوێزەوە

و ڕێژێکی کەمیان لێ دەگیرێت.

شێیکردنەوەی باسی کەسانی دیکە لە لایەن نووسەرەوە

زۆر کتێب و نووسراوە هەن کە بیرۆکەی کەسانی دیکە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی خوێندن دەدەنە بەر باس. ئەو جۆرە بەرهەمانە نایانهەوێت وەرگێڕاوی کتێبی وەها کەسانێک بن بەڵکوو دەیانهەوێت لە ڕێگای کورتکردنەوەی باسەوە بۆچوونی بیرمەندان لەو بوارانەدا و دەوری ئەوان لە فیکرێک بناسێنن. بەداخەوە گەلێک نموونە هەن کە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە گەڵ وەرگێڕان نییە بەڵام لەبەر جیاوازیی لە زماندا خوێنەری نائاشنا بە زمانی یەکەم ناتوانێت ئەو شێواز هەڵە ببینێت. لە ئاکامدا ئەو بەرهەمانە نابنە گەشەپێدەری خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە لە بیروڕا و تیۆرییەکانی تیۆریسیەن و فەیلسووفەکان، بەڵکوو دەبنە داسەپێنەری بیروبۆچوونەکانی ئەوان. ئەو شێوازە ئاگامەندانە نییە، بەڵام وەک شێوازێکی گونجاو چاو لێ دەکرێت و بووەتە عادەت.

پەیوەندی نووسەر و خوێنەر دەبێ وەک جادەیەکی دوو لایەنە بێت. بەرهەم دەبێ پرسیار پێک بهێنێت و لە گەڵ خوێنەرەکەی بکەوێتە گفتوگۆ. یەکەم هەنگاو بۆ پێکهێنانی وەها کەشوهەوایەک دەبێ لە لایەن نووسەرەوە هەڵبگیرێت چونکوو شێوازەکانی گونجاو و نەگونجاو کە ئەو ڕەچاویان دەکات بە نۆبە کاریگەری باش و خراپی لێ دەکەوێتەوە؛ دەتوانن ببنە پێکهێنەر یا ڕوخێنەری وەها جادەیەک. ئەو بەرپرسایەتییەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، لێرەدا مانا و وگرینگییەکەی دەردەکەوێت.

شیکردنەوەی ناڕاستەوخۆی باسی کەسانی دیکە

گرفتێکی دیکە کە بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە نووسەر بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بۆچوونەکان و باسی کەسانی دیکە لە جیاتی پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەی خۆی، لە ڕای کەسانی دیکە وەک سەرچاوە کەڵک وەردەگرێت و بەو جۆرە بابەتەکەی شرۆڤە دەکات. ئەمە دەکرێ وەک شێوازی ناڕاستەوخۆی پێشکەشکردنی تەفسیر و ڕەخنە لە دەقێک ناو بنێن. لێرەدا ڕوون نییە کە نووسەر لە سەر بۆچوونەکان ڕای خۆی چییە و بۆچی حوکمی کەسانی دیکە بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونی کەسانی دیکە بەکار دەهێنێت؟

ئەمە بەو مانایە کە نووسەر کتێبەکانی ئەو کەسەی کە لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکات نەخوێندوەتەوە و لە قەزاوەتی خەڵکی دیکە بۆ سەلماندن یا ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی ئەو کەسە کەڵکی وەرگرتوە. ئەمەش شێوازێکی نەگونجاوە کە لانیکەم بەرهەمی دوو هۆکارە: یەکەم، یا لە ڕوی عادەتەوەیە و نائاگامەندانەیە یا ئەو کەسە کە قەزاوەتەکەی بەکارهێنراوە لە لای نووسەر جێگایەکی تایبەتی هەیە. دیارە لە زۆر جێگادا دەکرێ لە قەزاوەت و ڕای کەسانی دیکەش کەڵک وەربگیرێت واتە بۆچوونەکان بەراوەرد بکرێن، بەڵام جێگای نووسەر لەو باسەدا دەبێ دیار بێت. دووهەم هۆ لەوانەیە ئەوە بێت کە نووسەر دەستی بە کتێبێکی دیاریکراو ناگات و مەجبوورە لە قەزاوەتی خەڵکی دیکە کەڵک وەربگرێت. بەڵام ئەمەش ناتوانێت بەکارهێنانی شێوازی نەگونجاو پاساو بکات. لێرەدایە کە بەرپرسبوون نابێ قوربانی مەجبووربوون بکرێت. ئەو شێوازەش زیان بە گەشەی ئاکادێمیک دەگەیێنێت و تاکی ڕەخنەگر و داهێنەر بار ناهێنێت.

ئەو شێوازانەی وا زیان بە گەشەی ئاکادێمیکیی تاک دەگەیێنن

هەتا ئێرە ئاماژە درا بە چەند شێوازی نەگونجاوی هەم ئاگامەندانە و هەم نائاگامەندانەی ئاکادێمیک. لە درێژەی ئەم باسە سەبارەت بە شێوازی گونجاوی ئاکادێمیکی چەند لایەنێکی دیکەش هەن کە زۆرتر دەگرنەوە سەر پەیوەندی نێوان خوێندکار، مامۆستا و بەرپرسانی ڕێنوێنەر (استاد و مشاور راهنما) لە ژیان و ڕەوتی گەشەی ئاکادێمیکیی خوێندکار.

مێتۆدۆلۆژی

بەشێکی یەکجار بەرچاوی وتارەکان و دوانامەکان بە زمانی فارسیی بۆ شیکردنەوەی مێتۆدۆلۆژی تەرخان کراوە. لە گەلێک نموونەدا باسی سەرەکی و لێکۆڵینەوەی نووسەر لە بەشی سێ و چوارەوە دەست پێدەکات. واتە خوێنەر دەبێ زیاتر لە پەنجا لاپەڕە بخوێنێتەوە تا بگاتە باسی سەرەکی نووسەر.

ئاماژە بەو مێتۆدۆلۆژییەی وا بەکار هاتوە و ڕوونکردنەوەی چوارچێوەی تیۆری کە نووسەر باسەکەی لە سەر دامەزراندوە بێ گومان پێویستە. بەڵام ئەم پێویستییە ناکاتە ئەوەیکە نووسەر کاتێکی یەکجار زۆر تەرخانی شیکردنەوەی ئەو ڕەوش و بۆچوونانە بکات کە خۆی پابەند دەکات یا ناکات. دیارە لە لای هەموو مامۆستایان ئەوە وەک پێویستیی دیاری نەکراوە، بەڵام لە لای خوێندکار بووەتە عادەت.

لە ئەزموونی نووسەری ئەم دێڕانەدا، بەرپرسی ڕێنوێنەر جەختی کردوەتە سەر دوانەخستنی باسی سەرەکیی. خاڵێکی دیکە کە جەختی کراوەتە سەر ئەوەیە کە مێتۆدۆلۆژی و بۆچوونە نەزەرییەکان دەبێ لە نووسراوەکەدا ڕەنگ بداتەوە. واتە توێژەر لە جەرگەی توێژینەوەکەیدا و بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆرییەکان و چوارچێوە نەزەرییەکان کە خۆی پێ پابەند دەکات، باسەکەی بباتە پێشەوە. بۆ وێنە دوانامە و وتاری ئاکادێمیکیی وا هەن کە هەتا دێڕەکانی کۆتایی چەندین جار مێتۆدەکە وەبیر خوێنەر دەهێننەوە. وتنی پەیتا پەیتای ئەوەیکە وتارێک لە «گراوندد تیۆری» کەڵکی وەرگرتوە دەتوانێ تا چ ڕادەیەک بروا بە وتارەکە زیاد بکات؟ بێگومان تا ڕادەیەک هەیەتی بەڵام نەک زۆر. نووسەر دەکرێ ئەو بەشە بە کورتی و لە سەرەتاوە باس بکات (ئەگەر لای وایە پێویستە) و لە دووپاتکردنەوە خۆی بپارێزێت. ئەمە بەو مانا نییە کە وتارێک نابێ ئاماژە بە مێتۆدەکانی بکات. بەڵام گرینگتر ئەوەیە کە ئەو مێتۆدانە و بەتایبەت تیۆرییەکان لە باسەکەدا ڕەنگ بداتەوە.

شێوازکانی نەگونجاو لە دوانامەکان

زۆرێک لەو دوانامانەی وا هەتا ئێستا لە ئێران لە گۆوارەکاندا

بڵاو کراونەتەوە خۆیان وەک بەرهەمی چەند کەس و نەک تەنیا خوێندکارەکە ناساندوە. زۆرێک دوانامە هەن کە وەک وتار کورت دەکرێنەوە و وەک بەرهەمی جەمعی بڵاوبوونەتەوە واتە هەم ناوی خوێندکارەکە کە لێکۆڵینەوەکەی ئەنجام داوە و هەم ناوی چاودێر (استاد راهنما) و هەم هاوکاری چاودێر (استاد همکار) وەک نووسەر هاتوون. لێرەدا ئەم پرسیارە پێک دێت کە دەوری چاودێران لە پێشبردنی لێکۆڵینەوەی توێژەردا چییە؟

چاودێر تەنیا ڕێنوێنی دەکات و نابێتە خاوەن لێکۆڵینەوەکە و پێویست ناکات لە دۆزینەوەکانی لێکۆڵینەوەکەدا شەریک بێت و قبووڵی بکات. بۆ نووسینی دوانامەی لیسانس و ماستەر، چاودێری یەکەم یا هەموو چاودێرانی بەشدار دەبێ تەنیا سەرنج بدەنە پێشەکی دوانامە و تێبینییەکانی خۆیان پێشکەش خوێندکار بکەن و ڕێنوێنی پێویست بکەن. چاودێران هەروەها تێبینی خۆیان سەبارەت بە پێرستی سەرچاوەکان (فهرست منابع) کە لە لایەن خوێندکارەوە دیاری کراون، دەدەن. لێرەدا ڕێنوێنییەکانی چاودێران دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت. ئیتر ئەوە بۆ خوێندکار دەگەڕێتەوە کە تا چ ڕادەیەک بە پێویست دەزانێت ئەو ڕێنوێنییانە بەکار بەرێت. توێژەر لە کاتی نووسین و لێکۆڵینەوەدا دەبێ دەستی بگاتە بەرپرس هەر کاتێک پێویستی بە یارمەتی بوو یا پرسیارێکی هەبێت. بەڵام شێوازی درووست ئەوەیە کە بەدوای ئەوەی خوێندکار دەقی کۆتایی دوانامەکەی پێشکەشی زانکۆ کردوە، دوانامەکەی بکەوێتە بەردەم لێکۆڵینەوە و ئاستەکەی دیاری بکرێت.

ڕای جیاوازی خوێندکار لە گەڵ چاودێران بە مانای هەڵەی خوێندکار نییە. بە پێچەوانە، چاودیران دەبێ یارمەتی خوێندکار بدەن تا باسەکەی بەرێتە پێشەوە نەک باسێک پێشکەش بکات کە هەموو بۆچوون و دۆزینەوەکانی بە دڵی چاودێران بێت و ئەوان تەیید بکات. لێرەدا گەشەی توانی داهێنەریی تاک کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، گرینگی وەردەگرێت. بەدڵنیاییەوە ئەمە بەو مانا نییە کە خوێندکار لە سەر بۆچوون و شێوازی هەڵە ئیسرار بکات و قسەی چاودێران وەرنەگرێت. بەڵکوو لە هەر جێگایەک خوێندکار ڕێگای خۆی دەگرێتە بەر، باسەکەی لە سەر شیکردنەوەی ئەکەدیمک و بە پشتیوانی سەرچاوەوە دامەزراندبێت و بتوانێت بەمجۆرە باوەڕ و متمانەی ئاکادێمیک بۆ بەرهەمەکەی پێک بهێنێت.

تا ئەو جێگای ئەم باسە پەیوەندی بە دوانامەی دۆکتۆراوە هەیە، جیا لە باسی پێشەکی یا بەسەرکردنەوەی ئەدەبیاتێک کە پەیوەندی بە تێزی خوێندکارەوە هەیە، لە ماوەی چەندین ساڵدا چاودێران تێبینی خۆیان لە سەر بەشەکانی تێزەکە دەدەن و لە کۆبوونەوەی بەردەوامدا تواناییەکانی خۆیان لە خزمەت خوێندکاردا دادەنێن. سەرەڕای ئەمە، لە کۆتاییدا دۆزینەوەکان و تێزەکە تەنیا و تەنیا هی خوێندکارە. دووپات کردنەوەی ئەم وتانەی سەرەوە کە لەوانەیە لای هەندیک کەس «زانیاریی گشتیی» بن، هەم جەختکردنە لە سەر شێوازی گونجاو و ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکاران و بەرپرسانی نوێ بۆ ئەو شێوازانەی وا ئاستی داهێنەریی دەبەنە سەرەوە و هەم داواکارییەکە بۆ ئەوەی شێوازی گونجاو ببێتە بنەمای دەستووری زانکۆکان.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە باسی سەرەوە بە مانای لەبەرچاو ونکردنی هەوڵی بەجێی چاودێران کە ئەو شێوازانەیان ڕەچاو کردوە، نییە. ئامانج جێ خستنیانە. هەروەها ئەگەر هۆکارێکی هاتنی هاوبەشی ناوی توێژەر و چاودێران لە سەر کۆتایینامەکان و وتارەکان مەرجێکە کە چاودێران و گۆوارەکان دایانناوە، لێرەدا دەبێ چاودێران و بە تایبەت گۆوارەکان ببنە هاندەری بلاوکردنەوەی وتار تەنیا بە ناوی توێژەرەوە. توێژەریش لە بەرامبەردا دەبێ هاوپشتی و یارمەتیی ئەو کەسانە لە وتارەکەیدا بسەلمێنێت. بەمجۆرە مافی هەموو کەس پارێزراوە.

تا ئەو جێگای ئەم باسە پەیوەندی بە دوانامەی دۆکتۆراوە هەیە، جیا لە باسی پێشەکی یا بەسەرکردنەوەی ئەدەبیاتێک کە پەیوەندی بە تێزی خوێندکارەوە هەیە، لە ماوەی چەندین ساڵدا چاودێران تێبینی خۆیان لە سەر بەشەکانی تێزەکە دەدەن و لە کۆبوونەوەی بەردەوامدا تواناییەکانی خۆیان لە خزمەت خوێندکاردا دادەنێن. سەرەڕای ئەمە، لە کۆتاییدا دۆزینەوەکان و تێزەکە تەنیا و تەنیا هی خوێندکارە.

بایەخی ئاکادێمیک، متمانەی ئاکادێمیک

هەر بەرهەمێک جیاواز لەوەیکە بۆچوونەکان و دۆزینەوەکانی قبووڵ بکرێت یا ببێتە جێگای موناقشە، دەبێ خاوەن بایەخی ئاکادێمیک بێت و متمانەی ئاکادێمیک بۆ خۆی دەستەبەر بکات. ئەمەش لە پێشدا لە ڕێگای ڕەچاوکردنی شێوازی گونجاوی ئاکادێمیکەوە مسۆگەر دەبێت. نەبوونی وەها شێوازێکی گونجاو کە لە لایەن نووسەرەوە لە ڕووی کەمتەرخەمی و نائاگامەندانە پێک هاتوە، توانیویەتی کێشەی زۆر بۆ زۆر بەرهەم و نووسەر بخولقێنێت. لێرەدا نموونەیەک دەهێنینەوە کە لە لایەن ڕیچارد ئیوانس پڕۆفیسۆری مێژووی هاوچەرخ لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی بەرەنگاریی لە مێژوو ئاماژەی پێ کراوە و دراوەتە بەر باس.

هەر وەک ئیوانس دەڵێت لە ئەنجامی کەمتەرخەمی لە ئاست ئاماژە و هەڵسەنگاندنی بەڵگەوە، لە کۆمەڵگای ئاکادێمیک لە وڵاتی ئامریکا و لە ساڵەکانی یەکەمی دەیەی هەشتای زایینی کێشەیەک بەناوی «کێشەی ئابراهام» ناوبانگی دەکرد. ئەو کێشەیە پەیوەندی بە کتێبی دارمانی کۆماری وایمار

(١٩٨١) و نووسەرەکەی پرۆفیسۆری مێژووی سیاسیی دەیوید ئابراهامەوە هەبوو. لە ئاکامی هەوڵی کەسانی دیکە بۆ سەلماندنی هەڵەی زۆر لەو کتێبەدا و کەمتەرخەمیی لە ئاست بەڵگەکان کە ئابراهام لە ئارشیودا کۆی کردبوونەوە، کتێبەکە بایەخی خۆی لە دەست دا. بە وتەی ئێوانس ئەگەرچی نووسەر لە چاپی دووهەمدا گەلێک هەڵەی ڕاست کردەوە، بەڵام بەو کارەش گرفتی زۆرتری خولقاند لە بەر ئەوەی بەڵگەکان ئیتر پشتگری ئیدیعای کتێبەکەیان نەدەکرد. هەر وەک ئێوانس دەڵێ لە ئاکامی کەمپەینێک لە لایەن کەسانی دیکەوە کە لایان وابوو ئابراهام ئیتر شیاوی ئەندامەتی لە کۆمەڵگای توێژەران نییە، ئابراهام وازی لە بواری مێژوو هێنا و دواجار چوە بواری وەکالەت کە بە بڕوای ئێوانس بوارێکە «کە لەوێدا دەستێوەردانی بەڵگە و تەفسیرکردنی دەق ئاسانتر و سەرەڕۆیانەتر ئەنجام دەدرێت لەوەیکە لە بواری مێژوودا مەجالی هەیە». خاڵیکی سەرنجڕاکێشی دیکە کە ئێوانس باسی دەکات ئەوەیە کە کاتێک وردبینی و تێبینی سەبارەت بە ئاماژە بە بەڵگە و سەرچاوەکان وەک بنەمای ئیدیعاکانی ئەو کتێبە هەتا دەهات زۆرتر دەبوو، یەکێک لە دژبەرەکانی ئەو بەرهەمەی بەو قەناعەتە گەیاند کە «خاوەندارێتی پلەی دۆکتۆرا لە خۆیدا متمانەی ئاکادێمیک بۆ بەرهەمێک پێک ناهێنێت».

کەوابوو بەرهەمێک کە نەتوانێت متمانەی ئاکادێمیک لە ئەنجامی ڕەچاوکردنی شێوازی گونجاو و هەڵسوکەوتی توێژەرانە لە گەڵ بەڵگە و تەفسیردا دەستەبەر بکات، بەرهەمێکە کە خاوەن بایەخی ئاکادێمیکیش نابێت. وەک لەو نموونەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، ڕەچاوکردنی دوو بنەمای بایەخ و متمانەی ئاکادێمیکە کە دەتوانێت سەرنج بۆ ناوەرۆک و باسی هەر بەرهەمێک ڕابکێشێت. خاوەن بایەخ و متمانەبوونی بەرهەمێک گرێدراوی قبوولکردنی بۆچوونەکانی ئەو بەرهەمە لە لایەن هەمووانەوە نییە. ئێمە دەتوانین ڕای جیاواز و خوێندنەوەی جیاوازمان لە بەرهەمێک هەبێت کە خاوەن بایەخی ئاکادێمیکە. لێرەدایە کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی جۆربەجۆر لە بابەتێک، ململانەیەکی تەندرووست و بە قازانجی گۆڕەپانی فیکریی و سیستەمی ئاکادێمیکیی پێک دێت.

ڕووڕاستیی ئاکادێمیک

ڕووڕاستیی ئاکادێمیک بەو مانایە کە نووسەر نەک تەنیا لە کاتی بەکارهێنانی ڕستە و کورتکراوەی باسی کەسێکی دیکە بەڵام هەروەها لە کاتی کەڵک وەرگرن لە هەر چەمک و عیبارەتی کەسانی دیکەش ئاماژەی بە سەرچاوەکانی کردبێت. لە هێنانەوەی نموونەی «کێشەی ئابراهام» لەم وتارەدا، نووسەر چەندین جار ئاماژەی بە ناوی ڕیچارد ئێوانس کرد. ئەگەر خوێنەر ئەو ناوە لەم وتارەدا دەربکێشێت و جارێکی دیکە ئەو بەشە بخوێنێتەوە، لای وایە کە نووسەری ئەم وتارەیە کە خەریکە باسی ئەو نموونە دەکات لە کاتێکدا لە ڕاستیدا ئەو جێگانە هەمووی قسەی ئێوانسە و نووسەر تەنیا لە پاراگرافی ئاخردا خوێندنەوەی خۆی پێشکەش دەکات.

کەوابوو ئەگەر گیومەکانی ڕستەی «خاوەندارێتی پلەی دۆکتۆرا لە خۆیدا متمانەی ئاکادێمیک بۆ بەرهەمێک پێک ناهێنێت» لابەرین، دیسان دیار نییە کە چ کەسێک ئەو وتەی هێناوەتەوە. وتەی «خاوەندارێتی...» ئیتر وەک عیبارەتێکی لێ هاتوە و باشتر ئەوەیە هەر کاتێک پێویست کرا لەو عیبارەتە لە باسێکی دیکەدا کەڵک وەربگیرێت، نووسەر وای نەنوێنێت کە ئەوە وتەی خۆیەتی. ئەو جۆرە هەڵانە هەر وەک لە سەرترەوە ئاماژەی پێ کرا، نائاگامەندانە ڕوو دەدەن. ئەمە بۆ بەکارهێنانی چەمک (مفهوم)، وشە و عیبارەتی کورتتریش دەگونجێت. بۆ نموونە سەردێری زۆر کتێب یا وتار هەن کە چەمک و عیبارەتێکی نوێ دەخولقێنن. بۆ وێنە ساموێل هانتیگتۆن قۆناخی دوای کۆتاییهاتنی سەردەمی شەڕی سارد وەک قۆناخی «پێکدادانی شارستانییەتەکان» پێناسە دەکات. لە بەرامبەردا ئێدوارد سەعید عیبارەتی «پێکدادانی پێناسەکان» دەخولقێنیت. بۆیە لە بەکارهێنانی وەها چەمک و عیبارەتێک لە لایەن توێژەرانی دیکەوە بەدڵنیاییەوە شێوازێکی گونجاو هەیە کە پیشانی بدات ئەوانە بە قەرز وەرگیراون و داهێنانی کەسانی دیکەیە. لانیکەم دوو شێوازی گونجاو بریتین لەوەی ئەوانە لە گیومەدا دابنرێن یا بوترێت «هەر وەک توێژەر دەڵێت».

هەروەها تا ئەو جێگای وا بە پێناسەکردنی چەمک دەگەڕێتەوە دەبێ بۆ خوێنەر ڕوون بکرێتەوە کە ئەو پێناسەیەی کە کوێوە وەرگرتوە. بۆ نموونە پێناسەکردنی ئایدیۆلۆژیا وەک «مانایەک کە خزمەتکاری دەسەڵاتە» (ایدیولوژی به معنای تعریف در خدمت قدرت) جیاوازە لە پێناسەکردنی باوی ئایدیۆلۆژیا وەک کۆی سیستەمی باوەڕەکان و ئایدیاکان. واتە باوەڕەکانی (ئایدییاکانی) باو ماناکردنی لایەنەکانی کۆمەڵگای ئێمەن بەڵام ئەو مانایانە کە لە باری فەرهەنگییەوە پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتییان هەیە، کۆمەڵگا بەجۆرێک بۆ ئێمە مانا دەکەن کە خزمەتی دەسەڵات

دەکات. کتێبی تۆمپسۆن بە ناوی ئایدیۆلۆژیا و فەرهەنگی هاوچەرخ ئایدیۆلۆژیی بەو جۆرە مانا دەکات. کەوابوو، توێژەرێک کە ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا لە کۆمەڵگای هاوچەرخ و لە جەرگەی گەشەی پەیوەندییدا دەداتە بەر باس و ئەو پێناسەیە بۆ باسەکەی بەکار دەبات، دەبێ سەرچاوەی ماناکردنی چەمکی ئایدیۆلۆژیا بەوجۆرە دەست نیشان بکات. چەمکەکانی «دەسەڵات و زانیاریی و گوتار»ی فوکۆ و چەمکی «هێژمۆنی» گرامشی دەتوانن چەند نموونەی دیکە بن.

ڕێزی ئاکادێمیک

مەبەست لە ڕێزی ئاکادێمیک ڕێزگرتنە لەو بەرهەمانەی کە لە هەمان بواری توێژەردا پێشتر پێشکەش کراون. ڕێزی ئاکادێمیک بە مانای پشتڕاستکردنەوە و سەلماندنی ئەو بەرهەمانە نین. توێژەر دەیهەوێت سنوورەکانی ئەو بەرهەمانە ببەزێنێ و بە پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی نوێ لە هەمان بواردا تێگەیشتنی ئێمە سەبارەت بە بابەتەکە بباتە سەرەوە.

سەرەڕای ئەمە، توێژەر دەبێ بە ئاماژەدان بە کاری کەسانی پێش خۆی — تەنانەت ئەگەر ئەو کارانە بە لاواز بنرخێنێت — توێژینەوەی خۆی بەرێتە پێشەوە. ڕەنگە زۆر جار پێویست بێت کە ململانەی ئاکادێمیکی زۆر توندیش بکەیت. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە توێژەر بە ئاماژە بە کاری ئەو کەسانە خوێنەر ئاگادار بکات کە خۆی دەیهەوێت ئەو بابەتانە بداتە بەر باس کە یا لە لایەن کەسانی پێشترەوە لە پێش چاو ون کراون یا خوێندنەوەیەکی هەڵەیان لێ کراوە. بەرهەم لە ئاکامی ڕەچاوکردنی وەها شێوازێک دەبێتە خاوەن بایەخی ئاکادێمیک و خوێندنەوەیەکی بە خوێندنەوەکان زیاد کردووە.

وەک نموونەیەکی گونجاو لە شێوازی ئاکادێمیک، دیک دەیویس لە کتێبی ڕواڵەتەکانی ئەڤین: حافێز و شاعیرانی شیراز (ئینگلیزیی، ٢٠١٣) شێعری حافیز، جیهان مەلەک خاتوون و عوبەید زاکانی لە سەدەی چواردەهەم و بە پێچەوانەی تەفسیری عیرفانی کە زۆر باو بوە، تەفسیرێکی زەوینی لەو شێعرانە بەدەستەوە دەدات واتە ئەو شێعرانە وەک ڕەنگدانەوەی چۆنییەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵات دەناسێنێت. دەیویس لەو بەرهەمەدا لە لێکۆڵینەوەی دیکە وەک سیر غزل در شعر فارسی از آغاز تا امروز نووسینی سیروس شمیسا و حافظ: خونیاگری، می و شادی نووسینی هما ناتێق کەڵکی وەرگرتوە و بە ڕوونی سەرچاوەکانی خۆی باس کردوە و ڕۆڵی ئەو نووسرانەی دیکەی سەلماندوە.

وەک دەبینین لە بەرهەمێکی بەوجۆرەدا هەم لە بەرهەمەکانی دیکە کەڵک وەرگیراوە و هەم ڕێزی ئاکادێمیکیان لێ گیراوە. کەوابوو، بەرهەمێک پێویست ناکات بە لەبەرچاونەگرتنی بەرهەمی دیکە و بە سڕینەوەی باسەکانیان، لێکۆڵینەوەکەی خۆی بباتە پێشەوە. وەها بەرهەمێک تا مەجالی هەیە دەتوانێت هەم ئاماژە بە بەرهەمەکانی پێش خۆی بکات و هەم ڕوونی بکاتەوە کە چ شتێک بەرهەمەکەی خۆی پێویست کردوە. ئەگەرچی ئاماژە بە هەموو بەرهەمەکان مەجالی نییە، بەڵام توێژەر دەتوانێت ئەوەش بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە کە، بۆ نموونە، تەنیا ئاماژە بەو بەرهەمانە دەکات کە لە خوێندنەکەی ئەودا جێگایەکیان هەیە.

> بەرهەمێک کە نەتوانێت متمانەی ئاکادێمیک لە ئەنجامی ڕەچاوکردنی شێوازی گونجاو و هەڵسوکەوتی توێژەرانە لە گەڵ بەڵگە و تەفسیردا دەستەبەر بکات، بەرهەمێکە کە خاوەن بایەخی ئاکادێمیکیش نایێت. ڕەچاوکردنی دوو بنەمای بایەخ و متمانەی ئاکادێمیکە کە دەتوانێت سەرنج بۆ ناوەرۆک و باسی هەر بەرهەمێک ڕابکێشێت.

هەر لەم بارەوە زۆر توێژەری نوێ هەن کە ئاماژە بە خاڵێکی درووست دەکەن. ئەویش ئەوەیە کە لە بوارێکدا بۆ وێنە ئەدەبیاتی کوردیی یا مێژووی کوردستان بە زمانی ئینگلیزیی هەم لێکۆڵینەوەکان بەرتەسکن و هەم لەو بوارەدا تەنیا ناوی چەند کەسێک بەرز بوەتەوە و بوونەتە خاوەن سەروەرییەکی کولتووریی لەو بوارەدا کە ململانەی لەگەڵیان بوەتە کارێکی زەحمەت. لێرەدا توێژەر لای وایە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی گشتی بەرهەمەکانی ئەو کەسانە بەرتەسکە، بەجۆرێک کە ئەوان ناکاتە خاوەن پێگەیەکی بەرز. لێرەدا ئەم پرسیارە پێک دێت کە ئایا توێژەر دەتوانێت ئەوان لە توێژینەوەی خۆیدا لە بەرچاو نەگرێت؟

توێژەر لە بەر پاراستنی ڕێزی ئاکادێمیک دەبێ بە ئاماژە بە کاری ئەو کەسانە توێژینەوەی خۆی دەست پێ بکات بەڵام لە

هەمان کاتدا بۆی هەیە (و دەبێ) چوارچێوەی بەرتەسکی ئەو کارانە ڕوون بکاتەوە و خوێنەر ئاگادار بکات کە توێژینەوەکەی خۆی چ بۆشاییەک پڕ دەکاتەوە. ڕەوشتێکی وەها هەم ڕێزی ئاکادێمیک ڕادەگرت و هەم بایەخی توێژینەوەی توێژەر دەباتە سەرەوە. لە ڕاستیدا ئێمە لە سەر بنەمای توێژینەوەی کەسانی دیکە هەرچەندە بەرتەسکیش بن، توێژینەوە دەکەین و بیروبۆچوونی نوێ پێک دەهێنین. ئەمە لە هەمان کاتدا پێک هێنانی کەشوهەوایەکی سالمی ئاکادێمیکە.

لە کۆتاییدا و لە پەیوەندی بە ڕێزی ئاکادێمیک خاڵێکی گرینگی دیکەش هەیە. کاتێک ئیوانس لە کتێبەکەیدا لە سەر کێشەی ئابراهام ڕای خۆی دەردەبڕێت، باسی ئەوە دەکات کە ناوبراو نائاگامەندانە و لە ڕووی کەمتەرخەمییەوە و نەک بە ئەنقەست تووشی دەستێوەردانی بەڵگەکان بوە. ئیوانس لە جیاتی پەلامار بۆ سەر تاکەکە و بۆچوونەکانی سەرنجی خوێنەرانی بۆ بابەتی گرینگی مامەڵە لە گەڵ بەڵگە و شێوازی بەجێی ئاکادێمیک ڕادەکێشێت. دیارە ئەمە ناکاتە ئەوەیکە هەوڵی بەئەنقەست و ئاگامەندانە لە بەر چاو ون بکەین. ئامانجی سەرەکیی باسەکەی ئیوانس سەلماندنی گرینگی مێژووە وەک بوارێکی خوێندن و توێژینەوە کە کەوتە بەر هێرشی شەپۆلی پۆست مۆدێرن و هەر بەو ڕێژە ئاکادێمیکییەشەوە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە لە ژمارەیەک دەقی پۆست مۆدێرن پێشکەش دەکات و تێبینییەکانی ژمارەیەکی دیکەش دەسەلمێنێت.

چەند پێشنیارێک وەک ڕێگاچارە

o ڕێنوێنی شێواز

ئەمە زانیارییەکی گشتییە کە تاک دەبێ یەکێک لە ڕێنوێنی شێوازکان واتە guide style بۆ بوارەکەی خۆی هەڵبژێرێت و دابیمە پەیڕەوی بکات تا وتارەکەی لە هەموو بارێکەوە شیاوی پێشکەشکردن بێت. هۆی دووبارەکردنەوەی ئەو خاڵە ئەوەیە کە دەستووری خوێندنگاکان دەبێ یارمەتیدەری خوێندکاران بێت بۆ بەکارهێنانی ئەو ڕێنوێنی شێوازە کە بۆ بوارەکەی ئەوان گونجاوترە.

o کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون و نووسراوەی زانکۆکانی دیکە سەبارەت بە چۆنیەتی شێوازی گونجاوی ئاکادێمیک.

بۆ وێنە زانکۆکانی بریتانیا هەم خاوەن ڕێنوێنی لەم بارەوە هەن و هەم سیاسەتی زانکۆش بەرامبەر بەم بابەتە بە ڕوونی باس کراوە. لە زانکۆی سەینت ئاندرووس لە سکۆتلەند یەکێک لە مەرجەکانی تۆمارکردنی (ثبت‌نام) خوێندنکار ئەوەیە کە خولێکی چەند سەعاتە بە شێوازی ئانلاین تێپەڕ بکات و بروانامەی تێپەڕکردنی ئەو خولەی وەرگرتبێت. خوازیاری زانکۆ بێ تێپەڕکردنی ئەو خولە ناتوانێت دەورەکەی دەست پێ بکات. ئەگەر زانکۆکان لە ئێران بتوانن خاوەن وەها ڕێنوێنی و سیاسەت و مەرجی تۆمارکردن بن، دەبینین کە هەنگاوێکی زۆر گرینگ بۆ جێخستنی شێوازی گونجاو و بەرگریکردن لە کردەوەی نەگونجاو هەڵگیراوە.

o ئەرکی مامۆستا و چاودێرانی ڕێنوێنەر

ئەو دەستوور و پەیڕەوانەی وا هەر زانکۆیەک بە ئامانجی جێخستنی شێوازی گونجاوی ئاکادێمیک و هەروەها بۆ گەشەی ئاکادێمیکی تاک پەسەندی دەکات، دەبێ خاوەن ئەم لایەنەش بێت کە دەگەڕێتەوە سەر پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا. بە کورتی هەر وەک لە سەرتروە ئاماژەی پێ کرا، مامۆستا بەرپرسە ١) بۆ ڕێنوێنی کردنی خوێندکار لە ئاست پەیڕەوکردنی شێوازی گونجاوی ئاکادێمیک و؛ ٢) بۆ هاندانی خوێندکار بۆ ژیانێکی سەربەخۆی ئاکادێمیک. ئەمە بەو مانایە کە سنوورەکانی ڕێنوێنیی دەبێ دیاریکراو بن واتە مامۆستا و چاودێران (بۆ وێنە لە دوانامەکاندا) دەبێ تەنیا ڕێگای چۆنییەتی ئەنجامدانی توێژینەوە نیشان بدەن. دەسکەوتی توێژینەوە هی توێژەرە و ئەو خۆی بەرپرسی لێکۆڵینەوەکەی خۆیەتی.

o بردنەسەرەوەی ئاستی زانیاریی سەبارەت بە بەرپرسایەتی بەرامبەر سەرچاوە.

لەوانەیە دەستوورەکان نەتوانن هەموو لایەنێکی ژیانی ئاکادێمیکی بدەنە بەرباس. بۆیە خوێندکار و تاکی ئاکادێمیک بەگشتی دەبێ دابیمە سەرنجی ئەم لایەنەی کارە ئاکادیمییەکەی بدات و خۆی فێربکات و بەرپرسایەتی بەرامبەر سەرچاوە بنەمای هەوڵەکانی پێک بهێنێت. تەمەنی بەرهەمێک کە شێوازی گونجاو پەیڕەو دەکات، درێژتر دەبێت.

کۆتایی

باس لە سەر بنەماکانی شێوازی گونجاوی ئاکادێمیک زۆر لایەنی دیکە لە خۆ دەگرێت کە لێرەدا باس نەکراون. سەرەڕای ئەمە، ئەم نووسراوە بۆ هەڵخراندنی باسێکە سەبارەت بە گرفتەکانی شێوازی ئاکادێمیک. هەر وەک باس کرا، ئەو گرفتە جیهانییە بەڵام زۆرێک لە ناوەندە ئاکایمییەکان هەرچی زۆرتر خۆیان پابەندی شێوازی گونجاوی ئاکادێمیک کردوە؛ زانکۆکان لە زۆر وڵاتدا هەمووساڵێک دەستوور و پەیڕەوەکانی خۆیان بەسەر دەکەنەوە. لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەدا خوێندکار و توێژەران هەم ئاگاداری شێوازی گونجاوی ئاکادێمیکن و هەم ئاگاداری ئاکامە خراپەکانی ڕەچاو نەکردنی وەها شێوازێکن.

لە بەر بۆشاییەک کە لەم بوارەدا و لە سیستەمی ئاکادێمیک بۆ وێنە لە وڵاتی ئێران یا لە هەرێمی کوردستان بەرچاو دەکەوێت، پێویستە ئەم باسە بەرەو پێش بەرین. پێشبردنی ئەم باسە بەدڵنیاییەوە ئاکامێکی باشی بۆ ژیانی ئاکادێمیکی کۆمەڵگاکەمان دەبێت. ئەمە ئامانجی سەرەکیی ئەم نووسراوەی پێک هێنا.

سپاس و پێزانین:

ئەم وتارە ئەنجامی پێشکەشکردنی باسێکە کە لە لایەن نووسەرەوە لە کۆبوونەی ژمارەیەک لە مامۆستایان و خوێندکاران لە مەدرەسەی زمانە هاوچەرخەکان لە زانکۆی سەینت ئاندرووس (سکۆتلەند) لە خەزەڵوەری ١٣٩٥ پێشکەش کرا و هەروەها و بە تایبەت ئاکامی یارمەتی و تێبینییەکانی چەند کەسی دیکەیە کە پێشنووسی وتارەکەیان خوێندەوە.

گەڕان بۆ ڕەهەندەکانیتری شیعریی "شێت"

عادڵ قادری

پوختەی وتار

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت کە هەندێ لایەنی ئەزموونی شیعریی شێت کەشف بکرێت و بخرێتە روو، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە کەمتر پەرژاونەتە سەر زمان و فۆرم لە رووی ئۆنتۆلۆژی و بوون ناسییەوە. ئەم ئەزموونە شیعرییە دەشێت هەڵگری باس و خواسی زۆرتر لەوەی بێت کە من لێرەدا و لەهەندێ بەش دا تەنها فایلێکم بۆ کردۆتەوە و بە شێوەیەکی هێزەکی وتارەکەم ئاوس کردووە بە کۆمەڵێک ئایدیا و بیرۆکە کە دەشێت نووسەران و رەخنەگرانیتر لەسەری برۆن و تیشکی زۆرتری بخەنە سەر و باشتر شی کەنەوە. لە بەشی بەرایی دا باسی رۆڵ و پێگەی خوێنەری کورد دەکرێت و ئەو هاوکێشەی دەقیی و نڤیسکاریی و مەعریفییەی کە گرێدراوی دۆخ و دۆزی مێژوویی تاکت کوردە بە روانینێکی گشتی باس کراوە، هەر چەند لە شوێنیتر دا و لە قەوارەی وتاری درێژ دا باسم کردووە. لە بەشی دووهەم یان کۆتایی باسەکەشم لەم وتارە ئەزموونی شاعیری شێت و گەشە و نەشەی زمان و فۆرم و پێکهات و مانا لە روانینێکی تایبەتەوە و بە هێنانەوەی چەند نموونەی شیعری و لێکدانەوەی پاژبینانەی دوو دەفتەری شاعیر خراوەتە روو.

کلیل وشەکان: ئەزموونی "شێت"، وێناندن(imagination)، هاوبوون(coming community)، ئاسۆی چاوەڕوانی(horizon of expectation)، وێنەی بزۆک(حەرەکەتی).

بەرایییەکی پێویست

دەستنیشانکردنی کۆڵەکە یان تۆخمەکانی ئەزموونی شیعریی شێت لە ئاستێکی داخراو و ئاسۆیی دا ناپۆرێت و باشترین رێگە بۆ فامکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەم ئەزموونە خودی دەقی شێتە، واتە دەبێت لە رووبەرێکی ئەستوونی و باڵاکردنی دا بخوێنرێتەوە. رووبەرێک کە لەدایک بوون و گەشە و نەشەی "شێت" لە رووی پێکهات و فۆرم و تەنانەت ماناشەوە بگێرێتەوە. هەمیشە گەڕانەوە بۆ دەق بە روانینێکی فرەرافەیی و کراوەوە دەشێت بەشێک لە تایبەتمەندی و جیهانی دەق بۆ ئێمە دەربخات و بەشێک لە دەقێتی ئێمەش وەکوو خوێنەر و نڤیسکاریتری دەق بخاتە روو. بەم پێیە کاتێک ئێمە دەڵێین "دەق" تەنها لە خودی دەق قسە ناکەین بەڵکوو لە ئاستێکیتری زێرین و زۆر گرینگ باسی خوێنەر دەکەین، دەقێک کە لە دواجار دا هیچ چارەنووسێک لەبەردەمی نییە جگە ئاراستەی چاو و زەین و رۆح و بەگشتی وجوودی خوێنەر، ئەوەی کە خوێنەر چۆن دەق دەخوێنێتەوە بێگومان کێشەی دەق نییە یان با بڵێین هەمووی کێشەی دەق نییە، بەڵام پێوەندییەکی بزۆز لە نێوان دەق و خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوە دا لە ئارایە کە بێگومان لە فۆرمێکی دانوستان و تەعامولی دا دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەق تیشکەکانی بپپرشێنێت. ئەوەش کە دەق بۆ چ خوێنەرێک دەنووسرێت و ئایا بۆ خوێنەر دەبێت بنووسرێت یان نا؟ باسێکی دوور و درێژە و لای من وەڵامەکەی روونە ئەگەرچی باس هەڵگریشە. کاتێک ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە لە گۆشەنیگایەکەوە ئەگەرچی رۆڵی دانەری دەق زەق دەبێتەوە بەڵام ئەم پرۆسێسە لای ئەو کۆتایی پێ نایەت و ئێمە دەگەینە ئەو پنتە راستەقینەیە کە سێ کۆڵەکەی دانەر، دەق و خوێنەر پێکی دێنن. شتێک کە لەم هاوکێشەیە دا بەردەوام دەکرێت باسی لەسەر بکەین و کاکڵی روانینی ئێمە بۆ خوێندنەوە بە مانا هایدیگرییەکەی بسازێنێت١. چەمکی خوێنەر لە لای هایدیگر تەنها بەواتای وەرگر(خوێنەر) نایەت بەڵکوو مانای دانەر یان نووسەریش دەدات بەڵام لە ئاستێکیتر و پلەیەکی دیکە دا. نووسەر یان دانەر ئەو خوێنەرەیە کە فامی خۆی لە جیهان وتێگەیشتنی لەو شتەی کە لە بوونی ئەو دا دەرکەوتووە، دەکات بە دەق. لەم پرۆسێسە دا خوێنەر دوو پلە وەردەگرێت پلەیەکی دانەرانە و نڤیسکارانە کە دانەری دەقە و پلەیەکی مێژووەمەندانە و خوێندنەوەتەوەر کە وەرگری دەقە. خوێنەری یەکەم ئەو خوێنەرەیە کە فام و خوێندنەوەی خۆی بۆ جیهان چ وەکوو بابەتێکی دەرهەست و ئینتزاعی و چ وەکوو بابەتێکی بەرهەست و مێژوویی لەقەوارەی دەق و زمانی خۆی دا

دادەڕێژێت و خوێنەری پلەی دووهەم تەنها کاتێک دەتوانێت لە پلەی وەرگر و بەرکاری دەقی دانەر یان خوێنەری پلە یەک تێپەڕێت، کە فامی خۆی لە خوێندنەوەی دەق(کە بێگومان لە فۆرمیتر دا لە سەر بنەمای خوێندنەوەی ئەو بۆ جیهان و بوونی خۆی تا ئەو ساتە دێتە ئاراوە واتە ڕووداوێکی بوونناسانەیە) بنووسێتەوە، واتە بخوێنێتەوە و دواتر ڕەخنەی بکات، ئەم خوێنەرە هەر ناوێکی بە باڵا دا ببڕین(بزۆز)، چالاک، وشیار، کراوە و...لە پرۆسێسێکی بەردەوام و دانوستانە لەگەڵ دەق و دانەر دا گەشە و باڵا دەکات. کەواتە بەم پێیە ئەزموونی دانەر خوێندنەوەیەکی بوونناسانەیە لە قەوارەی زمان و فۆرمێکی زمان(کە لێرەدا شیعرە) و ناوی دەقە، کە لە ڕێگەی خوێندنەوەی کۆچەرییانە٢ و ئۆقرەنەگرتووی وەرگر ڕەهەندەکانی کەشف دەکرێن و دەخرێنە ڕوو و لەم تۆرە سێ گۆشە و تێکتەنراوە دا "تێگەیشتن" ڕوو دەدات، تێگەیشتنێک کە کاتێک ئێمە ڕووبەڕووی دەقی ئەدەبی و بە تایبەتیتر شیعر دەبینەوە ڕێژەییتر و سڵۆکتر دەبێت. بێگومان ئەم ڕەوت و پرۆسێسەی دەق و خوێنەر و دانەر پلە و ماهییەتیان لە هەر دیسکۆرس(discours) و کەلتوور و زمانێک دا بە زۆر هۆکاری مێژوویی و سیاسی زۆر هەمدیس ڕێژەیی دەبێتەوە، واتە خوێنەرێکی ئێستای دەقێکی ئەدەبی تۆ بڵێ شیعرێکی فەرەنسی لە پاریس زۆر جیایە لە خوێنەری شیعرێکی ریمبۆ لە کوردستان، خوێندنەوەی خانمێکی ئەمریکی بۆ شیعری مەحوی زۆر جیاوازە لە خوێندنەوەی کچێکی سنەیی یان سلێمانی یان هەولێری لە مەحوی...ئەمە بەشێکی لە تێڕوانینی دیاردەناسانە بۆ بوونی دەق و تیۆرەی وەرگرتن(دریافت)٣ و ڕێژەمەند بوونی خوێندنەوە سەرچاوە دەگرێت و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی سەرەکی دەقی یان شیعرێک کە لەناو ئەو زمانە دا ڕووی داوە ئەم تەوەرەی دووهەم باسێکی ئاڵۆز و سەربەخۆیە و لێرەدا ناپەرژێمە سەری بەڵام بەگشتی دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە خوێندنەوە بەرهەم و ئەنجامی پلە و ماهییەت و ئاستی وجوودی خوێنەرە کە ئەمەش کاتێک وابەستە و

> ئەڵماسی هیچ بزەیەک
> نەخشەی خەڵووزی
> وێرانی دڵم...
> ئەو ڕستەیە تەواو نابی بە
> دڵپڕی
> ئەڵماسی وێرانی بزەت کە
> خەریکە چاوەکانم...
> ئەو شیعرە درێژە نادری
> ئاوا بە هەست
> هزر دەڵێ: ئەڵماسی
> ئەوین درۆیە.

پێبەستەی زمانی دەق دەبێتەوە باشتر ماناکەی دەردەکەوێت. واتە ئەگەری ئەوە هەیە کە خوێنەرێکی ئەمریکی قووڵتر لە مەستوورەی ئەردەڵان بڕوانێت(ئەگەرچی زمانەکەشی کوردی نییە و لەڕێگەی وەرگێڕانەوە مەستوورە دەخوێنێتەوە واتە با کوردی و فارسیش فێربووبێت و لەو ڕێگەیەوە مەستوورە بخوێنێتەوە) تا خوێنەرێکی کوردستان کە زمانی کوردی و فارسی دەزانێت، هەرچەند بێگومان ئەم حوکمە ڕەها نییە بەڵام مەبەستمە باسی ئاستی وشیاری و پلەی بوون(bee) و هەبوون(become)ی کەلتووری زمانی و شیعری و مێژووی ئەو کەلتوورانە بکەم کە ساڵەها بە سەر یەکەوە گەشەیان بە زمان و پاشخانی مەعریفی ئەو کەلتوورە داوە و ڕوانینی جیهانگیر و یونیڤێرساڵ(universal)ی سازاندووە...خوێنەری ئەوان ئەوەندە جیهانییە ئەوەندە پاریسی یان نیۆیۆرکی یان بەرلینی و...نییە چوونکوو ئەوان کۆمەڵێک قۆناغ و لاڕێگە (تۆ بڵێ شاڕێگە!)ی مێژوویی و کەلتووری و سیاسیان تێپەڕاندووە ئیتر بۆ ئەوان پرسەکان(problems) شتی دیکەن بۆیە لە هاوکێشەیتری خوێندنەوەدا دەژین، بەگشتی ڕەنگە خوێنەرێکی بەرلینی ئازادتر و باشتر بتوانێت مەحوی بێت یان نالی یان هێمن یان...بەڵام خوێنەرێکی کورد بە سەختی بتوانێت گوتە یان دانتە یان شکسپیەر...بخوێنێتەوە، ڕاستە هەرکام لەم خوێنەرانە لە جیهانی هەنووکە دا و لە نەمانی کۆمەڵێک سنووری جوگرافی و کەلتووری دا بە هۆی جیهانگیری(Globalization)یەوە لە دۆخێکی نێزیکی گشتی دا دەژین و بەپێی ئەمەش فۆرمێک لە چوونیەکبوونی کۆمەڵگاکان و هاوبوونی(٤(The coming community کەلتووریی هاتۆتە ئاراوە و تارادەیەک ئاسۆی چاوەڕوانی(horisen of expecteatione) و شێوازی وەرگرتن(reception) ی خوێنەرانی جوگرافیا جیاجیاکانی لێک نێزیک کردۆتەوە بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە هەر کام لەم خوێنەرانە سەر بە زمان و میتافیزیکێکن کە زەینی ناوشیار و وشیاریانی پێ سواخ دراوە و هەر کامیشیان لە هاوکێشەی"دەق"ی و زمانی خۆیان دا دەژین و هەر ئەمەشە دۆخە ڕێژەییەکەی پێکهێناوە. بێگومان بەم باسانەوە بەسانایی دەشێت لەمە بگەین کە ڕێژەیی بوونی دەق لە کوردستان دا هەمان منای نییە کە لە وڵاتێکی ئەورووپایی هەیەتی و هەر هەمان ماناشی نییە کە لە وڵاتێکی ئەفریقی هەیەتی، بەگشتی خوێندنەوە و پلە و ماهییەتی دانەر، وەرگر و بەپێی ئەوەش دەق هەڵگری ڕەهەندی یونیفرساڵ و گشتەکین بەڵام لەپاڵ ئەوەش دا خاوەنی لایەن و ڕەهەندی کەمینەیی و مێژوویی و دۆخی سیاسی و لەپلەیەکی گشتیتر دا دۆزی شوناسمەندانەن. ئەم باسە بۆیە لێرەدا کرایەوە کە بەرەو گەڵاڵەکردنی ئەم بابەتە بڕۆین کە بڵێین دەقی کوردی لە دوای دەرچوونی کۆمەڵگەی کوردی لە دۆخی داخراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زمانیی کە لە هەر بەشێک لە بەشەکانی کوردستان ئاراستە و ڕەوتی خۆی پێواوە و ئەزموونی

تایبەتی بۆ خۆی رەقەم داوە واتە سەرەڕای هەموو ئەو کێشە سیاسی و ئایدۆلۆژیکانە و ئامادەیی قەیرانی شوناس لە فۆرمە ئایدۆلۆژیکەی دا کە بەسەر دەق و زمانی کوردییە بووبوون بەماڵ هەمدیس توانی هەندێ رەهەندی یونیفرساڵ و بانمێژوویی(سەرووتر لە مێژووی گەشە و نەشەی خۆی وەکوو باسێکی فۆکۆیی واتە داشکاو و لادەر لە رەوتی ئاسایی ئەو مێژوویەی تێیدایە) و جیهانگیر و ئینسانی ئەزموون بکات، ئەم حاڵەتە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئەزموونی شاعیرانی نوێترخواز(کە مەرج نییە بە روانینێکی بەرەییەوە چاویان لێبکەین) زەقتر دەرکەوت. ئەو ئەزموونەی کە لە سوارەوە دەستی پێکرد و لای ئەو رەوتە شیعریانەی کە لە ژێر ناوی پێوەر-جیاواز، بەرەی چوار، شیعری شێت و "ناشوێن"٥ و بەگشتی بەرەی نوێترخواز گەیشتە چڵە پۆپە و گەشەی خۆی.٦ لەراستی دا بە زۆر هۆکار ناکرێت پێرستێک لەم شاعیرانە بخەینە روو...بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فەزای چاپ و هەلی بڵاوکردنەوەی دەق و نموونە دەق ئەوەندەی ژورنالیستی و میدیاییە ئەوەندە کتێبی و فەرمی و گشتەکی نییە، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی ئەزموونی شاعیرانی پێش ئەم ئەزموونانە هەیە تاکوو پێگەی درووست و شیاوی نوێترخوازان ببینینەوە و دەستنیشانیان کەین، بەم هۆیانەوە هەنووکە دەشێت دەیان شاعیرمان هەبێت کە کتێبیان چاپ نەبووە و تەنها لە گۆڤار و حەوتەنامەکان دا دەقیان بڵاوبۆتەوە بەڵام ئەزموونەکانیان لەخشتەی بەرەی نوێترخواز دا جێبگرن یان خاوەنی توخمگەلی نوێترخوازانە بن. بەهەرحاڵ شتێک کە لەئاکام دا پیی دەگەین دیسان هەمان باسی کۆن بەڵام رەوای ئەدەبی کوردی و بێناز بوونیەتی، ئەدەبێک کە بەرای من ئەزموونێکی بووناسانەی وەهای خستە روو کە دەشێت لە ئاستی جیهانی دا خوێنەری خۆی هەبێت بەهەموو توخمە نێوخۆییەکانیشییەوە، بێگومان ئەزموونی ساڵەح سووزەنی، یوونس رەزایی، رەزا عەلیپوور و...هەڵگری ئەوە هەن کە خوێنەرێکی جیهانی تێیاندا سەفەر بکات و بیکات بە بەشێک لە یادەوەری و بوونی خۆی. بێگومان ئەم ئەزموونانە لە زمانی فارسی دا باشتر و قووڵتر لێی تێدەگەن تاکوو زمانی کوردی. هۆکارەکەشی بەشێکی ئەو جیاوازیە کەلتووری و دیسکۆرسییەی نێوان دوو نەتەوە و دوو زمان بە ناوی فارسی و کوردی بوو کە لەسەرەوە تیشکم خستە سەری، ئەوان بە هۆی هەبوونی پێکهاتێکی فەرمی و بەدەسەڵات بۆ زمان و پەروەدەی زمانی و بەو پێیەش گوتارێکی رەخەنییانەی فیکری-ئەدەبی بزۆز و گەشەدار باشتر لە ئێمە هەوڵیان دا پلەی وشیاری و هاوسەنگی گەشەی دەق و وەرگر بپارێزن و باڵانسێکی بۆ دابنێن(ئەگەرچی مەرج نییە باڵانس هەمیشە نیشانەی باشبوونی ئەو هاوکێشەیە بێت چوون ناباڵانسییەت رەهەندێکیتری هەڵکۆڵین دەدات بە دەق)بەڵام ئێمە هێشتا لە راهێنانی خوێنەر بەواتای خوێنەری کتێب بە زمانی کوردی نەبووینەتەوە بێگومان هەموو ئەمانە ئەرکی ئێمە نین بەڵکوو زەقکەرەوەی غیابی ئەو پێکهاتانەیە کە زمان بزۆز دەکەن و خوێنەر بەرهەم دێنن بە واتا سادەکەی، من لە شوێنیتر و لە ژێر ناوی "بەشداری خوێنەر لە قەوارەی شیعری نوێی کوردی دا"٧ بە تێر و تەسەلی ئەم پرس و کێشانەم باس کردووە و لێرەدا تەنها چەند پرسیار دەخەمە روو. خوێنەری کوردی چۆن کارئەکتەرێکە؟نووسەری ئێمە چەندە خوێنەرە؟(بەو واتایەی کە لە سەرەوە باسم کرد) خوێنەری ئێمە چەندە هەوڵ دەدات ببێت بە نووسەر و نڤیسکاری دەق؟ پێگەی دەق لەم هەموو هاوکێشەی ئاڵۆزەی زمانیی کوردی لە چ ئاست و پلەیەک دایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بابەتی تۆژینەوەی زانستی و بگرە میتۆدیکی مەیدانیشن و دەشێت کاری لەسەر بکرێت. خستنەرووی ئەم باسە بەو مەبەستە بوو کە رەهەندی گەشەی دەق و پێوەندی قووڵی لەگەڵ دانەر و خوێنەر باشتر زەق ببێتەوە. بەم باسە گشتییەوە دەچینە سەر باسی ئەزموونی شیعریی یوونس رەزایی و خستنەبەرباسی چەند تایبەتمەندییەکی شیعریی ئەو. کۆچەرییانە بوون لە نێوان "شین ترین بەتاڵ" و "منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان"

(بە لێکدانەوەی چەند نموونەی شیعریی)

ئەزموونی شیعریی یوونس رەزایی بە چاپی یەکەم دەفتەرە شیعری شاعیر لە ژێرناوی "شین ترین بەتاڵ" لە ساڵی ١٣٨٠دەست پێدەکات، ئەگەرچی کات و ساتی لەدایک بوون و نووسینی شیعرەکانی ئەم دەفتەرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش ٧٦ ، واتە شیعرکان لە مێژوویەکی پێشتر لە چاپکردنی کتێبەکە نووسراون و لە نێوان ساڵانی ٧٦ تا٨٠لەدایک بوون واتە بۆ نموونە شیعری "خنکان" و "تاڵ" لە هاوینی ٧٦ەوە نووسراون کە قەدیمیتر لە باقی شیعرەکانن، هەڵبەت دەشێت ئەمەش لەبەرچاوبگرین کە هەندێک شیعری ناو ئەم دەفتەرە مێژووی نووسینیان تۆمار نەکراوە وەکوو "بەرچەی گومان دا"، "ئووستووره"، "لە تابووتەوە-لەئاسۆوە-تا ئەبەد" و "گورگێک وەک من" و...و هەندێکیشیان دوا مێژووی لە دایک بوونی شیعرەکانی ئەم دەفتەرە دەگەڕێتەوە بۆ پاییزی ٨٠ وەکوو "شین ترین بەتاڵی تەنیایی" و "ئەگەر خەرامان و زۆر شتیتریش"...پێکهاتی کۆی ئەم دەفتەرە شیعرە چەند شتێکی گشتیمان بۆ دەخەنە روو، یەکەم ئەوەی کە ئەم دەفتەرە وەکوو مانیفێست و پێناسەی رچەی شیعریی شاعیر دەخرێتە روو و لە چاوەی دەفتەری دووهەمی شاعیر واتە "منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان" کەمتر رادیکاڵانەتر و سرکترە. هەڵبەت هەموو شیعرەکانی ئەم دەفتەرە وا نین و زۆرتر مەبەستی من بەشی یەکەمی پێکهاتی دەفتەرەکەیە کە لە ژێر ناوی "مێژووی شێتی و بیست و دوو هەنگاو" خراوەتە روو، کو ٢٢ هەنگاوە و مێژووی شێتی! بەم پێیە بە مێژووی شێتی دەکات بیست و دوو هەنگاو و نیو!یان بیست و سێ هەنگاو! کێ دەزانێ "مێژووی شێتی" بکات بە ژمارە؟بە نیو حسێب دەکرێت یان یەک؟ لێرەوەیە دەبێ سەرنج و شیکاریمان چڕبکەینەوە

لەسەر ژمارە لە شیعریی ئەم دەفتەرە دا و بەتایبەت لە بەشی یەکەمی پێکهاتی گشتی دەفتەرەکە دا کە هەر وەکوو وتمان مانیفێستێکی دەقیانە و پێناسەیەکی شیعرییانەیە لە ئەزموونی شاعیر. ژمارە یان رەقەم ئەگەرچی توخم و "پیتی" زانستێکی کارکردگەرا و کردەکی وەکوو بیرکاری (ماتماتیکن) بەڵام لێرە دا تەنها هەڵگری ئەو رەهەند و کارکردی ژمارەییە نییە و زۆرتر روانینێکی ماناخواز و دژەباو و بە فۆرمیتر دژەمانا لە رەقەم و ژمارە دەخرێتە روو، ژمارە لەم دەفتەرەدا ئەوەندە ئاماژەیە بۆ بردنەژێر پرسیار و رەتکردنەوەی ژمارە و خوێندنەوە و پێناسەی نوێ بۆ ژمارە لە قەوارەیەکی شیعری دا ئەوەندە هاوکێشە و چوارچێوەیەکی ماتماتیکی نین، ئەگەر ئێمە برێکی کەمیش لە ماتماتیک شارەزا بین دەزانین کە ماتماتیک تەنها دەپەرژێتە سەر ژماردن و ژمێریاریی و حیسابکردن بۆ ئەو هێڵ و هاوکێشە و رووبەرانەی کە بۆ ژماردن دەلوێن، بۆ حیسابکردن دەشێن و ژمارە دەستی پێیان رادەگات، ئایا رەقەمی پی لە ماتماتیک ئەوەندەی چارەسەرە بۆ ئەنجامدانی حسێبێک ئەوەندەش هەڵهاتن نییە لە ژمارەهەڵنەگریی و فامنەکردەییەکی ماتماتیکیانە لە کۆمەڵێک "شت"؟ ئەگەر لە دەرەوەی هاوکێشەکانی ماتماتیک و فیزیا چاو لە ژمارە بکەین لە راستی دا ژمارە چییە؟ئایا ماتماتیک دەتوانێت"ژومارەی بزە" یان "ژومارەی سەروا" حیساب کات؟ئەگەر توانی ئەمە بکات ئەوکات هاوکێشەکە چەندە میکانیکی و ناشیعریی دەبێتەوە؟ژمارە لە شیعری شێت دا فۆرمێکیترە لە دەور و رۆڵی "پیت" بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ جیهان و بوونی وەگێڕ:

سەرەتای بەشی یەکەمی شێتی

یەک...دوو...سێ

{درێژەی ژوماردنی حەبەسانەکانی زەمان}

من...تۆ...ئێمە {دووپاتەی شیرینی نەسرەوتن}

ترس...پێداویستی...هیرەمی ئارەزوو

{زایەڵەی شێتی فەلسەفە لە چوارچێوەی بێ سنوور دا}

مەملەکەتێکی وشەیی

بەندیخانەیەکی خەون و

حکوومەتێکی شێتۆکرات

شین ترین بەتاڵ ل٢٠

هەر وەک دەبینین لەم بەشە دا تەقارون و هاوتەریبییەکی فۆرمی لە نێوان سێ برگە و دێری سەرەتا دا دەبینرێت کە هەر برگ و دێڕێکیش کەوانەی تایبەتی خۆی هەیە و لە کۆتایی ئەم بەشەش دا روونکاریی و ئەنجامگیرییەک لەو تەقارونە دەخرێتە روو کە بە ژمارەوە دەست پێدەکات، ئەگەر ئەو تەقارونە بە شکڵێتر دابرێژینەوە وای لێدێت:

یەک=من...دوو=تۆ...سێ=ئێمە

یان:

یەک+من=ترس/دوو+تۆ=پێداویستی/سێ+ئێمە=هیرەمی ئارەزوو

یانتر:

یەک(من)+دوو(تۆ)=سێ(ئێمە) کە دەکاتە ترس...پێداویستی...

هیرەمی ئارەزوو
لەم نووسینەوەی تەقارونە دا دەشێت ئێمە باسی یەک(one) یان من(i) یان ئیگۆ(ego) بکەین کە پیتەکانی سەرەتای هەر کام لە دێڕەکانن(هەڵبەت بەو مەرجەی ترس بە ماتۆڕ و رووداوی خەلیقەتی مرۆڤ بزانین بەو فۆرمەی کە نیچە باسی دەکات۸ و بەم پێیەش لە دێڕی سێهەم وای وێنا بکەین لەباتی ئیگۆ ترس دانراوە، ئەو ساتە بووناسانەیەی کە ترس خودی ئیگۆیەو بەپێچەوانەشەوە). "یەک" وەکوو پیتێک کە ئاماژەیە بۆ ژمارەیەکی مانادار(تاقانە، خودا، هەڵبژێردراو وەکوو ئەوەی لە عیرفانی رۆژهەڵاتیانە دا هەیە و لەفیلمی ماتریکسیش باسی کراوە۹) یەکەم وشەی دەەسپێکی"سەرەتای بەشی یەکەمی شێتی"یە...ئایا "یەک" یان تاقانە و واحید و ئیگۆ هەر هەمان ئاماژە و خوازەگەلی جیاجیا نین بۆ ئید(id) و ئەو سەرچاوە ئاسمانی و نەناسراو و دەست پێڕانەگەیشتووەی کە بنەمای "خود"(self)ە؟۱۰ئایا ئەم منە کە "یەک"ە و ترسیشە و لەگەڵ دوووواتە(تۆ)(پێداویستی) تێکەڵ دەبێت و دەبێت بە "سێ" و "ئێمە" و "هیرەمی ئارەزوو"، هەر هەمان نیشانەکانی سووژەی شێت لە قەوارەی پیتی شێتانە و ماتماتیکیانەی شێتیی دا نین؟بە دڵنیاییەوە ئەگەر کەوانەکانی بەردەم هەر کام لەم دێڕانە لەبەرچاو بگرین تێدەگەین کە نیشانەکانی سەرهەڵدانی سووژەی شێتی و مانیفێستی دەقیانە بۆ "فۆرمیتر لە بوون" بە خەستی دەردەکەوێت:

یەک...دوو...سێ{درێژەی ژوماردنی حەبەسانەکانی زەمان}

لەم دێڕە دا بە روونی لێکدژیی ژمارە و رستەی ناو کەوانە دیارە، وەگێڕ بۆ فۆرمیتر لە زمان دەگەڕێت...فۆرمیتر لە بوون کە لە دێڕی پاش ئەمە بە تێمێکی دەروونناسانە و فەلسەفییەوە دەیخاتە روو:

من...تۆ...ئێمە{دووپاتەی شیرینی نەسرەوتن}

ئەم دێڕە و کەوانەکەی بەردەمیشی هەڵگری هەمان لێکدژی هەن بەڵام لە ژێر تیشکی تەقارونێک کەلەگەڵ دێڕی یەکەم و کەوانەکەی دا هەیە واتە بەگشتی دووپات بوونەوە و تیکرار با شیرینیش بێت قەبیحە...تکراروقبیح ولو کان ملیح...با پڕ بێت لە مەلیحی و شیرینی نەسرەوتنیش بەڵام کاتێک من و تۆ ئێمە بین و یەک و دوو بکات سێ ئیتر:

ترس...پێداویستی...هیرەمی ئارەزووە کە دەڵێت:{زایەڵەی شێتی فەلسەفە لە چوارچێوەی بێ سنوور دا}

لەم دێڕە دا ئێمە لەگەڵ فۆرمێک لە دەرکەوتنی تایبەتی و بوێرانەی وەگێڕ رووبەرووین ئیتر کەوانەی بەردەم ئەم دێڕە دژایەتی نییە لەگەڵ دێڕی پێش خۆی و تەقارونیش نییە لەگەڵ کەوانەکانی پێش خۆی بەڵکوو سەرەتایەکە بۆ مانیفێستکردنی مانا و جیهان و ژمارە لای خۆی لە رێگەی:{زایەڵەی شێتی فەلسەفە لە چوارچێوەی بێ سنوور دا}. لەم خاڵە دا تێدەگەین کە وەگێڕ دەیەوێت دێڕەکانی یەکەم و دووهەم کە دەشێت سەر بە جیهانی ماتماتیک و دەروونناسی یان زمان و رێزمان بن تێپەڕێنێت بۆ ئەوەی:

مەملەکەتێکی وشەیی
بەندیخانەیەکی خەون و
حکوومەتێکی شێتۆکرات. شین ترین بەتاڵ ل۲۰رۆبنێت. واتە ئێمە ئەگەر سەرنج بدەینە لێکدانی "هیرەمی ئارەزوو" کە لێکدانێکی ماتماتیکیانە و دەروونناسانەیە لەو چڕ بوونەوەیەی ئیمکان و ئەگەر و نەناسراوەیی و نایاسایی و...شێتییەی جیهان تێدەگەین. ئەگەر "هیرەم" یەکێک لەو شکڵە سەیرانەی ماتماتیک بێت کە هێشتاش میعمارەکان و ئەندازیاران (کە بێگومان لە چاوی رەقەم و ژمارە و حەجمەوە چاو لە هیرەم دەکەن و هەرواش دەکرێت لە زانست دا)لە درووست بوونی هیرەمە سێیانەییەکانی میسر حەپەساو و سەرسووڕماون لە گرینگی هیرەم و رۆنانی حەجمێکی ئەندازەیی وەها تێدەگەین ، کاتێک ئەم نەناسراوەییە و پێناسەهەڵنەگریی و سەیروسەمەرەبوونە لەگەڵ چەمکی ئارەزوو لای فرۆید تێکەڵ بکەین...رووبەڕووی جیهانێکی لێڵ و پێڵ و نەناسراو و دەست پێڕانەگەیشتوو و ناوشیار و شێت دەبینەوە. ئایا شێتی چەندە لە ناو وشیاری(the consciousness) دا دەژی؟چەندە سەر بەهەرێمی ناوشیاریی(the unconscious)ە؟ئایا چەشنێکە لە نیوەوشیاری و خەونکردن و ئارەزووکردن؟فۆرمێکە لە حەجم و چەند لاپاڵی بوون لە هیرەمی ئارەزوو دا؟

هیرەمی ئارەزوو مەجازێکە بۆ جیهانێکی نەناسراوی بێ بن و بێ یاسا...مەجازێکە بۆ جیهانێکی ناوشیار و شێت...مەجازێکە بۆ خوازەیەک بە ناوی شیعر...کە هەڵگری ئاوەڵناوی شێتە... خوازەیەک کە لە درێژە دا ئەم وتانەمان دەسەلمێنێت:

حکوومەتی شێتۆکرات

بە خوێنی گومانی نەسرەوتن مۆر کراوە: سەنەدی وێڵیمان -ئەو هەستە شیرینە شیعرە. ل ۲۰

تا ئێرە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەزموونی شێت سەرەڕای مانیفێستکردنێکی شیعریی کەهەڵگری وەها سیحر و دژەباوێی و نەناسراوییەکە کە لەلایەن وەگێڕ و لەم دێڕانە دا خراوەتە روو لەهەمانکاتیش دا لەم دێڕانەی کۆتایی دا نیوەچڵ بوون و سەرەتای رێگەی ئەزموونی شێت دەبینین، ئەو رێگایەی کە لە بەشی دووهەمی دەفتەری "شین ترین بەتاڵ" واتە لە شیعری"پەری دەریایی لە تەلاری ئاو دا"ل۴۳ بەو لاوە و بە تایبەتیش لە شیعرە کۆتاکان دا بەرەو پوختە بوون و تەکامول دەڕوات، تەکامولێک کە لە شیعرەکانی دەفتەری دووهەم واتە "منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان" دەگاتە ئەوپەڕی دەربڕین و کارکردی شێتانەی خۆی لە جیهانێکی تا سەر ئێسقان شێت و بێ یاسا و لێوانلێو لە ورێنە و ئارەزووی سەیر و خەون. لە شیعرە کۆتاکانی دەفتەری یەکەم دا دەکرێت وەکوو هەڵبژاردە ئاماژە بە شیعری کورتی "!" بکەم، کە نموونەی هەرە باش و کورتی هەڵسوکەوتی وەگێڕە لەگەڵ پیت و گرینگتر لەوەش شوێن و شوێنگەی پیتەکانە لە ئاستی یەکدی دا...لەم شیعرە دا ئێمە لەگەڵ وێنەی بزۆک یان جووڵەیی دا کە یەکێکە لە تەکنیک و فۆرمەکانی شیعری شێت بە زەقی رووبەڕوو دەبینەوە. وێنەی

بزۆک، کایەکردنە بە پیتەکان لە تۆڕی چنینی دێڕەکان لە ناو گێژەنێکی سیحراوی وێناکردن(imagination) دا. واتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت وێنە ببزوێت و بجوولێت ئەمە جگە لە ڕێگەی خەیاڵ و وێناکردن چ لای شاعیر و لە قەوارەی پیتیانەی شیعر و چ لای وەرگر و لە قەوارەی پیتیانەی شیعری داڕێژراو و نووسراو بۆ خۆی، نایەتە دی. جگە لەمەش وێنە بەر لەوەی لە ڕێگەی وێناکردن و خەیاڵەوە بکەوێتە جووڵە و گەڕ، دەشێت لەنگەرێکی واقیعی هەبێت، هەرچەندە ئێمە هەنووکە ناتوانین باسی واقیع وەکوو جیهانی دەرەکی و بەرهەست بکەین، بەڵکوو واقیع ئەوەندە وشە و خوازەیەکە بۆ ئاماژە بە دنیایەکی دەرەکی ئەوەندە حەقیقەتێکی روون و ئاشکرا و کۆنکرێت نییە و هەر لێرەوڕا جیاوازی واقیع و حەقیقەت دەست پێدەکات. دریدا گوتەنی واقیع وشەیەکە بۆ ئاماژە بە واقیعێک کە ئێمە کردوومانە بە وشە، وشەیەش ئەوەندە بونیادێکی ناوشیارانە و خوازەیی هەیە دەبێت هەر دەم واسازی و پێکهاتشکێنی بکرێت. دەشێت وشەیەک چەندە واقیع بێت و واقیع چەندە وشە بێت؟پرسیارێکە کە باسێکی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەندەی بەم باسەوە پەیوەست بێت و بۆ لێکدانەوەی کورتە شیعری "!"، دەشێت بڵێم ئەم شیعرە بە لەنگەرێک و لە قەبارەی وێنەیەکەوە دەست پێدەکات...ئێمە بەر لە فڕین دەشێت وێنای ئەوەمان هەبێت کە لە سەر زەمین داین و سەر بەهەرێمی نەفڕیوەکان...ئێمە بەر لە خەیاڵکردن دەشێت گریمانەی ئەوە بکەین کە لە واقیع داین...ڕەنگە بۆیە ئەم شیعرە بەر لەوەی ناوێکی وشەیی و نیشانەیەکی باوی نووسراوەیی لە سەر بێت، نیشانەیەکی ڕێزمانیی واتە نیشانەی سەرسوورمانی بە سەرەوە بۆ دانراوە...نیشانە وەکوو ناو...ئەمەش دەشێت ئەوە بگەیەنێت کە ئەم شیعرە سەرەتایەکی باشە بۆ گەشەی ئەزموونی شێت هەم لە رووی زمان و هەم لە رووی فۆرم و پێکهاتەوە...شیعرێک کە مەحکوومە بە زمان ئەگینا زمانەوەری تایبەتمەندیی شێت نییە!یان با بڵێین شێت فۆرمی باوی زمانی بەلاوە هەر پێ فام ناکرێت!

"!"

ئەڵماسی هیچ بزەیەک نەخشەی خەڵووزی وێرانی دڵم...
ئەو ڕستەیە تەواو نابێ بە دڵپڕی
ئەڵماسی وێرانی بزەت کە خەریکە چاوەکانم...
ئەو شیعرە درێژە نادرێ ئاوا بە هەست
هزر دەڵێ: ئەڵماسی ئەوین درۆیە.
٣/١١/٧٨شین ترین بەتاڵ ل٦٥

لەم شیعرە کورتەی دەفتەری یەکەم دا لە چاوەی ئەو وێنە بزۆک و جووڵەیی و حەجمدار و چەند لاپاڵیانە دا کە لە شیعری درێژی"سەردێڕی شیعرێکی خوێناوی بە پەیڤی دارەبەن" و "قامەتی بێ زەمانی مانا" و هەروەها "ڕۆژ ئەژمێریٚ ڕەوەز" کە سەر بەدەفتەری دووهەمی شاعیرن، ئاستێکی کەمتر بزاوتوو و کەم جووڵەی وێنە ئامادەیی هەیە و هەمدیس ئەوەندەی مانیفێستکردنی تەکنیکی وێنەی جووڵەیی و تاقیکردنەوەی تەکنیکەکەیە ئەوەندە دەروشانەوە و گەشانەوە و ڕادیکاڵبوونی ئەم تەکنیکە نییە. لەو شیعرانەی دەفتەری دووهەم دا وێنەی بزۆک لە فۆرمێکی تەواو و گەشەکردوو دا دەردەکەوێ. بۆ نموونە لە شیعری درێژی "قامەتی بێ زەمانی مانا" دا ئەگەرچی وشەی "لەیلا" لە سەرەتا دا خوازەیە، بەڵام لە کروتەوون و تان وپۆی شیعرەکە دا ئیتر بەم فۆرمە نامێنێتەوە ئەوەندە بزواندی خەیاڵ و وێناندنی وێنەی ئەو خوازەیەیە ئەوەندە مونادا و خیتاب و قاوکردنێک نییە لە کارەکتەر و کەسایەتییەک... بەڵکوو ئەم کارەکتەر و کەسایەتییە بە شکڵێتر و فۆرمیتر وێنا دەکرێت، ئەگەر بە وتەی د.ڕەهبەر مەحموودزادە وێنەی بزۆکی شیعری شێت هەڵگری دوو لایەنی خەیاڵی و حەجمی بێت ئەو من دەڵێم کە لە بڕێک لە شیعرەکان١١ دا و بۆ نموونە لەم شیعرە درێژە دا هەڵگری ڕەگەزی خوازەییشە و هەر ئەمەیە کە تەکنیکی شیعری شێت و زمانی شیعری شێت سرک و کەوی نەکراوە دەکات...ئێمە لە هەر پیت و لە کلاورۆچنەی هەر وشەیەکەوە بچینە ناو شیعریی شێت سەفەرێکی تایبەت و جیایە لە کلاورۆچنەی پیت و ڕێگای وشەکانیتر دەست پێ دەکەین، تایبەتمەندیی دژە باویی شێعریی شێت لە خوازەمەند کردنی پیت لەڕێگەی وێناندنی وێنە بە ناو وێنە دایە. ڕاستە زمان فۆرمێکی میتافوریکی هەیە و تەنانەت کاتێکیش دەڵێین میتافوریک هەر لەگەڵ میتافور دا بەرەوڕووین، بەڵام باسی من لە پێگەی پیت و دەوری وشەیە لە دروستکردنی وێنەی پڕجووڵە و خوراوگەیەک لە خەیاڵی وێناکردن. لە شیعری قامەتی بێ زەمانی مانا دا لە یەکەم دێڕ دا :بەسەرچوو دەورانی دڵنیای بزەم...لەیلا" لەیلا لێرەدا واتەیەکی هەیە کە دەشێت هەم خوازە بێت بۆ کارەکتەرێکی دیاریکراو و هەمیش تەلمیح و ئاماژەیەکی مێژوویی بێت بۆ یاری مەجنوون، بەڵام لە بەشێتر و دێڕێتر دا ئەم وێنەیە وێنایتری بۆ دەکرێت: بەسەرچوو دەورانی دڵنیایی فڕین لەیلا"...ل١٩ یان: لەیلا!! ئەو پیتەی ئەگەر چاوت نەبا بۆ هێندە شەو دەبوو... یانتر: لەیلا مێژووی عاشقانەم باڵندەیە مەگەر؟!...بەهەرحاڵ دەشێت لە فۆرم و سیاقی کۆی شیعرەکە و پێکهاتەکەی دا ئەو جووڵە و بزۆزییە شوێن پێ بگرین. ئەم باسە دادەنێم بۆ دەرفەتیتر و دێمەوە سەر شیعری "!" لەدەفتەری یەکەمی شاعیر کە پێشتر ئاماژەم پێدا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەم باسەی کە هێنام سیمای وێنەی جووڵەییمان باشتر بۆ دەردەکەوێت و ئاست و خەستبوونیشی لەهەرکام لە دەفتەرەکانی دا و بە شێوەی بەراوردکارانە زەقتر بۆ ڕوون دەبێتەوە.

لە شیعری "!" دا بە شێوەیەک بەستێن بۆ تەکنیکی وێنەی حەرەکەتی تەواوتر ئامادە دەکرێت، فۆرمی وێنە لەم شیعرە دا هێشتا ماوەیەتی بگاتە ئەو ترۆپکی جووڵە و حەرەکەتە کە لە هەندێ شیعریتری دا و بەتایبەتی لە دەفتەری دووهەم دا زەقە، بۆ نموونە لە دێڕی یەکەم دا "ئەڵماسی هیچ بزەیەک نەخشەی خەڵووزی وێرانی دڵم..."وێنەیەک دەکەوێتە ڕێ بەڵام بەر لەوەی بکەوێتە بزووتن و بزاوتن ئێمە لەگەڵ لەمپەر

و دەسەندازێک دا روو بەڕوو دەبینەوە کە بەرهەمی ململانێ و شەڕی وشیارانەی شاعیرە لە گەڵ زمان و پێکهاتی زمان و فۆرم...بەرهەمی شەڕی پێکهات و ناپێکهات...شەڕی ئاوەز و

شێتی...زانست و شیعر:

ئەو رستەیە تەواو نابێت بە دڵپڕی

واتە لەم دێڕەدا پێمان دەگەیەنێت کە ئەو رستە ناشێت هەڵگری پنتێکی دیاریکراو و خاڵێکی کۆتایی لە قەوارەی هێنانی "فیعل" کە ئاماژەیەکە بۆ زەمان و بەند بوون ئەویش بەم هەموو ژانی و دڵپڕییەوە تەواو ببێت...هەر لێرەیە پێوەندی ئەزموونی بوون ناسانەی وەگێڕی شێت لەگەڵ پێکهاتی زمان وەکوو قبووڵنەکردنی کردە یان فیعل(وەکوو هێمای زەمان و دیاربوونی جەمسەری زەمان و چەشنێکی ئایدۆلۆژیکی زەق لە میتافیزیکی حزور) و نازەمانییەت وەکوو ئەزموونی خەیاڵکردنی وەگێڕ لەناو زمان و زەمان دا دەردەکەوێت کە من پێشتر لە پێوەندی شیعریی شێت و نازەمانییەت دا و لە وتارێک دا قسەم لەسەری کردووە و دیسان ناپەرژێمە سەری. لە درێژەی ئەم شیعرە کورتە دا دیسان بزاوتێک دەکەوێتە وێنە: ئەڵماسی وێرانی بزەت کە خەریکە چاوەکانم..." بەڵام هەمدیس ئێمە لە گەڵ دەستەندازێکی وشیارانە دا رووبەڕوو دەبین..."ئەو شیعرە درێژە نادرێ ئاوا بە هەست" کەواتە هێشتا وێنەی جووڵەیی لەم شیعرە دا نەگەیشتووەتە بزۆزبوون و فۆرمی راستەقینەی شێتانەی خۆی و بە چەشنێک ئەزموونی زمانی و فۆرمیکی وەگێڕ خەریکە لە رۆچنەیەکی بووناسانە و ئونتۆلۆژیکاڵ مانیفێست دەکرێت...ئەم شیعرە ئەوەندە مانیفێستێکە بۆ بونیاتنانی وێنەی بزۆک ئەوەندە فۆرمی گەشەی وێنەی حەرەکەتی نییە...ئەگەر وەکوو وتمان وێنەی حەرەکەتی سەر و رەگەزێکی قووڵی لە ناو جیهانی ناوشیار یان من یان ئید یان ترس دا بێت ئەوا لەم شیعرە دا هێشتا شەڕ و ململانێی لەگەڵ وشیاری و ئاوەز و هزر کە فۆرمەکانی پێکهاتێکی ئاوەزمەند و عەقڵ تەوەر لە زمان و دەربڕین و ماناڕەوایین، دەکرێت، هەر بۆیەشە لە دێڕی کۆتایی دا دەڵێت:

هزر دەڵێ: ئەڵماسی ئەوین درۆیە. شین ترین بەتاڵ ل٦٥

هەر وەکوو وتمان ئەم شیعرە ئەوەندە مانیفێستکردنە بۆ دەرچوون لە سیستەمی وێنەیی و وێناندنی کۆنی ئەزموونە شیعرییەکانی پێشوو ئەوەندە بونیاتنەری وێنەی جووڵەیی نییە، واتە هێشتا شەڕی هزر و ئەوین...عەقڵ و شێتی...پێکهات و ناپێکهات... حەقیقەت و خەیاڵ...وێنە و وێناندن(وێنەی جووڵەیی) لەگەڕە... شەڕێک کە رێگەی "خوازە" و لەئاستێکی قووڵی راگەیەنراوە: هزر دەڵێ: ئەڵماسی ئەوین درۆیە. ئەگەر سێبەری چەشنێک لۆگۆس و ماناتەوەری لە شیعری شێت دا وێنا بکەین ئەوا لە گەڵ چەمکی ئەوین و عەشق دا رووبەڕوودەبین و ئەمەش لەهەر دوو دەفتەرەکەدا زەقتر لە هەموو تایبەتمەندییەکانی شیعری شێت دا دیارە...هەم شین ترین بەتاڵ پڕە لە مەجنوون و عاشق و چاو و رەشی و لەیلا و رووناک...هەمیش "منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان" و ئەم تێڕوانینەمان بۆ هەبوون و حوزوری وەها سەنتەرێک لە لۆگۆس و فۆرمێک لە حوزوری میتافیزیکیانە لە قەوارەی مانا قەت غەریب نییە...شیعری شێتی ئەوەندە عاشق و ئەویندارە ئەوەندەش شێتە...دژی هزر و پێکهاتە، هزرێک کە دەڵێ ئەڵماسی ئەوین درۆیە... ئێمە دەشێت باش بزانین کە شێتی و ئەوین لە زۆر حاڵەت دا لەیەکدی جوێ ناکرێنەوە، تەنانەت دەکرێ ئەزموونی شێت بە ئەزموونی ئەوین بناسێنین، دەشی بزانین هەموو ئەویندارەکان و هەموو شێتەکان هەڵگری توخمێکی هاوبەشی شێت-ئەوینی بن. ئەویندارێک بە سانایی دەکرێت شێت بێت بەڵام شێتێک بەئاسانی و روونی ناتوانێت عاشق بێت،،،چوون پێشتر بووە و شێتی کردووە، لێرەدایە فۆرمێک لە تێکەڵاویی و تێکچڕژانی نێوان شێت و عاشق دەبینین،و دەشێت بڵێین کە هەموو ئەویندارەکان دەشێت بگۆڕێنە سەر ئاستی شێت بەڵام شێتەکان ئیتر ناتوانن عاشق بن و ئەویندار بن، مەگەر لە شکڵ و فۆرمیتر دا...لە جووڵە و بزاوتن و وێناندن و خەیاڵکردن و پێتاندن و شاعیر بوون دا، بۆیە رێکەوەند و لێکدراوی شیعری شێت هەڵگری هەموو ئەو جەمسەر و تایبەتمەندی و تەکنیکانەیە کە باسم کردن. ئەوین، شێتی، وێناندن، واقیعێکی وانوێنراو و وێنەنوێنراو، وێنەی حەرەکەتی ناکۆتا و حەجمی و...کەواتە دەکرێ بەو ئەنجامە بگەین کە شێت و عاشق یان شێتی و عەشق بەگشتی و لە دواجار دا لە هەناو و لەپێگەی شاعیر و شیعر دا دەبن بەیەک و چوونیەکیی و هاوبوونی ئەزموون دەکەن. بەم وتە گشتیانەوە دێمە سەر لێکدانەوە و خوێندنەوەی کورتە شیعری"منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان"ی دەفتەری دووهەمی شاعیر کە پێدەچێت ناوی دەفتەری دووهەم هەر لەم کورتە شیعرەوە هەڵگیرابێ و بەم پێیەش رۆڵێکی بنەمایی و ناوەندی لەم شیعرەدا بە سەر کۆی دەفتەرەکەدا لەبەرچاو گیرابێت. بێگومان ئێمە لە فەزایەکی کەمکاریی و نەخوێندنەوەی دەقەکان و ئەزموونە جیاجیاکان دا هەناسە دەکێشین ئەگینا هەڵسەنگاندنی هەر کام لە ئەزموونە شیعرییەکانی نوێترخوازان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و خوێندنەوەی فرەڕەهەند بە میتۆدی جۆراوجۆر دەبێت، بۆ نموونە ئێمە ئەگەر لە

لەدەفتەری یەکەمی شاعیر کە پێشتر ئاماژەم پێدا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەم باسەی کە هێنام سیمای وێنەی جووڵەییمان باشتر بۆ دەردەکەوێت و ئاست و خەستبوونیشی لەهەرکام لە دەفتەرەکانی دا و بە شێوەی بەراوردکارانە زەقتر بۆ روون دەبێتەوە.

لێکۆڵینەوەیەک دا و بە میتۆدی بەراوردکارانەوە ئەزموونی ساڵەح سووزەنی و یوونس ڕەزایی بخوێنینەوە هەم بەشێک لە تایبتمەندیی هەر کام لە ئەزموونەکان و دەقەکان دەردەکەوێت و هەمیش بەشێک لە تایبەتمەندیی جیاوازی هەر کام لە ئەزموونەکان و ڕوانینیان بۆ زمان و فۆرم و...ئەگەر شیعری یوونس بە شیعری شێت ناوبردە کراوە ئەوا من شیعری ساڵەح سووزەنی لە ژێر ناوی ئەزموونی دوورگە دا پێناسە دەکەم... دوورترین شوێن...شوێنگەیەکی دوور لە ئەزموونی زمانی و فۆرمی و پێکهاتی...سەر بە جیهانی ڕیزۆم و تەقینەوەی ناوشیاریانەی پیت...بەرای من ڕیزۆم ناتوانێت ئەزموونی دانسقە و تایبەتی سووزەنی پێناسە بکات...ئەزموونی ئەو دەشێت لە خوازەیەک دا بخرێتە ڕوو کە خوازە بێت بۆ خوازەیتر و ئاوێنە بێت بۆ ئاوێنەیتر و وێنە بێت بۆ وێنەیتر و وێنا بێت بۆ وێنایتر و...وێنەی وێنای خوازە لە دوورگەیەک بە ناوی"بە عینجە و فینجەوە چ شار".١٢ بەهەر حاڵ لەدەرفەتیتر دا و بە تێر و تەسەلی باسی ئەزموونی سووزەنی دەکەم ئێستا با بڕۆینە سەر شیعری ئاماژەپێکراو. شیعری "منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان" هەڵگری دوو بەشی جیا و گشتییە و هەر بەشێکیش لە سێ ئەپیزۆد پێکهاتووە. بەشی یەکەم لە سێ ئەپیزۆدی بێ ژمارە و پەرەگرافیانەدا دەردەکەوێت و بەشی دووهەم لە سێ بەشی ژمارەییانە ٢،١ و٣دا دەردەکەوێت، شتێکی سەیر و تایبەت و سەرنجڕاکێش کەلەم دوو بەشە دا هەیە ئەوەیە کە هەر کام لە پێکهاتەکانی ئەم دوو بەشە خاوەنی پێکهاتیترن، ئەگەر پێکهات بە واتای فۆرمێک لە پێوەندی نێوان ڕستە و سیستەمی نیشانەیی دابنێین ئەوا ئەم شیعرە و تەنانەت زۆربەی شیعرەکانی ئەزموونی شێت بە تایبەتی لە دەفتەری دووهەم دا پێکهاتەشکێن و دژە پێکهاتن، بەڵام مەبەستی من لە پێکهات فۆرمێک لە پێوەندی نێوان پاژەکانی پێکهاتە کە خوێنەر دەتوانێت بۆی وێنا بکرێت، وەکوو دریدا دەڵێت کاتێک ئێمە لە سەر ڕەتکردنەوەی حوزوری میتافیزیک قسە دەکەین ناچارین هەر بە هەمان وشە و زاراوەگەل لە سەری قسە بکەین کە هەڵگری لایەنی میتافیزیکی و چەشنێک لۆگەسەنتەری و ماناتەوەرین. کاتێک ئێمە لە ئەزموونی شێت قسە دەکەین دەشێت هەڵگری وشیارییەکی باش بین بۆ تەقەدان لە شیعریی شێت... دەبێ بزانین پێکهات کامەیە و لە کوێ دەشکێت، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەپیزۆدە ناژمارەیی و پیتیانەکەی بەشی یەکەمی ئەم شیعرە شەپۆلدانی وشە و پێکهاتشکێنی بەردەوام و بە حەجم کردنی وێنە بە تەواوەتی زەقە و نموونەی هەرە سەرکەوتووی شیعری شێت بەو تایبەتمەندییانەی کە تا ئێستە باسم کردووە ئەم شیعرەیە.

وێنەی جووڵەیی و بزۆک لە شیعری شێت دا جیانییە لەو گۆشە حەجمییە و ڕەهەندە کوبیستییەی پێی دەدرێت. ئەگەر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕوانینی حەجمخوازانە بۆ گێڕانەوە و وشەڕێژی و شیعرهۆنینەوە بزۆزبوون و سرک بوونی بێت ئەوا لە ڕوانینێکی وێنایی و ئاوێنەییەوە بۆ واقیع سەرچاوە دەگرێت، چوونکوو ئەزموونی شیعری حەجم لە زمانێکی وەکوو فارسی دا شتگەلێکی تاقیکردۆتەوە کە دەشێت لە شێعری شێت دا بە شکڵیتر و ڕەسەنتر هاتبێتە

ئاراوە. ئەوان دەیانگوت: لە جیهانی واقیع تاکوو دەرکەوتەکانی واقیع و لە ئامێرەوە تاکوو کارتێکەری و کاریگەرییەکانی ئامێر مەودا و جیاوازیگەلێک هەیە. مەوداگەلێک لە نێوان واقیع و سەرووی واقیع...لەنێوان سرووشت و بانسرووشت... لە هەزار خاڵی شتێکەوە هەزاران تیشک بەدیاردەکەوێت و هەر تیشک دەگاتە دەرکەوتەیەک لە سەرووی ئەو شتە و واقیع بەو هەموو دەرکەوتە ئەژمارهەڵنەگرەی لەگەڵ هەزار رەهەند هەڵدەپێکرێت.١٣ شاعیری حەجمگەرا ئەم مەودایە بە جمشت و بزوتنێکی تایبەت کە من پێی دەڵێم "جمشتی وێنایی" دەبڕێت، توند و خێرا و بەم شێوەیە لە واقیع بازدەداتە سەر دەرکەوتە و بەدواداهاتەکانی واقیع. هەر دەرکەوتەیەک هەڵبژێرێت و لەگەڵ هەر تیشکێکی واقیع ببێت بەماڵ، لەوێدا تاسەر نامێنێتەوە و بەشێوەیەکی خێرا و بەجمشتێک دەپەڕێتە سەر دەرکەوتە و تیشکیتر بۆیە شاعیری حەجم گەرا بە جمشت و نەوەستانەوە مانا پەیدا دەکات...لەم دەرکەوتە بۆ ئەو دەرکەوت و لەم تیشکەوە بۆ سەر ئەو تیشک...ئەگەر شاعیری حەجم گەرا شاعیری جمشتە خێرا و کتووپڕ و ساتییەکان بێت ئەوا شاعیری شێت شاعیریی جمشتە ئاوێنەیی و ناکۆتاکانە بە تۆڕێکی گەورەی وێناکردن و وێناندن لە ئاوێنەی پیتەکان دا...ئەو پیتانەی کە شاعیری شێت تەنها وەکوو زمانوەرێکی مەحکووم قبووڵی کردووە ئەگینا نە شێت و نە شاعیری شێت زمانهەڵگرنین و زمانیش ئەزموون و شاعیری شێت هەڵناگرێت، واتە ئێمە مەحکوومین بەوەی کە جیهان و واقیع دەق(زمان) بن و دریدا گوتەنی هیچ شتێک لە دەرەوەی دەق بوونی نییە.١۴ هەر بۆیە:

پیاوتر لە دار...بەریشاژۆی پەنجەرەتدا...ڕووناک

راکشاوتر لە شەقام بە ئاژاوەی چاوتدا...تاریک

عاشقتر لە هەور بەتەنیاییتدا.

ئەمە ئەپیزۆدی سەرەتای بەشی یەکەمی شیعرەکەیە کە چەند وێنەی سەیر و بزۆک دەکات بەناوی یەک دا و لە دواجاریش دا ناهێڵێت تەواو بێت چوون جیهان ئاوێنەییترە لەوەی وێنەیەکی "ڕووناک"مان لێی بۆ دەرکەوێت:

پیاوتر لە دار...دەشێت وێنەی کەسێکی خۆڕاگر و ریشەدار و تۆکمە بێت کە پەل و پۆ دەهاوێت بە "ریشاژۆی پەنجەرە" دا... لێرە دا ئیتر ئێمە فڕی دەدرێینە ناو وێنەیەک و "پیت"ێک کە خۆی نادیار و پێناسە نەکراوە: "ڕووناک". درێژەی ئەم شکڵ و سیاقە لە دێڕی دووهەم دا وا هاتووە:

راکشاوتر لە شەقام...بەئاژاوەی چاوتدا...تاریک...واتە دەشێت ئێمە وا بگەین کە جووڵەی ڕووناکی(کەدەشێت لە گۆشەنیگایترەوە ڕووناک وەکوو ناوی مێینەیەک و بەپێی ئەوەش خوازە(metaphor)یک بێت)لەرێگەی ریشاژۆی پەنجەرە و بە هەیکەلی پانتر لە دار هەبوون و جووڵە و سەفەرە بە ناوی "چاوتدا"...وەکوو شەقامێکی راکشاو و درێژکەوتوو و درێژکۆلەش با "تاریک" بێت...ئەمەش لە ئاخێزگەی ئەوەوە دێت کە وەگێڕ "عاشقتر لە هەور"...بە "تەنیاییت"دا، دەبارێ.

ئێستە ئەگەر رەوتێکی بزۆکی وێنایی لە نێوان "پەنجەرە و چاو و هەور" دا وێنا بکەین بە "ڕووناک"ی یان "تاریک"ی، ئەوا شتێک کە روو دەدات باران و گریانە، تۆ بڵێی شیعر بەسەر تەنیاییتدا. بۆیە لە درێژەدا دەڵێت:

منم پیاوی عاشقی راکشاو...لەو دێڕەدا کە شیعرە...

واتە دەشێت کۆی ئەو ئەپیزۆدەی سەرەتا بە خوازەیەک بزانین بۆ شیعر...کە داباریوە بەڵام جمشتەکە لێرەدا ناوەستێت و هەر لە رێگەی پیتی پەنجەرە(دێڕی یەکەم) و ئاژاوە(دێڕی دووهەم) و تەنیاتر(دێڕی سێهەم) وێنایتری بۆ دەخەملێت و جمشتیتری بەبەردا دەکرێت:

منم پەنجەرەی ئاژاوە...لەو عیشقەدا کە تەنیا...

کەلێرەش جووڵاندن و بزاوتنی دەرکەوتەی عاشق(عەشق) کە لە دێڕی پێشووتر دا هاتووە بەردەوام دەبێت و لە درێژە دا و لەدێڕی پاش ئەمە هەموو وێناکان چڕتر و خڕتر دەکاتەوە و ونبوون و شێتبوون لە سەفەری ئاوێنەیی ناو پیتەکان دا زەق دەبێتەوە:

منم شاعیری تەنیایی هەور...لەو ئاژاوەی شەقامە دا...کە ڕووناک.

ئەگەر نەختێک وردبینەوە لەم دێڕە دا هەموو وشەکان جگە لە(شاعیر) لە دێڕەکانی پێشوودا هاتوون تەنیایی، هەور، ئاژاوە، شەقام و...وەکوو بڵێیت هەموو وێناسازییەکە لە خزمەت ئەمە بووە کە "شاعیر" و "شیعر" سەرهەڵبد"ات" بۆیە لە درێژەدا دەڵێت:

بخوێننەوە سێ شیعری من کە پێکەوە هەورانە بەسەرتانا...

بنووسنەوە سێ دێڕی دوای ئەوین...کە سپی سپی چاوەڕوان

ئێوە پیاوانی راکشاو لە سێ شیعری ناتەواوی عاشقێکدا

وەکوو پێشتریش ئاماژەم پێدا دەڵێی هەموو هەوڵی وەگێڕ لەو وێناندن و سەفەرە ئاوێنەییەی هەناوی پیتەکان بۆ ئەوە بووە کە لەرێگەی ئاژاوەی پەنجەرە بە سیحری چاو راکشاوانە درێژ بێتەوە لە عیشقی عاشقێکی تەنها کە ببێت بە شاعیری تەنیایی "هەور" و ئێمە والێبکات شیعرەکەی بخوێنینەوە...ئەو شیعرەی کە لەهەوری وێنا و پیتەکانەوە بەسەرمان دا... دەبارێت؟

هەر لەم دێڕە دایە خوێنەر بە "بخوێننەوە سێ شیعری من کە پێکەوە هەورانە"....هان دەدات کە "بنووسێتەوە سێ دێڕی دوای ئەوین"...کە سپی سپی چاوەڕوانە.

بۆیە لەسەرەوە ئاماژەم بەوە دا کە بەشی یەکەمی ئەم شیعرە پێکهاتیتر و فۆرمیتری لە ناو پێکهات دا تێدایە ئەمە بوو کە هەموو دێڕەکانی ئاماژە بە یەک دەدەن و دێڕی پاشتر بارگاوی و ئاوسە بە دێڕی پێشتر...و ئەگەر جارێکیتر وەکوو ئەزموونی دووهەمجاری خوێندنی شیعرەکە بخوێنینەوە ئەوکات دێڕەکانی پێشووش بارگاوی و هێزەکی دەبن بە دێڕەکانی پاشوو...لێرەدایە باش لە وتەکەی تۆدۆرۆف تێدەگەین کە هەر دەق(شیعر)ێک لە هەر جار خوێندنەوە دا ئەنجام و مودێلێک لە خوێندنەوە هەڵدەگرێت. بەم پێیە و بەلەبەرچاوگرتنی

پێکهاتی ناو پێکهاتی دێڕەکان دەشێت ئەم پرسیارە بکەم کە ئایا کاتێک وەگێڕ لە دێڕی هەشتەم واتە لە دێڕی دووهەمی ئەپیزۆدی سێی بەشی یەکەم دا دەڵێت:
بنووسنەوە سێ دێڕی دوای ئەوین کە سپی سپی چاوەڕوانە...
مەبەستێتی کە لە ئەپیزۆدی یەکەم و لەپاش دێڕی "عاشقتر لە هەور...بەتەنیاییتدا" سەرنج بە سەر ئەپیزۆدی دووهەم "منم پیاوی عاشقی راکشاو..."شۆڕ کەینەوە؟ و بەم شێوەیە شیعر و عەشق و ناپێکهاتەیی و خوێندنەوە و نووسین دەکات بە سەفەرێکی ئاوێنەیی و وێناکراو بۆمان؟یان نا، وەگێڕ دەیەوێت فۆرمیتر لە وێناکردنی پێکهاتی بەشی یەکەمی شیعرەکە بخاتە بەرچاومان و پێمان بڵێت سەرنجی بەشی دووهەم بدەن کە لە سێ ئەپیزۆدی ژمارەیی واتە ١،٢،٣ دا خۆی دەرخستووە؟وەڵامەکە بێگومان رێژەییە و هەر وەڵامێک بەو پرسیارانە بدەینەوە دەشێت بە لەبەرچاوگرتنی توانستی بزۆزیی و کۆچەریی بوونمان لەپلەی خوێنەر دا بێت، بۆیە لە دێڕی کۆتایی بەشی یەکەم دا دەڵێت:
ئێوەن پیاوانی راکشاو لە سێ شیعری ناتەواوی عاشقێکدا...
ئایا مەبەستی وەگێڕ لە سێ شیعری ناتەواوی عاشقکێک ئەو سێ ئەپیزۆدەی ئەم بەشەی یەکەمە یان ئەو سێ ئەپیزۆدەی بەشە ژمارەییەکەی درێژەی شیعرەکە یان پێکهاتی دووهەمە؟ وەڵامەکە هەرکامەیان بێت ئێمە دەشێت پیاوانی راکشاو بین لە سێ شیعری ناتەواوی عاشقکێکدا کە لە هەور عاشقترە و ئاژاوەی پەنجەرەیە و لە رێگەی ئاژاوەی چاو و ئاژاوەی شەقام و کە رووناک ...کە تاریک...کە سپی سپی چاوەڕوان بەڵام سپی دەشێت شینتر =ئەپیزۆدی ١ وسپیتر =ئەپیزۆدی ٢ و سوورتر =ئەپیزۆدی ٣ بێت:

١

شینتر لە جوامێری
باران
بەهارانە
لە ئامێزمدا دارستان
ئەی شیعری سەرەتای
ئاژاوە
بنووسرێوە بە رووحمدا
تەنانەت ئەگەر
سەروایەک
بۆ تەنیاییم
دێڕێک بۆ سەرەتام.
بارانی جوامێری
ئامێزم
سەروایەک
بۆ سەرەتات
دێڕێک بۆ هەمووت
ئەی ناتەواوتر شیعر
لە ماڵئاوا.

ئەمە ئەپیزۆدی ١ی بەشی دووهەمی شیعرەکەیە کە دەبێت سەرنج بدەین کە لە تەنیشت ئەپیزۆدەکانیتر بە شێوازی ستوونی هاتووە واتە ئەپیزۆدی ١ وەکوو ستوونێکی درێژ و راکشاو بەرەوخوار لە لاپەڕەکەدا جێگەی گرتووە و ٢ و ٣یش بەهەمان شێوە و لە تەنیشت ئەو دا نە لە پاش یان پێشی دا. واتە بە گشتی فۆرم و چنینی ئەپیزۆدەکان لە بەشی دووهەم دا جیاوازە لە بەشی یەکەم، وەک بڵێی ئەم بەشە پێکهاتێکیتر و شیعرێکیترە کە جیایە لە بەش و پێکهاتی یەکەم، کە هەوێنی ئەم بیرۆکەیەشمان لە لێکدانەوەی بەشی یەکەم دا شی کردەوە و تیشکمان خستە سەر نیشانەکانی.
کاتێک لە دواهەم دێڕی بەشی یەکەم دا دەڵێت:
ئێوەن پیاوانی راکشاو لە سێ شێعری ناتەواوی عاشقێکدا...
بەرەو بەشی دووهەم کە هەروەکوو وتمان دەڵێی شیعرێکی سەربەخۆیە و بە فۆرمی ئاسایی نالکێت بە بەش و "پێکهاتی" یەکەمەوە...ئەوەتا وەکوو ئەم دێڕەی سەرەوەش دەیخاتە روو سێ شیعری ناتەواوە...ناتەواوە چوون شیعری شێت هیچکات لەنگەر ناگرێت و تەواو نابێت...ئاوێنەی پیت لە ناو پیت بە تۆڕێکی وێناکردن دا ...کاتێک سپی سپی چاوەڕوان...بەناو... شینتر ١...سپیتر٢... و سوورتر٣...ون دەبین. ئەپیزۆدی ئەم پێکهاتە لە ژێرناوی ژمارەی ١ هەڵگری وێنەی هێزەکی دێڕەکانی بەشی یەکەمی شیعرەکەیە...لەوانەی پێش ناوی باران نەهاتوو بەڵام ئاژاوەی چاو و عاشقتر لەهەور و ...پێکەوە هەورانە بە سەرتانا...هاتووە کە هەموو دەشێت دەلالەت بن بۆ داهاتی بارانێک کە دەکرێ وەکوو خوازە بۆ فرمێسک یان شیعر وێنای بکەین، بۆیە لە درێژە دا دەبیسین...یان دەخوێنین...یان دەنووسین:
ئەی شیعری سەرەتای
ئاژاوە
بنووسرێوە بە
رووحمدا
دیسان بزواندنی وێنەگەلی بەشو پێکهاتی یەکەمی شیعرەکە

وێنەی جووڵەیی و بزۆک لە شیعری شێت دا جیانییە لەو گۆشە حەجمییە و رەهەندە کوبیستییەی پێی دەدرێت. ئەگەر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی روانینی حەجمخوازانە بۆ گێڕانەوە و وشەرێژی و شیعرهۆنینەوە بزۆزبوون و سرک بوونی بێت ئەوا لە روانینێکی وێنایی و ئاوێنەییەوە بۆ واقیع سەرچاوە دەگرێت

وەکوو ئاژاوە، شیعر، نووسین و...کە وێناندنەکە بزاوتووتر دەکات و ئۆقرەنەگرتوویی و شێتی زەقتر دەکاتەوە...دەکرێت لە سەر وشە بە وشە و شێوازی هاتنی وشە و فۆرمی چەندپاتەکی١٥(Frequency)وشەکان قسەی زۆر بکەین، بەڵام بە هێنانەوەی چەند دێڕی کۆتایی ئەپیزۆدی ١ی بەشی دووهەم و تیشکێک لە سەر ئەپیزۆدی ٢کۆتایی بەم باسەم دێنم.

بارانی جوامێری
ئامێزم
سەروایەک بۆ
سەرەتات
دێڕێک بۆ هەمووت
ئای ناتەواوتر شیعر
لە ماڵئاوا.

وەکوو دەبینین وشەگەلی ئامێز، باران، سەرەتا، جوامێری، دێڕ. ناتەواوتر و شیعر لە هەموو دێڕەکانیتر دا و لە ئەو بەشانەی هەر دوو پێکهات کە تا ئێرە باسمان کرد هاتوون، و هاتنەوەیان لێرەدا پلەیتری مانایی و دەوریتری خەیاڵکردن و وێناندن دەگێڕن...وێناندن و خەیاڵکردن و کۆچەریانەبوون و سەفەرکردنێک کە بەردەوام ناتەواوە...تەنانەت لە جیهانی ناکۆتای شێعریش دا...وەکوو شتێک دەڵێی شیعر هەڵگری ئەم ئەزموونە شێتانە نابێت بۆیە "ناتەواو"ییەکانی شیعر دەشێت لە ماڵئاوا بوون کە دەربڕینێکی دیار و بەرهەست و سەخت و سۆڵە "تر" تر و زەقتر بێت...ناتەواوتر شێعر...ئەمەش لە کەلکەڵەی زمانی و وجوودی وەگێڕ بۆ گێڕانەوەی شێتی سەرچاوە دەگرێت چوونکوو لە ئەپیزۆدی ٢ی ئەم بەشە دایە کە دەڵێت:

سپیتر لە جەسارەتی
ئاو
کە هەور
چیها گەڵا ئەچڕێ
بۆ چرکەیەک تەمەن
تا ناتەواوی جوامێری
سەروایەک
کە تەمەنی
جەسارەتی
شەقام
منم شاعیری ژیانی
چاوەڕوان

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بەشە و لە یەکەم وشەکانی هەر ئەپیزۆد ١ شینتر٢ سپیتر(کە بۆڵدکراوە و ناوەڕاستی ستوونی پێکهاتەکەشە)٣ سوورتر و گرێی بدەین بە دوا ئەپیزۆدی بەشی یەکەمی شیعرەکە و دێڕی "سپی سپی چاوەڕوان" دەڵێی لە گۆشەنیگایەکیترەوە ئێمە لە گەڵ نیگارکێشێک بەرەورووین کە دەیەوێت هەموو ڕەنگەکان تێکەڵ بکات سپی و شین و سپیتر و سوورتر...جا ئەمەش گرێ بدەن بە دێڕە سەرەتاییەکانی ئەپیزۆدی یەکەمی بەشەی یەکەمی شیعرەکە... ڕووناک(ڕوونی و سپێتی) و تاریکی(ڕەشی و نارووناکی) ئەوکات دەزانین شیعری شێت چ وزە و پوتانسیەلێکی تێدایە. شیعری شێت لە سەر گریمانەیەکی وجوودی خۆی مانیفێست دەکات ئەویش ئەوەیە کە زمان، نازمانە/ ئاوز شێتێتییە/واقیع خەونە/ و بە گوتەی ڕیمبۆ من ئەویدییە. بۆیە وەگێڕ بەر لەوەی شاعیری ژانی چاوەڕوان بێت، شاعیری ژیان و بوونی چاوەڕوانە کە وەکوو دواهەمین دێڕی ئەپیززۆدی ٢ی بەشی دووهەم دەردەکەوێت، بۆ گەڕان بە دوای ئەو نامن و ناخودە لە ناو ئەزموونی شیعری شێت دا من ئەپیزۆدی کۆتایی واتە ٣ دەهێڵمەوە بۆ کۆڵشتی خوێنەر...خوێنەرێک کە ناخوێنەر و نووسەرە...بەگشتی دەشێت بزانین و لەبەرچاومان بێت کە لە فۆرم و قەوارەی ئەم نووسینە دا هەوڵدرا بەشێک لەو جیهانەی ئەزموونی شێت دەیەوێت وەکوو مودێلێک بیخاتە ڕوو، باس کرا و باسکردن لە ئامادەبوونی هەندێ کەڵەرەوایەتی وەکوو عەشق و زمان و شێتی و...ئەوەندەی ئاماژە بۆ غیابە ئەوەندەی دەرخستنی ئامادەیی و حوزورێکی میتافیزیکی نییە و لە ئەزموونی شێتدا ئەم شتە زەقە و پێکهات بەردەوام دەشکێت و ئەم شکاندنەش لەڕێگەی شەڕێکی بەردەوام و دەستەویەخە لە گەڵ خودی پێکهاتەکە و لەناو پێکهاتەکەدا دێتە ئاراوە... شەڕی ئاوێنە لەگەڵ ئاوێنە بە وێنەی وێناکردن و وێناندن... لە ڕۆچنەی ئاوێنەوە!ئامادەیی و حوزور ئەو لایەن و ڕەهەندەیە کە دەشێت لە شوێنێک دا بێت بەڵام غیاب لایەنێکە کە بەردەوام لە کۆچ و بزۆزیی و وێناندن دایە و وەکوو ئاو دەبێت١٦ و دەخشێت و دەچێت و کۆچەرییانە دەمانژێنێت و دمانووسێتەوە...شێعری شێتی غیابە...غیابی میتافیزیکی واقیعێک کە بە فۆرمی جیاجیا ولە ڕێگەی جۆراوجۆر بە بەری وشیاری و ئاوەزی ئێمەدا کراوە، ئەزموونی شێتی هەبوونە لە هەرێمیتر و نەبوونە لە سەرزەمینیتر...بۆیە:

ڕاکشاترە لە وشە...
تاژاوە ل ٨٠
ماڵئاوای ئە ناتەواوتر زمان لە شیعر...
منم شاعیری "ژیانی" چاوەڕوان ل ٨٠

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١-رامان سلدن&پیتر ویدوسون، راهنمای نظریەی ادبی، ترجمەی عباس مخبر، چاپ قیام ١٣٧٢صص٧٢ تا٧٦

٢- ئۆنتۆلۆژیای ئارەزو و پرۆسێسیوسەکانی بە سوژەبوون، وتارێکی ئینتەرنێتی ئەبووبەکر جاف کە لە کەلتوورمەگەزین دا بڵاو بۆتەوە. لاپەڕەکانی ١ و٢

٣-سەرچاوەی ١ صص٧٤و٧٥

٤-آگامبن، جورجو، همبودگی آینده، ترجمه فؤاد جراح باشی، نشر ققنوس،١٣٨٨

٥-ینەندە،د، مەسعوود، لێکدانەوەی ڕەوتی شیعری نوێی کوردی، گۆڤاری شێ ژمارەی ١٠ولقپەڕەی ٤٤تا٥٣

٦-بێگومان باسکردنی لە هەر ئەزموونێک دەشێت بە خوێندنەوەی ئەزموونەکانی پێش ئەو ئەزموونە و لەناو قەوارەی زمانێک کە ئەزموونی دەقی تێدا هاتۆتە ئاراوە روو دەدات و مەبەست لە ئەزموونەکانی پێشیش هەموو ئەو دەقانەیە کە پێش لەو ئەزموونانە(چ کلاسیک و چ نوێ) و بەو زمانە هاتوونەتە بوون، لێرەدا تیشکێکی خێرا بە سەر ئەزموونی وەچەیەکی پاشتری ڕێڕەوانی سوارەیە و فۆکۆسە لە سەر ئەزموونی شاعیرێکی تایبەت و ئەزموونێکی تایبەت بەناوی شێتی.

٧- ئەم وتارە لە چەند شوێن هەم لە باشوور و هەمیش لە رۆژهەڵات بڵاوکراوەتەوە. لە گۆڤارەکانی هایا و زرێبار و هەنار بلاو بۆتەوە کە هیچکامیانم لانەماوە بەڵام وتارەکە لە ئینتەرنێت دەست دەکەوێت.

٨-فریدریش نیچە، فراسوی نیک و بد، ترجمەی داریوش آشوری، شرکت سهامی خاص انتشارات خوارزمی، چاپ دوم ١٣٧٣

٩-ژمارە لە عیرفانی رۆژهەڵات و لە ئاییەنە رازاوی و کەونینەییەکانی وەکوو کابالا کە وەکوو دەڵێن فۆرمێکە لە عیرفانی یەهوودی و ڤاڵتەر بنیامینیش سەر بەم رێبازە بووە، هیچکات لەناوی زانستێکی وەکوو ریازی دا کورت نەکراوەتەوە لەم گۆشەنیگایەوە ژمارە هەڵگری مانایە و پیت نیشانە و ئاماژەیەکە بۆ ژمارەیەکی تایبەت، هەندێ لەم ژمارانە قودسی و پیرۆزن وەکوو حەوت یان یەک یان مەزاریبەکانیان واتە٧٧یان ٢٢، بەپێی هەندێ گێڕانەوە ئاییبنی ژمارە ئاییبنێکی تایبەتی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی هەرەمەکان و پێکهاتی "هەرەمیانەی ئارەزوو"(لێکدانێکی شیعری شێت) واتە میسر، ئەوەندەش رازاوییە کە تەنها ئەندامەکانی لە سێحر و سرۆک بوونی تێدەگەن، پێدەچێت ئەم باسانە تەنها ئاماژەیەکی خوازەیی بن بۆ زەینی ناوشیار و پلەی رەقەم و ژمارە لە زەین دا کە باسێکی زۆر تەراکەوتەیە و من تەنها چەند شتی کورتم لەم بارەیەوە بینیوە و ناوی نووسەرەکانیشم لەبیر نەماوە!

١٠- لێدوانی د.ماری کلاگز، زمان لە روانگەی دەروونشیکارییەوە(دەربارەی ژاک لاکان) وەرگێرانی مەنسوور تەیفووری، ئیبراهیم شەوقی، زمانەوان ٣ لاپەڕەی١٤٥

١١-مەحموودزادە،د، رەهبەر، وشە هەڵگری رەساڵەتی تریفە(ئاوڕدانەوەیەک لە شەبەنگی راڤە لە شیعری شێتدا)، گۆڤاری زرێبار فایلی تایبەت بە شیعرل١١٢

١٢- "دوورگە" وێنایەکی خۆمە لەو شوێنەی کە رووداوانی سەیر و نازەمانمەند و سەرووی تیشک و دژەزمان تێیدا روودەدات، شوێنێکە کە لە زنجیرە درامای ونبووگ یان ونبووەکان دا وەکوو فەزایەکی بزۆز و بگۆڕی ساتیانە و سەفەرکردوو لە ناو زەمان دا وێنا دەکرێت بە گشتی ئاماژەی من بەم فیلمە و ناوبردەکردنی ئەزموونی سووزەنی لە ژێر ناوی دوورگە بەشێکی لەناو فەزای ناشوێن ئەم زنجیرە درامایە دا دەخەمڵێت کە لە داهاتوو دا بەوتارێکی تێر و تەسەل و بە تەوەردانانی "بە عینجەوفینجەوە...چ شار" دەپەرژێمە سەری. بەگشتیش زنجیرە درامای ونبووگ یان ونبووەکان(Lost) کە لە لایەن سێ دەرهێنەری بە توانای ئەمریکایی جیفری لەیبێر، جەی جەی ئابرامز و دیمۆن لیندیلۆف درووست کراوە و لە شەش سیزێن پێکهاتووە یەکێک بوو لە باسهەڵگیرسێنەرترینی ئەو درامایانە کە بەچەندین داهێنان لە وێنەگرتن و رەوایەت و رابردوونوێنی(Flashback)چەندین تێمی فەلسەفی و وجوودی و میتافیزیکی بەشێوەی هونەری گێڕاوەتەوە و ناوی چەندین فەیلەسووف و بیرمەند و فیزیکزانیشی تێدایە کە هەر کام هێمای چەشنە بیرکردنەوەیەکن لە جیهانێک بە ناوی "دوورگە" دا، کەسێک ئەو درامایەی بینیبێ لەم باسەی منیش بە ئاسانی و قووڵی تێدەگات.

١٣-منبع: رؤیایی، یدالله (١٣٥٧): هلاک عقل به وقت اندیشیدن (مقالات)، گردآوری و تنظیم:غلامرضا همراز، تهران: انتشارات مروارید، چاپ اول:٢٥٣٧=١٣٥٧، ص ٣٥-٣٩. (نقل از: بررسی کتاب،دورهی جدید، شهریور ١٣٥٠، شمارهی ٤

١٤-دریدا، ژاک، فروید و صحنەی نوشتار(مواجهات) ترجمەی مهدی پارسا، کارگاه انتشارات روزبهان،١٣٩٠صص١٨&٢٠&٢٦

١٥-دەشێت ئاماژە بە فیلمی سینەمایی (Frequency)یش بکەم کە لە فارسی دا کراوە بە"بسامد" لە نووسین و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی دارێن پاڤۆل فیشێر. لەم فیلمەدا کاریگەری و دەوری کارتێکەرانەی گۆکردنی وشەکان لە جیهانی فیزیا و جازبە دا دەگێڕدرێتەوە، دوو خوێندکاری زانستە مەجەڕەدەکانی وەکوو فیزیا و ماتماتیک بە هۆی ناتەبابوونێکی زانستی کاتێک دێنە تەنیشت یەکەوە یاسای راکێشان یان جازبە تێک دەچێت و ئەمەش بەسامەد و بەدواداهاتی باشی نابێتەوە دواجار یەکێک لە هاوڕێکانی ئامێرێکی میکانیکی و ژمارەبژێرانە دادەهێنێت کە وشە و پیتی تایبەتیان بە پێی شوێنی تایبەت کە لە تەنیشت یەک دادەنیشن بۆ دەڵێتەوە و باڵانسی جازبە دەگەڕێنێتەوە و لایەنی ئەفسووناوی و بانسرووشتی رەقەم و ژمارە لە رێگەی ئامێرێکی تەوا میکانیکی و زانستی دەخاتە روو و دواتریش دەردەکەوێت هاوڕێکەیان ئەم ئامێرەی لە دەوڵەتی ئەمریکا دزیوە و ویستوویەتی عەشقی نێوان ئەم کوڕ و کچە هاوڕێیەی بە درووستکردنی باڵانسی هێزی جازبە بگەڕێنێتەوە...ئیدی پێوەندی زانست و ژمارەکان ئاوەیە و هەمیشەش پێیەکی دەسەڵات لە ناو هاوکێشەکەیە! دیتنی ئەم فیلمە بۆ تێگەیشتن لە رەهەندی مانایی و فۆرمی جیاوازی ژمارە و بیرکاریی زۆر سوودمەند دەبێت. بەگشتیش و لە دواجار دا (Frequency) بەواتای تەکنیکێکە بۆ بزۆز کردنی رۆڵی پیت لە دێڕە جیاجیاکان دا، چەشنێکە لە دووپات بوونەوە و چەندپات بوونەوەی وشە بەڵام لە دەور و رۆڵی جیا و لە سیاق و چنینی جیاواز و لە شیعری شێت دا کارکردی زۆرە.

١٦-او خوازەیەکە بۆ ئاماژە بە تێڕوانینی فەلسەفی فەیلەسووفی پێش سوقراتی؛ واتە هیراکلیتۆس و ئەم خوازەیە داکۆکییە لە جووڵە و بزۆزبوون و نەوەتان کە لە دێڕە ناودارەکەی دا هاتووە: ئێمە ناتوانین هیچ کات دوو جار پێ بخەینە ناو رووبارێکەوە، چوون بەردەوام ئاوەکە دەخشێت! ئاو داکۆکییە لە هەبوون (become)و بەردەوام "بوون" لەجووڵەدا ئەزموون کردن...کۆچەریانەبوونی سووژە، بۆ زانیاری زیاتر چاو لە فلسفەی یونان و روم، فریدریک کاپلوتون، بەرگی یەکەم بکەن.

١٧-م.فوتی، ورونیک، هایدگر و شاعران، ترجمەی عبدالعلی دست غیب، نشر پرسش ١٣٧٦

تێبینی: ئەم نووسینە هەندێ کۆد و فایلی هێزەکی تێدایە کە دەکرا زیاتر باسی بکەم و تیشکی بخەمە سەر بەڵام نەشدەکرا هەموو شتێک روون و ئامادە بخەمە بەردەست.

ئەدەبی تاک جنسییەتی یا ئەدەبی ئینسانی

عەبدولقادر نیازی

ئەدەبیات وەک فاکتەرێکی فەرهەنگ ساز بە هەر دوو ژانرە سەرەکی و گرینگەکەیەوە بە درێژایی مێژوو و تەمەنی خۆی، هیچ کات لە تێم و بەک گراوەند و ناوەرۆکی پیاو سالارانە بێ بەری و مۆبەررا نەبووە.

لەو نێوەدا نە ئەدەبیاتی کوردی، نە فارسی نەیانتوانیوە خۆ لەو خسڵەتە بپارێزن، ئەگەر لە دونیای بەر لە مۆدێرن و سەردەمدا ئەو ڕەوتە پیاو سالارییە نەک تەنیا بە سەر کۆمەڵگادا بەڵکوو بە سەر ئەدەبیاتیش‌دا زاڵ بووە و ڕەنگی داوەتەوە ڕەنگە زەرفیەت و کێشی گۆمەڵگای ئەو کات ئەو ئیزنەی دابێ کە هێژمۆنی فەزای پیاو سالار، تەنانەت لە تەوەری زمانیش‌دا، پاڵ وە پاڵ شێعر و بەرهەمی ژنانی وەک پەروین، لە نێو فارسەکاندا و تەنانەت مەستوورەی ئەردەڵانیش دابێ، کە خوێنەری ئەدەبیات بگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە فەزای پیاو سالار نەک هەر بە هۆی زەرفییەت و کێشی کۆمەڵگا و فەزای بەر لە مۆدێرن، کە ڕەوەندی ئەدەبیش پتر وەک پێش فەرز و زەمینەیفەرمی و ئۆرجینال بۆ خولقاندنی دەق و ئەدەب لێی ڕوانیوە، لە سەردەمی مۆدێرندا و دوا بە دوای سەر هەڵدانی شێعری نوێ لە لایەن نیما، وە ئەدەبیاتیش بە هۆی جسارەتەکانی فروغ و سیمین تا ڕادەیەک لەو فەزایە هاتە دەر و ناچار بە تۆخ هاویشتن بوو، بەڵام ناکرێ وەک ڕەوتێک دژ بەو فەزا زاڵەی، پیاو سالارانە لێی بڕواندرێ، بە کەمێک تەسامووحەوە ڕەنگە بتواندرێ وەک دەرکەوتە و نموودی توانایی ژنان لە بوارەکانی ژیانیاندا ئاوڕی لێ بدرێتەوە، بەژدار نەبوونی ژنان لە پرۆسە درێژ خایەنەکانی ئەدەبی و سیاسی و فەرهەنگی دا ڕێک دەگەڕێتەوە سەر ئەو قەیرانە کە هیچ کات نەیتوانیوە دەرکەوتەیەکی ژنانەی، بە تەواو مەعنا لێ بکەوێتەوە، ئەوەی کە فەزای زمان و شێعر و چیرۆک، بە گشتی ئەدەبیات و سیاسەت و یاسا، هەتا(ە، ت، د) ئێستاش تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر هێژموونی ئەو فەرا پیاوانە دایە بەڵگەیەکی‌ترە بۆ سەلماندنی ئەوەی وترا.

ئەگەر لە هەر شوێن گەلێک تا ڕادەیەک ژن توانیوێتی بەرپرسایەتییەک لە هەر بوارێکدا بە دەستەوە بگرێ و نموودێکی ژنانەی پێ ببەخشێ، پتر لەوەی کە وەک توانایی ژن چاوی لێ بکرێ، لە بەدەستەوە گرتنی ئەو بەرپرسیایەتییەدا هەڵقولاوی ڕەحم و بەزەیی پیاوان بووە کە ئەوەش لە بری ئەوەی لێکەوتەیەکی باش و پڕ مەزندەی هەبێ بۆ ژنان زۆر جار دوورە پەرێزی ئوانی لێ کەوتۆتەوە.

۲ئەوەی کە ژن تا ئەو ڕادەیە لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی زمانی و کردەکیدا خستراوەتە پەراوێز ڕەنگە بکرێ لە زۆر لایەنەوە تاووتۆ و شرۆڤەی بۆ بکرێ، بۆ نموونە بەشێکی زۆر لە جەماوەر سەرچاوەی ئەو دە پەراوێزدا مانەوەی ژن دەخەنە ئەستۆی سرووشتی ژن و بەشێکی زۆریش دەیخەنە ئەستۆی بار و دۆخ و هەڵسووکەوتی خوودی ژن بە درێژایی مێژووی، لە گە خۆی. لە گوشە نیگایەکی‌تروە ئەگەر لە پرسەکە بڕوانین ڕەنگە ناهەمواری و نەبوی دیسیپلین لە گۆمەڵگای ئێمە و بەشێکی هەرە زۆری وڵاتانی جیهانی سێهەمدا لە مەڕ مافی ژن فاکتەرێکی گرینگ و شوێن دانەری‌تر بێ، بۆ ئەوەی تێیدا ژن ئەگەر سەرخووردەش نەبێ لانی کەم لە بواری بەشدار کردنی چالاکانەی لە گۆمەڵگادا بۆ نەرەخساوە، لە بەرامبەر ئەوەشدا پیاو سالاری کە پتر لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی داگیر کردووە بە هۆی نەبووی ئەو دیسیپلینەی وا لە سەرەوە باسی لێ کرا هاکات دایداوەتە بواری ئەدەب و داهێنانیشەوە، بە ورد بوونەوەیەک لە مێژوو بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە لە کومەڵگای ئێمەدا کە بەردەوام کۆژەڵگایەکی سوونەتی و خێڵەکی بووە دەورەیەک بە نێو ناوەرۆکی ژن سالاری بووووونی نەبووە، هەر وەک پێشتریش ئاماژەی پێ کرا ئەگەر لەو سەردەمە نیمچە مۆدێرن و ئانۆمیکەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان چەشنێک هاوسانی و هاوشانی کۆمەڵایەتی و حقووقی و زۆر جار دروشماوی لە کۆملگای کوردیدا دەبینردێ، بەر لە هەموو شتێک دەبێ روون کرێتەوە کە سەرچاوەی لە کام سەرچاوە و پرەنسیب گرتووە. بێ شک کۆمەڵگای کوردی کۆملگایەکی ناهەموار پڕ کێشەیە کە بنەرەکی‌ترین ئەستۆندەکەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسێکەشی تووشی لەرزۆکی و بۆشایی بووە و بەهێزترین زەبری ئەو بوون و ناهەمواریەش لایەنەکانی حقووقی و یاسایی کۆمەڵگا دەگرێتەوە کە سەرچاوەی هەموو خەمۆکی و ناکۆکییەکانە، ئەوەی کە ئەو قەیرانە پتر داوێنگری ژنانە تا پیاوان، دەگەڕێتوە سەر ئەو بنەما عۆرفی و

خێڵەکییانەی کە بواری هەر چەشنە گەشەیەکی حقووقیان لە ژن ستاندۆتەوە و کۆمەڵگاشی تووشی بۆمبەست کردووە، کاری ئەو نووسراوەیە ئەوە نییە کە کۆمەڵگا لە چەنگ پیاو بێنێتە دەرێ و ڕادەستی ژنانی کا، ئەگەر ئەدەب وەک فاکتێکی زانستی و فەرهەنگی و ئینسانی بێنینە ئاراوە هەر چەشنە ئانالیز و تاووتۆ و شروفە کردنیشی دەبێ بە مێتۆدی زانستی و فەرهەنگی و ئینسانی ئەنجام بدرێ و ئەگەر قەراریشە بە مێتۆدۆلۆژیکی زانستی ئەو ئەرکە بە ئەنجام بگا تا ئەو جێیە کە بوار هەیە ناکرێ مێتۆدەکانی ڕەوانی مرۆڤ نادیدە بگیرێ.

٣بۆ هەل ڕەخساندن بۆ چالاکی ژنان لە ئەدەب و سیاسەت و ئابووریدا بە بێ ڕەچاو کردنی فاکتە کۆمالایەتی و ڕەوانی و ئینسانییەکانی مرۆڤ ناکارامەیە، بە بێ ڕەچاو کردنی پێکهاتەیەکی ئۆرگانیزە کراو، گەشەی مرۆڤ بە تایبەت ژن، ڕاندۆمانی پێویستی لێ ناکەوێتەوە و ژن ئەوندەیتر دەخاتە مەترسی و پەراوێز و ئینفعالەوە، سیرفی مانۆردان لە سەر ئاو قەیرانگەلەی تا ئێستا بەرۆکی ئەدەبی کوردی گرتووە و ئەو وەهم و شوبهەیەی ساز کردووە کە قەیرانی نبوونی حوزووری ژن لە ئەدەب و داهێناندا کێشەیەکی تاکییە و دەگەڕێتەوە سەر خوودی ژن و ئەوەی کە خۆی لە خولقاندن و داهێنانی ئدەبی دوورە پەرێز کردووە، لە گەڵ ئەوەش زۆرێک لە جماوەر هێشتا نەگەییشتوونە ئەو قەناعەتە، کە کێشەی شناسی ژن دەگەڵ خۆی جیاوازێکی ئەوتۆی لە گەڵ ئەو بنەما و پرەنسیبە عۆرفی و خێڵەکی و حقووقیانە هەیە کە لە هەموو بوارەکاندا تەنگی پێ هەڵچنیوە، کۆمەڵگا کوردی زۆر کات نەیتوانیوە خۆ لە ڕوانگەی زەوقی و حیزبی و ئایدیالۆژیک دوور پەرێز کا، ئەگت لە بوارە کردەییەکانی وەک سیاسەت، ئابووری و... بەرهەمی ئەو زەوقی و حیزبی و ئایدیالۆژیک بوونە دەرەنجامی ناشیاوی لە ئاست زماندا لێ کەوتۆتەوە، داگیر کردنی پانتای زمانیش کە گرینگ‌ترین بەرهەم و لێکەوتەی ئەدەب و داهێنانە تووشی قەیران بووە، دابەش کردنی ئەدەب بە دوو بەرەی ژنانە و پیاوانە لە بری ئەدەبی مرۆڤانە و ئینسانی ڕەنگە کەم تا کورتێک دانی بە مافی ژندا هێنابێ، بەلام ناڕاستەوخۆ کۆمەڵگای ئەدەبی بەرەو شەڕە گەرەکێکی نابەرانبەر هان داوە کە زەخت و گوشارەکەی پتر لەسەر ڕۆحی ژن و شناسی ئەودا دیار و بەر چاوە، ئەو نووسراوەیە نە تەمای ئەوەی هەیە، ژن و پیاو لە بەرێکدا ڕاگرێ، نە دەشی

> ئەگەر لەو سەردەمە نیمچە مۆدێرن و ئانۆمیکەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان چەشنێک هاوسانی و هاوشانی کۆمەلایەتی و حقووقی و زۆر جار درووشماوی لە کۆملگای کوردیدا دەبیندرێ، بەر لە هەموو شتێک دەبێ ڕوون کرێتەوە کە سەرچاوەی لە کام سەرچاوە و پرەنسیب گرتووە.

هەوێ چاوپۆشی لە جیاوازە ڕەوانی و فیزیۆلۆژیکەکانیان بکا نە گەرەکیشێتی لە بەرەنبەر پیاو سالاریدا، ژن سالارر بەرجەستە کاتەوە، نیازی سەرەکی ئەو نووسراوەیە هەڵسوکەوت کردنە لە گەڵ ژن و پیاو وەک مرۆڤ و ئەدەبیش وەک بەستەرێکی مرۆڤانە و ئینسانی و فەرهەنگ ساز، ژێر بەنای شروشت پارێزی و شناس پارێزی مرۆڤ(ژن و پیاو) ئەگەر لەسەر بناغە و خمێکی ئینسانیدا دامەزرێ بە دڵنیاییەوە ئۆتۆنۆمێکی زمانی و ئەدەبی و سیاسی و ئابووری لێدەکەوێتەوە کە پاوان کراوی لایەنێکی کۆمەڵگا و کردە و پراتیکی ئەو بە تەنیا نابێ.

لۆژیکی کۆمەڵگای نیمچە مودێرن و ئانۆمیکی کوردی ڕنگە بە تەواو مەعنا وا ئیجاب نەکا بەلام سرینەوە و پاکتاو کردنی ئەو دابەشکردنە جنسیەتە زەروورییە، لە گەڵ ئەوەی کە دەبێ دان بە پلۆڕالیزمێکی ئەدەبی دابنێین، هاوکات کۆمەڵگا و بەردەنگ و خوێنەری ئەدەبیش بەرەو لۆژیکێکی بەرهەم هێنەرانە هان بدا، ئەقلانییەتی کۆمەڵگا لەو بەستەرەدا ئەقلانییەتێکی تەواوکەر و بەشدار و ئەکتیوە کە بەر هەر چەشنە دەمار گرژییەکی جنسیەتی دەگرێ، لانیکەم لە پانتای ئەدەبدا کە ئەگەر سەرەکی‌ترین خسڵەتی کۆمەڵگای کوردی نەبێ، بێ شک لە گرینگترینیانە.

بمانهەوێ و نەمانهەوێ هەڵسوکەوتی ئایدیالۆژیکی و سیاسی لە گەڵ ژن و ئەدبدا بە تنیایی نە دەتوانن پێش مەرزەکانی مسۆگەر بوونی ئەدەبی پلۆرالیستی پێک بێنن، نە دەشتوانن گەرانتی گەشە و فراژۆی کۆمەڵگا بن، بەرهەمێکی کە هەڵسوکەوتی ئایدیالۆژیکی و تاک لایەنەیە لە گەڵ ژن و ئەدەب دەکوێتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەدەبێکی خاوەن ئێکسپایێر و نەزۆک دەبێ، کە تەنیا دەرەنجامی ئەویش پێوەندی گرتنێکی ڕووکەشیانە و ڕووماڵە بە دوور لە هەر چەشنە نیسبەتێکی ڕۆشەنگەرانە و چالاکانە لە نێو کۆمەڵگا و داهێنەردا، دە مەهاق بردنی ژن و بواری گەشە ستاندنەوە لە ژن لە پانتای ئەدەبدا هەم دەبێتە خاڵی بوونی چەمکەکان لە بایەخ هەم پەک کەوتنی نیوەی گۆمەڵگا، لە وەها بار و دۆخێکدا ئایدیالۆژیای سەرکۆنە و تەعقیف سەر هەڵدەدا و ئەدەب و داهێنانیش لە ڕەوتی ئاسایی خۆی لارێ دەکرێ، ئەگەر ئایدیالۆژی سیاسی و خێلەکی و حقووقی لە کۆمەڵگای کوردیدا تا ئێستا خۆی بە قەییوومی ئیدارە کردنی کۆمەڵگا زانیوە لە بەرامبەردا پلۆڕالیزمی ئەدەبیش بە ئاراستە کردنی پانتایەکی بەر فرەوانی زمانی لە گەڵ هیچ ئایدیالۆژییەک بە تەوافووق و هاو ڕایی ناگا، پشت بەستن بە کۆمەڵگا و پێکهاتەیەکی کە بە بوار نەدان و هەل نەرەخساندن بە ژن و بۆ ژن تەنیا لە چەرخەیەکی بەرهەم هێنانی ئایدیالۆژیکی‌دا جم و جۆڵییەتی هیچ کات خواستی ئەدەب نەبووە و نییە، ئەوەی کە تا ئێستا لە کۆمەڵگای کوردی‌دا دیتراوە دەبێ بە شێوەیەکی عەقلانی و کارناسانە، خەسار ناسی و تاو و توێی بۆ بکرێ، داهاتووی گەشەی مرۆڤ و ئەدەب و کومەڵگا و دیالێکتیکی نێوانیان بە چ شێوە گەلێک دەبێ مسۆگەر بکرێ، نە ئەرکی ئەو کورتە نووسراوەیە نە دەشکرێ لێرەدا باسی لێ بکرێ.

ئەو ئاسمانگەلەی کە ڕەنگە مابێتیان بکەون!

عەلی حسەینی

دەقی داستانی بە تایبەت ڕۆمان، ئەتوانێ بۆ کەشتیی لە شەپۆلدا گیرکردووی ئەدەبی کوردی لەنگەرگەیەکی ئارامبەخش بێت کە بەو هۆیەوە لە هورووژمە تەزێنەرەکان دەرباز بێت و چەند دەورێک خۆی بیووژێنێتەوە و بتوانێ لە داهاتوودا سەرێک بێت لە ناو سەراندا و ڕوویەک هەڵبێنێ. ئەگەر چاوێک بخشێنین، خۆشبەختانە بۆمان دەر ئەکەوێ ئەم دەقە ئاوەزبەخش و شارستانییە چەند دەیەیە لە ئەدەبی کوردیدا خۆی نیشان داوە و بەرە بەرە ڕوو لە زیادبوونە. دەقەکانی دیکە وەکوو شێعر و پەخشان و ... پێدەچێ دادی ئەدبیاتی کوردی نەدەن هەر بۆیە تاکی کورد دەیەوێ لە بوارێکی تردا خۆی تاقی بکاتەوە. ڕەنگە تاکدەنگی،دیکتاتۆرییەتی نووسەر بە سەر دەقەوە، هەندێ هاشە و هووشەی دەهۆڵ ئاسا و بڕێک گرفتی تر ببنە هۆی ئەوە خوێنەران و لایانگرانی ئەو چەشنە دەقانە کەم ببنەوە.

لە جەبار جەماڵ غەریبەوە بە خۆشییەوە ئەبێ بڵێم بێجگە لە بڕێک کەم و کووڕی،کە ڕەنگە ئەگەری هێنانە ئارایان زۆر نالۆژیکییانە نەبێ، پەیڤگەلێکی دڵخۆشکەر دەبیستین. ئەگەر چاوێک بە تازەترین بەرهەمی ناوبراودا، کەوتنی ئاسمانەکان، بخشێنین بۆمان دەرئەکەوێ کە نووسەر لە چاو دەقەکانی تری بڕێک بە لای خوێنەردا شکاوەتەوە و توانیویەتی پێشوازییەکی گەرمتر لە بەردەنگ بکات و لە هەمان کاتا پانتای دەقەکەش، گۆم ئاسا، قووڵتر بکات. دەربارەی ڕۆمانی زێبرا من لەوە پێش بۆچوونی خۆم دەربڕیوە بەڵام لە نەتەوەی زێرابەکاندا لە ڕێژەیەکی بەرچاودا تاکدەنگی و کەم دیالۆگی ئەبینرێ؛ ئەگەرچی لەو ڕۆمانەدا نووسەر هێزی گێڕانەوە و وەسف کردنی بە ڕادەیەک لە سەرەوەیە کە بڕێک لە ئیرادەکان یان داپۆشراون یان بە سەختی ئەبینرێن. لەو ڕۆمانەدا نووسەر بە چەشنێ نەتەوەی زێرابەکان وەسف دەکا کە خوێنەر دێتە سەر ئەو باوەڕە ئەگەری ژیان لە ناو زێراب و لەو چەشنە شوێنانەدا هەیە و ئەکرێ کۆمەڵگەیەکی شاراوە وەک ئەم کۆمەڵگە ڕاستەقینەی تێیداین لە ژێر زەوی یان شوێنگەلی لەو چەشنە بە شێوەیەکی نادیار بوونی هەبێت و بەردەوامیش بیری بزووتنەوە و سەرهەڵدانی لە سەردا بێت. بیست ساڵ لەوەبەر کە من دەقی ئینگلیزیی ئەنیمڵ فارمز یان کێڵگەی ئاژەڵانی ئورویڵم خوێندەوە لە دێر بە دێری ئەو ڕۆمانەدا نوقمی حەز،تاسە، نەفرەت ،خۆشەویستی یان ڕق و تووڕەیی بووم و کاریگەرییەکی زۆری لە سەر هەست و ئەندێشەی لاویم دانا و ئێستاکەش لە قەمچ و پێچی ئەو ئیعجازی نووسینەدا هەر سوور دەخۆم. ئا ماوەیەکی درێژ خایەن وا بیرم دەکردەوە شتێکی واقعیم خوێندوەتەوە و ئاژەڵیش وەک مرۆڤ دەتوانێ بیری شۆڕش و سەرهەڵدانی هەبێت و خۆی لە چەوسانەوە دەرباز بکات. لە نەتەوەی زێرابەکانیشدا خوێنەر ڕەنگە کەم و زۆر هەمان هەست دەستی پێبدا؛ جیاوازییەکە لەوەدایە کۆمەڵگەی کێڵگەی ئاژەڵان ئاژەڵن و لێرەدا لە نەتەوەی زێرابەکاندا مرۆڤە، ئەو مرۆڤانەی کە لە کۆمەڵگەیەکی ناشارستانیدا حەسابی ئاژەڵیان بۆ دەکرێ و ناچارن لە بێ دەرەتانی و کوێرەوەریدا لە هیچ مەترسییەک خۆ نەبوێرن و بۆ ئەوەی قورسایی ئەو کوێرەوەرییە کەم کەنەوە ناچارن بەرخودان بەرنە تاریکسانێکەوە دوور لەو هەتاوەی کە دەڵێی تەنیا بۆ لایەنی پاوانخواز پرشنگ دەداتەوە. لەو دەقەدا نووسەر لە ڕێگەی توانج و جارجار زمانێکی تیژ و جوێن ئاساوە ئاڵای کوێرەوەران لە قووڵاییەکانی ژێر زەویدا لە ناو لیتە و بۆگەندا هەڵدەدات و بەو شێوەیە بە جیهانیان نیشان دەدا کە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ بەرگری کردن لە خۆ نییە و گەرەکمە بەم شێوە توانجاوییە سەرنجی هەمووان بۆ لای چەوساوەکانی کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی ڕابکێشم.

نووسەر لە هەر هەمووی ئەم دەقانەدا وەک کتێبی زێبرا ئەدەبیاتی چەپەڵی کۆتایی هەشتاکانی ئەمریکای کردووە بە هەوێنێکی وزەبەخش بۆ دەقەکەکانی و دەیەوێ وەک گورزێکی کوشندە لە کەللەی ئەو گوێ ئاخنراوانەی وا نایانەوە هیچ دەنگێک ببیستن، بچەقێنێ. لە کەوتنی ئاسمانەکاندا هەمان ڕێچکەی پێشوو تا ڕادەیەک درێژەی هەیە بەڵام نە بەو قورساییەی کە لە دوو کتێبی پێشوودا بینراوە؛ ئەوەش

ڕەنگە لەو ڕووەوە بێت کە ناوەڕۆکی دەقەکە تا ڕادەیەکی زۆر هەڵگری جیدییەتە. ئەگەر باختین ئاسا بڕوانین کێشەیەکی زۆر گرینگ کە لە دەقی نووسەردا و هەر وەها هەندێ نووسەری دیکەی کوردا بەرچاو دەکەوێ، کەم دیالۆگییە. ڕەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵگەی کوردی هەمیشە تێیدا دەست و پێی لێداوە و نەیتوانیوە لێی تێپەڕ بێت؛ واتە کێشەی لاواز بوونی دیالۆگ و لێک تێگەیشتن. هەڵبەت بە بەراورد لەگەڵ پێشدا لە کەوتنی ئاسمانەکاندا تا ڕادەیەک دیالۆگ دەبینرێ؛ ئەگەری ئەوەش هەیە لە بەرهەمگەلی داهاتوودا دۆخەکە بەرەو باشتربوون بچێت.

کە باسی ئەدەبیاتی چەپەڵمان هێنایە ئاراوە، لە دوو کتێبی پێشوودا ئەو چەشنە ئەدەبیاتە هیچ چەشنە ڕێگرییەکی لە تۆکمەبوونی دەقەکە نەکردووە بەڵام بە ڕای من لە کتێبی کەوتنی ئاسمانەکاندا زۆر بوونی ئەو چەشنە ئەدەبیاتە ئەتوانێ تا ڕادەیەک بۆ گشتێتیی دەقەکە زیانبەخش بێت. وا هەست دەکرێ ئەم ڕێچکەیە چووبێتە زەمیری ناخودئاگای نووسەرەوە کە ئەگەر هەوڵ بدرێ بە پێوانە و لە جێگەی خۆی کەڵکی لێ وەرگیرێ باشترە. شتێکی دیکە کە دەکرێ لێرەدا بیهێنمە بەر باس و هیچ پێوەندییشی بە ئەدەبیاتی چەپەڵەوە نییە و ریشەی لە حەقیقەتێکدایە، ئەوەیە کە نووسەر لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا باسی سمت، مەمک،ڕان، ماچ ،چەشنگەلی سێکس و ... دێنێتە ئاراوە. ئەمەش ناتوانرێ بێ هۆکار و پاساو بهێڵرێتەوە. ئەمە ڕەنگە لەو ڕووەوە بێت کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئافرەت هێڵی سوورە و وەک ناموس چاوی لێدەکرێ و ئەگەر هەڵەیەک بکات حەوت پشتی زیانبار دەبێت و ئەمەش دەبێتە ئەو هۆیەی کە بەکردەوە دەرهێنانی ئەو شتانە لە پێچ پێچەکانی نەریتا بە ئاشکرا، نیوە ئاشکرا، یان تەنانەت شاراوە کێشەسازە و توند و تیژیی لێدەکەوێتەوە. کەوابوو نووسەر ناوشیارانە ناچارە لە وتنی ئەو شتانە خۆ نەبوێرێت چون کورد وتەنی: ئەگەر دەمم نەبێ ها کەم و پێم نەبێ ڕاکەم ئەی قوڕی

وا هەست دەکرێ ئەم ڕێچکەیە چووبێتە زەمیری ناخودئاگای نووسەرەوە کە ئەگەر هەوڵ بدرێ بە پێوانە و لە جێگەی خۆی کەڵکی لێ وەرگیرێ باشترە. شتێکی دیکە کە دەکرێ لێرەدا بیهێنمە بەر باس و هیچ پێوەندییشی بە ئەدەبیاتی چەپەڵەوە نییە و ریشەی لە حەقیقەتێکدایە،

کوێ بە سەرا کەم؟! بەم پێیە نووسەر ناخی داپڵۆسراوی خۆی وەکوو تاکێک و هەموو کۆمەڵگەکەی بە گشتی دەر دەخات و بەم شێوەیە مەرسییە یان بڵێین چەمەرییەکی سێکشواڵی بۆ دەهۆنێتەوە. چون هیچ کام لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی قۆناغەکانی سێکس بە باشی تێپەڕ ناکەن و تا دەس ڕاگەیشتن بە سێکسێکی مەشرووع ئەو کێشەیە بەردەوام ناخیان داگیر دەکات و پاشانیش ڕەنگە بۆ هەمیشە لە ئاگری ماچگەلی مەحسوور و گوشینی ڕان و مەمکە حەرامەکاندا وەمێنن. هەڵبەت ئەوەش بڵێین ئەگەر بمانەوێ نووسراوە و ڕۆمانی کەسانی وەک بەختیار عەلی و ... لەم بوارەدا بێنینە بەر باس ، ئەو دەقانە زۆر دەقگەلێکی کەم سێکسن؛ ئەمە ڕەنگە لەو ڕووەوە بێت کە خودی بەختیار عەلی وشیارانە خۆی لە بواری سێکشواڵ پاراستبێ تا دەقەکەی زۆر زیان نەبینێ و لە جیدییەتی کەم نەبێتەوە. یان ئەتوانین ئەو ئەگەرە بێنینە ئاراوە کە جەبار جەماڵ غەریب زۆر دڵتەڕ بێت و هەرچی بکۆشێت نەتوانێ خۆ لە زۆر نواندنی ئەو چەشنە پەیڤگەلە بپارێزێ. هەڵبەت بەیناو بەین وەکوو زیادکەری چێژی دەق ڕەنگە ئەو شتانە کەم قازانج نەبن!

لە تەواوی ئەم کتێبەدا، هەر وەها لە نەتەوەی زێرابەکاندا، نووسەر دروشمی پێکەوە ژیان و لە بەرچاو گرتنی جیاوازییەکان چڕوپڕانە دێنێتە ئاراوە. هەر وەکوو وتم هێزی وەسف و گێڕانەوەکەش ئەوەندە لە سەرەوەیە کە خوێنەر خۆی لە زۆربەی دۆخەکاندا دەبینێ و هەست دەکا ئەو شتانە بێ کەم و کووڕی ڕوویداوە. لە کەوتنی ئاسمانەکاندا لەو شوێنانەی کە کەسانی توند و تیژ خۆیان بۆ عەمەلیات ئامادە دەکەن ئاستی وەسفەکە بە ڕادەیەک جوان و نیزیک بە ڕاستییە کە خوێنەر بە ڕادەیەکی جادووگەرانە چێژ وەردەگرێت. هەڵبەت ئەوەش بڵێین، ڕەنگە وا باش بێت لە برێ شوێندا ئاستی ئیگزەجیرەیشن بۆ گێڕانەوەکان وەهایش نەبن کە هەندێ خوێنەر وا بیربکاتەوە ئەو ڕێباز و ئایینگەلە جوان و بێ خەوشن. بە گشتی لەم کتێبەدا بەرینایی خەیاڵ و قووڵ بیرکردنەوەی نووسەر شیاوی ڕێزە و ئەکرێ زۆر وردبینانە لە لایان ڕەخنەگرانی باشوورەوە بێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەم کتێبەدا بۆمان دەردەکەوێ کە جەغزی بەربەست کراوی کۆمەڵگەیەکی نەریتی چۆن لە سەر ڕەفتار و ئاکار و زەین و شعووری تاکەکەس گاریگەری دادەنێ و ئەتوانێ وەک ئەژدیهایەک هەموو شتێک لوول بدات. ئاسۆ یان زەینەل کە کەسێکی ئاساییە بە ناچاری دەبێ بە بکوژ. ئاسکۆڵ و ئەڵماس دەبنە خۆراکی توند و تیژیی نەریت و ئایین، بە چەشنێک بێ ئەوەی تاوانبار بن وا هەست دەکەن تاوانی زۆر گەورەیان کردووە.

لەم کتێبەدا، هەر وەکوو وتم، نووسەر لە ئاستێکی بەرچاودا بەرەو خوێنەر هەنگاوی ناوە بەڵام ئەوەشمان لە بەرچاو بێت نابێ لە هەندێ شوێندا پلەی ئاخاوتنی کەسەکان زۆر دابەزێنین یان بە ئاسانی سەری گوریسەکە بدەین بە دەستی خوێنەرەوە و دەقەکە بەرەو سادەگییەکی کلاسیکانە بڕوات

و دیالۆگەکان وەک دیالۆگی ڕۆمانگەلی کلاسیک خۆیان دەرخەن. بۆ نموونە لەوێدا کە فواد دوای هەژدە ساڵ لە ئێران دەگەڕێتەوە و بۆ ئاسکۆڵ و ئاسۆ دەپرسێ، یەکێک، ئەڵماس یان زلێخا، وڵامی دەداتەوە: "ئاوەتا ئاسکۆڵ؛ خۆ چەند جار ماچی کردی!" یان ئەڵماس بێ ئەوەی هەوڵ بدا ڕستەکان لە ناواخنەوە بپێچێ زۆر سادە ئەڵێ:" ئاسکۆڵ و ئاسۆ گەورە بوون و لێکم مارە کردن و ئەوەش مناڵەکەیان!" هەڵبەت لە چەند شوێنی تریشدا کێشەی لەم چەشنە ئەبینرێن.

دەربارەی گشتێتیی زمانی ڕۆمانەکە پێویستە وەک هۆشدارێک بیهێنمەوە بیری نووسەر و زۆربەی نووسەرانی باشووری کوردستان کە بۆچی لە دەقێکی داستانیدا زمان تا ئەم ڕادەیە دەبێ نەگۆڕ و یەکدەست بێت؟! لە شوێنێکدا کە ڕاوی یان گێڕەوەر قسە دەکا دەبێ زمانی نووسینی ستاندارد، ئەو شتەی وا هەموومان هەوڵی بۆ ئەدەین هەڵبژێرێت. کە لێرەدا نووسەر زمانێکی خۆشی هەڵبژاردووە و لە زمانی گشتیی نووسین نیزیکە بەڵام دیالۆگ و ئاخاوتنی کەسەکان نابێ بە هەمان شێوەی زمانی ڕاوی بێت. لەحن شتێکی زۆر گرینگە لە داستاندا، هەر کەس دەم و ڕاوێژی خۆی هەیە. هەر کەسایەتییەک ئەکرێ بە چەشنێ قسە بکات. ئەم کەسایەتییانە خەڵکی کوێن؟ مەگەر کورد نین؟ مەگەر خەڵکی ناوچەگەلی جیاواز نین؟ مەگەر شارۆچکە و شار و گوند و کۆخ و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە یەک شێوە و یەک زار دەدوێن؟ بۆچی ئاخاوتن و دیالۆگەکان زۆر بەکەمی ئەگۆڕدرێن؟ دەقی داستانی بەو شتانەوە خۆشە. بە جیاوازییەوە خۆشە. یەکێ بڵێ: "چی" یەکێ بڵێ:" چە" یەک بڵێ:" تێم" یەک بڵێ: "دێم" ، یێم، ئەتێم، مەو و... . بە گشتی بە سەر هەموو کێشەیەکدا، بە خۆشییەوە بەرهەمەکانی نووسەر لە یادگەی بەردەنگا جێ دەگرن و ئەمێننەوە. گرینگترین کاریگەریی دەق ئەوەیە کە بتوانێ لە زەینی خوێنەرەکەیدا ناونشین و ماندگار بێت.

سەرچاوەکان:

١.نەتەوەی زێڕابەکان و کەوتنی ئاسمانەکان، جەبار جەماڵ غەریب

٢.تعبیر خواب، زیگموند فروید

٣. آری و نە بە رومان نو. ترجمە منوچهر بدیعی

هیوا و مەترسییەکانی شیعری مۆدێرن

خەسارناسیی شێعری هاوچەرخی کوردستان

بابەک سەحرانەوەرد

ڕەوتی شێعری هاوچەرخی کوردستان دیاردەیەکی زووپەڕی ئەدەبییە کە تاقمێک وەک شاعیرە ناسراوەکانی تووش ڕاچەنین کردووە. دەڵێی هەر لە زووگینەوە و لە گەرمەی شەڕی سەربەخۆیی شێعری شاعیرە ناوازەکان وەک(نالی) و(حاجی قادر)تا نوێخوازەکان بگرە لە(عەبدوڵڵا گۆران)ەوە تا(سوارە) و(چاوە)، نیوچە شاعیرانێکی بستەباڵا و قەمبوور هەن کە بە نیگا و هەڵوێستێکی ئاڵۆزاوی و بەبێ چ ڕیشەو ڕەگەزێکی هەستیارانە و زمانێکی جوانیناسانە و هونەرمەندانە قیژ و هەرا و ئاخ و ئۆخیان بەناوی شێعر لە چەقی شێعری ڕەسەنی هاوچەرخ بەزۆر سەپاندووە و دەیانەوێت بەهەر لەونێ بێت خوێنەر ڕموودەی دەقەکانیان یاخود(شێعرەکانیان؟!)بکەن. لەواقیعدا ئاریشەکانی شێعری هاوچەرخ هێندە زۆرن کە برێ جار وچان بە ڕوودەم و داژدارانی شێعر نادەن هەتا بە چڕوپڕی لەهەموویان بکۆڵنەوە.

بەڵگەی سەرەکیی ئەم تەنگژە و ئاستەنگە ڕەنگە لەهەموو شتێک زێتر لەنەبوون و قەیرانی وەرگێڕانی خاوێن و ڕەخنەی ئەدەبیی سەربەخۆ سەرچاوە بگرێت. هەنووکە دوا تێپەڕینی چەندین دەیە لەچاخی کلاسیک نەمانتوانیوە تایبەتمەندی و خەسڵەتە هونەری و شێعرییەکانی کەسێک چەشنی(نالی) لەگۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبی نیشان بدەین و هەڵسەنگێنین و بەم هەموو پاچڤە جۆراوجۆر و زۆرینەیە هێشتایش ئەو بڕستە لە خۆماندا شک نەبردووە کە بە چەشنێکی بنەڕەتی لە پێداویستییە سەرەکییەکانی گەلەکەمان ئاورێکی هەمەلایەنە و تەواوکەر بدەینەوە و سەدمەخابن هێشتایش لەم ڕووپەڕە خاوەن دۆسیەیەکی لێهاتوو و شیاو نین.

ئەم پرسەی قەیرانی ڕەخنە و سەرۆکایەتی ڕەخنەی شێعری هاوچەرخ حاشاهەڵنگرە و بە یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی شێعری هاوچەرخی کوردی دێتەژمار. تاقمێکی زۆر لەو ڕەخنەکارانە کە دەقەکانیان بەناوی ڕەخنەی شێعر چاپ دەبێت و زوو بە زوو ئاراستەمان دەکەن، پتر تێکستگەلێکی بێ سەرودەرن کە یان لەبۆ خۆشی هاورێ و بەرادەرێکی شاعیرئاسا چاپ بووە یان بۆ ئیهانە و خراپ کردنی شاعیرێکی جیددی ئاراستە بووە و ئەمجۆر دەقگەلە کە بە زۆر و خۆسەپاندن دەیانەوێت خۆیان لە خانەی ڕەخنەیەکی جیددی و پڕۆفیشناڵ پۆلینبەندی بکەن، دیارە هەر ئەمە دەبێتە یەکەم بەڵگەی سەرلێشێواوی جەماوەری شێعرخوێنی کورد.

دوا تێپەڕبوونی دوو دەیە، بزاڤگەلێکی سەیروسەمەرە لە گۆڕەپانی شێعر هاتوونە ئاراوە کە ئاڵادارانی تاقمێک لە شاعیرە گەنج و بزۆزەکانن کە سەدمەخابن بە تاوانی گەنجایەتی و لاوەتی بەزیوی پۆلێک ناشاعیری بۆڵەبۆڵکەر و لووتبەرزن. تا ئەو ڕادە کە بەداخەوە ڕەخنەی زانستی جێگەی خۆی بە خۆهەڵکێشانی ئەم و ئەو داوە. ئێستا ئاور لە شێعرە زۆر و بۆرەکانی تاقمێک شاعیری بستەباڵا کە لە جیهانی ئاڵۆزاوی ئینتەرنێت سەرقاڵی تەراتێنن، نادەینەوە کە بەداخەوە ئاسۆ گەشەکەی شێعری ئەم سەردەمەیان تەماوی و ناحەز کردووە. هەندێک شاعیر و خۆبەڕۆشنبیرزان و خۆبەزلزانی کۆنەخوازیش بەردەوام لەم گۆڕەپانە هەن کە دواکەوتووانە و بەئاخ و ئۆخ هەڵکێشان دەیانەوێت بڵێن کە شاعیرە لاوەکان چیان بەسەر شێعری ئێمرۆ هێناوە و لەم مەیدانە بەهیوای دەنگدانەوەی قیژ و هەرای خۆیان گوێی عالەمیان پڕ و کەڕ کردووە.تاقمێک شاعیری بەساڵداچودا هەمیشە بوون و هەن کە بەسەربەرزی و بێ مەترسی هەنگاوەکانیان لەگەڵ شاعیرە لاوەکان هاوشان کردووە و دەیانەوێت بە دووقۆلی گەنجان لەم بوارەدا ڕێچکەشکێن بن. پۆلێکی زۆریش بەفێڵ و فێڵبازی لەچاڵی وەیل خۆیان گەیاندۆتە ترۆپکێک کە شاعیرە شێلگیرەکان بە جەختی شەخسی خۆیان پێی گەیشتوون و بەم کارە ناشیرینە دەیانەوێت زۆر بەسانایی دەسکەوتە بایەخدارەکەی شاعیرە لاوە ڕەنجبەرەکان بڕفێنن و بەناوی خۆیان تۆمار بکەن.بەڵام لەم گۆڕەپانە بەرفراوانەدا کەسانێکی دیکە هەن کە لە تەنهایی و خەڵوەتی شەوانەی خۆیان و لە هێمنییەکی سەیردا سترانە تیشکدەرەکانیان دەهۆننەوە و بەگوێ قورسەکەی جیهانیش دەگەیێنن.

هیوادارم کاتێک بۆ شێعری هاوچەرخی کوردی بڕخسێت

تا بتوانێت خۆی لەژێرناوی چەند شاعیری ناسراو و دەنگ قوتاربکات. جەماوەری شێعرخوێن دەبێ لەهەموو ئەو دەرفەتگەلە کە بۆ شێعری جیددی ئەمرۆ رخساوە کەڵکوەرگرێت و لە سەرۆکایەتی شاعیرە گەنجەکان پێشوازی بکات و یاریدەریان بێت و پەلەکردنی شاعیرە لاوەکان لە ئاڕاستەیەکی دیکەوە بنوارێت.

شێعری ئیمرۆ تەنها هونەر نییە، بەڵکوو فەن و پیشەیە. شێعرێکە کە ئیدی دەسکەوتی شهوود(دڵنوار) و ئیلهام و سەرۆ لە ژێر دارە بییەک نییە یان دانیشتن لە سووچێک و فرەبێژی لە بسک و رەنگی لێو و قسەخۆشەکانی دولبەری خەیاڵی و مینیاتۆری. شێعری هاوچەرخ شێعرێکی وشیار و جێی تێرامان و تێفکرینە کە دەسکەوتی ئەزموونی بەبایەخ لەگەڵ زمانی شاعیرانەیە و ئەگەر شاعیر ئیمرۆکە نەتوانێت بەو لێهاتوویە زمانییە بگات، چیتر ناتوانێت بەشێکی هەرچەند کەم لە بلاوبوونەوەی ئەم هەرامەیە بێت. تێروانین لەدیاردە و چەمکە ئیمرۆییەکان کە زۆریش بێ بایەخ، ساکار و لەبەرچاون و هەروا بێ شوناس لە ئاقاری ئەدەبدا ماونەتەوە، ئەگەر بەزمانێکی سانا بەڵام لەرووی شارەزایی و وشیارییەوە دەرببرێت، دەتوانێت ئاسۆگەلێکی بەرفراوان لە شێعری هاوچەرخی کوردستان ئاڕاستە بکات کە تا ئێستا بوونی نەبووە. شێعری ئیمرۆی کوردستان پێویستیی بە بزێوی و نەترسی شاعیرانێک وەک(کەریم دەشتی، ئەحمەد مەلا، دلاوەر قەرەداخی و هیوا قادر)ە تا بتوانێت خۆی لەم تەنگژەیە قوتار بکات. ئەگەر ئەو یارییە زمانییە منداڵانە کە لە شێعری ئەمرۆی کورد سەریهەڵداوە، بەڵای چارەسەرکردن پەلکێش نەکرێت و شاعیر نوزانێت لە چ ناوچەیەکی ئەم جیهانە ژیان بەسەر دەبات و پێگە و باکگراوەندە مێژوویی، رامیاری و ئابووری و کەلتوورییەکەی لە چ ئاستێک و لە کوێدایە و ئێستا چ جێگەیەکی بۆ دابین کراوە، شێعریش ئاوا جوانەمەرگ نابێت و لەو لایشەوە رووەدەم و دەزگا چاپەمەنییەکان بەشیاوی لەم دەڤەرە پێشوازی دەکەن و یاریدەری شاعیران بۆ چاپ گەیاندنی بەرهەمەکانیان دەبن.

هەڵبەت دیارە بەڵگەی سەرلێشێواوی لە شێعری ئیمرۆ تەنها لە بەڵگەی سەرەوە نییە و بێدەنگیی رەخنەکارانی شێعر رەنگە دووهەمین بەڵگەی خەسارناسیی شێعری ئیمرۆ بێت. کارتێکەری ئەم دیاردە بەحسە تەنانەت لە هەژماردنی کۆمەڵەشێعرەکان و خەڵاتە ئەدەبییەکان زۆر لە بەرچاون. ئەگەر سیستەم و دامودەزگایەک لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری بیچمی بگرتایە و چەشنە جۆراوجۆرەکانی شێعر لەلایەن چەند رەخنەکاری پسپۆر و لێزان پۆلین بکردایە و یەک بە یەکیان بخستایە بەر تێروانین و لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ، هەم خەڵاتە ئەدەبییەکان بێ بایەخ نەدەبوون و هەمیش رووەدەمی شێعر لە سەرلێشێواوی قوتار دەبوو و دەیزانی چی شێعرە و چی دەقی شێعری نییە.

ئەم چەند گۆڤارە ئەدەبییە کە ئێستاکە بە هەزار گیروگرفت و تەنگژە بەرامبەرن، ناتوانن بەرپرسیاری ئەم هەمووە شاعیرە بن کە شێعرەکانیان بۆ چاپکردن دەنێرن. وەزارەتی رۆشنبیری وەک دامووەدەزگایەکی فەرمی ئەرکێکی هەرە قورسی لەسەر شانە و دیارە دەبێت یارمەتیدەری ئەو کەسێتییانە بێت کە داڵغەی دامەزراندنی گۆڤارە ئەدەبی و وێژەوانییەکان هەیە. شێعری ساخ و سلامەت و خاوێن، پێویستی بە گۆڤار و بلاڤۆکێکە کە لەرووی پسپۆرییەوە گشت شێعرە بایەخدارەکان لێکباتەوە و بەنۆبە لەچاپیان بدات هەتا رووەدەم بزانێت کە چی بخوێنێت. لەوەی کە رەخنە شان بە شانی شێعری هاوچەرخ نەهاتووە بەهۆی نەبوونی رەخنەکارێکی ئاگایار و شێلگیر نەبووە، بەڵکوو زۆرتر بەهۆی زۆربوونەوەی سەیروسەمەرەی شێعر لەم دوو دەیە دواییە بووە و رەنگە لەبەر ئەوە کە نوێنەرانی ئەم شێعرە بۆ کۆمەڵگای ئێمە هێشتا راژەیش نەکراوە، بۆیە بە پچڕاندنی رووەدەمەکان لە شێعر دەگات و وای لێدێت کە شێعری گەنجەکان لەم چەند ساڵە بە بێدەنگییەکی تاڵ بەرامبەر بووە. ئەرکی سەرپەلەکانی شێعری ئیمرۆ رەنگە بەر لە داهێنانی شێعر، پەروەردەکردنی خوێنەری پرۆفیشناڵ و شرۆڤەی بەرهەمگەلە، لێ ئێمە لە باری دەرککردنی شێعری، لە قۆناغی تێپەڕاندنی(عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس) بەسەر دەبەین. شێعری رەسەن تەنیا شێعرێکی سۆزمەندانە و بوئادان نییە ، کە ئەگەر لەم دوو توخمە پێک بهاتایە، دەچووە نێو رووپەرێکی زووپەرەوە و هەر زوو هەرەسی دەهێنا.لەقۆناغی جێپەر بەرەو سەقامگیری، دیاردە سەرەکییەکانی شێعری رەسەن لە ناخی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت و خوێنەر و بەردەنگ بە پرسیاری فرەواتانەوە رەها دەکات. دیارە هەر شاعیرێکی دەنگ، قۆناغێکی جێپەری لە ژیانە وێژەوانییەکەی تێپەڕاندووە. دیارە ئەم دەیە، دەیەیەکی موبارەک لە بۆ شێعری کوردستانە. دەیەی شاندانی توانست، جوانی، بێگەردی و چرۆپڕی زمانی کوردییە. دەیەیەکە کە کۆتایی دەسەلاتدارانەی زمانی شاعیرە دەنگەکان رادەگەێنێت. زەمەنێکە کە زمانی شێعر هەناسەیەکی قووڵ و تازەی هەڵکێشاوە و هەر ئانوسات بەناخی خۆیدا دەچێتەوە و بەماڤی خۆیشی بەرەبەرە دەگات. تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆر شێعرە کە لە خانەی شێعری نوێ و مۆدێرنیستی پێناسە دەبێت، تەنیا لە یارییە زمانییەکان و تیزەکاندا نایەتە ئاراوە. ئەم شێعرە، شێعرێکە کە هەنگاوی بەرزی ناوە و خەریکە لە زۆربەی بوارەکاندا ئاڵوگۆڕی

شێعری ئیمرۆ تەنها هونەر نییە، بەڵکوو فەن و پیشەیە. شێعرێکە کە ئیدی دەسکەوتی شهوود(دڵنوار) و ئیلهام و سەرۆ لە ژێر دارە بییەک نییە یان دانیشتن لە سووچێک و فرەبێژی لە بسک و رەنگی لێو و قسەخۆشەکانی دولبەری خەیاڵی و مینیاتۆری.

بەسەردا دێت و بە تەواوەتی دەچێتە دەقەرێکی تایبەت و دیاریکراوە کە بە دەقەری مۆدێرن ناوزەد دەکرێت.
مۆدێرنیزم لە بنەڕەتەوە بەرهەڵستی و ڕەخنەی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان بە ڕەوتی پیشەسازی کۆمەڵگا، شەڕ، شارستانییەت و ژیاری، تەکنۆلۆجیا و بیروبڕوا فەلسەفی و زانستە تازەباوەکان لە ئەژمارهاتووە. لەم جۆر ئایدیا و ئەندێشەگەلە دەکرێت لە بیروڕاکانی چەند کەڵە خاوەنڕا وەک(مارکس)، کۆمەڵناس و فەیلەسووفی مارکسیست،(فرۆید)،دەروونناس و (چارلز داروین)، سرووشتخوازی ناودار کە جیهانی ڕۆژئاوایان کتومت بە گۆڕان و ڕاژەیەکی نوێ و تازەوە بەرامبەر کردووە، هێما بکەین. بۆ شوێنە(داروین)ی سرووشتخواز، پشتی بەم بیرۆکە ئەستوورە کە گۆڕان و تەواوکاری جۆرەکان لەواقیعدا چ جۆر ئامانجێکی دیاریکراوە و میتافیزیکی و ئایینی بە دواوە نییە و هەبوونی مرۆڤ و گیانداران دەسکەوتی چ جۆر پێش گەڵاڵەیەکی تایبەتیی نەبووە. لە هەقیقەتدا داروین ئەو ڕوانگە کۆن و ئایینیە کە پشتی بەم بیرۆکەیە بەستبوو کە جیهان و هەر شتێک کە تێیدایە بە چەشنێکی ئەقڵانە و دیاریکراو لە لایەن خودا ڕێخراوە، لە ڕووی زانستەوە ڕەتی کردووەتەوە و زۆر ڕاشکاوانە دژایەتی خۆی لەم بوارەدا ئاڕاستەی ئەندێشەی مرۆڤی بیستەم کردووە. دوابەدوای ئەوە کە داروینیزم بڕوا ئایینییەکەی مرۆڤی بە چیرۆکە ئەفسانەیی و بەرایییەکەی باوە ئادەم و دایە حەوا لەناو برد و ڕەتی کردەوە، ئینجا دەروونناسی گەورە واتە(فرۆید) بە بیرۆکە دەروونناسییەکانی لەمەڕ زەینی نائاگایاری مرۆڤ کەڵکەڵە و هەراوهەنگامەیەکی سەیروسەمەرەی بەرپاکرد و ئەم بیرۆکە فرەواتان و فرەڕەهەندەکەی، زۆر بەسانایی توانی لە زانستی هاوچەرخدا سەقامگیر بێت و بەم کارە لەواقیعدا مرۆڤ لە دەروونەوە تێکڕا تووش پەرۆشی و هیوابڕییەکی تەواوکرا.بە چەشنێک کە ئیدی ئەم مرۆڤە بێ دایک و بێ داڵدەیە نەیتوانی هیشتێک بە جێگەی ئەو بیروبڕوا ئایینییە دابین بکات و مرۆڤ لەم سەدەیە زێتر لە هەر سەدە و چاخێکی دیکە هەرەسی هێنا و تووشی پەرۆشییەکی هەمەلایەنە بوو. ئەم مرۆڤە هەنووکە بەدووی پێگەیەکی پتەو عەوداڵە، هەتا بتوانێت تەواوی هەست و نەست و ڕوانگە بەتاڵ و دارماوەکەی خۆی کە تەژی لە بۆشایی ببوو بە نیگایەکی تۆکمە و بڕوامەند پڕ بکاتەوە. دیارە ئەم بیروبۆچوونە هیوابڕەیش بە تەواوەتی لە ناخی ئەدەب و وێژەوانی بە گشتی و شێعر بە تایبەتی ڕەنگی دابووەوە و زەینی شاعیرانی بەرەو ڕووپەڕێکی نوێوە بەرامبەر دەکردەوە.

جۆرە بیروبۆچوونێکی نەگۆڕ و پایەدار لە وشەت مۆدێرنیزم هەتا ئێستا بەدەست نەهاتووە یان لە بناغەوە هەر بوونی نەبووە. تاقمێک لەڕەخنەکاران بەم وتەیە پشتیان ئەستوورە کە شێعری مۆدێرن لە ڕوانگەی بایەخداربوون بە دوو بەشی(شێعری مۆدێرنی چڕوپڕ یان خەللاق) و(شێعری مۆدێرنی بێ بار و بێ کەڵک) پۆلین دەکرێت و لە ڕوانگەی فیکرییەوە بە(شێعری مۆدێرنی ئەندێشەخواز) و(شێعری مۆدێرنی ئەندێشەنەخواز) دەستەبەندی کراوە. لەواقیعدا دەکرێت شێعری مۆدێرن بە نیگا و ڕوانگەیەکی بەهرەدار و کورت و چڕوپڕ بەم شێوەیە پێناسە بکەین:

شێعری مۆدێرن، شێعرێکە کە لە ویست و خواستەکانی کۆمەڵگە بانتر هەنگاوی ناوە، بەڵام ئەم هەنگاوە بەو جۆرنییە کە لەخۆیدا نغرۆ ماوەتەوە. شێعری مۆدێرن بەهۆی تێفکرین و ڕوانینێکی فرەئاڵۆز و پارادۆکسیکاڵی زەین و هەست ونەستی شاعیری ئیمڕۆیە کە چەشن و ستایلێکی ئاڵۆزاوی بەخۆیەوە گرتووە. لەبەر ئەوەی لافی کەشف و دۆزینەوەی ئەو نیگا جوانەی داوە کە زەینی خەللاقی مرۆی هاوچەرخ دەبێت بەوانە ڕێ پەیدا بکات و لەم پرۆسەیەدا هەتا ئەو ڕادە کە بۆی دەگونجێت دەبێ مرۆڤێکی ڕێچکەشکێن و بەئیلتزام بێت.کەمتاکورت نوێنەرە ئەسڵی و سەرەکییەکانی شێعری مۆدێرن لەم چەند خاڵەی ژێرەوە بەم چەشنە دەتوانین چڕ بکەینەوە:

١-لە وێناکردن زۆر بزێو، بوێر و نامۆخوازە.

٢-لە زمان و شێوە دەربڕینی باو و پێوەر بە خێرایی و بێ وچان خۆی دووردەخاتەوە و خۆی لێ دەپارێزێت.

٣-ئەمجۆر شێعرە خۆی گیرۆدەی جیهانی هاوچەرخ و لە ئاکامدا خۆی گیرۆدەی ناوەرۆک و نیواخن، وێناگەری و چەمکە زمانییەکانی سەردەمی ئیمڕۆ کردووە.

٤-ڕاشکاوانە خۆی لەشێوە دەربڕین و لەحنی بەرتەسک، وەسفی و هەسانی پاراستووە.

٥-لە تاکدەنگی، دەروونخوازی و پەیڤە پووچ و بێ بەهرەکان بەدوورە.

٦-شێعری مۆدێرن جەختدەکا هەمووشتێک لە سەرەتا و لە یەکەم پلەوە بە نیگایەکی نوێ پێناسە بکات وەک کێش، سەروا، نەحو و هەروەتر چەشنە جۆراوجۆرەکانی هەست و خەیاڵ.

٧-شێعری مۆدێرن دژ بەم بیرۆکانەیە کە شتەکان تەنها لە خانەی یەک پێناسە ڕاڤە ئەبنەوە. کەواتە ئەم شێعرە، شێعرێکی ڕاڤەگەرە و لە تاکدەنگیی بە شێوەیەکی جددی خۆی دوورخستووەتەوە.

٨-شێعری ئیمڕۆ ڕاشکاوانە شێعرێکی مۆدێرنە،چوونکا ئەگەرچی تا ڕادەیەک لە شێعری جیهان لە بابەتی ناوەرۆک و ناواخنەوە لاساییکەرە،بەڵام وەک شێعری کلاسیک بەرێچکەی دیالێکتی زمانی فارسی و عەرەبی نەچووەتەوە و بەو ڕێگە ڕەسەنە کە کەشفی خۆیەتی بەسەربەرزیی هەنگاو دەنێت.

دیارە تەواوی ئەم دیاردە سەرەکییانەی سەرەوە بە تەواوی و چڕوپڕییەوە لە گشت هۆنراوەکانی مۆدێرن نەبینراوە و ناشێ ببیندرێ، بەڵام ئەوەی کە دەبێتە مزگێنی لەبۆ شێعری هاوچەرخی کوردستان ئەمەیە کە دەتوانێت بەرامان و تێهزرینە جیهانگەرییەکەی هەنگاو بە هەنگاوی شێعری جیهان بۆ پێشەوە بنوارێت. هەرچەند لەم ڕەوتەدا کەمێک دوورکەوتوو و کز دێتەبەرچاو، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئەو ڕێگەیە کە شێعری ئیمڕۆ پێیدا دەچێت، ڕێگەیەکی تۆکمە و شیاوە کە لەئاکامدا شێعری هاوچەرخی کوردستان بەئامانجە تایبەتییەکانی خۆی دەگەیێنێت.

مینیماڵیزم

فریا یونسی

کەوانەیەک:

زۆر وتراوە کە چیرۆکی مینیماڵ، چیرۆکێکە بۆ مرۆڤی سەردەم، مرۆڤی پەلە و پلار. مرۆڤێک کە نە وەک عارفانی زوو حەزیان لە پەردەنشینی و پەردەنوێنییە، نەوەک وشیارانی ڕێگەی "زێن" دەکەونە بەستەری مووسیقای دێرینی حەیات و بە هزر، ڕەگەزی ڕەسەنی کەلیمە دەدۆزنەوە. ئەوە بە لایەک، زۆریش زانراوە کە بەردەنگ لە دەرەوەی دەق دەوێستێت و شیکارییەکانی خۆی بە هۆی ئەو ناوشیارییە کە نووسەری مینیماڵ بوویەتی، دادەڕێژێ. ئەمە ئەو سووچە ئاستەنگەیە کە تا ئێستا سەربەهایەکی ئەوتۆمان بۆ داوە کە هەر بتوانین کەمێک نیشتەجێ بین لە تەنانەت دووکەوانەییێکیشی دا. ئیمرۆ فامی جیهانی بەو ئاستە گەیشتووە کە مرۆڤ مەخزەنێکی گەورەی زانستی لە بەردایە و

یەکەمڕا

هەلێک بۆ هەبوونی وشە

نابێ هیچ روو بدات؟ نا. نابێ "هیچ رووبدات"، روو بدات. سەفەری مینیماڵیزم کورتە و زیاتر موکاشفەی ئینسانی ئیمرۆیە لە هەلێکا کە ڕەنگە جاری وایە یەک وشە بۆی برەخسێنێت. ئیمرۆ ئیتر تەنها نووسەرەکان فریای خوێندنەوەی ڕۆمانێک ئەکەون تا بتوانن فێری نووسین بن و لە کۆڕەکانا کە باس هات، فلان ڕۆمانیان خوێندبێتەوە و جاری واشە بۆ ئەوەیە بتوانن بە خوێندنەوی ڕۆمانەکان، مینیماڵێک یان دوان و سیان بخوڵقێنن. ئینسانی ئیمرۆ ئەوەندە ئەم ژیانەی بۆ ئاسایی بوەتەوە کە ئیتر ناتوانێت گوێی لە دەنگی ترپەکانی گوڵێک بێت لە کاتی پشکووتنا، یا نە ئاگای لە ترووکانی هێلکەی نادیاری ماسییەکانی ئوقیانووسێک بێت کە نیوەی داهاتی مانگێکی داوە و ئەوەتا لە کەناریا خەریکی رابووردانە. ئینسانی ئیمرۆ تەنهایە بەڵام کەشف ناکات کە چۆنە بڕواتەوە بۆ مانگ و مانگ چیتر مەعشووقەی نەبێت، هەر مانگ بێت، هەسارەیەکی رووناک و نزیک لە ژیانی زەمینیی ئەم. ئیمرۆ، ئینسان توانیوێتی جیهانی ژێر ئەتۆمی کەشف بکات بەڵام ئاگای لە بەسەرهاتی هاوسێکەی نییە، چونکە ئاوا زیاتر تەنهایی خۆی دەرک کردووە. ناسینی جیهانی هۆلۆگرافیک توانی یارمەتی ئەوە بدات بە مرۆڤ کە ئاگای لە هەموو شەپۆلەکانی دەور و بەری خۆی بێت و لە ناو دڵی ئەو شەپۆلانەوە، داستانەکانی خۆی دەربکێشێت. ئەمە بوو بەرژەوەندی نوێی مینیماڵیزم.

بەڵام ئەم ژانرە نوێیەی هونەر کە بە بڕوای من تەنها لە ئەدەبیات دا خولاسە نابێتەوە و زۆر بەر فراوانترە لە هەموو هونەر و ئەچێتە بازنەیەکی گەورەی وەک پێوەندی مرۆڤ و کائینات، لە کوێوە دەست پێدەکات؟ ئاخۆ ئەوەی وا مێژوو نووسەکان باسیان کردووە، کە فۆرمالیستەکانی ئەدەبیاتی رووسی لە کۆتایی دەیەی ۱۹۲۰ دا بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم شۆرشە نوێیەی لە ئەدەبدا، راستە؟ ئەگەر بە پێوەری ئەوە بمانەوێت ئەم پرسیارە هەڵسەنگێنین و دواجاریش جوابی بدەینەوە، کە مینیماڵیزم تەنها و تەنها لە جیهانی ئەدەبیات دا مارشی شۆرشی خۆی ژەنیوە و ئیتر ئەم چەشنە ڕوانینە ناچێتەوە قۆناغەکانی دیکەی هونەر و هزری مرۆڤ، ئەوە راستە و فۆرمالیستە کانی سەرەتاکانی سەدەی بیست، هەمیشە ئەتوانن شانازی ئەوە بکەن کە فۆرم خوازی ئەوان لە پانتایی ئەدەبیات دا بوەتە هۆی ئەوە کە لە نیوەی سەدەی بیست دا، ساکارنووسی و ساکارخوازی مرۆڤ بووە کە داوای سەرهەڵدانی مینیماڵیزمی کردووە، کە هێشتاش هەموو ئەوانەی هەر لە سەر ئەم ژانرە بەو دیدەوە شیی دەکەنەوە، ئەو وتارە بە نرخەی ئیدگار ئالێن پۆیان لە بەر دەستە کە لە راستی دا یەکەم وتاری تیۆریکی کورتیلە چیرۆک یان بە بڕوای ئەوان مینیماڵیزمە. ئالێن پۆ لەم وتارەدا سێ بنەمای زۆر زۆر سەرەکی و بنەڕەتی بۆ ئەم ژانرە دابین دەکات کە یەکیان یەکگرتوویی تەئسیر یان کاریگەرێتییە و بۆ ئەوەی نووسەری ئەم جۆرە دەقانە بەو یەکگرتووییە بگات دەبێ لە سایەی سەری ئیجازەوە ئەو ڕێگەیە ببرێت و ئەو ئەسڵە بە دەست بهێنێت. ئەوسا بەربەستی شوێنیش بە بنەمایەک دەزانێت لە پێناوی ئیجاز و ئەو یەکگرتووییەدا و سوورە لە سەر ئەوە کە مووبەمووی گێڕانەوە دەبێ لە ژێر چاوەدێری هەموو داستانەکە دا بێت. ئەم سێ بنەمایە بوونە هۆی دەستپێکی شۆرشێک کە ئیمرۆ بە

ناوی مینیماڵیزم لە جیهانی ئەدەبیات دا ناسراوە. لە پێکهاتنی ئەم شۆڕشەشدا ناتوانین کاریگەرێتی نووسەرانێکی وەک کافکا، برێشت، بێکت، جان بارت، هولێر و زۆرێکی دیکەش نادیدە بگرین.

> **سزا**
>
> ئیستیڤان لاکێر
>
> قورسترین سزایەک کە خواوەندەکانی یۆنانی کۆن، دەیانتوانی بە سەر سیزیێڤ دا دایسەپێنن، ئەوە بوو کە واداری بکەن هەمیشە کارێکی بێهوودە بکات. سیزیێفوس مەحکووم کرابوو کە تا ئەبەد، تاشە بەردێک بە سەراولێژییەکی ڕژدا هەڵبگێرێت. ماوەیەکی زۆری پێچوو سیزیێڤ هەر بەردەوام خەریکی هەڵگێرانی ئەو تاشە بەردە بوو بە سەراولێژییە ڕژدەکەدا تا دەگەیشتە لوتکی بەرزاییەکە و لەوێوە تاشە بەردەکە خلۆر دەبووەوە و دەکەوتەوە ناخی دەربەندەکان. کەچی خواوەندەکان لە بیریان چووبوو کە بەردەکە بە بۆنەی بوواری زەمانەوە دەسوێت. لە سەد ساڵی یەکەم دا، لێوارە تیژەکانی تاشەبەردەکە کە دەستەکانی سیزیێفیان هەراش هەراش کردبوو، ساف و لووس بوون. لە پێنسەد ساڵی دوای ئەوەشدا، ڕەپی و دەرپەڕیوییەکانی بەردەکە وەها ساف و لووس بوون تا وای لێهات سیزیێڤ، تاشە بەردەکەی دەتلاندەوە و بە حاسانی لە گەڵ خۆی هەڵیدەگێرا. لە هەزار ساڵی دوای ئەوەدا، تاشە بەردەکە هەر بچووک و بچووک تر بۆوە و نشێوە ڕژدەکەش هەر دەهات و تەخت تر دەبوو. ئێستاش ئیتر سیزیێڤ، ئەو کوتە بەردە وردیلەی کە ڕۆژگارێک تاشەبەردێک بوو، لە گەڵ قورسە ئارامکەرەوەکانی و کارتی دراوەکەی، پێکەوە ئەیانخاتە کیفێکەوە و لە گەڵ خۆی دەیبات. بەیانیان سواری ئاسانسۆرێک دەبێت و دەچێتە نهۆمی بیست و هەشتومی ئەو ساختمانەی کە نووسینگەکەی لەوێیە و بووەتە شوێنی سزادانەکەی. ئێوارانیش دیسان لێی دێتەوە خوار...

بەڵام هەموو هەوڵی من بەم وتارە ئەوەیە کە بێ ئەوەی زوڵم لە هیچێک لە لایەنەکانی سوننەت و مودێرنیتە و تەنانەت پۆست مۆدێرنیتەش بکرێت، سەرەتای ڕاستەقینەی ئەم شۆڕشە روون بکەمەوە. ئەوەی کە روکایزێری شاعیر دەڵێت: "جیهان نەک لە ئەتۆم، بەڵکوو لە داستان ساز بووە" خەریکە ئیشارەت بە

چی دەکات. بە بروای من ئەم قسە شێتانەی ئەم شاعیرە کە زۆر جار بیری سەرەتایی ترین قسەی کتێبی پیرۆزی ئینجیلم دەخاتەوە، لەویا کە دەڵێت: سەرەتا هەر وشە بو، وشەش خوا بوو... ئەتوانێ زۆر لایەنی دیکەی هزری ئینسانیمان لێ بکاتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کەشفی شۆڕشە مینیماڵیستیەکانی مەعنا بکەین لەم جیهانە ساردەی ئێستای خۆماندا. ئەوەی کە هایکۆ نووسێکی ژاپۆنی، یان عارفێکی ڕۆژهەڵاتی تەنها بە یەک ڕستە تۆوی هەزاران کتێب دەخاتەوە و مرۆڤ دەباتەوە بۆ سەرەتاکان و پرسیارە بنەرەتیەکەی خۆی کە "من کێم؟"، "لە کوێوە هاتووم؟"، "بەرەو کوێ دەچم؟"؛ هەر هەموویان ڕەگەزەکانی مینیماڵیزمیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە و دەتوانن بمانبەن بەرەو ئەو دواهەمین پرسیارە کە "مینیماڵیزم چییە؟". دەزانین ئێستا ئیتر ئینسان تەنهایە و زۆر درەنگ بە جوابەکانی دەگات. ئاخر ئەم دیاردە نوورانییەی ئاسمانەکان و زەوی، تووشی بەڵا بووە: بەڵای زایین. بەیانیانی ئەم ئینسانەی ئێستا، وەها حەرام بووە کە هەتا قورسەکەی نەنێتە نێو دەمی و ئاوەکەی بە سەردا نەخواتەوە، ناتوانێت لە نێو پێخەفەکەی بێتە دەر و بگەڕێتەوە بەرەو باوەشی تێکسووتاوی سروشت. لێرەدایە، بەم بەڵا قورس و ژانهێنەی ئادەمیزادەوەیە کە ئیتر ڕۆمانێک، فیلمێکی درێژ، سۆناتایەکی باخ یان تابلۆیەکی هەر چەن شاکاری ڤان گۆگ و هتد... ناتوانن فریای بکەون کە پڕە لە پرسیار، پڕە لە ترس و هەراسان بیر لە چارەنووسی نەگبەتی خۆی لە کۆتایی زەمینی بێ ئاو و تۆشەمەنی دا دەکاتەوە. ئێستا بەم بار و دۆخەی هەنووکەیی مرۆڤەوە، تەنها مینیماڵیزم نووسانێکی وەک ئیستیڤان لاکێر ئەتوانن بێنە مەیدانەوە و لە بری نووسینی هەزاران لاپەڕەیی ڕەنجەکانی ئینسان لە پێناوی کەشفی خۆی و ناسینەوەی هێزی سەربەمۆری جیهان، لە بری نووسینی ڕۆمانی سیزیێف ناوێک بە چەندین قەڵەم و لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە، بە مینیماڵێک، یارمەتی مرۆڤ بدەن کە بچێتەوە نێوەندی ئەم میکانیزمە دواهەمینە و بۆ ناسینەوەی هەموو هەبوونی خۆی لە سەرەتای پێش سەرەتاکانەوە، بکەوێتە نێو بەزمی بێمزەرەتی مینیماڵ. بە مینیماڵێک سیزیێفی دنیای مودێرن دەخولقێنێتەوە کە ئێستاش بەردەکەی —ئەگەر چی بە قەد حەبێکی ئیستامینیفۆن کۆدۆئینیش بێ- هەر پێ ماوە و هەموو ڕۆژێک دەبێ ئەو سیکلە لە جیهانی مودێرن دا و بە ئامرازە مودێرنەکانەوە، بە ڕێوە بباتەوە.

دوورا
ناسینەوەی خود لە بەربەرەکانەی ئەزەلی دا

ئەمجارە لایەک لە هاتنەوەی مەعنا دەکەینەوە و بۆ ئەوەی بزانین دیاردەکانی مەعناناسی لە دەقێکی فۆرمالیستی دا چۆن دێنە مەیدانەوە و چلۆن دەتوانین ئەو بازنە نادیارانەی مەعنا لە توێی چەن دێردا بناسینەوە، پێویستە بزانین کە تەنها ئەدەبیاتی فۆرمالیستی خولقێنەری مینیماڵیزم نەبووە

و ئەم ژانرە ئەدەبیە پڕ بەهایە لە زووەوە لە ناو ئەدەبیاتی گەلانی جیهان دا سەری هەڵداوە و بێ گومان بەمزووانە ئاوڕ لە هەمووو ئەو پێوەرانە دەدەینەوە کە بوونە هۆی خوڵقاندنی مینیماڵیزمی ئەم دەورانەی ئێمە. ئەدەبیاتی ئێرانی و هایکۆی ژاپۆن و عیرفانی بوودایی و... زۆرێک لەو ڕوانگە ڕۆژهەڵاتییانە لە دەسپێکی مینیماڵیزم دا، نەقشێکی ئەوتۆیان هەبووە. بەڵام، بە پێویستی دەزانم وەکوو مینیماڵیزم لە داستان دا، بگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕوانگەی ئەرەستوو لە سەر داستان و کاریگەرێتی ئەو ڕوانگە دێرینە لە سەر ئەدەبی چیرۆکنووسی کە: هەمیشە دەپرسی بۆچی کاتێک جەنازەیەک لە سەر شەقام دەبینین، بە جۆرێک ڕوو بە ڕووی دەبینەوە، بەڵام کاتێک لە بەرهەمێکی داستانی دا، سەحنەیەکی مەرگ دەخوێنینەوە جۆرێکی دیکە هەڵوێست دەگرین؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە: لە ژیانی واقیع دا کاتێک لە سەر شەقام چاومان بە جەنازەیەک دەکەوێت، خێرا خوێنمان، ئادرێنالینێک دەدەڵێنێت کە لە جێی خۆماندا وستمان دەکات و ڕەنگەش بنەرێنین: ئەی هاوار! فریا کەون کەسێک مردووە... بۆیە هەر ئەو پێشهاتە واقیعە ڕەنگە ماوەیەک فکرمان داگیر بکات و جار و باریش بیر لە مەرگی خۆشمان بکەینەوە، بەڵام دوای ماوەیەک هەموو شتێک فەرامۆش دەکەین. بەڵام لە بەرهەمێکی داستانی دا کە ژیانی فکری نووسەرێکە لە توێی دەقدا و بە پیشان دانی هەست و هەڵوێستەکانی لە بەرابەر واقیعێکی وەکوو مەرگ، ئیتر ئێمەی خوێنەریش لە گەڵ فکری نووسەر، یان باش ترە بڵێین لە گەڵ ئیدەی دەق دا، خێرا دەکەوینە موکاشفە و بە ورد بوونەوە لە دەق و چوونە پێشەوە بە ناو دیاردە مەعنا دەهندەکانی دا، خۆمان کەشف دەکەین و دەناسینەوە. جا ئیستا هەر ئەم باسە لە سەر چیرۆکنووسی لە ڕوانگەی ئەرەستووەوە، دەگوێزینەوە بۆ سەر چیرۆک لە ڕووانگەی مینیماڵیزمەوە.

ئیتر تا ئیستا زانیومانە و دەشێ زانیبێتمان کە مینیماڵیزم هەڵێکە ڕەنگە لە درێژای ڕۆژێکدا یان مانگ و ساڵ و ساڵانیکدا، بە چەن چرکە خوێندنەوەی دەقێک، بە ئێمە بدرێت بۆ ئەو موکاشفەیە. چونکە ئینسانی ئیمرۆ بەرهەمی پەلە و پەردە دیجیتاڵییەکانە لە سەر هۆش و هزری و پەلەیەتی خێرا بگاتە ئەو ئاستەی وا دێرزەمانێکە لە هەوڵدایە چی پەردەیە دڕاندبێتی و هەر خۆی دەزانێ ئەم بزافتە چیە و چۆن ڕوو دەدات. بەڵام ئەوەی جێی گومان نییە ئەوەیە کە نووسەری مینیماڵنووس زیاتر پەلەیەتی کە هەموو مینیماڵەکانی خۆی نووسیبێت. لێرەدایە داستانێکی مینیماڵیستی دێتە گۆڕێ و بە هەڵێک، دەرەتانێک کە تێیدا داڕێژراوە بۆ وەرگرتنەوەی دووبارەی مەعناکان، فریای ئینسان دەکەوێت و مەعناپژێنی دەکات بە پانتایی ڕوحی دا. بۆیە ئیمرۆ لە پاش ئەو مێعمارییە بێ وێنەیەی نووسەرانێکی وەکو کافکا، بێکت و... لە گەڵ چیرۆک دا و لە ساختمانی مینیماڵیزم دا کردیان، مینیماڵ نووسانی دنیای وادار کردووە کە زیاتر لە سەر ئەو بیچم و بنەمایەی وا کافکای مێعمار بۆ چیرۆکنووسی دایمەزراند و

پیاوێک لە شارەکەی ئێمە

لیدیا دیویس

پیاوێک لە شاری ئێمەدا، هەم سەگە هەم خاوەنەکەی. خاوەنی سەگەکە هەمیشە هەر خەریکی ئازاردانی سەگەکەیە و یەکجار ژیانی پێ تاڵ کردووە. ساتێک کایەی لە گەڵ دەکات و هانە هانەی دەدات بۆ هەڵبەز و دابەز، ساتێکی دوای ئەوە لە تەوقە سەری دەکوتێ کە بۆچی هار و هاجی دەکات. جاری وایە بە توندی دەکوتێ بە لموزیدا و بە شەق لە قونی هەڵدەدات، ئەوە چیە لە سەر قەرەوێڵەکەی ئەو نوستووە و هەنێک تیسکی ڕژاوەتە سەر سەرینەکەی ئەو. کەچی شەوی واش هەیە لە تاو تەنهایی، سەگەکە دەکێشێتە ژوور و لە باوەش خۆیدا دەیخەوێنێت. هەر چەن سەگی بێچارە تا بەیانی لە سامی ئەو هەڵدەلەرزێت، بەڵام هەموو عەیب و ئیرادەکە لەوەدا نییە. هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت لە گەڵ سەگێکی وادا هەڵبکات. بۆگەنێکی وەها ناخۆش و قێزەونی لێدێت؛ لە خوددی سەگەکە هەراسهێن تر و ترسناک ترە. ئاخر هێندە شەرمێونە، هەرکات کتوپڕ مەجالی لێ دەسێنن میز بە خۆی دا دەکات. بوونەوەرێکی بۆگەن و دایم تەڕە. کەچی ئاواش ساحەبەکەی زۆر هۆشی پێوە نیە، چونکە زۆربەی جار، ئەوەندەی خواردوەتەوە کە شەوانە مەست و کەلەلا، لە سووچێکی دیواری کۆڵانەکە تخێڵ دەبێت. کاتێکیش کە هەتاو دادێت، لە سووچێکی باخی گشتیەوە دەیبینین، بە شەقەنگاو دوور دەکەوێتەوە. ڕووی لووتی کردوەتە با و هەر خێرایی خۆی هێور دەکاتەوە تا لە شوێن بۆنێک بگەڕێت. تیسکی کورتی سەری دەخورێنێت و جغەرەیێک دەردەهێنێت. بە دەستە لەرزۆکەکانی دایدەگیرسێنێت و جا لە سەر ئەو سەندەڵیە دادەنیشێت کە بە دەستسڕەکەی خاوێنی کردوەتەوە. بە هێمنی خەریکی مژینی دەبێت، هەتا دەگاتە بنکی جغەرەکە. ئەوسا کتوپڕ لە داخا، هەڵدەگیرسێت و هەر زوو سەری ئەداتە بەر مست و لە سەر قاچەکانی، سەری خۆی دەکوتێت. کاتێکیش هیلاک دەبێت، سەر هەڵدەبڕێت بەرەو ئاسمان، لە تاو نائومێدی دەلوورێنێت. بەس جار و بار بە هێمنی دەستێکی نەوازش دەهێنێت بە سەری خۆی دا تا ئەهوەن بێتەوە.

بەرهەڵستی پلاتەکان بوو، کە ئیتر نەهێڵێت خۆ بکەنەوە بە ناو ساختمانی چەندین نهۆمی بۆ نموونە رۆمانێک دا و زۆر بوێرانە هێشتی ببنە مینیماڵ، بەرەو پێش برۆن و رێگەیەکی زیاتر بکێڵن بۆ مینیماڵنووسی. نووسەری ئیمرۆ زۆر خاکەڕایانە خەریکە کەشفی ئەوە دەکات کە ئەو بەرەنگار بوونەوەیەی لە مێژە لە نێوان خێر و شەڕ دا روو دەدات و هەمیشە مرۆڤی کردووە بە قوربانی، لە ڕاستی دا بەرەنگار بوونەوەیەکی نەفس (Ego) و روح (Self) ە و هاکا ئینسان بە مینیماڵێک توانیی کەشفی ئەم کەشمەکەشمە کوشندەیەی نێوان خۆی و مانایەکی مودێڕنکراوەی "خودا" بکات. ئیمرۆ ئیتر نووسەری مینیماڵنووس، ئەو کارەی کە شەمسی تەوریزی و مەولانای رۆمی یان عارفێکی سەد ساڵ سووچنشینی پەرستگەیەکی بوودا، لە وتارەکانی شەمس دا بە گێرانەوەی حەکایەتە تەمسیلیەکان، لە تویی مەسنەوی دا لە مەیدانی بەیتە بێ پەردەکاندا و لە بێدەنگی هایکۆ دا بە چەن وشەی بوێرانە و پڕ مەعنا دەیانکرد، بە زمانی ئینسانی ئیمرۆ، بە وێنا کردنەوەی دەروونیی مەعناکان لە جیهانێکی ڕاست تر لە جیهانی واقیع، دەیکاتەوە و زۆر ئازانە، بە مینیماڵێک ئاوا رێنوێنیمان دەکات تا مرۆڤ بناسینەوە لە کاتی ئەو شەڕە دێرینەیدا لە گەڵ شەڕەکان و تامی حوزور دەبەخشێتەوە بە فامی ئادەمیزاد، تەنها بە هەڵێکی چەن چرکەیی لە تویی مینیماڵێکدا...

ئاوا هەر بە مینیماڵێک، ئینسان دادەمێنێتەوە و جارێکی تر، ئاوڕ لە مەعناکانی دەروون دەداتەوە کە بۆی کراونەتە داستانێک و تێدەگات: ئەگەر رووی نەدابێتیش، روو دەدات و دەتوانێ هەموو فۆرموولەکانی ژیان بگۆڕێت. ئاوا هەر بە مینیماڵێک، روو بە رووی خود دەبینەوە و بێ ئەوەی بڕیار بدەین کە کێ کێیە، کە "خود"، سەگەکەیە یان خاوەنەکەی، هەست بە بوونی ساتبەساتی ئەو شەڕ و بەر بەرەکانەیە دەکەین و دەچینە ساختمانێکی تاهەتاییەوە و رەنگەش، بێ ئەوەی لە بیرمان بمێنێتەوە کە چیمان خوێندوەتەوە، هەموو شەڕەکان لەو ساختمانەوە ڕەسەد بکەین. ئاوا دەبینین کە مینیماڵێک چەنێک زووتر لە ڕۆمانێک، گۆڕانکاری دەکات.

سێرا:

بەرێک بۆ بینینەوەی خود

ئێستا کە دیتمان چۆنە فۆرمی مینیماڵیزم دەبێتە هەلێک بۆ هاتنەوەی مەعنا، با خوێندنەوەی مەعناکان لە چەن مینیماڵ نووسدا دەست پێبکەین. لیدیا دیویس، یەکێکە لە مینیماڵ نووسانی ئامریکا کە هەمیشە بە چەشنێکی سەربەخۆ ئاوڕی لە مەعنا داوەتەوە لە تویی ئەم ژانرەدا. ئەو بەرەنگار بوونەوەی وا هەمیشە لە نێوان خود (Self) و نەفس (Ego) دا رووی داوە، کێشەی سەرەتایی و بنەڕەتی مرۆڤ بووە لە سەر دەمی پێش مێژوو، مێژوو، دیانەت و تەنانەت لە دنیای مۆدێرنیش دا. ئیمرۆ هەمووی ئەوانەی شانیان ناوەتە بەر ئەم بارە قورسەی کە ناوی مینیماڵیزمە، دەزانن کە ئەم دنیا بەرفراوانە تەسکنوێنەی لە چەن دێڕدا دێتە دی، دنیایەکە کە بە زمان و بەو چەشنە ئەندێشەیەی لە نێوان سللوولەکانی زماندا هەناسە دەکێشێت، دەخولقێت و ئەوەی ڕاستی بێ زمانێکی شاراوە هەیە لەو زمانەدا کە بە ڕواڵەتی کارێکی مینیماڵیزم داڕێژراوە، کە دەبێت خوێنەر یا خود بەردەنگی بەرهەم خۆی کەشفی ئەو زمانە بکات لە چوار چێوەکانی زێهنیدا. دانیەل مارزۆنا، نووسەری سەر بەخۆی ئامریکایی ئاوڕێکی سەیر لە مینیماڵیزم ئەداتەوە و دەڵێت: ئەوەی دەیبینن هەر ئەوەیە کە دەیبینن. ڕەنگە ئەم قسە لە ڕواڵەتا زۆر سادە و ساکار چەشنێک لە بێ مەعنایی لە خۆدا هەڵگرتبێت، بەڵام بێتو بێین نهێنی شاراوەی ئەم رستەیە کەشف بکەین و بەو زمانە جارێکی دیکە بیخوێنینەوە دەبینین ئەم ڕستەیە، هەڵگری فەلسەفەیەکی نوێیە دژ بە هەموو فەلسەفەکانی تا ئێستای مرۆڤ. تا ئێستا مرۆڤ هەر وتوێتی و وتوێتیەوە کە ئەوەی دەیبینین یا لێی تێدەگەین، هەر ئەوە نییە کە دەیبینین. فەلسەفە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە چەشنێکە لە سازبوونی مەیدانێک لە ئادەمیزاد دا بۆ سوورانەوەی Ego بە سووڕ خود یان Self دا، کە وای لێدەکات خود سەری سوور بمێنێت لەم هەموو بریقە بریقەیەی حەیات و هەوساری خۆی بداتە دەست Ego. Ego هەمیشە پێی وتووین کە ئەم درەختەی وا دەیبینی درەخت نییە، بەڵکوو مێشکی تۆ وا بیر دەکاتەوە کە ئەمە درەختە و هیچ رێگایەکی دیکەش نییە بۆ ئەوەی درەخت نەبێت. بەڵام ئێستا مینیماڵیزم خەریکە پەردەکان لا دەدات و دەڵێت: دڵنیا بە! هەر درەختە و واز بێنە لە گێژی و گەلحۆیی بە دەست Ego ی پەرێشانکەرەوە و لە درەختا، وشیاری لە دەست چووی خۆت بە دەست بهێنەرەوە.

کاتێک نووسەری مینیماڵنووس پێنووسەکەی دەگرێتە دەست و لە گەڵ سپیایی کاغەزدا ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە، بەتاڵترە لە بەتاڵ. بڕیاریش نییە هیچ بڕیارێک بدات سەبارەت بە پەرێشانی ئادەمیزاد، سەبارەت بە ژیان. ئەو تەنها دەنووسێت

کۆتایی دەمەقاڵە

تری ئێل تیلتۆن

"تام" پیاوێکی لاو و شیرین دەم و زمان بوو، ئەگەرچی کاتێک لە گەڵ "سام" کە دوو مانگ دەبوو پێکەوە لە ماڵێکدا دەژیان، لێیان بوو بە دەمەقاڵە و مقۆ مقۆ، مەست بوو.
"ناکرێ، ناکرێ کورتە چیرۆکێک تەنیا بە پەنجا و پێنج وشەوە، بنووسرێ، گەوجە!"
"سام" بە تەقەی گوللـەیەک بێدەنگی کرد و دوایی بە پێکەنینێکەوە وتی: دیت دەکرێ.

و بڕیارە بە نووسین —بە کورت ترین نووسین- نیشانی بدات کە چی ڕووی داوە. ئەو خاڵە سەرەتاییانەی لە چیرۆکێکدا جێی پاڵپشتی خوێنەرن، لێرە ئیتر ڕووخاون و ئەوە خوێنەر خۆیەتی کە دەبێت بەو فۆڕمە، ساختمانێکی دیکە بۆ مەعنا چێ بکاتەوە و بچێتە نێوی. جاران چیرۆک دەهاتە نێومان و تیاماندا دەمایەوە و لە بیرمان نەدەچووەوە. ئیستاش لە بیرمانە سەد ساڵ تەنهایی مارکێز باسی چی بوو، چۆن بوو، لە کوێ ڕووی دابوو. ئیستاش تومەز، ماکۆندۆ —شاری ڕۆمانی سەد ساڵ تەنهایی- لە بەشێکی نا لەبەرچاوی مێشکمان دا لە سەر ڕەوتی ژیانی خۆی و دانیشتووانی بەردەوامە. یان کوێر بوونی ساراماگۆمان قەت لە بیر ناچێتەوە لە دەورانێکدا کە کوێریی دەنووسی و ڕەنگە هەمیشە لە سەر چوار ڕییانەکان کە چرا سوور دەبێت، کتوپڕ هەراسی کوێر بوونێکی ئانی بمانگرێت. بەڵام ئیتر مینیماڵیزم وا نییە. ئەوە مینیماڵیزم نییە خۆی دەکات بە نێو مێشکی ئێمەدا و لە بێقرەییەکان و بێ ئۆقرەییەکانماندا پەنا دەگرێت.، ئەوە ئێمەین کە دەچینە ساختمانی مینیماڵیزمەوە و هەر ئەوەندە تێیدا بە حەسانەوە بگەین و پشوو درێژ بین لە تاو جەزرەبەکانی Ego، ئیتر فێری ئەو سازەیە دەبین و ڕۆژانە لە ژیانی ئاسایی خۆمان و دەور و بەرییەکانمان دا، کەشفی مینیماڵەکانی ژیان دەکەین و بە هەر کەشفێک خۆمان دەناسینەوە. بۆ نموونە مینیماڵێکی لیدیا دیویسمان خوێندەوە و ئیستاش تێدەکۆشین بزانین ئەم بەر بەرەکانەی Self و Ego یە لە کوێی سەتحی شاراوەی ئەم زمانە ڕواڵەتییەدا خۆی شاردوەتەوە و هەمیشە تێدەکۆشین تێبگەین، چۆنە بێ بوونی زۆرێک لە خاڵە سەرەکییەکانی چیرۆک، چیرۆک دەبیستین و چۆنە بێ پیشاندانی ڕووداوێکی لەو چەشنە کە زێهنی ئێمە فێر بووە لە چیرۆکێکدا تێکەڵی بێت و تازە ئیتر خووی پێگرتووە، بە چیرۆکێکدا تێکەڵی سەرەکی ترین ڕووداوی ئادەمیزاد دەبین و هەست بە شەڕ و ئاشتی ساتبەساتی خێر و شەڕ دەکەین؟ "بارتێلمی" لە سەردەمی خۆی دا پێی وا بوو کە بە هۆی کەشف و نووسینی مینیماڵیزم، "تاوانبار" بە هەنێک ئایتێمی بەد کراوە. یەک لەوانە حەزڤی ئیدە مەزنە فەلسەفییەکان بوو لە چیرۆکدا و ئەو پێکەنینی پێی دەهات و دەیوت "مینیماڵیزم" خۆی فەلسەفەیە و هیچ کەس ناتوانێ نکووڵی لەم چەشنە مودێرنە ئەدەبییە بکات کە خەریکە جێی فەلسەفە و جێی زۆر شتی دیکە دەگرێتەوە. لە ڕاستی دا زۆرێک لە مینیماڵنووسانی دنیا پێیان وابووە کە مینیماڵیزم، ئاماژەیەکە بە هەموو ئەو جیهانانەی کە زێهنی ناوشیاری مرۆڤ بە دوویدا وێڵە و بۆیە کە خوێنەر مینیماڵێک دەخوێنێتەوە، وەها لە دەروونەوە گۆڕانکاریی بە سەر دێت.

چوار-ڕا
هەڵی پەنجاوپێنج وشەیی

هەڵبەت ئەم ناوزەدکردنە نوێیەی ئەم ڕەوتە، ڕەنگە زۆرجار بەری بە مینیماڵیزمەوە نەبووبێت و زیاتر لە سەر کورت و کوێر کردنەوە عادەتییەکانی ئەم فۆڕمەی "نڤیسار"، سوور بووە. من پێم وایە تەنانەت بوونی ئەم فۆڕمەش بۆ ئەدەبیات —بە تایبەت ئەدەبیاتی کورد- پێویستە و بەکارهێنانی هەر تکنیکێک لە گێڕانەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانەدا بە ٥٥ وشەوە، کاریگەری و تەئسیری خۆی لە سەر چەن لایەنی ئێمە هەیە. یەکەم لایەنی زمانە و ئەم لایەنە بۆ ئەوەی دەرەقەتی ئەم هەلە کەمەی گێڕانەوە بێت، زۆر بار و لایەنی دیکەی خۆی دەخاتە هەوڵ و تەقالاوە. بۆ نموونە، زمان دەتوانێ بە لایەنی مێژوویی خۆیدا بچێتەوە و بۆ سەرەتای وشەکان، بۆ ڕەگەزیان بگەڕێت. ڕەگەزی زۆر وشە لە زماندا —بە تایبەت لە زمانی کورددا- دەگەڕێتەوە سەر ئەو فۆڕمووڵە سادەیەی کە پێشینیانی زمانسازی ئێمە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە بەیت و حەیرانە و ئازیزێ و پاییز و سوارۆ، ئەم زمانەیان ساز کردووە و ڕایانگرتووە، ئاگەداری هەموو پێکهاتەکانی بوون و ڕایانگرتووە، پاراستوویانە و گوازتوویانەتەوە بۆ بەرەکانی دوای خۆیان؛ ئەم نهێنییەی زمانییان زانیوە کە ئاماژە بە "ئان" کردن، مۆجیزەی زمانە و بۆ ڕووداني ئەم مۆجیزەیە تێکڕا کارییان کردووە. لە حەیرانێکدا، باسی تاقەدارێک دەکات، وا دەیگێڕێتەوە کە تۆ هەموو بەسەرهاتەکان دەبیسی، بەڵام بە بەسەرهاتی پاڵەکییان دەزانی و لەولاشەوە تەنیا یەک وێنە لە نیگاهتدا شکڵ دەگرێ: وێنەی تاقەدار. جۆرێک ئەرکی مینیماڵیستی بۆ گوازتنەوەی بەسەرهاتێک بۆ بەرەکان، بە تێچینی کردنی جۆرێک گێڕانەوە کە تەنیا یەک جاری بەسە گوێبیستی بیت و بۆ هەمیشە بیزانی و پێیدا بچییەوە.

لایەنی دووهەم لایەنی ستاتیکی زمانییە. جۆرێک جوانی سازی بۆ زمانی هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی گەورە. من لام وایە کۆمەڵگەی گەورە، ئەو بەردەنگە نهێنییەیە کە هەر نووسەرێک لە خەفادا داستانەکانی بە گوێی ئەودا دەچرپێنێ و دەیگێڕێتەوە. کەواتە لێرەدا ئیتر باسی چییەتی زمان لە ئارادا نامێنێت و ئەو ئەرکە جێی خۆی بە چۆنییەتی زمان دەدات. مینیماڵیزم لە زمانە نەرمەکاندا، سەری هەڵداوە و هەر

بێبەختی
ئالێن ئی مایەر

بە ئێشێکەوە کە هەموو لەشمی
داگرتبوو، وە خەبەر هاتمەوە و
پەرەستارێکم بینی کە لە لای
قەرەوێلەکەمەوە وێستابوو. وتی:
جەنابی فوجیما، شانستان بووە کە
لەو بۆمبارانەی دوو ڕۆژ لەمە پێشی
هێرۆشیما، بە سلامەت ڕزگارتان بووە.
بەڵام نگەران مەبن. ئێستا لێرە لەم
بیمارستانە جێگەت ئەمنە.
بە دەنگێکی کزەوە پرسیم: من ئێستا
لە کوێم؟
وتی: ناکازاکی...

زمانێکیش بیهەوێ بە فۆڕمی مینیماڵیزم بگا، دەبێ بچەمێتەوە و خاکەڕایانە وەرگری ئەو فۆڕمەتە بێت. جا ئەگەر ئەو چەمانەوە زمانییە لە هەلێکی ٥٥ وشەییدا، ڕێکەوێت، چ باشتر.
خورخە لوییس بورخێس، نووسەری ئارژانتینی، بە ڕەوایەت، دەروویەک لێدەداتەوە بۆ لایەنی ئارکائیکی زمان و شێوازی کەڤنارای گێڕانەوە پیشە دەکات. لە ئانێکدا، لەحنێکی دوور و مونزەوی بۆ ڕەوایەت دروست دەکات و ناهێڵێ بەردەنگ وا هەست بکات کە داستان دەخوێنێتەوە. دڵنیام کە ئەم هەستە بۆ زۆرێک لە خوێنەرانی بۆرخێس پێش هاتووە کە کاتێ دەیخوێنێتەوە، لە چوارچێوەی شوێنی-کاتی دا نامێنی و ئەوەی دەیخوێنێتەوە، دەیبینی. هەر ئەم فۆڕمە بە شێوەیەکی دیکە لە ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی جیهان دا دووپات دەبێتەوە. لەوێ —لە مینیماڵەکانی بورخێس دا- خەنجێرێکی شووم پەیدا دەبێ کە سەری هەزاران کەسی خوراردووە و لە واقع دا، جۆرێک کەسایەتی بەو خەنجێرە دەبەخشێت و تۆ وات لێدێ چیتر بورخێس یان هەر زانای کوللێکی دیکە نابینی؛ چەقۆکە دەبینی کە چۆن لە هەر بەستێنێکی زەمانی دا بە ڕووداوێک ئەو شوێنەی کە لێی گیرساوەتەوە، بە جێی دەهێڵێت و دەهێڵێ بۆ شوێنێکی دیکەی بگوێزنەوە و لە کەسی ئەمرایەی نزیک بخەنەوە کە بڕیارە بیکووژێت. هەر ئەم حاڵەتەی گێڕانەوە، کە بە بڕوای من یەکێکە لە تکنیکە سەرەکییەکانی مینیماڵێک، لە زۆرێک لە زمانەکانی دیکەشدا هەیە و لە ڕاستیدا ئەو ئارکائیک بوونەی زمان، پێدەچێ لایەنێکی هەموو زمانێکی دیکەی دنیا بێت، بەڵام زۆرێک لەم زمانانە بە پاژی تەولید و چێکردن نەگەیشتوون، کە ئەمەیان باسێکی دیکەیە و زۆر لایەنی سیاسی کۆمەڵگەناسی و تەنانەت جوغرافیش دەگرێتە خۆ. بۆیە لە سەر ئەم تەوەرە زووم ناکەم و ئەهێڵم باسەکەی خۆم —باسی هەلی ٥٥ وشەیی ئەدەبیات- بە ئەنجام بگەیەنم. لە ڕاستیدا ئەم فۆرمووڵە بە هەر چەشنێک بۆ هەیکەلی گێڕانەوە لە زمانی ئێمەدا بە سوودە و ئەگەرچی نەشتوانێ ئاماژە بەو ”ئان“ـە وشیارەی مرۆڤ بکات، بەڵام هەلێکە بۆ زۆران گرتنی ئێمە لە گەڵ زمان. هەلێک بۆ کارکردنی ئێمەیە لە سەر ئەو لایەنە دەست لێنەدراوەی زمانێک کە بە بڕوای من لە دوای بەیت و حەیرانەکانەوە، لە بەستێنی خۆیدا، ڕەوایەتی پێ نەکراوە و تەنیا لە پاژێکی زەمانی بەملاوە فێری گێڕانەوە جۆراوجۆرەکان بووە بە سەبکی گەلانی دیکەی جیهان — بە تایبەت دراوسێ زمانییەکانمان- و چیتر هەوڵی نەداوە لا لەو دەستەوشە دروستکراوانە بکاتەوە کە بە پێی فۆرمووڵی مینیماڵیزم، لە بەژنی ئارکائیکی زمانماندا سەقامگیر بوون و دەبن. هەلی پەنجاوپێنج وشەیی، لەم چەند ساڵەی دوایی دا بووەتە باو و تاقمێک لە نووسەران خەریکن بەو فۆڕمە دەنووسن کە بە چەند تایبەتمەندی ئەم خاڵە ئاماژەم کرد و ئێستاش وەکوو کۆتایی باسەکە، باسی تایبەتمەندیی بنەڕەتی ئەم سەبکە دەکەم: خۆ لە ئێستانداردی ژیانی شاری ئینسانی مودێڕن نزیک خستنەوە، بە گێڕانەوەی بە سەرهاتە بە دەردهاتەکان بۆ کۆمەڵگەی مەزنی جیهانی، تەنها بە ٥٥ وشە...

کـــانــــی
فرانتس کافکا

ئەو تینووە. تەنیا تۆپەڵە بنەگیایەکیش ئەتوانێت لە کانیاو، جیای بکاتەوە. کەچی ئەو دابەش بووە بە سەر خۆی و دژێکی دا: بە یەک لەتی دەتوانێ ”گشت“ ببینێت، دەیبینێت کە لێرە ڕاوەستاوە و کانییەکە ڕێک، لە پەنای ئەودایە؛ بەڵام لەتێکی دیکەی، ئاگەداری چشتێک نابێت و لە دواییشدا، پێی وایە لەتی یەکەم، هەموو شتێک دەبینێت. بەڵام چونکە ئاگەداری چشتێک نابێت، ناتوانێت بخواتەوە.

ئەمڕا
زەمینێکی تر لە زەمین

زۆر جار کە لە مینیماڵێک ڕادەمێنم، دەبینم کە چەندە نووسەرانی ئەم ژانڕە، قووڵ و ناخەکی ڕوانیویانەتە بەسەرهاتەکانی مرۆڤ و چەنێک بیریان لە تەردەستی کردووەتە بۆ دەربڕینی ئازارێک، بەسەرهاتێکی چەن چرکەیی، ڕووداوێک. لە ڕاستیدا، مینیماڵنووس بە شوێن سووژەکاندا وێڵە و هەموو هەوڵی ئەوەیە کە چۆن بێ ئەوەی داڕژانی کەسایەتی، یان چوارچێوەیەکی شوێن-کاتی یانیش حەتتا گێڕانەوەی چڕ و پڕ و وەسفی، بیانهەوێ کاریگەری لە سەر چۆنیەتی چیرۆکەکەی دابنێن و بە جۆرێک ڕێگەی لێبگرن، ”ئان“ـی ئینسانی بهێنێتە پێش چاوی بەردەنگ و بهێڵێ بە هێمنی لەمسی ئەو ئانە ونبووەی —بڵێین- ژیانی خۆی —بە بۆنەی ”ئان“ـی ژیانی ئەویترەوە- بکات. ئەمە جۆرێک ”کران“ـە، جۆرێک هێشتنی تەبدیل بوونە بە ئەویتر. کە ئەو وزە سەربەمۆرە بتوانێ سەر هەڵبداتەوە و لە خامۆشیتا دەر کەوێ. ئینسانی ئێستا، ئەوەندە خراپ، خامۆشییەکان توورەی دەکەن، کە خۆشی نازانێ لە کوێوە خواردوویتی. ئەمە باری هەنووکەی ئەو بوونەوەرە یاخییە کە ناڵەباری کردووە بۆ ژیان.

ئەرێ! مینیماڵنووس، کاری کرانە.

ئەو ئەوەندە نووقمی ”بینین“ بووە کە ”هۆشی“، ئیتر سەییالە و دادەڕژێ بە سەر کەلوکونەکانی بەسەرهاتدا. بۆیە دەتوانێ ”ببینێنێت“. ”بیناندن“ هونەری مینیماڵنووسە و هۆی پێکهێنانی ”فورم“ـە لە دەرەوەی دەقدا. کەواتە فورمی داستانێکی مینیماڵ، لە دەرەوەی دەقدا و لە نێوان ”بەردەنگ“ و نووسەردا، لە نێوان ”وشیاری“ تاکێک و ”ناوشیاری“ گشتیدا، ڕوو دەدات. بورخێس بە مینیماڵ، یان ئەو جۆرەی خۆی لە سەری پێداگرە، بە گێڕانەوە خەریکی کەشف و دۆزینەوەی

نەزمی شاراوەی جیهانە و دەیهەوێ پڕاوپڕ بە خوێنەر ڕاگەیەنێت کە ژیانێکی هاوتەریب لێرە -لەوێی بورخێس، لە دێهلیزەکانی گێڕانەوەیدا- خەریکە شان بە شانی ئەم ژیانە ڕووکارەی ئێمە هەناسە دەکێشێت. هەموو هونەر لەو ئاماژە پیرۆزەدا، خوی نەمر دەهێڵێتەوە و ئەم ئاماژە پیرۆز تریش دەبێت، کاتێک "فرانتس هولێر" بە مینیماڵێک، باسی زمانێک دەکات کە تەنها لە دوو وشە پێکهاتووە. ئەو خەریکە باسی شتێکی دیکە دەکات کە لە بازنەیەکی گەورەتر و بەرفراوانتر دا ڕووی داوە: دیلبوونی بێ بنەمای مرۆڤ بە دەست زمانەوە. ئەمە خاڵی ئاماژەی مینیماڵێکی وەک زمانی ئێکتییە: هەمیشە پیویست ترین دیالۆگە ئینسانییەکان بە دوو باری نێرینەیی و مایینی لەحنەوە و لە دوو ڕستە یان کەمتردا پێش دێن، بەڵکوو ئەوە ڕوون کردنەوەی حەقیقەتی مرۆڤە لە ڕووی زمانەوە کە دەخوازێ وشە و دەستە وشەی زیاتر بێنە مەیدان و بە هەر یەک لەوانە پانتایەکی بەرین تر بۆ زمان چێ دەکرێت کە جگە لە سەر لێشێواوی و ڕێهەڵەیی مرۆڤ، چی دیکەی تیا بە سەر نییە. لە ڕاستی دا، دەشێ ئەمە نەریتی زمان بێ کە بە هۆی سازەیەکی دەسکردەوە، دەکەوێتە بەر پلاری ئەم بوختانە کە: بەڵێ! ئەوە خوددی زمانە کە جێی سەرلێشیوانە، نەک حەقیقەتی بێچارە.

دڵنیام کاتێک هەرکام لە ئێمە "زمانی ئێکتی" یان هەر مینیماڵێکی دیکەی لەو چەشنە دەخوێنینەوە، بەسەرهاتەکە دەبیینین و ساتبەساتی دێتە بەر چاومان.

ئەوەی ئیمڕۆ لە زۆرێک لە مینیماڵەکانی جیهان دا، قەناعەتی بە خوێنەرانی خۆی هێناوە، فەننی بەراوردکارییە لە نێوان خوێنەر و دەق دا. واتە —هەر بە گوێرەی دەقی "زمانی ئێکتی"- کاتێک خوێنەر بە درێژەی کورتی مینیماڵدا ڕێدەکەوێ، ئەوەی دەیخوێنێتەوە، نەک تەنها دەتوانێ ببینێ، بەڵکوو بە ورياییەوە دەتوانێ زێهنی خەریکی بەراوردکارییەک بکات لە نێوان بەسەرهاتی ئەو دەقەدا و ژیانە هاوشێوەکانی وەکوو هەمان بەسەرهات. خوێنەر دەتوانێ خێرا نەتەوەی خۆی، یان هەر نەتەوەیەکی دیکە بخاتە جێگەی نەتەوەی "ئێکتی" و چجار بیر لەوە نەکاتەوە کە ئایا وەها نەتەوەیەک لە نێو مرۆڤدا، بوونی هەیە، ئاخۆ وەها بەسەرهاتێک ڕووی داوە یان نا؟

رای کۆتایی

کافکا مێعماری مینیماڵیزم

دەمێک ساڵە ناتوانم خۆ لەم بینەرە نەبان بکەم. ئەم کافکایە هەر نووسەر نییە، نا. دڵنیام پێش ئەوەی نووسەر بێت، بینەر بووە و نهێنییەکانی جیهانی بەرینی ئادەمیزادی بینیوە. پێم وابێ کەمێک بتوانم دەردەدڵ بکەم لە سەر ئەم نووسەرە و خۆ لە مەعناکانی دەقێکی مینیماڵی هەڵقورتێنم. کاتێک گوستاو یانووش لە کتێبی وتو وێژ لە گەڵ کافکا دا، جیهانبینییەکانی کافکا ڕوون دەکاتەوە و کاتێک خۆی لە نامەکانی دا بۆ فەلیسا، دەهێنێت بێ ئەوەی وەکوو مەعشووقێکی سیستماتیک

زمانی ئێکتی

فرانتس هولێر

زمانی ئێکتی لەو زمانە مردووانەیە بۆیە بە ڕای من لە هەموو شتێک زیاتر جێی سەرنجە، چونکە ئەم زمانە تەنها دوو وشەی هەیە: یەکەمیان "ئێم"ــە و دووهەمییان "ساسکرۆپتلۆکسکوارسەنفگاکسلۆمپێگ ریسە". "ئێم" کە باری مێیینەی هەیە و بە مانای "ئەوە دیسان لێرە چ باسە؟"ــیە و "ساسکرۆپتلۆکس کوارسەنفگاکسلۆمپێگریسە"ــش، باری نێرینەیە بە مانای "چشتێک"ــە.

بەسەرهاتەکە لەوێوە دەست پێدەکا کە "ئێکتێرەکان" لە دەم لێواری بورکانێک دەژیان کە هەمیشە لە ناخی خۆیدا، گورە گورێ دەهات و فیچقەی دەکرد. هەر جارێکیش کە بورکانەکە فیچقەی دەکرد، ژنە ئێکتییەکان، هەراسان فڕێ دەدرانە لای سەرووی لێواری بورکانەکە و ئەیانقیژاند: "ئێم؟"، پیاوەکانیشیان لەو بگرە و بەردەدا، بە لەبزێکی ئارام دەیانوت: "ساسک رۆپتلۆکسکوارسەنفگاکسلۆمپێگریسە".

ئەم بابەتەش تەنها شتێک بوو کە ئێکتییەکان لە سەری دەدوان و کارەکانی دیکەیان وەها بە پەلە بە رێوە دەبرد کە هیچ کاتێکیان بۆ قسە کردن نەدەما. پێم وابێ ئەم "ئێکتاوایە" وڵاتێکی نائارام بووبێ. جارێکیان بە شوێن ئەوەدا کە سووتمانەکانی گڕکانەکە زۆر نائاسایی لە سەر یەک هەڵچنرابوون، کار گەیشتە خۆپیشاندان و بە دوایدا بە چاو تروکانێک، تاقمێکی زۆری ئێکتییەکان، لە بەر دەم باڵەخانەی شارەوانی، کۆبوونەوەیان ساز کرد. خەڵک یەکدەنگ بە بڵێنگۆ دروشمیان دەدا: "ئێم! ئێم! ئێم!". لە کۆتایی دا سەرۆک کۆماری "ئێکتاوا"ش چووە سەر هەیوانەکە و لە گەڵ ئەوەدا وتارێکی بە بڕشتی پێشکەش کرد؛ بە دڵنیاییەکی ئەوتۆوە وتی: "ساسکرۆپتلۆکسکوارسەنفگاکسلۆمپێگریسە"

بە هەر حاڵ ئەم وتارە، پڕاوپڕ دروست نەبوو سەرۆک کۆماریش هەڵبەت بەوپەڕی بێبەختییەوە هیچ دەستە وشەیەکی دیکەی لە چەنتەدا نەبوو. بۆیە ئیمڕۆکە زمانی ئێکتی لە زومرەی زمانە مردووەکانی دنیا لە هەژمار دەدەن.

بڕوانێتە دەستگیرانەکەی و باسی سۆز و شتی وای بۆ بکات، باس لەو دژوازییەی نێوان جیهانی دەرەکی (Objekt) و جیهانی ناوەکی (Sobjekt) ە دەکات و ئەوەی کە چلۆنە بووەتە کێشەیەکی دێرینی نێوان مرۆڤ و زەمان؛ زیاتر ناخی مینیماڵەکانی ئەو پیاوەمان بۆ دەر دەکەوێت. کێشەی کافکا گێڕانەوەی مازووخییانەی چیرۆکە بۆ مرۆڤ. بەڵام ئەم گێڕانەوە

چجار ناچێتە خانەی ئەوەی وا بێنێت بە چیرۆکەکانی، بە مینیماڵێک یان بە نۆڤلێتێکی سەرکەشی، ئادەمیزاد دڵخۆش و سەرقاڵ بکات کە بۆ نموونە ژانەکانی ژیانی لە بیر بچێتەوە و لەو مەودا زەمانییەی دا وا خەریکە دەخوێنێتەوە، هۆشی بە هیچیەوە نەمێنێت و سەفەر بکات بە باڵی خەیاڵی دەق. نا. شتی وا لای ئەم لە ئارا دا نییە. ئەم کافکایە هەموو وجوودی نووسراوەکانی، سام و دڵەڕاوکێیە. بەڵام دڵەڕاوکێی چی؟

تۆ دەمێکە هەی لەم ژیانەدا و هێشتا جارێک ئەو وشیارییەی تەنها لە تاقەتی تۆدایە، تیاتا رووی نەداوە. نەتتوانیوە جارێک لە ڕەوتێکی مەخمەڵینی هزرتەوە، پەل باوێژی بەرەو لقەکانی ئاگایی و دامەزرێیتەوە لە سەر خاڵی بنەڕەتیت. هێشتا گیرۆدەی ئەو کەسایەتیە گوناحەیت کە لە مێژە کۆمەڵگا و بنەماڵەکەت بە سەرتا دایانسەپاندووە و رۆژێک لە رۆژانی تەمەن بیرت لەوە نەکردوەتەوە کە بۆ کەسی راستەقینەت بگەرێیت. بۆ کەسایەتی ئەبەدیت... بۆیە ئەم بینەرە، رۆژێک، بەرەبەیانێک دێت و درگای ماڵەکەت دەکوتێت و دەتبات و زۆر بێ گوناهانە مەحاکەمەت دەکات، رۆژێکیش یان نیوە شەوێک، دێت و دەتکا بە قالۆنچە و هەموو ئەندازە دابینکراوەکانی مێشکت لە سەر هەبوونییەتت، تێک دەشکێنێت و لە دەم کونی ئاودەستێکدا، بە پشتا دەتخات و لیت دەگەرێت. ئیستا ئیتر تۆیت و هەبوونێک بە دژوارترین حاڵەتی مرۆڤانەوە و لە پیس ترین شوێنێکدا کە هێمایەکە بۆ ئەم جیهانەی کە پێت تێناوە و بە دەستی خۆت لە خۆتت کردووە بە ئاودەست، بە وێرانی. تەنانەت ناتوانی بە خوشکەکەت بڵێی: منم! هەر ئەو کورەی دوێشەو تا درەنگان پێکەوە قسەمان دەکرد و خۆش بووین. تۆ ئیتر ئەو کەسە نەماوی. ئیستا ئیتر تۆ حاڵەتێکی نانەجیبانەی حەیاتی و پێویستە بۆ ئەو خاڵە نادیارەی وشیاری بگەرێیت. تا پاش داماڵینی ئەو پێستە دژوارە، پاش کێشانی ئەو ئازارە ئەزەلییەی لە بەر ئەو هاتوویتە "ئێرە" و وات بە سەر خۆت هێناوە؛ ریندانە بگەرێیتەوە و خۆت بیت. بە پێچەوانەی ئەوەی وا زۆرێک لە شێکارانی ئەدەبی باسی لێوە دەکەن کە کافکا لە نووسراوەکانی دا، سیمبولی بە کار هێناوە، من پێم وایە ساختاری گێڕانەوە لای کافکا، ساختارێکی هێماییە و لە راستی دا کافکا خەریکە سیمبول سازی دەکا و بەو چەشنە ئاماژانەی کە ئەو بە گێڕانەوە پیشەی کردووە، خەریکە جۆرێک سیمبولی نوێ لە جیهانی ئینسانی مودێرن دا، دادەڕێژێتەوە کە بە پێی ئاماژەکانی ئەو لە گێڕانەوە کتوپڕییەکانیدا، دەبنە سیمبول و هێمای بەسەرهاتێکی سەر ڕێی مرۆڤ. بەسەرهاتێک کە هێشتا بە سەر کەس نەهاتووە، بە سەر کافکادا نەبێ، بەڵام لەمەودا، لە خوێندنەوەی مینیماڵێکی ئەو بەملاوە ئیتر بە سەر هەریەک لە ئێمەدا دێت.

کافکا وشیارە و وەک زۆرینەی نووسەران دەربایستی ئەوە نییە ببیندرێت و بخوێندرێتەوە. بەڵکوو لە توێ بە توێی دەقەکانی دا دەتوانین ئەو خەمە بە دی بکەین کە تەمایەری هاتنی تەمایەرە و هەموو گرینگییەکی لە کاتی نووسین دا ئەوەیە بگاتە دەست خاوەنی خۆی. خاوەنی خۆی؟ ئەری. تۆی ئەو کەسەی کە دەبێت ئەو دەقە بگاتە دەستت و لە چرکەیەکدا وشیاریت بە سەردا بێت. چۆن؟ کە تۆ "کانی" دەخوێنیتەوە و بە چەن چرکە خۆت دەسپێریتە دەست ئەو سێحرانەی

کافکا لە دەقێکدا، شاردوویەتیەوە تا گەڵکوو خەوی ئاگایی کەوتن لە تۆ لەم ژیانەیدا کە ساڵەهایە پێی ڕاهاتووی، خێرا خاڵی وشیارییەکە بێدار بکاتەوە و بینێرێتە گیان هەموو سلوولەکانی وشیاریت. تۆ خەریکی دەخوێنیتەوە و لە مینیماڵێکدا تەنها چەن وشە لە زێهنت دا جێیگرتووە.
هێشتا هیچ بزاڤتێک بە هەبوون نەدراوە و ڕەنگە تا دواهاتی کارەکەش هەر ئەو بزاڤتە نەبینیت.
بەڵام لەوێیە و ئاگەدار بە بەم زووانە سەرەتای بیگ بەنگێکە لە دەروونی تۆدا. تا زووە و لەمە درەنگتر نەبووە، واز بێنە لە "ئەو". تۆ خۆت کانییەکەیت و دەبێت هەمووان تێراو بکەیت. ئەمە ئەو چەشنە ڕوانینەی کافکایە کە لە باری دەروون ناسییەوە خۆ لە عێرفانەکانی ڕۆژهەڵاتیش نزیک دەکاتەوە و بە دڵنیاییەوە مزگێنیت دەداتێ کە "بینیوێتی" کە "بووە"... تۆش ببینە، ببە!
ئیستا ماوەیەکە خوێندنەوەی "کانی" تەواو بووە و تۆ بە خەیاڵی خۆت لێبوویتەوە. بەڵام ئەرکی مینیماڵیزم تەنها لە چەن چرکەدا تەواو نابێت.
ئێوارەیەکە و دڵتەنگیت. نازانی بۆ؟ نازنی کوێت ژانی کردووە. نازنی بێ مەیلیت بە هەموو شتەکانی ئەم دنیایە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە نێهیلیزم نییە، نا. ئەمە ئەو ئەرکەی مینیماڵیزمە کە لە ئەستۆیەتی و خەریکە ڕۆژان و بگرە ساڵانێکیش دوای تەواو بوونی بە ڕێوەی دەبات و پرینچکەکانی وشیاری دەگەیەنێتەوە بە زێهنی مشەووەشی تۆ.
بۆیە بە دڵنیاییەوە، ئەرکەکانی مینیماڵیزم لە چەن چرکە و چەن ساڵ و بگرە چەن سەدەش دا کۆتاییان نایات و هەمیشە بەردەوامە لە درینی کێوەکانی بەرگری ناسیندا. کافکا لێرە خەریکە بە مینیماڵێک سەفەری ئەزەلی مرۆڤ دەگێڕێتەوە و ئەو پەردە وا پیشان ئەدات کە بە ڕابواردنی سەدەکانیش لە بیرمان نەچێتەوە. بۆیە مینیماڵێکی ئەم بینەرە، ئەم سەرەتا مەدهۆشە، بیری هەموو زانستەکانی مرۆڤمان دەخاتەوە. زانستی زمان، فەلسەفە، هێرمێنۆتیک، فیزیک و هەموو کەشفە سەرسووڕهێنەرەکانی لە حوزووری ئادەمیزاد لە "جێگەی خۆی"دا، زانستە سەنعەتییەکان، زانستی دەروونناسی، ماتماتیک، ژێنێتیک، ئەرێ حەتتا زانستی ژێنێتیکیش.
ئاوا دەزانین حیکمەتەکانی مینیماڵیزم چۆن دابین کران لە هزری مرۆڤدا و دەبینین بۆ ناتوانی بخۆیتەوە، چونکە تۆ لێرە نیت و "ئەو"ت بە سەر خۆتا زاڵ کردووە و تەنانەت ناشتوانی بە پێی پێوەرەکان خۆت بناسیتەوە. بەڵام ئەم مێعمارە مەدهۆشەی مینیماڵیزم، ئاوا کتوپڕ دەرەقەتت دێت و بۆ هەمیشە ڕەوتی هزرت تەنها بە مینیماڵێک دەگۆڕێت و لە جیهانی کوانتۆمی وجوود دا هەلاجانت پێ دەکات.
من پێم وابێ ئەمەیە ئەرکی مینیماڵیزم...

" دەق، ڕەخنە، نووسەر"

کورتە باسێک دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی و خەسارەکانی

حەمەی کەریمی

ڕەخنە کە لە زمانی کوردیدا بەرامبەر بە وشەی (نقد) ی عەرەبی و critique ئینگلیزی بە کار هاتووە، لە گەڵ هەردوو وشەکە بۆ یەک واتا و یە ک مەبەست بەکار دەهێنرێن و هەڵگری چەمکێکی دیاری کراون، " شیکاریی و لێکدانەوەی دەق بە مەبەستی دەرخستن و بەدیارکردنی لایەنە بە هێزە و لاوازەکانی دەق لە بواری زانستی و هونەرییەوە" ئەمە یەکێک لە پێناسە گشتی و تا ڕادەیەکیش گشتگیرەکانی ڕەخنەیە لە هەر بوارێکدا، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی لەم پێناسە گشتییەدا کە بە نیسبەت ڕەخنەوە ئاراستە کراوە، دیارە لە دوو حاڵەتدا بیچم دەگرێت،

١ شیکاریی و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی بە شێوەیەکی زانستی و میتۆدیک.

٢ بەدیارخستنی بایەخ و گرنگی دەق بە نیسبەت خوێنەر و نووسەری دەقەوە.

مێژووی ڕەخنەی جیهانی بە هەر دوو ئاراستەی " ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیەکەیدا، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ڕەخنەی ئەدەبی دەکەوێتە پێش ڕەخنەی فەلسەفەشەوە و ئەمەش بە یاداشتی شاعیرێکی یۆنانی کە لە دەقە ئەدەبییەکاندا بە " ئەریستۆڤانیس" ناوی هاتووە، دەردەکەوێ، کە " ئەریستۆڤانیس" کاتی خۆی بە نیسبەت کاری دوو شاعیرتر ڕەخنە و لێکدانەوەی ئەدەبی هەبووە، و دواتر لێکدانەوە و ڕەخنەکانی " ئەریستۆڤانیس" لای " ئەرەستوو" بایەخی پێ دەدرێ و تا ڕادەیەک بەر چاو دەبێتە هۆی نووسینی " هونەری شیعر" لای ئەرەستوو، کە دیارە ئەو کتێبەی ئەرەستوو" هونەری شیعر" هێڵێکی بەرچاو دیاری دەکات بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و تاکوو سەرهەڵدان و دەرکەوتنی میتۆدی " ڕەخنەی عەمەڵی" لای " ریچاردز و بەکارتێکردنی بۆچوونەکانی " ئلیوت" و دواتر سەرهەڵدانی " ڕەخنەی نوێ" لە ئەمریکا، بۆچوونەکانی ئەرەستوو دەربارەی ڕەخنە و تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی بۆچوونی باڵادەستن و گرنگی تایبەتیان پێ دەدرێ.

" ریچاردز" کە بۆ خۆی لە ژێر کاریگەریی هزر و بۆچوونەکانی شاعیری بە ڕەچەڵەک ئەمریکی " تی ئێس ئلیۆت" دا خوێندنەوەی لە سەر ئەدەبیات بە گشتی و بە تایبەتی شیعرەوە دەست پێکرد، خوێندنەوە تۆکمە و تایبەتەکانی ریچاردز سەبارەت بە ئەدەبیات و شیعر دواتر" ڕەخنەی عەمەڵی" لێکەوەتەوە، ریچاردز پێی وایە لە کاتی خوێندنەوەی دەقدا دەبێ بە تەواوی فوکوس بکەینە سەر دەق و هەموو خوێندنەوە و ڕەخنەکانمان ئیرجاع بدەینەوە بۆنێو دەق، بە بۆچوونی " ریچاردز" بۆ لێکدانەوە و شیکاریی دەق دەبێ بۆ خودی دەق بگەڕێینەوە و خوێندنەوەکانی دەرەوی دەق وەلا بنێین، ئەمەش هەمان وتەکەی " ئلیوت" تەداعی دەکاتەوە بۆمان، کە پێی وایە، ڕەخنەی درووست و هونەریی ئەوەیە کە بۆ خودی شیعر بگەڕێینەوە نە بۆ شاعیر، ئەم دیدەی " ئلیوت" بە نیسبەت ڕەخنەی شیعرەوە، دواتر " ریچاردز" تیۆریزەی کرد و " ڕەخنەی نوێی" لێکەوەتەوە، ڕەخنەی نوێ پێکهاتەمەندە و لەم چەشنە ڕەخنەدا ڕەخنەگر دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی دەق و دواتر بە خوێندنەوەی ورد و پاژ بە پاژی دەق دەگات بەمانای دەقەکە، ئەم بۆچوونەی " ریچاردز"(دەربارەی ڕەخنە و میتۆدەکانی کە لە کاتی خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقدا ڕەخنەگر ئیرجاع دەداتەوە بۆ ناوەوەی دەق و زانیارییەکانی دەرەوەی دەق بۆ خوێندنەوە و شیکاریی دەق ڕەفز دەکرێتەوە،) لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی زاییندا (١٩٣٠-١٩٤٠) بوو بە هۆی دەرکەوتنی ڕەوتێکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەمریکادا، کە لە کاتی خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا ڕوانینێکی فۆرمگەرایانەیان هەبوو،یەکێک لە تایبەتمەندیی و ئایتمەکانی "ڕەخنەی نوێی ئەدەبی" خوێندنەوەی هێرمنۆتیکی دەقە، کە " پۆل دومان " لە گەڵ " میلر و بلووم" دا لەو ڕەخنەگرە دەرکەوتانەن کە بە شێوەیەکی بەربڵاو هزر و بۆچوونەکانی " دریدا" سەبارەت بە پێکهاتە شکێنی دەق لە تێکستە ئەدەبییەکاندا بە کار دەبەن،" پۆل دۆمان" پێی وایە دەق بە شێوەی هێرمنۆتیکی

خۆی هەڵگری لێکدانەوە و سەر لە نوێ بەرسازکردنەوەیە.

٢

" شیکاریی و ڕەخنە"

یەکێک لەو خاڵانەی کە ڕەخنەگری ئەدەبی لە ساتەوەختی خوێندنەوەی دەقدا پێویستە پێی قائیل بێت، جیاوازیی نێوان دوو چەمکی " شیکاریی و ڕەخنە" یە، (نقد و تحلیل) شیکاریی کە لە زانستی کیمیاوە هاتۆتە نێو ئەدەبیات، لە زانستی کیمیادا بە مانای " دابەشکردنی مادەیەکە بۆ توخمە پێکهێنەرەکانی و دواتر دەرخستنی چۆنیەتی تەرکیبی ئەو توخمانە کە پێکهێنەری مادە سەرکییەکەن" بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبیدا،" شیکاریی (تحلیل) بەو چەشنە خوێندنەوە دەگوترێ کە توخمە پێکهێنەرەکانی دەقێک دیاری دەکا و دواتر پێوەندی نێوان ئەو توخمانە و شێوازی ئافراندنیان لە دەقدا لێکدەداتەوە" بەمەوە شیکاریی بەشێکی گرنگ و ئەساسییە لە پرۆسەی تاوتوێکردنی " دەق" دا کە لە ئەنجامدا بە ڕەخنەی دەق کۆتایی دێت، بەم مانا شیکاریی لە دەقدا چەند قەدەمێک لە پێشەوەی ڕەخنەیە و لە واقعدا بەستەرسازی دەکات بۆ ڕەخنەیەکی زانستیانە، شیکاریی دەق خاڵی دەسپێکەری ئەو ڕەخنانەش بوو کە ڕەخنەگرانی نوێ سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی بە تایبەت " شیعر و چیرۆک" دەیاننووسی. هاوکات پێشڕەوانی شیکاری دەقە ئەدەبییەکان کە " ریچاردز" یەکێک لە بەدیارترینان بوو، تیۆر و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە " شیکاریی" دەق کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە بیچم گرتنی ڕەوتی نوێی " ڕەخنەی ئەدەبی" دا. ڕەخنەگری ئەدەبی تیۆرییەک یان چەند تیۆرییەکی دیاریکراوی ئەدەبی سەر بە ڕێبازە ئەدەبییەکانی وەک (فۆرمالیزم، سوریالیزم، ئاوانگاردیزم، پێکهاتەخوازیی و پاش پێکهاتەخوازی، نیشانە ناسی ، ..... تاد) دەکات بە بنەمای خوێندنەوەی دەقەکەی و دواتریش خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی لەو دەقە بەرچاو دەخات، پێچەوانەی ئەم حاڵەتە دەبێتە " ڕەخنەی بەرخۆرانە" (مەسرەف گەرایانە) شێوازێکی بەرخۆریی لە ڕەخنەی ئەدەبی کە بە جۆرێک قەرز گرتنی پەتییە لە تیۆر و بۆچوونی ڕەخنەگرانی مودێرن و پاش مودێرن، لە زۆربەی ئەو جۆرە خوێندنەوە و ڕەخنانەدائێمە ڕەخنەگرێک نابینین، ئەوەی هەیە، نووسەرێکە وەک " فۆکۆ، بارت، دریدا، سارتر، هایدگەر، گراف، کریستوا، بودریار،.... تاد، لە ڕاستیدا ئەم نووسەرانەن

هەواڵنامەی کتێب

خەریکن لە سەر دەقێکی ئەدەبی قسە دەکەن نەک ئەو رەخنەگرەی کە خەریکە لە سەر دەقەکە دەنووسێت، ئەمە جۆرێک رەخنەی مەسرەف گەرایانەیە، کە خودی رەخنەگر لە خوێندنەوەی دەقدا حزووری نیە، (ئەڵبەت هەبوونی ئەم چەشنە رەخنە، لە ئەدەبی کوردیشدا هەندێ جار بەرچاو دەکەوێت) دەکرێ بڵێم ئەمە یەکێک لە خەسارە بەرجەستەکانی رەخنەی ئەدەبییە، بۆیە وەک پێویست رەخنەگری ئەدەبی لە ساتەوەختی خوێندنەوەی دەقدا دەبێ دوو کاری گرنگ ئەنجام بدات،

١ ئاگایی و ئاشنا بوون بە تیۆرییە ئەدەبی و رەخنەییەکان. و شێوازی پراکتیزەکردنیان لە خوێندنەوە و شیکاریی دەقدا.

٢ خوێندنەوەیەکی میتۆدیک لە سەر دەقە ئەدەبییەکان و بەکارهێنانی تیۆرە ئەدەبی و رەخنەییەکان بە مەبەستی خوێندنەوە و رەخنەی دەق.

٣

" دەق، رەخنە، نووسەر"

یەکێک لە خاڵە بەرجەستەکانی بزۆزیی هونەر و ئەدەب، بێگومان بوونی رەخنە و رەخنەگری جیدیی وحرفەییە، دیارە نووسەرێ کە ئاشنا بێ بە تیۆرە ئەدەبییەکان و بەکەڵک وەرگرتن لە تەکنیکە نوێ و جیاوازەکانی ئەدەبی هاوچەرخ دەلالەتگەلی زۆرتر دەخاتە نێو دەقەکەیەوە، رەخنەگری ئەدەبی بە خوێندنەوە و رەخنەی دەقێکی ئەدەبی کە شێوەی پێرسۆنا سازی، ئیماژ، کارکردی زمان لە دەقدا و بە گشتی بە کارهێنانی تەکنیک و فۆرمی نوێی لەو دەقەدا لێکدابێتەوە، دەبێتە هۆی یارمەتیدانی بزۆزیی هونەر و ئەدەب و هەرمانی دەق. نووسەر سەرنجی ئەو رەخنانە دەدا و دەبینێت، لەم رەخنانەدا ئاماژە بە خاڵی گرنگ و جیاواز کراوە، دواتر نووسەر بە مەبەستی بەرچاو خستنی دەقی جیدیتر و بە هێزتر، پێکهاتە و شێوازی نووسینەکەی دەگۆڕێت، بەمەوە وەک چۆن لە سێ کوچکەی" دەق ، رەخنە، خوێنەردا" پێوەندییەکی قائیم لە نێوان هەر یەک لە دەق ، خوێنەر، رەخنەدا، بوونی هەیە و هەر یەکە و لە بوارێکەوە دەق دەبنە پێشەوە و لە غیابی هەر یەک لەواندا، دەق تووشی سستی و وەستان دەبێت، هاوکات لە مەنزوومەی" دەق ، رەخنە، نووسەر" یشدا هەمان ئیستلزامی لۆژیکی بەرقەرارە و لە نێوان هەر یەک لەو سێ چەمکەدا، پێوەندییەکی ئورگانیک بوونی هەیە، و لە غیابی هەر یەک لە ، دەق،رەخنە، نووسەر،دا دەق بزۆزیی خۆی لە دەست دەدا و تووشی وەستان دەبێت، هاوکات، پێکەوەش و لە حاڵەتی ئەکتیف بوونی هەر کام لە، دەق، رەخنە، نووسەر، دا دەق چەند قەدەم دەڕواتە پێش و هوکارێکی گرنگ دەبێ لە بزۆزیی ئەدەب و هونەردا، ئەگەر چی ئەم بزۆزییەی هونەر و ئەدەب بە گشتی و بە تایبەتی دەقی ئەدەبی و هونەری نابێ وەک چەمکێکی مکانیکی سەیری بکەین، بەو مانا وەها نیە ئەم حاڵەتە بە نیسبەت هەمووانەوە درووست بێ، زۆر کەسمان هەیە وەک شاعیر و هونەرمەند دەردەکەون و بگرە تا رادەیەک بە تیۆرە ئەدەبییەکانیش ئاشنا بن، بەڵام ناتوانن نووسەر و هونەرمەندی جیدی و حرفەیی بن و زۆر جار بە لاسایی کردنەوە و کووڵاژ کردن بگرە کارەکان خۆیان بەرەو فەرسوودەگی و لاوازی دەبن، ئەگەر چی رەخنەی ئەدەبی لە ئێران و رۆژهەڵاتدا لە چاو یەک دوو دەهە لەوە پێش تا رادەیەک گەشەی بە خۆیەوە بینیوە و پێشکەوتنی هەبووە، مەبەستم ئەوەیە هەندێ لە نووسەران و شاعیرانیش خەریکن کاری رەخنە دەکەن و تا رادەیەکیش جیدی کار ئەکەن، بەڵام دیسانەوە دەبێ بڵێم، " رەخنەی ئەدەبی" بە شێوەی جیدیی و حرفەیی (رەخنەیەک کە بە پێی تیۆرە ئەدەبیی و رەخنەییەکان دێتە بەرهەم، نە بە پێی سەلیقە و پیاهەڵدان) تاکوو ئێستاش پێگەی شیاوی خۆی لە کولتووری ئێمەدا نەدۆزیوەتەوە یان با بڵێم پەیدا نەکردوە، ئەوەی وا دەکات رەخنەگری جیدیی و حرفەیی پێشوازی لە دەقێک بکا و لە سەری بوەستێ و بنووسێت، خودی دەقەکەیە، یانێ جیدی بوون و حرفەیی بوونی دەقەکەیە، نە نووسەری دەق، پێم وانیە دەقی جیدی پێویستی بە هات و هاوار بێ و داوا لە رەخنەگر بکات لە سەری بنووسن، بە پێچەوانەوە، ئەوە رەخنەگری حرفەییە وا دەکات نووسەر لاواز نەنووسێ و دەقی جیدی بەرهەم بێنێ، هاوکات لە بازنەی " دەق، رەخنە، خوێنەر" دا دیسانەوە خوێنەری حرفەییش بە خوێندنەوەی چالاکانەی خۆی لە دەقی ئەدەبی دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی رەخنەی باش و زانستی و دەقی پرۆفیشناڵ، بە هەمان شێوە، رەخنەی باش و زانستیش دەتوانێ خوێنەری جیدی و حرفەییش بەرهەم بێنێت.

من بیر ئەکەمەوە، کەوابوو من هەم

سەیوان نیک پەی / شاعیر و رۆژنامەوان

ئەساسەن کاتێک باس لە دۆخێکی کومەڵایەتی وەک پوست مودێرن کە دیارە لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ وو بگرە بوونەوەرەکانی تریش کاریگەری داناوە ، ئەکەین ؛ پێویست ئەکات وەک پێش نیازی بابەت و باسەکە ئاورێک لە مودێرنیتە یان مودێرنیسم بدەینەوە.

پۆست مۆدێرن نە وەک پرۆسەیەکی لۆژیکی و بەرنامە بۆ دارێژراو بەڵکوو وەک رووداوێک، وەک مەخمەسەیەک ، وەک گرفتارییەک ، وەک قەیرانێکی کۆمەڵایەتی کە هەموو ڕەنگ، دەنگ و ڕەوایەتە جیاواز و دژوازەکان لە لای یەک ئەچنێت(کۆیان ناکاتەوە) بە مانای جێهێشتنی سەردەم یان قۆناخێکە کە وەک سەردەمی مودێرنیتە پێناسە و ناوزەد کراوە، بۆیە ناچارین بۆ تێگەشتن لە ئەم خوێندنەوە تازەیە کە لە لایەن هەنێک تیۆرداڕێژی وەک لاکان، لیوتار، بودریار و... بۆ دۆخی ئەمڕۆی ژیانی مرۆڤ و کومەڵگا مرۆییەکان کراوە تێبگەین، ئەبێ ئاورێک لە سەردەمی مۆدێرن و خوێندنەوەکانی بدەینەوە.

” من بیر ئەکەمەوە، کەوابوو من هەم ”

دێکارت بەم ڕستە مێژووییەوە بووە یەکێک لە سەرەکیترین و بەرچاوترین تتیۆر داڕێژانی سەردەمی مۆدێرنیتە.

بە پێی ئەم بۆچوونە ئینسان ، شعوور و زانیاری و خۆئاگایی مرۆڤ ئەبێتە سەنتەر و ناوەندێک بۆ گشتی عالەمی بوون و هەستی.

مرۆڤی گوماناوی مودێرن تەنیا پرسێک قەبووڵ ئەکات کە یان بە ئەزموون یان بە بینین و شهوود پێی بگات.

بە هۆی بوونی شعوورەوەیە کە ” من“ ی خاوەن بیر و هزر وەک بکەر و سەرچاوەی کاینات دێمە ئەژمار. بە باوڕی دێکارت مەرجی ئەوەی کە بتوانی بوونی شتێک بسەلمێنیت ئەوەیە کە زەینی مرۆڤ، واتا بیر و ئەندیشە مرۆڤ قەبووڵی بکات. مرۆڤ سەنتەر و ناوەندی بێ ئەملاولای عالەمی بوونە.

واتا مرۆڤ ئەبێتە سووژە و هرچی جگە لە مرۆڤە گرێدراوی مرۆڤ و ئۆبژەن. مانا و پێناسەی عالەم هەر ئەوەیە کە مرۆڤ ئەڵێت و بۆ کوێ پێخۆش بێت عالەم ئەبات، پێناسەی ئەکات و منای پێ ئەبەخشێت.

ئینسان باوەڕی و عەقڵ باوەڕییەک کە لە دێکارتەوە دەستی پێکرد بووە سەرەکیترین بناخەی تیۆریکی سەردەمی مۆدێرن و بێ گومان بەرچاوترین فاکتی پێناسە کردنی ئەم سەردەمە هەمان عەقڵ باوەڕی و مرۆڤ سەنتەرییە.

لە ڕوانگەی دێکارتەوە مرۆڤ و باشتر بڵێین عەقڵی ئینسان سەنتەر و ناوەندی عالەمە. مرۆڤ ئەتوانێت بوونی هەموو بوونەوەرەکان دەرک بکات، بوونیان پێناسە بکات، مرۆڤ بۆی هەیە هەموو دیاردە و بوونەوەرێک بە پێی حەز و ویستی خۆی ناودێر بکا ، خۆی بە خاوەنیان بزانێت و بۆی هەیە دەستێوەردانی عالەم بکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی.

ئەم بۆچوونانەی دێکارت ئیزنی بە مرۆڤەکان دا دەستێوەردانی سروشت بکە ن و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی هەرچی پێی خۆش بوو لێی دەربکێشێت. ئەو عەقڵ باوەڕییە ژیانی ئینسانی بەرەو ژیانێکی ماشینی ڕەها برد. مرۆڤ بووە تاکە فەرمان ڕەوای عەرز و ئاسمان و بۆ خۆی خاوەنی گشتی بوون بوو.

متافیزیک و باوەر بە ناجیبەکی متافیزیکی تێک ئەشکێت و ئینسان باوەڕ بە هێزی خۆی دێنێت. تاک و بەرژەوەندی تاک ئەو فاکتەیە دەسەڵاتەکان پێی مولزەم ئەکرێن.

رۆسۆ وەک یەکێک لە داکۆکی کارانی ژیانی شاری و مۆدێرن لە کتێبی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە توندی هێرش ئەکاتە سەر سیستەمی کلاسیکی دەسەڵات و پێی وایە ئازادی دران بە تاک مانەوەی دەسەڵات بارمتە ئەکات بە پێچەوانەی سیستەمی کلاسیک کە پشتبەستوو بە دەسەڵاتی متافیزیکی کلییسا و کەنیسەکان هیچ جۆرە ڕێزێک لە تاک نەئەگیراو و هەرچی بوو بەرنامەیەک بوو پێشتر لە ئاسمانەوە هاتبوو و ناجییەک لە متافیزیکەوە دێت و مرۆڤ ڕزگار ئەکات.

ڕۆسۆش ئەم بۆچوونە تێک هەڵئەوەشێنێتەوە و هەموو

دیاردەکان دێنێتەوە سەر مرۆڤ و بایەخدان بە تاک وەک بناخەی ژیانی مودێڕن و شاری دێنێتە ئەژمار.
کانت لە ڕوانگەیەکی ترەوە گرنگی مرۆڤ و تاک دەستنیشان ئەکات. کانت دژ بە سیستەمی جوانیناسی و ستاتیکای کلاسیک ئەوەستێتەوە کە جوانییەکان پێشتر پێناسە کراوە و مرۆڤ ناچارە مل کەچیان بێت.
کانت پێی وایە جوانی شتێکی دوگم و پێناسە هەڵگر نییە، ئەوە تاکە مانای جوانی ئەبەخشێتە شتێک وەک ئاوەڵناوێک(مرۆڤ ئەبێتە سووژە و جوانی وەک ئوبژەیەکە)
کانت ئاوا درێژە ئەدات: مرۆڤ ئەبێ زۆر متمانە بە هەستی جوانیناسی خۆی بکات چون هەر چی بە جوان بزانێت ئەوا جوانە.
کانتیش شان بە شانی دێکارت دۆخی مودێڕنی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە تیۆریزە کردەوە و جگە لە ئینسان و تاک وەک سووژەی، هەموو عالەمی بە ئوبژە و گرێدراوی زەین و عەقڵ و فامی مرۆڤ ئەزانی.

ئەڵبەت " ویبر " لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و هێگێلیش بە تیۆری تەکامول و دابەش کردنی ژیانی مرۆڤەکان بۆ سێ بەش و بە پێشڕەو زانینی سەردەمی مۆدێڕن، لە ڕوانگەی مێژووییەوە هەوڵی سەقامگیر کردنی دۆخی مۆدێڕنیان دا.
دوای شۆڕشە پیشەیی و فکرییەکان سەدەی ١٨ بەملاوە جۆری ژیانی لادێی جوتیاری ئەگاتە کۆتایی خۆی و ژیانی شاری و بازرگانی نەختە نەختە سەر هەڵئەدات. ئەم جۆرە ژیانە تازەیە زۆرێک لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێش خۆی تێک ئەدات و هەندێک پێوەندی تازە و نوێ بنیات ئەنێتەوە.
شار نە وەک قاڵبێکی فیزیکی و خیابان و بورج و پرد و ماشین و... بەڵکوو وەک جیهانبینییەک بە هەموو جیهانا تەشەنەی سەند و سەقامگیر بوو.
دیارە بە تێکچوونە دەسەڵاتی ئەریستۆکراتی یان دەرەبەگایەتی لای خۆمان سەرهەڵدانی بورژواگەلی خاوەن سەرمایە، جۆری پێوەندی سەردەست و ژێر دەستیش لە خاوەن ملک و ڕەنجبەرەوە گۆڕدرا بۆ خاوەن سەرمایە و کرێکارێک کە هێزی بازوو و هێزی کاری ئەفرۆشێت بە پارە. پێناسەی کار تووشی گۆڕانکاری بوو. کار ئەگەر پێشتر بۆ تێرکردن سک و دەستەبەر کردنی جل و بەرگ وەک دوو پێویستی سەرەکی مرۆڤ بوو ، لە ژیانی شاریدا و بە پێی نیازی بازاڕی مەسرەفی سەرمایەداری و خاوەن

هەورامی کتێب

کارخانەکانەوە هەنێک زاراوەی نوێ وەک مود و... یش هاتە ئاراوە.
سەردەمی مودێڕن سەردەمی کەلان ڕەوایەتەکان و کەلان دیسکۆرسەکانە. سەردەمی دەسەڵاتێکی توند و تۆڵی باوک سالارانەی یەکپارچە ساز کە وەک سیستەمی کۆمەڵایەتی پێناسە ئەکرێت.
دورکیم بە ڕەخنە گرتن لەم سیستەمە توند و تۆڵ و پێکهاتە باوەڕە ئاوا ئەڵێت: ئامانجی سەرەکی سیستەمی کۆمەڵایەتی مودێڕن، داسەپاندنی تەکوزی و نەزمە لە ڕێگای پەیمانێکی کۆییەوە.
سەردەمی مودێڕن سەردەمی ناسینی زانستی جیهانە، سەردەمی واقێع گەریەتی و گەشەی عەقڵی کۆ مرۆییەکان، ناوەند گەرییەتی مرۆڤ وەک سووژە، پێکهاتەمەندی و پێکهاتە خوازی و ئەیەوێت جیهان لە ڕێگای هێزی میدیاکانەوە بەرەو دێهاتێکی تاک فەرهەنگی ببات و...
هەرچەند مەکتەبی فرانکفۆرت یان نیۆمارکسیستەکان و تەنانەت نیچە و... یش ڕەخنەی جۆراوجۆری زۆر ئاراستەی ئەم دۆخە ئەکەن ، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەخنە و بۆچوونەکانی مارکس ئەبێتە بناخەیەک بۆ هەموو ڕەخنە و بۆچوونەکانی دوای خۆی.
مارکس بەو پەڕی بەدگومانییەوە چاو لە پێوەندی و تەعامولی کرێکار و خاوەن سەرمایە ئەکات و پێی وایە ئامانجی سیستەمی پێکهاتەمەندی کۆمەڵایەتی مودێڕن و داسەپاندنی تەکوزی و نەزم بە سەر کۆمەڵگا لە ڕێگای یاسای دەستکردی سەرمایەدارانەوە تەنیا و تەنیا بۆ حەشاردانی دژوازییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگایە.
بۆ ئەوەیە کرێکار نەتوانی چییەتی واقێعی خۆی دە رک بکات و هاوکات هەر بەرهەمهێنەری کاڵا بێت بۆ چینی سەرمایەدار و بە تەشەنە سەندنی کاتی ڕابواردن و مۆد لە ڕێگای میدیاکانەوە بۆ خۆیشی ببێتە بازاڕی مەسرەفی کاڵایەک کە خۆی بەرهەمی هێناوە و سوودی تەنیا خاوەن سەرمایە بیخوات.
مارکس پێی وایە مانەوەی سەرمایەداری پیشەیی گرێدراوە بە داسەپاندنی نەزم و تەکوزییەک بە سەرکۆمەڵگادا کە زۆر سروشتی و ئاسایی بنوێنێت. هەر بۆیە کاتی ڕابواردن(اوقات فراغت) کە لە سەردەمی مۆدێڕندا دێتە ئاراوە بە

> پیلانێکی سەرمایەداران ئەزانێت تا بتوانێت
> کرێکار لە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیدا
> بهێڵێتە و ە وەک بازاڕێکی

مەسرەف و هاوکات بتوانێت ئامادەیشی بکاتەوە بۆ دووبارە کارکردن و بەرهەم هێنانەوە.
گاردینر یش هەر پشت بەستوو بە بۆچوونەکانی مارکس ڕەخنەی توند ئاراستەی نەزم و سیستەمی کۆمەڵایەتی مودێڕن ئەکات و ئەڵێت: ڕۆڵ بگێڕانی کۆمەڵایەتی لە واقێعدا هەنێک بووکەشووشەی فەرهەنگین کە بە بێ هیچ تێفکرین و خۆ ئاگاییەک ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیان و هەنجارە ڕەفتارییەکان بۆ خۆیان دەروونی ئەکەنەوە.
فەرهەنگی توودە وەک دەرکەوتەی پێکهاتەمەندی و تەکووزی باوڕی کۆمەڵگا کە فەرهەنگێکی یەکپارچەیە بە باوڕی مارکسیستەکان لە لایە ن هێزی خاوەن سەرمایەوە دائەسەپێندرێت.
مارکس ئەڵێت: فەرهەنگی توودە یان جەماوەر لە لای هەندێک تەکنیسیەن و ئەندازیارەوە پێکدێت و دائەسەپێت کە لە خزمەتی هێزی بازرگانیدان.
بەردەنگەلی ئەم فەرهەنگە جەماورییە یەکپارچە بە باوڕی مارکسیستەکان هەنێک مەسرەف کوننەندەی مونفەعێلن کە تەنیا بە هەڵبژاردن لە نێوان " سەندن " و " نەسەندن" ئەتوانن بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەن.
هەرچەند خودی بۆچوونەکانی مارکسیش لە سەر دەسەڵات گرتنە دەستی هێزی پرۆلیتاریا و چاخ کردنەوەی دەوڵەت وەک سیستەمێکی یەکپارچە ساز ڕەخنەی زۆری لە سەرە بەڵام ناکرێت لەمە زیاتر ئەم باسە کێش بدەین.
پوست مودێڕنیسم وەک کۆمەڵێکی ئاڵۆز و جۆراوجۆر لە ئەندیشە و هزرە جیاوازەکان لە کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠ سەدەی بیستەم بە ملاوە پێکهات.
باشتر وایە بڵێم پۆست مۆدێڕن ئیمکان و زەرفییەتێک بوو کە لە خودی دۆخی مۆدێرنیتەدا هەبوو ، نە دۆخێکی ئەنقەست و بەرنامە بۆ داڕێژراو.
دۆخێک کە لە بری کەلان ڕەوایت و کەلان دیسکۆرسە کان ، متمانەی ڕەها بە عەقڵ و ئەزموونگەریەتی، ناوەندگەرییەتی تاک وەک سووژە، پێکهاتە خوازی و ... کە لە فاکتە بەرچاو و عەینییەکانی سەردمی مودێڕنیسم بوون ، لە سەر زاراوە و چەمک گەلێکی وەک پلۆڕالیزم، نسبییەت، ڕەت کردنەوەی دوگماتیزم، گرنگی دان بە وردە فەرهەنگە لۆکاڵ و خۆماڵییە کان ، تێکشکاندنی کەلان ڕەوایەت و دیسکۆرسەکان و گرنگی دان بە پاژ ڕەوایەت و دیسکورسەکان، ڕەتکردنەوەی توندی پێکهاتە خوازی و داکۆکی لە پاش پێکهاتە خوازی یان بێ پێکهاتە یی و سەنتەر گوریزی جەخت ئەکاتەوە.

فۆکۆ، لاکان، بارت، لیوتار، دریدا، بودریار، کریستوا، کافکا، ئەنرسۆن و... لە بەرچاوترین تیۆرداڕێژانی دۆخی پۆست مودێڕنن کە بە پێرەوی کردن لە مارکس، نیچە و هایدگر، توندترین هێرشەکانیان کردە سەر تاک گەریەتی دێکارت و سەنتەر باوڕی تاک وەک سووژە.

زۆر جار پۆست مۆدێڕنیزم وەک گەڕانەوە بۆ سوننەت و هەڵهاتن لە شار تەعبیر ئەکرێتە، بەڵام پۆست مۆدێڕنیزم وەک ڕەخنەگرێکی سەردەمی مۆدێڕن باشترین ئەزموونی ژیانی جیهانشاری بووە.
سوننەت لە ڕوانگەی سوننەت باوەڕەکانەوە ناوەند و سەنتەرە. بەڵام لە ڕوانگەی پۆست مۆدێڕنییەکەیەوە سوننەتیش وەک وردە فەرهەنگەکانی تر باسی لێئەکرێت و سەنتەر نییە.
ئێرجاع دانەوە بە سوننەت لای بیرمەندانی پوست مۆدێڕن لە پلۆراڵیزم و ڕەت کردنەوەی دوگماتیزمی سەردەمی مۆدێڕنەوە سەرچاوە ئەگرێت ، بەڵام سوننەت لای سوننەتگەراکان تاکە ڕێگای ڕزگاری کۆمەڵە مرۆییەکان لە لارێی سەردەمی مۆدێڕن دێتە ئەژمار.
لە لایەکی تریشەوە ڕوانگەی سوننەت گەراکان و بیرمەندانی پۆست مودێڕن بۆ تەکنۆلۆژیا و بیرۆکەی سەردەمی مۆدێڕن زۆرجیاوازە.
ڕاستە هەردووی ئەم بۆچوونانە لە سەر بێ دەرەتانی مرۆڤی مۆدێڕن کە لە دایکبووی بۆچوونەکانی دێکارتە جەخت ئەکەنەوە.
هەردووی ئەم بیرانە(سوننەت گەرا و پوست مودێڕن) پێیان وایە ڕوانگەی دێکارتی سەردەمی مۆدێڕن مرۆڤی لە گەڵ سروشت و ژینگەی نامۆ کرد و هەر بەم پێیەش مرۆڤ بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کاتی خۆی دەسدرێژی کردە سەر ژینگە و دەسەڵاتی ڕەهای خۆی داسەپاندە سەر عالەمی بوون. بەڵام ئەوەی نابێ لە بیر بچێت جیاوازی جەوهەری ئەم دوو بیرۆکەیە لە ڕوانینیان بۆ سروشت و پیرۆزی بەخشینی سوننەت گەرایان بە سروشت بە پێی "بوون ناسی" و جیهانبینی دوو قۆناخ بوونی جیهانە.
سوننەت گەراکان گەڕانەوە بۆ سوننەتی ڕەها بە تاکە ڕێگای ڕزگاری لە مەخمەسەی مۆدێڕن ئەزانن و پۆست مۆدێڕنەکان ئەڵێن: سوننەت بە هیچ شێوەیەک باز تەولید ناکرێتەوە مەگەر بە شێوەیەکی مۆدێڕن و ئیمرۆیی.
نموونە: لە ماڵەوە ناو سەوەتەیەکی قوڵینەییدا مێوە بۆ میوان دائەنیت ئەمە گەڕانەوە بۆ سوننەت نییە بەڵکوو بازتەولید کردنەوەیەکی مودێڕنی سوننەتە. یان بوون بە مۆدی بڕێ جل و بەرگی سوننەتی هەمان بازتەولید کردنەوەی مۆدێڕنیانە یە نە گەڕانەوە بۆ سوننەت.

> هبدایگ بۆ سەلماندنی ئەم ڕوانگەیە ئەڵێت: پۆست مۆدێڕنیزم نە بزووتنەوەیەکی ئەنقەست و خۆئاگایانە، نە هەستارێکی همگون، نە ئاقارێک، نە دۆخێکی ناسراو نییە، بەڵکوو گرفتارییە، کێشەیە، قەیرانە کە تێیدا کۆمەڵێک ئامانجی جیاواز، پێناسەی جۆراو جۆر، ڕوانگە و دەستەی کۆمەڵایەتی دژواز لە پەنای یەک ئەچنێت، کۆیان ناکاتەوە، ئەیانچنێت.

مرۆڤی مودێڕن شوێنکەوتەی هەنێک ئەرزش و هەنجارگەلی دەروونی کراو بوو کە سەرەکیترین کارکردیان پاراستنی تەکووزی و سیستەمی کۆمەڵایەتییە.
لە نیوەی دوویەمی سەدەی بیستەم واتا لە شەستەکان بەملاوە ئەم سیستەم و دۆخە کۆمەڵایەتییە لە لایەن قوتابخانەیەکی فکری نوێوە تووشی کێش مەکێش و قەیران بوو، کە پێی وابوو هەنێک ئاڵووگۆڕی بنەمایی و گرنگ لە لایە لایەی کۆمەڵگادا وە دی هاتووە کە بێگومان چییەتی ئەو کۆمەڵگایەش تووشی ئاڵۆگۆڕی بنەمایی ئەکات.
لیوتار ئەم ئاڵووگۆڕانە بە تێپەڕین لە قۆناخی مۆدێڕن بەرەو قۆناخ و دۆخی پاش مۆدێرن یان پوست مودێڕن مانا ئەکاتەوە.
کانێر یش پشتبەستوو بەم باوەڕە ئەڵێت: ڕەگەزی سەرەکی ئەم وەرچەرخانە تێک شکانی دیسکۆرسێ زاڵ و داسەپاو بوو کە ببووە هۆی پاراستن و ڕەوایی بەخشین بە مۆدێڕنیزم.
واتا کەلان دیسکورس و کانتێکستە کان ورد و خاش ئەکرێت و هەرچی هەیەکۆماڵێک پاژ دیسکورس و ڕەوایەتە. کانێریش هەر لە سەر ورد و خاش بوونی کەلان ڕەوایەت و کەلان کانتێکستەکان جەخت ئەکاتەوە.
بەڵام هۆکاری ئەم وەرچەرخانە بنەمایی و کۆمەڵایەتییە چی بوو ؟
دیارە هۆکاری زۆر بۆ ئەم وەرچەرخانگەلە ئاماژە پێئەدرێ کە ناکرێ ئاماژە بە هەموویان بدەین بۆیە سێ هۆکار وەک سەرەکیترین و گشتگیر ترین هۆکارەکانی جێهشتنی سەردەمی مۆدێرن دەستنیشان ئەکەین:
١ متمانە بە عەقڵ باوەڕی نەختە نەختە کەم ڕەنگ ئەبێتەوە.
٢ تاک وەک سووژە و کار وەک ناوەند و سەنتەر پێگەیان ئەدۆڕێنن و کۆماڵگا بەرەو پاش پیشەیی هەنگاوی هەڵێناو کە لە سەر ئەساسی چێژ وەرگرتن و مەسرەف کردن هەڵئەسووڕا.
بەدگومانی کۆمەڵگا بە نیسبەتی تەکنۆلۆژیا و ژیانی عەقڵانی، بیرەوەرییە تاڵەکانی شەڕە نێونەتەوەییەکان کە وەک کارەساتگەلێکی بێ وێنە ، جیهانی داتەنی و دەرئەنجامی عەقڵییەت و گەشەی سەردەمی مۆدێڕن بوون، پاشماوەی بەرهەم هێنانی پیشەیی کە ئەڕژایە ژینگە و سرۆشتەوە و دەسدرێژییەکانی مرۆڤ کە خۆی بە سووژە بۆ هەموو " بوون" ئەزانی ، متمانەی کۆمەڵگای بە عەقڵ باوەڕی ئەزموون گەرییەتی کەم ڕەنگ کردەوە.
٣ ڕۆڵی میدیاکان لە پێشکەش کردنی کۆمەڵێک ڕەنگ و دەنگی جیاواز و خولقاندنی فەزایەکی پلۆراڵ. بە تایبەتی ڕۆڵی میدیا ئەلکترۆنییەکان لەم دوایانەدا کە هێندە جێ پێ و کاریگەری بەرچاو و قایمە ، ئێستیۆنسن و گورکن لەم بارەوە ئەڵێن: میدیاکان هێندە لە سەر فەرهەنگی ڕۆژمەڕڕەی تووده کاریگەرن کە ئەتوانین فەرهەنگی ڕۆژمەڕەی ئەم سەردەمە بە

فەرهەنگی میدیایی ناودێر بکەین.
کەوابوو ئاساییە ڕەوایەتە گەورەکان، کانتێکستە پیرۆزەکان و دۆگماتیزمی داسەپاوی عەقڵی مۆدێڕنیتە تێک بشکێت و ورد و خاش بکرێت.

پۆست مودێرن و پرسی شوناس/ناسنامە/هویت/ تاک

بێگومان ئەگەر پۆست مۆدێرن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بێت کە کۆمەڵگای تووشی ئاڵوگۆری بنەڕەتی ئەکات ، ئەوا کاریگەری بەرچاویش لە سەر ژیانی تاک دائەنێت.
یەکێک لەو باسە هەرە گرنگانە ی کە لە بوار و بەستێنی کاریگەری دۆخی پوست مۆدێرن لە سەر تاک کێش مەکێش و باسی زۆری لە سەرە هەمان باسی شوناسی تاک یا (هویت فردی) ە.
سێ ڕوانگەی گشتی بە نیسبەتی ئەم پرسەوە لە ئارادایە:
یەکەم ڕوانگە؛ ڕوانگەیەکی نگەتیڤ و بەد گومانانەیە.
تاقمێک لە تێوری دارێژەرانی کۆمەڵایەتی ، یەک لەوانە" کۆمار" پێیان وایە پۆست مۆدێرنیسم بە ڕادەیەک بووەتە هۆی سەنتەر گوریزی دژە ناوەند بوونی سوبژەی تاک ؛ کە شوناسی تاک بووەتە شوناس و ناسنامەیەکی بەتاڵ و ڕووکەشیانە.
کۆمار ئەڵێت : سوبژەیەکی بێ ناوەند و بێ سەنتەر چیتر شوناسی خۆی لە سەر مێژوو و کات بنیات نانێتەوە، خۆی بە دوورگەیەکی تەریک کەوتوو ئەزانێت کە شوناسی خۆی لە کات و زەمانی خونسادا بەرهەم دەهێنێتەوە.
بە پێی بۆچوونی دووەم ڕاست بە پێچەوانەی بۆچوون و ڕوانگەی یەکەم ، پۆست مۆدێرنیزم کاریگەری یەکجار پۆزەتیڤی لە سەر بنیات نانەوەی شوناسی خۆی بووە، واتا تاک بەو پەڕی ئازادی و سەربەستییەوە ئەتوانێ شوناسی خۆی بنیات بنێت.
مەک کانێل بۆ داکۆکی لە بۆچوون و ڕوانگەی دووەم ئەڵێت: پۆست مۆدێرنیزم نەک هەر کاریگەری تێکدەرانەو و نگەتیڤی لە سەر تاک و لاواز کردنی "خود" و ناخودئاگای تاک نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە ئازادییەکی ڕەها بە تاک ئەبەخشێت.
تاکی کۆمەڵگای پوست مۆدێرن ، تاکێکە کە ئازاد و ڕەها لە قەید و بەندە دەست و پێگیرەکانی پێکهاتەیی و باوک سالارانە سەردەمی مۆدێرن شوناسی خۆی پێناسە ئەکات و ئیتر ناچار نییە بۆ دەربڕینی شوناس و ناسنامەی تاکی خۆی مل کەچی هەندێک قەید و بەندی داب و نەریتی کۆمەڵگای بێت.
کانێل لە دێژەی ئەم باسەدا ئەڵێت: سەرەکیترین دەسکەوتی پوست مودێرن سەلماندنی ئەوە گرنگ و چەمکە بوو کە ئەرزش و هەنجارەکان خوازراوی تاک و دڵخوازن، و بیری دۆگم و پیرۆز کردنیانی تێکشکاند. هەر بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەوە بڕوانینە پۆست مۆدێرن ، یەکێک لە سەرکیترین تایبەتمەندییەکانی هێز بەخشین و گرنگی دان بە سوبژەی تاکە بۆ بنیات نانەوەی شوناسی خۆی بە بێ لە بەرچاو گرتنی هیچ جۆرە بەربەستێکی سونەتی، چینایەتی و ئاینی.
لەم بارەوە ڕوانگەیەکی تریش لە ئارادایە کە پێویست ناکات لە سەری بچین و هەر بەو کەمە قەناعەت ئەکەین کە ڕوانگەیەکی نێونجییە و لە نێوان ئەم دوو ڕوانگەدایە.

پۆست مۆدێڕنیزم و مانا/هونەر

تیۆری و خوێندنەوەی پۆست مۆدێرنی کۆمەڵگا لەو پەڕی ئیفرات کردن لە پێناسەکردنیدا ئاوای لێدێت: نەگۆڕی و چەقبەستووی مانا ئەگەڕێتەوە بۆ ژیان و سەردەمی مۆدێرن و ئەم مانا نەگۆڕانە لە دۆخی پۆست مۆدێرندا جێگای خۆیان ئەدەنە پێناسەکردنەوەیەکی دووبارە و هەندێک دالی سەیال و سواراو(شناور).
هبدایگ بۆ سەلماندنی ئەم ڕوانگەیە ئەڵێت: پۆست مۆدێرنیزم نە بزووتنەوەیەکی ئەنقەست و خۆئاگایانە، نە هەستارێکی همگون، نە ئاقارێک، نە دۆخێکی ناسراو نییە، بەڵکوو گرفتارییە، کێشەیە، قەیرانە کە تێیدا کۆمەڵێک ئامانجی جیاواز، پێناسەی جۆراو جۆر، ڕوانگە و دەستەی کۆمەڵایەتی دژواز لە پەنای یەک ئەچنێت، کۆیان ناکاتەوە، ئەیانچنێت.
ئەمە زۆر گرنگە واتا ئیتر شار فەزای تەساموح و تەساهول نییە بەڵکوو فەزایەکی پارادۆکسیکاڵ و فرە ڕەنگ و دەنگە کە هەر کام لەم ڕەنگ و دەنگانە سەربەخۆیی خۆیان ئەپارێزن.
ئەم ڕوانگە دێتەوە سەر فەرهەنگی کۆمەڵە مرۆییەکان و وردە فەرهەنگە لۆکاڵەکانیش ئەتوانن بژین، گەشە بکەن و خاوەن جێگە و پێگەی خۆیان بن.
پۆست مۆدێرنیزم تەنیا لە بەستێنە مەعریفی، هزری و ئایدیۆلۆژییەکانا نەخوێندراوەتەوە بەڵکوو کاریگەری یەکجار زۆریشی لە سەر ژانرە هونەرییەکان بووە و تووشی گۆڕانکاری بنەڕەتی کردوون.
واتا مانا و ناوەرۆک ئیتر نابێتە ئەبزاری دەستی هونەرمەند کە بیەوێت ئاراستەی بەردەنگی بکات، بەڵکوو مانا لە فەزای بێ نەهایەت پلۆراڵ و سوبژەکتیوی بەردەنگەکاندا ئەخولقێت و لە واقیعدا هونەرمەند هیچ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێوەندی نێوان دال و مەدلوولدا نابێت.
پێوەندی نێوان دال و مەدلوول کە لە سەردەمی کلاسیک و مۆدێرندا پێوەندییەکی کلیشە نەگۆڕ بوو ، بە تەواوەتی تێک ئەشکێت و، دەق ، شێعر، تابلۆ ، سینەما و... بۆ خۆیان ئەبنە کۆمەڵێک دالی شناوەر و سەیال.
بودریار یش وەک بێست و کێلێنز جەخت لە سەر سەیال بوونی مانا لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا ئەکاتەوە.
پۆرتر یش هەر پشتبەستوو بەم خوێندنەوەیە ئەڵێت: مرۆڤی سەردەمی پۆست مۆدێرن بە هۆی پێوەندییە بەربڵاوە کۆمەڵایەتییەکان، تەقینەوەی زانیاری و تەشەنەی میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ، لە جیهان شارێکدا ئەژی کە هیچ شتێکی نەگۆڕ و قایم نییە، هەر شتێک ئەتوانێت هەر مانایەک بدات .
هەر بۆیە بودریار بڕیاری مردنی مانا و دیلالەت لە دۆخ و خوێندنەوەی پۆست مۆدێرندا دەر ئەکات.

گێڕانەوە لە شیعری جەلال مەلەکشا دا

ئەنوەر عەرەب

کورتکراوە:
گێڕانەوە گرێدراوە بە کۆنترین دەقەکانی جیهانەوە و لە زۆربەی دەقەکان دا وەک ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمیرٍ و بەردەنووسەکانی گیلگامێش ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، بەیت و باوی کوردیش لەو تایبەتمەندییە بێبەری نەبووە و لە گێڕانەوە توانیویەتی وەک سەرەکیترین ئامراز بۆ درێژە دان بە هەقایەتەکانی و گەیاندنی مەبەستی خۆی کەڵک وەرگرێت. زۆربەی شێعرەکانی جەلال ڕەواییین و خۆیان لە خانەی گێڕانەوەی نەتەوەیی و گێڕانەوەی تەمسیلی و ئەخلاقی دا دەبیننەوە؛ جەلال شاعیری بەرەی شەستە و لە سەردەمێک دا دەستی دایە کوردی نووسین کە سانسۆر و ترس هەموو کۆمەڵگەی تەنیبوو، بۆیە گێرانەوە باشترین کەرەسە بوو بۆ دەکارکردنی زمانێکی هێمایی و ئوستوورەیی لە شێعرەکانیدا. جەلال بە کەڵک وەرگرتن لە گێڕانەوە هەوڵ دەدا لە ماکە(عەناسور) داستانییەکان کەڵک وەرگرێت تا ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە بگوازێتە ناو شێعرەکانییەوە، هێندێک لە شێعرەکانی جەلال ناوەرۆکی ئوستوورەیی و فولکلۆرییان هەیە؛ لە زۆربەی شێعرەکانی جەلال دا بگێرەوە زانای گشتییە و لە هێندێکیشیاندا یەکەم کەسی تاکە و موتیف مەرگ و ژیانەوەیە. جەلال بە کەڵک وەرگرتن لە زمانێکی ئوستوورەیی شێعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵات بەرەو قۆناغێکی نوێتر دەبات و ڕێگەیەکی تا ڕادەیەک جیا لە شاعیرانی پێش خۆی دەگرێتە بەر.

شا وشەکان: بگێڕەوە، هۆکارییەت، ماکە داستانییەکان، ئوستوورە، جەلال مەلەکشا

لە یەکەم ساتەکانی ئافراندن دا گێرانەوە دەستی پێ کرد و ژیان گێرانەوەیە، بە شێوەیەک کە بارت پێی وایە گێڕانەوەکانی جیهان لە ڕادە بەدەرن، "گێڕانەوە بەهەموو زمانێک دەئاخاوترێت: بە زمانی ئاخاوتن یا نووسراوە، ئیماژ، هێما و ئاماژە و هتد. گێرانەوە لە هەموو شوێنێک بوونی هەیە: لە ئووستوورەکان، ئەوسانە، چیرۆک و حەقایەت و شێعر و ڕۆمان و مێژوو، کۆمیدی و وێنەگری و سینەما و ..."(آبوت، ص ٣٥)

گێڕانەوە گرێدراوە بە کۆنترین دەقەکانی جیهانەوە و لە زۆربەی دەقەکان دا وەک ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمیرٍ و بەردەنووسەکانی گیلگامێش حەماسەی هادینگۆس و بیوولف و...(اسماعیل پور، ص١٠) ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، بەیت و باوی کوردیش لەو تایبەتمەندییە بێبەری نەبووە و لە گێڕانەوە توانیویەتی وەک سەرەکیترین ئامراز بۆ درێژە دان بە هەقایەتەکانی و گەیاندنی مەبەستی خۆی کەڵک وەرگرێت. ئەرەستوو پێی وایە هەموو شتێک دەتوانێ هەقایەت بێت بەو مەرجەی سێ پۆلێنی سەرەتا، نێوان و کۆتایی لە خۆ بگرێت. ویلیام لۆبۆف ئەو سێ مەرجەی ئەرەستوو دەکاتە شەش تایبەتمەندی کە ڕەنگە هەر گێڕاوونەیەک بەلانی کەمەوە پێیان پشت ئەستوور بێ. ئەو شەش تایبەتمەندییە بریتییە لە:-١ دەسپێک(abstract) ٢- ناسیاوی (orientation) ٣- گرێ سازی (complication) ٤- پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن (eraulation) ٥- گرێ کردنەوە (resalts) ٦- کۆتایی (coda).
یان بە پێناسەی مایکل ج تۆلان گێرانەوە زنجیرەیەکی لەوە پێش دابین کراوەی ڕووداوەکانە، کە بە شێوەیەکی نارێکەوتانە و زنجیرەیی، پاڵ دەدا بە هەمان گێرانەوەی سەرتایی لە گێرانەوە لای ئەرەستوو، ئەگەر وایە بەو پێناسانە شێعریش دەتوانێت شیوەیەک گێرانەوە بێت بە تایبەت کە مێژووی ئەدەبی بە شێعرەوە دەستی پێ کردبێت،)غولامی، ژ ٦٤٧) مێژووی شێعری ڕەوایی لە ئەدەبیاتی جیهان دا دەگەڕێتەوە بۆ چاخی باستان. بە شێوەیەک کە لە زمانی ئینگلیزی دا نموونەکانی لە ئەدەبیاتی ئانگلۆساکسۆن و ئینگلیزی کۆن دا دەبینینەوە کە لە ساڵەکانی ٦٠٠ تا ١٦٠٠ دا باو بووە.(رضایی، ص ٢٢٠) سیما داد دەڵێ شێعری ڕەوایی یا نەقلی کە کۆنترین شیوازی شێعرییە بە شێعرێک دەڵێن کە ڕووداوێکی مێژوویی یا هەقایەتێک یان بەسەرهاتێکمان بۆ باس بکات، ئەو

شێعری ڕەوایی بە چەند پاژ دابەش دەکات یەکەم:گێڕانەوە نەتەوەیی و حیماسییەکان دووهەم:گێڕانەوە مێژووییەکان، سێهەم گێرانەوە ئەویندارى و گشتییەکان و چوارەم گێڕانەوە ی (تەمسیلی و ئەخلاقی).(داد، ص ١٨٥) لە شێعری ئەورۆی ڕۆژهەڵات دا ئەگەر بمانهەوێت لە چەند شاعیر ناو بەرین بێ گومان یەکیان جەلال مەلەکشایە؛ زۆربەی شێعرەکانی جەلال ڕەوایین و ئەگەر بمانهەوێت لەو پاژانەی سیما داد دا شوێنێک بۆ ئەو شێعرانەی لێرەدا باسیان لێ دەکەین تەرخان کەین، خۆیان لە خانەی گێڕانەوەی نەتەوەیی و گێڕانەوەی تەمسیلی و ئەخلاقی دا دەبیننەوە؛ گێرانەوەی تەمسیلی یا ئەخلاقی ئەو حەقایەتە چکۆلانەن کە شاعیر لە نێوان دوو شت دا بۆ نیشان دانی خاڵی هاوبەش و وەک شاهیدێک دەیانهێنێتەوە. جەلال شاعیری بەرەی شەستە و لە سەردەمێک دا دەستی دایە کوردی نووسین کە سانسۆر و ترس هەموو کۆمەڵگەی تەنیبوو، بۆیە گێرانەوەباشترین کەرەسە بوو بۆ دەکار کردنی زمانێکی هێمایی و ئوستوورەیی لە شێعرەکانیدا، هەر چەند گێڕانەوە لە شێعر دا بە پێچەوانەی چیرۆک بڵاوە خوازە و شاعیر دەتوانێت لەو چڵ بۆ ئەو چڵ بفرێت و هەقایەت لە ناو دڵی هەقایەت دا ساز کا و ڕەواڵێکی هێڵی ڕەچاو نەگرێت. بەڵام ئەو شێعرانەی بەرباس خاوەن پێرەنگ و یەکانگیرن، بە واتایەکی تر لە تەوسیف و شێوازە گێرانەوەکان بۆ بەرەو پێش چوونی گێرانەوە کەڵک وەردەگرێت. ئەوەش بۆتە یەکدەست بوون و ئافراندنی هارمونییەک لە شێعرەکانی جەلال دا، ئەگەرچی جەلال بەو جۆرەی پێویستە نەیتوانیوە لە گێرانەوە دا لە گۆڕینی گۆشە نیگا و کەرەسەگەلی وەک تەعلیق کەڵک وەرگرێت؛ لە زۆربەی شێعرەکانی جەلال دا بگێڕەوە زانای گشتییە و لە هێندێکیشیاندا یەکەم کەسی تاکە. جەلال بە کەڵک وەرگرتن لە گێڕانەوە هەوڵ دەدا لە ماکە(عەناسور) داستانییەکان کەڵک وەرگرێت تا ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە بگوازێتە ناو شێعرەکانییەوە، هێندێک لە شێعرەکانی جەلال ناوەرۆکی ئوستوورەیی و فولکلۆرییان هەیە، بۆیە گێرانەوە باشترین ئامرازە بۆ پێکانی ئامانجەکەی، لە زۆربەی شێعرەکانی جلال دا موتیف مەرگ و ژیانەوەیە و لە شێعرە ڕەواییەکانی دا کە ئێمە هەڵمانبژاردوون کەڵکی لە تەمسیل و ئوستوورە وەرگرتووە. ئێستا چەند دانە لە شێعرەکانی جەلال لەو ڕوانگەیەوە دەخەینە بەر چاو.

١- بگێڕەوە

داستانی دارە پیرە درێژترین شێعری جەلال مەلەکشایە کە بە کەڵک وەرگرتن لە تەمسیلی "دار هۆرەی لە خۆی نەبێ ناقەڵەشێ" چیرۆکێکی ڕەواییمان بۆ دەگێڕێتەوە یان بە واتایەکی تر بەرهەم هێنانەوەیەکی ترمان لە چیرۆکێکی پێش وتراو، لە هەرێمی گێڕانەوە دا پێشکەش دەکا .

لەو شێوە نووسینە دا خوێنەر نابێ چاوەڕوانیی دۆزینەوەی شا بەیت یا شا ڕستەیەک بکات. زۆربەی شێعرە ڕەواییەکانی جەلال خاوەن پێکهاتەیەکی گرێ دراون و بە دوور لە هەر پەرژ و بڵاوییەک یەکدەستی بە شێعرەکە دەدەن و بە گشتی سیمایەکی جوان بۆ خوێنەر بەدی دێنن، شێعری داستانی دارە پیرە لە سەردەمێک دا نووسراوە کە زمانی هێمایی و کەڵک وەرگرتن لە تەمسیل وەک پێویستییەک دەهاتە ئەژمار بۆیە داستانی دارە پیرە شێعری سەردەمی خۆیەتی.

داستانی دارە پیرە ڕەوایەتێکی هێڵی هەیە و شێعرەکە بەرەو هارمۆنی و یەکدەستییەک دەڕوات کە خوێنەر تا کۆتایی شێعرەکە بەرەو لای خۆی ڕاکێش دەکات. داستانی دارە پیرە لە گۆشە نیگای سێهەم کەس یا زانای گشتییەوە، ڕەوایەتی دارە پیرە و لقێکمان بە شێوەی هەقایەت "هەبوو نەبوو" یا پێشەکی چیرۆک بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو شێوە گێڕانەوەیە کە بە ڕستەگەلێکی وەک "هەبوو نەبوو"، "دەڵێن"، "دەگێڕنەوە" دەست پێ دەکەن ئاماژە بە بێ زەمانی ئەو شێوە داستانانە دەکات و ئەگەریش زەمانێک بوونی هەبێت زەمانێکی تەقویمی نییە و زەمانێکە لە ڕابردوو. کەڵک وەرگرتن لە ماکی زەمانی ڕابردوو کارکردێکی تایبەتی ڕەوایی هەیە و پیمان نیشان دەدا کە لەوە بەدوا بڕیارە زنجیرەیەک لە ڕووداوەکان بە دوای یەک دا وەسف بکرێن، زنجیرەیەک کە تێیدا خوێنەر یا بیسەر دەتوانێت پەیجووری ڕەوتی ڕووداوەکان، لە چوارچێوەیەکی تۆکمە و دیاریکراو دا، لە سەرتاوە تا کۆتایی بێت.(مدبری، ص ٣٥)

گێڕانەوە گرێدراوە بە کۆنترین دەقەکانی جیهانەوە و لە زۆربەی دەقەکان دا وەک ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمێر و بەردەنووسەکانی گیلگامێش حەماسەی هادینگۆس و بیوولف و... ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، بەیت و باوی کوردیش لەو تایبەتمەندییە بێبەری نەبووە و لە گێڕانەوە توانیویەتی وەک سەرەکیترین ئامراز بۆ درێژە دان بە هەقایەتەکانی و گەیاندنی مەبەستی خۆی کەڵک وەرگرێت.

"داستانی دارە پیرە"
هەبوو نەبوو... ساڵانی زوو
لە سەر یاڵی بەرزی مێژوو
پیرە دارێک بە ساڵا چوو، ڕاوەستا بوو! (زرەی زنجیری وشە دیلەکان، ل ١٣٦)

لە شێعری "شەوێکی ئەبوونەواس" دا بگێڕەوە بە وەسفی فەزای داستان حالەتێکی شاعیرانە بۆ خوێنەر ساز دەکا و دواتر کەسایەتییەکان لە گۆشە نیگای یەکەم کەسەوە دیاری

دەکات، بە پێچەوانەی شێعری دارە پیرە کە ناتوانی شارستەی تێدا بدۆزییەوە و شێعرەکە بە گشتی دەیتوانی سیمایەکی جوان بەدی بێنێت و زیاتر هەوڵی بگیرەوە گەیاندنی مەبەست بوو؛ لەو شێعرەدا جەلال فەزایەکی سووررێئال دەخولقێنی. رەنگە ئەو گوتەیەی "بارت" لێرەدا راست بێت کە وشە نابێتە کەرەسە بۆ گەیاندنی مەبەست بەڵکوو وشە خۆی مەبەستە:

چەند کەسێکی سەوداوسەری ئاوارەی ئەم جیهانە بووین!
لە کەناری دیجلەی چاو بە گریانەوە
شێخی بادە کوورەی زیکری پێ بەستبووین.
شاری بەغدا لە خەودا بوو



چەند دەروێشێکی ئاوارە
و دەرکراو
لە دۆزەخستانەکانی ئەم
دونیا و
من و سمکۆ و
ئەبوونەواس
دەستی دیجلەمان
گرتبوو
بەرامبەری شێخی بادە
ئەو ناوەمان گشت
کردبوو بە زیکرستان!
(هەمان، ل١٩٩-)

٢- هۆکارییەت لە گێرانەوە دا
"تیزۆتان تۆدۆرۆڤ" دوو شێوازی سەرەکی سیستیما تیکی دەقێکمان بۆ دەست نیشان دەکا: یەکەمیان لە رەوتێکی زەمانی(کاتی) و تەقویمی دا جێگر دەبێ و لە ئەسلی هۆکاری(علیت) پەیرەوی دەکات بە شێوەیەک کە تەکووزییەک لە دەق دا بەدی دەکرێت و دووهەمیان رەوتێکی زەمانی رەچاو ناگرێت و بە قەوڵی ژێنێت تووشی کات ئاڵوزی دێت، جۆری یەکەمیان بە نەزمی لۆژیکی و زەمانی (کاتی) نێو دەبەن و جۆری دووهەمیان کە توماشۆفسکی بە شێوەی نێگاتیڤ تاریفی لێ دەکا بە نەزمی فەزایی نێو دەبردرێت،(تودوروف-ص٧٦-) شێعرە رەوایییەکانی جەلال دەچنە خانەی یەکەمەوە هەر چەند کە ئەورۆکە رۆڵی هۆکارێیەتی کەمرەنگ بووە و زۆربەی رەوایەتەکان لە نەوعی فەزایی و زەمانین بەڵام شێعرەکانی جەلال بەرهەمی سەردەمێکن کە گەیاندنی مەبەست گرینگترین ئامانجی نووسەر بوو، جگە لەوە هۆکارییەت و پێکەوە گرێدرانی ئەو شێعرە نەزمێکی لۆژیکی –کاتی ساز کردووە:

فەرمان درا... فەرمان درا...
دارە پیرە بقڵشێنن
کۆتەی ئەنجن ئەنجن کەن و
بۆ زستانی سۆبەی کۆشکی فەرمانڕەوا
رەگ و ریشەی دەربهێنن.
فەرمان درا، لە بەر ئەوەی
دارەپیرە پەنای یاخی وجەردەکانە
لە بەر ئەوەی سێبەری وی
مۆڵگەی گەلاڵە و پیلانە
لە بەر ئەوەی هێندێ باڵندەی نافەرمان
کردوویانە بە هێلانە
پاڵ و پسێو دارەپیرە
مەتەرێزی یاخیەکانە!
بیقڵشێنن، هەڵیپاچن
چیلکەی کەن و...
بە سێدارەی یاخی بوونیا هەڵیواسن! (هەمان-ل١٣٨-)

٣-ماکە داستانییەکان

٣-١) موتیف
"تۆماشۆفسکی" دەڵێت: هەقایەت (کە لێرە دا مەبەستی ئێمە گێرانەوەیە) پێشاندەری تێپەڕ بوون لە دۆخێک بۆ دۆخێکی ترە... ئەو موتیفانەی ئاڵوگۆر لە دۆخێک دا بەدی دێنن موتیفی دینامیک و ئەو موتیفانەی کە گۆڕانێک لەودا بەدی ناکرێت موتیفی نەگۆڕیان پێ دەڵێن(تودوروف-ص٨٩-) یانی وەسفی تایبەت بە سرووشت، شوێن، دۆخ و... موتیفێکی نەگۆڕن و کار و رەفتاری قارەمانەکان موتیفێکی دینامیکن، بەو پێیە پیرەدار وەک هێمای سەرهەڵدانەوە، ژیانەوە و پواز وەک کەرەسەیەک(دارە دەست) بۆ لە ناوبردن، موتیفێکی دینامیکن و وەسفی سرووشت لە داستانی دارە پیرەدا موتیفێکی نەگۆڕن. ئەوەشمان لە بیر نەچێت موتیف لە زۆربەی شێعرەکانی جەلال دا مەرگ و سەرهەڵدانەوەیە بە شێوەیەک کە لەو داستانەش دا دەیبینین:

وەرگەرێوە بۆ خۆت ئەڵێم
من نامرم...
لە ئەوپەڕی مەرگیشەوە هەر دێمەوە! (زرەی زنجیری وشە دیلەکان-ل١٤١-)
***
من نامرم... لە ناو خوێنا ئەژیمەوە
وەک چووزەرە و چرۆ لە سەر کۆتەی خۆما دەروێمەوە.
(هەمان-ل١٤٠-)

***
کاتێ چوومە سەرمەزاری دارەپیرە
بە چاوی خۆم ئەوەم بینی
گۆپکەو چووزەی چەتری تازە! (هەمان-ل١٤٤-)

٣-٢) زمان

در ادامه ی بحث از تکه پاره شدن کلیت سونات های بتهوون همان نقشی را برای آدورنو ایفا می کند که رمان های رئالیستی بالزاک برای لوکاچ ایفا می کرد.تکامل جامعه بورژوایی برای آدورنو بسمت آزادی فردی و بیان (expression) بیشتر نبود بلکه بالعکس بیشتر در جهت ویرانی تجربه عمل می کرد. پایان پیانو سونات های بتهوون که پیوند درون ماندگار تجلی کل در جز و بالعکس را تداعی میکرد و تحلیل آدورنو از منطق هگلیِ کلیت هیچ هستی جز را متعین میکند مبتنی بر این قضیهِ است که جزهای موسیقایی بایست بصورت مونادگونه کلیت را بازتاب دهند. آنچه آدورنو اینجا در مورد موسیقی بیان می کند در واقع تصریح کننده موضع او از جامعه نیز هست. سوژه ها یا ایگوهای منفرد "هیچ " هستند. سوژه ها از طریق میانجی ها و درونی کردن امر کل قوام می یابند. ایده ی جامعه به مثابه سونات موسیقی هم از اینجا نشات می گیرد.

از نگاه دیگر فراگیر شدن علاقه به موسیقی پاپ را میتوان حاصل از جهانی شدن و در پی آن بهنجار شدن (normali-zation) انواع خاصی از قهرمانان توخالی پاپ در قالب شوهای تلویزیونی Idols ردگیری کرد که ذائقه های موسیقایی توسط نگاه خیره و استاندارد شده ی دیگری سازمان می یابد . پس شکل گیری این نوع موسیقی بی تاثیر از التفات جامعه به بیرون نبوده و به حیث مکانی همیشه " آنجای ایده آل" را در پس ذهن خود دارد. با مقایسه و تحلیل روایت بین موزیک ویدئوها میتوان خط سیر ملودراماتیک و روایت استیضاح گرانه ی آن ها را چه در قالب فرم بدوی موسیقایی و چه در قالب آپاراتوس های سینمایی و همچنین ترانه های آن ها را که در کلیتی وهم آلود بنام موسیقی خالتوری(موسیقی رقص) ارائه می شود را تشخیص داد.

بنابراین موسیقی های پاپ موجود بازنمایی کننده ی این از هم گسیختگی و زجه های منفک در برهوتی هستند که هیچ گاه میانجی های خود را نمی یابند و بلافاصله در خود خفه شده و وضع موجود را تداوم می بخشند. در جامعه آنتاگونستیک که بر مبنای استثمار طبیعت سامان گرفته است همه ی هویت ها زخم آنتاگونیسم را بر چهره ی خود دارند از اینرو رمانتیزه کردن واقعیت یا پناه بردن به نوستالژی همان سودای تحقق ناپذیر بازگشت به مادر است نه مواجهه با تناقضات و تن دادن به منطق نفی متعین. جامعه ی کُردی نیز که بر پیکر خود از یک سو زخم تروماهای تاریخی دارد و از سوی دیگر نوعی سرمایه داری عقب افتاده در حال تغییر مناسبات اجتماعی آن است همانطور که در اول بحث هم اشاره کردیم وضعیت فرهنگی آن در این مناسبات دچار تغییر گفتمانی شده بنابراین موسیقی و دیگر آیتم های فرهنگی آن نه به مثابه اعیان طبیعی بلکه نشانگر تجلی انواع "دیگری" ها و کشمکش و منازعه ی بین آن هاست.لذا بدبینی و منفیت نسبت به آهنگ های پاپی که با ولوم زیاد در خیابان های شهر پخش می شود دارای سویه ای بس عقلانی است. ملودی‌هایی که چون هاله‌ای اهریمنی از خراشیده شدن واقعیت جلوگیری می کنند و به تعبیر آدورنو المان های آن عمل "هیچ" است.

چیرۆک

هەواڵنامەی کتێب

ئەوین، جەژنی سەربەستی/ بریا کاکەسووری | ١٠٢
خەرابات/ سولەیمان عەبدولرەحیم زادە | ١١٠
ڕۆکسالانا ئاناستاسیا لیسوفسکا/ توانا ئەمین | ١١٣
ویژدان/ ئیتالۆ کالڤینۆ- وەرگێڕانی: باوەڕ مەعرووفی | ١١٧
چۆلەکە خانمی درۆزن/ چنوور سەعیدی | ١١٩
لێکدانی بێ مەودا/ سەدیق ڕەسووڵی | ١٢٠
ئەو خەونانەی بەر لە مردن دەیانبینین/ شانازجەوانشیر | ١٢٤
قاوەی سوێر/ بەختیار حەمەسوور | ١٢٥
کارۆلینا/ گۆران ڕەئوف | ١٢٩
اخذ روادید از زن یائسه و رئیس جمهوری که لخت بود/ نادر فتوره چی | ١٣٣
سوزان دختر همسایه که روسی بود و فارسی هم خیلی خوب حرف می‌زد/شورش عابد | ١٣٩
ویولن زن کوری در طنجه/ رضا فرخفال | ١٤١

ئەوین، جەغزی سەربەستی

بریا کاکەسووری

ئێستا "دوو" بە تەنیا دانیشتووە و بیر لە "سێ" و بە تایبەت "یەک" دەکاتەوە. بەڵام لەم ناوەدا سێ زۆر جێگای غەمە و پێویستە دوو زۆر زۆری بیر لێبکاتەوە. ئێستا سێ، هەروەها یەک و دووش هیچ خەبەرێکیان لە سبەینێ نییە. کەس نازانێ چی و چۆنیان بە سەر دێ. هەڵبەت ئەوەیوا یەک و دوو لە بیری دان لە لای سێ هەرگیز باسی لێناکرێ.

ئێستا هەرکەس لە سووچێکی ئەم جیهانە، لەسەر چوارپاچکەی تەلارێکی مۆسیقا، شانۆ، چووزانم چوارپاچکەی مەیخانەیەک، دانیشتوون و هەرکەس بیر لە شتێک دەکاتەوە، دووش دانیشتووە بیر لە یەک دەکاتەوە. ڕەنگە ئەمە کاری زۆر یەک و دوویەکی ئاشق بووبێ، لەو سەری دنیایەوە هەتا ئەم سەری دنیا: یەکتری هەڵبڕین، یەکتری عەزاب دان و یەکتری پیر کردن. تازە لە ناو هەموو ئەوانەدا چێژ و لەزەتێکی بەهەشتی و شتێک کە نەتوانی بۆ کەسێکیتری بگێڕیەوە و بە زمان باسی بکەی. ڕەنگە ئەمە کاری زۆر یەک و دوویەک بێ، ئاوا لە سەر تیغی تیژی خۆشەویستی یەکتریان بەرەو شادی و گریان ڕاونابێ. بە تایبەت ئەمان و بە تایبەت دووش هەمیشە بە ئازاری چاوەڕوانییەکانیدا، بە پڕتاو بەرەو جەمسەری عومری کورتی هەڵبێ و یەک کەمتر بەوەی زانیبێ کە ئەو چرکانەی لە چاوەڕوانیدا رایدەگرێ بەساڵەوەختی لێدەگوزەرێ. ئەوەش بۆ هەرکەسێ یەگجار سەخت و دڵتەزێنە. ئەوەیە دەیەوێ خراپ یان چاک هەمووشت لە هەوەڵەوە بنووسێتەوە و لانیکەم بۆ یەکیشی بخوێنێتەوە؛ چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەم یارمەتییەکی باشی خۆی بدا و هەموو یان بڕێک لەو شتانەی لە بیری چوون وەبیری بێتەوە یان هێندێک شت، کە هەر بیری لێنەکردۆتەوە بیری لێبکاتەوە. ئەمە بە تایبەت بۆ یەکیش هەر زۆر باشە؛ چونکە دوو دەبێ وەک گلێنەی چاو ئاگاداری یەک بێ؛ لە دەم و زمانی هەموو شەیتان و شۆفارێکی بپارێزێ.

ئەمە دووە خەریکە دەنووسێ؛ ئەو هەر وەک هیچ ئاگادارییەکمان لە بارەیەوە نییە مامۆستای قوتابخانەیە و، لەگەڵ هاوسەر و منداڵێکی چەند ساڵانەیدا ژیانێکی ئاساییان هەیە؛ خۆی بە نووسەر نازانێ بەڵام دەنووسێ و بەڕاستی چیرۆک و نووسەر و کتێب و نووسینی خۆشدەوێ. تەنانەت جاروباریش وەک سەگ وایە، بە هەر کۆڵانێکدا بڕوا بۆنی کتێب بێ دەزانێ و ئەو ماڵەی بۆ دەبێتە رووگە. جارێ رێی دەکەوێتە کتێبخانەیەکی گشتی و خوداوڕاستان چاوی بە یەک دەکەوێ کە بەرپرسی ئەوێیە. دڵی جۆرێکی لێدێ؛ یانی ئاشق دەبێ و بە دنیایەک شەرم و شکۆوە لەگەڵی دەکەوێتە قسەکردن. ئەو رۆژەی بۆ دەبێتە سەرەتای دەردێکی بێدەرمان و چەرخوخولێکی بێکەڵک وخۆش؛ خەیاڵاتێکی دوورودرێژ و ئەوینێکی لە چەند سەرەوە بەتاڵ. ئەو کاتانە بە مردنیش بیری لە سێ نەدەکردەوە، ئەوەی ئازارێک هەبوایە ئەوین و دووری و نەدیتنی یەک بوو. بڕێکیش شەرمەزارییەکی کێویلانەی لای خێزانەکەی. ئەوە بووە حیکایەتی ئەوینێکی هەمیشە لە سەر لێو و تاقەتپڕووکێن؛ ئەوینێک کە بۆنی خەیانەتی لێدەهات. رۆژانێکی زۆر لە کتێبخانەیەکی تەریک و لەم بەرەوبەری مێزێکەوە باسی کتێب و خوێندنەوە و نووسین بکەی و هەموو جارێکیش پێتوابێ حەتمین ئەو چیرۆکە دەگێڕیەوە، کەچی دوایی شەرم بکەی و لە ڕووت هەڵنەیە!

بڕێک دەرد هێندە تایبەتن هیچیان لەگەڵ ناکرێ، هەر ئەوەش وایدەکرد نە بتوانێ بۆ کەسی باس بکا و نە بتوانێ بیکاتە چیرۆکێک. هەستی دەکرد ڕەنگە باسکردنی ئەوینی خودی نووسەر لە چیرۆک و نووسینەکەیدا زۆر بێتامە و خوێنەر و بیسەر لە ئاخوتفکردنێک زیاتر هیچیان لە بیر نامێنێ.

ئەم دواییانە یەک نەبێ کەس ئاگاداری ئەو هەموو ئازارە نەبووە، ئێستاش لە ناو دۆزەخی ویژدانیدا هەڵدەقرچێ و دەبێتە خۆڵەمێش. هەرچەند ئەوینی یەک زۆر لەوە بەهێزترە کە لای هاوسەرەکەی هەست بە شەرمەزاری بکا، بەڵام بە سەر ئەوەشدا تەواوی دەوروبەر، هەموو دۆستانی دوورونزیک لەو دۆزەخە خراپتر و بە قینوقارتر، بە چی نا خودایە! بە هەموو شتێکی ناحەز، تیژ و کول و کۆڵ هەست و بیری دەئەنجنن: "ئەی مرۆی ویژدان تۆپیو! ئەی... ئەی چی؟ ئەی نامەرد! ناپیاو!

خوێڕی! حیز! بۆ ئەشقت! لەگەڵ خانمێکی دەزگیران‌دار... خۆت خاوەنی..." چووزانم بە هەمووشتێک. ڕاست دەکەن؛ لەمانە ئەسڵەن ناتوانی چاو بقووچێنی و بە سەریاندا ڕەت بی. هەڵبەت دوو خۆشی بوایە هەر وادەبوو، ڕەنگە ئەگەر وانەبوایە جێگای پرسیار بوو. مەگەر ئەو توانیویەتی لەو داب‌ونەریتە هەڵبێ و خۆی وابیرنەکاتەوە؟ هەرچەند نازانێ سێ کێیە و چۆن بیردەکاتەوە، هەرچەندە بەڕاستی ڕەنگە سێ هەرگیز ئەمەی پێ دەرد و ئازارێک نەبێ. شایەد کەسێک بێ ڕۆژێ بگاتێ پڕ بە دڵ بۆ ئەم کاتانەی ئێستای دوو غەم بخوا و تەنانەت قاقاش پێی پێبکەنێ؛ چونکە ڕەنگە هەمووکەس و هەروەها سێش باش دەزانێ ئەوەتا دنیا دنیایە ئەم ڕووداوانە دووپاتە و سەدپاتە دەبنەوە و دوایەش لە بیر هەموو کەس دەچنەوە. هەر ئەوەشە ئەگەر سێ بەڕاستی یەکی خۆش بوێ ڕەنگە بە خاتری ئەو، ئەم کارە بکا و بڕێک بۆی ئاسایی بێ کە دووش دەرگایەکی لە ماڵەکەی ئەواندا هەیە؛ ئاساییش نا بەڵام شتێکی وانەبێ ئەم سێ‌کوچکێنی ئەوینەی پێ لە تاوانە ڕەشەکانی سەردەم بێ، بە جارێ خوێنی هەردووکیان بڕێژێ و بیخواتەوە.

ئێستا ئازاری ئەم نووسینەی دووش هەر لە پەیوەندی لەگەڵ خۆی و یەک دایە و ڕاستەوخۆش دەگەڕێتەوە سەر سێ؛ لە پشت هەموو ئەمانەشدا دڵێکی هەر لای ژن و منداڵەکەی و کێشەی خەیانەتە. بەڵام لە هەمووی باشتر وایە هەر لە سێوە دەس پێبکات: سێ ئێستا دووە، دووی تەواو؛ دەزگیرانی ئاشکرا و حەڵاڵی یەکە. مەنزوورمان لە دووی تەواو ئەوەیە کە سێ نییە و چواریش نییە و ڕاست دووە. ئەگەر دوویەکی لاسەنگیشە، ئەوە ڕەنگە بە ڕواڵەت ئەوینی یەک وایکردووە؛ ئەوینی سووتێنەری یەک. کەوابوو ئێستا ئێمە باسی سێ دەکەین و ئەویش دووە؛ بەڵام دوویەکی لاسەنگ، کە ئەو لاسەنگییەش هەمووی خۆی بە لای یەکدا دەخا. ئەمەش بۆ هەر ئاشقێکی ئەم دنیایە ڕەوایە - هەڵبەت ئەگەر سێ بەڕاستی ئاشق بێ-. بەڵام پرسیاری دوو کە ئێستا خەریکە دەنووسێ ئەوەیە: بڵێی ئەم دووە هەتا هەتا هەر دوو بمێنێتەوە؟ یانی ئیدی بڵێی بۆ هەمیشەی خودا و لە سەفەر و حەزەردا هەر دوو بێ و قەت خودا نەخواستە نەبێتە سێ و دوویەکی بۆ پەیدا نەبێ کە بۆ کاتێکی زۆر کورتیش جێگاکەی بگرێتەوە؟ ڕەنگە ئەمە ئاواتی دوو بێ؛ هیوای وایە سێ هەمیشە هەر دوو بمێنێتەوە و هەرگیز خودانەخواستە نەبێتە سێ. پێیوایە ئەگەر کاتێ ئەم نووسینەی بۆ یەکیش خوێندەوە لەویش بخوازێ ئەم دۆعایە بکا و هەمیشە ئاواتەخوازی ئەوە بێ: سێ هەر دوو بێ و خودا بکا نەبێتە سێ. بەڵام ڕەنگە سێ هەروا دوو نەمێنێتەوە، مەگەر ئەوەی یەک و دوو دەس بدەنە یەک و، وەکوو ئەوەی نە بای هاتبێ نە بۆران، بە خاتری سێ، یەکتری لە ناو دۆزەخی هەموو ئەو قەول و پەیمانانەی لێکی گرێداون بەجێ بێڵن و ڕۆحی ئەوین و خۆشەویستی لە ناو خوێنیاندا بکووژن. ئەمە هەر چەندە هەرچییەک بێ و نەبێ باسێکی تاڵە، واباشە ئەگەر بکرێ لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بە دڵ و دەروونێکی سووکترەوە باسی بکەین باشتر بێ.

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەگەر و مەگەرەکانی دی. پێویستە بزانین هەموو ئەم ئەگەر و مەگەرانە بۆ ئەوەیە لە هەوەڵەوە هەتا ئێرە، دوو، زۆر زۆری بیری لە سێ کردۆتەوە، تەنانەت بۆی بۆتە دەردێکی ویژدانی و ئەم نووسینەش لە چەق‌وچۆی ئەو دەردە زیاتر چیدی نییە. دەردێک کە تەنیا و تەنیا دەتوانن لەگەڵ یەکدا بۆ یەکی باس بکەن و غەیری خۆیان، ئاوا بە شێوەیەکی ڕەمز و ڕازاوی دەچێتە توێ دەفتەر و نووسینەوە، ئەوسا ڕەنگە کەس نەزانێ ئەم نووسینە لە کوێوە دەس پێدەکا و دوای هەموو قسەکانی بەرەو کوێ دەچێ. دوایەش تەنیا بڕێک وەڕەزی و دوایەش لەعنەتێک دەنێرێ بۆ نووسەر و ئێستاوئێستاش نازانێ ئەم یەک و دووە کێن و لە کوێن.

کەوابوو ئەگەر وابێ ئەمە خۆی هەم بۆ یەک و هەمیش بۆ دوو، زۆر پیرۆزە، چونکە دوو لە سەر ئەم بڕوایەیە، هەڵبەت دڵنیایە یەکیش هەروا، کە هێندێک دەرد هێندە ئاشکرا و ئینسانین ناکرێ لێیان هەڵبێی؛ ئەوان هاواری ویژدانن، ئەشکەنجە و ئازاری دەروونن. کە یەکێ لەم شتە گەورانە مەسەلەی خەیانەتە، خەیانەتی یەک و دوو بە سێ؛ سێی تازە دەزگیران و دڵخۆشترین پیاوی دنیا بە یەک؛ یەکی جوان و شیرینترین ماشقەی جەهان. لەو لاشەوە دەبێتە خەیانەتی دوو بە ژیانی هاوبەش و خێزانە خۆش باوەڕەکەی. هەڵبەت ئەوەش بڵێین، ئەمەش وەک هەمووشتەکانی ژێر ئەم ئاسمانە شینە، شتێکی تازە نییە. ڕەنگە بۆ کەسێک لە ئێوەش کە ئێستا خەریکی خوێندنەوەی ئەم نووسراوەیەن هاتبێتە پێشێ؛ بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە هەتا ئێرە بۆ دوو نەبۆتە شتێکی ئاسایی و نەیتوانی بیری لێ‌نەکاتەوە. ئێستاش کە دەنووسێ... نازانێ، دەیەوێ هەڵبێ؟ دەیەوێ... چی؟ بەڵام هەرچی بێ سەرچاوەکەی ئازارە و ڕەنگە باس‌وخواسێکیش بێ لە سبەینێ، لە یەک و سێ.

سێ لەم کات‌وساتەدا دووە و ڕێگای دووهەمیش بۆ ئەوەی نەبێتە سێ، دەبێ یەک و دوو هێندێک لە ناوەرۆکی بەڵێنەکانیان بگۆڕن. ئەگەر ئەمەش بکرێ ئیتر یەک و دوویەک لە بەیندا نابێ؛ ئەوسا سێش کەسێک نییە بێین لە بارەیەوە بنووسین و دۆعای بۆ بکەین خودا بکات نەبێتە سێ و چی و چی.

کەوابوو بناغەی ئەم گێڕانەوەیە و ئەم ئازارانە، هەموو لە سەر ئەو پەیمان و بەڵێنانە داندراوە و ئەگەر بیانگۆڕی هەمووشت دەڕووخێ. دوو ئەگەر ئاوا بە دەس ئەمانەوە زاڵەیەتی ڕەنگە ڕۆژانێکی زۆر بێ‌ئەوەی یەکیش ئاگادار بووبێ بەرەوپیریان هەڵاتووە؛ ئەویش چ هەڵاتنێ! هەڵاتن و ڕەتبردنێکی چەند ساڵە، کە ئەویش خۆی ئازارێکی جەهەننەمی بووە و ڕەنگە گێڕانەوەی هەرگیز بۆ نەگونجێ.

ئێستا زۆر کەس لە سووچ و پەسیوێکی ئەم جیهانە دانیشتوون و هەر یەکە و بیر لە شتێک دەکاتەوە؛ دووش دانیشتووە لەم شتانە بیر دەکاتەوە کە بڵێی کۆتاییەکەی بە کوێ بگا؟ دڵنیایە لەم دەفتەرەدا بە جێگایەک دەگا بەڵام ئەوەی بە کردەوە بە

کوێ بگا ئەوە نادیارە. رەنگە غەمی سێش هەروا بە شانییەوە قورسایی بکا؛ ئەم عەزابەی هەتا هەتا لە دڵ دەرنەچێ، هەرگیز نەهێڵێ ئاسوودە بێ و هەتا مردن، هەتا ئەو رۆژەی چاوەکانی دەچنە سەر یەک و وەکوو هەست بکا بچنە خەو ئاوا بمرێ و هەتا ئەو کاتە ئەم دەردی خەیانەتەی لە کۆڵ نەبێتەوە. لە ئەسڵا بە سێش نا، بەڵکوو بە یەکی خۆشەویست کە ئەم نەبوایە ئێستا بە ئاسوودەیی دەستی دەکردە ملی سێ و ژیانی ئاشقانەی خۆی.

دوو هیچکات بیری لەوە نەکردبۆوە سێ هاتۆتە مەیدانەوە، هەر بۆیە دوای ماوەیەکی دووری نزیکایەتی، لە دوانیوەڕۆیەکی چۆڵی کتێبخانەدا زۆری بۆخۆی هێنا و دوای ژانێکی بەڕاستی قورس و گەورە، هەموو شەرم و حەیای نا ئەو لاوە و هەموو شتێکی بۆ یەک درکاند. دوای ئەوە شەوانێکی زۆر هەتا درەنگان بە دوور لە چاوی نەیاران دادەنیشتن و باسی رۆمان و چیرۆک و ئەوینیان دەکرد. یان بە دزییەوە هەتا نزیکەو بەیانی بە تەلەیفوون قسەیان دەکرد و رۆژانێکی زۆریش بێماندوو بوون لەم بەرەوبەری مێزێکەوە دادەنیشتن و باسیان دەکرد. دوو بە دڵگەرمییەوە شتەکانی بۆ تاوتۆ دەکرد و یەکیش خودا نەکات نە بەم باردا و نە بەو باردا شتێک ئاشکرا بکا. نەبوونی "ئەرێ"یەک هەمیشە دووی دەپووکاندەوە و ناهومێدی دەکرد، لەو لاشەوە هەر نەبوونی "نە"یەک دەیبووژاندەوە. هەتا ئەوەی دیسان لە دوانیوەڕۆیەکی چۆڵی کتێبخانە، بە تایبەت بانگهێشتنی دووی کرد، پاش خوێندەوە و باسێکی زۆر، هێندێک لە جوانترین و خۆشترین شیرینی شاری هێنابوو لە بەردەمیدا دانا، بەڵام دوو ئێستا خۆزگە دەخوازێ ئەوە حەوزێکی ئەسید بوایە نەک شیرینییەکی ئاوا خۆش. دوای خواردنی دانەیەک، یەک زۆر ئاسایی و لە سەرەخۆ پێیکوت: بڵێ پیرۆزیش بێ!

ئەوە بۆ دوو وەک گاڵتەیەکی خۆمانە وابوو، رەنگە بۆ هەر کەسێک هەر شتێکی ئاوا بێ؛ چونکە یەک قەتی باسی ئەو شتانە نەکردبوو، دوو دایە قاقای پێکەنین: چییە! ناکا کەوشت کری بێ؟!

یەک رەنگێکی هێنا و برد، دوای برێک سەرداخستن: تازە خواردووتە بڵێ...

لەخۆوە هەستی کرد رووداوێکی خۆش لە رێدا نیە، هەر بۆیە فەتحی دڵی نەبوو. دوایەش هەر نەیکوت و نازانێ یەک لە بیری ماوە یا نا. یەک بە برێک شەرمەوە پێی راگەیاند کە چەند وەختێکە بە دزییەوە لەگەڵ سێدا پەیمانیان بەستووە. دوو بەری چاوی تاریک بوو، وەها شێو ا

یەک ناچار کەوتە دڵخۆشیدانەوەی.

غەمی سێ لەو کاتەوە دەستی پێکرد. دوو هەرگیز نەیدەزانی و نازانێ سێ کێیە و چۆنە و چۆن بیر لە دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێ دەکاتەوە، بەڵام ئەم غەمە هەرگیز بۆ دوو سووک نەبووە؛ بەڵام هەبوونی یەک، پێکەنین و نووسین و خوێندنەوەکانی، گوێگرتن و باسەکانی، زۆر غەمی لەوە گەورەتر سووک دەکا. یەک ئاواو لە کاتێکی ئاوادا هاتنی سێی ڕاگەیاند و کارێکی کرد زۆریەک لە بیروبۆچوونەکانی دوو بگۆڕێ. گۆڕانێک کە لەوێدا سێ دەبینێ لەتوکوتە و لە دووەوە دەبێتە سێ. سێ، کە یەکیان دووە، دوو دوژمنە، ژەهرە، خەفەتە. دەچێتە ئەو سەری دنیاش لەگەڵیەتی. چها شەوانێک دەیگرێ و دەس دەنێتە بینەقاقای و دەیخنکێنێ. قژی دەگرێ و دەیداتە دوای خۆی، تەواوی شەقامەکانی دنیای دەگێڕێ و بە تەواوی خەڵکی نیشان دەدا. ڕایدەکێشێ و چین چین ئارەق دەڕێژێ. دڵشادە لەوەی توانیویەتی بە بەر چاوی تەواوی دنیاوە تۆڵەی خۆی بستێنێ. پاشان لەتوکوتی دەکا و ئاوری تێبەردەدا، دەیکاتە خۆڵەمێش. بەڵام دیسان هەروا لەگەڵیەتی، سەعات بە سەعات لێی نزیکتر دەبێتەوە. لە یەکیش دردۆنگ دەبێ و لەگەڵ ئەوەش یەکی هەر پێ یەکە؛ یەکێکی تاک و تەنیای سەر ئەم زەویە بەرینە. وەها یەکێک، تەنانەت خۆشی لە بیر دەباتەوە و هەست دەکا ئەگەر جیهان بە هەمووشتێکەوە، تەنانەت بە هەمووشتێکی گەورە و بچووکییەوە لە لایەکەوەبن، هێشتا بەوە نابێ ئەو خاوەنی یەکە. هەر ئەوەشە هەستدەکا چاوی حیزی دوو دەبێ کوێر بکا و دوایەش بیسووتێنێ.

ئەوانە ئاوا گۆڕدران و زۆرشتی دوویان تێکدا. بە سەر ئەمانەدا دیسان پەیوەندی دەوامی پەیدا کرد، ئەو باسانە دیسان درێژەی پێدرا. سەرەتای ئەو پەیوەندە هەرچییەک بوو، شتێکی پرپوپوچ و ئاسایی نەبوو. ئەگەر یەکەم دیدار و دیتن بە بۆنەی کتێب و کتێبخانەوە بوو دەوامەکەشی قەتحێن لەو شتانە زیاتر نەبوو؛ ڕەنگە هەرگیزیش نەبێ. ئەوین و بەڵێنێکی گەورەیان لە سەر خوێندنەوە و نووسین ڕۆنابوو. ڕەنگبێ هەر پەیمانێکیان لە دێرێکدا تەواو بێ و بۆ بڕیاری دواتر دیسان بە پەلە درێژە بە نووسین بدەنەوە. بە قەد هەموو خۆشی خودا خۆشە ئەوەی بێوچان لەم وشە بۆ ئەو وشە و لەو دێڕ بۆ ئەو دێڕ و لەم لاپەڕە بۆ ئەو لاپەڕە، بێماندوو بوون بە شوێن دڵدارەوە بی. یانی ئەوەندە خۆش کە ئەم هەڵاتنە ڕۆژ بە ڕۆژ لاوترت کاتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ بە هێز و تواناترت کا و بۆ نووسین وەهەڵاتنت بخا. ئەوسا دەبینی ئەوهێزە حەرامە چەندەی گۆڕاندووی، چەندەی ئومێد پێداوی. شەو و شەونخوونیت پێدەکێشێ، شەوانە لە ناو خەونەکانیشدا لە حەولدای. قارەمانی کز و بێدەنگ و قزە دروست دەکەی. هی وایە تەنانەت توانای ئەوەی نەبێ بیر بکاتەوە بزانێ ناوی چییە. تەنانەت نەتوانێ بە دەنگی بەرز بکۆخێ. حەز بکا لە تاریکترین دیوی ماڵدا بژی و تەنیا لە مشک و بەرسوورکە و جرۆجانەوەر نەترسێ، بەڵکوو زۆر ئاسایی هەمووی ئەوانە بخوا. هەموو ئەوانە وەکوو نزیکترین هاوڕێی بن، کایەیان لەگەڵ بکا، بە شەڕیان

بدا. بە پێچەوانەی وەها قارەمانێک، جەللادێک دروست کەی و چەقۆکەی هەمیشەی خودا خوێنی لێبچۆڕێتەوە، خەڵک بە دیتنی زراویان بچێ، ژنان منداڵیان لە بار بچێ و گەورەکان چۆڕە چۆڕ میز بکەن بە خۆیاندا و منداڵان لە حەیبەتا بۆ هەمیشە لاڵ بن.

دوو بڕیاری بە خۆی دابوو ئیتر دەس لەم نووسینە هەڵبگرێ، تازە نە کەم نە زۆر نەچێتەوە سەری، پێیوایە لە هەر دوو جۆردا سەرچاوەی ئەم نووسینە هەم ڕەنجە و هەمیش ئەوینە، ڕەنجەکەش ژانی سەر و زگ نییە بەڵکوو ئەم ژانە ژانی ویژدانە؛ ژانی ئەوەی بۆ خۆشی و بۆ یەکیش، لە کۆمەڵدا هەزاران ناوی خراپی هەیە: جندە، قەحبە، بێشەرەف، چووزانم هەزاران شتی لەو چەشنە و زۆریش خراپتر. ئالێرەدا دوو تێداماوە. مەگەر ئەوەی ئەمە یەکەم جارە ئەم شتە ڕوودەدا؟ یان ئەمە یەکەم کەسێکە لەم دنیا بەرین و بەربڵاو و کۆنەدا ئەم کارەساتەی بۆ دێتە پێشێ؟ ڕەنگە زۆر زۆر لەوە دڵنیایە بە درێژایی ژیان ئەم شتانە هەبووە و دەشبێ، بەڵام ئەوان زۆر گرینگ نین مەگەر ئەوەی خۆت ڕۆژێک چۆن لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبیەوە؛ ئەوە چ ئاڵوگۆڕێک بە سەر تۆدا دێنێ و چت لێدەکا.

دوو بە پێچەوانەی زۆرکەس، بە جێگای ئەوەی وەکوو سەدان دەردی دیکە بیشارێتەوە و بۆ خۆی، لە خەڵوەتی خۆیدا بە دوور لە هەموو چاو و گوێیەک پێوەی بناڵێ، هێناویە لە تۆی چیرۆکێکی ئاوا خۆمانەدا باسی دەکا. تەنانەت پێیوایە دەبێ هەتا جێگای پێویست باسی بکا. بیر لە جێگای پێویست دەکاتەوە کە بڵێی کوێ بێ؟ بڵێی چەند لاپەڕە، چەند شەو و ڕۆژ، چەند مانگ و ساڵ؟ ڕەنگە پێیوایە جێگای پێویست چیرۆکێکە لە چوارچێوی ئەم جەحەنمی ویژدان و خەیانەتە و بەهەشتی ئەوینەدا. یاد و بیرەوەری ئەو ڕۆژانە کە ئەوین وەکوو سیمورغێکی ئەفسانەیی دەهات و باڵی بە سەر هەموو شتێکدا دەکێشا، بە جۆرێک کە سێبەری جوانی و خۆشەویستی دەخستە سەر ناحەزترین و ناپاکترین شتی ئەم جیهانە: هەر ڕۆژێ خوێندنەوەی دیوانی شاعیرێک و لە هەر لاپەڕێکدا کێ چاوی زۆر تیژ بوایە خێرا وشەی ئیشق و ئەوینی پەیدا کردایە. کێ ئازا بوایە ئەو دێڕانەی پەیدا کردایە وا باسی خۆشەویستی و پەیمان و بەڵێن بوون، خێرا دەورەکەیان خەت دەکێشا و بە یەکیان پێشکەش دەکرد. هەمیشە پەنجەکان وەکوو ماری ئاشقەوماشقە تێکدەئاڵقان و یەکتریان دەگوشی و خۆشترین موچرکەی دڵدارییان دەخستە جەرگ و هەناویانەوە. هەر غەزەلێک بۆنی ئەویندارى بدایە دەبووە حەوز و ڕووبار و دەریای هەوەس و بە جووتە خۆیان تێدەهاویشت. وشەی سینە و سوخمە و بەرۆک دەهات دوو بە ئەسپایی لێوی دەنا بەینی هەر دوو مەمکییەوە و لە ناو حاڵەتێکی سێحراویدا وردە وردە بەرەو سەرێ هەڵدەگەڕان. هەر بە ئاستەم کتێبخانە چۆڵ بوایە وەکوو دوو کۆتر دەمیان دەنا ناو دەمی یەک و دەکەوتنە ناو خۆشترین دنیا و خەیاڵ و ئاگایان لە هەمووشت دەبڕا. هەمیشە پێش هەمووی ئەمانە و دوای هەموو ئەمانە، بە تایبەت لە تەلەیفوونەکاندا، یەک باسی تەزووی عەزابی گۆڕەوشاری ویژدانی دەکرد و هەمیشە بێئەوەی ناوی سێ بێنن دەیانزانی هەرئازارێک بێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دایە. یەک لە تەنیاییدا ڕۆحی دادەتەپی و ڕەنجی ئەوەی خەریکە خەیانەت بە سێ دەکا هاروشێتی دەکرد. هەموو جارێ غەمی ئەوەی دەخوارد چۆن لە ڕووی هەڵبێ سێ ببینێ و چۆن بتوانێ لەگەڵیدا بدوێ.

دوو لە درێژەی ئەم نووسینەدا دەمێکە هیچ هەواڵێکی لە یەک نییە، هەر ئەوە هەزاران فکر و خەیاڵی جۆراوجۆری بۆ ساز کردووە کە ئەم نووسینە لە ئەزەل نەدەبوو بنوسرایە، هەتا نە ئێستا و نە لە داهاتوودا کەسی غەمین و دڵتەنگ نەکردایە. ئەوە نەبوایە هەڵدەستا دەچووە دەرودەشتێک و بە ئیشتیای دڵی بیری لەم شتانە دەکردەوە. بە ئیشتیای دڵی یەکی دێنا بەرچاو، لە ناو خەڵوەترین کاتەکانی خۆیاندا و لە سەر سەرینێک ئەفسانەی پڕ لە خۆشەویستی داهاتوویان بۆ یەکتری ساز دەکرد و یەک، ئەو کاتانە بە ئاستەمیش ئەوی لە بیر نەماوە و دوو لەگەڵ ئەوەی بە دڵپڕی تەماشای ئاسمان دەکا، خۆشحاڵ دەبێ ئەگەر یەک ئاوا بە ئاسانی هەمووشت فەرامۆش بکا و بگاتە خۆشبەختی. بگا بەو ساتانەی وا هەست بکا لەگەڵ سێدا خاوەنی شەش دانگی دنیایە و بە تەواوەتی هەست بکا شاژنی مەملەکەتی زەوییە و خۆشبەختی و شادی ئەو لە هی هەموو خەڵکانیتر گەورەتر و مەزنترە. لەو کاتانەدا بیانهێنێتە بەرچاو کە سێ بێوچان وەکوو منداڵێکی برسی، دەمی نابێ بە مەمکی دایکییەوە، ئاوا پڕ لە هەوەسێکی جادوویی لێوەکانی یەک بمژێ، بەری چاوی تاریک بێ و بە قەد دنیا ئێرەیی پێ بەرێ. گیانی لە داخا، وەکوو سەرمای بێ، ئاوا یەک بێتەوە و وشکەژانی مەرگ بێ بە دڵیا. هەموو ڕۆژێ خودا یەک و سێ بێنێتەوە بەرچاو دەست لە ناو دەست، هەمیشەی خودا مەستانە قاقا بکێشن و شەقامەکانی شار لەپێ بدەن. هەموو ڕۆژێکی خوداش بەغیلی بردن، پێشخواردنەوە و ئازار چێشتن و پیربوون؛ پیربوونێکی لە نەکاو؛ وەکوو ئەوە نەخۆشینی شێرپەنجە لە ناو دڵ و دەروونیدا ڕەگاژۆی کردبێ. دەردی ئەوینی یەک ئاوا پیری بکا و وردە وردە یەکی بێنێتەوە، هەر وەک نەخۆشی شێرپەنجە ڕەقووشکی کاتەوە؛ بە جۆرێک لە ناو ئاوێنەدا خۆی لە خۆی بترسێ، نەتوانێ بڕوا بکا ئەو ئێسکە شەیتانە خۆی بێ. ئاوا بە ئیشتیای دڵ بیری لە هەموو ئەمانە بکردایەتەوە و هەر بێئەوەی کەس بزانێ و کەس ئاگاداری ئەم هەموو بیرە ڕەنگاوڕەنگانە بێ، دەموەدەست هەمووی پاک بکردایەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەم نووسینە چ بکا؟ ئەویش نووسینێکی حەرام و سبەینێ عالەم و ئادەم حەز و خۆشویستنێکی ئاوا تف و لەعنەت دەکەن و هەموو چونکە خۆیان نین، فاسقانە ئەم ئەوینە دەکەنە خەیانەت و ڕەجمی دەکەن. دوو پێی وایە ئەم نووسینە دەتوانێ ڕزگاریدەر بێ، بەو شەرتەی پیرۆزی ئەم ئەوینە بە زمانێکی سادە و ساویلکانە سووکوچرووک نەکات. دوو دەیەوێ ئەوە بە هەموو ڕەجمکەران

رابگەیەنێ کە ئەم ئەوینە ئەگەر هەتا ئێرە هەر چییەک بووبێ، حەرام یان حەڵاڵ، خراپ یان چاک، ڕەش یان سپی، هەر چییەک بێ، دڵنیایە لە ناو ڕۆحی یەکدا بە مەزنی دەمێنێتەوە و هەتا هەتا لەگەڵ هەموو خۆشییەکانی داهاتووی دووپاتە و سەدپاتە دەبێتەوە؛ باڵای هەموو خوشییەکانی داهاتووی بە باڵای بەرزی ئەم خۆشەویستییە دەگرێ. کە ئەگەر وابێ بە بڕوای دوو هیچ تاوانێک رووی نەداوە. هەر ئێستاش بۆیە دەنووسێ بە هیوایە ئەو نووسینە لەگەڵ ئەو ئەوینە تێکەڵ بێ و هەم خۆی و هەمیش یەک هەنگاوێک بەرەو رزگاری بەرن. کەوابوو ئەم کارە هەتا ئێرە ئەگەر حەرامە، حەڵاڵیشە و هەزاران ئەگەری‌تر و سەد خۆزیا لەم نووسینەدا یەکیش بەشدار بوایە هەتا ئەوکات بمانزانیایە ئەم قسانە شتێکی لە خۆوەن یان بەڕاستی هێندێک شتی راستەقینەی ناو ژیانی یەکن. ڕەنگە پەخمەیەک لە کاتی خوێندنەوەی ئەم نووسراوەیەدا تووڕە بێ و بۆ سبەینێ لەملاولا لە قاوی دا: دەیانەوێ بە بۆنەی رزگارییەوە هەمووشتە حەرامەکان حەڵاڵ بکەن و وڵاتمان لێبکەنە حوریەتی و هەزاران فرۆفیشاڵی ئاوا؛ بەڵام دیسان هەزار خۆزگە یەک ئەم بەشەی پڕبکردایەتەوە.

دوو ئەم قسانە وەلادەنێ و دێتەوە سەر ئەسڵی ماجەرا و بە بیر کردنەوە لە یەکەوە دەچێتەوە سەر سێ. ڕەنگە لە سەیران و گەشتێکی ناو باغ و بژوێنێکدا پیاسە بکەن؛ بە قەدرایی ئەو دەشتانە هەوای خۆشەویستی هەڵمژن و بە قەدرایی داروبەردی ئەوێ، رازونیازی ژن‌ومێردایەتی بکەن. سێ، دووە و تەنیاوتەنیا بیر لە خۆی و یەک دەکاتەوە؛ دوویەکی پیرۆز، دوویەکی ئاشق، دوویەک کە هێندە بە پیرۆزی بیر لە یەک دەکاتەوە هەرگیز بە بیریدا نایە رۆژێک خودانەخواستە ببێتە سێ؛ سێیەک، کوتێکی بۆنی بێزارترین پیاوی دنیای لێبێت و خۆی بە زۆری زۆرداری بە شەقامی ژیاندا کێش بکات و لە هەموو شوێنێکی دنیا، تەنانەت لە ناو تاریکترین سووچەکانی دەروونی، خۆی بە مرۆیەکی غەریب و نامۆ بێتە بەرچاو. کوتێکی ئاشق بێ و جوانترین و خۆشەویستترین دڵداری جیهانی بێ و لەگەڵ ئەوەی لە ناو دڵیدا لێی نامۆ بێت بە قەد هەموو ژنانی دنیای خۆش بوێ. کوتێکیشی هەمیشەی خودا بۆنی بەغیلی و خوێنی لێبێ. بۆنی چەقۆ و کوشتن و سەرتێدابردن. بۆنی ئەوەی گۆشتی دوو بکاتە کەباب و وەها تۆڵەیەکی لێبستێنێ کە بۆنی ئەو کەبابەی بەتەواوی شاردا بڵاوبێتەوە؛ تەواوی خەڵکی شار ئاگاداربن و ئەو ببینێ منداڵانی شاریش بە گەرمی باسی ئەو داستان و کارەساتە دەکەن؛ ئەو جارلەگەڵ‌جار شادتر بێت و ئۆخەی لە دڵ بکەوێ. ئۆخەی لە دڵ بکەوێ و بەلای یەکیشەوە هەست بە سەربەرزی بکا. خۆی بە ئاشقێکی تەواو ئاشق بزانێ؛ پیاوێک کە کۆخە و دەست و قسەی بۆنی توانایی و خوێن و کوشتنی لێبێ: شێرێکی تووڕە و لە ترسی ئەو کەس هەقی نەبێ بە بۆنەی جوانی و خۆشەویستییەوە سەیری باڵای یەک بکا؛ کەس بە غەیری ئەو هەقی نەبێ تەنانەت لە خەویشدا پەنجەی لە ناو پەنجەی بخات و دەم بنێتە ناو دەمی.

بەڵام یەک سێیە؛ سێیەکی تەواو سێ: کوتێکی بۆنی شەو و جێگاوبان و هەوەسێکی ئاگرین، بۆنی حەڵاڵی و وەکوو هەموو ژنانی‌تر نوقمی ناو خوشترین چێژ و لەزەتی تێکەڵاو بوون؛ کوتێکی‌تر سیحروجادوویەکی سووک و خۆش، شادییەکی ئاسمانی و بێ‌خەبەری لە هەمووشتێکی دەوروبەر، هەوای ئەوینێکی راستەقینە، ئیشقێک کە باڵ بە داروبەرد دەدا و دەیانخاتە هەڵفرین. کوتێکی هەم ڕەش و هەم سپی، هەمیش ئاو و هەمیش ئاگر. هەمیشە لە ناو فکر و خەیاڵێکی خۆش و ناخۆشدا، هەمیشە حوزوورێکی ون و پێکەوە هەست بە سەربەرزی و شەرمەزاری کردن.

پێیوایە ئێستا ئاوا لە ناو بژوێنێکی پڕ لە جوانی دان، هەوای پێکەوەبوونیان هەڵدەمژن و ئەو لە چاوی سێوە هەست دەکا ئەو سەوزەڵانە هێندە خۆشە نەک دار و گوڵەکان، بەڵکوو بەردەکانیش گەڵایان دەرکردووە و دەشنێنەوە و هاکا سبەینێ بۆ ڕێزگرتن لە ئەوینی ئەوان هەموویان بکەونە سەما. خەبەریشی لەوە نییە یەک ئێستا ساڵانیکی بێ‌کۆتایی لەو دوورە، یەک ساڵ نا، دە و پەنجاش نا و بەڵکوو سەدیش زیاتر. خەبەری لەوە نییە ئەگەر بە قەد ئەو سەد ساڵە ئازادی نەکا و پێی نەڵێ لە گەڕانەوە بۆ لای ئەو سەربەستە، ئەوە ڕۆحی یەک وەکوو کۆترێکی سپی بێ‌تاوان دەگرێ و دەیخاتە ناو قەفەزێکی زۆر بچووکەوە؛ کە نامرێ بەڵام بەزوویی پیر دەبێ و لە بیری دەچێتەوە کۆترە.

ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژێ کە ئازاد بوو لە داخی ئەو، ڕووت و قووت، بێ‌دەربەست و تەنانەت سەرخۆش خۆی بداتە بەر ئاوێنەی هەوەسی هەموو پیاوانی جەلۆی شار. بە دیقەی چاوی ئەو تەواوی ئازای ئەندامی بە نیگای حەرام و حیزی پیاوانی هەوسباز و داوێنپیس دەرزی ئاژەن دەکا. ئەگەر نەیتوانی بە کردەوە ئەو کارە بکات بە زەین و خەیاڵ، هەر لە داخی ئەو کە رۆحی سپی زیندانی کردووە، لەگەڵ پیسترین و ناحەزترین و خوێڕیترین پیاوان دەخەوێ و هەر بە دیقەی چاوی ئەو، ئەم ئەشکەنجانەی لەش و ڕۆحی خۆی دەکاتە چیروکێکی بەناوبانگ و لەم لاولا باسی دەکا و دەیگێڕێتەوە. بەڵام لە سەردەمانی ئاخری ژیانیدا، کاتێ بە هیچ‌کام لەمانە سووکنایی نایە، رۆژێک بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بووە، ڕۆحی خۆی ئازاد بکا، لە سێ هەڵدەپێچێ کە نە قەت ئاشق بووە و نە قەت ئەوی خۆشویستووە. سێ دەیکاتە قرموقاڵ و شین و قوڕپێوان. ڕووی لێدەنێ ئەگەر ڕاست دەکا بیسەلمێنێ کە بەڕاستی ئاشقە و بێ‌دەربەستانە بێتە مەیدانیعەشقەوە؛ هەر ئێستا لە سەر داوای یەک، وەسیەت بکا لە دوای چەند کاتێکی‌دی دەمرێ یان دوایی بە ژیانی خۆی دێنێ؛ ئەوسا مەیتەکەی بکەنە سەد کوت، یانی کۆنە قەسابێک بێنێ و بیکاتە سەد کوت. پێش مەرگیش لە یەکێ لە شادەمارەکانییەوە، دوا دڵۆپی خوێنی داچۆڕێنێتە ناو شووشەیەکەوە، هەتا یەک هەموو خاڵ و ڕووداوەکانی کۆن و تازەی ژیانی پێ بنووسێتەوە. دوایە سێی ئاشق بە داخ و دیقەوە ئەو وەسیەتنامە دەنووسێ کە لەسەر وەسیەتی

خۆی بیکەنە سەد کوت و هەرچۆنێک بێ یەک خۆی بکا بە ماڵی ئەو پیرێژنە بە ناوبانگە پشیلەبازەی کە ساڵەهای ساڵە کار و پیشەی کردۆتە پشیلە بەخێوکردن و سەدان پشیلەی جۆراوجۆر و رەنگاورەنگی راگرتووە. بچێ و ئەو سەد کوتە بدا بە سەد پشیلەی بێسفەت. دوایە بگەڕێتەوە بەو خوێنە دەس بکا بە نووسین و داستانی کۆتری رۆحی خۆی بنووسێتەوە. لەوێدا دوای ساڵانێکی دوور دیسان دووی وەبیر دێتەوە. هەڵبەت وەبیرهێنانەوە نا بەڵکوو تامەزرۆی دیتن و بیرەوەری جێژوانێکی زیندووی سەردەمی پیری. تەواو یان ناتەواو، کەم یان زۆر، هەتا رۆژانی ئاخری تەمەنی دەنووسێ و لەوێدا، دەیەوێ هەرچۆنێک بووە هەواڵێک لە دوو بزانێ. بە تەواوی رۆژنامەکاندا بڵاوی دەکاتەوە کە لە کۆنە نووسەرێک دەگەڕێ بەو ناوونیشانە... بە تەواوی کتێبفرۆشی و مەکۆ ئەدەبییەکان دەسپێرێ، لە کۆنە نووسەرێکی ئاوا... دەگەڕێ. ئاخری بە زەحمەتێکی زۆر پەیدای دەکا، بەڵام دووی پیر و پەککەوتە بە هیچ ناو و نیشانێکدا نایناسێتەوە و هیچکام لەو شتانەی یەکی وەبیرنایەتەوە. هەتا ئەوەی دەیباتەوە ناو کتێبخانە چۆڵ و تەریکەکەی خۆیەوە و لە یەکەم پەنجە تێکئالقاندندا، خوێنی خەست و پیرانەی وەکوڵ دێتەوە و دڵی دەس دەکاتەوە بە کوتە کوت و هێندێک تەزووی ئاشنا بە گیانیدا دەگەڕێ؛ ئەو تەزووانەی رۆحی وەجۆش دێنان و لە ناو باوەشی یەکدا دەیخنکاندن. لەوبەری مێزەکەوە دایدەنێ و دەس دەکا بە خوێندنەوەی ئەو بەسەرهاتەی بە جەوهەری خوێنی سێ نووسیویەتی. لەوێدا هەموو شتێکی بۆ دەخوێنێتەوە. دوو بە ئاستەم وەبیری دێتەوە کە ساڵانێک لەوە پێشتر دەبوو بمرێ و تەنیا و تەنیا بە خاتری کەسێک بە ناوی یەک زیندووە. لەگەڵ خوێندنەوەکەی ئەودا دەس دەکا بە حەساب کردنی رۆژ و مانگ و ساڵەکان، وەبیری دێتەوە ئەو رۆژانە ئاخرین رۆژانی تەمەنی یەکە و لە پڕ دەس دەکا بە گریان. گریانێکی بێبڕانەوەی پیرانە؛ پیرێکی دڵساف و دڵناسک؛ پیرێکی بێپەنا و ئاوارە. یەک هەرچی دەکا بۆی ژیر نابێتەوە؛ کاتێ دەزانێ هۆی گریانەکەی بۆ ئاخرین رۆژانی تەمەنی ئەوە، دیسان پەنجەی وەک مارێکی ئاشقە لە پەنجەی دەئاڵێنێتەوە. دیسان موچرکە گەرمەکان ئاژینی گیانی پیر و وشک هەڵاتووی دەکاتەوە. دەست دەکاتە قریشکەکێشان و فرمێسکەکانی پاک دەکاتەوە و دەست دەکا بە لاواندنەوەی. بۆ ئەوەی وەکوو منداڵێکی ساوا ژێری کاتەوە، مەمکەکانی کە وەکوو پازدەساڵان تەڕوتورت بوونەتەوە، دەنێتە دەمی و حیکایەتی کچێکی بۆ دەگێڕێتەوە کە دەیویست لە شەست ساڵ کەمتر نەژی و دڵدارەکەی بە گاڵتەوە لەبەری دەپاڕاوە: ئێستا ئەگەر ئاوایە هەرکەس دەمبڕ هەرچەندە پێی خۆش بێ دەژی، پیاوەتی بکە چونکە رووناکی چاوی ئێمەی، چونکە خوێنی جەرگ و هەناومانی، مەرد و مەردانە بیکە دوو بەرانبەر و شەستیتری بە خاتری ئەم دڵە حیزەی ئێمە پێ زیادکە. بیست و شەشی رۆیشتووە و با نەوەد و چواری مابێ. شاگەشکە دەبوو و بەرەو ئاسمان دەسی هەڵدێنا: خوایە زۆر شوکر نەوەد و چوار ساڵیتر من گوێم لە سەمفۆنیای خۆشی ئەم دەنگە دەبێ، نەوەد و چوار ساڵیتر من مۆڵەتم هەیە لارولەنجەی ئەو لەشە پڕ لە سێحر و جادووە ببینم. نەوەد و چوارساڵیتر چاو ببڕمە ئەو چاوانە و سەدەفی سپی ئەو ددانانە تماشا بکەم و ئاخ... خوایە دەستم بکەمە شانەی ئاورێشمی ئەو زوڵفە و شیلەی هەنگوینی ئەو لێوانە بمژم؛ ئامێزی گەرمی ئەو شەو قەڵای مێردانم بێ. پڕ بەدڵ ئەڵێم خوایە هەزار کەڕەت لێت بەزیاد بێ.

ئەم برێک تووڕە چاوی لێدەکرد و بە گاڵتەوە دەیقیژاند: ئیزنی هیچکام لەمانەت پێنادەم! لە داخی تۆ خۆم لاڵ ئەکەم، لەشیشم هەر ئاوا نامێنێ، وەکوو هەزاران شاژنیتر پیر ئەبم، لە داخی تۆش ئەمجار هەمیشە چاویلکەی ڕەش لە چاو ئەکەم و ددانەکانیشم یەکە یەکە دەردێنم و سەرێشم ئەتاشم. - برێک خاو دەبۆوە- ئێستا قەیناکە ئەمێنێتەوە یەک شت، نەکا گیانت دەرچێ، دیق بکەیت و دڵت بتۆقێ، جار جارێک بە دزی داروبەرد و باوە لە شیلەی هەنگوینی لێوم بمژە. ئەمویست لە داخی تۆ قەڵای ئامێزیشم کاول و وێرانی بکەم بەڵام قەیناکە لە بەر تۆ! لە بەر تۆی ئاوارەی ناو ئەم دڵە وێرانەی من! لەبەر تۆی... نازانم بڵێم خوا چیت لێبکا... دڵم نایە... بێپەنات کەم و لەوە زیاتر ئاوارە بی.

یەک ئاوا بێوچان قسەی دەکرد و دوو لەگەڵ ئەوەی دەیگرتە ئامێز و سەری دەنا سەر شانی، هێدی هێدی دەگریا. تامی خۆشی ئەو ئەفسانەیە دڵی گەرم دەکرد و دیسان لە خۆشیا دەگریا. پاشان یەکیش بێدەنگ دەبوو، وەکوو ئەوەی ئەوە لە یەکێ لە ئۆپێرا خۆشەکان و بە بلاوێنترین مۆسیقا بڕەخسن ئاوا بەیەیک دەست لە ناو کەمەری یەکدا دەهاتن و دەچوون؛ دوایە رادەوەستان و یەک، یەکبەخۆی دەستی دەکرد بە گریان و دەیقیژاند: بڵێی ئێمە دەرەقەتی ئەو هەموو کەسە، ئەو هەموو دەسە، ئەو هەموو دەمە، ئەو هەموو چاوە و ئەو هەموو چەک و چۆڵی داب و نەریتەیان کە هەموو کارێکی پێئەکەن، کێوی پێئەرووخێنن و کە ئێمە...

چاویان دەبرییە چاوی یەک و بۆ تاوێک بیریان لەو پرسیارە دەکردەوە. دوو بە دەنگێکی هێمن و بلاوێن دەیکوت: ئەوینی راستەقینە هەمیشە لە هەموو شەڕ و مەیدانێکدا... لە هەموو مەیدانێکدا چی... ؟

ورده ورده سەریان لە یەک نزیک دەکردەوە، لێوەکانیان هێدی دەخزا سەر یەک و تێکەڵ بە شتێکی خۆش دەبوون. بێخەبەرییەک، چێژێکی سەیر و شیرین. ئەو کاتانە، شوێن و کات بە ئاستەمیش هەستیان پێنەدەکرا و تەواوی بوون دەبۆوە تەم و مژێکی جادوویی و هیچ وەسفێکی بۆ نەدەکرا. لەو دەمەدا دوو بۆ ئەوەی تاڵی ئەو گریانە لابەرێ دەستی پێدەکردەوە: ئاخری دەتەوێ چەند ساڵ بژی؟ من تکاوڕجات لێدەکەم سەد و بیست ساڵەکە کەم مەکەوە.

- دیسان ئەتەوێ تووڕە بمەوە... ؟ ئێستا خۆت بە هیوای چەندەی؟

- من!؟ منی بەدبەخت و ماڵوێران! پەنجام داناوە و دوایەش مەسەلەی ئەسڵی چەندەکە نییە بەڵکوو بە لای منەوە چۆن مردنە.
- مەسەلەن چۆن؟
- شاعیرانە! هەڵبژاردنی مەرگێکی شاعیرانە.
- یانی چی؟! یانی لە ناو بەهار و گوڵستانا بی و بولبولیش گۆرانیت بۆ بڵێ؟
- لەوە شاعیرانەتر. جارێ دڵم نایە بۆتی باس کەم نەکا… نەکا بەغیلیم پێبەری.
- من مردنم لا بێماناترین و ناجوانمێرانەترین شتە ئێستا بەخیلی… ! ئەوە چۆنت ئەو وشەیە بۆ پەیدا بوو؟
- واش نییە، ئەبێ ئەو شتانە چونکە هەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر دێن ئەبێ بیکەینە شتێکی بەلەزەت و شاعیرانە.
- ئێستا ئەم شتە شاعیرانەی جەنابت چییە؟ تکایە هەرچی زووتر بیفەرموون.
- بە کار ئەم ساتە وەختە نایە، گیانت ئەکەوێتە سەر ئارەق و دڵت گەرم دادێ. ڕەنگە هێندەت پێخۆش بێ بەدبەختمان کەی و ئەهانێ… ! ئەی چی… ئەو وەخت ئەو نەوەد و چەند ساڵەیتر هەڵبەت زمانم لاڵ و خوایەگیان چاوم کوێر، بکەیتە نۆ سەعاتیتر یان خوانەخواستە بیکەیتە نۆ ڕۆژ یان چووزانم خوا بەو ڕۆژە نەکا بیکەیتە نۆ مانگیتر…
- ئەرێ… دڵنیا بە! من ئەگەر من بم لە شەست و سەعاتێکیش ناهێڵم کەمتر بژیم. حەوسەڵەی گاڵتە و گەپیشم نییە، ئەگەر ئەو ڕێگا شاعیرانەیەشت زۆر پێخۆشە هەڵیگرە با هەر لای خۆت بێ.
- تووڕە مەبە! دە تۆ تووڕە مەبە دەی! مەگەر خراپ دەڵێم؟ مەرگ لە جارێک زیاتر دێ؟ دەبێ بەخێری بێنی. دەبێ کەوشی بۆ جووت کەی. دەبێ چایی لە بەر دەم دانێی و بۆ نیوەڕۆ نەهێڵی بۆ هیچکوێ بڕوا. بە گیانودڵ میوانداری لێبکەی. من وام داناوە هەر نەبێ ساڵێک لە خزمەتیدا بم. دەمەوێ ئەگەر هات بە دیارییەکەوە بێ، ئەویش دیارییەکی خۆشەویست؛ نەخۆشینێک، مەسەلەن وەک شێرپەنجە. قەیناکە ئەگەر خۆشی دوایە ڕۆیشت ئەوی وەک دیارییەکی بە قیمەت پێ بەجێدێڵم. لەبەری دەپاڕێمەوە. تکای لێدەکەم. کەوشەکانی ماچ دەکەم. کەوشەکانی دەخەمە سەر چاوەکانم کە بیخاتە ناو پەڕڕەی دڵمەوە؛ شێرپەنجەی دڵ. مەزنترین نەخۆشی سەر زەوین. نەخۆشینێک کە گەورەترین دوکتورانی دنیاش سوجدەی بۆ دەبەن و لەبەر دەمیا دەستەوسانن. خۆشترین مەرگ و مردن! بە تامترین مردن! بە لەزەتترین مەرگ! لە چەند ڕۆژی هەوەڵدا ژان دەس پێدەکا. لە مانگی هەوەڵدا هەموو ڕۆژێک خواردنت کەم دەبێتەوە و ڕەنگت بڕێک دەگۆڕێ و کزت دەکا. دوای سێ مانگ تەواوی گۆشتی بەدەنت دەخوا و وەکوو کەوان وێکت دێنێتەوە. جار جار بە زۆری زۆرداری خواردنێکی سووکت دەکەن بە دەمەوە و تۆ دوای تاوێک هێڵقی دەکەیتەوە. چاوەکانت زەق زەق دەبنەوە، وەک قەبریان لێدێ. ئەو کاتانە ئەژنۆت لە باوەش دەگری، ئەگەر کەڵە پیاوێکیش بوو‌بێتی، تەنانەت ڕۆستەمی زاڵیش بی، ئەوەندەی چنگێکت لێدێتەوە. ئەنگوستەکانت وەکوو سووژنیان لێدێ. مەچەکت باریک باریک دەبنەوە هەر وەک مەچەکی منداڵێکی چەندساڵان. قاچەکانت دەبنە تیرۆک و تەواوی ڕەگە شین و ڕەشەکانی وەدیار دەکەون. لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە لەگەڵ ئێستا جیاوازییەکی زۆرت دەبێ، ئەویش ئەوەیە ئێستا پیاو وەک شێر وایە، ماندوویی ناناسێ، ئاشق دەبێ، دەلەوەڕێ، دەوەڕێ، شەڕ دەکا، دەبەزێنێ و دەبەزێ، خەون دەبینێ و سەفەر دەچێ؛ ئەو کاتانە هەموو ئەوانە کۆتایی پێدێ. هەمیشە کەسێکی نزیک، کەسێکی زۆر زۆر نزیک وەکوو منداڵێک بە خەفەت و داخەوە دەتکاتە باوەش و دەتخاتەوە سەر جێگاکەت. تۆ چاوی لێدەکەی و نایناسییەوە؛ کە ڕەنگە خوشک یان برا یان هاوسەرەکەت یان کەسێکی ئاوا نزیک بێت. چاو ئەنێیتە سەر یەک و لە بیرت چۆتەوە خەو چۆنە. هیچت وەبیرنایەتەوە. هیچکوێت نایەشێ و نازانی ژان چییە. بێ چاو تروووکاندن چەند سەعات چاوت بە سەر شتێکەوە بە مۆلەق رادەوەستێ. ئەم کاتانە شێعر نین چین؟ مردن جارێک دێت و ئاوا شاعیرانە نەبێ چڵەپووشێک ناهێنێ.
دوو قاقا پێدەکەنی و یەکیش دەیدا لە قوڵپەی گریان. دەزیقێنێ: بێڕەحمترین مرۆ و بێبەزەییترین ئاشق…! نووسەرێکی شێت و پەتیارە…! بە تۆش دەڵێن ئینسان…!؟ کوا ڕەحم و دڵسۆزیت؟ کوا…!؟
هێزی ئەژنۆی دەشکا و هەڵدەتروشکا، سەری دەنا سەر چۆکی و تیر تیر دەگریا. دوو لە پێکەنینەکەی پەشیمان دەبۆوە و بێدەنگ و دڵتەنگ دەبوو. دوای هێندێک بە لایەوە هەڵدەتروشکا و دەمی دەنا ناو قژییەوە. بڕێک دەستی تێوەردەدا، دوایە وەکوو بۆنی پێوە بکا لووتی پێدادەگێڕا. دەیگرتە باوش و رووومەتی لێدەخشاند. وردە وردە گریانەکەی تەواو دەبوو، دەستی دەدا باڵی و هەرکیان هەڵدەستان. بە بێزارییەکی تەواوەوە دەیکوت:
ئیتر ئەم جار باسی ئەم قۆڕیاتەم بۆ بکەی نە من نە تۆ!
ئەوان ئاوا یەکیان گرتبۆوە و ئەو دوای شەست ساڵ و لە ڕۆژانی ئاخری تەمەنیدا پەیدای بکا هەتا ئاخرین ڕۆژی ژیانی بۆ ڕێزگرتن لەو ئەوینە کۆن و پاکە، لەگەڵ ئەو جێژن بگرن؛ ئاخرین سەعاتەکانی ژیانی سەر بکاتە سەر دڵی ئەو و بە ئاهەنگی پڕ لە خۆشەویستی دڵی ئەو بمرێ. بەڵام پاشان پەشیمان بێتەوە و هەر بە خاتری دڵی ئەو،پێیبڵێ ئەگەر شەستی هەوەڵ هەمووی بۆ قسەی خەڵک و چاوی خەڵک و خەیانەت و دەمی خەڵک ژیام، ئێستا دەمەوێ شەستی دووهەم بە خاتری دڵی تۆ نا، بەڵکوو بە خاتری دڵی خۆم، هەستە با لە ناو دۆزەخی سەر ئەم زەوییە و لەگەڵ تۆی ئازیز، لە ناو ژینێکی گەورە گەورەی حەرامدا بژین و، دوایەش گەورەترین جەژنێک بۆئەوین بگرین، کە جەغزی هەمیشە سەربەستییە؛ ئەگەر تەنانەت هیچ کەسیش بڕوا نەکا.

خەرابات

سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە

هەزار هەزار دێنە کۆڵانەوە . ئەم سەراوسەری دەگرن .تەنگ بەهەمووشت هەڵدەچنن. بە لێشاو لەدەرگا دەدەن . کەس لێیان ناکاتەوە ناوێرن؟ ئەگەر هەروا بڕواتە پێشێ ،دڵنیام گشتیان بەفیڕۆ دەچن . گەشە ونەشەیان تێدا بەدی ناکەی ،وشک هەڵاتوون .چەند کەسێکیان فیێان لێدی . شێتانە لوولەی تفەنگەکانیان دەگرنە سەربانەکان و دەیتەقێنن . دێو ودرنج بەپەل وپۆکوتان دەکەونە خوارێ ، بەڵام دەرگاکان ناکرێنەوە .باوکم بەسەرمەوە ڕاوەستاوە ، بەسەرم دا دەقیژێنی :مارڕباب ناتەوێ ئەو درگایەیان لێ بکەیەوە ؟ من تخێلی زەوی ببووم ،خۆم وام کرد بوو. — من بۆ؟ ئەی بۆخۆت چی ؟ ئەی خەڵک نەهەو؟ ئەوان بۆ نایکەنەوە ... پاڵ دەهاوێژنە دیوارەکان ودەتوێنەوە . دیوارەکان پڕدەبن لەخاڵی ڕەش . لەپڕ لەو دیودیوارەکانەوە دادەگیرسێن . توێژە نوورانییەکەی داڵدەی داون بەنینۆک لەسەرێ وتاخوارێ دادەدڕنوو زرم هەنگاو بەرەو ..- پێم وابێ — نادیار هەڵدەهێننەوە . هەوەڵ کەس بەتەمان من قۆڵ بەست کەن . بەڵام من لەوسەری دێمەوە . لەپێش هەمووکەس دا دەچم بۆ پێشوازیان و خولکیان دەکەمە ژوورێ . تێکڕا پیم پێدەکەنن وسەرڕادەوەشێنن. تێکڕا چاوم لێدادەگرن . لاقەکانم تێکەڵاو دێن. — بابە شوورەییە ... باوکم ڕوودەکاتە فەرماندەکەیان : قوربان فریام کەوە ، خواردوویانم . تەنیا ئێسکانەکانم ماوە ، قوربان بڕستیان لێبڕیوم ،ئاسمانیان لێگرتووم ،تەنیویانە . هەرچی دۆعا دەکەم زەروو دەهێنمەوە . ئاخ... چەندە گەرووم دێشێ . -بابە عەیبە .... باوکم چاوەکانی دەقووچێنێ : دە زانم بڕوام پێناکەی قوربان ، حەقتانە قوربان ، من بە خۆشم لەپێش دا بۆم جێگای بڕواپێکردن نەبوو. بەڵام ، (دەپاڕێتەوە) ئێوە پێویستە باوەڕم پێبکەن ، قوربان ! (وەک ئەوەی شتێکی گرینگی دۆزیبێتەوە . بەری دەستەکانی لێک دەخشێنێ .)ئەرێ قوربان ،ئێوە جەنابی شێخ دەناسن ؟ ! زۆر باشە ! قوربان ،جەنابی شێخ چاکتردەزانێ . ئەودەیان ناسێ ، دەفرمێ کافرن ، ڕاست دەکا قوربان ، خۆیان دەفرۆشن .بەڵێ

من دەزانم ، بەڵێ . شەوانە بۆئەوەی بم ترسێنن ڕۆح بەدەرم دەکەن . پەل وپۆیان دەخەنە حەوشەوە.دەزانی قوربان ،بۆنی مێوژیان لێدی . لەو کاتەدا شێخ خۆی دەکا بەماڵێدا .ئەو عەبایەی توند بە خۆیەوە پێچابوولەگەڵ وژەی- با — لەئەندامی جیا دەبێتەوە ، وە حەوا دەکەوێ لەگەڵیدا هۆش وگۆشی منی کلۆڵ و چاوە فرمێسکاوییەکانی باوکم . شەقەی هەڵفڕینی عە با وەک لێک دانی دەسماڵی یەزدی لەبن گوێم دەزرینگێتەوە . لەسەر ڕێگای خۆی کۆترەباریکەیەک دەپێچێتەوە و دەیبا . شێخ وەک میر غەزەب لەنێوەڕاستی حەوشە ڕادەوەستی . بابم بەهەپڕوونی خۆی دەخاتە ئامێزییەوە . شێخ بابم لە ناو باوەشی دا جێدەکاتەوە . بزەیەکی شێتانەی لەسەر لێوەکانی داناوە . یەک لەدوای یەک دەست بەسەری بابم دا دێنی ونەوازشتی دەکا .دەستێک دەخاتە سەر شانی فەرماندە . وەک ئەوەی وەحەوا کەوتبێ ، تۆزقاڵێک لەسەرووی عەرزی ڕاوەستاوە . بێ ئەوەی تەمەشای جێگایەکی تایبەت بکا بۆی دەخەنێتەوە . چین وچرووک لەسەر ڕوومەتی هەڵبەز دابەزیانە . بەدەست خۆم نییە هەرچی بیر دەکەمەوە وەبیر هەڵکۆڵراوەکانی چاخی شەیتان دەکەومەوە کە لەپشت ماڵان پارێزراوە . ددانەکانی شێخ: بێزم هەڵدەستی . توێژێکی زەرد وناحەز داپۆشیون . بەپێچەوانەی ڕێزی سەرێ کە لەوەدەچێ باشتر مابێتن ،ڕێزی خواری زۆر خوار وخێچ وناحەزن . دو سێ دانەشیا ن کەوتوون و کەلێنێکی ئێکجار ناحەزیان بەدی هێناوە . دەستە وشک وباریکەکانی بەرەو ئاسمان هەڵدەهێنی . دەمارەشین وسەوزەکانی وەدیار دەکەون . دڵنیام جگە لە خوێن بۆی هەیە هەمووشتیکی تێدا بی ، دو جا ر لەپی دەستەکانی لێک دەدا . گێژەڵووکەیەکی سەیر وسەمەرە دەور وبەرمان دەتەنێتەوە . چاو چاو نابینێ . شێخ دەڵێ : گوێ بدەنێ ، فەرمان ئەوەیە ، دەبێ دارەکان بسووتێنن . سەرخۆشانە دەورێک دەسوڕێتەوە ڕادەوەستێ ،هەست دەکەم پێڵۆی یەکێک لە چاوەکانی دەپەڕێ . بەڵام ...ئەوەی کە نەسووتا ئەوە ڕۆحی چەپەڵی ئەم گەندەڵەیە . دەستی نەفرەتاوی بەرەو من ڕادەدێرێ : عەزابی

خوای لەسەر بێ . بێ یەک ودو سەربازگەمارۆم دەدەن وقۆڵ بەستم دەکەن . بەهەموو قەوەتم هەوڵ دەدەم خۆم رزگار کەم . خۆم ڕادەپسکێنم . بەڵام بێ سوودە . — بابە بەخوا کوێر دەبین ... بابم من هیچ ،تەنانەت ئاگای لەخۆشی نییە ، وەک ئەوەوایە جادووکرابێ . بەدەستێک ریشی شێخ شانە دەکا و بەدەستەکەی تری خەریکە نەمامێک هەڵدەکێشێ . لەپڕکرتەیەک لەپشتمەوە دێ . هەست دەکەم تۆزێک لەعەرزی ڕۆچووم . شێخ بەردەوام دەستەکانی لێک دەداووەک ئەوەی جەزمی کردبێ لەجێ ی خۆی دەخولێتەوە . فەرماندە وەک هەلووک هەڵدەسووڕێ و دەستوور دەدا. ئاور لەهەموو دارەکان بەردەدەن . باوکم دەستی شێخ لەناو دەستەکانی دەگرێ و رێنوینی دەکا بۆلای کورسییەکی شکۆدار کەلەپاڵ دیواری حەوشە داندرابوو. هەر کەشێخ دادەنیشێ ،باوکە لەبەر پێی دادەنیشێ . سەری دەنێ بەلاقی شێخەوە .چاوەکانی کەمێک دەنێتە سەر یەک و لەسەرەخۆ دەلاڵێتەوە : - کورەکەیان لێکردووم ، قەت بڕوام نەدەکرد ئاوام بەسەر بێنن. پەیتا پەیتا لەگەڵی قسە دەکەن . بەڵام خۆیان پیشانی من نادەن . قوربان ئابڕووبەرەن . بە دەستووری شێخ ڕاکێش

ڕاکێش دەمبەنو لەبەردەمی دەمدەن بەعەرزدا .چاوەکانی تەنگتر دەکاتەوە ، وەک ئەوەی نەتوانێ بەباشی بمبینێ ، بەڵام گلێنەی چاوی لەجاران ڕەشتر دیارە . ئەوەش زیاتر لەجاران دەمترسێنی . چاوەکانی شێخ: بیدرکێنە... قیژەکانی من : نا...نا ...هەست دەکەم تەنیا زارم نییە قیژەکانی دەگرێتە شێخ بەڵکوو ئازای ئەندامم لەگەڵیا هاوکاری دەکەن ، تێدەگەم هەموولەشم لەگەڵ ئەوەی لەوپەڕی تورەی دان کەچی بەکڵۆڵی دەست دەکەن بەگریان . سەرم خەریکە بە هە نیسکە و ە هەڵکەندرێ بەڵام دیسانیش دەڵێم : - هەمووی خەتای تۆیە شێخ ! دەزانم دەتەوێ

بیدۆزیەوەو بۆخۆتی هەڵگری . ئەی شێر بەهیوابە ... تامن مابم ناهێڵم دەستی پێ بگەیەنی . — بیدرکێنە ...دەی زوو... سەربازەکان بەنێو ماڵێدا وەر دەبن . گشت کەلێن وقوژبنێکی دەگەڕێن هەموووڵاتیان شێواندووە .ئاداریان بەسەر پادارییەوە نەهێشتووە . شێخ بەخۆی وەپێشیان کەوتووە .بەگۆچانە درێژەکەی نێو دار وچڵ وپۆپەکان دەگەڕێ . تەواو وەک هاری لێهاتووە . بابم گەلحۆیانە وەدوای کەوتووە . لەپڕشێخ ڕادەوەستێ ، دەبریسکێتەوە . ددانە کانی لەخۆشیان دەکەونە خوارێ . لەخۆڵ دەگەوزین ،بەڵام لەوەدەچێ لای گرینگ نەبێ ، گوێی ناداتێ . باکم دادەنەوێتەوە ، بەحورمەتەوە هەڵیان دەگرێتەوە . وەک ئەوەی شتیکی ئێکجار پیرۆزی بەدەستەوەبێ تیان دەڕوانێ ،بەئاستەم فوویان لێدەکاو بەدەسرۆکە هاوریشمەکەی دەیسرێ . شێخ بەپەلە لەدەستی باوکمی وەردەگرێ و دەیخاتە دەمیوە . — ئافەرم !... باکم : بەسەدەقەت بم ... شێخ : بۆخۆم...بەپێی فەرمان دەست دەکەن بەسووتاندنی دارەکان . هێندەی پێ ناچێ دارەکان و تەنانەت گژ وگیاش هەمووی دەبنەقوربانی ، جگە لەدارمێوەکە . تەنیا ئەو دە هێڵنەوە . نازانم چی بکەم . عەجمانم لێهەڵگیراوە

. لەتاوان خەریکەکوێراییم دابێ . لەکاتێکا هەناسەم بۆهەڵناکێشرێ و هەنیسک لە قورگمدا گیری کردووەو دەیرووشێنێ ، بەئەوپەڕی کۆلیلییەوە دەڵێم : نەمکووت بابە … بۆبەقسەت نەکردم ؟ تەمەشا چ بەڵایەکیان بەسەرماڵ وحاڵمان هێنا . بۆن بکە بۆسۆی نەفرەت وڵاتی داگرتووە ، جیهان تێگەی ،بەتەمانی لەخەوهەستی ؟ ! باوکم وەک ئەوەی گویی لەمنیش نەبێ هەروا جادووکراووسێحراوی چاوەکانی بڕیوەتە شێخ وئاکاری وێرانکەری . بەگشتیان دەورەی دەدەن . وردە وردە خەریکن لێی نزیک دەبنەوە ، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە سەری وهەڵیکێشن شتیک دەقەمێ وریسەکەیان دەکاتەوە خوری . لەناوقووڵایی هەناوی دارەکەو لەناو یەک بەیەکی دەمارەکانییەوە هاوارێک هەڵدەقوڵێ . بەحەدێ تیژ وترسێنەرە ،خۆیان بۆڕاگیرنابێ و بەتەواوی هێزیان گۆییان دەئاخنن . هەربۆیەش گەمارۆتێک دەشکێ ولێک دەرەوێتەوە .بەوپەڕی سەرسوورمانەوە دەبینم دارە مێیینە باوەش دەکاتەوە وبانگم لێدەکا . منیش وەک ئەوەی لەمێژساڵ بێ چاوەڕوانی وەها زەمانێک بم بەپڕتاو بەرەورووی دەچم وخۆم دەخەمە باوەشێوە ونوقم دەبم . بەم حاڵەش چەند جار دووپات دەبمەوە . جارێک لەسەربان لەکۆشی دێوەکاندا ، جارێک لەسەربان لەباوەشی هەورەکان . لەناوجەرگەی ئەم دۆنادۆن وگۆڕانەدا لەیەک پڕدا هەرا لەباوکم دەکەم : - خوداگیرم دەبێ بابە … بابم یەک بەخۆی دادەچڵەکێ . بەهەرجۆرێکە دەستی لەگویی دەکاتەوە وبەچوار دەوری دا دەڕوانێ . شێخ تازە خەریکە لەسڕی دێتە دەر ، بەتوڕەیی بەری دەستەکانی لێک دەدا. سەربازەکانیش وردەوردە سڕبوون بەریان دەدا. باوکم دادەنەوێ ودەنووسێ بەداوێنی لیباسەکەی شێخەوە ودەڵێ : جەنابی شێخ ئەوە چ دەکەی ؟ من تەنیا ئەوکوڕەم هەیە . باوەڕ بفەرموو بێجگە لەو نۆکەرەی جەنابتان کەسی کە شک نابەم . شێخ کەمێک لە باوکم ڕادەمێنێ ودوایی لەقاقای پێکەنین دەدا : -خەمت بەبێ ڕۆڵە ،ئەوەنییە منت هەیە ، خەمی چتە ! تازە شتێکت پێ بڵێم ئارخایەنت کەم ،بەری کۆن زەرد دەبێ بەڵام نافەوتێ . — بابە ئەری چ قەماوە ، تۆ لەکوێ ڕاوەستاوی ؟ ئەی بۆ ناتبینم ؟ دونیا بۆ ڕەشە … بابە خۆ هیچ کوێ نابینم … فەرماندە لەپاڵ دیواری حەوشە لەژێر سێبەری دار مێوەک ڕاکشاوە . دەڵێی هەزار ساڵ دەبێ خەوی لێکەوتوو ، پرخەی ڕۆژەڕێەک دەڕوا . شێخ بەچیلکەیەک خەریکە تێی دەوەژێنێ بەشکم لەو خەوە بەبڕوای ئەو نابە جێیە هەڵی ستێنێ . کەچی فەرماندە گویی پێنادا ،قامکی ئەسپێ کوژەی ناوەتە دەمێوەو زۆر بەئیشتییا دەیمژێ :- دەڵێم گەڕێ دایکە ،خۆ زۆری ماوە بۆ کاتی چوون بۆ مەدرەسە ،باکەمەکێکی دیش بنووم . ملچ… ملچ… مڵ…سەربازەکان بەدەوری شێخەوە کۆدەبنەوە ، بەتامەزرۆیی تێی دەڕوانن . بەنێویان دادەگەڕێ و نەوازشتیان دەکا . لەترووکەی چاوێکدا هەموو شتێک ئەهوەن دەکاتەوە . بابم هەتا خودا حەز بکا ماندووە ،بەڵام هەرچی دەکا جێیەک نادۆزێتەوە بۆ دانیشتن ببێ . هەست دەکا هەمووشوێنەکان شیلاوییە . بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەڵێ : - دە چ بکەم ڕۆڵە بەوڵڵایی تاوانم نییە .دەک بەقوڕ گیرێ ،خۆ شوێنێک نییە تێیدا وەحەسێی .بەڕاستی بەقەت کەرێک ماندووبووم . شێخ کاتێ لەفەرماندە ناهومێد دەبێ ، سەربازگەل لە پەنایەک بەرێز دەکاو بەخۆی دەچێتە سەر سەتڵە زبڵێک وئاوا بۆیا ن دەدوێ : - کوڕگەل بەجوانی گوێم دەنێ ،ئەوە ئیتر هەلێکەوڕەخساوە شایەد هەرگیز دووپات نەبێتەوە ،بەخۆتان شایەدن من بێ وچان گەڕام، تەواوی هەوڵی خۆم دا . ئیتر هەمووهیواوهومێدم بەئێوەیە .نەم توانی بیدۆزمەوە . بەڵام دڵنیام بەئێوەی نێرینە پەیدادەبێ . هەدووک دەستی بەرەو ئاسمان هەڵدەهێنێ و: - خوایە… ئەی خوای مەزن لەدەستی بستێ گۆشت کەبەر ناگرێ هیچ ، خەریکە لەبەرەوەش قووتمان دەدا رزگارمان کە ! لەوپەڕی کوڵلی داین ،پێویستە ئاورێکمان لێبدەیەوە ! بۆ فەرامۆشت کردوین ؟!هەناسەی سوار دەبێ وئیتر هیچی بۆناگوترێ ،لەجێیی خۆی هەڵدەترووشێ . هەست دەکا خۆی پیس کردووە . (نەدەبووایە لێی بپاڕێمەوە ،خۆم سووک وچرووک کرد ،ئەوەتا ئاوا جوابی دامەوە.)هەروالەسەر چۆک بەرەو لای من دێ .بەسەر تەرمەکەمەوە ڕادەوەستێ : -مەردی خودابە پیشانمی دە!بەخۆت دەزانی لەمێژە عەوداڵیم .ئەگەر ئەم چاکەیەم لەگەڵ بکەی شەرت بێ زیندووت کەمەوە. بێ دەنگ پێدەکەنم . لێم ڕوون دۆڕاندوویەتی . ئەوە دوایین پەلەقاژەیەتی . ئای چەندە بەکەیفم !سەربازەکان دەچنە بن پیلی فەرماندەوە ، بەهیچ کلوجێ خەو بەری نادا . ڕاکێش ڕاکێش لەژێر دار مێوەکەی دوور دەخەنەوە . دەزانم ئێستا ترسێکی قورس وگران ئاوێتەی دڵیان بووە .ئاگایان لەخۆبڕاوە، وێک دەکەون . بەیەکەوە دەنووسێن . دەڕووشێن . دەست دەکەن بە درۆ کردن بۆیەکتری . ئێستا بەتەواوی دەزانم بەڕاستی کوێر بوون . بەدبەختانە ،تەنانەت ناتوانن وەک من بتوێنەوەش . دەست لەبن پیلی فەرماندە بەر دەدەن . تەرمەخەواڵۆکە تخێڵی عەرزی دەبێ ، لەمەودای کەوتنی یەک لەدوای یەک قامکەکانی بۆمژتن لەزاری ڕۆدەکا ، ملچ …ملچ…مڵ…شێخ توڕە دەبێ :- لێگەڕێن ئەومارزبابە ،بابتۆپێ . بەپڕتاودەچێ وپەلێک لەدار مێوەکە لێدەکاتەوەو بەردەبێتە لێدانم . هەرچەند زیاتر شولەکە دادێنێتەوە زیاتر توڕەدەبێ .بەپێچەوانەی ئەوەی بیری دەکردەوە ، هیچ خۆشییەکی ئەوتۆی پێناگا . ناچار بۆئەوەی چێژی تەواووەرگرێ ،دارەکە لەخۆی دەبڕێ . هێندەی کوتاوم هەمووگیانمی ڕەشو شین کردۆتەوە. بەڵام هەست بەهیچ ژان وئازاێک ناکەم ، بڵێی هی ئەوەبێ مردووم ؟! هێور هێور گیانم گەرم دادێ ، لەزەت وخۆشییەکی سەیر بەهەموو دەمارەکانمدا دەگەڕێ . ئاگام لەخۆم نییە ، هەست دەکەم خەریکە بێ هۆش دەبم . بەڵام هەمووشتێک دەبینم : شارپڕبوووە لەسەربازی کوێر ، دارەکان دەبڕنەوە ووەک گەورەکەیان دەکەن . بێچارانە ! تەنانەت ناتوانن بتوێنەوە .تائەبەد زێندەبەتاڵ بوون .

ڕۆکسالانا ئاناستاسیا لیسوفسکا

تەوراتی ئەولیا بە خەتی ڕەیحانی

توانا ئەمین

سفری دروستبوون

ماوەیەک بوو بیرم لە دروستکردنی حیکایەتێک دەکردەوە، کە پاڵەوانەکەی بە دەست بێقەراریی ناو بێخەوییەکی کوشندەوە دەناڵێنێت. کاراکتەرەکەم هەرگیز دروست نەکرد، ئەو چانسەی بێتە ژیانێک لە دەرەوەی ویستی خۆی؛ نازانم بڵێم بە خۆشحاڵییەوە یان بە داخەوە؛ لێسەندەوە. ئایدیاکەم وەک بیرۆکەی دروستکردنی ئەو بوونەوەرە وابوو کە خودایەک، جارێک، تەنیا یەک جار بە زەینیدا دێت بیخولقێنێت و نایکات، ئاوا ڕاگوزەر و خێرا خەیاڵەکەم؛ کە شتێک بوو وەک تەمی ناسکی جێماوی حیکایەتێکی کۆن لە سەرمدا، هات و ڕۆیشت... دەمویست تەدارەکی کارەکە وا ڕێک بخەم، کە خوێنەرەکەی ببێت بە بەشێک لە حیکایەتەکە، لە من و کەسێکی تر؛ هەر کەسێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان و بەڕێکەوت لە وڵاتێکی دوور و تەریک و لە کتێبخانەیەکی چەپەکدا ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە و خۆی لێ ببێت بە وێژەرەکەی، بە پاژێک لەو دێڕە خواروخێچانەی لە بەردەستیدایە... چیرۆکی ناو خەیاڵدانی بێباکی من، تەنیا بە نووسین بە پایان نەدەگەیشت و ئەوە تەنیا نووسراوی دنیا بوو، کە ئاتاجی خوێندنەوەی بە کەس نەبوو.

من مژۆڵی ناو گیرۆدەیی لۆچاولۆچی خۆم بووم و خەریک بوو لە دەرگا دارینەی قاوەخانە چکۆلانەکەی شەقامی (سۆدێرباری) دەچوومە دەرەوە، کە کچێکی ئاڵی موو کاییی، بە دەنگێکی شەهوانی، کە وات دەزانی لە دڵێکی تەنگەوە دێتە دەرێ، هاواری لێکردم: "Ursäkta! (بێزەحمەت.!)" بروسکەیەکی گەرم بە سەرمدا هات و سارد سارد لە سەری پەنجەکانمەوە دەرچوو... کچەکە لە بەردەممدایە، کتێبێکی بەرگ چەرمینی کۆنی پێیە و دەڵێت کە لەسەر مێزەکەی من جێماوە! کتێبەکە لەو پەڕاوە کۆنانە بوو، کە هێزێکی موگناتیسیی گەورەیان هەیە و بە جۆرێ سەرنجی وڕ و تاساوی بونیام ڕادەکێشێت، کە ناتوانی حاشا لە خاوەندارێتی بکەیت. من پاش ئەو ڕووداوانە و دوای ساڵەهای ساڵ لە دۆزینەوەی نهێنییەک، هێشتا بۆم ڕوون نییە ئەو ئێوارەیە؛ _کە ئێستا ناوی دەنێم (ئێوارەی فریو)_ کتێبەکە خۆی، یان ئەوەی بە دەست کچێکی کاڵی قەشەنگەوە بووە، تەلیسم و کەمەندکێشی ناو ئەم کاغەزە زەردانەی کردووم، کە هێشتا دەرچوون لێیان وەک ئەمەلی ئاوە لە سەرابستان.

یەکەم جار کە شەیتانم لەو کافێیەدا لە (ستۆکهۆڵم) بینی؛ ئەو لە بەدلەیەکی کاڵی کارکردن و من لە قەرقەشەیەکی ڕۆحیی گەورەدا بووم. ئەو ڕۆژانە لەگەڵ ژنی هاوڕێکەمدا لە ئاریشەی لەباربردنی سکەکەیدا تێدامابووین، کە وا بەو پاییزە ساردە و وەک کۆرپەیەکی جێ بەخۆنەگرتوو؛ هێکراهێکرا لەقەی لە سکی ڕووتی دایکی دەدا و بە ڕێکەوتێکی ناخۆش لە من پڕ ببوو!

ئاهـ... ئێمە ئەو ڕۆژانە خەراپ گیرمان خوارد بوو... شەیتان لەو دیدارە کتوپڕ و بێژوانەدا کوڕێکی چاوبادامی گەنج بوو، هەرچەند یادەوەریی خۆمم دەگوشی، بێ ئەوەی بیناسمەوە، سیمایم لەبەرچاو غەریب نەبوو؛ شێوەی لە ئەکتەرێکی فەرەنسی دەچوو کە ئێستا ناوەکەیم بیر چۆتەوە... شتێک لەودا هەبوو کە هەر کەسێکمان بیدیبا، هەستمان دەکرد پێشتر لە کات و جێگەیەکی تردا بە خزمەت ئەم دەموچاوە گەیشتووین.

داهێزران و نیگەرانییەک لە چاویدا بوو، کە هی زۆرنووستن بوو، خۆی وتی: "من یەکەم جار بە باری تەعالام وت ئەم هەموو نازە مەیە بە ئینسان، ئەم ماخۆڵانە بچووکە ناسرەوێت، دەست بۆ هەموو دونیا دەبات؛ ئەوانەی وا هی خۆین و ئەوانەی هی ئێمەیشن، شتەکان وا تێکەڵ دەکات، من و ڕەبولعالەمینیش سەرمان لێی دەرناچێت". ئەوەی لە شەیتاندا دەیترساندم؛ ئەو قسەکردنە جوانەی بوو بە کوردیی زاراوەی سۆرانی. من هەمیشە لەو کەسانە ترساوم، کە بە هەموو زاراوەکانی زمانێک بە پێرفێکتی دەدوێن و ئەوەم وەک جۆرێک لە حەربایی سەیر کردووە. وەک ئەوەی زۆر لە خۆی بکات بە خاووخلیچکییەکەوە کە دەمی بۆ لەیەک هەڵنەدەپچڕا، وتی: "هاوڕێکانت ڕۆژانە لە تخوبی مندا ئیشەکانی خۆیان دەکەن... ڕۆژگاری من تەواو بووە، گوزەشتم، مامۆستا بەسەرچووم... من یەک ئیشم هەیە؛ ئیتر دەبێ بنووم!". ئەوەتا من سەرم لەم دیالێکتە تێکەڵەی

سوورِ ماوە، بەڵام خوێنەری خۆشەویست دەبێت پێت بڵێم (نووستن) پلۆتی ئەم چیرۆکە نییە و خەیاڵێشت ئاسوودە بێ، من و تۆ ئیتر تا کۆتایی شەیتان نابینینەوە.

سفری دەرچوون

((بەناوی خوای گەورە و مەزن
من کە بەندەیەکی بچووک و بێ نرخ ئەولیا ناوم و قەزدی سەفەر و گەڕانی دنیام هەیە، بەیارمەت خوا یەکەم ڕۆژی مانگی جیمادی یەکەمی ساڵی ١٠٦٥ شاری ئۆسکۆدارم بەجێهێشت و بەدوای مەلیک احمەد پاشادا، ڕووم کردە ئەلایەتی وان. ئەمەش بەسەرهاتی ئەو گەشتەیە:))

٤ ٥ ٣ سا ڵ

لەمەوبەر، ئەولیا چەلەبی لەم بەرگەی (سیاحەتنامە)کەیدا، کە ئێستا وا لە بەردەستاندا و وەک دیارییەک لە دوژمنی خوداوە گەیشتووەتە من، لە فەسڵی (اشباح فی مرآة)دا باسی حەکیمێکی سەیر دەکات، کە شەوێکی سارد و تاریک لە ناوچەیەکی کوێستانی، لە دامێنی زنجیرە چیایەکی زنار و گردەڵە، لە باکوری خۆرئاوای (ورمێ)، لە ڕەشەبایەکدا چاوی پێی کەوتوە. حەکیمەکە لەگەڵ کاروانێکدا بووە، کە یاقووت و یەتیمی لاچینیان بە سەفەرێکی تولانی و تاقەتپڕوکێندا لە (سەرنەدیبە)وە بردووە بۆ (بولغارستان). ئەولیا لە وەسفی ئەو حەکیمە غەریبەدا دەڵێ: ((لەپێشچاوم هەم ئاشنا بوو، هەم ئەغیار، مووکاڵێکی میانەساڵی نەحیف بوو، هەموو عەردی خوای تەقاوتەق دابوو.

بەحاڵێ دنیادیدە بوو؛ بونیام سەری دەهاتە خوروو)) ئەوانەی ئەم بەشەیان لە سیاحەتنامەسیدا خوێندووەتەوە و بە خزمەت چەلەبی خۆی گەیشتوون، دەڵێن؛ کتومت ئەوە وەسفی ئەولیایە بۆ خۆی!

سەفەرنامەکەی چەلەبی کە وا بە دەستی منەوەیە و تۆیش دەیبینی، نومرەی قەبووڵی لە قەرائەتخانەی تۆپقاپی لە (ئیستانبوڵ) وەرگرتووە. بە خەتێکی باریک، بەڵام درشت نووسراوە، من لە فەرهەنگە گەورەکەی خەتدا کە (شەمسەدینی سامی) نووسیویەتی، دیتم ئەمە خەتێکی فارسی_عەرەبی قەدیمە و لەبەر ئەوەی ئەلیفەکانی درێژ و کۆتایی پیتە خوارەکانی تەنک و تیژە، بە ناوی ڕووەکێکی بۆنخۆشەوە ناو نراوە... لە حاشییەدا چەلەبی نووسیویەتی:

((وەلەو ئەسرارە لاکین نەکا لە یەومی پسڵانا لەبەردەم خوای خۆم رووسیاهـ بم باید حەقیقەتی پشتی سەفەرەکەم کە تەعبیرە لە کەشفی ئەعشابێکی شیفاهـ بۆ لەبارخستنی سکی (خەدیم)ی ژنە بچووکی سوڵتان (سەلیم خان) کە بە فیتی شەیتان لە (مەلیک احمەد پاشا) پڕ بوە بۆ پەیدۆز و خۆنەوارانی دواڕۆژ سەجل بکەم)).

من دوای ماوەیەکی زۆر سۆراخ کردن، بە ڕێکەوت لە گەڕان بەدوای واژەکانی تری خیانەتدا؛ لە فەرهەنگی (بورهانی قاتیع) دا، ئەو سەرەداوەم کەوتە دەست؛ کە ئەم کتێبە بۆ بۆنی ڕەیحانەی لێدێت؟

سفری ئەولیا

لێرەدا و وەکو خۆی _تەنها ڕێنووسەکەی دەگۆڕم_ یەکێک لە گفتوگۆ قووڵەکانی ناو کتێبەکەی بەردەستم دەنووسمەوە، کە حەکیم و

چەلەبی شەوێک لە بارەی ڕۆحەوە لە گوندی (گویزەل سوی نزیک ورمێ، لە سەرسنووری مەملەکەتی فارسدا کردوویانە و وا بزانم ئەولیا ویستویەتی لەسەر ئیزنی حەکیمە نەناسەکە، گیایەکی لەباربردن بۆ ژنی سوڵتان؛ کە بە خیانەتێکی قورس لە نزیکترین هاوڕێی خۆی پڕ بووە، دەست بخات:

((جەنابی حەکیم... کە پیاو نوتفەیەک دەخاتە لەشی ژنێکەوە وەکو ئەوە وایە تۆوێک بخاتە ناوعەردەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاوی بدات، تا ئەم تۆوە سەوز ئەبێت و پەل دەکوتێت و دێتە دەرەوە و ئەبێت بە درەخت، بەڵام هەروەک چۆن تۆوەکە درەخت نییە، ئاوهاش نوتفە ئینسان نییە))

((درەختەکە خۆی تۆوەکەیە بەڵام لە حاڵوبارێکی ترا، عەرزت بکەم لە هەوایەکی ترا، ئەوەی ئەسڵە تۆوەکەیە نەک دارەکە، نوتفەش هەم تۆو و هەم گەوهەری ئینسانە لە پاکترین و شیاوترین باردا))

((حەکیمی نەناسی بەختی من... مەسەلەکە بۆ منالّی زۆڵ فەرقی هەیە، ئەمە بۆ سەرزەمین عبوری غەزەبە.

وا لەدایکبوو بە شەش پەلەوە، وا خوا ویستی ئەو دوو زیناکارە بە جەزای تولفێکی نوقسان بدات، شتێک بێتە دەرەوە وەکو عیبرەت. وا ئینسانێکی جیاوازمان لە ئینجازی ئەم خیانەتە بینی))

((ئەولیا... ئەرخەیانبە، تەبیعەت ئەوەنەی پێی کراوە لە غەدری بەشەردا درێغی نەکردووە، لە جنوبی شەرقیەوە تا شیماڵی غەرب، بە فەرقێکی کەمی سوڕەت و کاوکاوێ قەوقیافەمان، هەموومان تەشابیهین... تۆ ئەفەرمووی ئینسانی جیاواز! ئینسانی جیاواز کوا؟ کەسێک لە قوڕتوبە و من لە خۆراسان و بەندەیەکی خوا لە چینوماچین وەکو یەک واین... هەرسێکمان دوو دەست و دوو قاچ و یەک سەرمان هەیە، هەندەسەی ئەعزای بەدەنمان کتومتە... کەی تەفاوتی مابەینی دوو بەشەر وەکو فەرقی نێوان خەرگوش و زەرافەیە؟

لە کاری ئیلاهی سەرم ئەسوڕمێ، سەدەها چەشنی پەڕەندەی هەڵداشتۆتە ئەو عاسمانە، کەچی ئەم حەشاماتە ئەحسەن تەقویمەی خۆی کە ئیسمی لێناوە بەشەر، لەسەر ئەم عەردە خڕە، بەیەک نەوع خەلق کردوە! لاکین دەر مەوزوع نوتفە گەوهەرە، مەعدەنێکە کە ژەنگی ژیان نەیگرتووە، ئەینا برای ئەلعان و قیامەتم، ئینسانی جیاواز کامەیە؟))

((جەنابی حەکیم... ئەگەر ئەو گەوهەرەی جەنابت دەفەرمووی، ڕۆژێک تەشریفی هێنایە ئەم دنیایەوە و سەیرمان کرد؛ زاڵمە، بینیمان خوێنخۆرە، تماشامان کرد؛ گورگێکە لە خۆیدا و وەعشییەکە بۆ ئەو ئەهلە، ئێمە لەم سەرەوە بۆ ئەو درندەیەی موستەقبەل پەت نەکەین؟ بۆ بیبەڵین بێت؟ ئاخر پیاو بری فامی هەبێ، ئەم ئاگرە بۆ لەماڵی خۆی بەردا؟))

((ئەولیا بەگ... ئەویان لە عیلمی بچووک و ناچیزی ئینساندا نییە، پیاوی ژیر ئەگەر و مەگەر ناهێنێتە جەڕ و بەحسێکەوە کە خۆی دەستی تیای نییە، لاکین...))

((حەکیم ئاغا... هەموو شتێ بڵێ و بەس مەفەرموو ئەمە لەدەست خودایایە، ڕجا ئەکەم ئینسان لەم زووڵمە کەبیرەی کە هەروا خەریکە لە خۆی دەکات، بێ بەری مەکە!))

((ئەفەندی... ئەمە پێی دەڵێن ئیزهاری نەزەر! ئەولیا... تۆ پیاوی خوای، نامومکینە زاتی ئیلاهی لەم جەڕ و بەحسە بکەینە دەرەوە، دروستە پێشتر قەرارەکە لە دەست ئینساندایە، بەڵام کە ئابی حەیات کەفتە ڕەحمی مادەرەوە، ئیشەکە نقڵی بەردەم تەعالا ئەبێ... خوا خۆی زاهیر و باتینە، پێی خۆش نییە ئەم بەندە بچووکە دەستبخاتە ئیشییەوە، وە ئەما بەعد با مناڵەکە تەشریف بفەرموێ؛ چوزانین نابێ بە نوور بۆ ئەهل، وا ناکات برێ ئازاری بەنی ئادەم کەمتر بێ، نابێ بە بەرەکەتێ کە پێچێک لەم حەیاتە توندەی ئینسان شل بکاتەوە... چۆن تولفێک دەکۆژیت کە عیلمت لە حانیا سفرە، ئەوە بەشەرعی خوا قەتڵی نەفسە و بەشەرعی خەڵکیش عەمدە))

((بێ قەزابی حەکیم... ئەو تۆپەڵە خوێنەی ناو سکی لەیلەدۆنەیەکی بەکەڵی میسلی خەدیم، ئینسان نییە، عەقڵ و شعووری نییە، چۆن فڕێیان و لەکۆڵخۆکردنەوەی دەبێتە قەتڵ؟))

((مادام واتان فەرموو، ئەبێ ڕوخسەت بفەرمووی سوئالێک لە خزمەتاندا عەرز بکەم: کە ئایا بەنی ئادەم، کەسێکە عەقڵ و شعوری هەبێ؟ ئەی ئەوەی نەیبوو، یان ئێمە وامانزانی نیەتی، یان هێشتا پێنەگەشتبوو، لەدەرەوەی جنسی بەشەرە؟ پیاوی خوا! کەرامەتی ئینسان ئەوکاتە دروست نابێ کە پەلەکانی دروست دەبن... من کە ئەم دەستکردە جوانەی خوا دەبینم چاوم پڕ دەبێ لە ئاو... من ئینسانم خۆشئەوێ و ئیمانم پێیەتی لە ئانێکدا نەخەملیووە و لە زەمەنێکا گەشە دەکا و لە کاتێکا تەواو دەبێ))

((جەنابی حەکیم... بە هەوای ئەم شاخە ساردەی هەردووکمان بە ڕێبواری ڕێمان تێکەوتووە، منیش ئینسانم خۆشئەوێ، هەربۆیە ئەم سەفەرە تووشەم بۆ خستۆتە بەر خۆم... بەڵام دنیاگەڕی گەورە، نوتفە لەم مەرحەلەیەدا ئینسان نییە))

((ئەولیا... وردە وردە بەرچاوم ڕوون دەبێتەوە کە هەرشتێ ئینسان نەبوو؛ تۆ قەتڵی بە موجاز دەزانی!))

((........، ....، ....))

((......................، ....؟))

((............!))

سفری ڕەش

من کە ناچار بووم هەموو مێژووی عوسمانییەکان، لە بیرۆکە سەرەتاییەکەی خواجە ئەحمەدی یەسەویەوە و بە عوسمانی کوڕی ئۆرتۆغلدا تا عەبدولمەجیدی دووەم بۆ تێگەیشتن و سەرلێدەرکردنی ئەم نهێنییە چەندین جار بخوێنمەوە... هەمیشە و لە چەند شوێنی جیاوازدا دەکەوتم بەسەر ئەو ڕووداوە نادیارەدا کە مێژوونووسان ناویان نابوو: (گرێکوێرەی ئیمپراتۆر).

گرێکە گوزارشت بوو؛ لە ڕقلێهەڵگرتنێکی لەناکاوی سوڵتان

سەلیمخانی کوڕی سوڵتان سولەیمانی قانوونی، لە نزیکترین برادەری خۆی بە ناوی مەلیک ئەحمەد پاشا، کە بە ڕێکەوتێکی باوەڕنەکردە لە شمشێری سووری جەلادی دیوانی (هۆمایۆن) لە ئیستانبوڵ فریادی دەبێت و سەڵتەنەت لە سەدری ئەعزەمی دەخات و دووری دەخاتەوە بۆ ویلایەتی (وان).
لە گەڕانمدا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات جارێک وەک کۆچبەرێکی تاراو و جارێک وەک چیرۆکنووسێک، توانیم بگەمە شوناسی ڕاستەقینەی خەدیمی سوڵتان؛ لە مۆزەی مێژوویی (سۆفیا) دا و لە دۆکومێنتێکی زەرد و پواودا کە باڵوێزی ڕووس لە (کوشتاندینا)وە ناردوویەتی، نووسراوە؛
((خەدیم لە ڕاستیدا کیژی کەشیشێکی ئارتودۆکسی ئۆکراینیە و ناوی ڕۆکسالانا ئاناستاسیا لیسوفسکایە و لە شەڕی خاچپەرستەکاندا وەک غەنیمە لە گوندێکی بچووکی سەرسنووری مۆڵداڤیا دەگیرێت و لەبەر جوانی و چاوکەژاڵییەکەی هەر زوو دەگاتە حەرمسەرای سوڵتان)).
بەوەشدا ماهی دەوران؛ (گوڵبەهارخان)ی ژنە گەورەی سوڵتان ئیرەیی پێدەبا و لە غەمی قورسیی پایەکەی خۆی و مەترسیی داگیرنەکردنی مێردەکەی، دەکەوێتە شەڕێکەوە لەگەڵیدا، کە بەسەرکەوتنی کچە کریستیانەکە و شکانی خۆی و دوورخستنەوەی بۆ شاری (پورسا) لەسەر دەریای ڕەش، کۆتایی پێدێت.

سفری خیانەت
شەوێک لە گفتوگۆیەکی دوو قۆڵیدا لەگەڵ گەریدە و تاقە مێژوونووسی ئیمپراتۆر، لە باخەکانی میر عەبداڵخاندا لە بەدلیس، مەلیک دەفەرمووێت: ((خیانەت بۆنی هەیە و بۆنەکەی شتێکی فێنکە وەک بۆنی ڕەیحانە)). ئەولیا زۆری دەبا، تا شتێکی زیاتر لە نهێنییەکەی ئەو و ڕۆکسالانا چنگ بخات...
ئەحمەد پاشا لەژێر کاریگەریی قورسی شەرابی شیری مایندا و لە وەڵامی پرسیارێکی زۆرزانانەی چەلەبیدا کە ئایا: ((خیانەت، بە خسوس بۆ عالی مەقامان شتێکی دروستە یان نا؟)) مەلیک هەناسەیەک هەڵدەکێشێت، کە ئاهی ڕۆژگارانی زووی لێ دێتە دەرێ و وا جواب دەداتەوە کە خیانەت: ((قەرارێکی ڕاستە، ئەمما لە وەقتێکی غەڵەتدا)).

سفری ڕۆح
ئەو کتێبەی شەیتان لەسەر مێزی کافییەک لە شەقامی سۆدێرباری لە ستۆکهۆڵم بۆ منی جێ هێشتبوو، جۆرێکە لە جادوو، جادوویەکی ڕەش... هەموو جارێک لاپەڕەکانی دەگۆڕێن، بەوەدا ژمارەیان لەسەر نییە، دۆزینەوەی چیرۆکێک تێیدا زۆر دژوارە... چەلەبی لەم کتێبەی شەیتاندا سەعات و بەرواری ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی تەمومژاوی و قژقژ نووسیوەتەوە، بە شێوەیەکی ئاڵۆز شەوڕۆژی دابەش کردوە بەسەر ١٠٠ سەعاتدا و هەر سەعاتێکی بە ١٤ دەقیقە و نزیکەی ٤٠ چرکە مەزەندە کردوە. لەم کتێبەدا پاراگرافەکان جێگە دەگۆڕن و جاری وا هەیە لە ناوەڕاستی بەسەرهاتی گەشتێکدا دەوەستێ و بەدوایدا چەند لاپەڕەیەکی سپی دێت، وەک ئەوەی نووسەرەکەی بخوازێت چیرۆکەکە بە کەسێکی تر تەواو بکات! نازانم بۆ پاش ئەو دیدارە کورت و لەپڕە؛ وا هەست دەکەم شەیتان بیەوێت بە ستراتیژی خۆیدا بچێتەوە و ئەم جارە وەک دوژمن نـــا، بەڕاستی وەکو دۆستێک هاوڕێیەتیی ئینسان بکات!
ئەولیا لە زاری شەیتانەوە نووسیویەتی: ((ئایا خالیق ڕێگە دەدات بەم کاریسەیە و لە زدی خۆی لوعبەکە نیهایەت بێ و ئیتر هەمووان تەجرەبەی نەوعێکی تر لە حەیات بکەن... حەیاتێکی موتەهەر کە نە ئەوی تێدابێت و نە من؟)).
تیۆری ژیانی خاوێن؛ ژیانێک بێ خودا و بێ شەیتان بەشێک بوو لەو کونپشکییەی من لە بیرۆکەی هەمیشەیی پشتی کتێبەکەدا هەنووکە دەیخوێنمەوە.

سفری خۆشاردنەوە
من ئێستا وا خەریکە ئەم لاپەڕە پەرش و پەراگەندانەی لە بەردەستمدان، بە وەستاییەکی چیرۆکنووسانەوە پێکەوە بنووسێنم و لە تەکنیکێکی کۆلاجیدا فێڵێک لە ئێوە بکەم و بێ ئەوەی هەستی پێبکەن، خۆم و ژنی هاوڕێکەم؛ یانی تازە دۆستی من، بە سکێکی نۆمانگییەوە لەم دونیا ڕەقەی ڕیاڵەوە بۆ بەهەشتی کاغەز هەڵبێین، سەرزەمینێک کە چاوی کز و کەمتینی ئێوە ناتوانێ بمانبینێ.
بە ئەمانەتیشەوە دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم دەستنووسە موڵکی من و شەیتانە پێکەوە، ئەوا بە ئاگاداری خۆیان و لەسەر ئیزنی ئێوە، من جارێکی تر ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە و ڕەنگە ناوی بنێم؛ تەوراتی ئەولیا بە خەتی ڕەیحانی... کتێبێک؛ کە ئێوارەیەک بە ڕێکەوت لە کافێیەکی چکۆلانەی شەقامی سۆدێرباریدا لە ستۆکهۆڵم، نیشانی شەیتانی بدەمەوە، شەیتان؛ ئەو گەنجە چاوبادامییەی لە ئەکتەرێکی فەرەنسی دەچێت و ئێستا ناوەکەیم بیرچۆتەوە.

ویژدان

ئیتالۆ کالڤینۆ
وەرگێڕانی: باوەڕ مەعرووفی

تێبینی:

زۆربەی چیرۆکەکانی ئیتالۆ کالڤینۆ، چیرۆکنووس و ڕۆژنامەوانی ئیتالّی، لە دوو سێ لاپەڕە زیاتر نین. «ویژدان» ناگاتە دوو لاپەڕە، بەڵام هێندەی ڕۆمانێک قسەی هەیە بۆ وتن. شوێنکات لەم چیرۆکەدا نادیارە، ناوی هیچ کام لەو دوو وڵاتە نازانین کە لە شەڕدان. تەنها ناوی دوو کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە بۆمان ئاشکرایە. بەم جۆرە دەتوانین ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە بۆ زۆر دۆخی‌تر بگشتێنین. لویجی لە دەرفەتێک دەگەڕێ تا تۆڵەی خۆی لە ئالبێرتۆ بکاتەوە، کەسێک کە بە قسەی ئەو «دوژمنە». ئەم چیرۆکە تانەیەکە بۆ ئەوانەی پێیان وایە لە کاتی شەڕدا دەکرێ زۆر مرۆڤ بکوژێ، بە بێ هیچ لێپرسینەوەیەک. تەنانەت بۆ ئەم کارە دەستخۆشیت لێ دەکرێ و میداڵیشت پێ دەدرێ. بەڵام هەر کە شەڕ دوایی هات کوشتنی کەسێک، ئەگەر تەنانەت دوژمنیش بێ، تاوانە و سزای خۆی هەیە!

ویژدان

شەڕ دەستی پێکرد و لویجی ناوێک داوای کرد ئەویش بنێرن.

هەمووان ستایشیان دەکرد. لویجی چووە شوێنی دابەشکردنی چەک، دەستی دایە دانەیەک و وتی: «با بچم ئەو هەتیوە، ئالبێرتۆ ، بکوژم.»

لێیان پرسی ئالبێرتۆ کێیە.

وتی: «ئالبێرتۆش دوژمنە، دوژمنی منە.»

پێیان وت کە دەبێ تەنها تاقمێکی تایبەت لە دوژمنەکان بکوژێ، نەک هەر کەسێک ئەو بە دوژمنی بزانێ.

لویجی وتی: «چیە، پێتان وایە من گەوجم؟ ئەو ئالبێرتۆیە ڕێک لەو تاقمەیە، یەکێکە لەوان. کاتێ زانیم ئێوە لەگەڵ ئەم کەسانە بە شەڕ دێن، لە دڵی خۆمدا وتم: منیش دەچم، بەم جۆرە دەتوانم ئالبێرتۆ بکوژم. بۆیە هاتوومەتە ئێرە. ئەو هەتیوە چاک دەناسم: زۆڵی وەک خۆی کەمە. کڵاوی لە سەر نام، لەسەر هیچ و خۆڕایی لە کن ژنێک سووک و چرووکی کردم. داستانەکەی دوور و درێژە. ئەگەر باوەڕم پێ ناکەن، هەموویتان بۆ دەگێڕمەوە.»

وتیان نا، پێویست ناکا.

لویجی وتی: «ئێستە پێم بڵێن ئالبێرتۆ لە کام لایە با بڕۆم لەوێ شەڕ بکەم.»

وتیان نازانین.

لویجی وتی: «قەیدێ ناکە، ئاخری یەکێک دەبینمەوە پێم بڵێ. درەنگ یا زوو تووشی بە تووشمەوە دێ.»

پێیان وت ناتوانێ ئەو کارە بکا، دەبێ بچێتە ئەو شوێنە وا ئەوان دەینێرن و هەرکەسێکیلەوێ وە گیر کەوت بیکوژێ. ئەوان ئالبێرتۆیان هەر نەشدەناسی.

لویجی پێداگری دەکرد: «دەزانن چیە، لەبەر ئەوەی ئەو هەتیوە زۆڵی وەک خۆی کەمە و ئێوەش کاری چاک دەکەن لەگەڵی بە شەڕ دێن، با پێتان بڵێم چ باسە.»

بەڵام ئەوان نەیاندەویست بزانن.

لویجی بیانووی پێ نەمابوو: «ببەخشن، ڕەنگە بۆ ئێوە هیچ فەرق نەکا چ تاقمێک لە دوژمنان بکوژم، بەڵام من بەڕاستی ناڕەحەت دەبم ئەگەر کەسێک بکوژم کە پەیوەندی بە ئالبێرتۆوە نەبێ.»

تاقەتیان بەسەر چوو. یەکێکیان کۆڵێکی قسە پێ وت و بۆی ڕوون کردەوە کە شەڕ چیە و کەس ناتوانێ ئەوانە بکوژێ وا تەنها خۆی بە دوژمنیان دەزانێ.

لویجی شانێکی هەڵتەکاند:«دەی باشە. ئەگەر وایە، لەسەر ئەمن دەتوانن حیساب بکەن.»

نەڕاندیان: «تۆ تێدای و لێرەش دەمێنیتەوە.»

پاشان بەرێی بەرەکانی شەڕیان کرد: «بۆ پێشەوە، یەک-دوو، یەک-دوو!»

لویجی کەیفی ساز نەبوو. ناچار بوو کۆڵێک خەڵکی بێ

دیفاع بکوژێ، تەنها بۆ ئەوەی ڕەنگە تووشی ئالبێرتۆ یا یەکێک لە نزیکانی ئەو بێ. لە بری هەر کەسێک کە دەیکوشت میدالێکیان دەدایە، بەڵام ئەو کەیفی ساز نەبوو.
لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «ئەگەر ئالبێرتۆم وە چنگ نەکەوێ، کۆڵێک خەڵکم لە خۆوە کوشتووە.» دڵنیگەران بوو.
بەم حاڵەوە یەک لە دوای یەک میداڵی وەردەگرت، میداڵی زیو، میداڵی زێڕ، هەموو جۆرە میداڵێک.
لویجی بە بیریدا هات: «ئەمڕۆ بڕێک و سبەی بڕێکی‌دی دەکوژم، وردە وردە کەم دەبنەوە و نۆبەی ئەو بیژووە دێ.»
بەڵام بەر لەوەی لویجی ئالبێرتۆ بدۆزێتەوە، دوژمن تەسلیم بوو. زۆر نارەحەت بوو کە ئەو گشتە خەڵکەی لەسەر هیچ و خۆڕایی کوشتووە، ئێستەش کە ئاشتی سەقامگیر ببوو لویجی هەموو میداڵەکانی لە کیفێک هاویشتن و چووە وڵاتی دوژمن بۆ ئەوەی بیانداتە ژن و منداڵی کوژراوەکانی شەڕ.
هەر وا دەگەڕا، لە ناکاو تووشی ئالبێرتۆ هات.
«زۆر عالە، درەنگ هاتی بەڵام لە نەهاتنت چاترە.» ئەمەی وت و دەستبەجێ کوشتی.
ئاوا بوو کە گرتیان و دادگاییان کرد و لە داریان دا. کاتی دادگاییکردنی هەر دەیگوت و دەیگوتەوە کە ئەم کارەی تەنها بۆ ئەوە کردووە تا ویژدانی ئاسوودە بێ، بەڵام کەس گوێی نەدایە.

"چۆلەکە خانمی درۆزن"

چنوور سەعیدی

من کچێکی درۆزنم، هەر لەیەکەم رۆژی دیدارمانەوە دەستمکرد بە درۆگوتن، باشیش دەزانم چۆن هێندە جیدی قسە بکەم تا پاساویان بۆ بکەم، بۆ درۆوە گەورەکان سوێندی "بەراستی" دەخۆم وبۆ درۆوە بچوکەکان "بڕوابکە" دەڵێم، بۆ نموونە کاتێ پرسیت:
- بە نیازی بەرنامەی داهاتووت چۆن دارێژی؟
من تماشای بەرزترین داری ناو حەوشەم کرد و ئینجا گیرفانەکەت، گیرفانی سەر سینگت وا رێک لە سەر دڵتە، تۆ پیاوێکی لاسار و بێ پەڕاوێز و تەنیای، بۆیە نەدەبا بمگوتبا:
- پێم خۆشە ببم بە چۆلەکە،
هێلانەم لە سەر بەرزترین لقی داری حەوشەکەت بێ و جاروبار خۆرئاوا، کە زۆرت بیر ئەکەم، بخزێمە ناو گیرفانتەوە، ئیتر هیچ کارێکم لەم دنیایە نەبێ جگە لە ژماردنی ترپەی دڵت وا بارستایی قورسی تێپەڕینی زەمەنە، بڕیار بێ لە بۆنی جگەرەکەشت وەڕەز نابم.
ببوورە کە دەبا ئەمانەم بوگوتبا بەڵام چاوم بڕییە هێلانەکەم و باسی پرۆژەگەلێکم بۆ کردی...
دەبا ئەوکاتەی وا بیرت هاتەوە دەبێ چام بۆ بێنی، پێش ئەوەی جگەرەکەت بکوژێنییەوە بمگوتبا:
- چاوەکانت نەگۆڕاون، هەر وەک پۆلی یەکەمی سەرەتاییت ماونەتەوە، بێ گوناح و بە ئەدەب!
دەبا هەر ئەو کاتە وا ناشارەزایانە چایەکی ساردت بۆ تێکردم و لەرزە لەرز بۆت هێنام و داوای لێبووردنت لە تۆخ بوونی کرد، ئینجا منیش هەر بەراست گوتم کە بۆم فەرق ناکا تۆخ بێ یا روون، کولاو بێ یا تازە دەم کێشراو، بەڵام نەمگوت بەو مەرجەی تۆ بۆم بێنی، بمگوتبایە:
- تۆ هەر بۆ چا تێکردن درووست نەکراوی ئاغە، ئەو دەستە پیاوانەیەت بۆ ئەوە ئەبێ کە ببێت بە هێلانە، جیک جیک، جیک جیک، ئێوارانی هەینی زۆردڵتەنگە و دەستەکانت مەگەر رزگارم بکەن لە هرووژمی بێهوودەیی، جیک جیک، جیک جیک، چەندی گەڕام لەشاران، نەمدی کەس وەک تۆهێندە لە من

بچێ!
دەبا ئەو کاتە وا پرسیارت لە "حەقیقەت" کرد و من قۆڵم بۆ هەڵماڵی و لە تەمسیلی ئەشکەوتی ئەفلاتوونەوە دەستم پێکرد تا راستی سازی بوودریاری و راستی نواندنەوەی دونیای سەرمایەداری... زۆر زۆر ساکار و بوێر تماشای ناوچاوانتم بکردایە و بمگوتبایە:
- حەقێقەت تۆی، ئەوەی تۆ ئەیڵێی، ئەوەی تۆ بە درووستی ئەزانی، ئەوەی تۆ ڕاوەی ئەکەی، ئەوەی تۆ ئەینووسی، ئەوەی تۆ بەخەون ئەیبینی... هەمووی تۆی
نەمگوت، ئاە تۆ چەند لاساری، چەند لاساریت و من چەند درۆزن!

لێکدانی بێ مەودا

سەدیق ڕەسوولی

١. تاو لە لای ڕاستی دا بانگی منی کردە لای وێستگەی تاکسیەکانی کوێراوا . ئایەی ٨٢ و ٨٣ ی سوورەی یاسینی لە بن گوێمدا خوێند . دوایش دەستی لە سەر شانم دانا و پێش ئەوەی سواری تاکسی بێت

- ئاگات لە خۆت بێت بە لاڕێدا مەڕۆ !

لە کوێراوا ، شەیدا دادە بەزێ لە بەر دەرگای ماڵی چیمەن خوشکی گەورەی دەگەمە سەری . مانتۆیەکی شینی لە بەردایە . لەچکەیەکی سووری لە سەردایە . لێرە بە دەنگێکی تۆزێک بەرزتر ئایەی شەستی سوورەی یاسینی بۆ خوێندمەوە . بە دەنگێکی زۆر خۆش . شەیدا حافزی قورئانە . سەری بچێ نوێژی ناچێ . دوو هەنگاو زیاتر لێی دوور دەبمەوە . ناگەمە سەر کۆڵان چیمەن بە توێی کراسێکی چیتەوە دێتە دەرێ . لە بەر دەرگاوە بانگم دەکات. بانگم دەکاتە ژووری . دوکمەی کەواکەم دەکەمەوە . قۆڵم هەڵدەکەم . دەگەمە بەر دەرگا . باوکم توشم دەبێ .

- کامیان پاکترو بێ غەوشترە لەگەڵ ئەویان بخەوە

چیمەن ملوانکەیەکی زێڕی لە مل دایە . سەرو پرچی هاڵۆزوو لێوی دەڵێی تکەی خوێنە . بە دەم شێعرێکی مەحوییەوە بە دوایدا چومە ژووری . چاوم گێرا بۆ شەیدا لەو سەری هاڵێکی کورت و چکۆلە لە ڕەکعەتی دووی نوێژی عەسری ڕۆژی بیست و حەوتی ڕەمەزاندایە .

٢. شەیدا لە حەساری ڕا بەردێکی دەست دایە .هاتەوە ژووری . بەردی لە سەر تاقەیەکی بەرز دانا .

- چیمەن چی لێهات ؟

- هەمووو وڵات گەڕاین . کەلێن و قوژبن و نێو جلەکانیشی گەڕاین . حەمام و ئەنباری و ژێرخان و سەرخان و سەربانیش گەڕاین .

شەیدا سپی هەڵگەڕاوە . لە تاوان نازانێ چی بکات . هەزار جار بیسمیلاو ئەڵڵاهو ئەکبەڕو لایلاهە ئیلڵلا دەڵێ .

- خۆم لە حەسارێ جلم دەشت . چووبایە دەرێ ، یان دەرگا ترازابەیە دەم زانی

لەو حەیس و بەیسەدا پورە زاراو مام ڕەشید سەر بە ژوورێدا دەکەن . لە پێشدا لەوە تووڕەن بەو دەمەو ئێوارێ لێرە چی دەکەی ؟ دوای ئەوە لە چیمەن دەپرسن . مام ڕەشید هەڵدەکێشێتە دەمانچەو لە نێو چاوانمی دەگرێ ، چاوێک لە پورە زارا دەکا سپی هەڵگەڕاوە .

- چیمەن لە کوێیە ؟

پورە زارا تۆزێک زیاتر لوت دێنێتە پێشێ . تۆزێک زیاتر تووڕە دەبێ . ئەگەر ئەو دەمانچەیە بە دەستی ئەوە بایە ، بە گوڵلەیەک ساردی دەکرمەوە .

- لەگەڵ شەیدا بە تەنیا لێرە خەریکی چ نامەردیەکن ؟

شەیدا حەپەساوە نازانێ چی بکات یان چی بڵێ . ئاماژە بە بەرماڵەکە دەکا .مام ڕەشید لوولەی ساردی حەوتیرەکەی لە نێو چاوانی شەیدا دەگرێ .

- چیتان بە سەر چیمەن ئەو کچە پاک و بێ خەوشە هێنا

جیرەی دەرگایەک لە پشت سەرمانەوە دێ .

٣. چیمەن ، هەر دوو لپی دەستی لە سەر ئەژنۆی دادەنێ .هەر دوو لاقی جووت دەکا . چاو لە لینگی دەکا لە ئاوێنەکەی نێو لپی دەستی من . هەرچی ئەو لێرە دەیکا لەو دیو شەیدا بە هەمان جۆر دوو پاتی دەکاتەوە .

لە دیوێکی قورم گرتووی شانی ڕاستمانەوە پورە زارا تەندووری نێڵداوە . خەریکی نان کردنەو تازە خەریکە هەنگوتک دەگرێ . هەرای چیمەن دەکا

- تیرۆکەکەت دیتەوە ؟

بەرزترو ، تۆزێک تورە بانگی شەیدا دەکا

- ئەو پنەیە بێنە .

هەرای من دەکات .

- هەتیوە بەر بینگی ئەو کچانە بەردە

لە دەرێ دەنگی بانگی عەسر دێ . مام ڕەشید خۆی بە ژورێدا دەکات .

تووڕە هەرا دەکات

- ئەو هەویرە ترشا ، خەریکی چین .

چیمەن بە تیرۆکێکەوە سەر بە متبەق دادەکات . شەیدا ڕووت
خەریکە جل دەگۆڕێ . لە کەلێنی دەرگا چاوی
لە سەر هەڵناگرم . بە لای شانی چەپیدا ئاوڕ دەداتەوە . ڕاست
چاو لە من دەکا .
- خەریکە چاو لە من دەکەی ، خەریکە خۆت توشی گوناه
دەکەی ؟
بە قەرا هەنگاوێک دەکشێمەوە .
- ترسای ؟
بە دەنگی مام ڕەشید ، خۆمدا پەنایەک . مام ڕەشید بە هەڵە
داوان و هەناسە برکێ دەگاتە سەر شەیدا گوێم لێیە دەڵێ -
- شەیدا نوێژی عەسر بە جێ دێنی !
مام ڕەشید چاوێک لە کات ژمێرەکەی دەکا . دەگەڕێتەوە .
۴. مام ڕەشید ، لە ئایەی ۶۰ی سوورەی یاسین ، سەرێک
هەڵدێنێ ، چاوێک لە من دەکا . باران نم نم دەبارێ. خەلک
بە دەورو پشتی گۆڕەکەوە چەتری ڕەشیان هەڵداوە . پورە زارا
خۆی داوەتە سەر گۆچانەکەی لە نێو پۆلێک ژنی ڕەش پۆشدا
چەندە لە کوڵ دەگری. لە کۆتای ئایەی شەستی سوورەی
یاسیندا سەرێک هەڵدێنێ لە پێشدا چاوێک لە چیمەن دەکا .
چاوێک لە من دەکا نێو چاوانی تێک دەنێ . ژنێک لە پەنایەوە
دلداری دەداتەوە . دوای یاسین بە سێ چوار کەس گۆڕەکە پڕ
دەکەنەوە . چیمەن بە دەم گریانەوە پێمەرەیەک وەردەگرێ
لەگەڵیان پڕ دەکاتەوە . بە دەم باران و گریان و هەنیسکانەوە
سەیری من دەکاو سەر ڕاوەدەشێنێ دوو بەردی لە باتی
کێل بۆ دادەنێن . باوکم دیارە لە پشتی سەری خەلکەوە
لە تاکسییەک دادەبەزێ . بە پەلە خۆی دەگەیەنێ . لەگەڵ
هاتنی ئەو خەلک بڵاوەی دەکەن . باوکم بە نێو قورو باندا لە
بیست و حەوتی مانگی مەبارەکی ڕەمەزاندا خۆی گەیاندمێ .
لە باوەشم دەگرێ .
- حەیف بەو کچە جوانە هەڵیان واسی ، حەیف .
هەموو دەڕۆن . من و چیمەن لە بەر بارانێکی پاییزیەوە بە دیار
گۆڕەکەوە . دەمێنینەوە .
۵. پورە زارا لە حەسارێ لە پەنا ماشێنێکی پژو لێم وەر
دەگەڕێ . خۆی دەداتە سەر گۆچانەکەی
- تۆ پێت عەیب نییە بە دوای ئێمەدا دێیە ژووری .
مام ڕەشید چەترەکەی خڕدەکاتەوە . لە بن لێوەوە .ورتەیەتی
. چیمەن لە ژووریوە بە پیرمەوە دێ . لەچکەیەکی ڕەشی لە
سەر دایە . بانگم دەکاتە ژووری . لە نێو دەرگای دەرێ باوکم
بانگم دەکات . دەگەڕێمەوە لای .
- ڕۆڵە ، شەرمەندە مەبە ، گوناباری شەیدا بوو
جگەرەیەک هەڵدەکا . چیمەن لەوێ چاوەڕێمە . پورە زارا
هەروا خۆی داوەتە سەر گۆچانەکەی . مام ڕەشید کەوشێکی
بە دەستەوە و ئەوەی کەیانی لە پێدایە .
- کوڕی من ، خۆت بە شەرمەندە مەزانە ، شەیدا خۆی ڕووت
بۆوە . شەیتان ئەو بووە . تۆ فریوی شەیتانت خواردوە .
مام ڕەشید کەوشەکەی دیکەشی دادەکەنێ . پورە زارا . دێ
بۆ لای چیمەن . بە دەنگێکی بەرز بە چیمەن
- سەری تۆش بە فەتەڕات دەدا
چیمەن بانگم دەکا . هاوار دەکا. گوێ نادەمە قسەکانی باوکم
. مام ڕەشید دەگەڕێتەوە . دەگاتە لای چیمەن بانگی دەکاتەوە
. ژوری چیمەن ئاتەکی کەواکەم بەر نادات. باوکم بەر بینگم
بەردەدا
- ئاواتی من ئەوەیە تۆ بە لاڕێدا نەڕۆی .
سواری ماشێنەکەی دەبێ . بە دڵێکی پڕەوە ماڵ ئاوایم
لێدەکات . چیمەن دەستم دەگرێ . کارەبای نێو شاری
دەرواو وڵات لە تاریکیدا ، ون دەبێ . چیمەن لە نێو تاریکیدا
دەستم بۆ دەگێڕێ .
۶. هەمووکەس بە نەدیم بانگم دەکا . بێجگە لە باوکم . بە سینا
بانگم دەکا . کاتێک بانگم دەکا سینا . وا دەزانێ گەورەترین
پیاوی کوردەواری بانگ دەکا . تۆزێک نێرانە دەنگی هەڵدێنێ .
- سینا بە ئەورۆ بچین بۆ ڕاو ؟
- بۆ کوێ بچین ؟
- دەورو پشتی زاوەکێو باشە
- ئەلان وەرزێ گەڕانەوەی قازوو قورینگە
لەو قسانەدا بووین . مام ڕەشید بە تاپڕێکەوە . خۆی بە ژورێدا
کرد. هەر چاوی بە من دەکەوێ . هەڵدە بەزێتەوە . بە دوای
ئەودا شەیدا کچە چکۆلەکەی خۆی بە ژورێدا دەکا . کۆلە
پشتییەکی بە شانەوە . برنۆیەکی بە دەستەوە . چاوی بە من
دەکەوێ . دەزانێ دێم . لە خۆشیان زاری وێک نایەتەوە .
تاپڕەکە دەداتە دەستی من .
دەستی لە دەستم دەکەوێ . بە ئاخێکەوە
- دەست نوێژەکەم شکا .
لەو کاتەدا چیمەن کچە گەورەکەی مام ڕەشید بە سەرمان
دادێ . بە قۆشمەی دەستی لە نێو دەستم دەنێ .
- من نوێژی عەسرم کردوە .
باوکم پێدەکەنێ ، مام ڕەشید نێو چاوانی تێک دەنێ . پورە زارا
دێ لە شوێن چیمەن . مام ڕەشید پێی دەڵێ -
- ئاگات لە ماڵێ بێت .
چیمەن هەروا بە دوای دایکیدا دەرواتە دەرێ . دەستم بۆ
هەڵدێنێ . شەیدا تێک دەچێ . کاتێک بە باوکم دەڵێم
- وانەکانی زانکۆم بە دوا کەوتوە
- بڕیار وابوو لە مەر فرۆید پەیڤێک بنووسی
- خەریکی نووسینیم
باوکم پێشیان دەکەوێ . شەیدا نێو چاوانی تێک دەنێ .
- هەتا دێمەوە خوام لەو خوایە بە لاڕێدا ڕۆیبی .
خوام لەو خوایەی بە زاراوەی لای بانە کوتی . برنوویەکم لێوەر
دەگرێتەوە . بە دوای باوکمدا دەرواتە دەرێ .
مام ڕەشید بە مۆڕەیەکی زۆر ناحەز ، خەنجەرەکەی لە بەر
پشتێن نیشان دام .
۷. ئاگام لێیە چیمەن دەچێ بۆ لای سەیزادە خاتون فێری
قورئان دەبێ . ئەو کاتەی من ڕێگام پێگرت . لە بەرتەپ و تۆزی

دوا نیوەڕۆیەکی پایزی . لە بن لێوە سوورەی ئەلجێن دەلێتەوە . لە پڕ لە بەر دمی شین دەبم . سپی سپی هەڵدەگەڕێ . بیسمیلایەک دەکا . لەوانەیە بەر پشتاکەوێ . خێرا دەیگرمەوە . ڕاست دەبێتەوە . چارشێوەکەی لە خۆی دەهاڵێنێ .
– نەمکوت زوو وەرە
– ئاگام لە سات و کات نەبوو .
– ئەورۆ سەیزادە ماوەیەک دەروا ماڵەکەی بە سەر مندا بەجێ دێڵێ
– فیتوویەک لێدە ، بە سەربāندا دێمە خوارێ .
کلیلی دەرگام دەداتێ . خۆی دەرواتە ژوورێ . خۆم لە پەنایەک مات دەدەم . سەیزادە خاتون بە شەلە شەل
دێتە دەرێ . ڕووو دەکاتە ماڵێ چیمەن . پورە زارا لە سەری دەکاتەوە . سەیزادە دەچێتە ژوورێ .
بێ ئەوەی چاوەڕێی فیتوو لێدانی چیمەن بم . خێرا خۆم بە ژوورێدا کرد .
چیمەن لە چێشت خانە ڕووت قابلەمەیەکی ڕەشی بە دەستەوە . پێی دادەنێمە عەرزی . هەر لەوێ دایدێنمەوە .
چەن ناسک و باریک لە بەر دەستانە . وەک شوڵێ تەڕ بە دەسمەوە دەچەمێتەوە .
– بوا حەکەدار بوی ؟
وەک شەپۆلی زەریا دێت و دەچێ بێ ئەوەی توانای وڵامی پرسیارەکەمی هەبێ .
دەنگی دەرگای دەرێ دێ . بە کلیل دەیکەنەوە . نەمان توانی خۆمان خرکەینەوە . شەیدا بە هەڵەداوان خۆی بە ژوورێ دادەکا . بە دوای ئەودا خاتونە شەڵ خۆی بە ژوورێدا کرد .
هەر چاوی بە لەشی ڕوتی ئێمە کەوت . بەر چاوی دەگرێ . بیسمیلایەک دەڵێ و دەکشێتەوە . شەیدا چاوی لە سەر لەشی من قەتیس ماوە . جوڵەی لێبڕاوە . دەنگی مام ڕەشید توورە دێ . دەنگی گێلان گێلانی چەکی بە دەستەوە دێ .
٨ . سێ ڕۆژە چیمەن دیار نییە . باوکم . بە تانەوە دەڵێ – حەتمەن لەگەڵ هەتیویک هەڵ گیراوە .
مام ڕەشید خۆی دەداتە بەر تاوی بەیانی .دەست بە ماشێنەکەی باوکم دەگرێ . پورە زارا دێتە بن گوێم .
– نەدیم تۆ بۆ حەولێک نادەی .
هەموو خەلک بە نەدیم نیوم دەبەن . بێجگە لە باوکم . پێم دەڵێ – سینا
کاتێک دەڵێ – سینا هەزار سینای لە دم دەباری . وا دەزانێ بانگی قارەمانێکی زۆر گەورەی کوردەواری دەکا .
باوکم دەست لە سەر شانم دادەنێ . – کوڕی من کام ڕێگایە ڕاستە پێیدا برۆ هەتا دەگەیە چیمەن .
چاوێک لە مام ڕەشید دەکا دەڵێ – هەتا فرمێسکی ئەو دایک و بابە کوێرە بسڕیەوە .
شەیدا لە سوورەی یوسف زیاتر لە دە ئایەی هێناوە . هەتا دڵی من نەرم کات . پێ لەو سەفەرە نێم .
مام ڕەشید خەنجەرە دەسک ماسیەکەی خۆی دامێ . – نەکا لە ڕێگا تووشی چەتە و ڕێگران بیت .
پورە زارا ملوانکەیەکی شینی دامێ . – هەر کات چیمەنت دییەوە . ئەو ملوانکەی لە مل دەکەی .
باوکم دەست لە سەر شانم دادەنێ
– لە پشت قافەوە دێیەکی چکۆلەی لێیە .
– هەتا ئەوێ برۆم
– زەمانی زوو نییە بە ماشێن و قەتاروو فرۆکە سەفەر دەکەی .
شەیدا دێتە پاڵ دەسمەوە – هوتێلێکی زۆر خۆشی لێیە . لە سەر فەیس بووک وێنەکەیم دیوە .
– ئەگەر لەوێ نەبوو
– کوڕی من دەگەڕێی، دەگەڕێی هەتا دەگەیەی .
٩. هەموو ون بونی چیمەنیان بە سەر مندا هێنا . هەموو یەخەی منیان گرت . مام ڕەشید چوو لە ئیتلاعات شکایەتی دژی من تۆمار کرد .
– ئەو کوڕە چیمەنی هانداوە هەڵێ بەو دیو .
نەیان توتنی هیچم بە سەردا بسەپێنن . زیاتر لە نیو کات ژمێر لەوێ نەبووم . زانیان تۆمەت بار نیم . تازە بوونە هاوسێمان . دیوار بە دیواری ئێمەوە . ئێوارێیەک پورە زارا بانگم دەکات .
– دەستمان ناگاتە ئەو گلۆپکی کارەبایە
بە دوای ئەودا شەیدا دێتە دەرێ .
– ژووری زۆر تاریکە
هەر چاوی بە من دەکەوێ . پێدەکەنێ . فەرمووم دەکا بۆ یاریدە دانیان بۆ گۆڕینی دوو گلۆپکی دوو دیوان. ئەوشەوە ، دوای گۆڕینی گلۆپکی دیوێکی تەنگە بەر دوای هەڵ کرنی گلۆپکەکە . چیمەن مات لە سەر جێگاو بانەکەی روت ڕاکشاوە . پورە زارا لێی توورە دەبێ . شەیدا چارشێوەکەی خۆی هێناو پێی دادا . دوای ئەو ڕووداوە زیاترمان یەکتر دی . زیاترو کەلێن و کونمان دی . شەیدا خۆی لە یاریدا دانمان دا بوو .
– شەیدا کەی من چیمەنم هانداوە بۆ ڕاکردن
شەیدا لە بن گوێمدا دەڵێ – هەیٚ نەهاتوە بەو دیو ، ئەوە لەو ژێرخانەیە
– ئەوە ژێرخان نییە بەلکوو کولانە سەگە
– دێڵە سەگێکی وەک چیمەن هەر ئەوێی شیاوە
پورە زارا لە بن گوێمدا کوتی ، دەنگی مەکە با بترەکێ .

١٠ . شەیدای دوای ئەوەی رووی کردە قورئان و نوێژ ، سەمای بە لانا . یانی مانگێک دوای هاتنیان بۆ گەڕەکی ئێمە . بە توێی کراس و داوێنێکی قولە سەمای عەرەبی چۆن دەروا . چۆن خۆی دەلەنگاند . سەرو پرچی بە سەر سمت و سوڵێ خۆیدا شۆڕ دەکردەوە . دەستی لێک بڵاو دەکردەوە . سینگ و مەمکی بۆ دەلەرزاند .
چیمەن بە ترسەوە – ئەگەر باوکم بزانێ .
لە سەربانی ماڵێ سەیزادە خاتون ڕا باوکم بانگ دەکا . وا دیارە دیشی ماەوارەکەیان بۆ میزان دەکا . بە نەردیوانێکی شکاو ڕا چومە سەرێ . باوکم ئاچەرێکی بە دەستەوە بانگی کرمە

پەنای خۆی
- سینا تۆ کارێکی زۆر گەورەت دەرحەق شەیدا کرد ، تۆ نەبای ئەو تۆبەی نەکرد .
ئاورێکم لە حەساری ماڵێ مام ڕەشید داوە . چیمەن لەگەڵ بابێ کۆلە پشتیان تێک ناوە . مام ڕەشید برنوویەکی لە شاندایە . چیمەن تاپرێکی بە دەستەوە .
پزلوخیان هەڵکێشاوە . خەریکە دەڕۆن . دەست بۆ شەیدا هەڵدێنن .
- سینا بیری لاڕێ مەکەوە
دوای کە چاوی بە پورە زارا دەکەوێ دەڕواتە دەرێ .
- سینا هەڵی ، بۆوە نابێ لە دەستی دەی ، دەبێ بیقۆزیەوە .
بە سەربانی ماڵێ خاتونە شەڵدا باز دەدەمە سەربانی دیوەکەی چیمەن . لەوێشڕا دادەبەزمە دیوەکەی شەیدا . تازە دەگاتێ . دەڵێی - بێستانەکانی پشت زاوە کێوە .
۱۱ . کاتێک چیمەنم هێناوە . سێ فڕۆکە شاریان بۆمباران دەکرد . دووکەڵ بەری ئاسمانیشاری گرتوە . لەگەڵ چیمەن بە نێو تەقینەوەو ویژەی موشک و ڕوخان و هاوەن و ڕەگباری دۆشکادا خۆمان گەیانەدە گەرەکی مەحمەلی دەشتیان . وا تێک ڕووخاوە . هیچت بۆ ناناسرێتەوە . چیمەن بانگی دایکی دەکات .
ولات بۆتە جەهەنەم . چاو لە ئاسمانی شارکەی هەر بۆمب و گوڵلەیە دادەباری . هاون و گوڵلەو بۆمب زۆر نێزیکی ئێمە دادەبارێ .
- نەکا قیامەت بێت و نەمان زانیبێت .
چیمەن چاو دەگێڕێ بۆ دەرگاو بانی خۆیا ن لە نێو ئەو تێک ڕمانە . کاری هیچ بومەلەرزەیەک نییە
.



ئەو خەونانەی بەر لە مردن دەیانبینین

شاناز جەوانشیر

بۆنی مەشرووب و تامە تاڵەکەی لە جەستە و هەناوم دا هەست پێدەکەم بە ئەستەم دەتوانم بەر خۆم بگرم، ئەو کورە غەریبەیەی کە نازانم لە کوێوە دەرکەوتووە تێدەکۆشێ هەڵمستێنێتەوەو لە پەستا دەڵێ:" نا مەترسە هیچ نەبووە من لێرەم هێمن بەوە و تێکۆشە هەناسە بکێشێ دەی زووبە."

ئەوندە ئاڵۆزم کە نازانم دەبێ چی بکەم کورەکە بە هەموو هێزی دەست دەداتە بن باڵەکانم و لە لێواری چۆمەکەم دووردەکاتەوە:"باشە باشە ئێستا گەرمت دەکەمەوە بەڵام سەرەتا دەبێ کارێ بکەم."

ئاو لە تەواوی جەستەمەوە دەتکێ و جلەکانم وا پێمەوە نووساون کە بە ئەستەم دەتوانم خۆم بجولێنم.

کورەکە بە راکە راک خۆی بە کاپشێنەکەی کە لە سەر لمەکان فرێیداوە دەگەینێ و بە پەلە لە یەکێک لە گیرفانەکانی دا گووشیەکەی دەردێنێ و، پەیوەندی بە ئۆرژانسەوە دەکات.

کەس نەزانێ دەڵێ خۆشەویست ترین کەسی ژیانی لە چۆمەکە گرتووەتەوە کە بەم شێوەیە دەنگی هەڵدەبڕێ، دەگورێنێ:"ئەرێ، ئەرێ دەرم هێناوە تکایە خێرا وەن ئێرا زۆرسارده. "

بەڵام من ئەو سەرما قورسەی کە ئەو باسی دەکات بەو شێوەیە هەست پێ ناکەم زۆرتر لەوە دەچێ خەون ببینم ئەرێ ئەمانە هەمووی خەونە من ئێستا دەبێ لە نێو قووڵایی چۆمەکە بم، وردە ورە لەشم سووک دەبێت و دەکەومە سەر ئاوەکە و، دوای چەن رۆژێکی تر تەرمەکەم بە شێاوی دەدۆزنەوە.

هەناسەیەکی گەرم بەر رووخسارم دەکەوێ چاوەکانم بە حاڵێ دەنوقێنم، کورەکە خوساو و سەرما بردوو بە سەرم دا شۆڕ بووەتەوە بە تەقە تەقی ددانەکانی کە بە ئەستەم یەکدەگرنەوە، دەڵێ:"نابێ بخەوی زووکە چاوەکانت کەوە و جەستەت بجوولێنە دەی خێراکە ئێستا ئەوان دێن دەی .. ."

بەڵام بێ ئەوەی جولەکەم هەروا سەیری دەکەم و سەرم دەخەمە سەر لمەکان. بەرلەوەی چاوەکانم داخەم پڕم دەداتێ، کاپشێنەکەی دەدا بە سەرشانەکانما توند و لە ئامێزم دەگرێ:"جولە مەکە جولە مەکە دەبێ گەرمت کەمەوە دەبێ هەتا ئەوان دێن چاوەڕێ بین."

منیش بێ ئەوەی جوولە کەم لەنێو ئامێزی هەڵدەترۆشکێم و دەهێڵم هەتا بە گەرمای جەستەی وهەناسەکانی گەرمم کاتەوە کە بۆ ساتێ هەست بە بۆنی ماسی دەکەم. دەکەومە بیر بریارەکەم و بە منگە منگێکی مەستانەوە دەڵێم:"بەڵام من بریاری خۆم دابوو نەدەبوایە ئەو کارەت کردایە دەزانی من دەبوایە بمردایەم."

کورەکە بزەیەک دەکات و بە مێهرەبانیەوە پرچە تەڕە لماویەکەم دادێنێ، دەڵێ:"لە کاتی خۆی دا گەیشتم ئەرێ چاک هاتم."

دێم وڵامی دەمەوە کە هەست دەکەم خەریکە خەوم لێ دەکەوێ. دەنگی کورەکە جار لە دوای جار دوور دەکەوێتەوە.

نازانم چەندەی پێچوو هەتا بۆ جارێکی تر چاوەکانم کەمەوە بە گێژییەوە چاو دەگێرم دەمهەوێ بزانم لە کوێم، دڵم بە یەکدا دێ و سەرم گێژ دەخوات . چاوەکانم جار تارمایی دەبینن و جاریش روون دەبنەوە. دیسانەوە چاو دەگێرم، دەناڵێنم:"ئێرە کوێیە؟ ئێرە!"

دەنگێکی پیاوانە بەرگوێم دەکەوێ:"ئا هەستای بروانە لە نەخۆشخانەی."

سەرم بە گێژا دێ و تۆزێکی ماوە برشێمەوە بەڵام لە پڕا دەکەومە بیر کورەکە و بە خۆم دەڵێم:"یانی خۆیەتی؟"

دڵە کوتە دەمگرێ، بە دوای دەنگەکەی دا پێلوەکانم دەجولێنم و نامۆیانە چاو دەگێرم بەڵام جگە لە پیرە پیاوێکی چڵکنی سەروریش هاتوو کە لە نێو دەرگەی ژوورەکە راوێستاوە و بە چاوە دەرپەڕیوەکانی زەق زەق سەیرم دەکات کەسی تر نابینم.

هەست دەکەم پیاوەکە زانیوە سەیری دەکەم وەک بمناسێ بە دەم بزەکردنەوە بۆ لام دێت و دەڵێ:"ئێستا چۆنی؟! ."

پیاوەکە بۆنی ماسی لێوەدێ.

قاوەی سوێر

بەختیار حەمەسوور

کە گەیشتینە ترافیک، گڵۆپەکە سوور بوو. منداڵەکان لە هەردوو لاوە تێمان ئاڵان. بە کلینکس، بنێشت و فڵچەکێشان بە جامەکاندا. سەیرمان کردن و سەیریان کردین. «دیسان هاتنەوە.» سەیری دەکردم کە گوتی. بۆی پێکەنیم. منداڵێک ئاوپرژێنی جامەکەی منی کرد، دیمەنی دەرەوە ئیتر نەدەبینرا. کە پانیی دەمی فڵچە جارێک پرژەکانی ڕاماڵی، دەموچاوی دەرکەوت: ڕەشتاڵە و ڕووشاو. کە جاری دووەم فڵچەکە پرژەکانی ڕاماڵی، مل و یەخەی دەرکەوتن: بۆر و خڕ، چڵکنیش. جامەکانی دادانەوە. جزدانەکەی دەرهێنا و سەیری کردم. «ئەوەیش بۆ خاتری تۆ کە خۆشت دەوێن.» بەس پێکەنیم. جامەکانی بەرز کردنەوە. منداڵەکان هەر دەم و دەستیان دەجووڵان و دەنگیان نەدەبیسترا ئیتر. ڕادیۆی کردەوە. مووزیک بەناو ئوتومبێلەکەدا پەخش بوو. گۆڕی. دەنگێک، کە بۆنی دووری و دەریای لێ دەهات، لە شوێنێک گۆرانی دەگوت. ڕایگرت. دەیزانی حەزم لێیەتی. لەبەر خۆمەوە چەند جار گوتبووم و چەند جاریش بە دزییەوە لە پشت دەرگاکان گوێی بۆ گرتبووم.

ماڵ تا فەرمانگە، سێ ترافیک و چەند شەقامێکی خواری پڕ چاڵ و کەند و بیست خولەکێکیش ڕێیە. لەوێ، لەو بینا کۆنە، لە بەشی تۆمار دەوام دەکەم. مەسەلەن ئەگەر شەقام چۆڵ بێت و ترافیک ڕێکوپێک، ڕەنگە لە کاتی خۆیدا بگەین، بەڵام دۆخی شەقام لە شاردا و لە هەشت بۆ هەشت و نیوی بەیانی، قەت ئاسایی نییە، چەندیش زوو هەستیت، بە پەلە نان بخۆیت و خۆیشت بگۆڕیت. جاران، وەک هەر ژنێک، لە هەر کوێیەک، درەنگ ئامادە دەبووم. ئێستا پێچەوانە بووەتەوە. لە ئوتومبێلدا چاوەڕوان دەبوو، تا پەتی ئارامیی دەپچڕا و دەستی بە هۆڕنلێدان دەکرد. پەیتاپەیتا.

ئوتومبێلەکان لە دواوە دەست بە هۆڕنلێدان دەکەن. پەیتاپەیتا. گڵۆپەکە سەوز بووە. «باشە باش.» و دەکەوینەوە ڕێ. گۆرانییەکە تەواو دەبێت. دەیگۆڕێت. «بەیانی باش»ـە. کچێک لەسەر هێڵە: «سەرەتا بەیانی باش لە ئێوە و گوێگران...» تەماشام دەکات: «بەیانی باش جوانترین ژنی دنیا.» بۆی پێدەکەنم. دەمەوێت بڵێم: «بەیانی باش باشترین پیاوی دنیا.» نایڵێم. مەسەلە ئەوە نییە نەمەوێت، نا. دەیگۆڕێت. «فەرموون ئێوە و پێشبینیی کەشوهەوای ئەمڕۆ» لە جامەکەی لای خۆیەوە لە ئاسمان دەڕوانێت: «دیارە ئیتر، ئەرک مەکێشە.» و دەیگۆڕێت. «گەر دەتەوێت بە ئاسانترین و خێراترین ڕێگە پەیوەندیی بە خۆشەویستانتەوە بکەیت...» کزی دەکات. «ئاسانترین و خێراترین ڕێگە بۆ پەیوەندییکردن بە تۆوە، پێکەنینەکەتە.» بۆی پێدەکەنم. هەڵبەت بۆ ئەو. لەم چوارچێوەیەدا و بۆ هەمیشە. باڵەخانە نزم و بەرزەکان دەبڕین. تاکوتەرا خەڵک دەبینرێن؛ خێرا و سەرداخستوو جادە دەبڕن. لێرەولەوێ دەدوێت. لە بینا هێشتا تەواونەبووەکان. لە دیزاین و شێوازی کارکردنیان. «وەک ئەوەی تاپۆیان بە ناوی تۆوە بێت!» بەیانییەک پێم گوت. کە دەدوێت، هەر دەڵێی وتار دەدات: «بە بۆچوونی من قۆقزیی پێش بینا زیادە، مەسەلەن ئەگەر تەخت بێت دەتوانن بە درێژی و پانیی نێوچەوانی بیناکە ڕیکلام هەڵبواسن و...» ئوتومبێلەکان تێمان دەپەڕێنن. یەک یەک و دوو دوو. «قاتی یەکەم ئەگەر بکرێت بە مۆدێلات و بابەتی ڕۆژ، قاتی دوو بۆ شتی مارکە و بابەتە دەگمەن و دانسقەکان، قاتی سێیش بۆ کافێ و ڕیستۆرانت، دڵنیام قازانجی خۆی نازانێت.» خەڵکان لەنێو ئوتومبێلەکانیانەوە تەماشامان دەکەن و پێدەکەنن.

جارێک گوتم: «هەر گلەیی لە من دەکەیت، خۆت چی.» «خۆم چی؟» «بە خێرایی کیسەڵ دەڕۆیت. ناکرێت کەمێک خێراتر.» نەیدەبیست. قەت ڕیتمی لێخورینی خۆی تێک نادات. ئەوجارەیش کە بە ڕێوە بووین بۆ گوند، شەقام لە بەردەممان ڕاخراو و چۆڵ بوو. لە بەهارمان دەڕوانی و سەوزایی. نەمزانی، لە کوێوە و چۆن. وەک دارمانی شاخێک بەسەرماندا. زرمەیەک و وەرسووڕان بەرەو چاڵێکی قووڵ. تەواو. دواتر کە لەسەر تەختێک درێژیان کردم و بە دەورمدا ڕیزیان بەست، گوێم لێبوو باسیان لە پانی و چۆڵیی شەقام و ئەو شتانە دەکرد

و دەیانگوت، لەو کاتانەدا پیاو جامی لای خۆی دەکاتەوە و هەوایەکی فێنک دێتە ژوورەوە و کەیف دەکات، ئێ ئیتر، ڕەنگە گۆرانییەکیش لە هەوای ئوتومبێلدا بێت و بچێت و خەیاڵی پیاو بۆ دوور ببات، دەی دەیبات، هەر لەو کاتانەدایە پیاو پێی پێدا دەنێت و دەفڕێت. چوزانم، لەو قسانە. دەمویست لەسەر تەخت کێل ببمەوە و بڵێم نا. ڕاست نین ئەو قسانە. دەمویست باسی هەموو بەیانییەکان بکەم. هەر قسەیان دەکرد و منیش لەو شوێنە تەنگ و ساردەدا، ڕووت و ڕاکشاو لەسەر تەختێکی یەکنەفەریی، هێواش‌هێواش لە دنیا دادەبڕام و زیادتر هەستم بە سووکەڵەیی جەستەم دەکرد.

منداڵێتی لە گوند و نزیک زەریا و درەختەکان بوو. دواوە بۆم، لە گوند و منداڵانی گوند، لە زەریا و ماسی و درەختەکان.

لەبەر خۆیەوە ئەو ئاوازە دەڵێت کە من پێم خۆشە. زوو زوویش سەری دێنێتە پێش و دڵنیام دەکاتەوە لەگەڵ باشترین شۆفێردا سەرکەوتووم و پێش وادەی خۆی دەمگەیەنێتە شوێنی مەبەست. لە دڵنیایی ئەو دڵنیام. قەت دوودڵ نەبووم و نیم. بەیانییەک پێم گوت. دەستی لەسەر گێڕەکە بوو. دەستیم گرت. عاشقی پەنجەکانی بووم. نەمگوت قەت. چەند جار ماچم کردوون و نەمگوتووە. دوای هەر ماچێک تەماشای کردووم. دەیویست زار بکاتەوە و بڵێت، نەمدەهێشت، دەمزانی، بە چاوەکانیدا. دەمگوت مەیڵێ. هەموو شەو، بەیانی و ئێوارە، هەر دەرفەتێک کە دەبوو، دەیگوت. دەمگوت: «هەندێک شت نابێت بگوترێن، جوانییان لە نەگوتنیاندایە.»

هەشت و شازدە خولەکە، لە سەعاتەکەی دەستیدا.

بەیانی، کە لە ئوتومبێلدا دانیشتبووم، یان بڵێم وەک هەمیشە دانرابووم، هات و لە پێشەوەی ڕوانی. «دەقەیەک.» گوتی و دابەزی. دە خولەک تێپەڕی و نەهاتەوە. هاتەوە. پێدەکەنی: «فەردەیەک پێڵاوی تاکەوتاک بوو لەوسەری کۆڵان.» تەماشای کردم. «خەمت نەبێت.» سەعاتی بۆ ڕاگرتم: هەشت و یازدە خولەک. «لە کاتی خۆیدا دەتگەیەنم. وەعد.» خۆی بەستەوە. سلفی لێدا. «بەم بەیانییە، چ زەوقێکە!» لە کۆڵان دەرچووین. «بەس تۆ خەمت نەبێت. لە کاتی خۆیدا دەگەیت.» کەوتینە سەر شەقامی گشتی. «فەردەیەکی تریش، هەر مەترێک ئەولا کەوتبوو، ئەویش پڕبوو. دڵنیام تاکی یەک بوون. هەموویان.» گرفتی نییە. کارگە نۆ دەکەوێتە کار. بەیانییەک چووم. «دەچیتەوە ماڵ کە چی بکەی؟» ڕاستی دەگوت. درەنگ کەوتبووم. نەدەکرا بچمە فەرمانگە. گوتم باش. چارەکێک لە شار دوورکەوتینەوە و گەیشتین؛ کرێکارەکانیش. خەواڵوو و تووڕە. لە پاس یەک یەک کە دابەزین، ماندوویێتیی ڕۆژی پێشوو بە ڕووخساریانەوە دەبینرا. چووینە ئۆفیس. کرێکارەکان بە بەردەم پەنجەرەی ئۆفیسدا تێپەڕین، بە ڕیز، دەمامک و بەدلە شین. دوو دەرگای گەورە و ژەنگاویی، بە ئێشتیاوە قوتی دان. ناکاو دەنگی بەردهاڕین و گرمەی ئەو دەزگا زەبەلاحە گەیشتە ئینج بە ئینج و کەلێن بە کەلێنی ژوور و ڕاڕەوەکان. دوو ڕۆژ دواتریش، کارگە لە مێشکی مندا هەر بەردی دەهاڕی و دەیگرماند.

«تەنانەت جارێکیش نەبوو بگەینە ترافیک و سوور نەبێت.» و تەماشای پێشەوە دەکات و پاشان من. دەوەستێت؛ لە یەککاتدا ئوتومبێلەکانی لاتەنیشت و دواوە و پێشەوەیش.

منداڵەکان بە نێوان ئوتومبێلەکاندا پێچ لێ دەدەن. بە جامەکاندا دەکێشن. پێدەکەنن و پێکدا هەڵدەپژێن. چەندیش زۆرن. «ئەمانە خاوەنێک شتێکیان نییە.» بە چاو بە دوایاندا ڕا دەکات. «بێ تاپۆن.» جارێک گوتم. هەر بۆ گاڵتە. «خۆ خانوو نین خانم!» گوتی و پێکەنی. تەماشام دەکات: «ئێستایش وا دەڵێیت؟»

لە ئاوێنەی لاتەنیشت دەڕوانێت. بزەیەک تێکەڵ بە بەزەیی لەسەر لێویەتی. «هەر لەمەمان کەم بوو.» ناتوانم دیمەنی ناو ئاوێنەکە ببینم، هەروا سەیری جووڵە و بزەی لێوی دەکەم. دەستی لەسەر سوکان بەرەو قژی هەڵدەگرێت. خۆزگە بە پەنجەکانی دەخوازم، کە تێکەڵ بە تاڵەکانی دەبن و ون. بۆ ئاوێنە دەچەمێتەوە. «سەیرکە چۆن بە تەنیشت سەیارەکاندا دەڕوات. ئاخر کابرا بەو حاڵەوە چۆن دەتوانیت!» لە گوندیش پیاوێک، کە جەنگ لاقێکی بردبوو، هەبوو، ڕەنگە ئێستایش. بۆ گۆڵچنینەوە بەرەو یاڵ و دەشتەکان دەچووین و لە دوورەوە، جوانتر دیمەنی گوند و جووڵەی خەڵک دەبینران. لەگەڵ کچە بچکۆلەکەیدا قاز و قەلیان دەبردە پشت ماڵ و بە دیاریانەوە دەوەستان. دارشەق لە

بنبالّ، لەناو گیا و گوڵاڵەسوورەدا، تەکانی دەدا. «ئەمانەیش بیرۆکەی وایان لایە پیاو ناچار دەکەن هەر دەست بە گیرفانیدا بکات.» بزە لێوی جێهێشتووە. بەر لەوەی کابرا بگات، ترافیک سەوز دەبێت. دەنگی هۆڕن لە دواوە بەرز دەبێتەوە. «باشە باش.»

دەکەوینەوە ڕێ.

بە پەنا قوتابخانەیەکدا تێدەپەڕین. هێندە خاو، وەختە بڵێم ئەو بەلای ئێمەدا دەڕوات. جارێک دەستی لەسەر سکم دانا و گوتی: «لێرە ناونووسی دەکەین.» چەندمانگ بوو. لە سکمدا هەستم بە بوونی دەکرد. کچ بوو، دکتۆرەکان گوتیان. دەیگوت تا دەڕواتە ژوورەوە هەر تەماشای دەکەین. دەبوو ئێستا سەری یەکێک لەو مندالانە کە بەرز دەبێتەوە و نزم، کچەکەی ئێمە بوایە. تۆپەکان هەڵدەدرێن و دەگەڕێنەوە. ئەگەر جامەکان کرابنەوە، گوێمان لە فیکە و قاووقیژیان دەبێت. «حەتمەن وا دەکەین.» کە گوتبووم، هێشتا دەستی لەسەر سکم بوو. دەستم لەسەر دەستی دانا.

بەیانییەک، کە هێشتا لە جێخەو نەهاتبوومە دەرەوە، هات و بەتانی لەسەر لادام: «ئۆملێتم بۆ ئامادە کردوویت.» تا ئەو ساتەیش نەمدەزانی ئوملێت چییە. هەڵی گرتم بەرەو مەتبەخ. لەسەر مێز دایگرتم. هێنای. لە تاوەدا: هێلکە، تەماتە، پیاز و بیبەری تیژ. قۆڵی هەڵکرابوون هێشتا. «کارمەندێکی تازەمان بۆ هاتووە. خواردنی وا دروست دەکات نەبێتەوە.» هەر وەستابوو و قسەی دەکرد: «دەی، بخۆ. بزانە چۆنە.» پاروویەکی بۆ کردم و خۆی خواردی. «واو! بە ژیانت خواردنی وا خۆشت نەخواردووە. دڵنیام، زۆریش.» چووبووە مەتبەخ، چەند ڕۆژێک. بەس تەماشای دەستی کردبوو و پرسیبووی. فێر بووبوو، چ زوو. هەموو بەیانییەک دروستی دەکات. بەشی دوو کەس. لەسەر مێز کە دادەنیشێت، هەردوو دەستی دەخاتە ژێر چەنە و تاوەیش لە بەردەمدا. بەر لەوەی دەست بە خواردنی بکات، سەر بەرز دەکاتەوە: «دە وەرە ئیتر. سارد بووەوە بێتام دەبێت ها.» بە تەنیشت تابلۆی ژنێکی سکپڕەوە (لێرەدا منیش سکم بەحاڵ بەرز بووەتەوە)، دەستم لەسەر پەرژینی باخچەیەک داناوە و بزەیەکیش لەسەر لێو، لە چوارچێوەیەکی زیرەییدا.

ڕیزێک دوکان، بەوبەری جادەوە، نیوەداخراو و نیوەکراوە، هەن. پیاوێک، مانکێنێکی نیوەڕووتی هەڵگرتووە و لەپێش دوکان دایدەنێت. تەنیشت دوکانەکان کەنیسەیەکە. یەکشەممەیەک چووین. دەزگیراندار بووین و دڵخۆش. خاچمان کێشا، مۆممان داگیرساند و دوعامان خوێند. ڕۆژێک گوتی: «خۆزگە بۆ جارێک دەگەیشتینە ئێرە و هەموویان بکرانایەتەوە.» گوتم: «ئەوەیش بوو بە کێشە!» مستی لە چەرمی سوکانەکە توند کرد: «دەمەوێت بزانم چی دەفرۆشن.» لە تێپەڕیندا، تەماشای ئەوبەری جادە دەکات: «دیسان نیوەداخراو و نیوەکراوەن.»

کافیشۆپێک لە بەردەممانە، هەر دەگەینە ئەو ئاستە، دەڵێت ڕۆژێک قیروسیای لێ دەکەین و لادەدەین. بیرم نییە حەزم لە قاوەخواردنەوە بوبێت. سەرەتایش کە ناسیم، لەم کافێیەوە ڕایدەکێشامە ئەو کافێ و هەر دەیگوت بۆ نایخۆیتەوە؟ تا سارد دەبووەوە، هەر تەماشایم دەکرد. گوتی: «حەکایەتێکت بۆ بکەم دەیخۆیتەوە؟» سەرم لەقاند.

کوڕێک هەبوو، هەمیشە دڵتەنگ، لەگەڵ کچێک تازە یەکتریان ناسیبوو. کچە بێئەندازە جوانبوو. ڕۆژێک پێکەوە بڕیاریان دا بچنە دەرەوە، کافێیەک لە نزیک ئەو شوێنەی ئەوانی لێ دەژیان، هەبوو، ناوی «کافێ بلوو» بوو. بۆ یەکتربینین قەراری ئەوێیان دا. کچە دەستی کوڕەی گرت، یان نا، کوڕە دەستی کچەی گرت. گەیشتن و لای پەنجەرەیەکی تەمگرتوو دانیشتن. گارسۆنەکە هاتە لایان: «چیتان بۆ بێنم؟» کوڕە گوتی: «قاوەی سوێر!» کچە برۆی تێک نا و هێڵەکانی نێوچەوانی دەرکەوتن. گارسۆنەکە کە هەروا سەری سوڕمابوو، نەیدەزانی دەبێت چی بکات. کوڕە تەماشای کرد: «بۆ وەستاوی. قاوەمان بۆ بێنە، قاوە بە خوێوە!» گارسۆنەکە بەدەم داوایەکەوە چوو کە هەرگیز نەچووبوو.

کچەکە پرسی: «بۆ قاوەی سوێر!؟» گرژیی ڕووخساری نەمابوو ئیتر.

کوڕەکە گوتی: «بە مندالی ماڵمان نزیک زەریا بوو، کە باران دەباری، شەپۆلەکان دەگەیشتنە بن درەختەکان و تا ناوقەد تەڕ دەبوون. دەوەستاین تاکو باران خۆشی دەکردەوە، شەپۆلەکان دەگەڕانەوە و زەریایش هێمن دەبووەوە، ژێر درەختەکان پڕ دەبوون لە ماسی. کە هەڵدەبەزینەوە بریسکەیان دەهات، سرک و لووس بوون. لەگەڵ مندالانی گوند، سەتڵ و سووزگیمان دەکرد بە قۆڵدا و دەچووین کۆمان دەکردنەوە. دواتر پەنجەمان بەسەری زماندا دەهێنا، سوێر بوو. دەتریقاینەوە. ڕۆژانێکی خۆش بوون، ناگەڕێنەوە ئیتر. ئێستا دەمەوێت یەکەم ژوانی ئەڤینداریم، بە یادی سوێریی جارانەوە بێت.» کچە بۆ ساتێک، هەورێک جوانییەکەی داپۆشی.

کوڕە بە لەپی دەست کەمێک شووشە تەمگرتووەکەی سڕی: پیرەژنێک و سەگێکی سپیی تیسکن دەچوونە شوێنێک.

پاش ماوەیەک، دوو لاوەکە بوون بە هاوسەری یەکتر. ئیدی کچە هەمووکات قاوەی سوێری بۆ مێردەکەی ئامادە دەکرد. سالان تێپەڕین، پێکەوە پیربوون و پیاوەکە بە نەخۆشییەکەوە ڕۆیشت و ژنەکەی تەنیا مایەوە. ڕۆژێک ژنەکەی بەناو یادگارییەکانی مێردەکەیدا دەگەڕا، چاوی بە دەفتەرێکی بەرگسەوزی بچووک کەوت. کردیەوە. لە یەکەم پەڕەدا بە گەورەی نووسرا بوو: یادداشت. لاپەڕەکانی هەڵدایە و لە لاپەڕەیەکدا چەند دێڕێکی کەم نووسرابوون، خوێندیەوە: «من قەت حەزم لە خواردنەوەی قاوەی سوێر نەکردووە، ئەسڵەن هەر حەزم لە قاوە نەبووە، چجای قاوەی سوێر! ئەو ڕۆژەی لە «کافێ بلوو» داوای قاوەی سوێرم کرد، بە هۆی شڵەژان و شپرزەیی حاڵمەوە بوو، ئاخر ئەوە یەکەمجار بوو لەگەڵ کچێکدا بچمە دەرەوە، کچێک کە ئەوکات خۆشەویست و ئێستا ژنمە، تەنانەت منداڵێکیش لە سکیدایە و وەک هەمیشەییش هەر دێمەوە قاوەی سوێرم بۆ ئامادە دەکات.»

مرۆڤ لە پێناو خۆشەویستەکەیدا هەر قاوەی سوێر نا، گۆشتی کاڵیش دەخوات.

شەوان، ئەو کاتەی بڕیارە فیلمێک ببینین، دەچێتە مەتبەخ و جزوە دەخاتە سەر گاز. دەگەڕێتەوە، بە دوو کوپ قاوەی داخ لەسەر سینییەکی بچووک. شەوێک گوتم: «لەوەتەی ئەو حەکایەتەت بۆ گێڕاومەتەوە قاوەخۆرێکی سەیرم لێ دەرچووە.» کوپەکەی بە هەردوو دەست گرتبوو، گوتی: «ئەی چۆن، مرۆڤ لە پێناو خۆشەویستەکەیدا هەر قاوەی سوێر نا...» و قومێکی لە قاوەکە دا و داینا. «گۆشتی کاڵیش دەخوات.» فیلمەکان دەهێنێت و ناوەکانیان دەخوێنێتەوە. تا یەکێک دەدۆزێتەوە، بە دڵی من. بەر لە دەستپێکردنی فیلم، لەسەر مێزی تەنیشت تەلەفیزیۆنەکە دامدەگرێت. لە باوەشیدا جێیەک بۆ خۆم دەکەمەوە. بە لەپ شووشەی چوارچێوەکەم دەسڕێتەوە. «قەینا، پێچەوانەی ڕەوتی حەکایەتەکە، با قاوەچییەکە من بم.» وا دەڵێت. بزەم لەژێر دەستیدا نەختەنەختە دەردەکەوێت. لە ئاوێنەی لای خۆیدا، کەمێک یەخەی کراسەکەی ڕێک دەخات.

هەر خۆی دەگۆڕێت، هەناوی دۆلاب دێتە دەرەوە. چەند گوتوومە، سوودی نییە. دێتە هۆڵ: «چۆنم؟ لێم دێت؟» کەمێک لەولای سەعاتە چاڵمەکەوە، دەستم خستووەتە کەمەر و نیگام بۆ دوور ڕەوانە کردووە. دێتە ژووری خەو، تەماشای خۆی دەکات، لە نووکی پێ تا یەخە. سەر بەرز دەکاتەوە. «بە دڵتە، دەزانم.» لەسەر مێزی تەنیشت تەختەخەو، جانتا لە قۆڵ و بزەیەکیش لەسەر لێو، دانراوم، دیسان لە چوارچێوەیەکدا. «ئاخ! سێ چرکە زووتر...» و ستۆپ دەگرێت، کەمێک بە پێشدا دەکەوم، بەس ناکەوم. (چەسپ کراوم) دەکێشێت بە ناوەڕاستی سوکاندا و هۆڕن لێ دەدات. دەست لا دەبات. دەزانم، بێ ئەوەی پێشەوەیش ببینم: گلۆپەکە پرتەقاڵی و خێراییش سوور بووە. مەودا و دووری ئۆتومبێلی ئێمە و تەنیشت، هێڵێکی سپی کاڵە و پچڕپچڕ. منداڵەکان بەسەریدا ڕا دەکەن و تەقە لە جامەکان هەڵدەستێنن و خەیاڵی سەرنشینەکان دەشێوێنن. کە دەچووین بۆ گوند و شار نەختەنەختە لێمان دوور دەکەوتەوە و شەقامیش پان، چۆڵ و ئارام، دەیگوت: «ترافیک و منداڵەکان کە نین شۆفێری شتێکی ترە.»

لەسەر گومەزی مزگەوتێک چەند کۆتر نیشتوونەتەوە، بە بەربوونەوەی پارچەیەک تەختە لەو نزیکانە، هەڵفڕین. دەفڕن و هەوا پڕ دەبێت لە پەڕی سپی و سوور. «چەند جوانن.» سەری نزم دەکاتەوە و تەماشایان دەکات.

حەفتانە تەنیا هەینییەکانی هەیە. ڕۆژانە هەشت سەعات کار. «زوو دەتهێنم بۆ خاتری پشووەکەی.» لە کافێیەکدا گوتی. پڕ بە کافێکە پێکەنین. بەختەوەر و بەدبەخت، هەرچی لەوێ دانیشتبوو، ئاوڕیان بۆ مێزەکەی ئێمە دایەوە. دوو حەفتە پشوومان وەرگرت، حەفتەی دووەم چووینە گوند. بەیانیان کە هەڵدەستاین، دووشمان دەکرد. نانمان دەخوارد. ماست و چا و پەنیر. دەچووینە دەشت. من بە سەبەتەیەکی بچووک و ئەویش مەتارەیەک ئاو. دەگەڕاین، تا ماندووبوون دەگەڕاین. لەسەر گیای سەوز و تەڕیش کە ڕادەکشاین، لە ڕۆیشتنی هەورەکانمان دەڕوانی. وردەوردە لە یەک نزیک دەبووینەوە، سەرم دەخستە سەر باسکی و دواتریش سینگی. کە تلمان دەخوارد، گیا و گوڵ لەژێرماندا دەپلیشانەوە.

سەری بە جامەکەوە دەنێت، لە شۆستە و خەڵک دەڕوانێت. بێ ئەوەی سەیرم بکات دەڵێت: «تەماشا!» و دەست بۆ سایدی ئەوبەر ڕادەکێشێت. چاوی تەسک دەکاتەوە. «دەستی داوەتە دەست کوڕێکی بچکۆلەی قژزەرد.» سەیرم دەکات: «قەت بیرت لە کوڕێک کردووەتەوە کە لە شەقام دەپەڕێتەوە و...» سەر داشبڵەکە ڕێک دەخات. «بیر لە چی دەکاتەوە؟» جوانتر دەیبینم و دەمبینێت. «ڕەنگە ئەو قژزەردە قسەی بۆ بکات و بڵێت، ئەم پارچەئاسنانە گوویان کردووەتە شار و شەقام. نا، ئەوە لە قسەی گەورەکان دەچێت.» و سەری لە جامەکەوە دەباتە دەرەوە. «تۆ دەڵێی چی؟» بەس پێدەکەنم. «وا پەڕینەوە.» دەنگی هۆڕن لە دواوە بەرز دەبێتەوە. «باشە باش.» و سەر دەهێنێتە ژوورەوە.

دەکەوینەوە ڕێ.

وەک هەمیشە لەسەر سایدی لاتەنیشت، سایدی خاو، ئۆتومبێلەکە دەئاژووێ. با لەسەر کوشنیش دانەنیشتبم، هەر هەست بە چاڵ و خواروخێچی جادەکە دەکەم. پەنجە بە دووگمەی لای خۆیدا دەنێت؛ جامەکان نیوە دادەگرێت. هەوا دێتە ژوورەوە و لە قژی دەدات. کەروێشکە دەکات، نەرم و پڕ، پڕیش لە تاڵی سپی. کە دەچووینە سەر تەختەخەو و سەری دەخستە سەر مەمکەکانم، ئیتر پەنجەم نەدەسرەوتن، تاکو لە چەند تاڵێک دەئالان و ون دەبوون. ناوم نابوو «کێڵگەی گەنم» دەیگوت: «پەنجە خڕ و بچکۆلەکانت قژیان لەبن دەرهێنام کچێ.» و دەتریقایەوە.

دەگەینە پێش فەرمانگە. بینای فەرمانگە لە جاران کۆنتر، پەرتر و پرتووکاوتره. سەعاتەکەیم بۆ ڕادەگرێت: هەشت و بیستوهەشت خولەک. «مەگەر نەمگوت خەمت نەبێت.» و ئۆتومبێل دەکوژێنێتەوە. تەماشام دەکات و چاوەڕوانە دابەزم. ناتوانم. من مەحکووم و دیلی چوارچێوەکانم. لە گشت شوێنێک: ناو ئۆتومبێل، ژووری خەو، متبەخ، هۆڵ و... تەماشام دەکاتەوە. دەمەوێت بڵێم ئەو نیگایەت بریندارم دەکات، لایبە. دەمەوێت بڵێم پێکەنینی ناو هەموو چوارچێوەکان ساختەن و خیانەتکەر. وشەکان لە گەرووما مەییون. سەری دەخاتە سەر سوکان. ئیتر ڕووخساری نابینم، تەنیا دەنگیەتی کە دەیبیستم. دەمەوێت لەم چوارچێوەیە بێمە دەرەوە و دەست لەسەر شانە لەرزیوەکانی دابنێم و بڵێم لێخوڕە، بۆ گوند، بۆ ژێر درەختەکان، بۆ کۆکردنەوەی ماسی. ناتوانم. لەم چوارچێوەدا و بەسەر ئەم داشبڵەوە چەسپ کراوم.

ساڵانێکە.

کارۆلینا

گۆران رەئوف

١

هەفتەیەک بوو سەرتاشخانەکەی داخرابوو، کەس هەواڵی نەدەزانی بۆ کوێ چووە، کەسیش نازانێت زەوی هەڵیلوشیوە یان بەرزبۆتەوە بۆ ئاسمانەکان، تەنانەت کاک شوانی هاوڕێی و ژنەکەشی، ئەو ژنەی کە زۆری خۆشدەویست، هەمووکات بە دۆست و هاوڕێ و خزم و خوشک و براکانی دەوت من عاشقی خەندەم! بەڵام ئەوە زیاتر لە هەفتەیەکە عاشقەکەی خەندە دیار نییە، شەوی یەکەم کە زانرا دیارنەماوە، باوکی بە حەسرەتەوە وتبووی: ئەم هەتیوە جارێکی تر ونبووەتەوە، دەترسم ئەم جارە بەتەواوی حەیامان بەرێت.

هەورامان کەسێکی ڕوخۆش و کراوەیە لەگەڵ هەموو کەسدا، بەڵام شەرمێک وەک مۆتەکەیەک لە هەموو جوڵانەوەکانیدا لێی نابێتەوە.. زۆربەی هاوڕێکانی غیرەی ئەوەی لێدەکەن کە بۆ هیچ کات نەیان بینیوە کەمێک غەمبار یان ڕوگرژ و بێحەوسەڵە بێت، ئەمەشیان نەشاردۆتەوە و لە سەرتاشخانەکەیدا بە پێکەنینەوە پێیان وتووە، ئەو هەمیشە یەک وەڵامی هەبووە بۆیان، نەوەک هەر بەتەنیا بۆ هاوڕێکانی بەڵکو بۆئەو کەسانەشی وەک مشتەرییەکی بەردەوام هاتوون و قژیان لا چاککردووە.. هەورامان هەمیشە دەڵێت: " منیش وەک ئێوە مرۆڤم و هیچ شتێکم لەئێوە زیاتر و کەمتر نییە، بەڵام من ساڵەهایە ڕاهێنان دەکەم، کە تەواوی کێشە و غەم و ئازار و نەهامەتییەکان لە سەری مرۆڤدان، بۆیە دەبێت هەر لە سەرماندا چارەیان بکەین، بەم پێیەش بێت من باوەڕم بەوەهێناوە کە نامەوێت هیچ کێشە و نەهامەتی و گرفت و غەم و ئازارەکانم لە سەرمدا بەبێ چارەسەر بهێنمە دەرەوە، هەربۆیە هەمیشە دەمەوێت پێبکەم"

سەرتاشخانەکەی ناوی هەورامانە بەناوی خۆیەوە ناوی ناوە، دەکەوێتە سەر شەقامە گشتییەکەی ناوبازاڕ، سەرتاشخانەیەکی سادەیە، جگە لەو سێ ئاوێنەیە و پێداویستییەکانی ناو سەرتاشخانەیەک، عودێک هەیە لە سەر ئاوێنەکانەوە هەڵواسراوە، هەورامان زۆری خۆشدەوێت، زۆرکەس دەربارەی ئەو عودە پرسیاریان لێکردووە، بەڵام تەنیا پێیوتون من خۆم شتێک لە عود ژەنین دەزانم، ئەوەش بۆجوانی دامناوە.. بەڵام ئەوەی سەیرە لەو عودەدا، نوسینێک لە تەنیشتی خوارەوەی هەڵکۆڵراوە، نوسینێک کەس نازانێت واتاکەی چییە، چونکە کوردی نییە.

هەمووان لە خەندەی ژنیان دەپرسی هەورامان چی بەسەرهاتووە؟ ئێوە چ کێشەیەکتان هەبووە؟ دڵنیایی خوشکی هەورامان، هەرچەندە کاتی خۆشی لای پەسەند نەبوو کە براکەی خەندە بخوازێت، سەرزەنشتی خەندەی دەکرد و تۆمەتباری دەکرد بەوەی کە ونبوونی براکەی هەمووی لەژێرسەری خەندەدایە، رویدەکردە باوکی و دایکی و پێیدەوتن من دڵنیام ئەم خەندەیە سەری براکەمی خواردوە، چاوەڕوانی چییەکەن با پۆلیس ئاگاداربکەین.. خەندەش تەنها کارێک کە دەیتوانی بیکات گریان بوو.

٢

ئەوکاتەی هەورامان پاش چوار ساڵ لە سوید گەڕایەوە، ئەوەی چاوەڕوانی نەدەکرد، هاوسەرگیری بوو، دایکی هەر هەفتەی یەکەم پێشنیازی ژنهێنانی بۆکردبوو، شتەکە زۆر لەپڕبوو، دایک و باوکی و خوشەکەکانی و هەتا کامەرانی براشی ئەوەی جەختیان لەسەر دەکردەوە ژنهێنابوو، دەیانویست ملی بکەن بەپەتی هاوسەرگیریدا، تا جارێکی تر هەورامان نەڕوات، تا جارێکی تر جێیان نەهێڵێت، تا ئیتر بێ هەواڵیان نەکات و وننەبێت.. پێیان دەوت ئەوەتا هاوڕێ و هاوتەمەنت نەماوە. بیرێک لە داهاتووت بکەرەوە، کامەرانی برات چەنێک لەخۆت منداڵترە، وا کوڕەکەی دەڕواتە قوتابخانە.

ونبوون و دیارنەمانی هەورامان، خوویەک بوو کە هەر لەمنداڵییەوە لە گەڵیدابوو، کاتێک مێردمنداڵێک بووە، لەپڕ دیارنەماوە و ونبووە، ڕۆیشتووە بۆ پایتەخت، شەوەهای شەو، ونبووە و کەسیش هەواڵی نەزانیوە، سەفەری ئێرانی کردووە بە ساڵ دیارنەماوە و بێهەواڵ ماوەتەوە، لەپڕ دەرکەوتۆتەوە،

انقدر هست که او کنجکاویش (اگر واقعا بشود اسمش را کنجکاوی گذاشت) ارضا شده و خود من هم نفس راحتی می‌کشم. دلم می خواهد اورا با خیالاتش تنها بگذارم و در شلوغی سالن نمایشگاه ولش کنم و بروم. او به راه خودش برود ومن هم به راه خودم. در فضای نمایشگاه خوشبختانه به اندازه کافی جا هست که هرکس برود و به تنهایی برای خودش بگردد و تابلوها را تماشا کند.

"چه آدم خوشبختی بوده ای که آنجا بزرگ شده ای، آه، اقیانوس، آفتاب، چه میوه هایی!.. "

هیچوقت فکر نمی‌کردم از شنیدن واژه‌های اقیانوس وآفتاب و میوه دستپاچه بشوم. تارهای بلاتکیفی از مویش را دور انگشت حلقه می‌کند و باز می کند و چشمهای آبی آسمانیش مجذوبانه به من دوخته شده اند. معلوم است که دارد کیف می کند. زنها معمولا به تناسب این جور لحظات باموبشان بازی می‌کنند یا لاک ناخن‌های انگشتان خم شده اشان را نگاهی می اندازند، یا چه می دانم، هرکس زبان تن خودش را دارد، مثل زبان مادریش. قدش از من کوتاهتر است. همان قد ایده آل از نظر من که یک هم صحبت زن می تواند داشته باشد. به نظرم دستی دستی دارم خودم را دچاردرد سر می کنم. در موزه هنرهای معاصر کارشناس هنری است. همین رشته را هم در دانشگاه خوانده است.

می گوید،

" من خانواده ام ، یعنی پدر و مادرم، اصلا ایرلندی هستند، اما خودم تا شانزده سالگی در بلژیک بزرگ شده ام . خانواده من از دو نسل پیش اینجا زندگی کرده اند."

چه راحت دارد از خودش حرف می زند. رشک برانگیز است.

در جواب می گویم،

" اوه، بلژیک...بله، بلژیک ..."

انگار که مرد جهان دیده ای باشم که بیشتر جاهای دنیا از جمله بلژیک را مثل کف دست می شناسد، مرد نقشه ها و قطب نما... با تحسین نگاهم می کند. چه لبخند شیرینی دارد با آن چانه باریک. ویا دارد در عمق آن آبی آسمانی به ریش من می خندد. هیچوقت به این جور چشمها اعتماد نکن!.. بهتر است نکنم، بخصوص که حالا چند تارطلایی رنگ از موهایش را که دوباره روی پیشانی افتاده، اتفاقی، با انگشتان بلندش کنار می زند. آدم دلش می خواهد پیشانی بلندش را درست از رستنگاه موها ببوسد.

" پس از یه جای آفتابی میایی؟"

" بله با آسمانی همیشه آبی..."

که گاهی از شدت نور آفتاب کمرنگ می شود، درست مثل رنگ چشمهای تو... و از فیجی دیگر چه می دانستم؟.. هر لحظه ممکن بود یک گاف جغرافیایی یا مردمشناختی از من سربزند. خودم را آماده می کنم که گفتگو را به جای دیگر، به موضوعی دیگر، بکشانم. مثلا از خودم بگویم و اینکه در غربت مثل همه آدمهای غربتی دیگرنقش های مختلفی را بازی کرده ام . زمانی روزنامه نگار بوده ام، اما خیلی زود ازین کار خسته شدم. برای روزنامه نگاری آدم باید بی‌طرف باشد و هرروز صبح به ادامه زندگی علاقه‌مندی نشان دهد. یا مثلا مدتی توی یک کتابفروشی زنجیره‌ای کارم این بود که کتابهای تازه را در بسته های سنگین از انبار در می آوردم و توی قفسه ها می‌چیدم. مچم را در حال تورق کتابها و تا کردن صفحه ای از یک کتاب چندبار گرفتند و عذرم را خواستند. در حال حاضر برای یک کانادیی آنگلوفون چاق و چله مدیر یک شرکت تبلیغاتی کار می کنم که اتفاقا اهل شوخی است. برای محصولاتی مثل دستگاه تصفیه اب استخر و پمپ و وسایل باغبانی و انواع شیر و وان حمام فلایر طرح می زنم...

" از اینجا تا فیجی چند ساعت پرواز است؟"

حس می‌کنم که به دام افتاده ام. هرگز آیا شده که در دامی بیفتی که خودت پیش پای خودت چیده باشی؟.. چرا جای دورتر و ناشناخته‌تری را نگفته بودم؟ می توانستم بگویم سوزن بانی بوده ام در تیمبکتو. خانواده ام نسل اندر نسل همه سوزن بان قطار بوده اند. یا می توانستم بگویم که اصلا قوادی بوده‌ام در تاشکند و حالا استاد ادبیات تطبیقی هستم در استراسبورگ...

صدایش از آن صداهاست که از هرفاصله ای انگار توی گوش آدم زمزمه می کند و این من را ارام می کند. برای این صدا همیشه می توان جوابی پیداکرد. برای لحظه‌ای صدایش را می شنونم که در نسیم و ساحل و آفتاب نام من را صدا می‌زند (جملات شعری که بعدا قرار است روی کاغذ بیاورم، با افسوس؟)

آب دهانم را قورت می دهم و می گویم،

" فرق می کند. از روی اقیانوس آرام یا اطلس..."

چرا به او نمی گویم که روزی در هنگامه انقلاب در و طنم از خانه که بیرون آمدم تا به کافه پاتوق هرروزه‌ام بروم در برابرم سیل جمعیتی را دیدم که هُردود کشان درست برخلاف مسیر من در پیاده رو و کف خیابان به راه دیگری روان بود. از تنهایی خودم در برابر آن جمعیت وحشت کردم و نماندم. گریختم.

آبی چشمهایش چنان من را در خود غرق کرده که اجزای دیگر صورتش را انگار در مه می بینم. مد دریایی آرام. مزرعه‌ای از گل آفتابگردان...لحظه ای از صدای زمزمه‌گرش به خود می‌آیم.

" هی!..کجایی؟ ..گفتم پیراهنت خیلی قشنگه... به من گوش نمی دی؟"

” آه، چرا...مرسی.“
سراپایش را زیر چشمی برانداز می کنم. خیلی چیزهای او قشنگ است. کفشهای کتانی سفید رنگی به پا دارد که اگر دقت کنی می بینی دامن و بلوز شیکش را عمدا از رسمیت انداخته اند. دستش را پیش می‌آورد، انگار که بخواهد پروانه ای را از سر یقۀ پیراهن من بپراند، و انگشتانش یقه چروک خورده پیراهن من را صاف می کنند.
” این طوری بهتر شد.“
به دور و برم نگاهی می اندازم. چندتایی از باز دیدکنندگان نمایشگاه با جام های کوکتل دردست لبخند زنان نگاهایشان را از ما برمی‌گیرند. از نمایشگاه که بیرون می رویم رگبار تابستانی تازه بازایستاده و پیاده رو و خیابان خیس است. به او می‌گویم خانه‌ام در همان نزدیکی هاست و ترجیح می دهم در آن هوای پس از باران تا خانه پیاده بروم. با من خداحافظی و روبوسی می کند. باکفشهای سفیدش از روی تلالو چراغهای خیابان در برکه های آب باران قدم برمی دارد و از من دور می شود. می رود آن طرف خیابان که سوار ماشینش بشود و جهان درندشت پس از باران با همه خیابان‌ها و چراغهایش، کافه ها و نوشگاه‌هایش با رفتن او چه تنگ و کوچک می شود...عطر تازه گونه او را که هنوز در هوا است می بویم و برخاطرم می گذرد که کاش به او گفته بودم که من ویولن‌زن کوری بوده ام در طنجه که گاهی فقط به تناسب لحظات وانمود می کنم بینا هستم و اینجا مثلا تابلوها ی نقاشی را می بینم با دقت و صبورانه... وانمود می‌کنم که چشمهای ترا
می بینم و در نگاه آبیت غرق می شوم...

این مدت همه چیز انگار که در یک زمان حال بی پایان گذشته است و من به مناسبت یا بی‌مناسبت این خط از شعر اکتاویو پاز را به یاد می آورده ام و با خودم زمزمه می کرده ام که می‌گوید:

امروز، امروز است، همیشه امروز است...

و هربار انگار که خود این شعر را هم برای اولین بار به یاد می‌آورده‌ام و زیر لب زمزمه می کرده ام. من و او حالا درآپارتمان او باهم زندگی می کنیم. آن شب بعد از رفتنش بود که حس کردم بدون او حتا یک روز هم نمی‌توانم به زندگی ادامه دهم. هفته پیش مادرش از ادمونتن پیش ما آمده بود که لابد دوست پسر دخترش را از نزدیک بیند و بشناسد. ایرلندی شراب خواره قهاری است با هنوز ته مانده ای از وجاهت جوانی در صورتش. همین که دید من ودکا را سک می خورم با فقط کمی یخ، محبتش به من به نحو سرگیجه آوری زیاد شد. آرزو دارد من و دخترش باهم در کلیسا ازدواج کنیم با مراسم کامل، گلهای سفید، خاج و ناقوس و بخورات مسیحایی. اما من و دخترش قصد داریم در اولین فرصت سفری به جزایر فیجی برویم. بعد از هماغوشی‌مان در یکی از این شبهاست که به او می گویم،
” اما من آن شب توی نمایشگاه به تو دروغ گفته بودم که از جزایر فیجی هستم.“
روح اجداد کاتولیکش در او حلول می کند و در جواب من می‌گوید،
” تو این را قبلا به من اعتراف کرده ای...“
نمی دانم دیگر چه بگویم. اما او با همان صدای زمزمه‌گر و حالا کمی بم، کمی مخمور، توی گوش من حرفش را دنبال می گیرد که
” همان شب هم می دانستم که داری دروغ می گویی.“
و تو هم ای خواننده شاید این پایان خوش را برای داستان باور نکنی و آن را دروغ محض بدانی، تو خوانندۀ عزیزم ،
ای مزور!
همانندم!
برادرم!

Hypocrite lecteur!
mon semblable
mon frer…
(Charles Baudelaire, 1821-1867)



کارگەی چیرۆک

هەواڵنامەی کتێب

لە ژێر چاوەدێری ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە

چیرۆکی هاوبەشی/ ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە، شاناز جەوانشیر، ناسر فەتحی... | ١٤٦
چەن کورتیلە چیرۆکی/ ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە | ١٥٣

چیرۆکی هاوبەشی

خولیاکانی ژنێکی سەرەمەرگ

ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە، شاناز جەوانشیر، ناسر فەتحی ،
هێمن ئەمینی ، چنار بوداغی

ژنە لە پڕ لە خەو رابوو. گوێی لە دەنگێک بوو. چاوی لە سەعات کرد. سێی شەو بوو. دەستی گێڕا تا دەستی مێردەکەی بگرێ بەڵام لە سەر جێگاکەی نەمابوو. هەرای لێ کرد بەڵام کەس وڵامی نەداوە. دیسان گوێی لە دەنگێک بوو، بە ترس و لەرزەوە هەستا.

دەنگەکە لە ژوورەکەی باکووری کوڕیانەوە دەهات، ئەرێ مێردەکەی بوو، دەتکوت خەریکە دەگری بەڵام جاریش لەوە دەچوو کە پێکەنێ. ژنەکە ئیتر لەوە زیاتر خۆی پێ ڕاگیر نەکرا بە ڕاکە ڕاک بۆ لای دەرگەکە ڕۆیشت و دەسکە شکاوەکەی بادا. لە ناکاو دونیا لە بەرچاوی بوو بە باکوور کە بە ڕەخت ئاوێزی ژوورەکەوە هەڵواسرابوو و، بە چاوە دەرپەڕیوەکانی لەویان دەڕوانی. ژنەکە ویستی خۆی بگەیەنێتە مێردەکەی و لەو کارەی کە دەیهەوێ بیکات وەئاگای بێنێ بەڵام وەک ئەوەی ئەژنۆی شکابێ، هێزی ڕێگا ڕۆیشتنی نەما، هەرچی دەکرد نەیدەتوانی بە پێوە ڕاوێستێ و لە نێو دەرگەکەدا کەوت.

باکوور لە دڵی خۆیدا پێدەکەنی و چاوی لە هەڵسووکەوتی دایکی دەکرد. باوکیشی چەقۆیەکی لەسەر ملی خۆی دانابوو و شێتانە پێدەکەنی و دەگریا و، پێدەچوو دەیهەوێ شا دەماری ملی خۆی ببڕێ.

بەڵام ژنە هێندە حەپەسا بوو کە وردە هەناسەکانی باکوور سەرنجی ڕا نەکێشا، تەنانەت یەک دوو جار بینیی چاویشی دەترووکێنێ، کەچی دەتگوت چاو تروووکاندنیش بەشێکە لە سرووشتی مردووان؛ بەلایەوە.

باکوور لەبەر خۆیەوە گوتی: ”خودایە بەشکوو بەو شۆککە دایکم چاک بێتەوە.“ باوکیشی ڕێک لە هەمان کاتدا لە حاڵێک دا کە چەقۆکەی پێچەوانە لەسەر ملی خۆی دانابوو و خوێنی مریشکەکەی سەر ملیشی خەریک بوو وشک دەبووەوە، بە چپەوە بەخۆی گوت: ”هیوادارم ئەو ڕێوشوێنەی 'شێخ دووکتوور خالدار' بۆی داناوین تووشی پەندێکمان نەکات!“

باکوور بێ ئەوەی باوکی ئاگای لێ بێت بەلاچاوێک سەیرێکی دەکات و لە دڵی خۆیدا تێر بەو ڕوخسارە قۆڕ و ناحەزەی کە بۆ خۆی درووست کردبوو پێدەکەنێ.

لەو کاتەدا باوکی سەیرێکی دایکی دەکات و هیچ ناکات؛ تا ئەو کاتەی هەنیسکەکانی دەست پێ دەکەنەوە. لەپڕ چەقۆکەی بێ ئامانج لە گۆشەیەک فڕێ دەدا و بەپڕتاو خۆی دەگەیەنێتە لای.

ـ لەیلا گیان... لەیلا! بۆ چی وات لێهات؟! هەڵستە لەیلا!!!

باکوور ماقی لە دیمەنی دایکی وڕ دەمێنێ و لە ترسان لە جێی خۆی وشک دەبێ. باوکی، جەستەی لاوازی دایکی ڕادەوەشێنێ و دەبینێت کە لەگەڵ هەنیسکە یەک لە دوای یەکەکانی ڕەشکێنەی چاوەکانیشی جێی خۆیان دەدەن بە سپێنەکانی. بەڵام سەرەڕای ئەوەش وازی لێ دێنێ و، وەبیر دوایین قسەکەی شێخ دوکتوور دەکەوێتەوە کە پێی گوتبوو: ”سەرەتا کارتان پێی نەبێت. هەر شتێکی کرد لێی گەڕێن با بیکات. تاکوو بڕێک هۆشی دێتەوە سەرە خۆی.

ژنەکە لە پڕدا دەکەوێتە عەرزی و دەست و لاقەکانێ وەک جارەکانی پێشوو دەست دەکەن بە لەرزێکی بێ بڕانەوە و کەف لە دەمێوە دێتە دەرێ. مێردەکەی خۆ ناگرێ و لە پەستا ڕایدەتڵەکێنێ و هاوار دەکا. باکوور کاتێ ئەوانە دەبینێ ڕقی لە خۆی و بابی هەڵدەستێ. دەست دەبا بۆ تەنافەکەی ملی دەری بێنێ بەڵام لەو کاتەدا لاقی لە سەر میلەی تەختەکە هەڵدەخلیسکێ و تەناف لە ملی توند دەبێ. پیاوەکە کاتێک دەبینێ باکوور قرخە قرخەیەتی هۆشی لە ژنەکەی دەبڕێ و هەڕا دەکاتە لای باکوور. دەیهێنێتە خوارێ، بەڵام ئیتر درەنگ بووە و هەناسە ناکێشێ. ئاوڕ دەداتەوە ژنەکەشی سپی هەڵگەڕاوە و جووڵەی تێدا نەماوە. دەست دەداتە چەقۆیەک و لە کاتێک دا خوێن بەری چاوی گرتووە ڕوو دەکاتە ماڵی شێخ دوکتور.

کە وەهۆش خۆی هاتەوە هیچ کام لەم دیمەنانەی نەدی. باکوور لە سەر جێگاکەی خەوی لێ کەوتبوو. گەڕاوە ژوورەکەی

خۆیان مێردەکەی خرپەی رۆژە ڕێیەک دەڕۆیی. بەڵام هەموو ئەم وێنانە زیندوو بوون و ئەو دڵنیا بوو خەون نین. نەی وێرا مێردەکەی هەستێنێ و ئەمانەی لا بدرکێنێ چون دەیزانی قەڵس دەبێ و هەمیسان پێی دەڵێ تاکەی دەست لەو خەونە پڕ و پووچانەت هەڵناگری. ئەو دەیزانی ئەم وێنانەی دەیبینێ پڕ و پووچ نین زۆری ئەم وێنانە وەدی هاتبوون، نەک ڕێک ئەو جۆرەی ئەو دیتبووی، بەڵام زۆر نزیک لە وێنەکانی ئەو. گەڕاوە نێو جێگاکەی و لە گەڵ ئەو ترسە خەو بردیەوە کە بڕیار بوو سبەی مێردەکەی بچێتە لای شێخ دوکتوور تا دەرمانێک بۆ مۆتەکەکانی شەوانەی بدۆزنەوە

کورتە چیرۆکی
ـ منیش دادەبەزم
ناسرفەتحی

یەکەم جار کە ئەو شتەی زانی لە وێستگەیەکی شەمەندەفەری نزیک ماڵێیان بوو. کاتێک دابەزی زانی کە سێبەرەکەی لە سێبەری ئەو کەسانەی لە وێستگەیە وەستاون کاڵترە.
ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ سێبەرەکەی کاڵتر دەبووەوە؛ لە عەیبەتانە چی وای نەمابوو شێت و خوودار بێت. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەگەر ئەوشتە ئاشکرا کات، لەبەر ڕۆژنامە و چاوپێکەوتنی تیڤی و شتیواڵە ژیان و گوزەرانی دەشێوێ و ئەوەندە هۆش و گۆشەی ماوێشێتیی لێی دەستێنن و بەیەکجاری دەهریی دەکەن و ڕەکێویی دەدەن؛ هەر بۆیە سەرەتا بڕیاریدا تەنیا شەوانە بچێتە دەرێ و، دواتریش بەڕۆژ بەس ئەوکاتانەی هەورووهەڵایە و هەتاو بەدەرەوە نییە وەدەربکەوێ.
ئەوشتەی کە بەلایەوە سەیر و سەرنج ڕاکێش بوو و سەرەندەری لێ دەرنەدەکرد، ئەوە بوو کە تەنیا بە شەوانە سێبەرەکەی ئاسایی بوو. ڕۆژێک ـ بە پێچەوانەی ڕۆژان ـ کە متمانەی بە هەواڵی کەشناسی کردبوو و لە وێستگە چاوەڕوانی شەمەندەفەری دەکرد، کوتووپڕ وەک پەڕجوو هەورەکان بەری هەتاویان بەردا و خۆر لە پشتەوەڕا ڕێک لە تۆقی سەری دا. سەرەتا وەک کەسێک کە بەقوونی ڕووتی لە نێو خەڵکدا وەخۆ هاتبێتەوە، بە ترسێکی ئاوێتە بە شەرمەوە خۆی وێکهێنا و پڕی بە گەڵوگونی خۆیداکرد و، دواتر کە بینی سێبەرەکەی بەیەکجاری نەماوە و کەسیش سەرنجی ئەو شتەی نەداوە، سەبرێک خۆی گەیاندە بن سێبەری دار بەڕوویەک و هەڵترووشکا. خوا خوای بوو زوو ببێ بە شەو و بگەڕێتەوە ماڵێ. بۆ بەختی وی، تاو بەیەکجاری هەڵات

و، هەور تاقی بە تاقی ئاسمانەوە نەما. هەروا کە لە قووڵایی چارەنووسە سەیرووسەمەرەکەی خۆیدا مابووەوە کوتووپڕ چاوی بە شتێکی سەیر کەوت. ژن و منداڵێکی سەر ڕەش کە زۆر لە ژن و منداڵی نێو خەونەکانی دەچوون، بەبێ سێبەر لە وێستگەکە ڕاوەستابوون و چاوەڕوانی شەمەندەفەریان دەکرد. بۆ چرکەیەک دڵی خۆش بوو بەڵام دیسان ترس ئازای ئەندامی داگرتەوە، نە دەکرا بچێ بۆلایان و لە بێ سێبەرییەکەیان ئاگادار بکاتەوە و، نە لەڕووشی هەڵدەهات دەنگی هەڵێنێ و بانگیان بکاتە لای خۆی. شەمەندەفەرەکە هات. هەرچۆنێک بوو خۆی ڕازی کرد و بە هەڵاتن خۆی بە شەمەندەفەرەکەداکرد. چوو لە تەنیشتی ژن و منداڵەکە دانیشت و بە سرتە و منگە منگ سەرنجی ژنەکەی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ژنەکە کە زانی چ باسە و وەک لەوسەری ڕا هاتبێتەوە، ڕووی تێکرد و گوتی: بەڕێز بە چ زمانێک قسە دەکەی؟ ئەویش گوتی: بەو زمانەی پێی پرسیارت لێ کردم. ژنە زۆر بەشێنەیی گوتی: بەڕێزم مەترسە و سەریش لە خۆت مەشێوێنە، ئەگەر جوان سەرنج بدەی جگە لە ئێمە خەڵکێکی زۆر لەم وڵاتەدا بێ سێبەرن. هەڵبەت خەڵکی ئێرە کە سێبەرەکانیان بێ عەیب و ئیرادە ئیتر بۆیان گرنگ نییە ئێمە بێ سێبەرین یان سێبەرەکانمان کێشەیەکی هەیە یان نا.

ـ ئیتر؟ بۆ ئیتر؟!

ـ برای بەڕێزم وادیارە تۆ تازە هاتوویەتە ئەم وڵاتە و ئاگاداری زۆر شت نی؛ هەموان لەم باسە بوونەتە و تۆ تازە وەخۆ کەوتووی!؟

ـ بەڵێ، ئاخر من لە ڕێیە هۆشی هیچم نەبوو.

ـ بۆ ئاگاداریت زۆر کەسی دیکەش هەن کە سێبەرەکانیان لە سێبەری خەڵکی دیکە تۆخترە و، هیواش هەیە سێبەرەکەی کورتترە و، هەشمانە سێبەرەکەی پێچەوانەی سێبەری خەڵکە و، هەڵبەتە سێبەری جۆراوجۆری دیکەشمان زۆرە، بەڵام خەڵکی ئێرە یەکەمجار کە ئەم شتەیان زانی.. ببوورە من دەبێ دابەزم!

دۆزەخ

ناسر فەتحی

قالۆنچەیەکی ڕەش چووە بن تەختی خەوەکەی دایکم و بابم. چوومە بن تەختەکە. ویستم بیکووژم. دەنگی تەقەیەکی گەورە هات و هەمووشتێک لەرزییەوە. هەموولایەکی تەختەکە بوو بە خۆڵ و شت. پێش تەقەکە قالۆنچەکەم لێ دیار بوو. بەڵام ئێستا لێم دیار نییە. ئێرە تاریک تاریکە. نازانم بۆ دایکم و بابم نایەن ئەو خۆڵ و دار و بەردە لانابەن و بمهێننە دەرێ. ڕاستە من چکۆلەم، بەڵام خۆ من لە تاریکی ناترسم. هەر پێم ناخۆشە زوو زوو پێم هەڵدەگەڕێ و نایبینم تا بیکووژم؛ ئەو عەبارەشە پیسە!

دانیشمەندی ون

ئاکۆ عەبباسی

پێش ئەوەی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کەشفە گەورەکەی تاقی کاتەوە و بە ئارەزووی هەشتا ساڵەی کە شۆرەت و ئیفتخار بوو بگات، جەڵتە لێیدا و بەلادا هات و هیچ کەس تەنانەت لە کوولەکەی تەریشدا نێوی نەهێناوە، ئەوە تەنیا من بۆ یەکەم جار لەم چیرۆکەدا باسم بۆ کردن.

پیاوێکی بۆن خۆش

ڕووبار بوداغی

دایمە نەخۆش و هاوار هاواری بوو. هەموو ڕۆژێ دەمبردە دوکتور. یەک دەی گوت: نارەحەتی حەسەبێتی و یەکی دی دەی گوت: مەدەیەتی. هەر کەسەی شتێکی دەگوت. کۆڵێک دەوا و دەرمان.

نازانم ئاواش لەوە نەدەچوو نەخۆش بێ.

زۆر جاران بە گوێم دەگەیشتەوە، کە لە ماڵ نیم خۆی شۆخ و شەنگ دەکا و لە ماڵ دەچێتە دەر. بەڵام من وام هەر نەدی، هەرچی دەهاتمەوە، ئەوە نەخۆش و سەرێش بوو.

باوەڕم بە قسە و قسەڵۆکیش نەبوو.

بەڵام، دایکم بە ڕەحمەت بێ، لە بیرمە دەی گوت: ڕۆڵە گیان، ژن و مێردی باش، بۆ یەکتری چران. بۆ یەکتری خۆ جوان دەکەن.

شەوانەش کە دەچوومە جێگاوە زۆرم بە دەور دانەدەهات. دەی گوت ماندووی بخەوە.

ئەو شەوە وەک هیچ شەوێک نەبوو هیچکوێ نەدەیەشا.دەستی لە ملم کردبوو، جارجاریش توند بە خۆیەوە دەکوشیم.

سەرم سوڕمابوو، من ماندوو بووم و ئەو زۆر سەری حاڵ، قسەی بۆ دەکردم و من خەو دەیبردمەوە. ئاگام لێبوو ماچێکی تووندی لە نێوچاوانم کرد، ڕاچەنیم. لە بەرە خۆیەوە کوتی: ئەو سمێڵەت قەت نەیهێشت جارێک دەم لە دەمت نێم. ئەو ڕیشەت ناهێڵێ لێوم بگاتە کوڵمەت. ئیتر خەو بردمیەوە.

بەیانی کە هەستام لەجێگاکەی دا نەبوو. ماڵ چۆڵ و هۆڵ بوو. ئەو، هەر نەمابوو.

خەیاڵ

دیاکۆ دادگەر

لە نێو ئاسانسۆرەکەدا بۆ یەکەم جار دوای چەن ساڵ توانیم خۆم بە ڕوونی ببینم! جامی ئاسانسۆرەکە وەک شوێنەکە لە باشترین مەساڵح پێک هاتبوو. کاتێ دوگمەی ژمارە ۱۳ مم داگرت بە دەنگێکی نەرم دەرکەکە داخرا و بایەکی سارد نێو چاوانمی فێنک دەکردەوە. پێمخۆش بوو ئەو ڕێگایەم لە سێزدە تەبەقەی سی و چەن میتری، بۆ سێزدە تەبەقە لە ئاسمان درێژ بوایەتەوە. مووەکانم تاڵ تاڵ سپی ببوون و نێو چاوانم ئارەقەی گەرمای چەن ڕۆژی پێوە دیار بوون. قەت نەمدیبوو لە مارکێت

هەواڵنامەی کورد

و کەلوپەل فرۆشیە هەرزان بابیەکان، جامێکی ڕووڕاست پەیدا بکەم بەڵکوو بتوانم کاتێ دەڕوانمە خۆم، وێنەیەکی ڕاستەقینە ببینم و گۆڕانکاریەکان شاراوە نەبن. بەڵام کاتێ هەستم بە جوانی خۆم کرد کە چرچ و لۆچی ڕوخسارم بە ڕوونی وەدیار کەتبوون. بە زەنگی تەبەقەی ژمارە سێزدە و بۆنی پەتاتەی گوڵاو و دەنگە دەنگی هاتووچۆی کرێکار و بۆنی سیمانی گیراوە، وەخۆ هاتمەوە، بەنناکەبوو دەینەڕاند: کاوە، سێچارەگ!

” بۆمب باران“

چناربوداغی

کچەکە بە پەلە بەرەو لای پەنجەرەکە هەڵدێ و گۆشەی پەرەکە لادەدا. کورەکە لە پشتەوە چاو لە لباسە سپێیەکانی دەکا و لەبەرە خۆیەوە دڵێ:“ بۆ نەڕۆیشتی؟“ کچەکە ئاور دەداتەوە و دەڵێ:“ ئەگە تۆ بە جێی من بایەی ئێستا لە کۆڵت دابووم“ کورەکە وەک ئەوەی گۆی لێ نەبووبێ ئەوجار بە توورەییەوە سەری هەڵدێنێ و دەڵێ:“ بۆ نەڕۆیشتی؟ هاااا؟ برۆ بەجێم بێڵە و لە کۆڵم بەوە! من کەسم نااااوێ! بڕۆۆۆ!“ کچەکە بە هەڵاتن دێتەوە بۆ لایی و قامکێک لە سەر دمی کورەکە دادەنێ و دەڵێ:“ سسسسسس!! من هیچکەسم نەماوە!“. کورەکە هەوڵ دەدا خۆی بەرز کاتەوە، دو سێ جار قەوە لە خۆێ دەدا و بە تەختەکە دادەدرێتەوە. دیسان تماشایی کچەکە دەکا و دەڵێ:“ ساعەت؟ ساعەت چەندە؟ ئێستا کات ماوە، برۆ“ کچەکە پێدەکەنێ. دادێتەوە و بە هەموو قەوەی خۆی گازێک لە مەچەکی کوڕەکە دەگرێ. کورەکە هاوار دەکا و لە دوورەوە دەنگی ئاژیرێکی بەرز دەست پێ دەکا. کچەکە بە ئارامی تماشایی دە ستی کورە کە دەکا و دەڵێ: ”ساعەت! تماشایی کە! سیفرە! کاتێک نەماوە بۆ لە دەس دان!“
موسیقایەکی ئارام دەست پێ دەکا و وێنەیەک دێتە سەر شاشەکە و لە ژێری حاڵی ئێستای منیان لێ نووسیوە. تماشایی مەچەکم دەکەم و دەڵێم: ”خۆزگە توندتر گازی لێ گرتبام“.

.

((مەلە))

هێمن_ئەمینی

-بابە؟بابە؟

-گیانە؟

-ئێژم پوولم پێ ئەیی؟

-بۆ چیتە بەقوربان؟

-وە...وەڵا.

-بێژە بەقوربان.

-هینە...بۆ هین.

-کارم هەیە ڕۆڵە.بێژە.

-وەڵا...لە مەدرسەمانۆ قەرارە بمانبەن بۆ هین...بۆ ئیستەخر. ناونووسی ئەکەن.دوای ئەوەیش قەولیان داوە دوای مانگێک جوان جوان مەلەمان فێر کەن.

-چی؟!مەلە؟!

-ئا.مەلە.وتیان هەر کەس پی خۆشە ناو بنووسێ.بە زۆر...

لە کارەکەی ڕادەوەستێ و دەدا بەناو قسەکەیدا.

-ئاخەر مەلەت بۆ چیە ڕۆڵە؟!

-خۆشە بابە.

دوای ئەوەیش گشتیان ناویان نووسیوە.

-جا کارت بەوان چییە ناویان نووسیوە یا نەیاننووسیوە!من ئەزانم ئەمانە چ پووڵخۆرێکن.ئەتانبەن بۆ ناو تەشتێک میزاو و دوایی بەقسەی خۆیان ئێژن فێر شنامان کردوون.شنا!ئەی تەڕەماش!وەڵڵاهی سوێنی لێ ئەخۆم ئەگەر دوای ئەوەی بە قسەی تۆ وا ئێژی فێرمان ئەکەن.ئەگەر بتانبەن لەو چەمەی ناوشار بەرەڵڵاتان کەن یەک دانەتان ساخ دەرناچێ!

-خۆ چەمەکەی ناوشار ئێسە وشکی کردووە بابە.دوای ئەوەیش کوا ئێمە لە ناو چەما مەلە ئەکەین!

-ئەی لە قن سەگا مەلە ئەکەی؟!ناخێر نایەوێ...هەڵسە،هەڵسە ملت شکێنە و بڕۆڕۆ بۆماڵۆ.

-بۆ چی؟چییە مەگەر؟!

پاش ماوەیک وڵام نەدانەوە؛درێژە بە قسەکانی دەداتەوە.

-چییە مەگەر!خۆ من داوای شتی زۆرم لێنەکردووی.ڕفێقەکانم نەدیوە باوک و دایکیان چییان بۆ ئەسێنن و چییان بۆ ئەکەن. مەگەر من چیم لەوان کەمترە؟!

ڕووی لە باوکی هەڵدەگرێ.

-چییان بۆ ئەکەن؟!ها؟

سەری دادەخات و وڵام ناداتەوە.

-ئاخەر چیم بۆ نەکردووی ڕۆڵە؟ها؟کەمم لە پاتا خەرج کردووە؟کەمم شار و شار گەڕانی؟کەم بە فکرتۆ بووم؟ئیتر چیبکەم!ها؟ بۆ ئەوونە بێ سفەت و سپڵی.بەخوا ئیتر ناتوانم. ناتوانم...

ئامێرە کار پێکەرەکانی نێو دەستی لە سەر مێزەکارەکەی فڕێ دەدا و بە دەسماڵە شرەیک عارەقی نێوچاوانی دەسڕێ.

-باشە بابە گیان باشە.ئەزانم.قەینا تۆ خۆت توورە مەکە باشە...

پاش برێک بێ دەنگی درێژە بەقسەکانی دەداتەوە.

-با ڕاست پێ بێژم بابە.ئاغای عەزیزی مەعالیمی وەرزشمان وا نەبوو ئەو ڕاکە هات بۆ ماڵمان و کۆڵێ شتی بۆ هێناین،لە بیرتە؟بەخوا گشتی خەتای ئەو بوو.ئەو خستمیە سەر هەوا. ئەمڕۆ لە زەنگی وەرزش لە گۆشەیک بۆ خۆم دانیشتبووم هات بۆ لام و پێمی وت تۆیش ناو بنووسە زانیار.ئەیوت تۆیش ئەبەین!

دەستێک بە سەر و ڕیشی درێژیدا دەهێنێ و سەیرێکی دەکات.

-دەی ئەگەر ئەزانی پووڵ نییە و فشارت بۆ دێ،قەیناکە بابە گیان.ناچم. بێژین چی!بۆ ساڵێکی تر.قەیناکە...

هەناسەیک هەڵدەکێشێ و بە ئەستەمی لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ.چێوشەقەکانی هەڵدەگرێ و پاشان لە دووکان دەچێتە دەرەوە.

دوایین چیرۆک
سامان ئەهوورا

شەری نێوان مرۆڤەکان بە کوژرانی ئاخر کەس لە سەر گۆی زەوی تەواو بوو. جگە لە وێرانی و کەلاکە مردوو هیچ دیار نبوو، سەگە بەڕەڵاکان لە نێو شار دەخولانەوە و بە بێدەنگی شار دەوەڕین، قەلە ڕەشەکان لەسەر کەلاکی مرۆڤەکان جەژنیان گرتبوو، کەسی لێ نەمابوو کەس جگە لە گیان لەبەرکان، شەو بەسەر شاردا کشا و لوورەی گورگ و دەنگی وەڕینی سەگ لە نێو شار دەزرینگایەوە، تاریکی و بێ دەنگی ترسی دەخستە دڵی مرۆڤەوە،

چی مرۆڤ؟ ئەی مەگەر ناڵێی شەر بە کووژرانی ئاخر مرۆڤی سەر گۆی زەوی کوتای پێ هات؟

با بەڵام دوایین مرۆڤ بە دەست من کووژرا و ئەمنیش خەریکی نووسینی دوایین چیرۆکمم.

کورتە چیرۆکی
کڵارا
نەریمان ئاغالی

بەیانییەک لەخەو هەڵدەستم وەک هەر شەوێکی تر حەوت کاتژمێر خەوتووم. بێئەوەی پەنجەرەی ژووری نووستنەکە بکەمەوە تا بزانم ئەورۆژە کەشوهەوا چۆنە، بەچاوی خەواڵووەوە دەستێک بۆ نێو کەنتۆری جلەکانم دەبەم و چەندپارچەیەک لەبەردەکەم، هیچ گوێ بە ڕەنگی جلەکانیشم نادەم.

دەڕۆمە وێستگەی پاسەکە و لەکاتی چاوەڕوانیدا بەو گەرمای هاوینە سەیرێکی چەترەکەی نێو لەپی دەستم دەکەم و دەمەوێ لەخۆم بپرسم داخۆ ئەورۆ بۆ چەترم پێویستە؟

پاسەکە دەگات و پرسیارەکەم بیردەچێتەوە.

لەوێستگەی گشتی سێنتەری شار، کارتی بانکەکە دەکەم بەئامێری پارەدەرکردنەکەدا، زۆر لەخۆم دەکەم پین کۆدەکەم نایەتەوە بەبیردا.

دەست بۆ نێو گیرفانەکەم دەبەم تا تەلیفۆنێک بۆ هاوژینەکەم بکەم، دەبینم کە گیرفانەکانم خاڵین.

چەترەکەم فڕێ دەدەمە نێو یەکێک لە سەتڵی خۆڵەکان و سواری پاسێک بەرەو ماڵەوە دەبمەوە. لەدەرگاکە دەچمە ژوورەوە و بە هاوژینەکەم دەڵێم: کڵارا پارەم پێنەبوو، پینی بانکەکەشم بیرچۆتەوە، دەبێ بمبوریت کە بەبێ چەپکە گوڵ دەگەڕێمەوە.

هاوژینەکەشم پێم دەڵێ: گیانی من گرنگ ئەوەیە خۆت گەڕاویتەوە، چەپکە گوڵ چییە، بەڵام بۆ جارێکی تر ئەگەر پارەت پێویستبوو هەروەک دوێنێش پێم گوتی: لە دیوی ناوەوەی هەموو کراس و چاکەتەکانت لە تەنیشتی دوگمەی ناوەڕاستدا پین کۆدەکەم بۆ نووسیویت، ئەوجا لاملم ماچ دەکات و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەڵێ: دەزانیت 'کڵارا' ش ناوێکی خۆشە، لێرە بەدواوە هەر وام پێ بڵێ باشە، پێشم دەڵێ: دوێنێ پێت گوتم: مینا. سەیرێکی دیوی ناوەوەی چاکەتەکەم دەکەم و ژمارەکە دەبینم. کڵارا ئەمجارە بە پێکەنینەوە دەڵێ: باشبوو ئەم بەیانییە پێش ئەوەی سەمونەکە بەفڕنەکە گەرم بکەمەوە، سەرەتا کردمەوە و گۆرەویەکانتم لەوێدا دۆزینەوە.

هەردووکمان بەتووندی باوەش بەیەکدیدا دەکەین و بەرز پێدەکەنین کە هەر لە گریانیش دەچێ، دیسان پێدەکەنینەوە و سەیرێکی یەکدی دەکەین و توونډ یەکتری دەگوشین، دواتر زمانمان لە زمانی یەکدی جیادەکەینەوە و دەممان لەدەمی یەکدی دوور دەخەینەوە، سەیرێکی چاوەکانی یەکتری دەکەین و دەڵێم: ئانا دەمەوێ بچم بۆ بازاڕ ئەوە کوا چەترەکەم؟

میرات
قادر فەرامەرزی

حەوتوویەک پاش تەواو بوونی پرسە و سەرەخۆشی ، عەزیزی داسنی زۆری سەر هێناو برد نەیزانی بوکەکەی لەکێی دیکە مارەکاتەوە.

پاش مەرگی مەلکەوان و نێچیروان و سەیدەوان کەس نەیوێرا خۆ لە قەرەی ئەو خاتونە ژیکەڵانەیە بدا. بەیانیەک کاک عەزیز کە هەستابوو بۆ نوێژ ئاگای لێبو و بوکەکەی لە ما ڵ

وەدەر کەوت. تاووبان گەرم ببوو یەک لە کڵفەتەکان ـکە تا ئێستا نەزانراوە ناوی چ بووە ـ ئەم هەواڵەی لە دیوەخانەوە گوێستەوە بۆ ئاوایی و پاشان بەگوێی خەڵکی شار و دواتریش بەگوێی هەموو خەڵکی هەرێمەکە گەیی، بەڵام کەس ئەم هەواڵەی بە هەند نەگرت . کەسیش شوێن هەنگاوەکانی هەڵنەگرت و هیچ نووسەر و هیچ شاعیرێکیش رەنگە لەترسی تاپڕەکەی حاجی عەزیز نەیانوێرابێ لە ژیان و بەسەرهاتی ئەو خاتوونە ژیکەلانەیە بکۆڵنەوە.

زیندان

عەلی سوهرابی

هەتا لایکردەوە خۆی لەنێو تاکسیەکدا دیەوە. هێن بە پەلە بوو لایەکی چارشێوەکەی کەوتە بەر درگای تاکسیەکە. کراسە تخت سوورە گوڵسپیەکەی کەوتبووە بەر دزەی نیگای شۆفیرەکە و بۆنی عەترەکەی بەدوای خۆیدا هەتا نێو تاکسیەکە کێشابوو. درگاکەی کردەوە و چارشێوەکەی لەژێر دەرکێشا و چاوچنۆکانە خۆی و کراسەکەی و بۆنی عەترەکەی ئەوەندەی دیکە لە چارشێوەکەوە پێچا. تائەو کاتە کەس ئەو کراسەی لەبەردا نەدیبوو فەرهاد نەبێ. هەستێکی خۆش بردیە گۆمی خەیاڵەوە، هەر وەک رۆژانی رابردوو بۆخۆی درگای لێکردبۆوە، بەدەم پێکەنینەوە گوتبووی: دامەزرام، هاوکات پرێسکەیەکیشی دابووە دەستی، ئەوەش مزگێنی! هەر هات بیکاتەوە بەدەنگی شۆفیرەکە رایەڵی خەیاڵی پچڕا: دادە بۆ کێ؟

-.زیندان

ئەوەندەی ئاگالێبوو تاکسیەکە رێکەوت، تەماشایەکی دەوروبەری کرد، هەستی کرد هەموو عالەم لەو دەڕوانن. هێندەی دیکە خۆی پێچاوە، تەنیا شۆفیرەکە جاروبارە لە ئاوێنەکەوە ڕوخسارێکی سپیکەلانەی رەزاشی‌رینی دیبوو کە جارجار پێکەنیبوو و جارجار خەم دایگرتبوو ، جارجاریش لەبەر خۆیەوە ڕاواندبووی!

هەر لە حەوشە پرێسکەکەی کردەوە، بالایەک گوڵی سوور و سپی لە دەوری عەترێ پێچرابوو. بۆ ساتێ ئەسرین و کراس و عەتر خۆیان لە ئامێزی فەرهاددا دیبۆوە. بەدەم ماچێکەوە گوتبووی، مەبارەکە.

بەڵێنیان پێدابوو لە گوندێ ببێ بە مامۆستا. ئەسرین گوتبووی زۆر دوورە؟

شۆفیرەکە گوتبووی نا زۆر دوور نیە هێندەمان نەماوە! قەرەباڵغی‌ەکەی بەر درگای زیندان برێ هێنایەوە سەرخۆ، دەستێک لەتوێی چارشێوێکدا درگای تاکسیەکەی کردەوە، دەمووچاوێ لەتوێی چارشێوێکدا دابەزی، جووتێ کەوش چەن هەنگاوێ دوورکەوتەوە!

-دادە ، جانتاکەت! بەشەرمەوە گەڕابۆوە جانتاکەی هەڵگرتبوو، کرێی کابرای دابوو...

هەتا چاو هەتەری دەکرد دیوارێکی بەرزی ڕەنگ پستەیی لە دوو لاوە پیلی درگایەکی زەبەلاحی ڕەش‌ی‌ان گرتبوو. بەسەر دیوار و درگاکەدا چەن هێڵی هاوتەریب تەلی درکاوی فەرهادیان شەش مانگ بوو بە جێی ئەو گرتبووە ئامێز، هەر دوو مانگ هێشتبوویان چاوی پێی بکەوێ، دوای ئەوە لێی‌ان قەدەغە کردبوو. ئەم حەوتەیەش هەر بە هیوای چاوپێکەوتنی چاوی بڕی‌بوە ئەم قەلایە.

لە دوایین چاوپێکەوتنیدا داوای جلوبەرگی کردبوو. بەڵێنیان پێدابوو ئازادی بکەن. ئەسرینیش کۆت و شەڵوارە ئاسمانیەکەی رۆژی شاییەکەیان و کراسە کرێمیەکەی بۆ لە جانتایەک خستبوو و عەترە تایبەتەکەی پێدا پرژاندبوو و بۆی بردبوو.

– ئەرێ کچم نێوەکانیان خوێندەوە؟

– شازدە حەوتوو!

-شازدە کەس؟

– نا دایەگیان هێشتا نێوی کەسیان نەخوێندۆتەوە.

- برێ توندتر گوێم گرانه کچم!
پیرێژنێکی ڕێکوپێکێ پۆشته و پەرداغ لەسەر سەوزەڵانی بەردەمی ئەسرین دانیشیتبوو. گۆچانێ بە لای دەستێکی‌ەوە و قرتاڵەیەکی چکۆلە لەولایەوە دانرابوو.
بە دەنگی بڵێنگوی سەردەرانەی زیندانەوە گوێقوڵاغ بوون.. خانمەکان ئاغایان بێدەنگ بن نێوەکان دەخوێنمەوە!
ئادەی کچەکەم دەستم بگرە با هەستم، هاوکات دەستی درێژ کرد.دەستێکی سپیکەڵانەی ویشک و چرچ سیمایەکی چاوەڕوانی یارمەتی. دەستێکیدا گۆچانەکەی ودەستەکەی دیکەی بە دەستی ئەسرینەوە هەستا سەر پێ، ئەسرین قرتاڵەکەی بۆ هەڵگرت و وردە وردە بە دەم قسە کردنەوە بەرەو قەرەباڵغی‌ەکە چوون. بە بیستنی ناوی فەرهاد... هەر نەیزانی چۆناوچۆن باڵی گرت، هەتا بە خۆی زانیبە جیرەی درگا و پاسەوانی زیندان هاتەوە خۆ.
کاتێ چاوی کردەوە دوو ژن لە پەنای دانی‌شتبوون، جانتاکانی خۆی و فەرهاد لەبەر دەمی دانرابوون. دەستی برد جانتاکەی فەرهادی کردەوە، بۆنی عەتری فەرهاد هەموو ژوورەکەی داگرت. جلوبەرگەکە هەر بەو جۆرەی بۆخۆی قەدی کردبوون مابۆوە. برێ بۆنی پێوە کرد و زنجیرەکەی داخستەوە و دەستی نا نێو دەستی فەرهاد و قۆڵ بە قۆڵی یێک وەرێکەوتن. درگاکان یەک لە دوای یەک دەکرانەوە و پێوە دەدران. دەنگی کردنەوەی قوڵف وشەوژەنەکان نەدەبڕاوە...
- ئەسرین یەکجار ماندووم!
- ئێستا تاکسی دێ! بەس نیە لەم قەڵایە ڕزگارت بووا!
قەرەباڵغیەکە نەمابوو، قرتاڵەی پیرێژن لە پشت درگا گەورەکە چاوەڕوان بوو. پاسەوانەکە ژنێکی سپیکەڵانەی ڕەزاشیرنی دیبوو بە چارشێوێکی ڕەش و کراسێکی تخت سووری گوڵسپیەوە جانتایەکی بەدەستەوە بووە و لەبەر خۆیەوە هەر قسەی کردووە.
لە تاکسیەکەدا ئەسرین و فرهاد لە پەنای یێک دانیشتبوون سەری فرهاد لەسەر شانی ئەسرین بوو. لایەکی چارشێوەکەی لە درگای تاکسیەکەدا مابۆوە. کراسە تخت سوورە گوڵسپیە کەی ببوە نیشانەی دزەی نیگای شۆفیرەکە.
-ئەسرین دەڵی تەمەنێکە ئەم شارەم نەدیوە!
-ماندووی گیانەکەم! بابرێ بحەسێیەوە، بە ئارەزووی خۆت دەگەڕێین.
دادە شتەکان دانێ بۆ پشکنین! تەماشایەکی دەستی کرد، قرتاڵەی پیرێژنەکەی بە دەستەوە بوو، ئاورێکی‌داوە سەر ژنەکە، لە قەرەباڵغی‌ەکەدا ون ببوو. قرتاڵەکەی دانا بۆ خۆی وەرێکەوت.
- دادە شتەکانت.
- من هیچم پێنەبووا!
کابرا شانێکی هەڵتەکاند و سەرێکی ڕاوەشاند. ئەسرینیان ڕێنوێنی کردە ژووری بەڕێوەبەرەکەی زیندان. هەستێکی نامۆ بەرۆکی گرت. نەیدەزانی خۆشحاڵ بێ یان پەشێوا!
دەمووچاوێکی سپیکەڵانەی ڕەزاشیرن لە تویی چارشێوێکی ڕەشدا لەسەرەخۆ و بە شە رمەوە لەبەردەم ئەفسەرەکەدا سەوز بوو. کابرا دەستی بۆ لای کورسیەک درێژکرد و هاوکات بانگی کرد بیهێنن!
جانتایەکیان هێنا، لەڕێوە ناسییەوە، هە ر هەمان جانتا بووو جلوبەرگەکەی فەرهادی تێدا بردبوو.
کابرا برێ تەماشای کرد و گوتی: ئەوە جلوبەرگی فەرهادە بەداخەوە بۆخۆی چەن ڕۆژێ لەمەوبەر...
- چەن ڕۆژێ لەمەوبەر چی؟
- خۆی کوشتووە!
ئەفسەرو ئەوەی لە ژوورەکەدابوو لە چاوەکانیدا دەو ڕێکیان داوە.
باڵایەک گوڵی سوور و سپی هەڵڕژا تەختی ژوورەکە،باوەشێ قژی خورمایی چارشێوی‌ان لادا بەسەر دەمووچاویدا بڵاو بوونەوە!
تا گەیشتنەوە بەر درگای خۆیان خەڵک سووچی چارشێوە ڕەشەکەی ئەسرینیان دیبوو لە ژێر درگای تاکسیەکەوە دەشەکاوە. شۆفێرەکەش دەمووچاوێکی زەردهەڵگەڕاو و قژێکی ماش و برنجی لە تویی چارشێوێکی ڕەشدا دیبوو کە کراسێکی تخت سووری گوڵسپی لەبەریدا دەگریا.
گەیشتنە بەر درگای خۆیان، ئەسرین درگای تاکسیەکەی کردەوە و فەرهاد لە پێشدا دابەزی. چەن هەنگاوێ دوور نەکەوتبوونەوە شۆفیرەکە گوتبووی دادە جانتاکەت. جانتاکەی هەڵگرت و کرێکەی کابرای دا و بەرەو درگای حەوشەکە ڕێکەوت.
- ئەسرین بەو کلیلەی من بیکەوە!
دەستی بە گیرفانی فەرهاددا کرد و کلیلەکەی دەرێنا و درگای کردەوە. لەڕێوە چوونە ژوورەکەی فەرهاد.
- ئەسرین بۆ ئاوا داتپۆشیوم، پێتوابوو ناگەڕێمەوە؟
کڵاوەکەی فەرهاد لەسر کورسیەکە بوو هەڵیگرت و جانتای جلوبەرگەکەی لەسەر کورسیەکە دانا و کڵاوەکەی لە سەر دانا.
- ئەوە چ قسەیەکە گیانەکەم ئەوە نیە پێکەوەین، ئێستا برێ بحەسێوە و خۆت بەو کتێبەوە سەرقاڵکە هەتا شەربەتێکی ساردت بۆ دێنم.
هەتا شەربەتەکە ساز دەکا، زەنگی کاتژمێری سەر مێزەکەی فەرهاد لێدەدا، شەربەتەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ و لە کاتژمێرەکە دەڕوانێ وەک هەمیشە دە خولەک بە دوو نیشان دەدا! تەماشایەکی فەرهاد دەکا لەسەر کورسیەکەی وەک هەمیشە کلاوەکەی هێناوەتە بەر چاوی و خەوێکی قورس بردوویەتەوە. کراسە تخت سوورە گوڵسپیەکەی وەک هەمیشە لە مابەینی فەرهاد و وێنەکەی هەڵدەواسێ هەتا بۆنی عەترەکەی فەرهاد وەخەبەر بێنێ و پەلکێشی جێخەوەکەی بکا، بۆخۆشی خۆی دەخزێنێتە جێخەوەکەوە....

چەن کورتیلە چیرۆک

ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە

زەیستان

سەرەتا خۆشحاڵ بوو لەوەی زگی پڕە، نۆ مانگ بە خولیای مناڵێکی خوێن شیرین و ڕەزاسووک هەڵدەستا و دەخەوتەوە. دوای نۆ مانگ ترس کەوتە دڵییەوە: " بۆ لە دایک نابێ؟ چم لێ هاتووە؟" دوای ساڵێک ترسەکانی بوون بە ئازارێکی جەرگ بڕ، هەستی دەکرد شتێک لە ناوەوە خەریکی هەموو ئازای لەشی دەخوا. دوای دوو ساڵ ئیتر دوکتوورەکانیش دەستیان لێ شتەوە و ڕایان گەیان نە دەوا و دەرمان کاری لە سەر دەکا و ئەگەر نەشتەرگەریش بکا خۆی و منداڵەکەی دەمرن. دوای سێ ساڵ بەم وەزعە ڕاهات و بە خۆی دەکوت منداڵەکەم لە زگی خۆم دا بەخێو دەکەم. دوای حەوت ساڵ کێشی هێندە چووبوە سەرێ ئیتر نەیدەتوانی لە جێی خۆی ببزوێ و خواردنی دوو هێندەی جاران ببوو. دوای دوازدە ساڵ هێندەی جەزرەبە دیبوو کە مووی سەری هەموو سپی بوون و چرچ کەوتە پێستییەوە جگە لە پێستی زگی کە هەر لێک دەڕەوییەوە. دوای هەژدە ساڵ پێستی بە تەواوی لێک ڕەوییەوە و خۆشی بوو بە چەن کوتەوە. لە نێوان خوێن و خوڕەکەیەوە کوڕێکی هەژدە ساڵان وەدیار کەوت و بێ ئەوەی کەس بدوێنێ یان تەنانەت سەیری جەستەی بێ گیانی دایکی بکا ملی ڕێگای گرتە بەر و ڕۆیی.

ئاخرزەمان

ئێمە حەوت کەس بووین. یەکمان مردبوو یان دەبوو وا بیر بکەینەوە، یەکمان بێ ئەوەی بزانین بۆ بەلادا هاتبوو، نەدەبوو چاوی لێ کەین، دەبوو خۆی لێ نەبان کەین. ئەو بە چاوەکانی لەبەرمان دەپاڕاوە و داوای یارمەتی لێ دەکردین هەرچەن خۆشی دەیزانی نابێ وا بکا.

ئیستا شەش کەسین هەموو یەکتر دەناسین بەڵام وا نیشان دەدەین کە یەکتری ناناسین و ڕاگوزەر بە پەنای یەکتردا تێدەپەڕین.

پێشتر زۆر زیاتر بووین. سەدان و بگرە هەزاران کە هەموو یەکترمان دەناسی، پێکەوە گەورە ببووین بەڵام دەبوو وا نیشان دەین کە یەکتر ناناسین، کە کارمان بە یەکتر نییە.

لەوەتی لە بیرمان دێ هەر وابووین و کەس بە زۆر وای لێ نەکردووین. نەک ئەوەی قەت پێکەوە قسە نەکەین نا قسەش دەکەین شتیش لە یەک دەکڕین بەڵام هەر ئەوەندە. هەرچەن ئێستا تەنیا شەش کەسین و شار بە هەموو بەرایییەکەی تەنیا هی خۆمانە و ئیتر شت کڕین و فرۆشتنێکیش نەماوە و هەربۆیە قسە کردنێکیش نەماوە.بەڵام ئەوە سەیرە لەو هەموو پانتاییە بەربڵاوەی شار هەمووومان هەر لە جێیەک کۆ دەبینەوە، لە چوارڕێیانێک یان دووکانێک یان هۆڵی چۆڵی سینەمای شار. هەر چاو لە یەک دەکەین بێ ئەوەی قسە بکەین و دوایی بە تەنیشت یەک دا تێدەپەڕین و دەگەڕێینەوە ناو تەنیاییەکانی خۆمان تا ڕۆژێکی تر.

جارێ شەش کەسین تا بزانین ڕۆژێکی تر دەبینە چەن کەس.

ڕووت

وەک هەمیشە بەیانی زوو بەرەو ئیدارە ڕێ کەوتم. کەسێک بە پەلە بە تەنیشتم دا تێپەڕی، هیچ شتێکی سەرنج ڕاکێش نەبوو جگە لەوەی بەم گەرمایە پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژی لە بەر و کڵاوێکی ڕەشی لە سەر کردبوو. گوێم نەدایە و لە دڵی خۆم دا کوتم ڕەنگە لە بەر سەرمای بەرەبەیان بێ.... بە من چی.

وەک هەمیشە یەکەم کەس گەیشتمە ئیدارە و یەکسەر چوومە پشت میزەکەم. دوای چەن خولەک یەکەم هاوکارم هاتە ژووری و بێ ئەوەی پاڵتۆکەی داکەنێ چووە پشت میزەکەی، هەر ئەو پاڵتۆ ڕەشە درێژە و و هەر ئەو کڵاوە. بە بزەیەکی تەوساوی سەیرم کرد بەڵام ئەو ئاگای لێ نەبوو. کە بەرپرسی ئیدارە هەر بەو کڵاو و پاڵتۆیەوە لە بەرامبەر ژوورەکەی ئێمە تێپەڕی شک دایگرتم. هەستام و سەرم بە ژوورەکانی تر دا کرد، هەموو هەربەو کڵاو و پاڵتۆیەوە دانیشتبوون. بە خۆم کوت دەشێ ئەمە خەونێکی ناخۆس بێ و من هێشتا خەبەرم نەبۆتەوە. بە

شڵە ژ ا و ی

رام کردە دەرێ چەن دانە لە هاوکارەکانم بە پاڵتۆی رەش و کڵاوەوە دەهاتنە ژووریٚ بەڵام تەنانەت نەمتوانی وڵامی سڵاوەکەیان یان بزە تەوساوییەکەیان بدەمەوە.

هەڵاتمە شەقامەکەی بەرامبەر ئیدارە، دووکانەکان خەریک بوو دەکرانەوە، منداڵان بەرەو قوتابخانە دەچوون و خەڵک وەدەر دەکەوتن بەڵام هەموو بە پالتۆیەکی درێژ و کڵاوێکەوە تەنانەت منداڵەکان کە پاڵتۆکەیان بە دوویان دا دەخشا و کڵاوەکە بەر چاوی گرتبوون. هەستم دەکرد لە ناو ئەم هەموو پاڵتۆپۆشەدا رووتم و هیچم لە بەردا نییە، هەستم دەکرد هەموو چاو لە من دەکەن. گەیشتمە پارکی نزیک چوار رێیانەکە، بە پەلە خۆم بە ئاودەستخانەکەدا کرد تا شڵپێک ئاو بە دەم و چاوم دا دەم بەڵکوو لەو خەونە ناخۆشە بە خەبەر بێم.

پێش ئەوەی ئاوەکە بگاتە دەم و چاوم، لە ئاوێنە ژەنگاوییەکەی ئاودەستخانەکەدا خۆم دی بە پاڵتۆیەکی رەشی درێژ و کڵاوێکی رەشەوە. ئاوەکەم رشتە سەر عەرز و بەرەو ئیدارە رێ کەوتمەوە.

ئوتوبووسێک بەرەو شوێنێکی نادیار

ساکەکەی هەر ساکەکەی هەمیشە بوو. جل و بەرگەکەشی هەر ئەوانە بوون کە دوێنێ لە بەری دابوون، بەڵام ئیتر پیس و خۆڵاوی نەبوون. گیانیشی ئیتر نەدەهێشا.

کەسی لەو قەرەباڵغییەدا نەدەناسییەوە، تەنانەت نەیدەزانی لە کوێیە و لێرە چ دەکا. تەنیا شتێک کە لە بیری بوو گەڕانی بێ کۆتایی بوو بە دووی کوڕەکەی دا لە ناوچە سنوورییەکان و و ئێستا خۆی لێرە دەدیتەوە.

گوێی لێ بوو دەنگێک لە بڵیندگۆی ترمیناڵەوە بانگهێشتی دەکا بەرەو ئوتوبووسێک کە بە ژمارە لێک جیاکرابوونەوە. هەر ئەو جۆرەی بە ناو ئاپۆرەی خەڵکی سەرسووڕماودا تێدەپەڕی دوایین شتی دوێنێی وەبیر هاتەوە دەنگی تەقینەوەیەک لە سەر سنوور. لە بەر خۆیەوە گوتی:" هەمیشە بیرم دەکردەوە دەبێ جۆرێکی تر بێ نەک ترمیناڵێکی شلووق و ئەو هەموو ئوتوبووسەی بەرەو شوێنێکی نادیار دەچن"

لەشفرۆش

لە کۆڵانێکی تاریک و تەنگەبەر رێی پێ گرت و کوتی:

_هەرچی پوولی پێتە بمدەیە.

ژنەش هەر لە ناوەڕاستی کۆڵانەکە خۆی رووت کردەوە.

پەیکەرڤانی

هەواڵنامەی کتێب

پەیکەرڤانی دوور/ خەبات رەسوڵی | ١٥٦

بە مەبەستی شیکاریی پەیکەرەکانی سەیوان سەعیدییان

پەیکەرڤانی دوور

وتووێژێک لەگەڵ پەیکەرڤان سەیوان سەعیدیان

خەبات ڕەسوڵی

کورد و پەیکەرڤانی دوانەیەکی لێک نامۆ نین. مێژووی پەیکەرڤانی لە کوردستان مێژوویەکی هەزاران ساڵەیە،بەڵام بە بارتەقای ئەو مێژوویە هونەری پەیکەرڤانی پێش نەکەتووە و لەمرۆدا تازە گرووگاڵ دەکات.بەدڵنیاییەوە هۆکار سەرەکی ئەو وەپاش کەوتنە بێ دەوڵەت بوونی کوردە.

یەکێک لەو هونەرمەندە دەست ڕەنگینانەی کورد کە سەرەرای دۆخی نالەباری کوردستان هەر وابێ وچان خەریکی پەیکەرڤانییە سەیوان سەعیدیانە. دیارە سەیوان تەنیا پەیکەرتاش نییە و لە زۆر بواری دیکەشدا شوێن پەنجەی دیارە و کەسێکی ناسراوە، لەو چاوپێکەوتنەدا تەنیا بواری پەیکەرمان بەسەر کردووەتەوە. بەوهیوایەی لە دەرفەتی دیکەدا چاوپێکەوتنی دورودرێژتر و تێروتەسەلتری لە گەڵ ئەنجام بدەین.

ئا: خەبات ڕەسووڵی

چۆن بوو رووت لە پەیکەرڤانی کرد؟

– وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر گرانە. هەروەک چۆن نازانم کەنگێ و چۆن هاتمە سەر ئەو جیهانە ئاڵۆز و نادادپەروەرە، هەر وەک چۆن نازانم کەی چۆن و بۆچی پێم گرت و ناردرام بۆ خوێندن. هەر وەک چۆن نازانم چۆن و بۆچی زێدی خۆمم بەجێهێشت و یازدە ساڵ لە بەشێکی دیکەی کە هێندێک کەس پێیان دەگوت ئەوێش زێدمانە(باشوور) —و منی گەمژە و زۆر کەسی گەمژەی دیکەش باوەرمان کردبوو- شاربەدەر و وەڵاتبەدەر بووم. هەر وەک چۆن کە بەردەوام جانتایەکم بەشانەوەبوو و پڕ بوو لە خەونی ڕەنگاورەنگی وەدی نەهاتوو. هەر وەک چۆن پێم وابوو و ئێستاش بەو هیوایەم کە لە ڕێگەی جوانییەوە، ئاشتی و دادپەروەری پێشبخەین. هەروەک چۆن لە غەریبی درێژخایەنی ماڵ و کۆڵان و شارەکەم، پەنام بردە پێنوس و پەرەمووچ و ڕەنگ و کاغەز، هەرواش ڕۆژێک بینیم کە خەریکە لە دار پەیکەر دادەتاشم. پەیکەر تا ئێستا دواهەمین ڕەهەندی هونەرییە کە زۆر پیس ئۆگری بووم. زۆریش داگیرکەرە. خۆزگە هەموو داگیرکەرەکان تۆزقاڵێک ڕەنگ و بۆی پەیکەریان هەبوایە!! لەو سێ چوار ساڵەی دواییدا و بە تایبەت لەو چەند ساڵەی کە لە باکوور دەژیم، پەیکەر زیاتر لە هەموو بەشەکان بە خۆیەوەی خەریک کردووم، یان من پێوەی خەریک بووم. تا ئێستاش نازانم کە من رووم کردۆتە پەیکەر، یان پەیکەر رووی کردۆتە من، بەڵام باش لەگەڵ یەک ڕاهاتووین. هەستی خوڵقاندن، هەستێکی نامۆیی، خۆش و پڕ لەخۆبایی بە مرۆڤ دەبەخشێت. ئێستا دەزانم خوا بۆ ئەوەندە لەخۆباییە و بە هەزار زمان خۆی بەسەر مرۆڤدا دەسپێنێت و بە هەزار زمان دەیەوێت تێبگەێنێت کە چەندە گەورەیە و ئەو هەر شت دەزانێت و مرۆڤەکان نازانن. ڕەنگە هەر لەبەر ئەو هەستەش بێت کە پەیکەریان لێ حەرام کردین. هەزار و چەند سەد ساڵە؟ ڕەنگە مافداریش بێت. چونکە جیهانی پەیکەر زۆر جوانتر و دادپەروەرتر و دوور لە توندوتیژیترە، لە جیهانی ئەو. ئێستا من لە جیاتی ئەو شەرم دەکەم. هەر چەند دەزانم خراپ ناخوڵقێنم.

تا ئێستا چەند ستایلی پەیکەرتاشیت تاقی کردووەتەوە؟

– بەڕاستی نازانم مەبەستت تەکنیکە ، یان شێواز؟ ئەگەر مەبەستت تەکنیک بێت، چەند کەرەستەیەکم تاقی کردۆتەوە. دار، قور،فایبەرگلاس و ئاسن.. وەکو ستایلیش نە لە پەیکەر، نە لە وێنەڤانی، نە لە دیزاین و فۆتۆ و نووسین خۆم بە هیچ ستایل و ڕێبازێک نەبەستۆتەوە. هەوڵم داوە خۆم بە هەستەکانم بسپێرم و دەزانم هەستەکانم لەگەڵم ڕووراستن. هەر ئەو هەستانەی بە هەزار ئەزموونی تاڵ و شیریندا تێپەڕ بوون. هەڵبەت زۆرتر تاڵ! بە پێڤاژۆی جۆربەجۆری فێرکاری و فێرخوازیش دا. هەر بۆیەش زۆر کەم واهەیە بیر لە ستایل و شێواز بکەمەوە. خۆیان هاتوون و بەخێر بێن! بەڕای من بۆ کەسێک کە کاری هونەری دەکات، فێربوونی زانستیانەی بنەماکانی هونەر، زۆر گرینگ

و بنەڕەتییە. ئەوەش هەم پێویستی بە کاتێکی زۆر و هەم ماندووبوونێکی زۆرە. بەڕای من کاتێک کەسێک بنەماکانی هونەری بە باشی لەناو ناخیدا جێگیر کردبێت، دەتوانێت بە ئاسانی شێواز و ستایلیش بگۆڕێت و تاقی بکاتەوە. کاتێک خەڵک باسی پەیکەرەکانم دەکەن، دەڵێن پەیکەرەکانم درێژن. خەڵک دەڵێن ملیان باریکە! بەڕاستیش جارێک کە بە وردی لە ملی کەسانی دەوروبەرم بە وردی ڕوانی، دیتم ملیان زۆر ئەستوورە!! ئێستاش ڕام وایە. ئەوە خەڵکن مل ئەستوورن! فیگوورەکانم باریک و زراڤن. زۆر جار خەمگینم بۆ خەڵک وەکو فیگورەکانم نین. ڕەنگە دووربوونەوە و کۆچی "ناسکی" لەوسەردەمەی ئێمەدا، وایکردبێت پەیکەرەکانم وا زراڤ و ناسک بن. وەکو خەونێک، هیوایەکی گاڵتەجارانە! بەڕای من مرۆڤ هەر دەبێ وا بێت، بەڵام مەخابن.

ئەو پەیکەرە ئاسنانە چۆن دروست دەکەی و شێوازی کارەکەت چۆنە؟

– ئەگەر زۆر کورت وەڵامت بدەمەوە دەڵێم چەند پارچە ئاسن هەڵدەبژێرم ماوەیەک یارییەکی جوانیناسیانەیان لەگەڵ دەکەم تا شیوەیەکی گشتیان لێ پەیدا دەبێت، پاشیان جۆشیان دەکەم و پەیکەریان لێ دروست دەکەم. پرۆسەکە لەڕاستیشدا هەر وا سادەیە، بەڵام هەڵبژاردنی ئەو چەند پارچە ئاسنە و لکاندنیان بە یەکەوە، پێویستی بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی زەمانی و زانستی و جوانیناسانە هەیە کە ئەو پرۆسەیە ئاستی بەرهەمە هونەرییەکان دیاری دەکات. شاعیرێکیش هەر ئەو کارە دەکات. هەر ئەو پیت و وشانەی کە هەر ڕۆژ هەر کەس بەکاریان دێنێ هەڵدەبژێرێت و بە یەکەوەیان دەلکێنێت. نووسەرێکیش هەر ئەو کارە دەکات. پێکەوە لکاندنەکە هەر کەس دەیکات، بەڵام چۆن پێکەوە لکاندنەکانن کە وشە و ئاخافتنی ڕۆژانە لە دەقێکی ویژەیی جودا دەکەنەوە. کەرستەکانی کارپێکردنی من زۆر کەم و سادەن. سپراڵ (سەنگ)ێکی بچوک بۆ برینی ئاسن و ماتۆرجۆشێک، کۆی ئامرازەکانی کاری منن. هەڵبەت چەکوش و پەنس (انبردست) و دەستکێشیشم هەیە! لە پەیکەرسازیدا هەڵبژاردنی مەتریاڵ زۆر گرینگە. من هەرچەند هیچ کات پەروەردەی پەیکەرسازیم نەبینیوە و مەتریاڵی زۆریشم تاقی نەکردۆتەوە، بەڵام هەر ئەو چەند مەتریاڵەش هەر کامیان تام و بۆن و هەستی خۆیان بووە. بەڵام هیچکامیان وەکو ئاسن لەدەستمدا نەرم نەبوون. زۆر جار کە باس لە ڕەقی و توندوتیژی ئاسن دەکەن، لە خۆم پرسیار دەکەم کە بەڕاستی وایە؟ بەڵام دەبینم کە وا نییە. لە دەستی من دا ئاسن لە هەویر و قوڕ نەرمترە. لە مانگێک دا چەند جار دەچم بۆ لای دوکانی کۆنە ئاسنەواڵە فرۆشەکان، لەوێ بە هەزاران پارچە ئاسنی جۆراوجۆر و گەورە و بچوک هەن. یەک بە یەک هەڵیان دەبژێرم. زۆر جار هەر لەوێ ئاسنەکان پێمدەڵێن دەبن بە چی! چونکە هەر لە نیگای یەکەم فۆرمی خۆی نیشان داوە. زۆر پارچەش هەن کە بۆ بەشیتر کەلکیان لێوەردەگرم. ئارماتۆر زۆر بۆ دەست و قاچ گونجاون. بەڵام هەر ئەو ئاماتۆرە بووە بە باڵندەش! دیسان دەڵێم زیاتر خۆم بە هەستەکان و نەستەکان دەسپێرم. دۆزینەوەی فۆرمی گشتی، سەرەتای کارە. دوای ئەوەیە کە مرۆڤ بیر لە لایەنی مانایی و ستاتیکییەکەی دەکاتەوە و کاری لەسەر دەکات. جگە لە پەیکەری ئاکادمیای کوردی هەولێر کە بەرزییەکەی چوار میترە و لەگەڵ هاوڕێی ئازیزم کەیهان محەمەدی دروستمان کرد، هیچ ئەزمونێکی کاری ئاسنم نەبوو. ئەو کۆمەڵە کارەی ئێستا کە سەرجەمیان لە ساڵی ٢٠١٥ وە دەستم پێکردوون و تا ئێستا زیاتر لە دوو سەد پەیکەرم دروستکردووە. هەمووشیان لە شاری ئامەد. ئەوە یەکەمین ئەزموونمە کە کار بە ئاسن دەکەم. ئەزمونێکی خۆش و خۆشەویست.

ئاستی پەیکەرتاشی لە کوردستان چۆنە و چەند ستایل تاقی کراوەتەوە؟

– بێجگە لە پەیکەرە مێژووییەکان، کە ئەوانیش بەداخەوە زۆر زانیاریان دەسکاری کراوە و ئێستا بە ناوی گەلانیتر ناویان لێدەبردرێت، دەتوانم بڵێم پەیکەرسازی ئێستای کوردی بە

کاک هادی زیائەدینی دەستپێ دەکات. ڕەنگە بەر لە ئەویش لە پارچەکانیتر هەولێتر هەبوبێت، بەڵام ئەوەی وەکو بەرهەم و پەیکەری هاوچەرخ و ئاکادمیک خۆ دەنوێنن، دەتوانم بڵێم کە هەر لە کاک هادییەوە دەستپێدەکات. ئەوەڕای تاکەکەسی منە و دەکرێت هەڵەش بێت. کەواتە بەداخەوە تەمەنی پەیکەرڤانیمان زۆر کورتە، بێجگە لەوەش زۆر کەم کەس هەن و هەبوون کە بەڕاستی وەکو پەیکەرڤان، کار بکەن. بۆ نموونە ڕێژەی نیگارکێشانی کورد سەدان و هەزاران بەرانبەری پەیکەرڤانانە، کە ئەوەش خۆی جێگای تێڕامانە. لە باشوور پەیکەری باش و پەیکەرڤانی باشم نەبینی، لە باکووریش نابینم، لە ڕۆژئاواش سەرەڕای بزاڤێکی زۆر بەهێزی نیگارکێشی —کە بەڕای من باشترین و مۆدێرنترین نیگارکێشی کوردی لە ڕۆژئاوایە- تا ئێستا پەیکەری باشم بەرچاو نەکەوتووە. بەڕای من وەکو بزاڤ باشترین بەشی پەیکەرڤانی لە ڕۆژهەڵاتە. چ وەکو چەندایەتی و چ وەکو چۆنایەتی. ئەو بزاڤەش هێشتا لە سەرەتای ڕێگەیەتی و بە کوێ دەگات دەبێت چاوەڕوان بین. وەکو ستایلیش دیسان بەداخەوە زۆر کەم ئەزموونین. بەشی زۆری ئەو پەیکەرانە دروست کراون ڕیئال و کلاسیکن. بە تایبەت کارەکانی کاک هادی. کارەکانی کاک ڕێبین حەدەری و چەنگیز ئیقباڵی و بەشیر ناسری و شۆرش ئاهی و دۆستانیتریش هەر لەو ئاراستەدا دەبینم. لە باشووریش هەر ئەو ئاراستەیەیە، بەڵام لە ئاستێکی نزمتر دا. زۆر ڕاشکاوانە بڵێم کاری مۆدێرن و پۆست مۆدێرنمان نییە، یان زۆر کەمن. هەربۆیەش بەڕای من ئاستی پەیکەرڤانی کوردی زۆر زۆر نزمە و بەو شێوازە جارێ ناتوانێ لە جیهانی پڕ لە داهێنانی ئێستا دا قسەیەکی بۆ وتن هەبێت. ئەوەی کە تازە چەند سەردیس و پەیکەر بە شیوازی چەند ساڵ لەمەوبەری ئورووپا کار بکەین و تازە وەکو ئاستیش نزمتر بین و دڵمان خۆش بێت کە ئێمەش هەین، بەڕاستی بە دروستی نابینم. بەڵام ئەو پۆتانسیەل و وزە مێژووییە هەیە کە دەکرێت لە ئاستی هەر بەرزی جیهانیشدا دەرکەوێت. هەر وەک چۆن کۆبانێ ئەو پۆتانسیەلەی هەبوو و کردی بە کرداریش.

تا ئێستا چەند پێشانگای پەیکەرڤانیت هەبووە؟

- بۆ پەیکەرڤانی وشەی پێشانگا زۆر کەم دەبینم، چونکە هەر پەیکەرێکی گەورە کە لە شوێنێکی گشتی دانرابێت، خۆی پێشانگایەکی بەردەوامە. لە هەولێر سێ پەیکەر گەورەم هەن. لە ماوەی ئەو ماوەیەی لە باکووریش بووم، چەندین پێشانگام بووە. چوار پێشانگا لە ئامەد و یەکێکیش لە مۆزەخانەی ئارکۆلۆژی ماردین. یەکێک لە پێشانگاکانم ساڵی ڕابردوولە شاری ئامەد، لە شەقامی هونەر، لە دوکانێکی گەورە کە سێ لای شوشەبەند بوو، بەڕێوە چوو. -لە دەرەوەی گەلەری- لە دوازدە ڕۆژ دا زیاتر لە هەزار و پێنج سەد کەس سەردانیان کرد. لە هەموو چین و توێژێک و هەموو ئاستێکی تەمەنیش. ئەوساڵیش هەر لەو کۆڵانە و لەسەر شوستە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ پێشانگایەکی دیکەم بەڕێوە برد کە هەزاران بینەری هەبوو. هەر لە ساڵی ٢٠١٦ لە گوندی "یوڤاجک" لەسەر ڕێگای بسمیل ئامەد پێشانگایەکم لە ناو کۆڵانێکی ئەو دێیە بەڕێوە برد کە هەم بۆ خەڵک زۆر سرنجڕاکێش بوون، هەم دەنگدانەوەی میدیایی زۆر بوو. ئەوەی کە زۆر پێی دڵخۆش بووم ئەوە بوو هەموو کەس بە جۆرێک پەیوەندیان بە کارەکانەوە کرد و خۆشیان لێیان هات. ئەو کۆمەڵە کارە سەرجەمیان لە ئاسنی کۆن دروستکرابوون و شێوازیشیان دووری ڕیئال بوو، بەڵام دیسان هەر کەس توانی پەیوەندیان لەگەڵ دروستبکات. یەکێک لە

پرۆژە گرینگەکانم لە ساڵی ٢٠١٦ دا، پێشانگایەکی گەڕۆکی پەیکەرڤانی لە دە ڕۆژ دا لە دە گوندی شاری ماردین و بە هاوکاری مۆزەخانەی ئارکۆلۆژی شاری ماردین بەڕێوە چوو. لە هەر گوندێکیش خەڵک و مناڵەکان ئاسنی کۆنیان دەهێنا و هەر ڕۆژ پەیکەرێکم دروست دەکرد و پێشکەشی خەڵک و گوندەکە دەکرا. بەشی هەرە گرینگی ئەو پرۆژەیە دروستکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ئەو پرۆژەیە بوو کە ئێستا لە پێڤاژۆی دوای بەرهەمهێنان (پۆست پرۆداکشێن) دایە. دوایین پێشانگام لە دوا ڕۆژەکانی ٢٠١٦ و ڕۆژە سەرەتاییەکانی ٢٠١٧ لە شاری ئیزمیر و لە ناوەندی فەرهەنگی تورکی- ئەمریکایی بوو. لە مانگی سێ ٢٠١٧ دا هەر لە شاری ئیزمیر پێشانگایەکی فۆتۆگرافی و نیگارکێشیم هەیە.

وەک دەزانین جەنابت لە زۆر بواردا چالاکی ،ئایا ئەو

هەورامی کتێب

هەموو فرە ڕەهەندییە هۆکارەکەی چییە؟

— لە ڕاستیدا نە دەزانم بۆ و نە بۆشم گرینگە. زۆر کەس، بە تایبەت لە ئێستادا ڕایان وایە کە دەبێت هەر کەس بە شتێک ،یان بەشێکەوە خەریک بێت و تێیدا ببێتە پسپۆر. من دژایەتیم لەگەڵ ئەو تێڕوانینە نییە، بەڵام پێچەوانەکەشی بە هەڵە نازانم. زۆر کەس هەن تەنیا لە بوارێکدا کار دەکەن و زۆریش سەرکەوتوو نین. زۆر کەسیش زۆر سەرکەوتوون. زۆر کەسیش لە چەند بواردا کار دەکەن و لە هەر بوارێکیشدا وتەی خۆیان هەیە. ئەوە زۆر پێویستی بە خۆناسینەوە هەیە، ئەگەر کەسێک ئەو هێز و وزەیەی هەبێت کە فرە ڕەهەند بێت، هیچ هۆکارێک نابینم کە لە چەند بواردا کار نەکات. دواتر هەڵسەنگاندن و ڕەخنەش هەیە. بەرهەمەکانن کە دواتر ئاستی هەر کەسێک دیاری دەکەن، جا چ تاک ڕەهەند بێت و چ فرە ڕەهەند. هەر وەک پێشتر باسم کرد قووڵبوونەوە و جێگیربوونی بنەماکانی هونەر، خاڵی هەرە گرینگ و پێویستە بۆ هەر کەسێک کە کاری هونەری و ئەدەبی دەکات. وەکو خۆم ڕاستییەکەم بۆ ڕوون بۆتەوە. کاتێک وێنە دەکێشمەوە، کاتێک چیرۆک ،یان شیعر دەنووسم، کاتێک پەیکەر ،یان فیلم دروست دەکەم، کاتێک فۆتۆ دەگرم ،یان گرافیک دیزاین کار دەکەم، کۆی ئەوانە لە یەک خاڵدا هاوبەشن: دارشتن (کۆمپۆزسیۆن). تەنیا ڕەگەز و مەتریاڵەکانن کە دەگۆڕدرێن، بەڵام خاڵێکی گرینگیتریش هەیە. هەرکام لەو ژانرانە، پێشینە و مێژوو و ڕەوتی خۆیان هەیە. ستایل و شێوازی جۆربەجۆریش. ناسین و تێگەیشتن لەوانەش بەشێکی دانەبڕاوی ئافراندنی بەرهەمێکی هونەرین. بۆ من وا بووە، هەر ژانرێک نە تەنیا گرفتی بۆ بەشەکانیتر دروست نەکردووە، بگرە زۆر یارمەتیدەریش بوون. باش دەبینم کە گرافیک دیزاین چەندە هاوکارمە بۆ پەیکەر، پەیکەر چەندە هاوکارە بۆ هێڵکاری، هێڵکاری چەندە هاوکارە بۆ نووسین. دواتر خاڵێکی گرینگی دیکەش هەیە. تیژتێپەڕبوونی کات. بەردەوام هەوڵدەدەم لە ئافراندن دانەبڕێم. پەیکەرسازی یان وێنەکێشانەوە، پێویستیان بە شوێن و هەلومەرجی تایبەت هەیە. بەڵام کاتێک کە حەوتوویەک لە سەفەرم و دەرفەتی پەیکەر و وێنەکێشانەوەم نییە، خۆ دەتوانم هەڵبەست ،یان کورتە چیرۆکێک بنووسم. خۆ دەتوانم چەند وێنەی باش بگرم. کە واتە ئەو فرە ڕەهەندییە وا دەکات کەمتر کات بە فیڕۆ بڕوات.

ئەو جیاوازیانەی کە لە شێوازی پەیکەرڤانی لە هەر چوارپارچەی کوردستان دا هەیە لەچییەوە سەرچاوە دەگرن؟

— هەرچەند بەشێکی زۆری ئەو پرسیارەم لە پرسیاری چوارەم وەڵام داوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا من جیاوازییەک نابینم. بە تایبەت لە ڕوانینی پەیکەرڤانەکان. زیاتر جیاوازی ئاست و تەکنیک هەیە، تا جیاوازی شێواز. تەکنیک لە ڕۆژهەڵات بەرزتر لە باشوور و باکوورە، بەڵام لە هەموو پارچەکانیش ریالیزم و کلاسیزم، بەسەر پەیکەرسازی کوردیدا زاڵە. ئەوە خاڵێکە زۆر پێویستی بە وردبوونەوە و کارکردنە. بۆ وێنە و فیگوری ئاژەڵ، مرۆڤ و ڕووەکەکان لە فەرش، بەڕە و نەخشبەرجەستە (رۆلیەف) کاندا، زۆر دیفۆرمەوە و دوورە ڕێئالن، بەڵام تا ئێستا ئەو ڕوانین و کاریگەرییە لە پەیکەری کوردیدا ڕەنگدانەوەی نەبووە. دابڕانی مێژوویش، بە تایبەت دوای هاتنی ئایینی ئیسلام، کە لە بنەڕەتدا دژە جوانی و شادییە، کاریگەرییەکی زۆر زۆری هەیە. بۆ وێنە کاتێک لە پەیکەرەکانی ئەفریقا دەڕوانین — کە بەڕای من مۆدێرنتر و سەربەستترن لە پەیکەرەکانی ئورووپا- دەبینین کە زۆربەی ئەو بەرهەمانە کەسانی نەخوێندەوار و ئاسایی دروستیان کردوون. زیاتر لە هونەر و تەکنیک، بوونە بەشێک لە چاند و فەرهەنگی ئەو گەلانە و تێکەڵاوی ژیانی ڕۆژانەیان بووە. سروشتیانە پەرەیان پێدراوە و دەوڵەمەندتر بوون. تازە بەشێکن لە باوەڕی و ئایینیش، بەڵام بەداخەوە لەناو ئێمەدا ڕەوتەکە پێچەوانە بۆتەوە و تەنانەت زۆر جار وەکو حەرامیش لێ دەڕوانرێت. کەواتە هەرچوار پارچە تووشی ئەو نەهامەتییە بوون و پەیکەرسازی لە هەموو بەشەکان تەمەنی زۆر کورتە و تا ئێستاش نەیتوانیوە لە ژێر کاریگەری ڕێئالیزم و کلاسیزم دەرباز بێت.

بۆ پەیکەرڤانی کێ سپۆنسەرت بووە و کێ پشتگیری کردووی؟

— لە کوردستان، هونەرمەندان بە ئێش و ئازار و بە ڕەنجی خۆیان درێژە بە کارەکانیان دەدەن و دەتوانم بڵێم هونەری کوردی بێ خەمخۆر و بێ پشتیوانە. ڕەنگە بێ خاوەنترین هونەرمەندانی جیهان، هونەرمەندانی کورد بن. لە باشوور، لەو پاشاگەردانییەی بە ناوی هونەر و داهێنان، بە میلیۆنان دۆلار پارە درا بە زۆر کەس کە زۆربەشیان فریان بە هونەرەوە نەبوو و کەمترین ئاستی داهێنان و بەرهەمیش هەر لەوێ بوو. لاوازترین ئاستی هونەریش هەر لەو جوگرافیایە و هەر لەو ساڵانەدا بوو. بازرگانی و بەرژەوەندی گیرفان بە هەزاران جار پێش خەون و خەیاڵی هونەری کەوتن و ڕەنگدانەوەی ڕەوشەکەش ئێستا دەرکەوتووە و لە داهاتوودا باشتر دەیبینین. لە باکوور هەتا ئەو کات هێز لە دەستی شارەوانییە کوردییەکان دا بوو، چاند و هونەر تەنیا و تەنیا کەرەستەیەکی پەراوێزی سیاسی و بیردۆزی بوو. زۆربەی بەڕێوەبەرانی هونەری هیچ پەیوەندیان بە هونەرەوە نەبوو. ئەو ڕەوشە وای کرد کە زۆربەی هونەرمەندە پیشەگەر و پرۆفێشناڵەکان باکوور بەجێ بێڵن. هەر بۆیەش ئەگەر ڕاستگۆ بم دەبێت بڵێم کە لە دوو ساڵ و نیوەی لە باکوورم بێ سنوور ئازار دراوم و هەتا ئێستاش هەموو چالاکی هونەری من ڕوناکی هاوسەرم لە شارەوانییە کوردەکان بایکۆت کراون. بەڵام ئێمە وەکوو دوو کەسایەتی هونەری سەربەخۆ،هەم بڕوامان بە خۆمان هەیە و هەم بەرهەمەکانمان. کەواتە دەبێت بڵێم سپۆنسەر و پشتگیری پێشکەش بە خۆتان، تکایە زیاتر ئازارمان مەدەن. ئێستاش شارەوانییە کوردییەکان

دەستیان بەسەردا گیراوە و ڕەوشێکی ئاڵۆز و نادیارە، بەڵام ئێمە خەریکی کاری خۆمانین.
ئەو سێ پەیکەرەی کە لە باشوور دروستکران هەرکامیان چیرۆکی خۆیان هەیە. پەیکەری یەکممان لەگەڵ هاوڕێیانم مۆژدە جەمال و کەیهان موحەمەدی لە هۆتێل چوارچرا کار کرد و هەر خاوەنەکەی ئەوێش (ڕەوانشاد کاک عیرفان

زەنگەنە) هاوکاری پەیکەرەکە بوو. کاک عیرفان لەو مرۆڤە دەگمەنانە بوو کە خەمی نیشتیمان و خەمی چاند و هونەری کوردی هەبوو. بەشێکی سەرمایەی ژیانی دا بە پێشکەوتنی هونەری کوردی و دەتوانم بڵێم بە ڕێژەی کابینەیەکی وەزارەتی رۆشنبیری بەرهەمی پێشکەش هونەری کوردی کرد. رۆحی شاد. پەیکەری دووەم لە ئاکادمیای کوردی و هەر لەسەر داوای ئەوان لە ئاسن و بە بەرزی چوار میتر دروستکرا. پەیکەری سێهەم بە داخوازی زاگرۆس تی ڤی و بە تایبەت هەوڵەکانی کاک زەهاوی سەنجاوی، بۆ ئەنفال دروستکرا. بەرزیەکەی دە میتر و نیوە و ئێستا لە هەولێر لەسەر رێگای کەرکوک دانراوە. لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان کاتێک پەیکەرسازێک، پەیکەرێکی گەورە دروست دەکات، ڕەنگە هەر ئەو پەیکەرە ژیانی ساڵێک ،یان چەند ساڵی دابین بکات و گەلێک دەرفەتی کاریتری بۆ برەخسێنێت، بەڵام زۆر ڕاشکاوانە بڵێم کە ئەو پەیکەرانە تەنانەت نەیانتوانی ژیانی چەند مانگێکیشمان دابین کەن، بەڵام دیسان زۆر خۆشحاڵم کە هەن و بە ڕاستیش بوونی بەرهەم و هەستی داهێنان، زۆر زیاتر لە بوونی سەرمایە کەیفخۆشم دەکات و هەر ئەوانەش بە سەرمایە دەزانم. سرنجڕاکێشە کە لە ماوەی ئەو یازدە ساڵەی لە باشوور ئاوارە و وڵاتبەدەر بووم، هیچ کات دەرفەتی بوونی کارگام بۆ نەرەخسا. نە بۆ وێنە و نە بۆ پەیکەر. هەموو ئەوە پەیکەرە دارە بچوکانەم هەر لە ماڵێ دروست کردن. بەڵام خاڵی سرنجڕاکێش ئەوە بوو کە دوای دوو مانگ لە هاتنم بۆ ئامەد کارگەیەکی زۆر گونجاوم پێدرا. هەر لە لایەن خەڵک و بێ کرێش. نزیک دە مانگ لەو کارگەیە، کە ماڵێکی زۆر جوان و مێژوویی لە ناو سوور دا بوو کارم کرد و زیاتر لە سەد و پەنجا پەیکەری دار و ئاسنم دروست کرد. بەداخەوە ئەو زیاتر لە ساڵێکە بە هۆی شەڕ ناتوانم بچمە کارگاکەم و نازانم خۆی و کەرەستەکانم چیان بەسەر هاتووە. ئەورۆژانە بیستم کە ئەوێش روخێندراوە. ئێستا نزیک شەش مانگە لە شوێنێکی تر کارگەیەکی ترم هەیە و پەروەردەی هونەریشم تێدا دەسپێکردوە. ئامەد سەرەڕای پۆتانسیەلێکی زۆر بەهێزی مێژووی و هونەری، زۆر بەداخەوە چەند گەمژە و مافیای هونەری بە ناوی جیاوازی کوردی، بەرێوەی دەبەن کە هیچ فرێشیان بە هونەرەوە نییە. بە گشتیش ڕەوشی هونەری باکوور بەو جۆرە بوو و ئێستاش دەوڵەت دەستی بەسەر هەموو شارەوانی و ناوەندە هونەریەکاندا گرتووە و کەس نازانێت ئەو ڕەوشە بە کوێ دەگات. هەر بۆیە دیسان لە پەراوێزدا خەریکی کاری خۆمم. هەتا ئێستا لە کوردستان — هەموو پارچەکانی- بەداخەوە زۆر زیاتر لەوەی هاوکاری بکرێم، ڕێگری و دژایەتیم لەگەڵ کراوە. ئێمە بەردەوام لە پەراوێز دا بووین و هەین. چونکە لە هەر شوێنێک بووم ،جگە لە کاری هونەری، هەڵوێستی هونەری و فەرهەنگیشم بووە. هەرچەند کە جیاوازی زۆر بەرچاوی باکوور و باشوور لەوەدایە کە لێرە ئەگەر لە لایەن کاربەدەستان پەراوێزیان خراوین، بەڵام خەڵک زۆر بەرێزەوە پێشوازیان لە خۆمان و بەرهەمەکانمان کردووە. خەڵکی باکوور زۆر رێز لە چاند و هونەر دەگرن و ئاستی نەتەوەیشیان زۆر بەرزە. لێرە بە پشتیوانی خەڵکەوە تا ئێستا خۆم ڕاگرتووە و درێژە بە کارەکانم دەدەم. بەداخەوە زۆرجار بیری مامۆستا هێمن دەکەومەوە:

بزانە تۆ ئەوەی ئەهلی هونەر بێ
دەبێ یا دەسبەسەر یان دەربەدەر بێ.

تا ئێستا دەربەدەریم پەژراندووە، بەڵام دەسبەسەری هەرگیز.

گرفتەکانی پەیکەرسازی کوردی چین؟

— ئەو پرسیارە وردبوونەوە و هەڵوێستەی زۆری دەوێت. بەر لە

هەر شتێک پێویستی بە نرخاندن و شیکارییەکی زانستیانەی خەسارناسی هونەری کوردی هەیە کە هیوادارم لە داهاتوودا کاری لەسەر بکرێت. گرفتەکان بە شێوازێکی گشتی دوو ڕەهەندیان هەیە. یەکەم ئەو گرفت و قەیرانانەی تووشی هونەری کوردی بەگشتی بوون. دووهەم گرفتەکانی بەردەم پەیکەرڤانین.

بۆ بەشی یەکەم دەتوانم ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم.

یەک: نەبوونی ستراتیژی کورتخایەن و درێژ خایەن بۆ هونەری کوردی.

دوو: زاڵبوونی سیاسەت بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان و هونەریش لە ناویدا. هەر بۆیەش بەردەوام چاند و هونەر لە پەراوێزدا بوون و بە سووکی و زیادی چاوی لێکراوە و هونەر بووە بە ئامرازێکی سیاسی.

سێ: نەبوونی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی هونەری.

چوارەم: دۆڕان و نەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، هونەرمەند و ڕۆشنبیر، بە تایبەت لە باشوور کە کاریگەری خراپی ئەو ڕەوشە لەسەر پارچەکانیتریش بەرچاوە.

پێنجەم: هونەر تا ئێستاش بە شێوازێکی کارا نەبۆتە بەشیک لە ژیانی ڕۆژانەی گەل.

شەشەم: لۆکالی بوون و مانەوە لە بازنەی هەرێمیدا.

حەوتەم: نەبوونی بازرگانی هونەری. ئەو خاڵە زۆر گرینگە، چونکە بازرگانی هونەری نییە، زۆر بە دەگمەن دەبینین کە بەرهەمە هونەرییەکان کڕین و فرۆشیان لەسەر بکردرێت و هەر بەو هۆیەش زۆر کەم کەس هەن بتوانن بە هونەر بژین و باشیش بژین.

هەشتەم: زاڵبوونی ڕوانینی گەلانی سەردەست و مانەوە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو گەلە سەردەستانە.

نۆ: نەبوونی یەکگرتوویی هونەرمەندان و نەبوونی ڕێکخراو و سەندیکای بەهێزی هونەری. هەر بۆیەش زۆربەی هەوڵەکان تاکەکەسی بوون و هەر ئەوەش بۆتەی هۆی ئەوەی کە زۆرجار بەرژەوەندی تاک پێش بەرژەوەندی نەتەوەیی بکەوێ.

دە: دووربوونی سەرمایەدارانی کورد لە جیهانی هونەر و لاوازی فەرهەنگی ئەو دەوڵەمەندانە.

یازدە: شێواندنی مێژووی هونەری کوردی لە لایەن وڵاتان و گەلانی سەردەست.

دوازدە: نەبوون، یان لاوازی ئەرشیڤی هونەری کوردی. بە تایبەت شێوەکاری.

سێزدە: لاوازی لێکۆڵینەوە و شیکاری هونەری کوردی کەونارا و هاوچەرخ.

چاردە: نەبوون ،یان کەمی ئاکادمی هونەری پێشکەوتوو و هاوچەرخی کوردی. تێبینی: ئەو ئاکادمیا و زانکۆ کوردیانەی لە باشوورن، (وەکو تاکە ئاکادمیای کوردی) هەمان پەروەردەی ڕژێمی پێشووی بەعسیان درێژە پێداوە و لانیکەم نیو سەدە لە دوای هونەری هاوچەرخن. خۆم دەرچووی کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانیم و لە نزیکەوە ئەوەم بینی و هەستم پێکرد.

پازدە: نەبوون، یان کەمی گەلەری و مۆزەخانەی هونەری.

ئەو خاڵانە و گەلێک خاڵی دیکەش کە هەرکامیشیان قسەی زۆر هەڵدەگرن، گرفتە سەرەکییەکانی هونەری کوردین.

وەکو پەیکەر، گرفتەکان زۆر جیاوازتریشن. خالی یەکەم، چ لە بواری چەندایەتی و چ لە بواری چۆنایەتی پەیکەرڤانی لاوازترین هونەری کوردییە. هەر وەکو پێشتریش باس کرا ڕێژەی پەیکەرڤانی پسپۆڕی کورد لە هەر چوار پارچەدا ناگاتە پەنجەکانی دەست. هەر بۆیەش بەو ڕێژەیە، ئەزموون و بەرهەمەکانیش کەمن. خاڵێکی گرینگی تریش کاریگەری نەرێنی ئایینی ئیسلامە کە لە سەرەتا هەتا ئێستا دژە پەیکەرە. شکاندنی پەیکەر و وێرانکردنی مۆزەخانەکان هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە هەتا ئەورۆ درێژەیان هەیە. ئەوە لە نەستی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە و ئەگەریش بە حەرام لێی نەڕوانرابێت، بە سووک لێی ڕوانراوە. لایەنێکی دیکە کە هەروەکو لەپێشوودا باسکرا ئەوەیە کە پەیکەرڤانی کوردی تا ئێستا زۆر کەم تەمەن و کەم ئەزموونە و نەیتوانیوە لە ڕێئالیزم و کلاسیزم دەرباز بێت. خاڵێکیتر ئەوەیە کە پەیکەری گەورە پلان، ویست و تێگەشتنی فەرهەنگی پێویستە. بەداخەوە زۆربەی کاربەدەستان و شاروانییە کوردییەکان لە هەرچوارپارچە زۆر دوورە هونەرن و توانای جیاوازی نێوان بەرهەمی باش و خراپیان نییە. هەر بۆیەش نە بۆیان گرینگە کە لە شارەکانمان پەیکەری باشیان هەبێت و نە دەتوانن باشیش هەڵبژێرن. وەکو دوایین کار دەتوانم ئاماژە بە پەیکەری فریشتەی کۆبانێ بکەم کە خۆزگە هیچ کات لە کۆبانێ دانەنرابا. ئەو بەرهەمە تا ئاستێکی زۆر بێ بایەخ کردنی قارەمانی کچانی گەریلا و خۆڕاگری کۆبانێیە. بەداخەوە ئەوە ڕوانینی زاڵی زۆربەی ئەو کەسانەیە کە بڕیاربەدەستی هونەر و پەیکەرسازین. هەر ئەو لاوازی هونەری، فەرهەنگی و جوانیناسانەی ئەو کاربەدەستانەش یەکێک لەو هۆکارانەیە کە پەیکەرسازی ئێمە نەتوانێت ئەزموونی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنی هەبێت. خاڵێکیتر ئەوەیە کە پەیکەرسازی پێویستی بە شوێن و کارگەیە. کارێکی پڕخەرجیشە. بەردەوامبوون لە پەیکەرسازی پێویستی بە هاوکاری چەند لایەنە هەیە. بەداخەوە زۆربەی سیستەمە کاربەدەستەکانی کوردی ئاگایانە ،یان بێ ئاگایانە زیاتر خەونکوژ و خەیاڵکوژن، تا هاوکار و پشتیوان. خاڵێکیتر دروستبوونی مافیای هونەرین. لە زۆربەی ئەو شوێنانەی لێی ژیاوم ئەوەم بینیوە کە چەند کەسێک کە شەرێکی کاربەدەستانی بڕیاردەر بوون، کۆی بەرهەم و کارەکانیان گرتۆتە دەست و هەر دوو لایەنیش تەنیا بەرژەوەندی زیاتریان مەبەست بووە، نە ئاستی بەرهەم و پێشکەوتنی هونەری. خاڵێکتریش هەر وەک باسکرا، نەبوونی گەلەری مۆدێرن و مۆزەخانەی هونەرین. بە تایبەت بۆ پەیکەرڤانی. هەربۆیەش بە ناچار دەبێت ڕوومان لە گەلەرییە مۆدێرنەکانی شارە گەورەکان بێت.

سەیوان سەعیدیان

شێعر

هەواڵنامەی کتێب

خەمۆک بەجارێزمانداگوم/ کەماڵ شەنگالی (ئەمینی) | ١٦٤
حەزێ لە خەڵوەتی بەشێ/ئاکام کەوسەری | ١٦٧
باخچەی پاشا/ حسێن جەوانشیر | ١٦٧
شەقام دڵتەنگە بە هەنگاوێکی سەربزێوی تۆ/ ستار خوسرەوی | ١٦٨
موناجات/ جەمیل مورادی | ١٦٩
مووەکان و ژنەکان/ غەمگین بۆڵی | ١٧٢

خەمۆک
بەجارپزماندراگوم

کەماڵ شەنگالی (ئەمینی)

که من
سەرم شێتەو گیانم دەرد
ئالوودەی ئەسپێکی خەمۆکم
له قژی ژنێکی بێ هەوادا
بێ وەها دا

ئەسپ/ایپپاڵخەوتووە بێدەنگیم
ناخمهەڵوەدایچرپایەکتێکەوتبێ یا خەوتبێ
ئەزانێتوپێکەنیوەسەگیچاویسەگیچاویحەپ
ئاخسەگیهار! حەپ

[لەم شیعرا هەرمنم وەک من
نه دەنگێ تر
منێکم بەرەڵا بەرۆ با بەشی خۆم ناکات]

ئەی خوایه گیان!
که تاسەی دەستم له کوێ؟
لەکوێی ئەم شیعرا بشارمەوە نەحیلا بێ/دڵـم
رمرمئەسپ
چۆلەکە نەفرێ بێ /چاوم فڕ

هەی خانم که قژت لەم دەقەدا ئەسپ نه ئەسپیش نه
ئەتمەوێ خۆش و تا
رێک له ژێرمانتۆکەتاتاپەکەتا ژێرتریش / نیشانەی
ئەسپه به جاڕی بادانا وەها تر ڕم دەستمشێت
هەی خانم که ئاسمان تکاوەتە چاوتچۆلەکەی نم
شێ به پێستتدا شلله پێستتدا ماسیت له ئاکواریۆمی
نازا— نم -
چۆن بتنووسم دین پێکەنێت و هەوا شەرجی نەبێ
چۆن که به ئەسپا هەڵنەواسرێی بەم ئایەتا که ڕەوایەتی
عەنامەتەله خز

دۆزەخ بخەوێرم بکا/ئەنگوستەکانم
بتپێون پیاوتر
چۆن بتشارمەوە لەم شیعرا
ڕەخنەگر پەی به تامت نەباشیو دڕ
ژێر تاپەکەت سمۆرەکانت لەرە وسرکبە درختتدا پەنا
بگرنبێچووە پشیلەیناو باڵەکانت
یاله قداسەتی نیشتمانی خوێن کەم نەبێتەوەقەفەسشوێن
نەبێتەوە نەفەسنەگاتە/ لێوت
شل بیتەوە
تل بخۆمە باوەشتەوە لەتر هاتبێتە ئەژنۆمەوە
نەمرم مەست نه مەستیش/ نه
ببمە گۆرانی بمگۆڕیلە خۆتافاڵش بم بەم و ژێر
سازم کەی لەتر لێدەم
درینگ درەنگ
دەنگ هەڵبێنم له کۆکی شوورشوورەییەکانمان شێدار
ڕەدیفمان تەریب
گۆشەمان تەریک
هێشتا دێن پێبکەنێو دۆزەخ خەوتبێ /هەر
لەزر بکەوێتە جارەکانتەوە گیانت یاو بکا
تاو بکاحەیوانەکانی جەستەت دەرباز بن
سەختی پیاویم نەرم/ داکەوێ دانەوێ دا دا تریش
زەوی پڕ بێ له میهرەبانی
زەوی واز بێنێ له هاوین و بەفر بباری
له مردن گەڕێ وشەهیدەکان بگەڕێنەوە بۆ ماڵو مەم
واز بێنی له وەزعی سووریاوەمەردنبشەرمێ
واز بێنی له واز و سنه دەف دە دە ف ف دەف دە دەف
لێبدات
دممم د د د د دمم د د د د دمم د د د د دمم
دممم
دەرد بگری مردن

[ئەی خۆم که خەمگینیت وشیعر
دۆزەخیت و ئاو
سەوزیت و خوێن
ئێمە چیتر من
خۆم چیتر من]

خوایەگیان!
که پێستی دەپێوێ به کرێم
یاکەریم له سەر ئەنگوستەکانی هەر لانە ئەکا وهەر
دەشێوێ‌گێ

یا کەریم!
پێستی بپێوم به لێو-پێوەیدەم-کێوئێرەییببابەئاپارتمان

هەواڵنامەی شیر

وگنۆرە وار
قاوی کەم بە نیو بڵێ :خاس

:چ خاس کە هەیت و
درەخت گوڵ ئەگرێ/ خانم
ئەی خاس کەهەیت و رۆحم کلاسیک ئەبێ لە شیعری نوێدا
لە نەرمی کوێتدا ئالوودەمکەی
لە دەنگت کە بانگم ناکەی بە ناو بنەما شکێن بم
بم تا مەلافەکانی خۆشت
بۆ چەن سەنتەریت
بۆ سانتیمانتاڵی کەوشەکەت دێڕی خەتەری تاپەکەت لە ژێرمانتۆدا کە بکوژمە
مردبێتم وەک دانەر لە بەیتی ئاخری غەزەلێکا
مەسخەرە بەم شلووغییا پێکەنیبم بە تیۆری سەردەم
بەئیرۆتیکای زمان بە چەندەنگی کە دەنگی تۆیەهەر
بە مردن و زانستی پزیشکی
کوژرابێتم وەختێ دەمخوێنی بارت بریک برەقسێ
شیعر نەبم شیعریش نەبم ئامبولانس ژان بگرێ
شاخ هەوەسی موبل بکا
پیاوێک کە لە شار نەهاتووەتەوە دامبگرێ
لە شەودا بە خەستی خۆما
رەخنە ت تێ کەم
نە- خوشخانەم بیت
پانسمانی ئەو زەخمانە زانەگیانم

[ئەی خوێنەر!
لەم نەرما "خانم" سەنتەرە
لەم خزا ماسی چەن جەمسەرە
بۆ کەباب بۆ باب بۆ با بۆ ئەلف و بێی تا...]

ئەی خوایە گیان
کە مانتۆکەی دەخزێ
پیادەرەۆ لۆچ دەبێ
خیابان خۆی حەراج دەکا و هەڵدەشکێ

قەیران کەوتووەتە ئابووریی مەم- لە کە-تەوە
قەیران دراوسێتە خانم
خانم قەیرانتە ئەی چاوی پڕ لە سێبەر و یاس

دەمت پڕە لە گوڵ ناڵەو قسانەی نەتوێراڵە گوڵلە بکوژتر
تا پیر بکەوێتە ئاوێنەوە (ئاە ئاوێنەی بێ ویژدان چخ!)
چرچ کەوتەنچیرو ملتەرە بیشارەوە چلەکانی تەمەنت هاتە تەمەنا—م کە/ئەسپایی
بگرە ماسیت
ئەو قولابانەیناس ناکەی نازت کرد

بە جوانی دەمت پێ نەگرتن و هاتیتە پەشیمان
مەترسە

لە کەیەوە ئەسپ پاڵ بە دەرختەوە ئەدا
کە قژت بەر ئەبێتەوە ناو شانت دەگلێ دەستم پڕ ئەبێ لە زێن

زێن! زێن!
زێن یا رانت ستوونی خیابان !
زێن یاشانتباخ نە! پارکیش نە سینەت سینەما و رمە رمی فیلمێکی تیکزاز
یا دەستت بگرم !باڵندەلەژێردووچکەیدایاو
گەوەزنەکان شاخ دەساون بە کیوسکی بلیتدا
موچرک تێ بە ناوشانی مردنا و دەرهێنەربە کلاوێکەوەلە پلانیکا دەگلێ
کات   کات

کەرەم کە
بەشکەم ناو نیشانت
ناو شانتلە کوێی بەختەوەرەی ئەم پەردەدا دا پاڵ کەوتبێت بەروو
خەوملێنەکەوتبێتوخەونەکانمبپژێنەسەرسینگت نەخواریش
ببێت و هاوین خۆی رووت بکاتەوە و هەوا پڕ بێ لە ماسی و شاتوو

[ئەکرێ لەم ویستگەیە دا باسی مانیفیستی حزبی ئاوی بکەم
یا مەسەلەن سیاسەتی رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست
یا نە، لە بارەی شیعری زمان بپیڤم ئستالین ژێروو روو کەمبەلام نا
ئەم دڵتەنگییە بە سەنتەرێکی چەن جەمسەرەوە بەزمە]

ئەی شوێنی کوێ و مەجهوولی با !
بمبەخشە ئەی خاکی خوێن لەم شیعرەدا کەمێ جڵف زاوە و شل
ئەی دینی دین -فەرقی دژواز-لەم جڵفەدا کەمێ بنووسم و نەرم بە لا
شەکەت بوو زمانم لە سوور لە سنوور
بە کوێی سنوورا نەکشاوە ڕا کە شکستە
بە کوێی خاکا نەمکێشاوە کە هەناسەی مێژوو تاڵ
مردووەکان تاڵ نە بمبەخشن کە من
تاڵێ قژم مشتێ لیمۆم لە شیعردا حەشار دابێ زمانم پشوو بخواتلە ئاوارە
زمان لە رەوایەتی شەهیدەکانیکەوتن کەوتبێ

زمان کۆڵنجە کۆنەکانی پشتی بشکێنێ
عفوونەتی چەمەکە گەورەکان بێتە رژاندن
فەلسەفە مەرگ هەڵبێنێتەوە
شەڕ فەرماندەکانی بڕشێتەوە
شیعر تەواوی ئەو خوێنانە بۆی گریاوە پێکەنیبێت
نامبەخشن جەحانم

ئەی خوایە گیان کە من دینی چی دینیش نەبووم
کە کتێبێ لە ئاسمانەوە هاتبێت بۆ چاوی
پڕ بێ لە ئایەتی ئاویی بە سەبکی تەرتیل
ئاه تیلەی چاوی هیچ
ناسکیی دەستیحینجەی سەر پەنجەکانی
پڕ بێ لە سوورەتی مەحشەرنە مەحشەریش نە
ئەسڵەن دونیا سەر لەنوێ دەست پێبکات
دونیا بخزێتە سینگی بە دزییەوە تماشایتێ گوشیی بێت
دونیا ئیمان بێنێ بە ئیمان
ئیمانمەست بکاو لە ژێر پێستی وەردە دەمارەکانی هەڵمژێ
مانگ هەوە سی زەوی بکا و
ترێ بە هەواوە بڕوێ "وَإِذَاالنُّجُومُانكَدَرَتْ"

(بە دەرەکماریا!
بە دەرەک
کە جەنازەی جاچکەکەت
جەنازەی ڤلۆدیات تف کردەوە ناو هەور
دەرکەکەت نەکردەوە و کۆڵان یاوی کرد
پێکەنیت بە تەواوی پانتۆڵە نەرمەکان و مسکۆ یەخی بەست
پێت وابوو دەشلەژێت؟ واتدەزانی گەوەزنەکانی دەگرین ؟
نە ماریا   نا
ئێمە شۆڕش دەخۆین و خوێن دەکەین
شیعر دەنووسین شیعر

'ئەوەنەی مشتێکیش دەمرین'...)

هەیخانم
چ خاس کە هەیت و پڕ ئەبم لە سەبووری
گوێ لە خوێنی هەواڵەکان دەگرم
-بەرگە ی بێتاقەتییەکانی گیانم کە دەردە-
ڕم ڕم دڵم چوار ناڵ لێبدا
نم سرایەت بکاتە پێستت
بساوێ بەخەونی جوغرافیایعەنامم کە کوژراوە
نیشتمان لە گیانما ئازاد دەکرێ و شەڕ ئاشت دەبێتەوە
شەڕ داوای لێبووردن بکات لە گورگوا خواردرا
داوای لێبووردن بکات لە درەخت و خمی ژێر چاوی
منداڵەکان

کە من
ئالوودەیئەسپێکیخەمۆکم
لەقژێژنێکیبێهەوادا
بێوەهاتر پێکەنیبوو سەگی چاوی   ئاخ سەگی چاوی حەپ

هەی خانم
گوڵ نیت وئەڵێم: دڵم پڕە لە ناو ئاپارتمانەکەت کە نیم ونا
لە هاوسا فزوولەکانی درکەکەت نەهاتم و تەڕ
بەر پەنجەرەی ئەسپی شێت و مێتەکانی قژت / سوارە-م
گلا/
نەڕۆیتە دێ
کە مانگە شەو مژ لە لا ڕوخت ئەدا مەدا
چلۆن دەرۆی کە پڕ بە خۆت زوایتە ناو گزە و مەزەم
لە ناو ڕەمزی ئاسن و منارەدا غەوارەی بێ قەوارەدا
ڕم ڕم
هەی گوڵم ڕم

(کە تۆ درۆکانی ئەسپتپێ خۆشە لە بەر
لە سەرم دا هەوای ژنێکە هەڵوەدا خەوتوو بە پشتا لە شار
بەم خوێنی خاکا بەمئەگەری لەرزۆکەکە گیان)

گیان!
ئەی نیشتمان
ئیعتراف دەکەم
کە من پاشنە پیش مەرگیش پێکرا بووم
کراسەکەم پڕنەبوو لە کون و پرشەی جەنگمردبێتم
بەڵام دڵم ڕم
ڕم بە ئێوارەی کوێتدا نەلەرزی بێ کوردیم
ئەی کوردی - م!
ڕابوێرە کە ئەم شیعرە خزە و تامی ماچ ئەدابەم عەسری
عەزابا
بمبەخشە بە تەواوی شوێنەکانت کە مەرگن و فەرقن
بە زمانێک کە جاجێلە و تۆ هێشتاسنووربار‌ی

نامبەخشی جەحانم!

ئەی مەرگ
خاسی؟ یا چۆنتر
خوا قوەت !شەکەتنیت؟
کە من
ببی و نەبی
ئالوودەی ئەسپێکی خەمۆکم
خەمۆک بە جاڕی زماندا گوم—بە—

حەزی لە خەڵوەتی بەشی

لە داهاتوو...

ئاکام.کەوسەری

کۆ نابمەوە ...
هاتم ببم .... ببی... ببین ;
شێواین...
ئاڵۆزتر ڕەنگێک ئەژین   قاوەیی
هەستێ ئەڕۆین   نارێگا
دەردێ ئەخەوین   (   )
کە بێزار بی   مەگەڕێ
ئازار جۆرێکە لە سەفەر
ڕەوایەتی کات خەتێکە لە جەستەما
ئەو کاتەی
پشیلەیەک خەیاڵم بیابان ئەبرێ
پیاوێ لە ڕەنگی خورمایی
تەعارۆفی شەقامێکی بون بەست و
من لە خەتایەکا
چ بێ هەنارانە   ڕێگا ئەژیم....
شکانی پیاوێ لە خۆیدا ببینە
لە تلانەوەی ڕۆژانەی
لە دەمارەکانیا
کە ئەزانێ (داکەوتن) بۆنبەستێکی ئاوەڵایە بۆ مردن
ئێستاکەی تۆ   چیتر فێلبازی نییە غەریب
نێوان خۆت و سەفەرەکەت
ڕۆژگەلێکی بەتاڵ بوو کە   داتنا
بەرامبەرت ڕێک بڕۆ   ڕابردوتە ...
مەودای تۆ و خامۆشی غەمگینترین ڕۆژانی منداڵییت بوو
کە لەرزیوی وەهەموو ئازارەکان   ژیاوی...
تۆ خەوێکی قاوەیی بووی
ڕەنگەکانت لە هەناسەیەکا خەواندووە
ئاڵۆزی یانێ   شکاندن
ڕواندن واتە   بەو بارا
هەڵاتن تلۆربوونەوەی خەمێکە
خەیاتەی ڕۆحم هەڵفڕی خەریکە درەنگ داکەوم

پشیلەیەک
خەیاڵم بیابان ئەبرێ و
منیش ڕووداوێ دەبێ بگەڕێمەوە
جەستەیە بۆنی شەو ئەدا
بۆنی خەیاڵێ
کە تەمەنی سی و ئەوەندەی هەنگاو کێش کردووە
ڕووداوێ دەبێ بگەڕێمەوە
ڕێگەیە و هەناووم پشیلەیە   چ بکەم کە ناخەوێ
شوێن و ئەو ڕۆژانە تلاوتلی خەوێکن ئاوێزان
ڕەوایەتی جەستە شکانی پیاوێ بوو
لەو سەری شەقامێکی بون بەست
کە ژنێ چ پەرێشان   تێیدا ڕێ ئەکا.

باخچەی پاشا

حسێن جەوانشیر

هەربەتەنیا ئەو کەسانەی دەزانن مردووەکانیان بنێژن
بۆ چێژی باران دەگەڕێنەوە و
ئەوەی دەیبیسی دەنگی تەقینەوەی دوومەڵیی بێهوودەیی
ئەوسالانەن
کەوا وێرانیی هاتبوو.

هێندێ کەس دەبێ بڕۆن
هێندێ کەس دەبێ بگەڕێنەوە و
ڕێبواری تەنیشت درەختە هەمیشەییەکانی باخچەی پاشا
دەڵێ:
ـ ئێمە نابێ لە وشە تاریکەکان بترسین!
گۆڕ؛
یانی تۆ دەبێ بژییت.

ئێستە خەریکە تاک وتەرا کەسانێ تەڕ بۆ ماڵێ دەگەڕێنەوە
کەوا لە ئەندێشەیاندا
چەتر
یانی تێنەگەیشتن.

"شەقام دڵتەنگە بە هەنگاوێکی سەربزێوی تۆ"

ستار خوسرەوی

چوار چێوە -
تەنگەبەرە تەسکە ڕەشە ،
هەتا بێ،ئاجۆر و دڵی تۆ ئەماسێ
هەتا بێ، ئاواز و دەنگی کەسکی تۆ لە گەروو ئەتاسێ.
وەرە گیانی گیانان کە شەقام دڵتەنگە بە هەنگاوێکی
سەربزێوی تۆ
وەرە تا دەسبگرێ شەماڵ بە عەتری بەژنی تۆ
لەم چوارچێوە -
تەنگەبەرە تەسکە ڕەشە
تا بێ
قژی تۆ شەڕ بە لەچک و حەیشۆ و حەیاوە ئەفرۆشێ
تابێ زێتر هاوارە خنکاوەکانت بۆنی بارووتی لێ هەڵئەسێ
و زێتر بەم حورمەتە پلاستیکیەوە
نینۆک لە دیوار هەڵئەسووی .

تۆ هاتی کە لەسەر باسکی ناسکی زیوینی مانگەشەوا
لە سەر بسکی ئاشنای لاپۆرە هەورێکی پاییزەدا
ڕێژنە ڕێژنە خەونی ماچ و دڵداری نهێنیت تاتۆ بکەی
هاتی لە نەمامی نەزۆکی سینگی کچان بدوێی
هاتی کە بە زمانی ئەرخەوانی هەنگوورەوە گۆرانیەکی هۆمەر
بڵێیتەوە
هاتی لە خەونی برسی گەنم و
دەستی بێ بڕستی مندالانی کار ئاورێک بدەیتەوە
هاتی سەمای شەنگەبی و
شەدە و لەنجەی نەیستان بگێڕیتەوە
هاتی
کە پێت نایە سەر خیابان و دەنگت هەڵبڕی و
لە نان و ئازادی و عەشق و ئینسان دوای
سەگ و
سەقا و باوک و نامووس
پەلکی سرتی خەونەکانتیان دەسکەنە کرد
کورکەی شەوانەی مانگ و زەریاتیان نغرۆ کرد
زمانتیان بە سس گرێ دا و وتیان وس بە
دەستیان نایە بینی ڕۆحتەوە و
عەزرەتی پێکەنین و تاسەی گۆرانییان بەسەر لێوتەوە
دووریەوە.

ئاه
گیانی گیانان
من و تۆ
بە تەبارێ لەنجە و لاری شێتانەوە
بە خەندەی ڕووت و ڕەوتی مەستانەوە
کراوین بە سوورەتێکی پڕ لە ترس
ئایەتێکی پڕ لە چاوشۆڕی
ئێستاکە لێرە خۆشەویستی
بووە بە کفرێکی گەورە لە سەر هەنیەی دارستانەکانی هەنار
بووە بە تاوانێک لە جنسی خەرمانەی گوناح و زریکە زریکی
ئۆرگاسمی ئەهریمەن

گیانی گیانان
من و تۆ
لە سەردەمی دارمانی هیوا و
لە خاکێکی کرمەدڵ و
نیشتمانێکی خەڵتان لە خوێن و خۆڵ و نەوت و شوناسەوە
لە دایک بووین
ئێمە لە سایەی چاوی برا و چەقۆ و شەقەوە گەورە بووین
لە مستی ئابروو و حەیا و شەرمدا چرۆمان دەرکرد.

من و تۆ

موناجات

جەمیل مورادی

لەم ڕۆژگارە دووکەڵاوی و پڕ لە ڕاکە ڕاکەیەدا
لەم شەوگارە ئاخنراو بە تیشکی فوسفورسانس و —خامۆش
لە ئەستێرەیەدا
لەم وادەی بێخەیاڵە و بەم جەستە گۆشتنەی شۆڕشەوە
لەو تیرەیەین کە هێشتا ئاڵۆشین بە هەرەس و سوتمانی
بەرخۆدانەوە
لەو تووەین کە لەسەر گاشەبەردیش ڕەگ دائەکوتێ
لە ڕەچەڵەکی ئەو شەقامانەین کە تەژین لە تەگەرە و
تووشی
ئاە گیانی گیانان
تۆ بزەی بیماری ئەو مەعموورانەت نەژمارد کە وەک هارێ
دەروونمیان ئەخوارد
تۆ چاوی ئەو ڕێبوار و ژنانەت نەژمارد کە بەلالووتەوە تف و
لەحنەتیان لێ ئەکردین
تۆ جنێوی ئەو ئیماندارانەت نەژمارد کە تەوێڵیان ڕەش
هەڵگەڕابوو لە سەر بەردەمۆردا
نەتژمارد ئەو خوتبانەی فتوایان ئەوە بوو : پەنجە بکەن بە
چاوی عاشقانا!

من ژماردم گیانی گیانان
ئەوان
بەقەد ترپەی دڵی هەرچی پەنجەرەیە لە دنیا
گلۆر بوونەوەی هەرچی زیخە
بە قەد کسکە کسکی هەرچی گوڵەستێرەیە
دڵی من و تۆیان لە گەرم و سووری ماچ و ژواندا ترپاند.

گیانی گیانان
ئاخۆم
حەکیمێک بێت و بتوانێ داخورپانی دڵی ئەڤینداران بژمێرێ
؟
تۆ بڵێی ئەو دەمارانەی دڵی ئێمە لە جنسی چی بن
کە بەم چەشنە نەپۆز و چیرن؟

ڕۆژگارێکی حیزە و
بەتوون پاڵەوانەکانی تلیاک ئەکێشن
بەتوون قارەمانەکانی ئەمێستە سپایدرمەن و جرج مەن و
ئانجلینا جوولی
و ئەستێرەکانی هالیوودن
بەتوون و
ئەزانم
ئێشی ئەم هەزار بە هەزاری برینە بە پاڵەوانێک و دوان و
سیان هەڵناگیرێ
ئەزانم کە ئاستەنگە ڕێ و
بەم پێ گچکەلانەی خۆمان دەبێ ئەم بارستە گرانە پێکەوە
هەڵبگرین.

ئەی تۆ
لە حەبی سەرئێشە چاتری
بۆ شێلاندنی خەونەکانم
ئێش‌تری بۆ گشت گیانم
نەبوونت وام‌لێئەکا
دەیان جار
لە گەڵ دەیان کەس و ناکەسا
بچمە گیانی بێ‌گیانی پێخەفەوە
وام لێئەکا
زیاتر لە خۆت
لە خۆت بیر بکەمەوە

ئەی تۆ
لە ڕەگی راست
نزیکتری بە دڵمەوە
لە دڵمەوە تیرێ ئەگەر کەمانە کا لە حەواوە هەتا...
ئێشی حەفت پشتم ئەپێکێ
حەفت پشتم کە دا بە عەرزا
نەبوو دەستێ بە داوێنی دونیا و
دینم / کە بەخشی بە جەحانم
بە ئاگر کە ئێستاکە (چەتەکانی) تێبەرداوم و
نەبوو دەستێ بە داوێنی دارستانی پەپوولە
هانێ قانگم دە
با قیامەت تەماوی‌تر لە کابووسەکانی مناڵیم بسووتێ

ئەی تۆ
لە بەر تۆ
ناچمە بەرەکانی شەڕەوە
بوونت وام لێئەکا
واز بێنم لەو ئازارانەی گرێ گرێن بەپشتمەوە

بڵێند بڵێند
بیر لە شەڕێ بکەمەوە
کە سەنگەرەکەی پێخەفێ دوو کەسیە
یەکێ لەم شەڕەدا ئەبەزێ
یەکێ واز دێنێ لە ئازارەکانی دونیا و
دینم بتڵێکە قورقێنەی نەوت ئەدا!
ئەی کە نەوتێ نەبوو
تا نیگەرانی بێنەوتی نیشتمان بم
تا چرایەکی حەرام بم بۆ مزگەوت و
مەدرەسە فێری ئەلف و بێی عەرەبی کەم!
: ئەلف تا یێ
هازا گوی و
هازا مەیدانی دونیا و
دینم درزێکە وەک دیتن:

یا کەریم
گمەگمێ لە گومبەزی دەروونمەوە دێتە دەرێ
تۆ بڵێی سەیزادەکەی سەراوی کام قامیشەو
لە تووووورەوە تا
سووووور ترم ئەکا لە تۆ
شاعێر ترم ئەکا لە خۆم و
خواااا ترم ئەکا لە تەنیایی

یا کەریم
فێرم کە چۆن گمەگمەێ لە گەرووم بێتە دەرێ و
سەما
شین کا؟

ئەی تۆ
لە بەر تۆ
توورم بەخشی بە ئاو
بە ئاگر
بە شیرێ کە نەبوو
حەڵاڵی حەرامیەکانی باشووری نیشتمان کەم
بە شوکرێ کە نەبوو
پێشکەشی وشترەکانی بیابان کەم
ئەی کە گۆشتی ژنت پێ حەڵاڵترە لە شیری وشتر
لە ئاوی حەیوان
تکایەقورئانێ بێنە
فێری قەرائەتم کە
دەمەوێ لە بەحری رەمەلا

خواکەتبلاوێنمەوە
***
شێواوم لە شێوەی ئاو
لە شکەستەیی قاچی مانگ
قورسم و
قەمەر/ مەگەر لە سەوتی سەی ئەسغەری
کوردستانیدا بشکێ:

تاکوو ماوم بۆ بە قوربانت، بە قوربانت وەرە
تاقەتم تاقە لە هیجری زەڕەیی ڕووخساری
ڕووت
تووری زوالنووری دەروونم هانی داوم زوو
بە زوو
گەر نەسووتێ یان بسووتێ ئاگری
گیانم...وەرە
هانم دە
با سەگێ
برینەکانی لە برسا نەنووزێتەوە
ئەی کە زمانی سەگیت
لە زمانی دایکیت خۆشترە
کاتێ دەملێسیتەوە!
برینەکانم ڕەگە
ڕیشەی هەیە
لە سەگەوە لێم بڕوانی
ڕاست ئەبمەوە لە ڕەگێ
کە
ڕیشەکانی ئەگاتە ئەو
خەونانەی
دایکم بە شەرمیشەوە
تێیدا نەحەسایەوە
ئەی کە زمانم لە گۆ
ئەچێ

لە گوو ئەچێ!
ئەو بۆنانەی مێژوو
هەڵیئەداتەوە
لە گوڵ

هەواڵنامەی ژنان

ئەچی

کاتێ زمانتدریا شیرین ئەکا و
ئەسر چاوت دەریاییتر
دەریائی/تر تێک بچێ دەروونم
ئەڕشێمەوە
لە چی ئەچی؟
مێژوو لە نوێ ئەنووسمەوە
***
ئێستا تەنیا وەک پارچە پارچەکانی
لەشم
لە بیری بیرەکانی باشوورم و
شەڕێ کە سەنگەرەکەی پێخەفێ دوو
کەسییە
یەکێ لەم شەڕەدا ئەبەزێ

یەکێ واز دێنێ لە ئازارەکانی
واز دێنێ لە برینەکانی
لە حەبەکان
کە سەریان ئەیشێ بۆ ئێشێ
و
مێشێ
مەودای ماچەکان پڕ
ئەکاتەوە
"مێشی خاڵت نافڕێ..."
ئێشێکم بۆ ساز کە
عادەتەکانی تێدا پاییز بم
پاییز بم بۆ پریودی
شیعرێک
وەک خوەراوای ڕووت
کە ڕووم تێئەکا

ڕووم تێکە با/بێ
وڵاتی
دەمارەکانم (شین)
بێ
لە (وان)
ەێک کە

کوردم
کە غوربەتی هەناسەکانم
ئەگاتە ئەو مراوییانەی ماوەیەکە شەکەتن لە ئاو بە ئاو
ڕووم تێکە ئاو
بێ ئاو چۆن بچمە دەمی مەرگەوە؟
ئالان ئەڵێ
-:لە وان تەنیاتر
مەگەر (وان)
لە کورد تەنیاتر مەگەر باکووری نالی
لە شیعر ئاوی تر ئاویتر
چۆن بچمە دەمی مەرگەوە؟

شین م کە یا/سین م کە
دینم کە با /دینم کە با

بتلێ بم
بە قورقێنەی نەوتەوە خۆۆۆشششش
سەری تۆ خۆشششش
کێیە بە کەس مەڵێ کورد مردووە/ نەمردووە؟
مێژوو ئەڵێ

نەمردین و مەودایەکتر
ترانزیت هەتا تاران
بۆنی سنوور و سەلەفی
بە عەبای ڕەش و سپییەوە
سەری خوای کەچەڵ کردین
بەخوا جەلال!

***
(وان)م بۆ پڕ کەن لە شیر
شینتر لە ڕۆژئاوا
بمدەنە دەم چاوی ئەستەمبووڵەوە
ئاخۆ نالی نەیتوانی یا نەیتوانی؟
چاوە خێلەکانی حەبیبە
بە چاوە شینەکانی(وان) بگۆڕێتەوە
شاعیر ئەڵێ:

مووەکان و ژنەکان

غەمگین بۆلی

(مووەکان)

تەنها یەک تاڵەمووی خەنەیی
لە ژوورەکەماندا بەجێماوە و
بەجێمانی کردۆتە پەنجەرە و
منی پڕ لە پەیڤی ڕەنگاوڕەنگ کردووە
من بیر لە کرانەوەی پەنجەرەکانی چاوت دەکەمەوە
من بیر لە کرانەوەی دەرگەکانی سینەت دەکەمەوە
من بیر لە مووەکانی دیکەی جەستەت دەکەمەوە
من بیر لە موو زبرەکانت دەکەمەوە
من بیر لە مووی زبری ژنانی ناسک دەکەمەوە
مووەکان لە نهێنییەکانم زۆرترن
مووەکان نهێنییەکی سپی ژنەکانن
مووەکان زۆرترن لە ژنەکان
مووەکان زۆر زۆرن
زۆرررررر...

موو هەبوو ڕەق و زبر،
بەڵام دڵی نەرم
موو هەبوو نەرم و دڵخۆش،
بەڵام دڵڕەق.

موو هەبوو هیلاک
موو هەبوو لە پیاسەی سەر شۆستەیەکدا بەجێما بوو
موو هەبوو لە جۆگەڵەیەکی پڕ کەڤاو بەجێما بوو
موو هەبوو لە سەر بەتانی و سەرین و دۆشەک و سیسەم
بەجێما بوو
موو هەبوو ڕۆژانی پێنجشەممە بەرەو هەینی
بە جۆگەلەکاندا سەفەری نەگەڕانەوەی دەکرد.

بەڵام

لە دونیای مندا زۆر زۆر بوون ژنەکان و
زۆر مووەکان زیاتر...

موو هەبوو چووبووە خەوێکی قووڵی بن بەتانی
موو هەبوو خەوتبوو بە خەیاڵی بن کراسێکی گەرمەوە
موو هەبوو خۆی بە شانەی گەرماو دڵخۆش دەکرد
موو هەبوو کون و کەلێنی دیوارەکانی کردبووە ماڵ
موو هەبوو حەزی لە بۆنی سووتانی خۆی بوو
موو هەبوو ڕەنگی ڕەشی مۆر بوو
موو هەبوو وەک حەپی گوولاج دوو ڕەنگ.

مووەکان وەک پێڵاوەکان بۆیاغ دەکران
موو هەبوو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو
موو هەبوو ڕەنگی ڕەشی بەفری بەسەر داباریبوو.
...
(بەڵام
مووەکان لە دونیای مندا زۆر بوون
بەڵام
تەنها یەک تاڵەموو
تەنها یەک تاڵەمووی خەنەیی
لە ژوورەکەمدا بە جێما.)

(ژنەکان)

ژنیش هەبوو دڵخۆش وەک موو ناو ماست
ژنیش هەبوو مووی دەخستە کەلینی لاپەڕەی کتێبی ژیانی
خۆی
ژنیش هەبوو لەبەر من خەمەکانی خۆی بە مووەکانی
دەپێچایەوە
ژنیش هەبوو مووەکانی منی لە مووەکانی پیاوەکەی خۆشتر
دەویست
ژنیش هەبوو مووەکانی وەک گوڵی ناو مەرکانەکانی خزمەت
دەکرد
ژنیش هەبوو مووی دەکردە تەناف
بۆ وشکردنەوەی خەمە تەڕە غەمگینیەکانی من
ژنیش هەبوو جەللاد سەری مووەکانی دەبڕین.

(بەڵام
ژنەکان لە دوینای مندا زۆر بوون
بەڵام
تەنها یەک ژن
لەناو دڵم بە جێما.)

هەواڵنامەی شێر

فۆتۆگرافی

هەواڵنامەی کتێب

پێداچوونەوەیەک بە سەر مێژووی فۆتۆگرافی دا/ نیروان رەزایی | ١٧٤
از رنجی که غصب شد/ نیروان رضایی | ١٨٨

پێداچوونەوەیەک بە سەر مێژووی فۆتۆگرافی دا

بەشی یەکەم

نیروان رەزایی

مرۆڤ لە سەرەتاوە بە شێوەگەلی جوراوجۆر بە شوێن تۆمار کردن و دیتنەوەی واقع و خولیاکانی خۆی دا بووە بە ئامراز و شێوازی جۆراوجۆر. تەنانەت ئەم دیتنەوە و تەداعیانە تا ئەو شوێنە بەربڵاوە کە ئەتوانین بڵێین هەموو ئەو شتانەی کە لە دەور و پشتمان دا هەن خولیا و ویست و داهێنەری و دەستتێوەردانی مرۆڤی لەسەر دیارە.

مێژووناسەکان و کەڤنناسەکان بە دیتنەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر خەت و نەخشەکان، هێما و شێوە کۆنەکانی سەر گابەردەکان و دیواری ئەشکەوت و بینا کەڤەنیەکان بە شوێن دۆزینەوەی ئەو لایەنانە لە بوونەوەری و کلتوور و شارستانیەتی پێشینیان کە تۆمار کراون و بۆ مرۆڤی داهاتوو لێیان بە جێ ماوە.

لە ڕاستی دا ئەمە ئەو ڕەوایەتەیە کە مرۆڤ بە گشتی هەوڵی بۆداوە. تێکۆشان بۆ مانەوە و نەمری. لە هەموو کەرەستە و شێوازێک بەهرەی گرتووە بۆ ئەوەی کە خۆی بەردەوام تۆمار بکات و بە ئەویدی هاوچەرخ و دۆخەکانی ئاینده، بوون و مانای بوونی خۆی بسەلمێنی. دەستی داوەتە هەموو نیشانە و ئاماژە و ئیماژێک. لە سەرێکی دیکەشەوە ئەویدی بەردەوام دەستی داوەتە کەشف و لێکدانەوە و کردنەوەی ڕەمز و کۆدەکانی ئەو نیشانە و ئیماژانە بۆ ئەوەی کە بگاتە حەقیقەتی پاراو و ڕاستەقینە.

بەڵام لە ڕاستی دا هەرگیز حەقیقەتێکی یەکپارچە و تاقانە لە بەر دەستی مرۆڤ دا نەبووە. بەڵکوو حەقیقەت وەک دانەوەیەک بووە لە رووناکی و رەنگی جۆراوجۆر کە لایەنە رەمزاویەکانی بە دەستی ئەویدی فەیلەسووف و مرۆڤی ڕەخنەگر لێک دراوەتەوە و کراوەتەوە. ئەفلاتوون، جیهانی بە ئەشکەوتێک شوبهاندبوو کە مرۆڤ تێیدا دیل کراوە و لەو ئەشکەوتەدا تەنیا کۆمەڵێک سێبەر ئەبینێ لەسەر دیوارەکانی. مرۆڤ، ئەو سێبەرانە بە واقع ئەزانێ و هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ناسینی ئەو سێبەرانەیە. ئەفلاتوون ئەڵێ تەنیا فەیلەسووفەکانن کە ئەزانن ئەو سێبەرانە واقع نین و هێما و نەخشی واقعن.

فۆتۆگرافی جۆرێک لە ڕەنگدانەوەی ئەو سێبەرانەیە کە مرۆڤ ئەیەوێ خۆی پێ تۆمار کات و لە ڕێی دیتنەوەی ئەو سێبەرانەوە خۆی و جیهانی واقعی خۆی بناسێت. گەرچی پێشتر بە ڕەمز و نەخش و شێوەکاری و پەیکەرتاشی و بینای جۆراوجۆر هەوڵی داوە بۆ تۆمارکردن و نیشاندانی ماناکانی ژیانی. بەڵام دواتر ئەگەیینە سەردەمێک کە ئامێریک دادێت بە ناوی کامێرا کە نێزیکترین وێنە لە واقعی مرۆڤ و ژیانی تۆمار ئەکات. هۆی داهێنانی کامێرا و دەسپێکی شەپۆلی فۆتۆگرافی چی بوو؟ چ پێویستیەک بوو کە مرۆڤی هان دا بۆ تۆمارکردنی واقع و خولیاکانی ئامێرێکی ئاوا بخولقێنێ؟ ئەو کەلێن و بۆشاییانە چی بوو کە بووە هۆی ئەوەی فۆتۆگرافی و بە ماوەیەکی کەم دوابەدوای، سینەما وەها شەپۆلێک درووست بکات کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرزتر و بە هێزتر پەرە بستێنێ و ئەمڕۆکە ببێتە بەشێکی ئاسایی و ڕۆژانە و پێویستی مرۆڤی سەردەم.

دەبینین هەموو ڕۆژێک تکنۆلۆژیایێکی نوێ دێتە بازاڕەوە و کامێراگەلێکی جۆراوجۆر بە بەهرە و کەڵک و توانایی گەلێکی سەیر و سەمەر ئەخاتە بەر دەستی هەموو تاقم و بەهرەوەرێک، چ ئەو کەسەی کە بە شێوەی پرۆفشناڵ دەستی داوەتە فۆتۆگرافی و چ ئەو کەسانەی کە بەهرەوەری گشتی و ئاماتۆڕن. تکنۆلۆژیای موبایل و کامێرای سەر موبایلیش لە لایەکی دیکەوە جیهانێکی دیکەی لە ئامێری تۆمار کردنی کات و سات خستووەتە بەر دەستی مرۆڤی سەردەم. وێنە سلفیەکان، قاپی وێنەی پرۆفایلەکان و پەیج و ماڵپەڕ و ئاکانتەکانی ناو دونیای ئینترنێتی ئاخنیوە. ئەمڕۆکە بە مانایێک هیچ ڕووداو و هیچ شتێک نیە کە کامێراکان وێنەی لێ هەڵنەگرن یان لانی کەم کەمتر شتێک و کەمتر ڕووداوێک هەیە کە کامێراکان و فۆتۆگرافەرەکان تۆماریان نەکردبێت و لە چەرخەی واقعی دیتنیان نەخستبێ.

فۆتۆگرافی بووەتە چاوێکی هەمیشە باز لە سەر هەموو مرۆڤ و هەموو جیهان. هەر ئەم چاودێری و چرکەی بەردەوامەی فۆتۆگرافر و کامێراکانە کە چۆنیەتی دیل بوونی مرۆڤی سەردەمی لەو ئەشکەوتەی ئەفلاتوون دا گۆڕیوە. ئیتر دیتنی سێبەری قەد

دیواری ئەشکەوتەکان ئەوەندە یەک لایەنە و بەرتەسک نیە. ئیتر دەسەڵات و دام و دەزگا چاودێریەکانیش وەک پێشوو توانای شاردنەوە و قەپات کردنی هەموو ئەو بەشانە لە واقعیان نیە کە نایانهەوێ شارۆمەند و بەردەنگ بیبینێ. کەمتر شتێک لە دونیای ئەمڕۆدا هەیە کە لە ئیزۆری کامێراکانەوە بشاردرێتەوە. تەنانەت بە جۆرێک تاریف و مانای مێدیاش گۆڕدراوە. هەر کامێرا و لەوە گرنگتر هەر کامێرای موبایلێک خۆی یەک مێدیای سەربەخۆیە. بە پاڵپشتی ئینترنێتەوە هیچ ڕووداوێک توانای شاردنەوەی خۆی لە چاوی مرۆڤی ئەم سەردەمەی نیە. یەک چرکەی کامێرا، کلیکێک لە سەر فایلی ئاپلەود و چوونە ناو تۆڕە ئینترنەتیەکانەوە. هەر ئەوەندەی پێویستە تاکوو هەموو دونیا کۆبانی بناسێت و ببێتە پاڵپشتی. هەر ئەوەندی پێویستە تاکوو وێنەی بێ خانوومانە لە گۆڕ خەوتووەکانی گۆڕستانی نەسیرئاوای شاریار نێزیک تاران ببێتە گرنگترین ڕووداوی ڕۆژ و کەسانێکی زۆر تەنانەت سەرۆک کۆماری وڵات هەڵوێستی لەسەر بگرن. بەم جۆرە، فۆتۆگرافی بە هەموو لایەن و شێوازە جۆراوجۆرەکانی، دونیای ئێمەی گەمارۆ داوە و بوونی هەم ئاماژەیە بە ڕەهایی و هەمیش ئاماژەیە بە مەترسی. مەترسی لەوەی کە دام و دەزگا ئەمنیەکان و دەسەڵاتە چاودێریەکانیش بە تایبەت لە سیستمە تۆتالیترەکاندا توانای بەهرە گرتن لەم ئامێرەیان هەیە و بۆ چاودێری زیاتر و وردتر بە سەر هەموو لایەنەکانی هەڵسووکەوتی کۆمەڵگا دا وێنە و فیلم تۆمار ئەکەن. لێرەدایە کە لەگەڵ تکنۆلۆژیا و ئامێرێک بەرەوڕوو ئەبینەوە کە داعش هەر بەو سیستمە ئەبێتە هۆی ترس و وەحشەت لە دونیا دا و لەو سەرەوە وێنە و فیلمی شەڕڤانانی کۆبانی ئەبێتە نیشانە و ئیماژێک لە ڕەهایی و تێکشکانی سێبەری وەحشەت.

کە واتە بەشێکی گرنگ لە واقع و خولیای مرۆڤی ئەمڕۆ تێکەڵ بەو وێنانەیە کە بەردەوام تۆمار و بڵاوی ئەکاتەوە و هاوکات خۆی و ئەویدی چاوی لێ ئەکەن. بەشێکی گرنگ لە ناوەڕۆکی مێدیای فۆتۆگرافی شەڕی چاو ترسان و ئۆقرە گرتنی چاو و چاو خەسانە. چاو خەسان، ئەو ڕووداوە پێشبینی نەکراوەیە کە ڕەنگە بە هاشاوڵ و سەرڕێژ بوون و چەنبارە دیتنەوەی کارەساتەکان ئیتر بینەر نەهەژێنێ و چاو و هەستی بخەسێنێ. ئەمەش بەشێکی دیکەیە لە خەسارەکانی فۆتۆگرافی بەرانبەر بە ڕووداوە کارەساتاویەکان کە ئەویدی و بەردەنگ تووشی جۆرێک لە دژداماوی بکات بۆ هەڵسووکەوتێکی ئەکتیڤ و بزوێنەر. ئەمڕۆکە، فۆتۆگرافی، بێ ئەمان لە زاوزێ و زۆربوونی بەردەوام دایە. ڕۆژانە میلیۆنەها وێنە و فۆتۆ لە تۆڕە ئینتەرنەتیەکان دا بڵاو ئەبێتەوە. ئیتر جێی فۆتۆکان لە نێو ئەلبۆم و پاکەتی نامەکان بە نوسراوەی پشتیانەوە نیە. ئەمە ئەو سەرسامەیە کە ڕەنگە چاو بخەسێنێ لە هەمبەر لایەنی ڕاچڵەکێنەری ئەو بەرهەمە دیداریە. چ لە ڕوانگەی جوانی ناسیەوە وەک وێنەی دیمەنیک کە بە هەزاران و ملوێنەها لێی هەڵگیراوە و دیتراوە (وەک سرووشتی هەورامان یان بورجی ئیڤڵ لە پاریس یان پەیکەرەی ئازادی لە وڵاتە یەکگرتووەکان) چ لە ڕوانگەی دڵتەزێنی و وەحشەت و خەم و ڕقەوە (وەک تەقینەوە و کوشتن و سەربڕین و ئاوارەیی لە ئێراق و سوریا و برسیەتی و ڕەشەمەرگی لە ئەفریقا). مۆدەکان، سلفیە لەیەک چووەکان، فۆتۆی نێو ئاتۆلیەکان و ستۆدیۆکان و هتد. هەموو ئەمانە، بەرەوڕووی ئەو زاوزێ بێ ئەمان و بەرهەم هێنانی کاڵا دیتنیەمان ئەکاتەوە. هەم لە لایەکەوە چاوی مرۆڤی بەرەو هیلاکی و لێڵی و خەسان بردووە هەمیش کاری فۆتۆگرافری تا ئەو ڕادەیە دژوار کردووە کە ئەبێ جۆرێک لە وێنە تۆمار کات کە ئەو چاوە هیلاک و سەرڕێژ بووانە لە هێرشی وێنەی جۆراوجۆر ڕاچڵەکێنێ. ڕەنگە ئەمە قەیرانێکی زووڕەس بێ بۆ فۆتۆگرافی کە لە سێهەمین سەدەی تەمەنی خۆی دا بە سەر ئەبات.

کۆمەڵێک پرسیار دێتە ئاراوە: فۆتۆگرافی بۆ چ مەبەستێک سەری هەڵدا؟ فۆتۆگرافی لە نێوان هونەر و زانست و پیشەسازی دا چی بە سەر هاتووە؟ مێدیای فۆتۆگرافی چی بە سەر دونیای مرۆڤ دا هێناوە؟ مرۆڤ، بۆ بە زیاترین هێزیەوە تێکەڵ بە ئامێری کامێرا بووە؟ وە ئێستاکە بەو بوون و هێرشە هەموو لایەنەیەوە بەرەو چ داهاتوویەک ئەچێ؟

> بە پاڵپشتی ئینترنێتەوە هیچ ڕووداوێک توانای شاردنەوەی خۆی لە چاوی مرۆڤی ئەم سەردەمەی نیە. یەک چرکەی کامێرا، کلیکێک لە سەر فایلی ئاپلەود و چوونە ناو تۆڕە ئینترنەتیەکانەوە. هەر ئەوەندەی پێویستە تاکوو هەموو دونیا کۆبانی بناسێت و ببێتە پاڵپشتی. هەر ئەوەندی پێویستە تاکوو وێنەی بێ خانوومانە لە گۆڕ خەوتووەکانی گۆڕستانی نەسیرئاوای شاریار نێزیک تاران ببێتە گرنگترین ڕووداوی ڕۆژ و کەسانێکی زۆر تەنانەت سەرۆک کۆماری وڵات هەڵوێستی لەسەر بگرن.

بۆ گەڕان بە دوای وڵامی ئەو پرسیارە گشتیانە و سەدان پرسیاری دیکە پێویستە پێداچوونەوەیەک بکەین بە سەر مێژووی فۆتۆگرافی دا تاکوو بزانین چی بە سەر هاتووە و چ قۆناغ گەل و سەردەمانێکی تێپەڕاندووە تا گەیشتووەتە ئەمڕۆ.

بەرژەنگی فۆتۆگرافی:

لە ڕاستی دا کاتێکی تایبەت و مسۆگەر بۆ داهێنانی کامێرا و دەسپێکی فۆتۆگرافی بەدەستەوە نادرێت. لە درێژەی مێژوو دا کۆمەڵێک ئەندێشە و بیرکردنەوە لە سەر تۆمارکردن بەم شێوەیە هەبووە و لە دوایی دا کامێرای لێ کەوتووەتەوە. ئەرەستوو و ئەقلیدس لە سەدەی چوار و پێنجی پێش مەسیح ئاماژەیان بە ئامێرێ کردووە وەک کامێراییێک ناسیاو بە کونە دەرزی. لە یونانی ئەو کات دا باوەڕێک هەبووە لە سەر ئەم بنەمایە کە ڕووناکی لە چاوەوە تیشک ئەخاتە سەر شتەکان و دونیای دەرەوە و هەڵگەڕانەوەی تیشک بۆ چاو ئەبێتە هۆی دیتن. ئەرەستوو و ئەقلیدس دژ بەو

باوەڕە بوون و لە پشت ئامێرێک وەک کامێرای کونەدەرزی، پەڕەیەکی بێ بریقەیان دائەنا تاکوو وێنەیەک کە ئەکەوتە سەر پەڕەکە بە چاو ببینن.
پێش ئەوەی کە فۆتۆ (بە مانا ڕاستەقینەکەی) بێتە ئاراوە، هێما و وێنەگەلێکی ڕاست و دەقیق لە جیهانی دەرەوە هەبووە. بەشێک لەو کەرەستە و چەمکانە کە لە دوایی دا بۆ فۆتۆگرافی هاتە ئاراوە پێشتر بەکار هێنراوە. بۆ نموونە "ژووری تاریک" (Camera Obscura) لە دەورانی ڕینسانس دا بە کار هێراوە و دواتر "ژووری ڕووناک"یش (Camera Lucida) هەبووە. گەرچی یەکەم شرۆڤە و نووسراوە لە سەر ئەم بابەتە "جادوی سروشتی" (Natural magic) لە ژیوانی باتیستا دێلاپۆرتا (Giovanini Battista della porta) لە ساڵی ۱۵۵۷ بە حسێب دێت بەڵام لە ڕاستی دا پێشتر لیوناردۆ داڤینچی، پلانی گشتی بیرۆکەیەک لە سەر فۆتۆگرافی داڕشتووە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە "ژووری تاریک" (Camera Obscura) و کۆکردنەوەی ڕووناکی لە کونێکەوە و بەو شێوە هەڵگەڕاندنەوەی سەرەونخوونی وێنە لە سەر دیوار بوو بە شێوازێک بۆ یارمەتی دان بە ڕەسم کێشان و تەرڕاحەکانی ئەو کات کە بتوانن ڕێکترین و ڕاسترین ڕەسم بکێشن نێزیک لەو واقعە کە ئەیانهەوێ بینوێنن و بیخولقێنن.
فرانسوا تیڤان دێلارۆش (Francois Tiphaigne de la Roche) نووسەری فەرەنسی لە ساڵی ۱۷۶۰ لە چیرۆکێک بە ناوی "ژیڤانت" (Giphante) باس لە تۆمار کردنی وێنە ئەکات کاتێک گێڕەوەری چیرۆکەکەی خەریکی تەماشای دیمەنێکە لەوەی کە وێنەیەک بتوانێ وەها وەهمێک درووس بکات سەری سوور ئەمێنێت. "وەهم" وشەیەکی بە جێیە. لەگەڵ خۆی دا هەڵگری ئەو مانا سیحراوییەیە کە لە فۆتۆگرافی دا ڕوو ئەدات. جۆرێک لە کیمیاگەری و موکاشفە. کاتێک ڕووناکی و بکەری کیمیاوی پێکەوە وێنەیەک ساز دەکەن ئەو داهێنانە سیحرئامێزە ڕووئەدات.
ئەو کەسەی کە بۆ یەکەم جار وشەی فۆتۆگرافی (Photography) بە کار هێنا سێر ژان فردریک ڤیلیام هێرشێل (Sir John Frederick William Herschel ۱۷۹۲-۱۸۷۱) زانستمەند، ڕیازی زان، ئەستێرە ناس، کیمیازان و فۆتۆگرافری بریتانیایی بوو.
فۆتۆگرافی (Photography) لە دوو وشەی یونانی (photo) بە مانای ڕووناکی و (graphing) بە مانای تۆمارکردن درووست بووە و بریتیە لە تۆمارکردنی وێنە لە سەرمادەی هەستۆک بە یارمەتی ڕووناکی و تیشک هاویشتن. بەڵام دواتر ئەم ڕەوت و شێوازی تۆمار کردنە گەلێک ئاڵووگۆڕی بەسەردا هات.
لە ساڵی ۱۸۰۲، لە بریتانیا چەن هەوڵێک لە لایەن کەسانێک وەک تامز وێج ڤوود (Thomas Wedgwood) و سێر هۆمفری دێیڤی (Sir Humphry Davy) ئەدرێت. کاغەزێکی سپی تێوەردراو لە گیراوەیەکی نیتراتی زیویان بە کار هێنا بۆ تۆمارکردنی وێنەی شتانێکی چکۆلە. بەڵام دیسان ئەو وێنانەش بەردەوام نەبوون و دوای ماوەیەکی کورت لەناو ئەچوون.
کەسێ کە توانی یەکەم وێنەی فۆتۆگرافی تۆمار بکات "ژوزێف نیسفۆر نیپس"ی (Joseph Nicephore Niepce) فەرەنسی (۱۷۶۵-۱۸۳۳) بوو. وێنەیەکە لە دیمەنێک کە لە پشت پەنجەرەی ژووری ژێر شیروانی ماڵەکەی لە ساڵی ۱۸۲۶ دا لە دوای ۸ کاتژمێر ڕووناکی دەیی بە دەست هاتووە. ئەم وێنەیە بە "تۆماری هەتاوی" یان هێلیوگرافی (Heliograghy) ناوبانگ کرا و وەک یەکەم فۆتۆ وەرگیراوە. وێڕای لێڵ و ناڕوون بوونی، جێگە و پێگەی تایبەت بە خۆی ڕاگرتووە. لە ڕاستی دا ئەو فۆتۆیە، ئەگەرچی بە پێوانەی ئەمڕۆیی لە باری هونەری و بایەخی فۆتۆگرافیەوە وێنەیەکی لاوازە بەڵام هەڵگری نرخێکی مێژووییە و وەک بەرهەمێکی کەڤنی چاوی لێ ئەکرێت.
نیپس بەوە ڕازی نابێت و هەوڵ ئەدات لەگەڵ کەسێکی فەرەنسی دیکە بە ناوی لویی ژاک ماندە داگر (Louis Jacques Mande Daguerre) (۱۷۸۷-۱۸۵۱) کە لە پاریس هۆڵی دیوراما (diorama)ی هەبوو هاوکاری کات. داگر حەزێکی زۆری لە دیوراما و پانوراما (Panorama) و تۆمارکردنی دیمەنی شاری و بەرژەوندەکان بوو. ئەگەرچی نیپس لە ساڵی ۱۸۳۳ دا کۆتایی بە ژیانی دێت بەڵام داگر تا ساڵی ۱۸۳۹ باس لە شێوە نوێکەی لە فۆتۆگرافی دا واتە "داگرۆتایپ" (daguerreotype) ناکات و بێدەنگی لێ دێنێت.
نیپس، هێلیوگرافی (Heliograghy) ئاوا ئەناسێنێ: بەرهەم هاتنەوەی دووبارەیی خۆگەڕی کاردانەوەی ڕووناکی، وێنەیەک بە تۆنالیتەگەلی چەن لایەنە لە سپیەوە تاکوو ڕەش و بەرهەمی ژووری تاریک. هەر ئەو وەسفەی کە داگر بۆ داگرۆتایپ بە کاری هێنا و وتی: "داگرۆتایپ" (daguerreotype)، بەرهەم هاتنەوەی دووبارەیی خۆگەڕی وێنەیەکە لە سرووشت کە ئەگاتە ژووری تاریک. لەوە بەولا بەسەرهاتێکی کیمیایی و فیزیکی ئیزن بە سرووشت ئەدات کە خۆی دووبارە بەرهەم بێنێتەوە و دەقاودەق خۆی تۆمار کات.
هەر ئەوکات حەوتەنامەی La Gazette de France ڕایئەگەیێنێت کە ئەم داهێنانە (واتە فۆتۆگرافی) تا ئەو ڕادە گرنگە کە هەموو بیرۆکە زانستیەکانی پێش خۆی دەربارەی ڕووناکی و ئامێرە ڕووناکیەکانی تێکشێواندووە و شۆڕشێک لە شێوەکاری بەدی دێنێ.
تەنیا شتێک کە مابووەوە مانەوە و بەقای ئەو وێنانە بوو کە تۆمار ئەکران. داگر، وێنەیەکی نەمر و بەردەوامی خولقاندبوو، وێنەیەک کە ئەیتوانی لە بوون و واقعی شتەکان بخولقێ و تۆمار بکرێ و بمێنێتەوە و لە ناو نەچێ. بێ هۆ نیە کە پۆل دێلارۆشی (Paul Delaroche) شێوەکاری ئاکادێمیکی فەرەنسی بە خەمباریەوە ئەڵێ: "لەمڕۆوە، شێوەکاری مردووە"

درێژەی هەیە ...

ئەشکەوتی ئەفلاتوونی (Plato’s Cave):

ئەفلاتوون ئەڵێ بیر لە ئەشکەوتێ بکەنەوە کە دەرگاکەی روو لە رووناکیە. لەم ئەشکەوتەدا کۆمەڵێک کەسیان لە منداڵیەوە روو لە دیوار و پشت لە دەرگای ئەشکەوتەکە دیل کردووە و وەها بەستراونەتەوە کە تەنیا ناچارن بەرانبەر خۆیان ببینن و هیچ کات چاویان بە تیشکی خۆر نەکەوتووە. لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە لە دوورەوە ئاگرێک هەڵکراوە کە تیشکی تا ناو ئەشکەوتە ئەگات. لە نێوان زیندانیەکان و ئاگرەکەدا رێگەیەک هەیە و لە سەر ئەو رێگەدا دیوارێکی نزم. لە سەر ئەو رێگە و ئەو دیوارە کۆمەڵێک مرۆڤ و ئاژەڵ لە هاتوچۆدان و شتانێکیش لەگەڵ خۆیان دێن و دەبەن. بەجۆرێک کە هەموو ئەو شتانە لە سەر دیوارەکەوە دیارە و کەسانێکیش لە گفت و گۆدان. زیندانیەکان ناتوانن یەکتر و شتەکانی پشتە سەریان ببینن بەڵام سێبەری خۆیان و ئەو شتانەی کە لە پشتەسەریان دا هەن ئەبینن. ئەوان تەنیا سێبەر ئەبینن و پێیان وایە ئەو دەنگانەش کە ئەیبیستن دەنگی گفتوگۆی ئەو سێبەرانەیە.



ژووری تاریک (Camera Ob-scura):

لە راستی دا ژووری تاریک بوو بە هۆی سەرهەڵدانی فۆتۆگرافی و داهێنانی کامێرا. ژووری تاریک، ژوورێک بوو بە بێ هیچ پەنجەرەیەک و لە هیچ شوێنێکەوە رووناکی تێ نەدەهات مەگەر لە کونێکەوە کە لە سەر یەکێک لە دیوارەکاندا کرا بوو. وێنەکان یان دیمەنەکانی دەرەوەی ژوور و دوور لە دیوار بەرانبەر بە کونەکە، سەرونخوون ئەکەوتنە سەر دیواری رووبەڕووی. نیگارکێشەکانیش جاروبار لەم شێوازە بۆ سەرمەشقی رەسمەکانیان کەڵکیان وەردەگرت.

دواتر ئەم ژوورە تاریکە چکۆلەتر کرایەوە و بووە کامێرا. لە کامێرا دا بەرانبەر کونەکە مادەی هەستۆک بە رووناکیان دانا تاکوو دانەوەی وێنەی دیمەنەکە تۆمار بکرێ. لە درێژە دا لە جێی کونەکە، لێنزیان دانا. مادە هەستۆکەکان بە رووناکی، بوونە فیلمگەلی فۆتۆگرافی کە بە جۆرەکانی رەش و سپی و رەنگی (نگاتیف) و ئیسلاید (پۆزتیف) درووس کران. نگاتیڤەکان لە لابراتوار ئەبوونە فۆتۆ. سەرتا لە ئاموونیۆمی دیکرۆمات لە جێی مادە هەستۆکەکان بەهرە وەرئەگیرا بەڵام لە دوایی دا گۆڕدرایە سەر نیتراتی زیو. ئەم رەوتە درێژەی پێ درا تاکوو بە داهێنانی کامێرا دیجیتاڵەکان لە سێنسۆری هەستۆک بە رووناکی لە جێی فیلم دانرا بەڵام فیلمگەلی کامێرا بەردەوام کەڵکیان ما و بە کار دەهێنرێن.

ژووری رووناک (Camera Lucida)

ئامێرێکی رەسم کێشان بووە کە ڤیلیام هاید والستۆنی بریتانیایی لە ساڵی ١٨٠٧ بە کاری دەهێنی. لەم شێوازە دا کاغەزی ڕەسم کێشان، ساف و هاوڕێکی زەوین دائەنرا و لە سەروەی مەنشوورێکی شووشەیی بە شیشێکی برنجی لە رێکی چاودا ئەوەستا. نیگارکێش بە چاو لێکردن لە کونی سەر لێواری مەنشوورەکەوە هاوکات هەم بابەتەکەی ئەدیت و هەمیش کاغەزی رەسمەکە، بە جۆرێک کە وا دیاربوو بابەتەکە لە سەر کاغەزەکەدایە. لە راستی دا قەڵەمی نیگارکێش بە یارمەتی وێنە حەقیقیەکە رێنوێنی ئەکرا. گەرچی ئەم ئامێرە دژواریگەلێکیشی هەبوو، لەبەر ئەوەی کە تیشکی مەنشوورەکە لە نیگای رەسمکێشەکە ون نەبێ ئەبوا چاو بەردەوام بە بێ هێچ جووڵەیەک بڕوانێ.



تۆماز ویج ڤوود
(Thomas Wedgwood) (١٧٧١-١٨٠٥)



سێر ژان فردریک ڤیلیام هێرشێل (Sir John Frederick William Herschel) **(١٧٩٢-١٨٧١)**
ئەم فۆتۆیە لە ساڵی ١٨٦٧، بە کامێرای ژولیا مارگارێت کامێرۆن (Julia Margaret Cameron) (١٨١٥-١٨٧٩) فۆتۆگرافری هێندی بریتانیایی و یەکێک لە بەناوبانگترین فۆتۆگرافرەکانی پۆرترە لە بریتانیای سەدەی ١٩ گیراوە.

سێر هۆمفری دێیڤی
(١٨٢٩ -١٧٧٨)(Sir Humphry Davy)

ژۆزێف نیسفۆر نیپس
(١٨٣٣-١٧٦٥) (Joseph Nicephore Niepce)

بە ڕەوایەتێک، ئەم وێنە بە یەکەم فۆتۆی مێژوو ناسراوە کە نیپسی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٢٦ دا تۆماری کردووە.

یەکەم وێنەی فۆتۆگرافی دیمەن لە مێژوو دا ناسیاو بە "گەوڕ و کۆترخانە" کە لە ساڵی ١٨٢٦ بە دەستی نیپس تۆمارکراوە

وێنەیەک لە بولواری پەرستشگەی دیبو لە پاریس کە داگر لە ساڵی ١٨٣٨ دا بە شێوەی داگرۆتایپ تۆماری کردووە. ئەم وێنەیە، یەکەم دیمەنی شارە لە مێژوودا. ئەم بولوارە، شوێنێکی قەرەباڵخ بووە بەڵام بە هۆی درێژ بوونی کاتی ڕووناکی دان بە فۆتۆکە قەرەباڵخیەکە تۆمار نەکراوە و تەنیا لە گۆشەی خوارەوەی وێنەکەدا کەسێک ئەبینین کە ڕەنگە خەریکی بۆیاخ کردنی چەکمەکانیەتی.

لویی ژاک مانده داگر
(Louis Jacques Mande Daguerre)
(١٨٥١-١٧٨٧)

پۆل دێلارۆشی
(Paul Delaroche) (١٨٥٦-١٧٩٧)

کۆشکی پاشایەتی لە پاریس، داگر لە ساڵی ١٨٣٩ دا تۆماری کردووە.

وێرانەکانی هالیروود چەپێل (Holyrood Chapel)، داگر لە ساڵی ١٨٢٤ دا تۆماری کردووە.

فۆتۆیەکی دیکە لە داگر بە ناوی ژیان لە ستۆدیۆ دا کە ساڵی ١٨٣٧دا تۆماری کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

فۆتۆگرافەرەکان
ژمارە (١)

ژولیا مارگاریت کامێرۆن (Julia Margaret Cameron) لە ساڵی ١٨١٥ لە کەلکەتەی هیندستان لە دایک بووە. کامێرۆن بە بۆنەی پۆرترەگەلێکەوە کە لە کەسایەتیە بەناو بانگەکان تۆماری کردووە ناسراوە و بە بۆنەی شێوازی ئەفسانەیی و وەهم ئامێزی تایبەت بە خۆی لە وێنەکانی دا کاریگەرییەکی گرنگ و بەرچاوی لە سەر فۆتۆگرافی مۆدێرن و فۆتۆگرافەرەکانی دوای خۆی هەبووە. بەتایبەت لە شێوازی کلۆزئاپ و برشت لێدانی روخسار کە ئەمرۆکە یەکێک لە گرنگترین شێوازەکان لە فۆتۆگرافی روخسار یان پۆرترە دایە.

تەمەنی فۆتۆگرافری کامێرۆن بەو بۆنەوە کە لە ٤٨ ساڵان دا دەستی دایە کامێرا، زۆر کورت بوو. لە ١٨٦٤ تا ١٨٧٥ بە ماوەی ١١ ساڵ. بەڵام هەر لەم ماوە کورتەدا وێنەگەلێکی تۆمار کردووە کە بۆ هەمیشە وەک بەرهەمگەلێکی بە نرخ دەمێننەوە.

کامێرۆن زۆر بە هەڵکەوت فۆتۆگرافی دەست پێ کرد. ژولیا ژنی ئەرباب بوو و هەموو ژیانی تا ئەو کاتە خەریک بە ماڵداری و چاودێری بە سەر نۆکەر و کڵفەتەکانی دا بوو. ساڵی ١٨٦٣، کچەکەی بەدیاری کامێرایێکی پێ ئەدات تا کاتە تەنیاییەکانی خۆی سەرقاڵی فۆتۆگرافی کات. لە ماوەی چەن مانگ دا وەها بە کامێرا و حەزی فۆتۆگرافی نیزیک ئەبێتەوە کە کاتێکی زۆری خۆی بۆ تەرخان ئەکات و فێری ئەبێت. یەکەم وێنەی لە کچێکی نۆ ساڵە تۆمار ئەکات کە لە کاتی هەڵگرتنی فۆتۆکە تا کوو لە چاپ دانی حەوت کاتژمێر ئەخایەنێ. ئەم حەوت کاتژمێرە ژولیا ئەباتە نێو دونیای پرۆفشناڵی فۆتۆگرافیەوە و لە ماوەی دە ساڵ دا ئەبێتە یەکێک لە بەناوبانگترین فۆتۆگرافەرەکانی پۆرترەی دونیا لە سەدەی نۆزدە دا.

ژولیا گەرچی خۆی تێکۆشان و حەزی زۆری هەبوو بەڵام یەکێک لەو رووداوانەی کە بووە هۆی ناوبانگ و پەرە پێدان بە هونەرەکەی دیدار و ئاشنا بوونی لەگەڵ لورد تنیسۆن، شاعیری دەرباری مەلەکە ڤیکتۆریا بوو. تنیسۆن بە زوویی لە بەر کامێراکەی ژولیا دا ئەمادە بوو و بە دوای خۆی دا زۆر کەسی دیکەشی رازی کرد کە کامێرۆن وێنەیان لێ هەڵگرێ.

لە هەموو وێنەکانی ژولیا دا جووڵەیەک هەیە کە بەشگەڵێ لە وێنەکەی لێڵ کردووە. روون نیە ژولیا ئەمەی بە ئەنقەست کردووە یان بە هەڵکەوت بووە و لە رووی ناشارەزاییەوە. بەڵام هەر ئەم رووداوە لە وێنەکانی دا بووە بە جۆرێک لە تایبەتمەندی و جیاوازی کردووە. ژولیا لە زۆربەی وێنەکانی دا دیزاینی خۆی تێکەڵ بە فەزا کردووە و خۆی مۆدێل و جۆری دانیشتن و تەنانەت حاڵاتی قژ و دەم و چاوی کەسەکانی دەسنیشان ئەکرد (بۆ نموونە کاتی وێنە هەڵگرتن لە هێرشێل، پێی ئەڵێ قژی بشوات و پەرێشانی کات.) رەنگە ئەمە بگەرێتەوە بۆ حەزی کامێرۆن لە شێوەکارانی پێش رافاییل. یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی کامێرۆن لەگەڵ ئەو جۆرە شێوەکاریەدا دیزاینی فەزا و کاراکترە.

بەڵام هەڵەکانی کامێرۆن، بینەر ئەباتە نێو ستۆدیۆکەیەوە. لەو وێنانەدا کە لە دوو منداڵی هەڵگرتووە و نێوی "پۆل و ڤیرجینیا"یە هەر وێنەیەک دیمەنێک لە فەزای پشت کامێرا و دیزاینی ژولیا بە بینەر ئەدات. لە یەکێکی دا دەستی هاوکارێکی دەبینین کە پەرۆیەکی رەشی بە دەستەوەیە. لە وێنەیەکی دیکەدا لە پێی پۆل رازی نەبووە و بە تایبەتی لە وێنەکەدا لێی تاشیوە و چکۆلەتری کردووەتەوە. ئەم هەڵسوکەوتە باز و بوێرانە، کامێرۆنی زۆر پێشکەوتووتر لە کاتی خۆی نیشان داوە و تەنانەت وەک هونەرمەندێکی پۆست مۆدێرن چاوی لێ ئەکرێ.

پۆرترەی ژولیا کامێرۆن
کە چارلزی مێردی لێی تۆمار کردووە ١٨٧٠



هاوسەری ژولیا، چارلز کامێرۆن، ١٨٦٤

هنری تابی پرینسێپ (Henry Thoby Prinsep)
مێژوونووس و سیاسەتمەداری هێندی بریتانیایی ۱۸۶۶

سێر ژان هێرشێل (Sir John Herschel) زانستمەند،
ریازی زان، ئەستێرە ناس، کیمیازان و فۆتۆگرافری بریتانیایی
.۱۸۶۷

دیزاین و فۆتۆگرافی لە داوود بە ئەکتەری هێنری تایلۆر
(Sir Henry Taylor) شاعیر و شانۆنامە نووسی بریتانی،
۱۸۶۶

ئالفرێد لۆرد تنیسۆن (Alfred Lord Tennyson)
شاعیری دەرباری مەلەکە ڤیکتۆریا ۱۸۶۹

وێنەیەک کە ژولیا ئەم ناوەی لێناوە "ئانی، یەکەم سەرکەوتنی من" یەکەم فۆتۆیەک کە پێی ڕازی بوو لەم کچە بوو ١٨٦٤

دیزاین و فۆتۆگرافی وێنەیەک بە ناوی "دووری لانسلۆت و مەلەکە" (Parting of Sir Lancelot and Queen Guinevere) ١٨٧٤

هەواڵنامەی کتێب

ئەلێن تری (Dame Ellen Terry) ئەکتەری بریتانی لە سەر شانۆی شکسپیر ١٨٦٤

ژولیا ئستیڤن، خۆشکەزای ژولیا مارگرێت و دایکی ڤیرژینیا ڤۆلف، ڕۆمان نووس و فمنیستی بریتانیایی ١٨٦٩



چارلز دارڤین ١٨٦٨

ئالیس ١٨٧٠

فریشتەیەک لە ناو گۆڕستان ١٨٦٩

کریستیانا فریزێر ١٨٦٥

هەواڵنامەی کتێب

هاودڵی ١٨٦٥

سێبەری خاچ ١٨٦٥

منداڵەکان، ئاو، دووبارە ١٨٦٤

دیمەنێ لە ژنێک ١٨٦٥

ژنێک لە ئەکتەری جادووگەر ١٨٦٥

سێ مریەم ١٨٦٤

هێنری تێیلۆر ١٨٦٧

هەواڵنامەی کتێب

ڤیلیام گیفۆرد پالگریف ١٨٦٨

سنوور ١٨٧٠

کچی لاوی دەستەو دۆعا ١٨٦٦

پاول و ڤیرجینیا ١٨٦٤



از رنجی که غصب شد

مروری بر مجموعه عکس «زنده در گور» و چند اشاره ی دیگر

نیروان رضایی

هنر هیجان انگیز یا رهایی بخش؟

اینطور به نظر می رسد که در ساده‌ترین تکانه های منجر به خلق اثر هنری، مجموعه‌ای از کیفیت‌های احساسی و هیجانی (همچون شادی، اندوه، خشم، ترس، حیرت و ...) دخیل است که هنرمند را با وضعی فردی یا اجتماعی درگیر می‌کند و به تامل، واکنش و آفرینشش وا می‌دارد. کیفیات و شکل بروز این حالات به متغیرهای تاریخ و جغرافیای فردی و اجتماعی و حیاتِ زیسته و چند و چون های دنیایی بسته است که خالق در آن پرورش پیدا کرده یا در آن روزگار می گذراند. برای هر کدام از این حالات نمونه های فراوانی به اندازه‌ی پیشینه‌ی حضور هنر در حیات بشر می توان مثال زد کما اینکه فراوان کتاب ها و مقالات و یادداشت هایی در تحلیل سبک و سیاق و کیفیات این تولیدات هنری نوشته شده و در دسترس است. آثاری که هر کدام به شکلی از اشکال اثرات خود را بر زندگی و باورهای مخاطبان خود گذاشته‌اند. نقطه‌ی توقف و تمرکز در این نوشتار، همینجاست، بر روی عنصرِ «اثرگذاری» و نوع آن.

آیا کارکرد و اثرگذاری هنر و عمل هنرمند، فقط محدود به تحریک و انگیزش مخاطب است یا فراتر از آن به نوع، موضوع و کارکرد برانگیختگی هم مربوط بوده در واقع هنری آفریده شود که با نمایش و بازآفرینی امر واقع، به روشنگریِ منجر به رهایی دست بزند؟

هنر_ رسانه

چندی پیش، تعدادی عکس در روزنامه ها و خبرگزاری ها و شبکه های اجتماعی دست به دست شد. عکس ها نشان می داد که عده ای بی خانمان در گورستانی در گورهای آماده زندگی می کنند. از همان ابتدا به «گورخواب ها» معروف شدند. این عکس ها و واقعه‌ای که رخ داد عکس العمل های فراوانی به دنبال داشت که در ادامه به آن خواهیم پرداخت اما پیش از آن می خواهیم بدانیم چرا چند فریم عکس، منجر به چنین موج و انگیزشی شد. و در نهایت، حاصل این موج و انگیزش چه بود؟

رولان بارت می گوید: هر عکس خبری، یک پیام است و این پیام در کل، از یک منبعِ ارسال، یک مجرای انتقال و یک مرکز دریافت تشکیل شده است. منبع ارسال در تعریف کلاسیک رسانه، هیات تحریریه و چیدمانی از کارکنان و سیاست گذاران روزنامه و بنگاه خبررسانی را تشکیل می دهد. عکاس، عکسی تهیه می کند و در اختیار سرویس عکس می گذارد. بسته به درجه‌ی اهمیت عکس در مورد نحوه‌ی انعکاس و نمایش آن در مجرای انتقال (روزنامه یا خبرگزاری) توسط همان سرویس و در صورت نیاز، شورای تحریریه تصمیم گیری خواهد شد. در واقع، منبع ارسال همان تحریریه‌ی روزنامه است که تعدادی در آن عکس می گیرند، تعدادی عکس ها را انتخاب و ویرایش می کنند و در نهایت عده ای بر آن عنوان یا شرحی می نویسند. مرکز دریافت، مخاطب و مردمی هستند که روزنامه را می خوانند.

در تعریف بارت، مخاطب در مواجه با یک عکس خبری، با دو زبان مواجه است. یکی زبان نوشتار، که شرح و عنوان عکس است و اطلاعاتی را درباره‌ی چرایی، چگونگی، چه چیزی، چه کسی، کجا و در چه زمان اعلام می کند. و دوم زبان عکس که خود به خود زبانی مستقل و خبررسان است. اما واقعیت این است که زبان عکس، تقلیل گراست. عکس می خواهد پیامی در مورد آنچه رخ داده یا همان واقعیت برابر با اصل را به ما انتقال دهد اما بی شک، در گذر رخداد به تصویرِ آن، تقلیلی صورت می گیرد: تقلیلی در ابعاد و اندازه ها، در زاویه‌ی دید و رنگ ها. مخاطب در مواجهه با این تصویر تقلیل یافته چه کار می تواند بکند؟ بخشی از این تقلیل یافتگی با شرح و عنوان عکس جبران می شود و بخشی دیگر را با تحلیل نشانه ها می تواند دریافت اما همچنان تصویری برش خورده و تقلیل یافته باقی خواهد ماند.

مروری بر عکس و خبر گورخواب ها

روزنامه‌ی شهروند در شماره‌ی روز سه شنبه، هفتم دی ماه ۱۳۹۵ زیر عنوانِ «گزارش ویژه‌ی شهروند از گورخواب های نصیرآباد» چنینَ تیتر می زند: «زندگی در گور» و در سوتیتر می نویسد: «۵۰ زن، مرد و کودک، شب ها در گور می خوابند. در هر گور یک تا چهار نفر زندگی می کنند» و سپس ذیل این اطلاعات، گزارشی میدانی روایت می شود به همراه عکس هایی مربوط به گزارش.

در مدت کوتاهی، محتوای این گزارش تبدیل به خبر داغ رسانه ها و شبکه های اجتماعی می شود. سیل عظیم پیام ها، استاتوس ها، کامنت ها و پست ها در شبکه های اجتماعی سرازیر می شود. تحلیل ها و اظهار نظرهای فراوانی صورت می گیرد. در اولین ساعات انتشار خبر، اصغر فرهادی به رییس جمهور نامه می نویسد و از اوضاع نابسامانی که منجر به چنین پدیده‌ای شده اظهار شرمساری می کند. رییس جمهور در سخنرانی اش به موضوع گورخواب ها می پردازد. نامه‌ی فرهادی و سخنرانی روحانی، در فضاهای مجازی و رسانه ها دست به دست می شود. اظهار نظرهای مختلفی صورت می‌گیرد. فردای همان روز، ایسنا تیتر می زند: «گورخواب‌ها ساماندهی نشدند؛ بیرون انداخته شدند» و در ادامه می نویسد: «گزارش روز گذشته درباره‌ی گورخواب‌های نصیرآباد بازتاب‌های گسترده‌ای داشت. نهاد ریاست جمهوری گزارش روزنامه شهروند درباره‌ی سرنوشت گورخواب‌های گورستان نصیرآباد را پیگیری می‌کند و استاندار تهران برای رسیدگی به وضع این گورخواب‌ها به فرماندار شهریار دستور ویژه داده است؛ اما مسئولان شهرداری شهریار آنها را از قبرستان بیرون انداخته‌اند.»

در این میان، برخی اظهارنظرهای جنجالی در مورد عقیم سازی کارتن خواب ها، بار دیگر آن را تبدیل به موضوع داغ شبکه های اجتماعی می کند. بسیاری از مسئولان و سازمان ها در اظهار نظرهای مختلف به موضوع گورخواب ها و کارتن خواب ها می پردازند و همزمان خبرهایی در مورد برخی گرمخانه ها و کمپ های ترک اعتیاد منتشر می شود که مسئولیت اسکان و حمایت کارتن خواب ها را به عهده گرفته اند.

چه چیز در آن عکس ها چنین موج و جنجالی را ایجاد کرد؟ و از سوی دیگر انعکاس عکس و گزارش گورخواب ها چه تاثیری بر وضعیت عمومی این قشر از جامعه گذاشت؟ برای رسیدن به جواب دقیق پرسش نخست، عکس ها و به تعبیر بارت پیامی که با خود حمل می کنند را مورد بررسی قرار می دهیم.

در ادامه، به تاثیرات و پیامدهای ملموس آن خواهیم پرداخت.

بازخوانی مجموعه عکس گورخواب ها

نام مجموعه: «زندگی در گور»

زمینه: خبری و مستند اجتماعی

زمان ثبت عکس ها: بامداد ۶ دی ماه ۱۳۹۵

مکان ثبت عکس ها: گورستان نصیرآباد شهریار

نام عکاس: سعید غلامحسینی

رسانه منتشر کننده: روزنامه‌ی شهروند و خبرگزاری ایسنا

مسلّم آن است که جنبه‌ی خبری عکس ها، بیش از کیفیت بصری (از نظر کادربندی، زاویه دید و ترکیب رنگ و نور و سایه) تاثیرگذار است. بیننده با عکس هایی مواجه می شود که به چشمش ناآشنا و به شدت شوک آور است. ابعاد مفهومی آشنا، اعتیاد، کارتن خوابی و بی خانمانی است اما عکس ها، پیامی فراتر از این مفاهیم را منتقل می کنند. ترکیبی غریب و هراسناک تحت عنوان «گورخواب». این، تصویر و پیام بهت آورِ مجموعه عکس «زندگی در گور» است.

مخاطب در اولین نگاه، فرصت و ضرورتی برای تامل در ابعاد زیبایی شناسانه و بصری عکس ها ندارد. هول و ولا و هراس پیام تصویر در برخورد نخست، میخکوبش می کند. واقعیت آن است که هدفِ انگیزشی و اثرگذاری عکس هم بر همین منظور است که بُعد فاجعه بار خبر را منتقل کرده در نهایت، شرح عکس و گزارش میدانی، گوشه های نادیده و تقلیل یافته‌ی عکس ها را روایت کند.

اما آیا فقط جنبه‌ی بکر و فاجعه بار بودن پیام عکس است که بیننده را با خود درگیر می کند؟ در واقع جنبه های بصری و زیبایی شناختی عکس (از منظر هنر عکاسی) اثرگذار نبوده؟ دو فریم از عکس ها را با هم مرور می‌کنیم.

عکس شماره‌ی یک:

بستر عکس، قبرهای آماده در یک گورستان را نشان می دهد. دو نفر، از دو طرف، رواندار یکی از قبرها را تا نیمه کنار زده‌اند و در آن زیر، شخصی در میان دودِ برخواسته از داخلِ گور، با چهره ای سیاه، دهان و چشمانی نیمه باز به دوربین نگاه می کند. مرکز ثقل اثرگذاری و بهت آوری عکس، همین چهره است. نگاهش مستقیم در چشمان مخاطب است. او را با خود درگیر می کند. این چهره و هیکل فرورفته در گور، تعلیق میان زندگی و مرگ است. در وضعی میان خماری و نشئه‌گی، ناخواسته مخاطب را دعوت به نظاره کرده او را در سرنوشت و حیات خود دخیل می کند. نگاه او را با خود به داخل آن مغاک فرورونده می کشاند. از مخاطب دعوت می کند تا به حیات او در گور وارد شود. این، تصویر یک دعوت است. دعوتی شوک آور و غیره قابل پیشبینی.

پس از شوک اولیه می شود نگاه را گسترش داد و کم کم از محوریت چهره، اندکی به اطراف، فراتر رفت و ارتباط بیشتری با فضا برقرار کرد. حال، دودِ اطراف چهره است که بر وهم و هولِ تصویر می افزاید. شاید اگر عکاس، قدری دیرتر یا زودتر، شاتَ می زد تصویر با این ترکیب هولناک ثبت نمی شد.

دیواره های گور و قسمت برآمده‌ی رواندار، دود گرفته و سیاه است و چنین ترکیبی بر عمق مغاکِ گور افزوده است و تنگی و فشرده‌گی دیواره ها را تداعی می کند. تفاوت این ترکیب را

در مقایسه با گور کناری که دیواره های تمیزتری دارد می شود دید.

یکی از دو نفری که رواندازِ را کنار زده‌اند شباهت زیادی به حال و روز شخص ساکن گور دارد. به سرعت می شود فهمید که او هم یکی از گورخواب ها و همسایه‌ی سوژه‌ی اصلی است. بخشی از دود متصاعد شده از داخل گور با شخص سمت راستی آمیخته است و شخص سمت چپ که گورخواب نیست کنارتر رفته و با فاصله ایستاده، پاهایش را روی لبه های گور تمیز کناری گذاشته است. گورخوابِ ایستاده بر بالای سر سوژه ی اصلی، با حیاتِ آنکه در گور اَست غریبه نیست. درنتیجه کنار نرفته و پاهایِ لاغرش بر لبه‌ی همان گور، مستقر، آشنا و بی پروا بر آن خم شده است. او کاراکتر دوم این ترکیب است. دست ها و چهره‌ی دود گرفته اش را می شود دید. او، گورخوابی است که عکاس را همراهی و راهنمایی می کند. شاید در اعماق وجودش، حسی خوشایند دارد از اینکه کسی او را جدی گرفته است و می تواند چیزی را به دیگران نشان دهد که دیدنش برایشان جذاب و عجیب است. از حیات پنهان همسایه‌ی گور خوابش در برابر دوربین عکاس پرده‌برداری کرده است. او، در چند عکس دیگر از این مجموعه نیز حضور دارد. جایی مشغول جمع کردن پتو و وسایل گورش است. جایی در اطراف گورستان نشسته و در جایی دیگر حتی دستش را بالا آورده و رو به دوربین، علامت V را با انگشتان دست راستش نشان می دهد.

در کناره‌ی گور و پس زمینه‌ی عکس، چیزهای دیگری دیده می شود شبیه روانداز‌ی که بر سر گور پیشِ رو کشیده شده است. شاید نشانه هایی است از اینکه اینجا کَسانی دیگر هم زندگی می کنند و این ها دیوار و سقف دخمه ها و گورهای زندگی شان است.

در پیش زمینه‌ی عکس، تکه های چوب، در کناره و قسمت انتهایی عکس و داخل گور، دیوارهایی سیاه شده از دود، عناصری هستند که به مخاطب می گویند گورخواب ها در سرمای دی ماه، چگونه خود را گرم می کنند.

عکس شماره‌ی دو:

در این عکس هم، در کادری بسته، زمینه را قبرهای خالی گورستان تشکیل می دهند. زاویه‌ی عکاس، از کناره است شاید برای ایجاد بُعدِ بیشتر در زمینه‌ی عکس و اضلاع گورها اما چندان موفق نبوده و نسبت مناسبی در گوشه ها و ابعاد کادر دیده نمی شود. نگاه مخاطب در این عکس هم متمرکز و هدایت شده به سمت سوژه‌ی اصلی است. این بار، خودِ سوژه، تا شانه ها از گور سر برآورده است. شانه‌ی راست را به یکی از دیوارها تکیه داده و دست چپ را بر لبه‌ی سمت دیگر گرفته است. حالی پارادوکس را می شود در آن دید. از یک سمت تکیه دادن به دیواره‌ی گور، نشان از نوعی ثبات، آسوده‌گی و سکونت است و از سوی دیگر دست چپ بر لبه‌ی گور، نشانه‌ای دال بر اراده‌ای برای بیرون آمدن و فرارفتن از وضع موجود است. حتی می توان این خوانش را به فرم نگاه سوژه هم تعمیم داد. چشم هایی باز و بی اعتنا به (یا در گریز از) دوربین و معطوف به بالا. نوعی طلبِ یاری، خواستن و امید به آینده را می توان در این نگاه خواندِ. (گرچه اینها می تواند فقط تداعی و نشانه‌های قراردادی در نگاهِ من مخاطب باشد)

کاراکتر در این عَکس، بی اعتنا است یا لااقل چنین وانمود می کند. خبری از دعوت نیست و به عکاس و بیننده توجهی ندارد. چهره‌ی دود گرفته و درهم شکسته‌اش، گونه های فرو رفته در میان لثه های بدون دندانش، چین های پیشانی و موهای ژولیده و کثیفش، مخاطب را با رنج از سر گذرانده‌اش پیوند می زند. او، در میانه‌ی رنج و امید مَعلق مانده است. چشم های تنگ کرده و نگاهِ رو به بالایش در میان آن چهره‌ی رنجور، گویی به جایی بیرون گورها در تخیل است. گویی پیش از جسمش از گور بیرون آمده و پرواز کرده است. با اینکه زاویه‌ی نگاه عکاس مستقیمِ متمایل به پایین است اما گویی کاراکتر می خواهد وضعیتِ حقارت بار فرورفتگی در آن گور را با نگاه و فرم ایستادنش در هم بشکند. پشت به دو همسایه‌ی دیگرش دارد. گورِ پشتی اش که از آن دود بیرون می آید و آن یکی که هنوز رویِ اش پوشیده است. این نیز خود، چیدمانی است از فرا رفتن. نخست، گور سرپوشیده، دوم، گوری که پرده‌اش کنار رفته و سوم، او که با آن فرم نگاه و ایستادنش بر آستانه‌ی گور، ظاهر شده است.

در عکسی دیگر، همین کاراکتر را می بینیم که در میان دیوارهای گور تصویر شده در حال مصرف مواد مخدر است. نگاهش باز هم رو به بالاست اما این بار مشخصا در چشمان عکاس. او دوربین را نگاه نکرده و حتی نگاهش به عکاس، با چشمانی باز، سویه و حالتی پرسشگرانه دارد. او، تن به همراهی با عکاس و تماشاچی نداده است و دعوتی هم در کار نیست. اما عکاس همچنان ادامه داده و با جزییات بیشتری با او کلنجار رفته است. در عکسی دیگر، روی ماده‌ی مخدر و دست هایش زوم کرده است. و در نهایت، در آخرین کادر، او را می بینیم که در کادری بسته میان روانداز و دیوارهای گور، از زاویه‌ی بالا در حقیرانه ترین حالت ممکن تصویر شده است. چشمهایش در تاریکی انتهای گور به سختی دیده می شود اما اینبار اندوهِ شاید ناشی از این حقارت و

دیده شدن ناخوانده را از نگاهش و دهان باز و کلامتی بر زبان که در عکس نمی شنویم می شود حس کرد.
نگاه او این بار مستقیم به لنز دوربین و چشم مخاطب است. نه نشان از امیدی در آن هست و نه اراده‌ای برای هر چیز ممکن. او، فقط حامل نگاهی خسته است. نگاهی مملو از استیصال و نگرانی از حضور دیگری. او، کشف شده است. حتی اگر توان و دغدغه‌ی اندیشیدن به چنین ابعادی را نداشته باشد باز هم او غصب شده است. مگر غیر از رنج و مصیبتش چیزی برایش باقی مانده است؟ همین رنج را هم پیش روی چشمان غمزده اش به غارت می برند. عکاسی به دخمه اش سرک کشیده و با چند شات، برشی ناچیز و تقلیل دهنده از رنج او را در مموری دوربینش ضبط کرده و با خود خواهد برد. به کجا؟ نمی داند. شاید می خواهد در دانشگاه و کلاس عکاسی به استاد و همکلاسی هایش نشان دهد تا بر اساس نور، ترکیب بندی، کادر، زاویه و رنگ عکس، نمره ای به دست آورد. شاید راضی باشد که خُرده های رنج او، نمره‌ی دانشجویی را تامین کند. اما اگر تبدیل به خبر شود چه؟ همه خبردار خواهند شد. بستگانش، صاحبان گورستان، ماموران شهرداری و انتظامی، مردم، مسئولین و همه. اگر اینان خبردار شوند چه خواهد شد؟ آیا آن نگاهش که امیدوار و رو به بالا بود به امیدی بر روی زمین گره خواهد خورد یا همچنان باید در وهم و خیال به جایی نامعلوم چشم بدوزد. آیا اراده‌ی آن دستش بر لبه‌ی گور را دستی خواهد فشرد و با خود به روی زمینش بیرون خواهد کشید یا بار دیگر باید به دم فروبرنده‌ی دیوارهای دود گرفته‌ی آن گورها پناه برد؟ بی گمانَ، فکرش را هم نمی کرد که خُرده های تقلیل یافته‌ی رنجش به ظهر روز بعد نرسیده تا فرسنگ ها آن طرف تر، در میان عوام و خواص زبانزد شده و عکس هایش به عکس اول روزنامه ها و خبرگزاری ها، موضوع جذاب اشتراک گذاری در شبکه های اجتماعی و تحلیل و تفسیر و نقد کارشناسان و دلنوشته نویسان و سلبریتی های جورواجور شود. او احتمالا همان زمان در دخمه اش یا در چرت است یا در حال چرخ زدن در اطراف گورستان نصیرآباد. غافل از آنکه مفهومی را به مفاهیم پیش از خودش افزوده است: «گورخواب». او اکنون، حامل عنوان و برچسب گورخوابی است و ناخواسته امنیت بصری، فرهنگی، اجتماعی و حتی ملی را هم مخدوش کرده است. او، نامی ندارد. او، یک گورخواب است و همین کافی است تا معروفش کند. معروف از آن جهت که میلیون ها آه و ناله و اشک را به سمت خود متوجه کند و مسئولان، یکی یکی اظهاراتی در نحوه‌ی ساماندهی اش به رسانه ها اعلام کنند. عنوان او تا آن حد به معروفیت می رسد که رییس جمهور به آن اشاره می کند.
فردای همان روز جواب پرسش های احتمالی اش را می گیرد. ابتدا ماموران شهرداری شهریار، چرتشان را پاره کرده با ضرب و شتم، گورستان را از لوث وجودشان پاک می کنند. گویا شخصی، او را پیدا می کند و به حمامش می برد و سپس تحویل یکی از گرمخانه ها یا کمپ های ترک اعتیاد می دهد.
شاید از او و هم گوری هایش دیگر در آن گورستان اثری نباشد اما تنور رسانه ها و هشتگ ها و کمپین هایی با محوریت پرداختن به زخم های غصب شده‌ی او تا مدت ها داغ خواهد ماند.
(دو نکته)
نکته‌ی نخست: در کل عکس های این مجموعه، عنصر رنگ و چرایی استفاده از عکاسی رنگی برایم جای سوال بود. چه رنگ یا ترکیب رنگ پر اهمیتی در عکاسی از این مجموعه می توان یافت؟ آن همه رنج و مصیبت سرشار از تیرگی و تباهی را چه نسبتی با رنگ است؟ شاید اگر عباس عطار، کاوه گلستان، بهمن جلالی یا جهانگیر رزمی بودند برای چنین روایتی، به احتمال قریب به یقین از عکاسی سیاه و سفید استفاده می کردند.
نکته‌ی دوم: به گمانم اگر عکاس، کمی در انتشار این مجموعه صبوری به خرج می داد و در کنار این عکس ها که از روزِ گورخواب ها ثبت کرده است شبی را هم به عکاسی از گورهایِ روشن از شعله های آتش و روشنایی نور آتش بر چهره‌ی ساکنان آنجا می پرداخت مجموعه‌ی کامل تر و حرفه‌ای تری را می توانست فراهم کند.

عکاس هم غارت می کند هم حفاظت، هم تقبیح می کند هم تقدیس
سوزان سانتاگ

نمونه‌ی یکم:
لوییس هاین (۱۸۷۴) (Lewis Hine ـ۱۹۴۰) عکاس آمریکایی بود. او در ابتدا کارگر بود سپس به تحصیل جامعه شناسی پرداخت و مدتی هم پیشه‌ی معلمی داشت. هاین، مخالف سیاست های حکومت آمریکا در راستای تامین رفاه شرکت ها و بی توجهی به رفاه مردم بود. از سال ۱۹۰۸ به کلی معلمی را رها کرد و به صورت تمام وقت به عکاسی مستند پرداخت. جامعه‌ی هدف او، خیل عظیم مهاجرانی بودند که در پی زندگی بهتر، روانه‌ی آمریکا می شدند. مهاجرانی که عموما با کارهای دشوار در کارخانه ها استثمار می شدند و شب ها را در زاغه ها زندگی می کردند. او به استخدام کمیته‌ی ملی کارگران خردسال (NCLC) درآمد و مدت طولانی را به طور مخفیانه از شرایط دشوار کار یک و نیم میلیون کودک که در کارخانه ها مشغول به کار بودند عکاسی کرد.

وجه امیدوارکننده‌ی عکاسی را به خوبی می توان در استفاده‌ی معمول از عکس برای بیداری وجدان عمومی دید. لوییس هاین تا سال ۱۹۳۰، عکاسی از کودکان کار در کارخانه های ریسندگی، مزارع چغندر و معادن زغال سنگ را ادامه داد تا آنکه قانون گذاران، کار کردن کودکان را غیرقانونی اعلام کردند. هاین را «عکاس افشاگر» لقب دادند.

نمونه‌ی دوم:

ژاکوب ریس (۱۸۴۹) (Jacob Riis_۱۹۱۴) عکاس و روزنامه نگار دانمارکی ـ آمریکایی بود گرچه او را بیشتر تحت عنوان مصلح اجتماعی و نیکوکار می شناختند. ریس از توانایی ها و امکانات عکاسی و روزنامه نگاری اش در جهت کمک به فقرای نیویورک استفاده می کرد.

او گزارشگر پلیس نیویورک در مورد وضعیت فقرا بود و در عین حال عکس ها و گزارش های مربوط به زندگی آنها را به گوش و چشم طبقه‌ی متوسط و مرفه آنجا می رساند. ناگفته نماند که به دلیل استفاده‌ی او برای نخستین بار از فلاش در عکاسی، یکی از پدران عکاسی نیز لقب گرفته است. همین موضوع باعث شد که بتواند از بدترین شرایط محله های فقیرنشین نیویورک، خیابان های تاریک و وضعیت محله های بدنام در تاریکی شب عکاسی کند. گزارش ها، عکس ها و کمک های ریس، گاها منجر به تغییراتی در فضاهایی می شد که از آن عکاسی کرده بود. اما خطر آنجا بود که این تغییر، شکلی ظاهری و نمایشی به خود بگیرد یعنی محدود به تغییری سطحی از موضوع عکس شود. آن زاغه‌ی نیویورک «مالبری بند» که ریس در اواخر دهه‌ی ۱۸۸۰ از آن عکس گرفه بود به دستور تئودور روزولت، فرماندار وقت، تخریب شد و به ساکنانش، خانه‌ی جدیدی دادند. حال آنکه زاغه های دیگری که وضعیت مشابهی داشتند دست نخورده باقی ماندند.

کودکان کار در معدن.لوییس هاین نیویورک ۱۹۱۵

لوئیس هاین. کودکان کار. نیویورک۱۹۱۱

عکاسی شبانه از محله ای در نیویورک که خلافکاران و راهزنان در آن ساکن بوده اند ۱۸۸۸

یکی از مطرح ترین عکس های هاین که از چند کارگر ساختمانی هنگام ناهار خوردن برداشته شده ۱۹۰۹. لوییس هاین نیویورک

کودکان بی سرپناه خوابیده در خیابان مابری نیویورک – ۱۸۹۰ –جاکوب ریس

ژاکوب ریس. یکی از محله های زاغه نشین نیویورک ۱۸۷۰

عباس عطار. شاهین ۲۰ ساله، در حیاط خانه خود در حال استحمام است. او هر دو پای خود را در بمب‌گذاری‌های سه سینما که در سال ۲۰۰۲ و توسط جهادگران انجام شده از دست داده است. مایمسینگ، بنگلادش.

ازدواج غیابی نامزد این زن به آلمان مهاجرت کرده است و تنها عکس او در این مراسم حضور دارد. کابل، افغانستان، عباس عطار ۱۹۹۲

بهمن جلالی. آبادان. ۱۳۶۱. جنگ ایران و عراق

کاوه گلستان. کارگران. ۱۳۵۷

کاوه گلستان. شهر نو. ۱۳۵۵

کاوه گلستان. جنگ ایران و عراق ۱۳۶۵

جهانگیر رزمی. انقلاب سال ۱۳۵۷. تهران

هەڤپەیڤین

هەواڵنامەی کتێب

واقیع لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان/ وتووێژی
شەریف فەلاح لە گەڵ د. عەبدولخالق یەعقووبی | ١٩٦

وتووێژی محەمەد ئوزوون لەگەڵ شێرکۆ بێکەس/ محەمەد ئوزوون | ٢٠٦

Hevpeyvîna Mehmet Uzun bi “Şêrko Bêkês” re/Mehmet Uzun | ٢١١

واقیع لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە دیدار لەگەڵ عەبدولخالق یەعقووبی

شەریف فەلاح

شەریف فەلاح: پێت وایە ئەو کۆمەڵگایەی کە ڕۆمان تێیدا سەرهەڵدەدات خاوەنی چ تایبەتمەندییەکە، ئەو بەستێنانە کامانەن کە ڕۆمان تێیدالەدایک دەبێت و فۆرم دەگرێت، ئاخۆ پێشتر ژانرەکانی بەرلە ڕۆمان کۆتاییان پێهاتووە، بە بنبەست گەییشتوون کە ژانرێک بەناوی ڕۆمان لەدایک دەبێ؟

عەبدولخالق یەعقووبی: من پێم وایە باس کردن لە هۆکاری ئەوەی کە ڕۆمان چۆن لە کۆمەڵگایەکدا سەرهەڵدەدا و ئەوەی کە سەرهەڵدانی ڕۆمان چ پێوەندییەکی بە دنیای ئەدەبیاتی پێش خۆی و هەروەها بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی دنیای دەرەوەی ئەدەبیات کە دنیای واقع بێ هەیە، لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو پرسیارە بگەڕێنینەوە سەر واقیعی ڕۆمانی کوردی و بەتایبەتی ڕۆمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، دەتوانین زیاتر قورسایی ئەو باسە بگەڕێنینەوە بو سەر بارودۆخێک کەلە دنیای دەرەوەی ئەدەبیات هەبووە، واتە بارودۆخێک کەلە دەرەوەی زمان و ئەدەبیات و دەق ئامادەیی بووە کە ئەویش واقیعی کۆمەڵگایە. ئەگەر ڕۆمانی پێشمەرگەی ”ڕەحیم قازی“ بکەین بە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لەسەر بنەمای ئەو ڕۆمانە ئاوڕ لەو پرسیارە بدەینەوە، دەبینین کە ئەو ڕۆمانە پەرچەکردارێکی ئەدیبانە و ئەدەبیانەیە لەسەر دوو ڕاستی: ڕاستیی یەکەم، کە بە بڕوای من دەبێ پێش بکەوێت و دەبێ وەکوو هۆکاری یەکەم لەبەرچاوی بگرین، ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیەیە کە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو سەروبەندە تێیدا دەژیا و ئەویش پێداویستی هێنانە ئارای گوتارێکی ئەدەبیانە بووە کە تێیدا خواستی نەتەوەیی و سیاسیی نەتەوەیەک ڕەنگ دەداتەوە. لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا ناسنامەی کورد، کێشەی ڕزگاری، خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد، کێشەی ویستی سیاسیی کورد بۆ بە نەتەوە–دەوڵەت بوون، بۆ بەدەسەڵات بوون زۆر بە ئاشکرایی خۆی دەردەخات. کە واتە ئەوە پارچەکردارێکە لە دوو توێی ژانری ڕۆماندا بۆ ئەو واقیعە بەرهەستە کۆمەڵایەتییە سیاسیەی کە کۆمەڵگای کوردی

لەو سەروبەندەدا تێیدا دەژیا و ئەوە بە بڕوای من بووە پاڵپشتێکی گەورە کە کەسایەتییەکی وەکوو ڕەحیم قازی لە قاڵبی ڕۆماندا بیهەوێ کێشەیەکی سیاسی و نەتەوەیی زەق بکاتەوە. هۆکاری دووەم بە بڕوای من، ئەوەیە کە ئەو شێوە دەستپێکەی ڕۆمانی کوردستانی ڕۆژهەلات لە دووتوێی ڕۆمانێکدا کە باس لە خۆڕاگریی سیاسی و نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی گەلێک دەکات خۆی پەرچەکردارێک بوو لە بەرامبەر ژانرەکانی پێش خۆی کە دەتوانین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بڵێین کە ئەو ژانرە شیعر بووە. شیعر لە واقیعی ئەو سەروبەندەی ئەدەبیاتی کوردیدا نەیتوانیبوو هەڵگری هەموو لایەنەکانی ئەو خواستە نەتەوەییە بێ کە گەلی کورد هەیبووە و ئەدیبێکی کورد بە ناوی "ڕەحیم قازی" ویستبێتی دیسان سەرلەنوێ لە قاڵب و لە دووتوێ ئەو ژانرەوە باس لەو خواستەی خۆی ومیللەتەکەی بکات.

شەریف فەلاح: بەڕای تۆ تایبەتمەندیی شیعر لەو بەستێنەدا دەوری هەبووە، ئاخۆ ئەوە خەسڵەتی شیعرە کە ناهێڵێ واقیعی کۆمەڵ لە شیعردا ڕەنگ بداتەوە؟ڕۆمان چ تایبەتمەندییەکی هەیە کە دەتوانێ ڕاستی و تاڵییەکانی ژیان بگوازێتەوە کە کۆمەڵ دەیهەوێ و شیعر نەیتوانیوە ئەوە بگوازێتەوە یانی لێرەدا مەسەلەی کورتیی شیعرە؟

عەبدولخالق یەعقووبی: نا، بە بڕوای من مەسەلەی کورتی هێنانی شیعر لە بەرامبەر ئەوەی کە ڕۆمان دەسەلاتێکی باڵاتری هەبووبێ نییە، بەڵکوو مەسەلەکە لە ئاستی ئەو جیاوازییانە دایە کە ئەو دوو ژانرە هەیانە، یانی خۆ ئێمە پێش ڕۆمانی "پێشمەرگە"ش شیعری نەتەوەیی و سیاسیمان هەبووە، شاعیرمان هەبووە، بۆ نموونە: سەیفولقوزات کە وتارێکی سیاسی، نەتەوەیی لە شیعرەکانی خۆیدا هەڵگرتووە و باسی لە هەموو ئەو خواستانە کردووە کە لەوانەیە "ڕەحیم قازی"ش لە دووتوێی ڕۆمانەکەیدا کردبێتی، بەڵام بە بڕوای من مەسەلەکە لەوە دایە کە ڕۆمان لە دیدگایەکی زیندووتر و واقعبینانەتر و بە خوێندنەوەیەکی قووڵتر باس لەو خواستانە دەکات.

شەریف فەلاح: یانی دەتوانین بڵێین ڕۆمان ئەپەڕژێتە سەر تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵگا و وردەکارییەکانی کۆمەڵگا شیتەڵ و تاوتوێ دەکات؟

عەبدولخالق یەعقووبی: بەڵێ، بە زمانێکی زۆر تیۆریک دەتوانین بڵێین؛ ئەو گشتیەتییەی کە ڕۆمان دەتوانێ لە واقیعی یەک کۆمەڵگا و لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایەک بە دەستەوەی بدات، شیعر ئەو توانایی و بڕشتەی نییە. شیعر چونکە زیاتر جیهانێکی هەست پێکراوە و لە بێژنگی عەقڵانییەتی تاکەکەسییانە شاعیر دراوە، زیاتر خوێندنەوەیەکی تاکڕەوانە و تاکڕەهەندانە دەگرێتە خۆ، بەڵام ڕۆمان بە حوکمی جۆری ژانرەکە دەتوانێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا سەر بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا بکات، کەسایەتی بخولقێنێ. ڕۆمان بۆی هەیە کامێرای گێڕانەوەی خۆی بگەڕێنێت بەنێو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە و لە ئاکامدا خوێندنەوەیەک بەرهەم دێت کە با بڵێین هەم چاوێکی وردبینترە و هەم لایەنی عەقڵانی و لایەنی کەشفێکی ڕەخنەگەرانە و ڕەخنەکارانەی بۆ کۆمەڵگا زیاتر تێدایە. ڕۆمان زیاتر دەتوانێ باس لەو گشتییەتە بکات کە هەوێن و بنەمای کۆمەڵگا دادەمەزرێنێ، بۆ نموونە: تۆ لە ڕۆمانی "پێشمەرگە"دا دەتوانی بگەڕێی بەدوای ئەو هۆکارانەی کە بۆچی میللەتێک لە جۆری میللەتی کورد لە ژێرە دەستیدا ماوەتەوە؟ و بۆچی پێویستە ئەو میللەتە بۆ ئەوەی کە بە زیندوویی بمێنێتەوە پێویستە لە قوناغی خۆڕاگری و ململانێدا بەردەوام بێت؟ و لە ئەنجامیشدا ئەو پەیامی ڕۆمانەکە ئەوەیە کە ئەگەر بەڕاستی میللەتێک بیهەوێت وەکوو میللەت بمێنێتەوە و خواستی میللی هەبێ و خواستی نەتەوەیی هەبێ، بۆچی پێویستە قارەمانانێک لە جوری ئەو قارەمانانەی کە لەو ڕۆمانانەدا بەرجەستە دەکرێن، بوونیان هەبێ؟ بە کورتی من ئەو پرسیارەی جنابت ئاوا وەڵام دەدەمەوە کە دەستپێکی ڕۆمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دوو پەرچە کردار هەبوو؛ پەرچەکرداری یەکەم لە بەرابەر ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیەی کە سەرەتاکانی ئەزموونی بەرەو مودێڕن بوون بووە، سیاسەت و خواستی سیاسی و خواستی نەتەوەیی لەو سەروبەندەدا بووە کە شکڵی گرتووە و تۆخ بووەتەوە و جۆرێک لە وریایی و وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی بۆ میللەتی کورد هاتووەتە ئاراوە. پەرچە کرداری دووەم کە ڕۆمان وای هەست کردووە و ڕۆمان نووسەکان و بەتایبەت ڕۆماننووسی دەستپێکەر کە "ڕەحیم قازی" بێت وای هەست کردووە کە ژانری شیعر نەیتوانیوە لەو ئاستەدا بێت کە واقیعەتی کۆمەڵگا بخوێنێتەوە و لە ئاکامدا ژانری لە چەشنی شیعر تەنیا ڕووناکایی خستووتە سەر ئەو بەشانە کە دەکرێت وەکوو هەندێک لایەنی دەگمەنی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەت دەستنیشانی بکەی، نەک گشتییەتی ئەو کۆمەڵگایە.

شەریف فەلاح: باسی ڕۆمانی "پێشمەرگە"ت کرد، وەکوو دەستپێکی ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران لە ڕەوتی ڕۆمانی کوردیدا ئەگەر سەرەتا ڕۆمانی "حەمە دۆک"ی یاشار کەماڵ دەخوێنییەوە و دواتر "پێشمەرگە"، "هاوارە بەرە" و "میرزا"؛ هەست بە ڕەوتێک، بیرێک دەکەی کە تەواوکەری یەکن، واتە باس لە خەونێکی کورد دەکەن باس لە فۆرم گرتنی کەسایەتیی کەسێک دەکەن کەلە یاخی بوونی "حەمەدۆک"ەوە دەست پێدەکات، دیسان بە جۆرێکیتر لە "حەمەتاڵی بانە"دا ئێمە دەیبینینەوە ئەم کەسایەتییە کە دێتە ناو فەزای ڕۆمانی "پێشمەرگە" خەون و هزری فۆرم دەگرێ، خەونی هەیە، خەونێکی سیاسی هەیە و لە ڕۆمانی "هاوارە بەرە" و "میرزا"دا ئەم ڕەوتە هەروا بەردەوامە، تۆ پێت وایە لە ڕۆمانەکانی دواتردا یانی لە "گوڵی شۆران" و لە "گرەوی بەختی هەڵاڵە"ی "عەتا نەهایی"دا دووبارە ئەو ڕەوتە دەستی پێکردووتەوە، واتە کەسایەتییەک بە ناوی "پێشمەرگە" وەکوو سیمبولی کورد لە ڕۆمانی کوردیدا ڕەوتێکی ئاسایی پێواوە؟

عەبدولخالق یەعقووبی: لە ڕاستیدا من ناتوانم ئاوا بە ڕوونی و یەک لایەن بینانە باس لەوە بکەم کە ئایا ئەو ڕەوتە ڕەوتێکی هێڵ ئاسا بووە و گەشە سەندنەکەی بە شێوەیەکی خەتی بووە یان

نە؛ بەڵام من دەتوانم ئاماژە بە یەک جیاوازیی بەرچاو بکەم لە نێوان ئەو قارەمانانەی کەلە سەرەتاکانی ڕۆمانی کوردیدا هەبووە و ئەو کەسایەتی و قارەمانانەی کەلە ڕۆمانەکانی کاک "عەتا" دەتوانین دەستنیشانی بکەین. من پێم وایە دەستپێکی ڕۆمانی کوردی زیاتر بە خۆلقاندنی ئەو کەسایەتیانەبیچم دەگرێت کە حاڵەتی بە قەولی ئینگلیزییەکان، ئایدیاڵ"یان هەیە، یانی دەبن بە نموونەیەک یان پاڵەوانێک کە دەتوانی تۆ لە کۆمەڵگادا، ئەگەریش وجودی زیندووی ڕاستەقینەیان نەبێت یان زۆر کەم بێت، بەڵام کۆمەڵگا بە ئاواتیان دەخوازێت، یانی ئەو قارەمانە قارەمانێکی "ئایدیاڵ"ە کە زیاتر پێشاندەری خواست و ئاواتی کۆمەڵگایە، واتە ئەوەی کە ئەو شەخسیەت و کەسایەتییانە بەشێک بن یا بەشێکی زۆر ڕاست و ورد بن لە واقیعیەتی کۆمەڵگا. بۆ نموونە لە دوو ڕۆمانەکەی کاک "فەتاح ئەمیری"دا، "هاوارەبەرە" و "میرزا" ، کەسایەتیی میرزا، کەسایەتیەکە کە دەیهەوێ پێشەنگ‌خواز بێت، دەیهەوێ ڕۆشنبیر بێت و دەیهەوێ ببێ بە کەسێکی ئایدیاڵ لە کۆمەڵگایەکی کوردیدا کە ئەو کۆمەڵگایە لەوانەیە سەدا نەوەدی خەڵکەکەی بێبەری بن لەو تایبەتمەندییانەی کە ئەو قارەمانە هەیەتی. بۆیە ڕۆماننووس لە ڕاستیدا زیاتر لەوەی کە خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵگای کوردی بکات، خوێندنەوەی ویست و داخوازی دوارۆژی خۆی و میللەتەکەی دەکات یان با بڵێین ویست و داخوازی خۆی لە خۆلقاندنی ئەو کەسایەتیەدا بەرجەستە دەکاتەوە، کە من بۆ خۆم پێم وایە ئەو جۆرە زەینییەتە بۆ داڕشتنی کەسایەتیی ڕۆمان تا ڕادەیەکی زۆر چاوت دەبەستێ لە ئاست خوێندنەوەی هەمووو واقیعیەتەکانی کۆمەڵگا، و کەسایەتییەکان پتر لەوەی کەسایەتییەکی زیندوو بن، پتر لەوەی کە پێشاندەری بارودۆخێکی ڕاستەقینەی هەنووکەیی کۆمەڵگای کوردی بن، زیاتر دەچنە خانەی خەون و خولیا و ئارەزوو و ئاوات و دیدێکی ئیدەئالیستانە بۆ مرۆڤی کۆمەڵگای کوردی و بۆ واقیعی کۆمەڵگای کوردی. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەی لە شێوەی داڕشتنی کەسایەتی لە ڕۆمانەکانی "عەتا نەهایی"دا،بۆ وێنە، لە "گوڵی شوران"دا دیسان ئەو تایبەتمەندییە تا ڕادەیەک دەبینرێ، دەزانی ئەو شتەی کە لەوێدا کراوە بەجۆرێک درووست کردنی ناسنامەیەکە کە ئێمە ئاواتی دەخوازین، لە پانتایی سیاسەت و واقیعی کۆمەڵایەتی خۆماندا. بۆیە تۆ دەبینی زۆربەی ئەو ڕۆمانانە ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ واقیع، زیاتر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی مێژوویی گەرایانەیە، یانی ئێمە بۆ وێنە لە "گوڵی شۆران"دا بڕگەیەک لە مێژووی کورد باس دەکرێ بۆ ئەوەی کە ئەو ناسنامەیە لەو بەشە لە مێژووی ئێمەدا بەرجەستە بێتەوە و ون نەبێ.

لە دوو ڕۆمانی ئاخری "عەتا نەهایی"دا کە ڕۆمانی "باڵندەکانی دەمبا" و بەتایبەتی " گرەوی بەختی هەڵاڵە" بێت، دەبینین جۆرێ لە کەسایەتی نوێ لە ڕۆمانی کوردیدا سەر هەڵدەدات، کە ئەو کەسایەتییانەش هەرچەند دیسان بەدوای دروست کردنی ناسنامەیەکی نەتەوەییدا دەگەڕێن، بەڵام ئەو کەسایەتییانە زیندووترن، ئەو کەسایەتییانە لە قۆناغی بە قارەمان بوون و بەقارەمان کردن و خەونی بەقارەمان بینین دادەماڵدرێن و دێنە نێو واقیعی کۆمەڵگای کوردییەوە و ئەو شتە بەسەریان هاتووە لە کۆمەڵگای خۆیاندا وەری دەگرن و قبووڵی دەکەن و دانی پێدا دەنێن. بۆ وێنە، لە ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"دا ئەو کۆمەڵە کەسایەتییە کە خولقاون لە هەمان کاتدا کە هەموویان هەڵگری یا با بڵێین لەخۆگری جۆرێ لە ناسنامەی نەتەوەیی کوردین، بەڵام لەنێو واقیعێکی ڕاستەقینەی ژیانی کوردیدا دەژین و زیاتر هەست دەکەی کە لێرەدا ناسنامە بە قوربانی ئەو خەون و خۆلیایەی ڕۆماننووس نەبووە، یانی ناسنامەکە ناسنامەیەکی واقیع‌بینانەیە نەک ناسنامەیەکی خەون‌بینانە. بە بڕوای من ئەوە یەکێک لە گەورەترین کاریگەرییەکانی "عەتا نەهایی" بوو کە لە ڕۆمانی کوردیدا درووستی کرد کە قارەمانی لە خەون و خۆلیای شەخسیی ڕۆماننووس دابڕی و هێنایەوە نێو جەرگەی ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای کوردییەوە. من لە کۆبوونەوەیەکدا باسی ئەوەم کرد وتم "عەتا نەهایی" لەم بارەیەوە پڕ دەستکەوتترین ڕۆماننووس یان چیرۆکنووسی کوردە. لەڕاستیدا من پێم وایە ئەو کارەی کە کردی دەبێتە هۆی ئەوەی کە زەینیەتی خوێنەری کوردیش بۆ مەسەلەی کەسایەتی لە ڕۆماندا بگۆڕدرێ و دیدێکی نوێ لەم بارەیەوە دێتە ئاراوە.

شەریف فەلاح: نوستالۆژیا لە ڕۆمانی کوردیدا دەوری زۆری گێڕاوە، یانی بە گەڕانەوە بۆ ئەو خەونانەی ڕابردوو کە بەدی نەهاتوون، تۆ باسی واقیعی کۆمەڵگای کوردیت کرد کە لە فۆرم گرتنی ڕۆمانی کوردیدا دەوری گێڕاوە، ئەوە ڕاستییەکە کە واقیعی کوردی واقیعێکی سیاسی بووە و واقعێک بووە کە بە دوای ناسنامەی نەتەوەییدا گەڕاوە، ئایا ئەمە بە سیاسی کردنی ئەدەب نەبووە؟ پێت وانییە زەربەی لە لایەنی هونەر و جوانیناسیی دەق داوە؟

عەبدولخالق یەعقووبی: لە بابەت ئەوەی کە ئاخۆ لە ئەدەبیات و لە داهێنانی ڕۆماندا سیاسەت هەتا چەندە توانیویەتی زاڵ بێت و ئایا ئێمە باری ئەدەبیمان بە قوربانی سیاسەت بووە، لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەمە خۆی بەرهەمی ئەو بارودۆخەیە کە ڕۆمانی کوردی تێیدا لەدایک بووە. تۆ چاو لێ بکە ئەگەر قیاس و بەراوردێک بکەی لە نێوان ئەو بارودۆخەی کە ڕۆمانی فارسی تێیدا شکڵی گرتووە لەگەڵ ڕۆمانی کوردی، ئەوکات دەزانی کە بۆچی لە ڕۆمانی فارسیدا "بوف کور"ێک دەخوڵقێ کە ڕۆمانێکی زۆر بەناوبانگە و کەمترین تێمی سیاسی تێدایە و لەو لاوە ڕۆمانی "پێشمەرگە"یەک دەخوڵقێ کە ئەو ڕۆمانە هەتا سەر ئێسک ڕۆمانێکی سیاسییە و خەون و خۆلیای سیاسی تێدایە. من ناتوانم ئەوە بە شێوەیەکی ڕەها وک پێم وایە لە پرسیارەکەت دەردەکەوێ بە لایەنێکی با بڵێن سلبی دابنێین، یان پێمان وابێ لێرەدا هەمووو شتێکی ڕۆمان فیدا بووە. بۆ؟ چوونکە لەڕاستیدا ئەوە لانیکەم پەرچەکردارێکی ڕاستۆکانەیە کە ڕۆماننووسە کوردەکان بە نیسبەت ئەو بارودۆخەی کە تێیدا ژیاون لە خۆیان نیشانیان داوە. بەڵام پرسیاری جەنابت لەو سەرەوە دەکرێ بیکەی بە خاڵی دەستپێکی سەرنجێکی ورد کە

ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەوەی کە تۆ لە بارودۆخێکی وەهادا کە ناچاری خوێندنەوەیەکی سیاسییانە لەنێو ڕۆمانەکانتدا زەق و زاڵ بێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ئەنجامدا تۆ ئەدەبییەتی ڕۆمان و گرینگی دان بە فۆرمی ڕۆمان بکەی بە قوربانیی خوێندنەوەی وەها واقعێک؟ لێرە دایە کە ئێمە دەبێ ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ئەو ڕۆمانانە بکەینەوە و دەبینین لە زۆر ڕۆماندا بەڕاستی گرینگی دان بە خوێندنەوەی سیاسی و گرینگی دان بەو بابەتانەی کە ئێمە وەکوو مرۆڤی کورد تێیدا دەژین لەباری سیاسیەوە وای کردووە کە ڕۆمانەکە ئاستی ئەدەبی و باری هونەری و لایەنی فۆرمی خۆی دابەزێنێ و کەسایەتییەکان لەبری ئەوەی کەسایەتییەک بن کە لەنێو جیهانی ئەو ڕۆمانەدا بژین و جیهانی ئەو ڕۆمانە بۆ ئێمە بکەن بە جیهانی واقیع، ئەو کەسایەتییانە زیاتر دەقاودەق لە واقیعی سیاسیی کۆمەڵگای کوردی وەرگیراون و هیچ نەچوونەتە ناو ئەو پرۆسە و پرۆژەیەی کە کەسایەتییەکی ناو واقیع بگۆڕێ بە کەسایەتییەکی ناو ڕۆمان. یانی واقیعی ئێمە لەنێو دەقەکانماندا واقیعی دەقی نین، یان واقیع بە واقیعی دەقی نەکراون. بۆ نموونە، من لە ڕۆمانی" هەزار ئەشکەوت"ی "عومەر مەولوودی" دا کاتێک چاو لە کەسایەتییەکان دەکەم دەبینم کەسایەتییەکان بە زەینییەتێکی ڕەخنەکارانە و ڕۆمانووسانەی ڕۆماننووسدا تێنەپەڕیوە؛ هەر ئەو شتەی کە لە واقیع بووە بە زمانێکی کوردیی پەتی و بەبێ ڕووتووشی هونەری دابەزێندراوەتە نێو پانتایی دەقەوە. لەڕاستیشدا ئەوەی کە تۆ باسی دەکەی کە لە ڕۆمانی کوردیدا نۆستالۆژی زۆرە هۆیەکەی ئەوەیە کە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانانە ئێمە دەگەڕێنێتەوە سەر ئەو سەردەم و حاڵەت و بارودۆخانەی کە ئێمە لە ژیانی واقیعی خۆماندا هەمانە؛ یانی نۆستالۆژی ڕۆمانی کوردی دیسان دەتوانین بڵێین نۆستالۆژیایەکی هونەری نییە، چونکی زۆر زۆر گرینگە کە تۆ لە جیهانی ڕۆماندا پتر دنیای واقیعی خۆت بناسی، بە واتای ئەوەی کە تۆ لە ڕۆماندا خەریکە شرۆڤەیەکی ماناناسانە دەکەی بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای خۆت بناسی، کەچی ئێمە لە ڕۆمانی کوردیدا زۆر کەم هەیە بەو لێکدانەوە و شرۆڤانە بگەین، زیاتر وێنە و ئیماژەکانمان وەبیر دێتەوە و ئەو حاڵەتە نۆستالۆژیکە تێماندا دروووست دەبێ و ئەوکات لەوانەیە چێژێکمان وەدەست بێت، لەکاتێکدا من پێم وایە لە ڕۆمانێکی سەرکەوتوودا هەمیشە ئەرکی گەورە ئەوەیە کە تۆ بە ناسینێکی بووناناسانە و فەلسەفیانەی زیاتر لە وجوودی خۆت و وجوودی کۆمەڵگاکەت بگەی.

شەریف فەلاح: بە هاتنە مەیدانی ڕۆماننووسێکی وەک کاک عەتا نەهایی، وەکوو جەنابیشت باست کرد، جۆرێکی دیکە و خوێندنەوەیەکی دیکە لە ڕۆمانی کوردی لە کۆمەڵگای کوردیدا فۆرم دەگرێت و کەسانی دیکە و بەرەیەکی نوێتر هاتبێتن، بەڵام کاتێک دەچینە نێو دەق و نێواخنی ئەم ڕۆمانانەوە دەبینین دیسان هەمان ئەو خەونانەن، یان ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو واقیعە ئەدەبیاتە گوندیە و پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگا دەرەبەگایەتییانە دووبارە بوونەتەوە، فئودالیە هەرچەند لەوانەیە کەسایەتی و ڕووداوەکان لەنێو فەزایەکی نوێدا فۆرمیان گرتبێ، بەڵام دیسان قسەکان، ئاخافتن و دەربڕینی خەون و خولیاکان، خەون و خولیای گوندن، پێت وایە دیاردەی شار لەلای ئێمە سەری هەڵداوە کە دەربڕینێکی شارییانەمان بۆ ڕۆمان هەبێت و شار چەندە ڕۆڵی هەیە لە فۆرم گرتنی ڕۆماندا؟

عەبدولخالق یەعقووبی: ئەم پرسیارە بەڕاستی پرسیارێکی زۆر بەربڵاوە، چونکە شتێک نییە کە لەسەر خاڵێکی تایبەت باس کرابێت و بتوانین بگەڕینەوە سەر ئەو خاڵە و شیی بکەینەوە. بەڵام لەڕاستیدا من دیسان هەر ئەوە دەڵێم ڕۆماننووسی کورد ڕەنگە بتوانێ، ئەگەر بیهەوێ، ڕۆمانێکی تەواو فانتازی بخولقێنێ و بچێتە نێو ژانری بۆ وێنە خەیاڵی زانستی، بتوانێ لە واقیعی کۆمەڵگای خۆی دابڕێ و تەواو جیهانێکی تایبەت بە خەیاڵی خۆی بخوڵقێنی، بەڵام هەتا ئێستا دیارە ئەو ژانرە لە نێوان ڕۆمانی ئێمەدا سەری هەڵنەداوە و ڕۆماننووسانی ئێمە تەنیا دەرفەت و دەرەتانی ئەوەیان بووە کە لە واقیعێک کە تێیدا دەژین باس بکەن و ئەو واقیعە بکەن بە ڕۆمان. ئەگەر تۆ دەبێنی کە لە ڕۆمانی کوردیدا شار ئامادەییەکی ئەوتۆی نییە و بۆچی کەسایەتییەکان، وەک تۆ باسی دەکەی، هەتا ئێستاش بە کولتووری گوندی ڕەفتار دەکەن و قسە دەکەن، ئەوە دیسان بەشێکە لەو واقیعەی کە ئێمە تێی کەوتووین و تۆ ناتوانی واقیعێک بەدەستکرد بێنیتە ئاراوە کە ئەو واقعە واقعی کۆمەڵگای ئێمە نەبێ. نموونەیەکت ئەگەر بۆ باس بکەم ئەو شتەی کە لە ڕۆمانەکانی "بەختیارعەلی"دا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەختیارعەلی دەیهەوێ کەسایەتیی شاریی کورد درووست بکات، دەیهەوێ کۆمەڵێک کەسایەتی بێنێتە نێو ڕۆمانەکانیەوە کە بە جۆرێک بدوێن کە لەوانەیە زۆر کەس لە شارەکانی ئەمریکا و ئورووپا دەدوێن، بەڵام لە ئاکامدا چی لێ درووست دەبێت؟ لە ئەنجامدا کەسایەتییەک درووست دەبێت کە تۆ لەبری ئەوەی هەست بکەیت ئەو کەسایەتییە گۆشت و پێست و خوێنی هەیە، هەست دەکەی کە ئەو کەسایەتییە بە زۆر قسەی دەئاخنرێتە دەم و دەیهەوێ بە زۆر خۆی دابسەپێنێ بەسەر خوێنەردا کە یانی من لە فەلسەفە تێدەگەم، من لە ئەدەبیات تێدەگەم، ئەمن لە باسە تیۆریکەکانی هونەر تێدەگەم.

عەتا نەهایی لەم بارەوە بە بڕوای من سەرکەوتووانەتر کاری کردووە. لە ڕۆمانی "باڵندەکانی دەم با" و "گرەوی بەختی هەڵاڵە"دا زەینیەتی کەسایەتییەکان زەینیەتی شارییە. نەهایی ویستوویەتی هۆکارەکانی پشت ئەو ڕووداوانەی کە لە ژیانی شار و بۆ شارنشینەکان ڕوو دەدات بەرجەستە بکاتەوە. بۆ نموونە، لە گرەی بەختی هەڵاڵەدا ئەوە بە ئێمە بڵێ کە چۆنە لە کۆمەڵگایەکی کوردیدا کە کەسانی شۆڕشگێڕ کە دەیانهەوێ ئازادی و ڕزگاری بۆ کۆمەڵگاکەی خۆیان بێنن، کەسانی شۆڕشگێڕ کە دیارە دەبێ بیرێکی شارنشینانەی پێشکەوتنخوازانەیان هەبێ لە ئەنجامدا بۆ خۆیان دەبنەوە بە هەڵگری جۆرێک لە بیرۆکەی عەشیرەتی و دواتر لەسەر مەسەلەی نامووس نزیکترین کەسیان و خۆشەویستترین کەسیان دەکوژن. من پێم وایە لەوەدا عەتا نەهایی توانیویەتی

تا ڕادەیەک زۆر سەرکەوتوو بێت. بە بڕوای من مەسەلەی شار لە ڕۆمانی کوردیدهەڵگری دووشەبەنگە: لە سەرێکەوە ئەو شەبەنگە لە ڕۆمانی کوردی لە جۆری "هاوارەبەرە" و"میرزا" و "هەزار ئەشکەوت" و"پێدەشتی کارمامزە کۆژراوەکان" کە هەر لە بنەڕەتدا خۆیان لە فەزای شاری نەداوە و شارلەم ڕۆمانانەدا شوێنی دارشتنی کەسایەتییەکان نییە. لەلایەکی دیکەشەوە شەبەنگی ڕۆمانگەلێکی وەک"گوڵی شۆران"، "باڵندەکانی دەم با"، "شاربەدەر"، "دوایین هەناری دونیا"، یان "شاری مۆسیقارە سپییەکان" کە شار دەبێت بەزەمینەی خولقاندنی کەسایەتی و گۆڕەپانی ڕوودانی بەسەرهاتەکانیان. من لە دوای خوێندنەوەی "شاری مۆسیقارە سپییەکانی" بەختیارعەلی بەو ئەنجامە گەیشتم خولقاندنی کەسایەتیی شارنشین بۆ ڕۆماننووسی کورد، کە خۆی بە جۆرێک نوخبەیەکی شارنشینە، لە خولقاندنی کەسایەتییەکی گوندنشین ئەستەمترە. لەم ڕۆمانەدا زۆربەی کەسایەتییەکان لە بری ئەوەی قسەی خۆیان بکەن، یەکڕاست دەبنە نوێنەری ڕۆماننووس و هزرەکانی ئەو خۆیا دەکەن.

شەریف فەلاح: هەروەک دەزانین ژن لەنێو ئەدەبیاتی کوردی و بەتایبەت ئەدەبیاتی زارەکیدا وەک هەوێن و سەرچاوەی ئەم جۆرە لە ئەدەبی خۆماڵی و ڕەسەن دەورێکی زۆری گێڕاوە، ئاخۆ ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی وەکوو کەسایەتییەکی سەرەکی وەکوو دەورگێڕ و کاراکتێری سەرەکی چ ڕۆڵێکی پێداوە، ئێمە دەبینین لە ڕۆمانەکانی کاک عەتا نەهایی دا ژن حزووری هەیە، بەڵام ئەو حزوورە نیە کە وەکوو کاراکتێری سەرەکی بێت لە ڕۆمانەکانی دیکەدا تۆ پێت وایە حزووری ژن نەشاردراوەتەوە، حزوورێک نیە کە پیاو بۆی درووست دەکا و نیە لەژێر سێبەر و هێژمۆنیی پیاودا؟

عەبدولخالق یەعقووبی: من پێم وایە نووسەر دەبێ خۆی بە قوتابیی واقیع بزانێ، یانی ئەوە واقیعە کە بە ئێمە دەڵێ ئێمە چی فێر بین و چی فێر نەبین. ئەمن بۆ مەسەلەی ژن لە ڕۆمانی کوردیدا دوو تێبێنیم هەیە: یەکیان ئەوەیە کە ئەگەر تۆ دەبینی لە ڕۆمانی کوردیدا ژن ئامادەیی نییە و ژن ناتوانێ ببێ بە کەسایەتییەک کە دەوری سەرەکی بگێڕێت، هۆیەکی ئەوەیە کە هەر لە بنەڕەتەوە ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا لە پەراوێزدا بووە. کە دەڵێین لە پەراوێزدا بووە واتای ئەوەیە پیاو کە ڕەگەزی بەرامبەری ژنە، ژنی خستووەتە پەراوێزەوە و ڕێگەی پێنەداوە کە بەڕاستی بێتە ناو ناوەندەوە و کار بکات. ئەوە خۆی یەکێک لەو گریمانانەیە کە دەکرێ تۆ خوێندنەوەت بۆی هەبێ. لەوانەیە ڕۆماننووسی کورد لە ڕۆمانەکانی خۆیدا خەریکە درێژە بە ئەو دەسەڵاتە باوکسالارانە دەدات کە ژن دەخاتە پەراوێزەوە.

بە لە بەر چاو گرتنی ئەوەی زۆرینەی هەرە زۆری ڕۆماننووسانی کورد پیاون دەتوانین بڵێین ڕاستە ڕۆماننووس ڕۆمان دەنووسێ، لە جیهانێکی ڕۆشنبیریدا دەژێت، ئەزموونی فەلسەفی و فکری و کۆمەڵناسانەی هەیە لەنێو جیهانی ڕۆماندا، بەڵام لە ئەنجامدا ئەویش پیاوێکە لەنێو کۆمەڵگای پیاوسالارانەدا. بۆیە تەنانەت ئەگەر بە شێوەی ناخودئاگاش بێت تۆ دەبێنی لە ڕۆمانەکانیدا کارێک دەکرێ کە ژن لە پەراوێزدا بمێنێتەوە، ئەو خوێندنەوەیە ئەگەر بە شێوەیەکی مەیدانی و بابەتییانە لەسەر ڕۆمانی کوردی پیادە بکردرێ، زۆر شتی گرنگی لێ بەدەست دەکەوێت.

خوێندنەوەیەکی دیکە و تێبێنیەکی دیکەم ئەوەیە کە نەبوونی دیار و بەرچاوی ژن لە ڕۆمانی کوردیدا دیسان ڕەنگدانەوەیەکی سروشتیی واقیعی کۆمەڵگای کوردییە، یانی زۆر جار ژنیش خۆی ئامادەییەکی ئەوتۆی لەو کۆمەڵگایەدا نییە کە ڕۆماننووس بەڕاستی بیهەوێ وەسف و وێنایەک لەو ئامادە بوونە بکات و لە ڕۆمانەکانیدا ئەوە دەربکەوێ کە ژنیش حزوورێکی بەرجەستەی هەیە. بۆ نموونە، لە ڕۆمانەکانی "فەتاح ئەمیری"دا تۆ دەبینی ژن لە هەموو جێگایەک تاپۆیە، سێبەرە، لە کاتێکدا بە حوکمی ئەوەی "هاوارەبەرە" و "میرزا" زۆر باس لە ژیانی گوندی دەکەن، خۆ دەیتوانی وێنایەکی دیکە لە ژنی گوندی بە دەستەوە بدا. چونکە ئێمە دەزانین لە گوند ژن لانیکەم لە بواری ئابوورییەوە کەسایەتییەکی هەڵسووڕ و شوێندانەرە و تەنانەت زۆر جار ئەگەر بڕیاردەریش نەبووبێ لە بڕیارەکاندا دەستێکی باڵای هەبووە. بەڵام تۆ دەبینی لەو ڕۆمانانەدا ژن ئەو واقیعە وردەی بۆ نەخوێندراوەتەوە و لە ئەنجامدا ژن کەسایەتییەکی تاپۆ و کەسایەتییەکی سێبەرە. لە هێندێک ڕۆماندا بۆ نموونە لە ڕۆمانی "گوڵی شۆڕان"ی کاک عەتا نەهایی دا ژن دێتە مەیدانەوە، ژن سیماکەی هێندێک بەرچاوتر و بەرجەستەترە، بەڵام دیسان هەست دەکەی جۆرێک لە نەوێران و خۆبواردن هەیە لەوەی کە دیسان پێناسەیەکی وردی ژن بکردرێ. گرینگیی ژن و کاتی دەرکەوتنی ژن لە ڕۆمانەکەدا ئەوکاتەیە کە بخوازرێت گرینگیی پیاوێک بەرجەستە بکرێتەوە و لێرەش دیسان لە ئەنجامدا ئەتوانین بڵێین دوەری پاشەڕۆکێک دەدرێ بە ژن لەو ڕۆمانەدا. هەڵبەت وردە وردە ئەو شتە لە ڕۆمانەکانی دواتری کاک "عەتا"دا کەم ڕەنگتر دەبێ، بەتایبەت لە ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"دا ژن دێتە ناوەندی سەرنجی ڕۆماننووسەوە و تەنانەت دەوریشی زیاتر دەبێت. من بەپێی ئەو دوو تێبێنیەی کە باسم کرد پێم وایە ئەگەر لە گشتییەتیی ڕۆمانی کوردی بڕوانی، ژن یان بە شێوەیەکی ناخودئاگا لەلایەن ڕۆماننووسەوە لە پەراوێز خراوەتەوە، یان سیکلی وەپەراوێز خستنی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا لەنێو دەقی ڕۆمانی کوردیشدا دیسان سەرلە نوێ دەستی بە ئیش کردووەتەوە. لە لایەکی ترەوە خودی ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەیەکی سروشتیی ئەو واقیعەیە کە ژنی کوردی تێدا دەژی و نەیتوانیوە هەتا ئێستا دەورێکی کاریگەر بگێڕێ و ئەگەریش گێڕابێتی ئەو دەورە نەتوانراوە بێتە نێو ڕۆمانی کوردی و ببێ بە دەق .

شەریف فەلاح: لە ڕۆمانی کوردیدا شتێک زۆر بەرجەستەیە، ئەوەیە ڕەنگە ئاراستەی گێڕانەوە و ڕەوتی ڕووداوەکان زۆر دەکەونە ژێر کاریگەریی کات و شوێنەوە کە دەڕۆیتە نێو بەشەکانی دیکەی ڕۆمانەکەوە فلاشبەگ دەبێنین دووبارە دەگەڕێتەوە شوێنی ڕووداوی ڕۆمانەکان، دەگۆڕدرێ، پێت وایە لە فۆرم گرتن و پێکهاتەی ڕۆماندا شوێن چ دەورێک دەگێڕێت

و بە نسبەت ڕۆمانی کوردییەوە چۆنە؟
عەبدولخالق یەعقووبی: لەبەر ئەوەی کە پرسیارەکە زۆر گشتیە من ناچارم وردە وردە بەرتەسکی بکەمەوە و بچینە سەر خاڵێکی تایبەت .شوێن هەمیشە کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری کەسایەتی هەیە و زۆر جار لە باسە کۆمەڵناسییەکاندا باس لەوە دەکرێ کە شوێن دەتوانێ تەنانەت لە سەر شێوەی بیرکردنەوە، شێوەی هەڵسوکەوت، و شێوەی قسە کردنیشدا کاریگەری دابنێ . ئەگەر ئەو شتەی کە جەنابت باسی دەکەی بکەین بە بنەمای باسێک لەوەدا کە خەساری هێنانە ئارای مەسەلەی شوێن لە ڕۆمانی کوردیدا چییە، من دەتوانم بەو شێوەیە باسی بکەم کە ڕۆماننووسی کورد زۆر جار ئەوە لەبیر دەکات کە کەسایەتییەکان هەمیشە هەڵسوکەوت و ئاخافتن و ڕەفتاریان دەبێ بەپێی ئەو شوێنە بێ کە تێیدا بەسەر دەبەن، بۆ نموونە تۆ دەبینی کەسایەتییەک لە دەسپێکی ڕۆمانەکە چۆن قسە دەکات دوای ئەوەی چەندین ساڵیش بەسەر ئەو ڕۆمانەدا یان ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانانەدا تێپەڕی بێت دیسان ئەو کەسایەتییە بە هەمان شێوە قسە دەکات، یا کەسایەتییەک ئەگەر لە شوێنێکی تایبەت بێت و دوو لاپەڕە دیالۆگ و ئاخافتنی لێ بڵاو بێتەوە، ئەگەر دوای دووسەد لاپەڕە
لە شوێنێکی زۆر
جیا و ا ز
دیسان
ئە و
کەسایەتیە قسە بکات دەبینی هەمان دەستەواژە و هەمان تۆن و لەحن و ڕاوێژ و دەنگ و سەدای هەیە.
شەریف فەلاح: یانی بە پێی تەمەنی کەسایەتیەکە ڕەفتارەکان نەگۆڕاون؟
عەبدولخالق یەعقووبی: ئەوە لەباری کاتەوە، یەکیش لەباری شوێنەوە، بۆ نموونە باشە دەکرێت کەسێک کە مامۆستای زانکۆ بێت و لەنێو کلاس و نێو پۆلەکەیدا خەریکە دەرس بە خوێندکارەکانی دەڵێت، ئەو مامۆستای زانکۆیە کاتێک بچێتە ناو بازاری شار و لەگەڵ دووکاندارێک قسە بکات، دیسان بە هەمان زمان قسە بکات، یانی ئایا ئەو شوێنە کاریگەریی لەسەر ئەو مامۆستایە ناکا کە لەو دووکانەدا چ وشەیەک هەڵبژێرێ، چ تۆنێک هەڵبژێرێ، چ لەحنێک هەڵبژێرێ. باشە بۆ لە هەندێک ڕۆمانی کوردیدا دا تۆ لە هەموو شوێنێک هەست دەکەی کەسایەتییەکان خەریکن فەلسەفە بەرهەم دێنن و خەریکن حیکمەت دەخوڵقێنن، لە ڕاستیدا ئەمە جۆرێک لە پەتای دەرخوارددانی حیکمەت بە خوێنەرە کە وا دەکات ڕۆماننووس هەموو کەسایەتییەکان بکات بە فەیلەسووف و ئەوە دیسان دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەیەکی تیۆری کە دەنگی کەسایەتی دەنگی خۆی نیە، بەڵکوو دەنگی دیکتاتۆریەتی داهێنەری ڕۆمانەکەیە کە نووسەرەکەی بێ. جارێکیان یەکێک لە ڕۆماننووسان، پێم وایە فلۆبێرە، بە گیدۆمۆپاسان دەڵێ: هەوڵ بدە لە چیرۆکەکاندا ڕەسانایەتی درووست بکە و ئەگەریش هەست دەکەی ڕەسانایەتییەکیان تێدایە ئەو ڕەسانایەتییە نیشان بدە. من پێم وایە بەشێک لە مەسەلە ی ڕەسانایەتی لە بابەت شوێنەوە کە مەبەستی پرسیارەکەی جەنابتە، ئەوەیە کە کەسایەتی بەپێی بارودۆخ کە شوێن یەکێک لە مەرجەکانی بێت دەبێ قسە بکات، یانی تۆ ناکرێت پێشمەرگەیەک لە مەیدانی شەڕ بە جۆرێک بئاخفێ، دواتر ئەو پێشمەرگەیە بچێت لە ژووری ماڵەکەی خۆی و لە هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ ژنەکەی هەر بە هەمان جۆر بئاخفێ. لە ڕاستیدا شوێن فاکتەرێکی زیندووە لە دەستنیشان کردنی شێوەی هەڵسوکەوت و ئاخافتن و بیر و بۆچوونی کەسایەتییەکاندا، ئەوەیە کە بە بڕوای من دەکرێ شوێن وەکوو خەسارێک لە ڕۆمانی کوردیدا باس بکرێت.
شەریف فەلاح: وەک دەزانین ئێشتاش بەشی زۆری ئەدەبیاتی ئێمە ئەدەبیاتی نەنووسراوە و پێی دەڵێن ئەدەبیاتی زارەکی و بەتایبەت کوردیش لەو بوارەوە زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام هێشتا کاری لەسەر نەکراوە و وەکوو خەرمانە و "گەنجێکی سەر بەمۆر" ماوەتەوە، بەشێکی نووسراوەتەوە، پێت وایە حیکایەت، بەیت و باوی کوردی دەتوانن لە خولقاندنی بەرهەمی نوێی کوردی و بەتایبەت ڕۆماندا

هەواڵنامەی کتێب

چ رۆڵێکیان هەبێ؟ رۆمانووسانی کورد چۆن دەتوانن لەمانە کەڵک وەرگرن بۆ نووسینەوەی ئەدەبییاتی هاوچەرخ؟

عەبدولخالق یەعقووبی: لە رەخنەی ئەدەبیدا باسێک هەیە بەناوی نێوان‌دەقێتی (intertextuality). یەکێک لەو کەسانەی کە لە جیهانی ئەدەبییاتدا زۆر بە شێوەیەکی زیرەکانە توانیویەتی لە میراتی رابردووی ئەدەبی خۆی کەڵک وەربگرێ و دەقێکی مۆدێرنی خۆی بارگاوی بکا بە دقێکی کۆن و سەرکەوتوویش بە دەقەکەی خۆی ببەخشێ " تی ئێس ئێلیۆت" بووە، کە لە زۆربەی شیعرەکانی خۆیدا کەڵک لەو میراتە وەردەگرێ کە ئەدەبیاتی رۆژئاوا بەگشتی لەبەر دەستی داناوە و توانیویەتی جۆرێ لە پەیوەندیی نێوان دەقیەتی ساز بکات. دیارە ئەو چەشنە پەیوەندیە زیاتر بۆ بەپرشت کردن و دەوڵەمەند کردنی خودی دەقەکەیە. ئەگەر ئێمە بروانینە ئەو مەسەلەیە کە جەنابت باسی دەکەی، کە مەسەلەی کەڵک وەرگرتن لە میراتی ئەدەبی فۆلکلۆریک و زارەکیی کوردییە بۆ ژانرێکی مۆدێرنی وەکوو رۆمان، من پێم وایە زۆر زۆر گرینگە کە ئەو پەیوەندیە نێوان دەقێتییە درووست بێت و درووست کردنی ئەو پەیوەندییە، یەکەم گرینگیەکەی لەوە دایە کە ئەتۆ لەو رێگایەوە دەتوانی بەشێک لە میراتێکی زیندووی رابردوو بگوازیتەوە بۆ نێو دەقێکی ئێستا و ئەو زیندوویەتییە بکەی بە رۆحی دەقی خۆشتدا و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مێژووی تۆ، میراتی تۆ، ئەدەبی کۆن و کلاسیکی تۆ لە ئەدەبیاتی ئەورۆتدا و لە دەقی ئەورۆتدا ئامادەیی هەبێ. کاریگاریی گرینگی دیکەی ئەوەیە کە ئەتۆ لەبری ئەوەی کە ئاسۆی تێروانینی خۆت تەنیا بە جیهانی ئێستاکەت، بەو جیهانەی کە تێیدا دەژی بەرتەسک بکەیتەوە، ئاسۆیەکی تێروانینی دیکە کە بەشێکە لە میراتی خۆشت کە ئاسۆی تێروانینی ئەدەبی فۆلکلۆریک و زارەکیش بێت زیادی دەکەی بە دەقەکەی خۆت و پانتایی تێگەیشتن و لەوانەیە چێژ وەرگرتنی دەقەکەی خۆشت بەربڵاوتر بکەی. بەڵام من پێم وایە لە هەموو گرینگتر ئەوەیە کە ئەدەبیات هەمیشە بوونێکی زیندووی هەیە، ئەدەبیاتی سەرکەوتوو ئەو ئەدەبیاتەیە کە سنوور ناناسێ ، کە حازر نیە بڵێ من تەنیا بۆ خوێنەری ئەمڕۆ دەنووسم یان وەکوو هەندێک لە برادەرانی ئێمە بڵێ نەخێر من تەنیا بۆ خوێنەری سەد ساڵی داهاتوو دەنووسم چونکی خوێنەری ئێستا لێم تێناگا. ئەدەبیاتی زیندوو، ئەدەبیاتی سەرکەوتوو، ئەو ئەدەبیاتەیە کە بۆ خوێنەری هەموو سەردەمێ بنووسرێ، راستە تۆ باس لە واقیعی ئێستا دەکەی، راستە تۆ خۆشت لە واقیعی ئێستادا دەژی، بەڵام ئەتۆ میراتێکی گەورە و گرانت لەبەر دەستە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریکی کوردی. بۆیە بە بڕوای من لە راستیدا ئەو کەسەی کە باوەڕی بە خولقاندنی رۆمانێکی هەمیشەیی بێت، رۆمانێک کە بۆ هەمیشە نووسرا بێت، رۆمانێ کە سەردەمێکی تایبەت نەناسێ، زۆر زۆر گرینگە کە بزانێ لە ئەدەبیاتی فۆلکلوریک و ئەدەبیاتی سەرزارەکیی خۆشی چی کراوە کە ئەو دەقانە بە زیندووی ماونەتەوە و ئەو چۆن بتوانێ لەو راستیيانە کەڵک وەربگرێ، چ وەک مۆدێل، چ وەک ئەوەی کە بتوانێ جارێکی دیکە لەسەر ئەساسی ئەو پرۆسەیە کە ئەو ئەدەبیاتە بەرهەم هاتووە، ئەو ژانرێکی دیکە بەرهەم بێنێ کە ژانری رۆمانە و من پێم وایە لەو بارەشەوە ئەگەر ئێمە هەڵێ سەنگێنین هەتا ئێستا لە رۆمانی کوردیدا لەم بارەوە کاری زۆر گرینگ نەکراوە. بۆ نموونە ئەو ریالیزمی جادووییەی کە "بەختیار عەلی" لە رۆمانەکانیدا بەکاری دێنێ، من پێم وایە کۆپییەکی کاڵی ئەو ریالیزمە جادووییەیە کە لە ئەدەبیاتی ئامریکای لاتیندا کراوە، لە کاتێکدا ئەتۆ ئەگەر ئاوڕێک لە بەیتی "شێخ فەرخ و خاتوو ئەستێ" بدەیتەوە، دەبینی ریالیزمێکی جادوویی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردی بە زەینییەتی ئینسانی کورد لەوێدا هەیە کە بۆ وێنە منداڵێک دەتوانێ لەسەر لانک قسە بکات و ئەو جادوویە بووەتە بەشێ لە واقعی ئەو دەقە.

> لە هەموو گرینگتر ئەوەیە کە ئەدەبیات هەمیشە بوونێکی زیندووی هەیە، ئەدەبیاتی سەرکەوتوو ئەو ئەدەبیاتەیە کە سنوور ناناسێ ، کە حازر نیە بڵێ من تەنیا بۆ خوێنەری ئەمڕۆ دەنووسم یان وەکوو هەندێک لە برادەرانی ئێمە بڵێ نەخێر من تەنیا بۆ خوێنەری سەد ساڵی داهاتوو دەنووسم چونکی خوێنەری ئێستا لێم تێناگا. ئەدەبیاتی زیندوو، ئەدەبیاتی سەرکەوتوو، ئەو ئەدەبیاتەیە کە بۆ خوێنەری هەموو سەردەمێ بنووسرێ،

شەریف فەلاح: ئێستا ئەوانەی کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەنووسن لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە سانسۆر بەسەریدا زاڵە، ناتوانن ئەو جۆرەی کە دەیانەوێ بنووسن، لێرەدا پەنا دەبەنە بەر هێندێ سیمبۆل و هێندێک هێما، پێت وایە رۆماننووسانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، بەتایبەت ئەو رۆمانانەی کە تۆ خوێندوونەتەوە وەکوو رۆمانەکانی"عەتا نەهایی"، "فەتاح ئەمیری" بۆ ئەوەی هەموو خوێنەرێ لێی تێبگات لە پشتی ئەم سانسۆرەوە کە بە سەریا زاڵە، چۆن کەڵکیان لەم هیما و سیمبۆلانە وەرگرتووە؟

عەبدولخالق یەعقووبی: ئەگەر ئێمە بۆ باس کردن لە رۆمان جارجار نموونە لە شیعر دێنینەوە نامانهەوێ باسەکە بگۆڕین، بەڵام ئەو پرسیارەی کە تۆ لە منت کرد ناچارم دەکات بمباتەوە سەر "سوارە ئێلخانی‌زادە" "لە خەوەبەردینە"دا، چوونکە ئەو شتەی کە جەنابت باسی دەکەی راستەو راست لە "خەوەبەردینە"دا رەچاو کراوە، یانی کەڵک وەرگرتن لە هێما و سیمبۆڵ بۆ پێکانی مەبەستێک کە ناخوازرێت بە ئاشکرایی باسی لێ بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو ئەو کارانە لەنێو بازنەیەکی دەقییەت و ئەدەبییەتدا بخولێتەوە. لە شیعری خەوەبەردینەدا دەبینی

که شیعرەکە سەررێژە لە سەمبۆل و هێما و نیشانە، بەڵام لە ئەنجامدا تۆ جیهانێکی زۆر بەربڵاوی هێرمۆنۆتیکیشت دەکەوێتە بەردەست کە ئەتوانی زۆر بە حەزی خۆت لەو جیهانەدا بخولێیەوە و واتا کەشف بکەیت و مانا بدۆزییەوە. لە راستیدا ئەو شتە لە رۆمانی کوردیدا کەم و زۆر کراوە. بەشێکی بەهۆی ئەوەی کە لە بنەڕەتدا، یەکەم، رۆمان کاتێک دەتوانێ مەیدانی شرۆڤەی بەربڵاو بێت کە خۆی بتوانێ لەو هێما و سیمبۆلانە کەڵک وەربگرێ و خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە جەنابتان باستان کرد؛ واتە رۆمانی کوردی ئێستا لە کوردستانی رۆژهەڵات لە بارودۆخێکدا دەخۆلقێ کە ناچارە زۆر جار پەنا بەرێتە بەر سیمبۆل و هێما هەرچەند من هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا هەم کە، خۆی بارودۆخی سیاسی واتای ئەوە نییە کە تۆ دەبێ بێ ئەملا و ئەولا لەبەر ئەو بارودۆخە سیاسیە پەنا بەریتە بەر هێما و سیمبۆل، چوونکە هێما و سیمبۆل بۆ خۆی بەشێکە لە هونەری ئەدەبیات بەگشتی و رۆمان بەتایبەتی، بەڵام لەسەر ئەوەی کە باس بکەین چۆن ئەو هێما و سیمبۆلانە بەکار براوە و هەتا چەندە توانیویەتی لەو بوارەدا سەرکەوتوو بێت، من دیارە ناچارم لە رێگای نموونەوە قسە بکەم. لە رۆمانی "شاربەدەر"ی کاک "حوسێن شیربەگی"دا خودی ئەو حاڵەتی شاربەدەریە هێمایەکە بۆ ئەو حاڵەتەی کە نەتەوەی کورد تێیدایە، بەڵام لەراستیدا تۆ کاتێک کە سەرلەبەری ئەو رۆمانە دەخوێنیتەوە دەبینی، ئەو هێمایە لە وەسفێکی رووتی بێ رووتووشی رۆماننووسانەدا ماوەتەوە، یانی رۆماننووس نەیتوانیوە ئەو هێمایە لە ئاستێکی واقیعی جیهانی دەرەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستی واقیعێکی نێو رۆمان، واقیعێکی هونەری. هەر ئەوەیە کە کاتێک تۆ ئەو رۆمانە دەخوێنیتەوە لە هەمان کاتدا کە هەست بەوە دەکەی، شتی زۆر گرینگ لەو رۆمانەدا باس کراوە، کەسایەتیگەلێک خولقاون کە ئەو کەسایەتییانە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبوون، ئەزموونەکە جۆرێک لە ئەزموونی ژیانی کوردییە و لە ئاکامیشدا بەشێک لە مێژووی کوردستان و بەتایبەتی لە رۆژهەڵات بۆ ئێمە تۆمار و وەسف و وێنا دەکا، بەڵام تۆ ناتوانی بچیتە ناو جیهانی راڤە و شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی شێکاری بۆ ئەو هێما و سیمبۆلانە، نە بۆ کاسەیەتییەکان وەکوو سیمبۆل و هێما، نە بۆ حاڵەتەکە وەکوو شاربەدەری و نە بۆ شوێنەکانیش. ئەوەیە کە ئەو رۆمانە لە راستیدا ناتوانرێ وەکوو رۆمانێک لەبەرچاو بگیرێ کە توانیبێتی لەباری هێماییەوە خوێنەر ناچار بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و لە ئەنجامدا ناسینێکی وردی کۆمەڵگای خۆی بکات. لە "گوڵی شۆران"ی "عەتا نەهایی"ش دا بە بڕوای من دیسان سیمبۆلەکان پێوەندییەکانیان زۆر زەق و زۆقە لەو واقیعەی کە تێیدایە. بۆ نموونە، ئەو حاڵەتەی کە لاس دەگەڕێتەوە، ئەو بەسەرهاتەی نێوان لاس و براژنەکەی، کەسایەتیی دایکی لاس، کەسایەتیی برا سەقەتەکەی لاس هەمووی ئەوانە لە هەمان کاتدا کە سیمبۆلن و تۆ دەتوانی خوێندنەوەیان بۆ بکەی، زۆر بە راشکاوی خۆیان بەدەستەوە دەدەن. گرینگە خوێنەر لە هەمان کاتدا بزانێ کە ئەوە هێمای ئەو کۆمەڵگا سەقەتەی ئێمەیە، بەڵام بشزانێ کە ئەم کەسایەتییە ژیانی خۆشی لەو رۆمانەدا ژیاوە و سەقەت بوونەکەی لۆژیکێکی رۆمانی لە پشتەوەیە، بۆ؟ چوونکە تۆ لەو رۆمانەدا راستە پێت خۆشە بزانی تا چەندە ئەوە پێشاندەری واقیعەکانی کۆمەڵگای خۆمانە، یان خودی خوێندنەوەی ئەو واقیعە رۆمانییە خوێندنەوەیەکی قووڵتر تبخاتە بەر دەست بۆ خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵگای خۆت. من پێم وایە رۆمانی "عەتا نەهایی" بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە: قۆناغی یەکەم لە "گوڵی شۆران"دا لەسەر ناوەڕۆک و خوێندنەوەیەکی مێژوو گەرایانە پێداگری دەکرد، قۆناغی دووەم کەلە "باڵندەکانی دەمبا"دا کە تەواو رووی هێنایە سەر مەسەلەی فۆرم و گێڕانەوە و پەرداختێکی هۆنەریی فۆرم گەرایانە و لە رۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"دا کە هەوڵی دا ئەو دوو حاڵەتە بگەیەنێ بە هاوسەنگی و یەکسانی، کە من پێم وایە هەر بەو هۆیەش لە رۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"دا کەسایەتییەکان زۆر بە شێوەیەکی هونەریتر هێمای ئەو واقیعانەی دەرەوەی خۆیانن. لە رۆمانەکانی "میرزا" و "هاوارەبەرە"دا بەڕاستی ئەوەندە حاڵەتێکی تیپیکاڵێ هەیە، ئەوەندە دەیهەوێ قارەمانپەروەرانە هەڵسوکەوت بکا کە تۆ زۆر زوو دەزانی ئەوە نوێنەری یان سیمبۆلی ئەو خواستەیە کە لە مێشکی رۆماننووسەکەدا هەیە و لە ئەنجامدا زۆر زوو خوێنەر دەستی رۆماننووسی دەخوێنێتەوە.بۆیە خوێنەر ناتوانێ بە شێوەیەکی زیندوو لەنێو رۆمانەکەدا بژی، زیاتر بیرلەوە دەکاتەوە کە ئەمە کۆپییەک لەو شتەیە کە رۆماننووس لە بابەت کۆمەڵگا بە ئاواتی دەخوازێ.

شەریف فەلاح: ئەم پرسیارەش رەنگە بە جۆرێ هەر پێوەندیی بە پرسیاری پێشووە هەبێ، هەروەک دەزانین یەکێک لەو هۆیانەی پەنا بردنە بەر سیمبۆل و هێما پێوەندیی بە شتە حەرامەکانی نێو کۆمەڵگای ئێمەوە هەبێ، کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی مەزهەبی و نەریتییە، گەلێک شتی بقە، عەیبە و حەرامەمان هەیە ئەگەر رۆماننووسێکی کورد بیهەوێ باسی خۆشەویستی، یان پێوەندی سێکسی نێوان دوو رەگەزی بەرامبەر بکات چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمەدا دەکات کە هەم لایەنە هونەرییەکە بپێکێ و هەم کۆمەڵگا لێی توورە نەبێ و خوێنەر چێژیشی لێ وەربگرێ؟

عەبدولخالق یەعقووبی: یەکەم ئەوە بڵێم ئەو رۆماننووسەی کە رۆمان بەجۆرێک بنووسێ بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لێی توورە نەبێ، ئەوە هەر زوو دەست لە رۆماننووسی هەڵبگرێت باشترە. لەڕاستیدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئاخۆ بڕیارە رۆماننووس کامێرایەک بخاتە سەرشانی و بگەڕێ بەنێو کۆمەڵگادا و فیلمێکی دێکیۆمنتاری ئامادە بکات، یان ئەوەی رۆماننووس لە نێو کۆمەڵگای خۆیدا ژیاوە، ژیانی کۆمەڵگای خۆی ئەزموون کردووە، مرۆڤی کۆمەڵگای خۆی بینیوە، واقیعی کۆمەڵگای خۆی هەست پێکردووە و دواتر هەموو ئەوانە لە فیلتێری زەین و زمانی خۆی دەدات و رۆمان بەرهەم دەهێنیت؟ من پێم وایە ئەگەر مەسەلەی بەرجەستە کردنەوەی ئەو هێندە تابویانەی کە جەنابت باسی دەکەی، لەو دیدەوە باس بکەین، زۆر رێگا و دەرفەت و دەرەتان هەیە بۆ

ئەوەی کە تۆ ئەو پەیوەندییانەش لە ڕۆمانی خۆتدا بنوێنی، بۆ؟ چوونکە تۆ لە ئەنجامدا دەتەوێ هونەری گێڕانەوەی واقیعی کۆمەڵگایەک پێشکەشی خوێنەرەکانت بکەی، خۆ بڕیار نییە خۆدی واقیعەکان پێشکەش بکەی. ڕۆماننووسیش لە ڕاستیدا ڕەخنەکار و تیۆری داڕێژ و فەیلەسووف نییە کە بیهەوێ لە باری فەلسەفی و تیۆریکیی ئەو پەیوەندییانە بکۆڵێتەوە؛ ڕۆماننووس دەیهەوێ واقیعێک لە ڕۆمانی خۆیدا بەرجەستە بکات کە خوێنەرەکەی بگەیەنێت بە ناسینێکی وردتر و قووڵتر لە کۆمەڵگای خۆی، هەر ئەو مرۆڤەی کە لە کۆمەڵگای خۆیدا دەژی، بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە کۆمەڵگای خۆی باشتر دەناسێ و لەوانەیە چێژیش لە ناسین و ناسینەوەی ئەو شتانە وەربگرێ کە لە کۆمەڵگای خۆیدا هەیە، چوونکە لە ئاکامدا ڕۆمان دەقێکی ئەدەبییە، دەبێ هەمیشە لایەنێکی تێگەیشتن و گەیشتن بە مەعریفەیەکی تێدا بێ و لایەنی دووەمیش چێژ وەرگرتن بێت. من پێم وایە کێشەکە لەوە دایە، ئەگەر تۆ لە ڕۆمانێکدا نەتوانی بۆ وێنە پەیوەندیی سێکسیی نێوان دوو کەسایەتی بکەیت بە جۆرێک لە واقیعەتی ڕۆمانەکەت و ئەو پەیوەندییە بۆ نموونە بەشێک بێ لە ناسینی ئەو کەسایەتییەی کە لەو ڕۆمانەدا هەیە، خودی بەرجەستە کردنەوەی ئەو پەیوەندییە هیچ سوود و قازانجێکی نییە. ڕۆماننووس لە بنەڕەتدا لەگەڵ کەسێک کە بەرهەمێکی پۆرنۆگرافیکی ڕووت بەرهەم دێنێ جیاوازی هەیە. تۆ لە بەرهەمێکدا کە مەبەستی تەنیا ئەوە بێ کە هەستی سێکسی خوێنەر بووروژێنێ، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆماننووسێ بیهەوێ لە ڕێگای زووم کردن لە وەها دیمەنێک ناسینێکی فەلسەفیانە و ڕۆمانناسانە بە خوێنەرەکەی بدات جیاوازیی زۆرە. من پێم وایە بەشێک لە مەسەلەی بەرجەستە نەکردنی ئەو پەیوەندییانە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ڕۆمانی کوردی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو واقیعییەت و کولتوورەیە کە تێیدا ژیاوە کە لەم بابەتەدا بە پەراوێز خستنی کێشە سێکسییەکانە لە پەیوەندیی ئینسانەکاندا. ئێمە لە واقیعی ئاسایی خۆماندا دەبینین کە بۆ وێنە پەیوەندیی سێکسی تەنانەت لە نێوان پیاو و ژنێکدا کە بە قەولە شەرعیەکەی حەلاڵی یەکتریش بن، چەندە دەور دەگێڕێ لەوەی کە ژیانی ئەو جووتە چۆن بێ، پەروەردەی منداڵەکانیان چۆن بێ، بەختەوەری و نابەختەوەری ژیانیان تا چ ئاستێک بێ، بۆیە ئەمە شتێکە کە لە ژیانی ئاساییدا زۆر گرینگە. هەتا ئێستا ئێمە ڕۆماننووسێکمان نەبینیوە کە گرنگییەکی بنەڕەتی بدات بەو پەیوەندییە کە ئەساسی کەسایەتیەکانیان لەسەر دابمەزرێت. من ڕۆماننووسێکی وەکوو "میلان کوندێرا"م بۆیە زۆر پێ گرنگە، چوونکە لانیکەم لەو بوارەودا زۆر ئازایانە توانیویەتی ڕۆمانی جیهان بهەژێنێ و ئەویش ئەوەیە کە ئەساسی فەلسەفیی ڕۆمانەکانی خۆی لەسەر پەیوەندیی سێکسیی نێوان کەسایەتیەکانی دادە مەزرێنێت. لە یەکێک لە چیرۆکەکانیدا کە خاتوونێک بە ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتەوە کە لە شوێنێکی تایبەتدا دەستوور بە کابرایەکی ژێردەستی خۆی دەدا، لە ژووری خەوتنەکەدا ملکەچ دەکا بۆ ئەو کابرایە بۆ ئەوەی کابراکە خۆی بە دەستەوە بدا بۆ ئەوە، یانی ئەو دیمەنە و ئەو شێوە ڕەفتارە لەگەڵ مەسەلەی پەیوەندی سێکسی تۆ دەبینی چەندە خوێندنەوەیەکی ورد لەو کەسایەتیە بە دەستەوە دەدات کە ئایدیۆلۆژیستێک لە شوێنی ڕەسمی چۆن ڕەفتار دەکا و لە شوێنی ناڕەسمی چۆن دەجووڵێتەوە و چۆن قسە دەکات.

شەریف فەلاح: لێرەدا ناچارین بۆ ئەوەی کە زیاتر باسەکە بەربلاو بکەینەوە ناچارین بگەڕێینەوە سەر ژانری شێعر، وەک دەزانی ژانری شێعر وەکوو تۆخمی زاڵی کۆمەڵگای ئێمە، ڕۆڵی ژانری زاڵی ئەدەبی گێڕاو هەروەک ئێستاش بە جۆرێک هەیە، هەرچەند داستان و ڕۆمانی نوێ لەلای ئێمە دێر سەری هەڵداوە، بەڵام ئەگەر شێعری کلاسیکی کوردی دەخوێنینەوە، توێژاڵێک، تۆخمێک لە گێڕانەوی و حیکایەت، بەسەریدا زاڵە، لە شێعری کلاسیکدا بە خەست دەبینرێت و لە شیعری لە نوێشدا توێژاڵێک هەیە، مەبەست ئەوەیە کە چۆنە ئەوکات کە هێشتا ڕۆمان سەرهەڵنەداوە، بەڵام تۆخمێک لە گێڕانەوە لە شێعردا هەبووە تۆ ئەمە بۆ چی دەگەڕێنییەوە؟

عەبدولخالق یەعقووبی: ئەو شتە ڕاستە. نموونەکەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لەوانەیە مەستوورەکەی نالی بێت، یانی تۆ لە مەستوورەی نالیدا هەست بە جۆرێک گێڕانەوە دەکەی چوونکە تەوالییەک هەیە، بەرەودوا چوونێک هەیە، با بڵێین حاڵەتێکی یەکەم و دووهەم و سێیەم هەیە لەو شێعرەدا. خۆی لە شێعردا ئەسلەن، ڕەوایی بوونی شێعر، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری کلاسیک بووە، بەتایبەت لە شێعرە درێژەکان وەکوو قەسیدە، ئەو حاڵەتە هەبووە، بەڵام من ئێستا بە ڕاستی لەوە تێنەگەیشتم کە ئێمە چۆن پەیوەندیی بدەینەوە بە مەسەلەی ڕۆمانەوە؟!

شەریف فەلاح: بۆ وێنە کاراکتێر لە شیعرەکانی قانعدا، وەک دەبینین کاراکتێریان تێدایە و وەک خۆت دەڵێی کەسی یەکەم، دووەم و سێیەم حزووری هەیە، دەزانین ئەوکات ژانری ڕۆمان سەری هەڵنەداوە، پێت وایە ئەمە پەیوەندیی بە همان باگراوەندی حیکایەت، بەیت و باو (ئەدەبی زارەکی) و بەیتخوێنەکان نەبووە کەلە شیعرا سەری خۆ دەرخستۆوە؟

عەبدولخالق یەعقووبی: ئەگەر گێڕانەوە بە واتایەکی زۆر گشتی لەبەرچاو بگری، گێڕانەوە زاڵە بەسەر هەموو شتێکماندا. ئێمە لە چکۆلەترین هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا کە دەمانهەوێ ڕووداوێک بگێڕینەوە بۆ بەرامبەرەکەمان، تا خودی مەسەلەی چیرۆک و ڕۆمان کە ئەسڵەکەی لەسەر گێڕانەوەیە، گێڕانەوە حوکم دەکات، بۆیە گێڕانەوە دەتوانێ بازنەیەکی گەورە بێ و شیعریش تێیدا جێی بێتەوە. ئەوەی کە ئەو گێڕانەوەیە ئایا کاریگەریی لە داستان و چیرۆکی فۆلکلۆرێک و حیکایەت وەرگرتبێت، لەوەدا من دڵنیا نیم کە وەرگرتنەکە وەرگرتنێکی ڕاستەوخۆ بووبێ، بەڵکوو زۆر جار هەندێک شێعر هەیە، بنەمای پێکهاتەی شیعرەکە ئەوە دەخوازێ کە گێڕانەوەی تێدا بێت. بۆ نموونە، لەو شێعرەی کە بۆم باس کردی، لە مەستوورەدا، نالی بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان خۆی و مەستوورە بخاتە بەرچاوی

خوێنەرەکەی، تۆخمی گێڕانەوەی تێدا جێگیر و لە ڕێگای گێڕانەوەوە ئەو پێوەندییە ئاشکرا دەکات. گێڕانەوە لە شیعردا لە نێو شێعریەتی شیعردا دەتوێتەوە و لەو خەسڵەت و تایبەتمەندیە کە گێڕانەوە لە چیروکدا هەیەتی جیا دەبێتەوە. بۆ نموونە تۆ لەو شیعرەدا دەبینی زمانی نالی زاڵە بەسەر گێڕانەوەکەدا، تەنانەت مەستوورە کە پێناسە دەکردرێت بە تەواوی لە دید و زەینی خودی نالیەوە پێناسە دەکرێت و لێرەدا ئەوە گرینگ نییە کە بە زمانێکی سروشتیی خۆی قسە بکات. بە کورتی من پێم وایە گێڕانەوە لە شێعردا دەبێتە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعر و لە شیعریەتی شیعردا قاڵ دەبێتەوە و ئەو حاڵەتە لەدەست دەدات کە بۆ وێنە گێڕانەوە لە ڕۆمان و لە چیرۆکدا هەیەتی، بەڵام خۆدی ئەوە نیشان دەدا کە هەمیشە لەنێو ژانرەکاندا دانوستان هەیە، یانی هەر ژانرێک جاری وایە خۆی لە واقیعدا حاسڵی زاوزێی ژانرێکی پێش خۆی بووە.

شەریف فەلاح: جەنابت وەکوو ڕەخنەگرێکی جیدی کە بەردەوام زمان و ئەدەبی ئینگلیزی دەخوێنێتەوە و وەکوو مامۆستای زانکۆ زانیاریت لەسەر ڕۆمانی هاوچەرخی جیهانی هەیە، ڕۆمانی کوردی بەم تایبەتمەندییانە و بەم واقیعە تاڵەی ژیانی کۆمەڵگای کوردی کە باسمان لێکرد لە چ ئاستێکی ڕۆمانی گشتی جیهانی دایە و پێت وایە ئەگەر بێت و ڕۆمانی کوردی وەربگێڕدرێنە سەر زمان زیندووەکانی دنیا لە ئاستی کۆمەڵگای ئەدەبی هاوچەرخ و نوێی جیهانیدا چۆن وەردەگیرێت؟

عەبدولخالق یەعقووبی: من پێم وایە ئاستی ئێستای ڕۆمانی کوردی وامان لێدەکا زۆر بە پەرۆش بین بۆ ئەوەی کە جیدیتر کار بکەین و خۆمان بگەیەنینە ئەو ئاستە دڵخوازە کە جیهانیش بمانخوێنێتەوە. دیارە نامەوێ لە ڕوانگەی ئەو قسەیەوە بەرامبەرەکەمان وا لێم تێ بگات کە من بە شێوەیەکی سووک چاو لە ڕۆمانی خۆمان دەکەم. بە پێچەوانەوە من زۆر ڕێز بۆ ئەدەبیاتی خۆمان دادەنێم و هەست دەکەم کە کارمان کردووە و کاری جیدیشمان کردووە، بەڵام ئەتۆ لە ناو دنیایەکدا دەژی کە هەموو کەس ئاگای لە کەسانی دەوروبەری خۆیەتی، ئێمە بە بەردەوامی ئەدەبیاتی دنیا دەخوێنینەوە، ئەدەبیاتی فارس و تورک و عەرەب دەخوێنینەوە و ئاگامان لێیە کە ئەو بەرهەمانە لەوێ بەرهەم دێن لە چ ئاستێک دان، بەڵام من ناتوانم دان بەوە دانەنێم کە بۆ نموونە کاتێ ڕۆمانی "بەفر"ی "ئۆرهان پامۆک"م خوێندەوە، یانی ئەوکات هەستم پێکرد کە ڕۆماننووسی کورد چەندە هێشتا ڕێگای لەبەرە بۆ ئەوەی کە ببێ بە ڕۆماننووسێکی دیار لە ئاستی جیهانیدا. لە سەرێکی ترەوە پێم وایە بایی ئەوەندەشمان کار کردووە کە نائومید نەبین و لانیکەم دروشمی ئەوە بدەین کە ئاسۆ ڕوونە و کار بکەین. بەڵام واقیعیەت ئەوەیە کە کێشەی گەورەی ڕۆمانی کوردی و ڕۆماننووسانی کورد ئەوەیە کە ئەگەر ئاگاداری ئەزموونی جیهانیش بن، نەیان ویستووە خۆیان، یان نەیان توانیوە خۆیان لەو ستانداردە جیهانیە نزیک بکەنەوە کە ڕۆمانی سەرکەوتووی دنیای تێیدا بەسەر دەبات. بۆ نموونە، من "گرەوی بەختی هەڵاڵە"م پێ ڕۆمانێکی باش بوو، بەڵام کاتێ کە خوێندمەوە بەڕاستی (ڕاستۆکانە پێت بڵێم) هەستم نەکرد هەنگاوێکی بەهێزی بەرەو پێش بێ. هەڵبەت هەنگاوێکی جیاواز بوو لە "باڵندەکانی دەم با" و لە "گوڵی شۆران"، بەڵام هەستم نەکرد هەنگاوێکی بەرەو پێشی بەرچاو لەچاو ڕۆمانەکانی پێشووی "کاک عەتا" بێت.

که من ئەوە دەبینم هەست دەکەم کە ڕۆماننووسی ئێمە نەک ئەوەی کە ماندوو نەبێ، نەک ئەوەی کە کەمتەرخەم بێت، بەڵام بەڕاستی بڕست و بڕشتی ئەوەی لە خۆیدا پێک نەهێناوە کە بتوانێ بە هەنگاوی بەگوڕ لە ڕۆمانی جیهانی نزیک بێتەوە و لێشت ناشارمەوە، بۆ نموونە کاتێک من بیر لەوە دەکەمەوە باشە، چۆنە هەندێک ڕۆماننووسی کورد ڕێژەیەکی باشی خوێنەر دەورەیانداوە، ئایا بەڕاستی ئەو پێشوازییە پێشوازییەکە لەباری هونەری و ئەدەبی لەو ڕۆمانانە دەکردرێ، یان ئەوەی کە ئەو ڕۆمانانە خەریکن بۆشایی و بەتاڵییەک لە زەینی خوێنەری کورد پڕ دەکەنەوە کە ئەو خوێنەرە بە ئاواتی دەخوازێ. ڕۆماننووسانی ئێمە زۆر گرینگە کە باس لە واقیعی کۆمەڵگای خۆیان بکەن، بەڵام زۆر زۆر گرینگتر ئەوەیە کە ئەو واقیعە بە شێوەیەک بنوێنن و بە شێوەیەک بیکەنە ڕۆمان کە ئەگەر ئەو ئاسەوارە وەرگێڕایە سەر زمانێکی بیانی، بەڕاستی خوێنەری بیانیشمان هەبێ و خوێنەری بیانیش حەزی لەوە بێت کە ڕۆمانی کوردی بخوێنێتەوە و لە ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانی کوردییەوە، ئەویش خۆی زیاتر بناسێ. ئاخۆ بۆ "ئاناکارنینا"ی "تولستۆی" پێی دەڵێین: "عاشقانەترین ڕۆمانی دونیا"؟ لە کاتێکدا ئەو ڕۆمانە باس لە عیشقی دوو کەسی ڕووسی دەکات، لە بڕگەیەکی تایبەتی مێژووی ڕووسیاش. بەڵام بۆ ئەو ڕۆمانە توانیویەتی ببێتە عاشقانەترین ڕۆمانی دنیا، بۆ ئێمە نەتوانین لە دوو کەسایەتیی کورد عاشقانەترین ڕۆمانی دنیا بخوڵقێنین؟ ئەوە شتێکە کە بەڕاستی پێویستی بە باس و خواسە و باسی زۆر تیۆریک و وردی دەوێ بۆ ئەوەی ڕۆماننووسی ئێمەش بەو قەناعەتە بگەن کە نەک وەکوو ئەوان بنووسن، بەڵام لانیکەم بەو ستانداردانە بنووسن کە ئەمڕۆ لە دنیادا باوە. ئەوەشمان لەبیر نەچێ خۆی ئەوە خەون و خەیاڵێکی زۆر باشە و دەبێ کاری بۆ بکەین، بەڵام لەبیرمان نەچێت کە گەشەکردنی هەموو ئەدەبیاتێک پێویستی بە کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوەکی هەیە، کە ئەوەش دیارە بە کات و بە کاری زۆر جێبەجێ دەبێ. من لەو کەسانەم کە پەلە ناکەم و پێم وایە دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ڕۆماننووسانی ئێمە چۆن خۆیان لەگەڵ ئەم وەزعیەتەی ڕۆمانی دنیا هەڵدەسەنگێنن و چۆن دەیانهەوێ خۆیان لەو بارودۆخە نزیک بکەنەوە. ئێستا ئێمە دانیشتووین و باس لە ڕۆمانی کوردی دەکەین کە ئەوە خۆی نیشاندەری ئەوەیە ئیرادەیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ڕۆمانی کوردی بەرهەم بێت، بۆ ئەوەی ڕۆمانی کوردی لە نەخشەی ڕۆمانی جیهانیدا جێگایەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام ئەو جێگایە هەتا چەندە دەگا بە شوێنی شایانی خۆی، من پێم وایە دەبێ زۆر خەمی بۆ بخۆین و زۆریشی بۆ بە پەلە نەبین.

وتووێژی محەمەد ئۆزوون لەگەڵ شێرکۆ بێکەس

محەمەد ئوزوون

محەمەد ئوزوون: هەر وەک شێرکۆ بێکەسیش لە قسەکانیدا باسی دەکات؛ ئەو بە شێعرەکانی بووەتە هاواری هەژاران و هیوای پێشمەرگەی کوردستان. لێ شێرکۆ بێکەسیش وەک هەموو پەنابەرێکی کورد، لە پەنابەری و غەریبی دڵی تەنگە. بەڵام ئەو دەڵێت: "کوردستان لە دڵی مندایە" و بەمشێوەیە درێژە بە قسەکانی دەدات:

پرسیار: کاک شێرکۆ هەرچەندە بەڕێزت شاعیرێکی ناسراوی، بەڵام دیسان وەک دەسپێک هەندێکی باسی خۆت بۆ خوێنەرەکانمان دەکەی؟

وەڵام: بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بە کورتی ژیانی من ئاوایە: ساڵی ١٩٤٠ لە سلێمانی لە دایک بووم، کوڕی شاعیری ناسراوی کورد، فایەق بێکەسم. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە سلێمانی و بەغدا تەواو کردووە. کاتێک دەستم بە ئەدەبیاتی کوردی کرد، شیعری نوێی کوردی سەرنجی ڕاکێشام و بە تایبەتی شیعری گۆران و هەردیم دەخوێندەوە. یەکەم جار شیعرەکانم لە حەفتەنامەی "ژین" کە لە سلێمانی دەردەچوو بڵاو کرایەوە. بێگومان شێعرەکانی ئەو کاتم لە ڕووی هونەرییەوە لاواز بوون، بەڵام ئەوانە یەکەم هەنگاوەکانی ژیانی شاعیریم بوو. لە ساڵانی ١٩٦٠ەوە شیعرەکانی لە هەموو ڕوویێکەوە، باشتر و دەوڵەمەندتر بوون.

شۆڕشی ئەیلوول، بزووتنەوەیەکی هزری و زانستیی لە کوردستان ساز کرد. گرنگترین دەرکەوتەی ئەو سەردەمە، سەرهەڵدانی پێشمەرگە بوو. پێشمەرگە وەک هێزی چەکداریی کورد و خواستە نەتەوەییەکانی، کاریگەریی لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان دانا. هەروەها کاری کردە سەر ئەدەبیات و شیعری کوردیش. پێشمەرگە وەک سیمبول و هێما شوێنێکی پیرۆزی لە شیعری و ئەدەبی کوردیدا گرت.

ساڵی ١٩٦٥ ئەو کاتەی عەبدولسەلام عارف لە سەر حوکم بوو، دەوڵەت ویستی من بگرێت، بەڵام من هەڵاتم و چوومە شاخ و چوومە ڕیزی شۆڕشی کوردستان. لەوێ لە ڕادیۆی ڕزگاری شۆڕش کارم دەکرد و خەڵکەکەم و پێشمەرگەکانیم باشتر ناسی. ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر من و شیعرەکانم دانا. ساڵی ١٩٦٨ یەکەم دیوانە شیعرم بە ناوی تریفەی هەڵبەست چاپ و بڵاو کرایەوە. ساڵی ١٩٧٠ش دووهەم بەرهەمی شیعریم چاپ بوو.

لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٠دا نووسەر و شاعیرانی لاوی کورد خاوەن بزووتنەوەیەکی بە هێز بوو. دانوستان و تێکەڵیمان لەگەڵ ئەدیبانی عەرەب بە هێز بوو. خوێندنەوە، لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوە گەلێک پێشکەوتوو بوو. پەیمانی ١١ ئاداری ١٩٧٠ کە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی بەغدادا واژۆ کرا، سەربەستییەکی گەورەی دایە ئەدەبیاتی کوردی. ئەو پێشکەوتنانە یارمەتی ئێمەی دا کە بانگەوازی نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبی کوردی بکەین. ئەو کاتە ئەدەبیاتی کوردی تووشی نەخۆشییەک هاتبوو، قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ببووە هۆی چەقبەستن. ئێمە دەمانویست زمان و ئەدەبیاتی کوردی سەر لە نوێ بژیێنینەوە و گەشەی پێ بدەین و ڕۆحێکی نوێ بکەین بە بەریدا. ئەو کات ئێمە بە کۆمەڵەی ڕۆوەنگ دەناسراین و بە ناوی کۆمەڵەکەمانەوە بەیاننامەیەکی ئەدەبیمان بڵاو کردەوە.

ئەو بەیاننامەیە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و گەلێک گفتوگۆ و مشت و مڕی نایەوە. هەر وەها بووە هەنگاوێکی نوێ بۆ گەشەسەند و بە هێز بوونی ئەدەبیاتی کوردی. ساڵی ١٩٧٤ زۆربەی قەڵەمە ناسراوەکانی کورد لەگەڵ ڕیزەکانی شۆڕش چوونە شاخ. پاش تێکچوونی شۆڕش، من گەڕامەوە سلێمانی، بەڵام نەیانهێشت لەوێ دانیشم و ناردمیان بۆ باشووری عێراق. پاشان جارێکی دی گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

ساڵی ١٩٧١ شانۆگەریی "کاوەی ئاسنگەر" و ساڵی ١٩٧٣ دیوانە شیعری "من تینوێتیم بە گڕ دەشکێ"م نووسی. ساڵی ١٩٧٦ دیوانی "ئاسک" و ساڵی ١٩٧٨ "کازیوە" بڵاو کرانەوە.

شیعرەکانی دیوانی کازیوە ئەزموونێکی نوێ بوون. ئەوانە ئەو کورتە شیعرانەن کە ئەمڕۆکەش بەردەوام دەیاننووسمەوە. بەمجۆرەش هەوڵم داوە بە کەمترین وشە، زیاترین مانا دەرببڕم. دوای ئەم ئەزموونە، ساڵی ١٩٨٠ ڕۆمانی "پیرەمێرد و زەریا"ی هێمینگۆیم لە عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر کوردی. ساڵی ١٩٨٦ "ڕووبار"م بڵاو کردەوە کە چیرۆکە شیعرە.
ئینجا دیسانەوە بە هۆی زۆرداری و هۆڤیەتی دوژمنەوە جارێکی دی ڕووم لە شاخ کرد و چوومەوە نێو ڕیزەکانی شۆڕش و تا ئەو کاتەی وڵاتم بە جێ هێشت، لەوێ مامەوە. لە شاخ بە هاوکاریی کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان سێ بەرهەمی "کەشکۆڵی پێشمەرگە"، "ئاوێنە بچکۆلەکان" و "داستانی هەڵۆی سوور"م بڵاو کردەوە. دواتر هەرسێکیان لە ژێر ناوی "هەڵۆ"دا بڵاو کرانەوە.
دواتر هاتمە سووریا و پاش ماوەیەک لە سەر بانگهێشتی کۆمەڵەی نووسەرانی ئیتالیا، چوومە فلۆرانس. ساڵی ١٩٨٧ پێن کلووبی سوید خەڵاتی تۆخۆلسکیی پێ بەخشیم و هاتمە سوید. لەوێش درێژەم بە کار و چالاکییەکانم دا و دیوانی "داڵ" کە لە کوردستانم نووسیبووم بڵاوم کردەوە.
محەمەد ئۆزوون: مامۆستا ئەو خەڵاتە چ کاریگەرییەکی لە سەر ژیان و بەرهەمەکانت دانا؟
هەروەک لە وتاری خەڵاتیشدا باسم کرد، خەڵاتی تۆخۆلسکی لە دوو لایەنەوە کاریگەری لە سەر من دانا. لە لایەکەوە وەک ئاشکرایە بەم خەڵاتە گەلێک کەیفخۆش بووم. ئەوە یەکەمجار بوو کە شاعیرێکی کورد، خەڵاتێکی نێونەتەوەیی وەها مەزن وەربگرێت. ئەو خەڵاتە هێمای ئەدەبیاتی و ڕووناکبیرییەکی بەهێزە. خەڵاتە بۆ من وەک کوردێک و هەروەها بۆ شەڕی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دەستکەوتێکی گەورەیە. لێ لە لایەکی دیکەشەوە؛ دڵم لە خۆم دادەما کە لە وڵاتی غەریبی و لە تاراوگە دەژیم. چونکە

تۆخۆلسکی خۆیشی ماوەیەکی درێژ لە تاراوگە ژیا و لە کۆتاییشدا هەر لە تاراوگە خۆی کوشت. بە ڕای من کاتێک ڕۆحی تۆخۆلسکی ئەو کاتە شادتر دەبێ کە هیچ نووسەرێک لە تاراوگە نەمێنێتەوە کە ئەم خەڵاتە وەربگرێت.
محەمەد ئۆزوون: ئەم خەڵاتە لە ڕووی ئەدەبییەوە چ کاریگەرییەکی لە سەر بەڕێزتان هەبوو؟
لە ڕووی ئەدەبییەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە من نەکرد وەک ئەوەی بڵێین منی گۆڕی یانیش منی خستە سەر ڕێچکەیەکی نوێ، بەڵام ئەو خەڵاتە بووە هاندەر و وورەیەکی بەرزتری پێ بەخشیم. ئەگەر کەسێک خۆی ئەدیب نەبێ، هیچ خەڵاتێک ناتوانێ بیکاتە ئەدیب و هونەرمەند. خەڵات دەتوانێت هاندەرێک بێت بۆ زیاتر خۆ پێش خستن. بابەتی خەڵات زیاتر شتێکی مۆراڵی و مەعنەوییە.
م.ئ: کاک شێرکۆ ئێستا جەنابت لە تاراوگەیت و لە گەل و زمان و کولتووری خۆت دووری. ئەمە لە ڕووی هەست، مەعنەوی، ئەدەبی و هونەرییەوە چ کاریگەرییەکی لە سەر بەڕێزتان هەبووە؟
دیارە کاتێک مرۆڤ، چ هونەرمەند و چ خەڵکی ئاسایی، لە وڵاتی خۆی دادەبڕێت، کاریگەرییەکی گەورە لە سەر کەسەکە دادەنێت. غەریبی سەخت و دژوارە. غەریبی تەنیا دوور کەوتنەوە لە خەڵک و خاک نییە، بەڵکوو غەریبییەکی مەعنەوی، نەفسی و ڕۆحییشە. دیارە غەریبی بۆ شاعیر و هونەرمەندان دژوارترە، چونکە ئەوان هەستیارترن و زیاتر بیر لە یادەوەری و یادگارییەکانی وڵات دەکەنەوە. هونەرمەند لەگەڵ ئەو خەونانەدا دەژی کە لە یادگارییەکانی وڵات پێک هاتووە. بەڵام من لە هەر کوێ بم کوردستان لەگەڵ منە. ئاشقەکان کاتێک لە ئەشقەکەیان دوور دەکەونەوە، ئاگری ئەشقیان گوڕتر و گەشتر دەبێ و دەردەکانیشیان دژوارتر دەبێ. دوور بوون ئاگری ئەشق گوڕتر دەکات. هەر بۆیە غوربەت بۆ منیش ژانێکە کە ئەشقی وڵات و خاکەکەی و زمان و ئەدەبیاتەکەی لە دڵی مندا زیاتر و قووڵتر دەکات.
م.ئ: بەڕێزتان یەکێک لە شاعیرانی نووژەنی کوردیت. وا دیارە لە کوردستانی عێراق جیلێکی نوێی شاعیری لاو دروست بووە و بەڕێزیشتان یەکێک لەوانی، لایەنە تایبەتەکانی ئێوە چییە؟ ئێوە چیتان لە ئەدەبی کوردی زیاد کردووە؟
لە باشووری کوردستان گەشە سەندن و نوێبوونەوەی ئەدەبیاتی کوردی لە ئاستێکی بەرزدایە و لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەرزترە. دیارە ئەوەش گرێدراوی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییە. بە ڕای من پێشکەوتنی ئەدەبیات و شیعری کوردی تەنیا لە قۆناغێکدا ڕووی نەداوە و چەندین قۆناغی یەک لە دوای یەکی تێپەڕاندووە. لە بنەڕەتدا مێژووی گەشەسەندی و نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی کۆنە. لە نێوان دوو شەڕی

جیهاندا، کۆمەڵێک قەڵەمی کورد لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی تورکیدا کە خۆی لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ئەورووپادا بوو، هەوڵی نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردییان دا. هەرچەندە سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان تۆمار نەکرد، بەڵام خەباتەکەیان بووە سەرەتایەک بۆ جیلەکانی دوای خۆیان.

بنچینەی نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی، مامۆستا عەبدوڵا گۆران و شێخ نووری بوون. گەلێک کەسی دیکەش هەبوون، بەڵام ئەو دوو کەسە، کەسانی سەرەکی بوون و بە هاوکاریی ئەوان بوو کە کۆمەڵێک شاعیری دیکەی وەک هەردی، دیلان، کامران، کاکەی فەلاح هەوڵیکی زۆریان دا بۆ نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی.

لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا، وەک پێشتریش ئاماژەم پێ دا، پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتیی مەزن هاتە ئاراوە. بێگومان هۆکاری ئەمەش شۆڕش بوو. جەماوەری کوردستان بە شێوەیەکی بەهێز لەم پێشکەوتنەدا بەشدارییان کرد و ئەمەش کاریگەرییەکی مەزنی لە سەر شیعر و ئەدەبیات دانا. ئەو کاتە ئێمە، کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد، زیاتر هەوڵمان دا کە ئەدەبیاتی کوردی دەوڵەمەندتر بکەین. ئێمە ئاگامان لە ئەدەبیاتی جیهان هەبوو. هەوڵمان دا داب و نەریتی کوردی بە شێوەیەکی مودێرن بێنینە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە. ئێمە هونەر و ئەدەبیاتی خۆمان لە سەر دوو بنچینە دامەزراند: یەکەم؛ وڵات، خاکی وڵات، گەلی کورد، زمان و کولتووری کوردی و دووهەم؛ لە سەر بنەمای ئەدەبیاتی جیهان. ئاگامان لە کتێبخانەی عەرەبیش هەبوو چونکە ماوەیەک لە بەغدا ژیابووین. کتێبخانەی عەرەبی دەوڵەمەندە و بەغدایش کۆنترین ناوەندی ئەدەبیات و زانستە. ئێمە زۆربەی نووسەران و ئەدیبانی عەرەبمان دەناسی. هەموو ئەمانە بوونە یارمەتیدەری ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین ئەدەبی کوردی نوێ بکەینەوە. بێگومان ئێمەش وەک بەشێک لە خەباتێکی ڕابردوو و بەردەوامیی ئەو خەباتە بووین. ئێمە دەمانویست کە ئەم دوو ڕووبارە (ئەدەبیاتی کوردی و ئەدەبیاتی جیهانی) پێک بگەیەنین و لە زمان و ئەدەبی کوردیشدا، فۆرم، ناوەڕۆک، وێنە و شێوازی نوێ بخوڵقێنین. ئێمە هەوڵمان دەدا سیما و قارەمانەکانی ئێمەش ببنە نموونەی ئەو سەردەمی تێیدا دەژیاین. لە لایەکی دیکەشەوە، زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکمان بە شێوەیەکی ئەدەبی، سەرلەنوێ پێشکەشی خەڵک دەکردەوە.

ئەگەر بمانەوێ ناوێک لەو کەسانە بهێنین کە بەم کارە هەستابوون، دەتوانین ئاماژە بە لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، ئەنوەر قادر، فەرهاد شاکلی، حەسیب قەرەداغی بکەین. هەر وەها کەسانی دوای ئێمەش زۆر بوون بۆ نموونە: نەوزاد ڕەفا، جەلال بەرزنجی... لە بواری ئەدەبی داستانی و چیرۆکیشدا کەسانی وەک حسێن عارف، محەمەد موکری، ڕەوف بێگەرد، حەمە فەریق حەسەن و شێرزاد حەسەن بە جیددی خەریکی کار بوون. هەرچەندە کەسانی دیکەش زۆر بوون، بەڵام بە گشتی ئەم کەسانە پێشەنگایەتی نووژەن کردنەوە و گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردییان دەکرد.

محەمەد ئۆزوون: کاک شێرکۆ جەنابتان بە گشتی دۆخی ئەدەبیاتی کوردی (چ شیعر و چ چیرۆک) چۆن دەبینن؟

بە بڕوای من ئەدەبیاتی کوردی کەوتووتە سەر ڕێگای گەشەکردن. بەڵام ئەمە گرێدرواى بابەتی سەربەستییە. نەبوونی سەربەستی ناهێڵێت ئەدەبیاتی کوردی وەک پێویست گەشە بکات. بەڵام بە باشی دیارە کە کەوتووەتە سەر ئەم ڕێگەیە. من ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژیم و ناتوانم حوکمێکی گشتی لە سەر ئەم بابەتە بدەم. لە ئێستادا لە نزیکەوە ئاگاداری تەڤگەری ئەدەبیاتی کوردی نیم. بەڵام لە تاراوگە تەڤگەرێکی بە هێز هەیە. لێرە خەریکن بە ڕۆژنامە، گۆڤار و بەرهەمی نوێ سیما و دۆخێکی زۆر باشتر بۆ ئەدەبیاتی کوردی دەخوڵقێنن.

محەمەد ئۆزوون: تا چەند ئاگاداری ئەدەبیاتی کوردی بە زاراوەی کرمانجی هەیت؟ دۆخی ئەم ئەدەبیاتە چۆن دەبینی؟

دیارە ئەدەبیاتی کوردی لە کوردستانی عێراق لەچاو بەشەکانی دیکە زیاتر پێشکەوتووە و من دەتوانم لە سەر کورمانجەکانی کوردستانی عێراق قسە بکەم. لە سەرەتای ساڵانی ۱۹۷۰ بەملاوە، چەندین شاعیر گەورە هەن کە دەتوانین باسیان بکەین. یەک لەوانە موئەیەد تەیبە. موزووریش شاعیرێکی دیکەیە. کاتی خۆی بەدرخان سندی هەبوو کە شیعری زۆر باشی دەنووسی. لێرەدا مەبەستم شیعر و ئەدەبیاتە و باسی هەڵوێستی سیاسی ئەو کەسانە ناکەم. ئەوەندەی من ئاگادارم بە گشتی ئاستی ئەدەبی و هونەری لە ئەدەبیاتی نووسراوی کرمانجی دا نزمە. هەڵبەت دیارە گەلێک هۆکار لە پشت ئەمەوە هەیە کە سەرەکیترینیان قەدەغە بوونی زمانە.

محەمەد ئۆزوون: کاک شێرکۆ ئێستا سەرقاڵی چیت و بە چییەوە خەریکی؟ بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟

من لە هاوینی ۱۹۸۷دا لە کوردستان هاتمە دەرەوە. ئێستا سەرقاڵی فێربوونی زمانی سویدیم. لە سەرەتای ۱۹۸۸دا دەستم بە خوێندنی سویدی کرد. ئێستا بوومەتە ئەندامی کۆمەڵەی نووسەرانی سوید و پێن کلووبی سوید. وەک تۆش ئاگاداری پێوەندی و دانوستانم لەگەڵ نووسەرانی سویدی دروست کردووە. هەر بۆیەش حەز دەکەم و لە حەز زێدەتریش پێویستە فێری زمانەکەیان ببم.

محەمەد ئۆزوون: ئەی لە بواری ئەدەبیاتدا بە چییەوە سەرقاڵی؟

لە ئێستادا بەرنامەیەکی ئەوتۆم بە دەستەوە نییە. من شاعیرم و شیعر دەنووسم و ئەمەش پێویستی بە ئامادەکاری نییە. شیعر خۆی دێتە لای من. واتا من بەرنامەی بۆ دانارێژم. شیعرەکان خۆیان بە شێوەیەکی سروشتی دێن. هەر وەک نەمامێک کە لە خاک سەردەر بێنێ. من بەردەوام خەریکی شیعر نووسینم و لەوانەشە لە داهاتوودا بەرنامە و پرۆژەیەکم بێتە پێش...

سەرچاوە:
ئانتۆلۆژی ئەدەبیاتی کوردی، محەمەد ئۆزون.

yata kurdî kevn e. Di navbera herdu şerên cîhanî de, komeleyeke pênûsên kurdî, bi alîkariya edebiyata turkî ku bi xwe jî pirr di bin tesîra Ewrupê de bû, hewl dan ku edeba kurdî nû bikin. Ew bi ser neketin, lê xebata wan bû destpêk.
Esas nûkirin bi Ebdullah Goran û Şêx Nûrî ne. Gelek kesên din jî hebûn, lê ev herdu nav yên mezin bûn û bi alîkariya wan komeke şaîrên din wekî Herdî, Dîlan, Kamuran, Kakî Felah û gelekên din gelekî xebitîn ku edeba kurdî nû bikin.
Di destpêka 1970an de, wekî min berê jî got, pêşketineke civakî ku pirr mezin bû, li Kurdistanê rû da. Bê şik, sebebê vê jî şoreş bû. Cemawerên Kurdistanê bi xurtî beşdarî vê pêşketinê bûn. Û vê yekê jî tesîreke mezin li edeb û şiîra kurdî kir. Hingê em, komeke hunermendên kurd bêtir xebitîn ku edeba kurdî dewlementir bikin. Haya me, ji nivîskar û hunermendên dinê bêtir, ji edebiyata dinê hebû. Me hewl dida tişt, edet û torê. Kurdî bêtir, lê bi awakî modern, di edeba kurdî de cihên xwe bigrin. Me edebiyat û hunera xwe li ser du hîman bilind dikir: Yek welat, axa welêt, xelkê kurd, ziman û çanda kurdî; ya dudiyan jî edebiyata cîhanê. Haya me ji kitêpxanên erebî jî hebû û em, demekê li Bexdayê jiyabûn. Kitêpxana erebî dewlemend e û Bexda merkezeke kevintîrin a edeb û ilm e. Me gelek edîb û nivîskarên erep nas dikir. Van tiştan alîkarî li me kirin ku em bikaribin edeba kurdî taze bikin. Bêguman wekî perçeyek xebata rabirdû. Em dewama xebateke dûr dirêj bûn. Yen dixwest ku em du rûbarên (edeba kurdî û edeba cîhanê) bi hev re bikin yek û di zimanê kurdî de sûret, gotin, salixdan, dîmisîon û şêweyên taze biafrînin. Me hewl dida sîma û qehremanên me jî bibin nimûnên serdema ku em tê de dijîyan. Li alîyê din jî, me zimanê xelkê, zimanê rojane, dîsan bi awakî edebî, pêşkeşî xelkê dikir.
Eger em bixwazin ew kesên ku bi wê xebatê rabûbûn bi nav bikin, ew ev bûn, bi qasî ew navên ku niha tên bîra min: Letîf Helmet, Refîk, Sabir, Enwer Qadir, Ferhad Şakilî, Hesîb Qeredaxî… Herweha jî xortên pey me jî: Newzad Refah, Celal Berzencî… Heçî çîroka kurdî be: Husên Arif, Muhemed Mukrî, Rauf Bêgert, Mihemed Ferîq Hesen, Şehrezad(Şêrzad) Hesen. Gelek kesên din jî hene, lê bêtir van kesan pêşengî li nûkirin û geşkirina edebiyata kurdî kirin.
- Baş e, kak Şêrko… Rewşa edebiyata kurdî (çi çîrok, çi şiîr) tu wekî şaiîrekî nûjen, rewşê çawan dibînî?
Bi bawerîya min, edebiyata kurdî li ser riya geşbûnê ye. Lê ev yeka jî bi mesela serbestîye ve giredayî ye. Nebûna serbestîyê bernade ku edebiyata kurdî bi her awayî geş bibe. Lê baş dixuye ku rê riya dewlemendî û geşbûn û geşkirinê ye. Lê ez niha li derveyî welêt dijîm, loma jî ez nikarim li ser vê yekê hukim bidim. Ji nêzîk ve, agahîya min ji tevgera edebî ya kurdî tune. Lê li derveyî welêt, tewgereke xurt heye. Ew xerîkim, bi rojname, kovar, berhem, sîma û rewşeke hîn çêtir bidin edeba kurdî.
- Haya te ji edebiyata kurdî ku bi zarawayê kurmancî heye? Tu rewşa vê edebiyatê çawan dibînî?
Edeba kurdî, helbet, li Kurdistana Iraqê (Başûr), ji perçên din bêtir pêşketî ye. Û ez dikarim li ser kurmancên Kurdistana Başûrê bipeyivim. Ji destpêka 1970î û vir ve çend şaiîrên xort hene ku meriv dikare qal bike. Yek ji van xortan Mueyed Teyip e. Mûzûrî jî heye. Di wexta xwe de Bedirxan Sindî hebû ku baş şiîr dinivîsî. Bi van navan mebesta min şiîre e, ne awir û mewqûyên siyasî ye. Bi qasî ku min dîtiye mustewayê (sewiye) edebî û hunerî di edeba ku bi kurmancî tê nivîsîn de kêm e, ne berz e. Helbet sebebên vê yekê pirr in. Yek ji wan qedexebûna zimanê kurdî ye.
- Kak Şêrko, tu niha bi çi mijûl î, tu li ser çi dixebitî, planên te çi ne?
Ez di havîna 1987an de hatim derweyî welêt. Ez niha bi fêrbûna zimanê Swêdî ve xerîkim. Di destpêka 1988an de min dest bi xwendina Swêdî kir. Ez niha bûme endamê Komela Nivîskarên Swêdê û Pen-Kluba Swêdê. Tu jî baş dizanî, niha danûstandinên min jî bi hunermend û nivîskarên Swêdîyan re çêbû. Ji ber vê ji, ez hez dikim, ne bi tenê hez dikim, her pewîst jî dizanim zimanê wan fêr bim.
- Di warê edebî de, tu çi dikî?
Di vî warî de planên min pirr kêm in. Ez şaîr im û şiîr dinivîsim. Ez hazirî nakim. Şiîr bi xwe tên nik min. Yanê ez plan û bername çênakim. Ew bi xwe bi awakî tebîî tên. Wekî ku darekî li axê şîn were. Ez her li ser nivîsîna şiîran berdewam im û heye ku di rojên pêş de projeyên nû werin pêş min…

hewldanek e. Piştî vê tecrûbe, di sala 1980an de, min ji erebî jî romana nivîskarê navdar Ernest Hemîngway “Pîremêrd û Zerya” wergerand kurdî. Di 1986an de min Rûbar derxist. Ev jî çîrok-şiîr in. Hîngê, ji ber zordarî û hovîtiya dujmin, ez careke din derketim serê çiyan û ketim nav refên pêşmergên qehreman û heta ez dev ji welêt berdim, ez li wir mam. Li serê çiya, bi alîkariya Komela

Nivîskarên Kurdistanê min sê dîwan, “Keşgolî Pêşmerge”, “Awêne Piçkolekan” û “Dastanî Haloyî Sûr” weşandin. Paşê ev her sê, bi navê “Halo” derketin.
Paşê ez hatim Surî û piştî demekê jî, bi ser daweta Komela Nivîskarên Îtalî, hatim Floranê. Di sala 1987an de Pen-Kluba Swêdê xelata Tucholsky da min û ez hatim Swêdê. Li vir jî ez her li ser xebata xwe berdawam im û min dîwaneke nû ku min li Kurdistanê nivîsibû, “Dal” weşand.
(Mehmet Uzun) - Baş e, Kak Şêrko, te xelata mezin, xelata Tucholsky wergirt. Vê xelatê çi tesîr li ser te, li ser hunermendiya te kir?
Herwekî ku min di gotara xwe ya xelatê de jî got, xelata Tucholsky, bi du alî ve, tesîr li ser min berda. Ji alîkî, her diyar e, ez bi vê xelatê gelek kêfxweş bûm. Ev cara yekê ye ku şaîr, edîb, hunermendekî kurd xelateke weha mezin û nawnetevî werdigire. Ev xelat nîşana edebiyat û nonakbîriyeke xurt e. Xelat ji bo min wekî kesekî kurd û hem jî ji bo edebiyat û şerê rizgarîxwaz yê gelê kurd qezencek e.
Lê li aliyê din jî, ez li ber xwe ketim ku ez ji welat û gelê xwe dûr im û li surgûnê dijîm. Ji ber ku Tucholsky bi xwe jî demeke dirêj li xerîbiyê, li Swêdê jiyabû û li xerîbiyê xwe kuştibû. Bi bawerîya min, giyanê Tucholsky dê şa bibe gava nivîskarekî li xerîbiyê nemîne ku vê xelatê werbigire.
- Ji aliyê edebî çi tesîra xelatê li ser te bû?
Ji aliyê edebî tesîreke xelatê ya girîng li ser min çênebû, ku em bibêjin ez guherîm yan jî, ji min re xaçeriyên nû di warê edebî de peyda kirin. Bi tenê ev xelat ji bo min bû teşwîq, şewq, moral. Eger meriv bi xwe edîb nebe, tu xelat nikare meriv bike hunermend, nivîskar û edîb. Xelat alîkarî dikin ku meriv hîn bêtir xwe pêş ve bixe. Mesela xelat zêdetir tiştekî manewî ye.
- Kak Şêrko, niha tu li welatê xerîbiyê dijî, ji gel, ziman û çanda xwe dûr î. Ji aliyê hissî, manewî, edebî, hunermendî ev yeka çi tesîr li te dike?
Diyar e, gava meriv, çi hunermend, çi xelk, ji axa xwe were birîn, ev dibe dabirîneke xurt ku pirr tesîr li merivan dike. Xurbet dijwar e. Û ev xurbet ne bi tenê ji xelat, ji axa welêt bidûrketin e, herweha ew xurbeteke manewî, nefsî, giyanî ye jî. Diyar e, ev xurbet ji bo şaîr û hunermendan stûrtir e. Ji ber ku hesesiyatên wan zêdetir e û ew bêtir li pey bîr û yadîgarên welat û axa welat in. Hunermend her gav di nava xewnekê de ye ku wî bîr û yadîgarên welêt pêk hatiye. Lê ji bo min, ez li ku bim jî, Kurdistan li gel min e. Aşiq jî, gava ji eşqa xwe bi dûr dikeve, agirên eşqê hîn mezintir dibin, derd hîn dijwartir dibin. Lê dûrbûn agirên eşqê hîn zêdetir dike, ne ji berevajiyê. Loma jî xurbet ji bo min jî kul e. Lê wê eşqa min ya welat, axa welêt şerê pêşmergan, ziman û edebiyatê hîn zêdetir kiriye.
- Tu yek ji şaîren nûjen yên kurd î. Welê diyar e, di Kurdistana Iraqê de, di warê edebî de, nifşeke xort lê xurt, hatiye pê û tu jî yek ji wan î. Aliyên we yên taybetî çi ne? We li edebiyata kurdî çi zêde kiriye?
Li Kurdistana Başûr, geşkirin û tezekirina edebiyata kurdî di mustewayeke berz de ye, ji perçên din yên Kurdistanê hîn berztir e. Diyar e, ev jî girêdayî pêşketina civakî û ronakbîrî ye. Li nik me, di pêşketina edebiyat û şiîra kurdî de bi tenê qonaxakê merheleyekê nebûye. Çend qonax li pey hev hatine. Di esasê xwe de, tarîxa nûkirin û geşkirina edebi-

Hevpeyvîna Mehmet Uzun bi "Şêrko Bêkês" re

Mehmet Uzun

(Mehmet Uzun) Wêkî Şêrko Bêkes jî di axaftina xwe de tîne ziman, ew bi şîîrên xwe ve bûye dengê nalîna belengaz, hêvîya pêşmergeyên Kurdistanê. Lê Şêrko Bêkes jî wekî hemû mihacirên kurd ji mihacirtiyê, xeribiyê bîhnteng e. Lê ew dibêje " Kurdistan di dilê min de ye" û weha dom dike:

- Kak Şêrko, gerçî tu şaîrekî naskiriyî, lê dîsan jî, eger bikaribî, wekî destpêk, hinekî behsa xwe bikî…

Şêrko Bêkês: Her dubare dibe, lê bi kurtî jiyana min weha ye: Ez di sala 1940an de, li bajarê Silêmanî hatim dinê û kurê şaîre kurde yê naskirî û navdar Faîq Bêkes im. Min xwendina xwe ya bingehî û navîn li Silêmanî û Bexdayê temam kiriye. Hingê min dest pê kir ji edebiyata kurdî, bi taybetî ji şiîra kurdî ya nûjen bala min kişand, bi taybetî min şiîrên Goran û Herdî xwendin. Yekemîn car min şiîrên xwe di rojnama hefteyî ya Silêmanî "Jîn" de belav kirin. Bêguman şiîrên min yên wê demê, ji aliyê hunerî, gelek qels bûn. Lê ew dem di jiyana min ya şaîriyê de gavek bû. Di salên 1960an de, şiîrên min, ji her alî, hîn çêtir û dewlemendtir bûn.

Şoreşa Îlonê li Kurdistanê tevgerek fikrî, ilmî û anî pê. Tiştê herî girîng ku wê demê qewimî, derketina pêşmergan e. Pêşmerge hêzên çekdar yên kurd û daxwazên netewî tesîr li her warê jiyana kurdî kirin. Her weha li edebiyat û şiîra kurdî jî. Pêşmerge, wekî sembol, wekî tema, cîhê xwe yê pîroz di şiîra kurdî de girt.

Di sala 1965an de ku Ebdulselam Arif li ser hukim bû, dewletê xwest min bigire, lê ez reviyam û çûm serê çiya, nik şoreşa kurdî. Li wê derê, min li Radiyoya Rizgarî ya şoreşa kurdî kar kir û xelkê xwe û pêşmergên wî bêtir nas kir. Vê yekê tesîreke mezin li ser min û şiîra min berda. Di sala 1968an de dîwana min a yekemîn bi navê Telîfeyî Helbest derket. Di sala 1970an de jî kitêba min ya duwemîn weşîya.

Di navbera salên 1968-71ê de nivîskar û şaîrên kurdên xort xwediyê tevgereke xurt bûn. Danûstandina me bi edîbên Ereban re xurt bû, xwendin, lêkolîn û lêhurbûn pirr pêşketî bû.

Peymana 11ê Adarê ya 1970yî ku di navbera tevgera kurd û rejîma Baxdayê de hat pê, serbestiyeke mezin da edebiyata kurdî . Van pêşketinan alîkarî li me, nivîskar û şaîrên xort yên kurd kir ku em bang li nûkirina edebiyat û şiîra kurdî bikin. Hingê edebiyata kurdî rastî nexweşiyekê hatibû, geremolên civakî û siyasî ew dabû rawestan. Îcar me dixwest ku em edebiyat û zimanê kurdî, ji nû ve, vejînin, geş bikin -çi çîrok, çi şiîr- ruhekî nû bidinê. Hingê em bi navê Komeleyî Rowengê dihatin nasîn. Me, ji navê komelê, danezaneke edebî belav kir.

Vê danezanê (beyannamê) gelek nav da û bû sebebê munaqeşe û guftugohên edebî, çi başî, çi bi xirabî. Herweha ew bû gaveke nû ji bo geşkirin û xurtkirina edebiyata kurdî. Sala 1974an, pirraniya pênûsên naskirî yên kurd, tevî tevgera kurd, derketin çiyan. Piştî têkçûna şoreşê, ez vegeriyam, hatim Silêmaniyê. Lê ez ji wir jî hatim bidûrxistin û min şandin bo Başûrê Iraqê. Paşê ez dîsan hatim Silêmaniyê.

Di sala 1971an de min şanogeriya kurdî "Kaway Asenger" û di 1973 an de jî dîwaneke nû "Min Tînuwetîm" nivîsîn. Sala 1976an "Askîm", sala 1978an "Kazîwe" derketin. Şiîrên ku di dîwana Kazîwe de bûn, ji bo min tecrubeyeke nû bû. Ew kurteşiîr in ku ez îroj jî her dinivîsim. Bi vî awayî, min hewl daye ku ez bi kêmtirîn peyv ve, pirtirîn mane bidim şiîrên xwe. Ev yeka ji bo nûkirina şiîr

de mîna romana Necîb Mehfûz "Dijî Duhring" bûya. Piştî qerebalixa mirîdan, dîmen rengîntir bû. Çimkî yek ji şêxan bi rengekî nebaş di destanê de xuya dikir, dema ku şîret li pîra Hêlînê kirin ku xwe bike bijîşka dil û cane mirovan.

Dinya bi ser serê nivîskar de xera kirin. Lanet li dê û bavê wî barandin. Agahî belav bû. Mirîdan hiş winda kirin. Li pirtûkxaneyan belav bûn, tehdîda xwediyên wan bi lêxistin û kuştinê dikirin eger ku vê pirtûka"reş" bifiroşin. Ji bilî şewitandina pirtûkxaneyê wê dar û kulman bikarbînin. Jixwe, eger Xwedê mala wî û mala cîranê wî, ji ber vî gunehê mezin, neşewitand. pirtûk veşartin û hemû dane li nivîskarê wê yê serserî vegerandin. Mirîdekî şaşika xwe veşart ji bo ku xwediyê pirtûkxaneyê wî nas neke. Bihîstibû ku kitêba Xanî difiroşe:

Kitêba "Mem û Zîn " ya Xanî li cem te heye?

Na!

Min bihîst ku te duh ev pirtûk difirot?

Na min wilo nekiriye.

Yê mirîd neçar ma ku destvala vegere. Şaşika xwe danî ser serê xwe. Peyv û nêrîn li ser tawanbarî û şaşîtiya ku vî nivîskarî kiriye pirr bûn. Yekî nivîsand: „Xuya ye ku nivîskar bi meyê ve girêdayiye û kêfa wî ji her tiştê guneh û dûrî olê re tê. Tim jî li ser meyê û sergêjeka serxweşan radiweste û gava ku yê evîndar dike mîna serxweşekî, bi vî awayî gunehên mezin li xwe dibarîne û divê em cezayekî li dinyayê bidinê û wê Xwedê cezayekî girantir li wê dinyayê dîsa bidiyê."

Û gotin ji "aş û bajar" dibariyan:

Vî mêrî ev pirtûka çewt çap kiriye, tenê ji bo balkişandinê.

Kî malbata Xanî û dîroka wan î reş nas bike qet vê pirtûkê naxwîne.

Ev pirtûk bêexlaqî ye.

Ev pirtûk ji zarokan re ye, ne ji me re ye.

Na, ev ji bo xortik mortikên nûhatî çêkiriye. Ji bo wan ji ser rê bibe.

Ey lawê Xanî!

Li dijî te ne, partî û ol û jin û hikûmet û xelkên ku te ji wan hez dikir. Kêrên navên mijokî ev laşê te yê jar dorpêç kirine. Lê kanî rizgarî?

Di germbûna qerebalixê de, Ehmedê Xanî gihîşt Cizîra Botan. Xanî bûbû mîna zarokekî ku hezkirina dinyayê û

Botanê û Hêlîna bêbext di kûrahiya dilê wî de şax dabe. Ev Cizîra ku ji bilî hezkirinê, ji her tiştê din re dibe cih. Xanî vegeriya bû cem pîra diya xwe ya ku roj bi roj dadiwerivî û nêzîkî mirineke bêdeng û kevirî dibû û bavekî ku her şev odeya xwe li hêviya mirina ku wê serê sibehê bê amade dikir û bi rastî jî bê derengî û bêsoz hat. Xanî nizanîbû ewqas saw û qiriktalî li ber deriyê wî raxistîne. Bi bêrîkirineke germ xwe avêtibû destê pîra diya xwe û maç dikir. Di wê kêlîkê de kesên çîroka wî rahiştibûn kêran û tenekeyên tije mazot û hawîrdora mala wî dorpêç kiribûn. Bi zorê ew ji nav destên diya wî derxistin:

- Ji demeke dirêj de ye ku em li benda te ne, feylesofê serdemê!

Mazot bi ser dîwarê malê de kirin, bi dehan darik vêketin. Agirekî kor mal tev de li hev hilanî. Ba û bahozê arî li kolanan û li ser rûyên xelkê belav kir. Pêre jî kêrên tûj di laşê Ehmedê Xanî yê jar de dihatin çandin. Xanî di nav gola xwîna xwe ya germ de mabû. Te digo qey xwîna deh laşên birîndar bi hev re diherike. Xwîn herikî û hey herikî. Xwînê kolan tev de girtin û bi dîwarên malan ve hildikişiya. Xwînê tax û quncikên derdorê jî girtin. Cizîra Botan tev de di nav xwînê de ma.

hilweşandin û vegeriya, hêrsa mayî di malzaroka jina xwe de vala kir û raza.
Û Rexda, ew bixwe Stî ye di destanê de, rahişt pirtûkê, pel bi pel qulipand û bi hemû zikreşî û hêrsa di hundirê xwe de pirtûk avête erdê. Pelên pirtûkê, bi êşeke giran, xwe dan hev û bi xemgîniyeke mezin berga pirtûkê xwe li pelan pêça û Rexda jî kulma xwe bilind dikir:
Ez ê niha te bibînim lawê Xanî, ey tirsonekê bêxîret.
Û gazî kîr mêrekî qelew ku mirov wî û kortikê ji hevdu nasnake, wekî kortikeke dagirtîbû. Sor bû. Li qelewbûna xwe pir miqate bû. Her ku li ser êşa çîna karker dipeyivî bêhtir qelew dibû. Qirka wî ji têrbûna û ji peyvên germ yên ku li ser proletaryayê û hezkirina wî ji kortikan re digotin, hildihat. Her dem bi nepoxan dorpêçkirî bû. Ji ber ku firoşgeha wî ya firotina nepox û ramanên şoreşgerî û benîşt bû. Bi germayî xizmeta xwe ya di ber partiya xwe de tanî zimên û ji bîr dikir ku wî û kesên wekî wî hestiyê vê partiyê kurmî kiribûn û ew kiribûn selika gemarê. Xwe kiribû parêzgerê şerefa partiyê û bervedêrê di ber namûs û rûmeta wê de. Parêzgerekî şiyar bû li ber ranên qîzên partiyê û êrîşên biyaniyên ku ji partiyên burjuwazî û ji hinek keysbazên din derdiketin. Her ku Kortik didît ku yek ji qîzekê ji qîzên partiyê hez dike hêrs dibû, dinya xera dikir, sor û şîn dibû, ji hêrsan libên wî belawela dibûn û êrîş dibirin ser vî kesê biyanî yê ku dixwest destê xwe deyne ser cihê herî girîng ji laşê partiyê û nedihişt toz xwe li navên pîrekên partiyê bigre. Ji ber ku lawê Xanî hezkirina xwe ji Hêlîn re eşkere kir û malbata Hêlîn jî tev de endamên partiyê ne. Ji ber vê yekê Xanî bûbû dijminê Kortik û partiya wî û dijminê hemi mirovayetiyê.
Tawanbariyê dora Ehmedê Xanî dorpêçkiribû:
-Xanî pilanan çêdike, ji bo ku şerefa partiyê tar û mar bike.
-Ji partiyeke burjuwazî ya genî ye ku dixwaze partiya me xera bike.
-Noker e, dixwaze bingeha malbatên partiyê hilweşîne, destin reş pişta wî digrin.
-Emperyalîst e, burjuwazî ye, zikreş e, qewad e, keysbaz e, ji malbateke bêkêr û dîrokreş, çepel û bêmirês e.
Ji ber ku erda Cizîrê ji şînbûna mirin û zikreşiyê re, ji kuştina evînê re û binaxkirina wê re, hembêzvekirî û amade bû, Kortik, di riya partiya xwe re, mirîd ji xwe re çêkirin û pirtûka Xanî ya ku ala hezkirinê bilind dikir, di destên wan yên reş de bûbû mîna şûrekî. Hêdî hêdî û piştî ketina navê Xanî û perçiqandina canê wî, Kortik xwe ji dilê Hêlînê jî nêzîk dikir û ji şerefa partiya malbatê re wekî parêzerekî hêja xwe nîşan dida. Kortik bêhtir dinepixî û bêhtir kêrên xwe di pişta lawê Xanî de diçikandin. Dest danîbû ser her tiştî û bila Xwedê tenê dilê lawê Xanî yê evîndar biparêze. Û bila dilovaniya Xwedê bi ser wê yarê de bibare, ewa ku tim dilê wî vêdixist. Hindik kesan dizanîbûn ku sedema dûrketina Xanî ji Cizîra Botan û reva wî jê, ev bû. Hêlîn jî piçikên spî di tabloya Xanî de reş kirin. Xanî bûbû rûreşê serdemê. Hêlîn bi xwe jî digot; ku ji xwendina pirtûka wî ya bênirx re ne amade ye û bi rûyekî şûştî digot:
- Ji xwe wêjekar tev de derewan dikin û ez ê çawa ji mirovekî derewîn hez bikim?
Didît ku Xanî jê hez nake. Eger jê hez bikira navê wê wisa di pirtûkan de û di nav xelkê de belav nedikir. Mesele tev de serhişkiya mirovekî rojhilatî û siwarbûna li ser serî bû. Girêkeke tendurustiyê bû. Hêlîn xwe ji hemû gotinên xweş yên ku berê ji Xanî re gotibûn bêrî kir. Ev şîrovekirin li gor nêrînên Kortik bûn. Kortik jî bêhtir ji xwe hez dikir û bûbû yek ji rexnevanên partiyê yên destdirêj û ew ji partiyê re bûbû mîna mirîşka ku hêkên zêrînî dike. Rexnevanekî ku nêrînên zêrînî dike. Bi kêfxweşî mirîdên wî nêrînan wî belav dikirin. Kêlîka ku ev kitêba nû ketibû destê vî rexnevanê girs û kutilkî, çermê Xanî bi gotareke rexneyî di ser re anî û ew gurand. Sernivîsa gotara wî ev bû;
"Kuştina nivîsarê di tunebûna kortikê de ye" û tê de da xuyakirin ku lez û beza Xanî û gera wî ya germ bi dû nav û dengiyê de -ya ku sedema wê girêka Odipus e, hiştine ku vê destana hezkirina çewt û mêrkuj binivîsîne. Ji bilî şaşîtiyên rêzimanî û di vê pirtûka xwe ya yekem de xwestiye bibe Lenîn, lê destana wî kopiyeke çewt e ji romana Lenîn "Karê Partî di Nav Gel de" û ne ji lez û bezê bûya wê nivîsara wî di nirxê xwe yê hunerî

dijî ol û baweriyê bi xwe ye. Ev jî kufir û şaşitî ye û lêxistina bê kuştin besî wî ye. Yekî jî dît ku pêwist e di xutbeya înê de ev pirtûk bê protestokirin û xwediyê wê, nivîskarê wê, divê di nav xelkê de bê şermezarkirink û bê xuyakirin ku ew dijminê ol û baweriyên me ye. Hinekan jî deng ji xwe nanîn û di quncikên tarî de gotûbêj vêdiketin. Lê pirtûk bûbû mîna kevirekî ku tu bavêjî nav ava Cizîrê ya bêdeng û vî kevirî xelek li ser rûyê avê çêkirin. Ji hêla din ve jî gelek xelk navên wan û navên kesên çîrokê wekî hev bûn. Xwediyên navan hem şerm dikirin û hem jî ev yek wekî êrîşekê li ser xwe didîtin. Xelkên Cizîrê ji bilî destên xwe nakokiyên di nav xwe de, bi tiştekî din çareser nakin. Yan jî dest davêjin demançeyên ku di qorzîkên malên wan de veşartîne. Zeynedîn ne yê yekem bû lê wî berî her kesî, qiyamet bi ser serê nivîskar de rakir û li ber xelkê tevan dîroka malbata Xanî ya kevn û genî bi dest û lingan kola. Wisa xuya bû ku pirtûkê û rola wî tê de wekî birayê “Zîn” û “Stî” sergêjek jê re çêkiribû.

Li her rûniştin û deverê digot:

-Çawa ev ê han xwişka min wisa evîndar û bêexlaq dide nîşandan. Lawê Xanî xwişka min dixîne hembêza mêrekî, ne wisa tenê, tew ev ê ku navê wî Memo ye, dema ez ji nêçîrê vedigerim, wê di bin ebeya xwe de vedişêre û Tacdîn jî mala xwe dişewitîne ji bo ez wan nebînim. Ew xweş dizane ku mala Tacdîn ji bo tiştekî din şewitî bû. Xwişka min ji diya wî paqijtir û çêtir e. Bi Xwedê çawa te mala Tacdîn şewitand, ez ê serê te û diya te bişewitînim, lawê Xanî yê... yê kûçik.

Yekî ji haziran li ber dilê wî did,a lê wî bi hêrs berdewam dikir:

-Û min dike sedema êşên Mem û dijminê hezkirin û evînê. Min dike şerxwaz û mêrkuj, min dike sedema mirina Mem û Zîn jî. Ev benî Adem çi ji min dixwaze? Min çi kiriye ji diya wî, hetanî ku min bi vî rengî ji xelkê re pêşkêş dike. ez ê bihêlim stêrkên nîvro bibîne. Eger mêr be, wê rojekê li kolanê xuya bibe.

Tacdîn diqevazt û kulma xwe li ba dikir:

-Û ez, tew ez, di destpêkê de pesnê min dide, piştre min dike yekî serserî. Û di hembêza Stî de ez xwe winda dikim, dinyayê û xelkên wê di hembêza Stî de jibîr dikim. Ma wisa ye xelkino? We rojekê ez bi vî rengî dîtime gelo? We rojekê dîtiye ku ez bûme hov û wekî lawê Xanî dibêje; min Beko Ewan kuştiye?

Qerebalix û hewar hewara wan zêde dibû. Hinekên ku navên wan di pirtûkê de tune bû, dixwestin agir vemirînin lê Çeko bi rûyekî qermiçî û çavsor nedipejirand û bi ser mêrekî kin ve radibû:

Û tu, ma teyê bipejiranda eger tu bikira qantirekî kor... hê?

Tîqetîq, mîna libên tirî, li ezmanan belav dibûn.

Hêrsa Çeko bêhtir dibû:

Û ez!, cara ku navê min tîne zimên, bi nebaşî tîne zimên. Min bi ser destê mîr de daqûl dike û dihêle ku ez maçî bikim. Ma we dîtiye tu rojê min serê xwe, ji bilî Xwedê, ji tu kesî re daxistiye? Xortino, gelo ez birra wilo nizim û erzan im?

Arif jî piştgiriya wî kir:

Û min dike yekî girêdayî û min dike siyek ji hinekên din re. Tu dibê qey ez bê serî me, mîna hespekî ku hefsarê wî di destê xelkê de be. Ma ev ne şerm e xelkino?

